Dr.Saleh Ebrahimi

# کۆمەڵە و تارێ

# (: وارگەو ناودارانی) کورد

به لێکۆڵینه وەونوسین به شێوەی دایرەتولمەعاریف

بەرگی سێوەم

هەرکەسێ فەرهەنگ و زانین بە دەس بێنێ
رەحمەت و بەرەکەت بە سەر خوێدا دەبارێنێ (شەپۆل)

نوسەر: محەمەد صالح ئیبراهیمی (شەپۆل)

Dr.Saleh Ebrahimi

لاپەڕەی کتێب وەک شاپەرەکەی ڕۆحی ئێمە
بۆلای نورو روناکی دەخاتە هەلفڕین: وێلتێر.

ناسنامەی کتێب :

## کۆمەڵە و تارێ : وارگەو ناودارانی کورد

### بە لێکۆڵینە وەونوسین بە شێوەی دایرەتولمەعاریف
### بەرگی سێوەم


□ ـ نوسراوی: دوکتور محەمەد صالح ئیبراهیمی (شەپۆل)
□ ویرستار: ئەندازیار مام ئازاد ئیبراهیمی.
□ پیت‌چینی بەکامپیوتێر: مۆئەسەسەی نەقش چەلیپا خانم تاهیرە شامانیان


هەرکاتێ دەچمە پەرلانە خەفەتمە؛ کە تەمەن، چەن
کورتە، بۆکەلک وەرگرتن لەو سفرە رەنگینە (شەپۆل).

ئەم کتێبە پێشکەشە بە باوک و دایکم.

Dr.Saleh Ebrahimi



## سەرەتا

دوای گرتنی قوستەنتەنیە (بیزانس) بە دەستی موسولمانان و هاتنە سەرکاری عوسمانی؛ هێمان ئوروپای مەسیحی کە لە جەنگی سەلیبیدا تێشکابوون، خۆیان کۆ نەکردبۆوە؛ ئیمپەراتۆری عوسمانی لە سەدەی ١٧ ی زایینی پەلاماری ئوروپایانی دا و لەم لاشەوە راپەڕینی سەنعەتی لە ئوروپا و سازبوونی هێزی دەریایی ئەوان کە توانیان پەرە بە وزەی ئیستعماری خۆیان لە ئاسیا، ئەفریقا و ئەمریکا بدەن و رق و قینی هێرشی عوسمانی و ئازار و شکەنجە و تالان و برۆیێ کە تورکی عوسمانی بە سەر ئەوانیدا هێنابوو، لە دڵ و دەرونیاندا، دەکولێ و دەرەتانیان بۆ هەڵکەوت و دایان بە سەر عوسمانیدا و لە سەر تەختی بەخت لایان بردن، چون عوسمانی لە نێو خۆیدا گەندەڵ بوو خەریکی دزی و زۆرویژی و ئیفساد کردن بو، جا ئەوە بو لە نیوەی دوەمی سەدەی (١٨) کە ئوروپایان یەکیان گرت و لە سەدەی ١٩ کورد و ئەرمەنی کە فرە ناڕازی بون بە دژی عوسمانی راپەڕین، لە سالی ١٨٢٩ی ز، دوای شەڕی روس و عوسمانی کوردەکان هەندێکیان چونە قەفقاز و ئێستا لەو ناوە فرەن.

***راپەڕینی کوردەکانی لکاو بە عوسمانیەوە بەر لە تیاچوونی ئیمپەراتوری***

عوسمانی لە سەدەی هەژدەوە، لێبرا بە لاسایی کردنەوە لە ئوروپا بەشێوەی مودێرن بە مەرکەز ئۆگرانە، ولات ببا بەڕێوە، جاران ئەگەر لەگەڵ سەرکردەی هۆزە کوردەکان، خۆی دەخونجان و بە دەغەڵی ئەوانەی پێکەوە بەشەڕ دەدا و ئەونەی لە حوکومەت کردنی کوردەکان، خۆ تێهەڵنەدەقورتان، بەلام لەوە بەدوا بەتایبەت لە سەدەی نۆزدەوە، لە ترسی ئەوەی کوردەکان بە روس و ئینگلیس ئۆگری پەیدا نەکەن، دەسی کرد بە نابودکردنی حوکومەتە کوردی‌یەکان. یەکەم نەتیجەی ئەم سیاسەتە ناشیانەی عوسمانی، کوردەکانی کردە دوژمنی حوکومەتی ئەستەمبوڵ و ئەو پاشا کوردانە، کە دیتیان بە پانەوە تورکی عوسمانی هوروژمیان بۆ ولاتی کورد و کوردستان هێناوە، بە دژی عوسمانی راپەڕین. ئەم بزاوانە یەکێکیان لە سەدەی هەژدە و سەرەتای سەدەی نۆزدە، ڕووی داوە و راپەڕینی دوەمی کوردەکان بە دژی عوسمانی لە نیوەی سەدەی نۆزدە، ڕووی داوە.

Dr.Saleh Ebrahimi



یەکێ لەو ڕاپەڕینانە، **ڕاپەڕینی بەکرپاشای کوڕی سلێمان پاشای بەبە یا بابان** بووە، کە بە دژی حوکومەتی بەغدادا چووەو بەداخەوە لە ساڵی ١٧١٦ی زایینی کوژراوە.

دووەم: **ڕاپەڕینی ئەورەحمان پاشای بابان** بە دژی والی بەغا بووە، کە لە ساڵی ١٧٨٨ی زایینی کە براکەی پشتی چۆڵ کرد و یارمەتی والی بەغای دا، حوکومەتی ئەورەحمان پاشای بابان تێشکا.

سێوەم: **ڕاپەڕینی محەمەد پاشای ڕەواندز** بووە، لە ساڵی ١٨٣٠ی ز. لەو ڕاپەڕینە محەمەد پاشا بە دژی داگیرکەران، توانی ناوچەی هەولێر و ڕانیە و بەردەقیتی کورد، ماردین و نەسیبەین، وەک هەولێر، عیمادیە، کۆیێ، ڕانیە، سلێمانی، دوکان، زاخۆ، ڕەواندز، دهۆک، جزیرەی عەبدولعەزیز کوڕی عومەر کوردی خەڵکی بەرقەعید سەر بە موسڵ، کە لە ٥٥٥ مانگی و ١١٦٠ ز- لە دایک بووە؛ ئەبولفیدا (٣-١٣٩) و کوڕی خەلەکان لە باسی جزیرەدا (ع) کۆبەی پەڕەی ١٧١ شەرەفنامە بە زمانی کوردی چاپی ١٩٨١ز - ئۆفێستی تاران جەواهیری) ناوچەی بادینان و زاخۆ لە بندەس تورکی عوسمانی ڕزگار بکا. محەمەد پاشای ڕەواندز فرە لە بیری ئەوەدا بووە کە کاروباری وڵات و دەستووری سیاسی و ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابووری خۆی بە پێی شەریعەت و فتوای زانایانی دینی ئەنجام بدا، پاشای ڕەواندز لە سەرەتاوە نەیارانی ناوچەیی، وەکو یەزیدیەکان و ئەمیرانی بابان و سەرکردەی هۆزە کوردەکانی ناوچەیی، سەرکوت کرد و سەرزەویەکانی ئەوانی خستە بندەس خۆی. بۆ نموونە خەتێ، بێتوێن، خەلەکان، دێ گەڵە، چناران بو بە موڵکی سۆران. ئەو میرە گەورە و مەزنە فرە بوێر و ئازا و ڕەشید و بێ‌ڕوحمیش بووە و بۆ ماوەی چوارساڵ لەو ناوەندانەدا تا شاری موسڵ بەو پەڕی دەسڵاتەوە حوکومەتی کردوە و حوکومەتەکەیشی لە لایەن والی بەغا نوێنەری ئیمپەراتوری عوسمانی بەرەسمی ناسرابوو . عوسمانی لەوەی کە ناوچەکە وا بە وزە و قودرەتەوە ئیدارە دەکا ناڕازی نەبووە.

**ڕاپەڕینی بەدرخان پاشا** کە بە شایەدی دۆست و دوژمن ئەم ڕاپەڕینە لە سۆنگەی بیر و هزری کوردایەتی و ناسیونالیزیمی کوردی و لە ڕووی نەتەوەخوازی بۆ دامەزراندنی

Dr.Saleh Ebrahimi



دەوڵەتی کوردی بووە. ئەم ڕاپەڕینە دوای ئەوەی عوسمانی دەسی کرد بە لابردنی ئەمیرنشینەکانی ولاتی کـــوردەواری و لکاندنی سەرزەوی کوردستـــان بە حوکومەتی ناوەندی ئەستەمبولەوە، ڕاپەڕینی بەدرخان پاشا پێیهەڵگرت. بەدرخان پاشا لە ساڵی ١٨٠٢ی ز، لە جزیرە پێتەختی حوکمڕانی بۆتان لە نێو خانەدانێکی حاکم و خاوەن دەسەلات لەدایک بووە و لە ساڵی ١٨٢١ی‌ز، دوای وەفاتی باوکی دەسەلاتی حوکمڕانی گرتە دەس. دوابەدوای تێشکانی سپای عوسمانی بە دەس ئیبراهیم پاشا، حاکمی میسر، بەدرخان پاشا لەگەڵ حاکمانی کورد پێوەندی سازدا. لە حاکمانی قارسەوە (کە لە باکووری‌ترین نوختەی کوردستانە) تا میرەکانی ئەردەلان، هەمو حاکمانی کوردستانی لەگەڵ خۆی یەک‌خستن و موتەحیدی کردن و لە ئاخری دەهەی چلی سەدەی نۆزدەی زایینی، ڕاپەڕینی خۆی بە نییەتی بەدیهێنانی کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆ دەس پێ‌کرد. باوەکو ڕاپەڕینەکە فرە سەرکەوتوانە و بەپەلە سەری گرت و پێشکەوت، بەلام حوکومەتی عوسمانی بە کۆمەگی هەیئەتی ئاینی ئینگلیسی و ئەمریکایی هۆزە مەسیحی‌یەکانی لە بەدرخان پاشا، دوور خستەوە و ئەوسا بە گزی و فزی «یەزدان شێر» ی برازا و فەرماندەی دەسەی خۆرهەلاتی سپای بەدرخان پاشایان فریو دا و ئاخرین دەسیان‌لە ڕاپەڕین وەشاندو بەدرخان پاشا ناچار خۆی‌دا بەدەسەوە و لە ساڵی ١٨٦٨ی ز ، لە شاربەدەرا وەفاتی کرد.

**ڕاپەڕینی یەزدان‌شێر برازای بەدرخان پاشا.** یەزدان‌شێر کە لە ساڵی ١٨٠٥ی ز، لە سەر ئەمیرنشینی هەکاری لایان بردبوو، دوای دەس پێ‌کردنی شەڕی ڕوس‌و عوسمانی لە ساڵی ٨٥٣ کەوتە بیرکردنەوە و لە بەهاری ١٨٨٥ دوای ئەوەی هێزێکی پێکەوە نا لە بدلیس دەسی کرد بە ڕاپەڕین و بە گرتنی موسل، سیرت‌و هەکاری (ناوەندی عومدەی نیزامی عوسمانی لە ناوچەدا) سەرزەویێ پان و بەرینی لە نێزیکی شاری بەغاوە تا دەریاچەی وان و دیاربەکر (ئامێد) ی خستەبن‌دەسەلاتی خۆی. بەهاتنی زمسان و گەڕانەوەی ڕوسەکان بۆ بنکەی زستانی خۆیان، حوکومەتی عوسمانی بۆ ڕوبەڕوبونەوە لەگەڵ ڕاپەڕینی یەزدانشێر، دەرەتانی بۆ ڕەخسا. لەو نێوانەدا «نمرودرەسام» نوێنەری

Dr.Saleh Ebrahimi



بەریتانیا لە ناوچەدا، رۆڵ و نەخشێ فرە گرینگی گێرا. پوڵ و دراوێ فرەی بە ریشوە دا بە سەرکردەکانی کورد و ئەوانی لە یەزدانشێر دور خستەوە و پشتی راپەڕین خاڵی بوو. یەزدانشێر کە بۆ ئازادی و سەربەخۆ کردنی کوردستان لە رێگای وتوێژەوە بە ناوبژی کردنی بەریتانیا، روی کردە ئەستەمبوڵ، باوەکو بریتانیا دڵنیای کرد کە لە وتویژ لەگەڵ حوکومەتی عوسمانی پشتیوانی لە یەزدانشێر دەکا، کەچی هەر گەیشتە ئەستەمبوڵ گرتیان و زیندانیان کرد، جا دوای زیندانی کردنی یەزدانشێر، سپاکەی دوای چەندێ ئاوارە بون لە چیا و نێو کێوە بەرزەکاندا، پرش و بلاو بون. چارەنووسی ئەمیش هەر وەکو بەدرخان پاشای مامی بەسەر هات.

**راپەڕینی مەلیک غازی شێخ عوبەیدیلای نەهری شاهی شەمزین.**

ئەم راپەڕینە گرینگترین و کوردایەتیترین راپەڕینی کوردە لە سەدەی نۆزدەی زایینیدا و ژمارێ فرە لە لێکۆڵەران، شێخ عوبەیدیلا بە یەکەمین پێشەوای نەتەوە و نیشتمان ئۆگری کورد دەزانن کە کوردایەتی کردوە و درەسی ناسیونالیسمی و کوردایەتی فێری سەرکردەکانی کورد کردوە کە ٢٢٢ کەس لە سەرانی کوردی لە نەهری کۆ کردۆتەوە و ئەنجومەنی کوردی بۆ کوردایەتی کردن بۆ ساز داون و نامەی بۆ"ویلیام ئابوت" ژەنراڵ کونسولی بەریتانیا لە تەوریز، نوسیوە و بەوی راگەیاندوە:« نەتەوەی کورد، نەتەوەیەکە جیایە لە فارس و تورک و عەرەب و رەگەزێ تایبەت بە خۆی هەیە. مەزهەبی کورد لە مەزهەبی ئەوان جیایە و ئاداب و روسوم و خوو ئاکاریان لەوان جیایە، سەرانی کورد و حاکمانی کوردستان چ ئەوانەی لە بندەس تورکی عوسمانی یا لە بندەس حاکمانی قاجار لە ئێراندان، و هەمو نیشتەجێی کوردستان بە یەک دەنگ و بە یەک قسە لە سەر ئەمە سورن کە کورد، ناتوانێ لەگەڵ ئەو دو حوکومەتە مارز و زاڵمەدا کار بکا و لەگەڵیاندا ناتوانێ بژی. پێویستە کارێ بکرێ کە دەوڵەتانی ئوروپا سرنجی کورد بدەن و لێی ورد ببنەوە و لێی بکۆڵنەوە تا باش بزانن کە کورد، نەتەوەیەکە جیا لە تورک و فارس و عەرەب و ئێمەی کورد ئەمانەوێ کاروباری کوردەواری خۆمان بە بیر و هزر و دەس و فەرمانی خۆمان هەڵیبسووڕێنین و بەدەسی خۆمان وڵاتی خۆمان ئیدارە بکەین. *(بڕوانە*

Dr.Saleh Ebrahimi



*توحفەی ناسری لە تاریخ و جوغرافیا / میرزا شوکروڵڵای سنەیی ، ئەفخـەرولکوتتاب/ بـە بەرکولی دوکتور حەشمەتوڵلا تەبیبی/ ئەمیرکەبیر تاران/١٣٦٢ی هەتاوی)* نامەی شـێخ بە خەتی خۆی ئێـستا بـە وێنـەی سـەنەدی تـاریخی لـە ئارشـیوی وەزارەتی کاروبـاری دەرەوەی بەریتانیا راگیرداروە و کـــوریس کـــۆچەرایش لە بابەت نامـــەی شێخەوە نوسیویەتی: لەگەڵ حوکومـەتی قاجـار و عوسمانیـدا، نـاکرێ بـەمجۆرە کـارێ بکـرێ و ناتوانین لەگەڵیاندا بژین. پەڕەی ٢٧ جونبوشی میللی کورد چاپی ١٣٧٣هـەتاوی بلاۆکـی نیگاه تاران و هەروا کتێبی ئابی ژمارەی ٥ سالی ١٨٨١ ز ـ پەڕەی ٥٤ و ن. ئا. خەلفەین راپـەڕینی شـێخ عوبەیـدیلای بـەناوی راپـەڕینی کوردایـەتی و گـەورەترین راپـەڕیـنی نەتەوەخوازی کورد، لە سەدەی ١٩ دانـاوە. تەرجەمـەی جـەلال تـەقی لـە روسـیەوە بـۆ کوردی سۆرانی (شەپۆل).

دوای شەڕی ١٨٧٨ -١٨٧٧ی زاینی، روس و تورکی عوسمانی، کوژران و مردنو تـالان و ماڵوێرانی و قات و قڕی و گرانی و هەژاری و دەربەدەری و ئـاوارە بـونی خەلـکی کـورد، خەلکەکە ڕویان کردە ماڵە ساداتی نەهری. مەلیک غازی شـێخ عوبەیـدیلای نـەهری لـە مێژوی ناوچەی کورد و کوردستان هەر وەکو مونجی تەماشای کراوە و ئەویش بۆ ئـازادی کورد و کوردستان راپەڕیوە و دوای تەگبیرو مەشـوەرەت بـە کـورد و سـەرانی دلـسۆزی کورد، لە سالی ١٨٨٠ بە سپای کوردەوە لە دو قۆڵەوە هێرشی بردە سەر سپای قاجار لـە ئێران، بەلام بە فێڵی روس و دنەدانی ئینگلیس تـورکی عوسمـانی و قاجـار بـە یارمـەتی روسیە زۆریان بۆ کورد هێنا و لە هەردو لاوە ئابلۆقەیان دا و بە ناچار سپای شێخ بەرەو ناو چیا پاشەکشەی کرد و تورکی عوسمانی بە یارمەتی روس و دنەدانی ئینگلـیس شـێخیان گرت و ناردیانە حیجاز و سەرەنجام لەوێ لە ١٨٨٣ی ز ، وەفاتی کرد. (*بروانـە راپـەڕیـنی مەلیک غازی شێخ عوبەیدیلا نەهری شـاهی شـەمزین/ د.محەمـەد سالـح ئیبراهیمـی ، شەپۆل/ چاپی ٢٠٠٦ی ز/ وەزارەتی رۆشنبیری/ هەولێر/ کوردستانی ئازاد*)

**راپەڕینی ئیحسان نوری پاشا** کە لە سالی ١٩٢٠ی ز، تـا سالـی ١٩٢٥ بەوپـەڕی بـوێری ئالای ئازادی کورد و کوردستانی لە سەر چیای ئارارت( ئاگرێ) هەڵدابوو کە بەداخەوە بە

Dr.Saleh Ebrahimi



گزی و فزی رەزاخان پەهلەوی و خەیانەتی ئیساساکۆ نیۆیَ کە رەزاخانیش ئیجازەی بە سپای تورکی عوسمانی دابو تا لە بەشی کوردستانی بن‌دەسی رەزاخان پشت لە سپای ژنراڵ ئیحسان نوری پاشا هەڵۆی کوردستان بگرن و راپەرین تێک بشکێنن و ئیحسان نوری پاشا لە دەربەدەری بە مۆتورسیکلێت شەهید بکەن کە لە ١٣٥٥/١/٥ی هەتاوی لە بیمارستانی سینا لە تاران وەفاتی کرد و لە قەتعەی ٩ قەبری ژمارە ١٢ لە بەهەشتی زارای تاران بە خاکیان سپاردوە.

**راپەرینی شێخ عەبدوسەلام بارزانی** بۆ دابین کردنی مافی رەوای کورد، شێخ عەبدوسەلام لە ساڵی ١٩٠٧ی ز، لە نامەیەکی سەرئاواڵەدا کە بە مۆر و ئیمزای خۆی بۆ کاربەدەسان و گەرێنەرانی حوکومەتی عوسمانی ناردوە، نوسیویەتی: «١ـ زمانی کوردی ببێتە زمانی رەسمی لەم قەزا و فەرمانداریانەدا: دهۆک، ئاکریَ، ژەنگار، ئامێد و زاخۆ. ٢ـ خوێندن بە زمانی کوردی بیَ لە ناوچەی بادیناندا. ٣ـ کاربەدەسان و فەرمانبەران و هەڵسوورێنەرانی ناوچەی بادینان، کورد بن. ٤ـ باجەکان: باجی خزمەتی سپاییگەری هەر وەک خۆی بمێنیَ بەو مەرجەی بۆ سازدانی ریگا و بان و کردنەوەی فێرگە و فێرانکۆ بیَ و لە بادینان و لە ناوچەی بادینان خەرج بکریَ. ٥ـ لە ناوچەی بادینان بریارەکان بە پێودانی شەریعەتی ئیسلام رابگەیێندرێن. ٦ـ باجی نارەوا لابرێن و بە پێی شەریعەت باج و خەراج وەربگیردرێن. ٧ـ قازی و موفتی کە لە بادینان دادەنرێن دەبیَ لە سەر رێبازی ئیمام شافعی بن، نەک رێبازەکانی‌تر *(دەمەلوجی ٨٩)*.

شێخ عەبدوسەلام لە ١٩١٤ی ز، لە راژان میوانی سەیید تاهای نەهری دوەم دەبیَ و لە مانگی ئابدا لە تەفلیس چاوی بە گراندۆڤ جێگری قەیسەر و سەرکردەی سپای باشور دەکەویَ و داوای پشتگری لە روسەکان دەکا، بەلام روس یارمەتی شێخ نادەن و دەگەرێتەوە و لە سەر ریگا چاوی بە سمکۆی مەزن دەکەویَ کە بەداخەوە سۆفی عەبدوللا فنکی بۆ پوڵ وەرگرتن لە تورکی عوسمانی کە شێخ میوانی دەبیَ، دەیداتە دەس دوژمن و لە ئاکامدا بە دەستوری سلێمان‌نەزیف کوردی والی موسڵ لە دار دەدریَ.
یانی کورد بۆ رازی کردنی تورکی عوسمانی ئەو مرۆڤە پاک و دڵسۆزەی کوردی شەهید

Dr.Saleh Ebrahimi



کردوە.*(د.عوسمان عەلی/ زانکۆی تورنتۆ/ کانادا/ کۆنگرەی یادوارەی سەدساڵەی بارزانی نەمر/ چاپی ٢٠٠٣ی ز)*

**راپەڕینی مەلیک مەحمود بەرزنجی حەفید.**

شێخ مەحمود بەر لە دوایی هاتنی جەنگ لەگەڵ سەرانی کورد، لە شاری سلێمانی، کەرکوک ، توزخورماتو ، عیمادیە و کۆیێ بۆ پێک هێنانی کوردستانی سەربەخۆ ، لە ١٩١٧ی زاینی لە کۆنگرەیەکدا، لەگەڵ گەورە مرۆکانی سلێمانی کۆ بۆتەوە و داوای کوردستانی بندەسی پەهلەوی لە ئێران کردبو. بەڵام ئینگلیسیەکان پێیان وتبوو داوای وا نەکا. لە شەڕدا شێخ یەخسیر دەکرێ و لە ٢٥ی ژوئینی ١٩١٩ی ز، کە لە بەغا موحاکمە دەکرێ، سەلاحیەتی دادگا رەت دەکاتەوە و وەکیلیش ناگرێ و دەفەرمێ :« لە سەر داخوازی نەتەوەی کورد، بۆ بەدەس هێنانی ئازادی لەگەڵ ئێوە پەیمانم گرێدا بەو مەرجەی ئێوە زامنی ئازادی کوردستان بن، ئیجازەم دا بێنە خاکمانەوە، ئێوە درۆتان وت و نییەتی ترتان لە سەرا بووە، من بە هەڵبژاردنی خەڵک بومەتە حوکمدار، بەرپرسم کە نەیەڵم ئێوە بەدفەڕانە لە کوردستاندا کاربکەن، ئێوە کارێ واتان کرد لە جەنگ زیاتر چارێکمان نەبوو، ئێستا من یەخسیری ئێوەی بریتانیاییم و لە دوژمنی خۆم و نەتەوەکەم چاوەڕوانی خێر نیم و بۆ مردن لە ڕێگای کوردایەتیکردن و خزمەت بە نەتەوەی کوردی خۆم، ئامادەم. *(جونبوشی میللی کورد/ کریس کۆچەرا/ ئیبراهیم یونسی/ نیگا، ١٣٤٧ی هەتاوی تاران)*.

بەڵێ شێخ مەحمود شاری سلێمانی کردە پاتەختی پاشایی بۆ کورد و کوردستان، کە لە بەرا پێتەختی بابان بووە.

**راپەڕینی پێشەوا قازی محەمەد.**

هەر ئەوە کە توانی لە ١/٢٢ /١٩٤٦ی زاینی کۆماری کوردستانی سەربەخۆ لە شاری مەهاباد دابمەزرێنێ، بە هاوکاری کۆمەڵەی ژێکاف و حیزبی دیموکرات و هەروا بە هاوکاری خەڵکی ئازاد و نیشتمانخوازی کوردی ناوچەی کوردستان، هەروا بە پشتیوانی ژەنراڵ مستەفا بارزانی و بارزانیانی هاوڕێی کە لە ١٩٤٥/١٠/١١ی ز ، کۆمەڵەی ژێکاف

Dr.Saleh Ebrahimi



پێوەندیان بە بارزانی‌یەوە گرتوە و لە خەزەڵوەری ١٩٤٣ی ز، نامەیەکیان بۆ بارزانی نوسیوە و بارزانیان بە سەرۆکی گەورەی کورد ناساندبوو ( بڕواننە گۆڤاری نیشتمان ژمارەی ٢) . بارزانی لە ١٣٢٤/١٢/٩ و ١٩٤٦/٢/٢٨ کاتژمێری ٥/ی دوانیوەڕۆ تەشریفی موبارەکی گەیشتۆتە شاری مەهاباد پێتەختی کۆماری دێموکراتیکی کوردستان و پێشوازی گەرم و گوڕی لێ کراوە و دوای دیدار لەگەڵ پێشەوا قازی محەمەد، مستەفا بارزانی لە ڕێ و ڕەسمی ڕاگەیاندنی کۆمار بەشداری کردوە.

پێشەوا قازی محەمەد ئینسانێک شەریف، زانا و دڵسۆز و فەرهەنگ‌پەروەر بووە. هونەری پێشەوا لەوەدایە کە بەر لە ئێران کۆماری کوردستانی دامەزراندوە و لەو ماوە کەمەدا چاپخانەی دامەزراندوە و ئەو هەموو کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردی‌یانەی بەچاپ گەیاندوە و فێرگە و فێرانکۆی بۆ خوێندن بە زمانی کوردی ساز داوە و پەرەی بە روناکبیری کوردی داوە و گیانی شیرینی خۆی لە پێناو ئازادی کورد و کوردستانا داناوە. خوالێخۆشبو مونتەقیم قازی کە لە نێو حیزبی دێموکرات گەڕابۆوە و نەخۆشبو، چومە دیدەنی و عەرزم کرد تۆ زەوی و خاکت زۆرە، وەرە مەردانە چەن هێکتار بەناوی زانکۆی پێشەوا قازی محەمەد ئەعلەللاهومەقامە لە مەهاباد وەقف بکە، قەولیشی دا و نەی‌کرد و وەفاتی کرد (شەپۆل).

**ڕاپەڕینی ژەنراڵ مستەفا بارزانی.**

لە ئاسمانی کوردەواری و مرۆڤانی‌دا، **حەزرەتی بارزانی ڕۆژە و بە فو ناکوژێتەوە.** نیشانەکانی دڵسۆزی، وشیاری، بێداری، کوردایەتی و زیندووبوونی حەزرەتی **مستەفا بارزانی رابەری گەبیری نەتەوەی کورد** لە هەموو کات و ساتێکدا دیارە وە لەم سەردەمەشدا، جا کورد لە هەر دۆخ و هەلومەرجێکدا بژی، **سێبەری ڕەحمەت و پڕبەرەکەتی بارزانی** وا بە سەرەوە. وە شوێنی پیرۆزی بیری ورد و تێکۆشانەکانی بە سەر کورد و کوردستاندا دیارە و هەر دیاریش دەبێ. وە نەتەوەی کورد، فەخر و شانازی بەو زاتە پاک و دڵسۆزەی خۆی دەکا. لە کۆنەوە وتویانە باش وایە وەسفی گەورە و دڵسۆز و خۆشەویستەکەت لە خەڵکی‌تر ببیستی چاکە. جا با بزانین "کارۆلێن" لە بابەت مستەفا

Dr.Saleh Ebrahimi



بارزانی چی وتووە:« لە گەرما و گەرمی پرۆژەی میستێر بوتی ئینگلیسی کە لە ئاخری ساڵی ١٩٧٠ی ز لە کوردستان ئەنجام دراوە، کارۆلین ئینگلیسی بە ژەنراڵ مستەفا بارزانی دەڵێ: حوکومەتی تورک، عەرەب و شای ئێران کوردیان لە نەخوێندەواری و کەم سەوادیدا قەتیس کردوە، تۆ چلۆن رابەری ئەو نەتەوە دەکەی؟ بارزانی لە وەڵامدا دەفەرمێ: رابەری کردنی دەبێ وەک رێگاکانی کوردستان بێ، بەرەوژور چون و سەرەوخوار بونەوە و پێچاوپێچ کردن، بیری وردی ژیرانەی پێویستە، چونکا تەبیعەتی کورد، هەروەک تەبیعەتی خاک و نیشتمانمان، کوردستانە. خاکی کوردستان کێوی بەرزو بڵیند و کێو و تەپۆلکی نزم و نەوی، دەشت و شیوی نزم و قووڵی هەیە. هەر بەو شێوەش، نەتەوەی کوردیش لە چینی کۆمەڵایەتی، بیر و رێباز و ئۆل و ئایین و مەزهەبی جیاجیا ساز بووە، نیازی بە رابەری کردنی کەسێ هەیە کە هەمو ئازار و دەرد و رەنج و خوو و خەسڵەتی ئەوان بزانێ و رێگایان نیشان بدا. کارۆلین دەڵێ: ئەم قسانە لە قسەی فەرماندەیەکی نیزامی ناچێ، بەڵکو لە قسەی فەیلەسوفان و بیرەوەران و ئەندێشمەندان دەچێ. کارۆلین مستەفا بارزانی بە ناوی یەک فەیلەسوف ناسیوە و دەیناسێ و دەڵێ: مستەفا بارزانی فەیلەسوف و بیرمەندە.» *(کونگەرەی یادەوەری سەد ساڵەی بارزانی نەمر/ د.محەمەد ساڵح ئیبراهیمی، شەپۆل/ هەولێر ٢٠٠٤/٣/١٤/ بەشی یەکەم - ئامادەکردنی مومتاز حەیدەری / پەڕەی ٣٩٨ تا ٣٤٩)*

لەشکری عێراق هێرشیان بۆ هەندرێن و زۆزەک هێنابو تا بارزانی و بارزانیان بە خەیاڵ لەنێو بەرن. بەڵام بارزانی ژەنراڵ مستەفا، ئەوانی خستە نێو تەڵە و هەروەکو هەورەتریشقە دای بەسەر هێرشکارانی عێراقدا و زیاتر لە ٢٠٠٠ی لێ کوشتن و لەشکرەکانی دیکەی عێراق، تارومار کریان و بووە مەرگ و کارەسات بۆ سپای عێراق و ئیعتیبارێ گەورە و گرینگ و پۆزیتیوی بۆ ژەنراڵ مستەفا بارزانی بەدەس هێنا و **کورد و راپەرینی نەتەوەی کوردی بە دنیا ناساند.** *(رنە موریس رابێرت رافونت/١٩٦٦ی ز)*

جا ئەوە بوو چەندین جار سەری بە حوکومەتی مارز و زاڵمی عێراق دانەواند و سەرەنجام بەعسی بەغای مەجبور کرد تا لە ساڵی ١٩٧٠دا بە تەواوی ئیعتیرافبە مافی رەوایکورد و

Dr.Saleh Ebrahimi



کوردستان بکا و هەر لەو سۆنگەوەیە، ئێستا کوردستانی باشوور ئازاد و سەربەخۆیە و شوکور بۆ خوا بەڕێز **سەرۆک مەسعود بارزانی** سەرۆکی کورد و کوردستان و سەرۆک وەزیرانی کورد و کوردستان **نەچیرڤان بارزانی** و ڕۆڵەکانی بارزانی و یار و یاوەرانی بارزانی و پێشمەرگەکانی بارزانی بەوپەڕی وزە و هێز و خێر و خۆشی و بەرەکەتەوە و بەوپەڕی ئەمنیەت و ئاسایشەوە کاروباری کورد و کوردستان بەڕێوە دەبرێ و باغی ئارەزووی کورد، هاتۆتە بەر و دیارە نەخشی بەڕێز **مامجەلال تاڵەبانی سەرۆککۆماری** عێراقی فیدراڵ بۆ کوردستانی یەکگرتو و بەهێز و ئاوەدان، لەگەڵ یارانی فرە دیار و گرینگە.

لە ١٩٢٠ی ز، بزاوی سمکۆی مەزن دەسی پێکردوە و تا ساڵی ١٩٣٠ی ز، بەردەوام بوە و لە سەرەتاوە حوکومەتی سەرسنوری سمکۆی مەزن لەلایان حوکومەتی ئەو دەمی ئێران بە ڕەسمی ناسراوە و عەسای مورەسەع و فەرمانی پاراستنی سنورەوانی پێدراوە. جا هەر لێرەوە باش تێدەگەین کە **بوحرانی نەتەوەی کورد، بەر لە بوحرانی فەلەستین روی داوە** و کورد بەر لە ڕاپەڕین لە ئوروپا، بیری کوردایەتی و ناسیونالیستی لەنێو جەرگ و هەناو و دڵ و دەرونی نەتەوەی کورد گیرساوە و گەرای داناوە. بیری کوردایەتی و ناسیونالیزمی کوردی، حەکیم ئەحمەدی خانی بەر لە بیری نەتەوایەتی خەڵکی ئوروپا خولقاوە و مەیبوە، کە فەرموویەتی: «لەڤ پێکڤە هەمیشە بێتفاق / دایم بە تەمەڕود و شیقاقن / گەردی هەبوا مە ئیتحادەک / ڤێکرا بکرا مە ئینقییادەک / تەکمیل دەکر مە دین و دەولەت / تەحسیل دەکر مە عیلم و حیکمەت / تەمییز دەبون ژ هەڤ مەقالات / مومتاز دەبوون، خودان کەمالات» یانی ئەگەر دژ و دوژمنان بیانهێشتبا و کوردیش بیری لە کوردایەتی خۆی بکردبا و لە باتی شەڕە گەڕەک لەنێو یەکدا بهاتبان یەکیەتی و ئیتحادیان لەنێو خۆدا ساز بدایێ و لە پێشەوا و رابەرێک ئیتاعەتیان بکردایێ، ئێمەی کورد، دینو دەولەتمان تەکمیل و تەواو دەکرد و حوکومەتی تایبەت بە نەتەوەی کوردمان ساز دەدا و ئیتر زانا و لە کارزان و نوسەر و خاوەن بیر و ئەندێشەی کوردیش، لەنێو داگیرکەراندا ون نەدەبون و لەنێو داگیرکەراندا نەدەتاوانەوە و لە دورەوە خۆیان بۆ خزمەت بە کورد، نیشان دەدا و کوردایەتیان دەگرد، نەک خزمەت بە بێگانە.

Dr.Saleh Ebrahimi



کورد فەرمویەتی:« بێکەس خۆم، وەتەنمە، دینمە.» یانی هەم دین و ئایین و مەرام و هەم وارگە و نیشتمان و وەتەن و نشینگەی کورد و نەتەوەی کورد، لەبەر بێکەسی و بێ ئیتفاقی لە کورد، زەوت و داگیر کراوە. لێرەدا میسالێک دێنمەوە تا باش لە فایدە و واتای ئیتحاد و یەکیەتی و یەکبون بگەین و لەمەولا عەمەلی پێبکەین: تۆ سیغار و جگەرەیەک بگرە بە دەسەوە لە جەنگەی هاویندا لە نیوەڕۆدا بیدە بەر تیشک و تیریژی گۆی رۆژ، هەرچی بەرزی بکەیتەوە یا بکۆشی سیغار و جگەرەکە گر ناگرێ و هەڵنابێ، بەلام ئەگەر زەرەبینێک بێنی و بیدەیە بەر تیشکی گۆی رۆژ و سیغارەکەش بدەیتە بەر زەرەبینەکە، فەوری و بەلەز سیغارەکە گر و ئاگر دەگرێ و دوکەڵ لە سیغارەکە بەرز دەکاتەوە، چونکا زەرەبینەکە ئەنێرژی تیشک و تینی گۆی رۆژ لە خۆیدا کۆ کردۆتەوە، بۆیێ دوکەڵی لە سیغارەکە بەرز کردۆتەوە. جا ئێمەی نەتەوەی کوردیش لە سەرمان واجب و پێویستە یەک بگرین و ئەنێرژی کوردایەتی کردن لە خۆماندا کۆبکەینەوە و لەدەولەتی ئێستای کوردستانی باشووری بەتەواوی بیر و هزرەوە ئەنێرژی و گوڕ و تین و تەوانمانەوە پشتیوانی لەو حوکومەتە بکەین و تەقوییەتی بکەین. بە ورد بونەوە لەوەی حەکیم ئەحمەد خانی بە پێی و دانی سرودی خۆی لە سالی ١٠٦١ی مانگی و ١٦٥٠ی زاینی لە دایک بووە و تاریخی نەزمی مەموزین دەبێ لە ١١٠٥ی مانگی و حودودی ١٦٩٢ی زاینی دابێ نەک لە ١٥٩١ی ز، و بنەماڵەی حەکیم ئەحمەد خانی لە ١٥٩١ یا ١٥٩٢ زاینی لە سەر زەوی بایەزیدی کوردستان سەقامگیر بوبن و خانی لە ١١١٩ مانگی وەفاتی کردوە(طار خانی الی ربّة) چون سالی لەدایک بوونی حەکیم ئەحمەد خانی ١٠٦١مانگی بووە، بەو حیسابە دەبێ تەمەنی موبارەکی ٥٨ سال بوبێ، هەر جۆر بێ. فرە لام سەیرە هەندێ کەس لایان وایە بیری کوردایەتی و ناسیونالیزمی کوردی لە ئوروپاوە، ئەو بیرە هاتۆتە نێو نەتەوەی کورد و بیریان لەو شیعرە میللی و کوردایەتی‌یە و زهوری حەکیم ئەحمەد خانیان نەکردۆتەوە. جا دەڵێن:« تیاچون و لەنێوبردنی حوکومەتی بابان و ئەردەلان و ... هاوزەمان بووە لەگەڵ گەیشتنی سەرەتای بیرو هزری ناسیونالیستی لە ئوروپاوە بۆ رۆژهەلاتی‌ناڤین‌و لە دەیەکانی دوایی‌سەدەی پ١٩ز ، بە پەیدابونی یەکەمین

Dr.Saleh Ebrahimi



شەپۆلی ناسیونالیزمی کوردی،کوردەکان لە بەر کوردایەتی‌کردن بێدار بونەتەوە و بە دژی داگیرکەران راپەرینیان دەس پێ کردوە، چەن هۆ لە پەیدا بـونی شـەپۆلی ناسـیونالیزم و کوردایەتی‌دا نەخشی هەبووە یەک لەوانە بلێسەی بـیری نەتـەوە ئـۆگری لـەنێـو قەومـە دراوسێکانی نەتەوەی کوردا، چ فارس، تورک یا عەرەب و ... کە لە ئوروپاوە دەڵیبووە نێو دڵ و دەروونی خەڵـکی رۆژهـەلاتی ناڤـین. یـەکێ‌تـر لـە هۆکـان، هەڵوەشـاندنەوەی ئەمیرنشینەکانی کورد بووە، ئەو کارە بۆتە هۆ تا ئیمتیازاتێ کە هەندێ لە چینەکانی کورد لە کوردستان بەدەسیان هێنابوو، لە کیسی بدەن، لە نەتیژەدا چینی پروزە و پڕ ئـەنێرژی و پڕتین بە پڕتاو چ لە ئاغا و چ لە خوێندەواران و رووناکبیرانی کورد، دەست بدەنە دەسی یـەکتر، تـا مـــاف و حـەق و حوقـوقی لـەکیس‌چـــویان ، لـە زاڵـمان و داگیرکـەران بستێننەوە و دەوڵەتی دڵخوازی کوردی تایبەت بە خۆیان دابمەزرێنن. دوابەدوای گۆڕانی بیر و هزری کۆمەلایەتی، سیاسی و ئابوری و هاتنە پێشەوەی بـیر و هـزری کوردایـەتی و ناسیونالیستی لە ژیانی رۆژانەی کۆمەلانی نەتەوەی کورد، ئەونەی دیکە هاتنە مەیدان کە زیاتر لە جاران بە بیری تازەی یـەکبون و یەکگرتنـەوە بـە گیـان و بـە دڵ بـۆ ئـازادی و سەربەخۆیی کورد و کوردستان بکۆشن و بکۆشین تا ئازادی هەمو کورد و خاکی پـیرۆزی کوردستان بە چاوی خۆیان بی‌بینن و بی‌بینین و تێرتێـر تەماشـای یـەک بکـەین. *ئەمـە سەرەتایە بۆ کتێبێ بەناوی "وارگە و زانایانی کورد (دایرەتولمەعاریفی کوردی)" شـەپۆل/ تاران/ ١١ی مارسی ٢٠٠٧ی زاینی.*

Dr.Saleh Ebrahimi



### *ڕەگەز و هەویەی کورد*

ڕەگەز یا ئەو شتانەی ناسنامە و هوویەی نەتەوەی کورد پێک دێنن.

ئەو شتانەی وا ناسنامە و هوویەی کورد و نەتەوەی کورد بەدیدێنێ، ڕابوردی مێژوی کوردە.

زۆربەی لێکۆڵەرانی دنیا ڕیشە و ڕەگەزی نەتەوەی کورد، دەبەنەوە سەر ماد. یەکەمین تەبەلوری سیاسی عونسوری کوردی لە ئیمپەراتۆری ماد ـەوە بە ڕوناکی خۆی نیشان داوە و گرشەگرشی ئەوە زاگروس و کوردستانی پڕ و تەژی کردوە لە دادگەری و عەدالەت و یەکەمین ئیمپەراتۆری گەورەی مادی لە کوردستانی گەورەدا ساز داوە. ماد و مادزادە بە پێی لێکۆڵینەوەی "هێریدۆت"مێژوزانی یونانی، لە سالی ٧٢٧ بەر لە زایین بە بیروهزری "دیاکۆ" ئیمپەراتۆری ماد ـ یان پێک هێناوە و دیاکۆ لە هەگمەتانە (ئیکباتان) یا هەمەدانی ئەمڕۆ، لە سەر تەختی ئیمپەراتۆری مادی دانیشتووە و لە ئاکامدا هێرشکارەکان و ئۆرارتۆەکان و ئاشوریەکانیان تێک شکاند و بەسەریاندا زاڵ بوون و پەرەیان بەسەرزەوی ئیمپەراتۆری ماد، داوە و هەروا پاشاکانی عیلام و پارسەکانیان بە وێنەی ڕاستەوخۆ، هێنایە بن فەرمانی ئیمپەراتۆری ماد، شێوەی حوکومەتی ماد، ڕێز گرتن بوو لە حوکومەتەکانی ناوچەیی و تەنیا باج و شەکەزەکانیان لێوەردەگرتن. دوای دامەزراندنی ئیمپەراتۆری ماد، ماکی زانست و فێرکردەکانی زەردەشت لەو سەرزەویەدا، کە باوەڕی بە دو خوایی (ئاناهیتا و میترا) بوو، کەوتە برەو.

لە سالی ٥٥٠ بەرلە زایین کۆرش کچەزای ئاستیاک ئاخرین پاشای ماد، هاتە سەر کار، بەوجۆرەی مێژو نیشانی داوە، ئەمیران و فەرماندەرانی ماد، لە سپا و حوکومەتی کۆرشدا نەخشێ فرەیان هەبووە. هەر لەبەر ئەوەیە لە ئاسەواری نەخشی تەختی جەمشیدا لەو ڕیزە مرۆیانە یەک دەرمیان مرۆڤی مادە کە بە کەوای مرادخانی و جلکی کوردی، خۆیی نیشان داوە و لە سالانی ١٣٢٥ هەتاوی و ١٩٤٦ و ١٩٤٧ زایینی لە ناوچەی موکریان و بۆکان خەڵکی کورد کەوای مرادخانیان لە بەردا بووە. کەوای مرادخانی تاسەر چۆک دەهات و پشتوێنیان بە گرێچن لە سەر دەبەست و داوێنەکەیان نەدەخستە بن پاتۆلی

Dr.Saleh Ebrahimi



کوردی و ئەو کەوای مرادخانی‌یە، نێوەکەی لۆکە یا خوری و بەرگن بووە، بۆ ئەوە ی گەرم بێ و لە سەرما بیان‌پارێزێ.

سالی ٤٠١ی بەرلە زایین گزنفۆن تاریخزان و سەرداری ئاتێنی کە بە دەهەزار سوارەوە هێرشی بۆ ولاتی ماد و ئێران هێناوە نوسیویەتی: لە کاتی گەڕانەوە لە ناوچەی هەکاری و لە تونگەی زاخۆ شەڕوانانی کورد، هێرشکارانی یونانیان رەپێ ناوە کە گزنفۆن ئەوانەی بە ماد زانیوە و بە کاردوغوی یا کاردوشوی ناوی بردون. زۆربەی کوردناسان لایان وایە ئەوانە کورد، کوردی ماد بون. گزنفۆن Xenephon لە کتێبی ئاناباسیس Anabasıs ی خۆیدا نوسیویەتی: ئەوانە (ئەو کردۆکانە) تا ناوچەی تەرابۆزان لە باکوری تورکیە لەگەڵیان دەرگیر و بە دەسیانەوە توشی کەندو کۆسپ ببووین و ئەوانە حوکومەتی ناوەندی هەخامەنشیان توشی دەردەسەر کردبو.

ناوچەکانی رۆژاوای ماد، داگری کوردستانی رۆژهەلاتی ئێستا و کوردستانی باکوری و کوردستانی باشوری و باشوری گچکەی ئێستا بووە و بەرفرەتریش بووە.

لە رۆژگاری پارتیان یا ئەشکانیان و لە دواییدا ساسانیان بەناوی مادی گەورە، لەگەڵ وردە حاکمانی ئێرانی و حوکومەتی رۆم دەرگیر بووە، لە رۆژگاری ئیمپەراتۆری ئەشکانی‌دا حوکومەتی ناوچەیی رەسمی خودموختاری ماد هەبووە.

لەلای سەردەشت گوندێ بەناوی ئەشکان هەیە، پارت و ئەشکانی و ساسانی و ماد و هەخامەنش لە راستیدا یەک رەگەزن و لە یەک خوێن بوون. بەلام پارس یا فارس هەر وەکو حافزی شیرازی فەرمویەتی:

آب و هوای فارس عجب سفله پرور است

کو همرهی که خیمه از این خاک برکنم

واژەی فارس یا فارسی لەو شیعرەی حافزدا بە واتای خاک بەکار براوە. چون وارگە و نشینگەی ماد، چیا و بەرز و هەوراز و هەزار بە هەزار بووە، حوکومەتەکانی هێرشکار، نەیانتوانیوە بە سەر (ماد)دا زال بن و جا هەر لە بەر ئەوە بووە هەمیشە حوکومەتی ناوچەیی خۆیان هەبووە، هەروەکو فدراتیوی ئەم سەردەمە. نێوی حوکومەتی ماد و کورد،

Dr.Saleh Ebrahimi



لە ناوی خانەدانی ئەو حاکمانە، وەرگیراوە. گرینگترینی ئەو حوکومەتانە، ئەمانە بوون. دەیلەمیان، کە لە ڕۆژاوا و باکوری ڕۆژاوای دەریاچەی واندا بوون. کردۆک ، کردوئین یا کوردوئن لە بدلیس و سیرتی ئەمڕۆدا بوون. ئەریابن: ئەربیل یا هەولێری ئەمڕۆ. ماه یا (ماد) نەهاوەند. کرم، کرماشان. موکری یا موکریان (مەهاباد)، شارەزور یا شاربازێڕ(سلێمانی) ، بارچان: بارزان) و سنک لە سەحنە و کەنگاوەری ئەمڕۆدا ژیاون.
ئەم حوکومەتانە تا یەکسال بەر لە زایین، هەبون و لە سەر حوکم کردنی خۆیان بەردەوام بوون.
ئی.ئە. ئوربیلی لە یەکێ لە شوێنەوارەکانی خۆیدا ئاماژەی بەوە کردوە کە شانامەی فیردەوسی توسی لە نێو کوردانا فرە جێی سەرنج و ڕێزە. سێن لە یەکێ لە ڕێگاکانی کوردستانی بن دەستی عێراق، کوردێکی دەس تەنگی مەریوانی دەبینێ کە زۆربەی شانامەی لەبەر بۆ خوێندۆتەوە. هەر ئەوەیشە کە کورد لای وایە شانامە پڕ و تەژیە لە واژەی ڕەسەن و جوانی کوردی و لەم بارەوە سێن نوسیویەتی: باشوری کوردستان مۆزەی ئاسەواری دەورانی ساسانیانە. فرەیێ زۆر لە شوێنەواری کرماشان، لە تاقبۆستان تا وێرانەکانی قەسری شیرین، نێوی ئەوانی پێوەیە. هەمو ئەوانە نە تەنیا بۆتە هۆ کە حەماسەی ساسانیان لەنێو کوردانا، ڕێزی بۆ دابندرێ و پەرەی پێ بدرێ، بەڵکو ئەمەیشمان بۆ ڕون دەکاتەوە. بۆیێ پاڵەوانان و قارەمانانی شانامە لای کورد، ڕێزدارە، چونکا قافڵەسالارانی ئەم یا ئەو دەسە، کوردن و لە کورد بون. فەرهاد کاروانسالاری کەڵورەکانە و بارامی گور، قافڵەسالاری گۆرانەکانە. جا هەر لەبەر ئەوەیە کە هەورامانیەکان خۆیان لە زارۆکی ڕۆستەمی داستان و پیرانەکان خۆیان لە تیرە و تەباری (پیر) دەزانن. هەر بۆیێ شاخەیێ لە کوردان لە لار خۆیان بە زارۆی گورگین پاڵەوانی کوردی ئەرمەنی شانامە دەزانن. (بڕوانە ئی. ئە. ئەربیلی فیردەوسی، ئاکادیمی عولومی ئیتحادی شورەوی بەرو ١٩٣٦ ز ــ پەرەی ٢ و گ.ب.ئاکوپف. کوردی گۆران و بەردەنوسراوی بیفستان. ـ ڕێبیا ـ تازە، ژمارە ٢ شەشی ژانویەی ١٩٦٨ ز ــ و بەهەمەن کەریمی جوغرافیایموفەسەلیتاریخیغەربیئێران، تاران ١٣١٨ هەتاوی، مارف خەزنەدار،

Dr.Saleh Ebrahimi



بەشەرحێ کەم لە بابەت ئەدەبیاتی ئەمڕۆی کوردی، مەسکە و ١٩٦٧ پـەڕەی ١٥٦ ـ ١٦٠ و گ.ب. ئاکوپف هەندێ دوروێنەی مەسئەلەی پەیدا بونی کـورد، لـە ڕوی ئاگـاداری لـە داستانە کۆنەکانی ئێرانی "مەجموعەی ڕۆژهەڵاتناسی" ٢ پەڕەی٣٤٥.

308- E.B. Soan. Asou them kurdish Folksony in Kermanshahi. Dialect – JRAS, pt.1 , 1909, p.35-37.

ڕۆستەمخانی دونبولی مێژونوسی ناوداری کـورد، لـە سـەدەی نـۆزدەدا بـە شـانازیـەوە نوسیویەتی بابەتاهیر، چەکامە و غەزەلبێژی کوردە. (گەنجینەی نوسـخە خـەتیـەکانی فارسی، ماتانـاداران ژمـارەی ٦٢٢، وەرەقـی ٥٥). ک. هیـوئـار ـ لێکۆڵـەری شـوێنەواری بابەتاهیر عوریان، نوسیویەتی زمانی بابە تـاهیر لـە فارسـی جیایـە و بـە زمـان و زاراوەی کوردیـە و بەتایبەت لە هۆزی گۆران فرە نزیکە.

The Encic Lopedie of Islam.V.IV.London, 1920,p 611.

ڕۆستەمخانی دونبولی مێژونوسی ناوداری کورد، هەروەها لـە ئیـشاراتولمەزاهیبی خۆیـدا نوسیویەتی: لە ئا.د. پاپازیان چەن ساڵ پێش لە ماتاناداران، ئەم خەبەرە بە من گەیی کە ئەبوحەنیفە دینـەوەری کـورد، کتێبێکـی بـەناوی تـاریخی **شـەجەرەی کـورد**، نوسـیوە( گەنجینەی نوسخە خەتیەکانی ماتاناداران، ژمارەی سەبت ٦٢٢، وەرەقەکانی ٢١ ب، ٥١ و کتێبی گـۆران و مەسـەلەی کـورد لـە تورکیـە،گ.ب.ئـاکوپف هاکوپیـان تەرجەمـەی سیروس ئیزەدی چاپی هێرمەند، تاران ١٣٧٦ پـەڕەی ٩٤) ئـە.ل ویلچویـسکی لـە دوای و.ف مینورسکی دەڵێ: پیران( شێخانی) شاری نەهری پێوەندی بە ناوی نائیری کۆنـەوە هەیە (قسە و باس لە بابـەت ڕۆژهەڵاتـەوە، ژمـارەی ٢ پترۆگـراد، ١٩١٥ز پـەڕەی ٤٧٢ و شارێ بەناوی گیلان سەر بە کرماشان هەیە و شێخ عەبدولقادر گیلانی خواناسی نـاوداری سەدەکانی ناوەڕاسـت و بنیاتنـەری دەسـەی قادریـە کـە بنەماڵـەی پـیرانی دەسـگیری شەمزینان (ساداتی نەهری) وە هەم بنەماڵەی گەورەی گیلانی (جیلانی) بە سەرکردەگی ڕەشیدعالی جیلانی کە هۆزێ داراو دەوڵەمەندی گیلانی کرماشان بـوون، نـاودارە و لـەو گیلانەوە سەریان هەڵداوە و لەوەیشدەچێ ئەم (گیلان) ـە یادێ لە تیرە کۆنەکانی کورد

Dr.Saleh Ebrahimi



بێ - تیرەی گیل - هەیە . شەرەفخان بدلیسی هەرکاتێ یادی لە کوردانی گیل لە خۆراسان کردوە ئەوانەی بە کورد، زانیوە . بڕوانە:

Seyyid Abd – al-kadir cuilani, an grands aind de islam, 1079-1168 – grand figores orientales v, paris, 1938.

یانی تاروپۆی گیلانیەکان لە گیلانی کرماشانەوە بەرەو خۆراسان چون. حوسێن حوزنی کوردستان موکریان...، پەڕەی ١٣١ و شەرەفنامە ج ١ مەسکەو، ١٩٦٧ ز- پەڕەی ٣٧٠ بە نەقڵ لە کوردانی گۆران سەرچاوەی بەرو پەڕەی ٥٣).

یەکساڵ بەرلە زایین لە نێو فەرهادی پێنجەمی ئیمپەراتوری ئەشکانی و ڕۆم پەیمانێ گرێدرا. ئەرمەنستان و بەشێ زۆر لە کوردستانی ئەمڕۆ کەوتە بن دەس ڕۆم و سەخت بە گژ حوکومەتە ناوچەیەکانی ماد- دا چووەو هەمیشە شەڕ و هەڵلا و هۆریا ساز بووە. ئەردەشێری یەکەمی ساسانی کە لە ساڵی ٢٢٤ زایین ئیمپەراتۆری ڕۆم و ڕومیانی وەدەر نا و خۆی ئیمپەراتۆرێکی گەورەی لە جێی ئەشکانی دانا و ئەردەشێری ساسانی بەشێ فرەی لە کوردستانی ناوەندی دایە دەس خانەدانی "کاوس"بەلام حوکومەتی کاوس یا "کاوسکان"ی ماد لە سەروبەندی ساڵی ٣٨٠ ز- بە دەس ئەردەشێری دووەمی ساسانی هەڵوەشێنرا کە ئاخرین خانەدانی حاکمی ماد بووە.

ئایەتوڵڵا شێخ محەمەد مەردۆخ کوردستانی لە کتێبی تاریخی خۆیدا نوسیویەتی:« لە جەنگی والرین لەگەڵ شاپوری ساسانی لە ساڵی ٢٤٤ ز کوردەکان چونە هاوار و بانگی شاپور و بە گژ سپای ڕۆمدا چون و سەرداری سپای ڕۆم "والرین"یان کوشت.»

لە زەمانی ئەنۆشیرەوان‌دا کە بۆ جەنگ لەگەڵ ڕۆمیاندا چووە، (لازیکا) و لە پاشان بۆ شەڕ لەگەڵ قەومی خەزەر، لە کوردستانەوە ڕۆیشتووە و کوردەکان ڕیزیان لێگرتووە و پشتیوانیان لێکردوە. لە ساڵی ٦٢٤یشدا، کوردەکان لە شەڕی سپای قەیسەری ڕۆم چونەتە یارمەتی‌دانی ساسانیان و سپای قەیسەریان تێک شکاندووە. مادەکان کە باوەگەورە و دایەگەورەی کوردی ئەم سەردەمەن، هەم لە بەر ئەوەی هەرێمی زاگرۆس (زەگروتی)،ئارارات، تا تاروس کە چیا و بەرزو سەخت و چڕو کێفە، دوژمن و هێرشکاران

Dr.Saleh Ebrahimi



نەیان‌توانیوە لە کوردستاندا جێی بۆ خۆ گەرم بکەن و ماد و کورد، بە جەنگی چریکی و تایبەت بە خۆیان دژ و دوژمنانیان رەپێ ناوە و هەمیشە وەک پۆلا پتەو لە راست هێرشکاراندا راوەستاون و لە دەم و لمبۆزی دوژمنانیان سرەواندوە. ماد و کوردی ماد، لە سەرەتاوە ئایینی میهر یا میترایی‌یان بووە و لەپاشان چونەتە سەر دینی زەردەشت. دیارە ئایینی عیسا مەسیح. وەک لەنێو براو خوشکە ئەرمەنیەکان،لە نێو ماد وکورد، برەوێ فرەی نەسەندوە. پێویستە ئەمەیش بزانین کە بەر لە هەمو شتێ ئەمە دیارە کە سێ سەدە بەرلە زایین نەتەوە و هۆزگەلێ هەبون کە خێوی مەدەنیەت و ژیار بون و لە بەینەنەهرەین و زاگرۆسدا وارگەیان هەبووە و لە کۆنەوە لەوێ نیشتەجێ بون، کە لە راست هێرشی هۆزی سۆمێری، عیلامی، ئاشۆری، بابیلی و کەلدانی بەرگیریان لە خۆیان نیشان داوە و چون جێگاکەیان لەنێۆ چیا و چڕ و کێو و بەرزایی فرە هەڵدێر و سەختا بووە، دوژمن و هێرشکاران نەیان‌توانیوە خاک و نیشتمانیان داگیر بکەن و لەجێی ئەواندا، هێلانە بۆخۆیان خۆش بکەن. ئەوەیە، زاگرۆس نشینان و دەوروبەری ئەوێ کە ئەمانە بون، هەروا ماون و لەجێی باوباپیرانیان لەسەر ژیان بەردەوامن، هەر وەکو کاسای‌یەکان کە باپیرەگەورەی لوڕی ئێستاکەن، یا سیتایی، ئۆرارتۆ، لۆلۆ و ئانۆ بانینی پاشای گەلی لۆلۆ رەگەز و بنەچەکەی نەتەوەی کورد، کە بەر لە چوارهەزار ساڵە و کاک کەنعان موفتی بەڕێوەبەری بەڕێزی شوێنەواری هەولێر، دەڵێ: مێژووی نەتەوەی کورد، بۆ ٤٥ هەزار ساڵ بەرلە زایین، دەگەڕێتەوە. بڕواننە رۆژنامەی یەکگرتو هەینی ٢٠٠١/١٠/٥ز ـ ساڵی ٨ ژمارەی ٣٥٨ پەڕەی ٦ (شەپۆل) و... کە پێتەختی تەمەدونی نێو دوڕوان (بەینەنەهرەین) یان گرتە دەس خۆیان، چەندین سەدە لە جێگای ئەوان حوکومەتیان کردوە.

گزنفۆن سەردار و مێژوزانی یونانی چوار سەدساڵ بەرلە دایکبونی عیسا مەسیح، لە نوسراوەی خۆیدا لە نەتەوەیەک بەناوی کاردۆک یادی کردوە کە لەشکری دە هەزار سوارەی یۆنانی لە سەر رێگای گەڕانەوەی خۆیان لە ناوچەی حەکاری و لە شیوو دۆڵی زاخۆ لە هێرشێ بەو دە هەزار سوارەی یۆنانی، لە سەر زەوی‌یەک کە لەم رۆژگارەدا بە کوردستان ناودارە ، توشی کەند و کۆسپ کراون و لەو سەردەمەدا ئەو سەرزەوی‌یە بە

Dr.Saleh Ebrahimi



(بۆشان) ناو براوە و ئەمین زەکی و مینورسکی لایان وایە، بەرلە هاتنی ئارياييەکان، نەتەوەی کورد، لە خاکی کوردستانی ناوەندی‌دا نیشتەجێ بون و لە زومرەی تەمەدونی بەینەنەهرەین ژمێردراون و لە زمانی ئاشۆریدا کاردو(Kardu) بە واتای بەوزە و پڕهێز و پاڵەوانە، لە شوێنەوار و تەتەڵەکان، کە دوهەزار ساڵ بەر لە زایین بەجێماون، نیشان دەدەن کە سەرزەوی‌یەک بە ناوی کارداکا Kardaka لە باشوری دەریاچەی وان هەبووە و هەروا لە دوهەزار ساڵ بەرلە زایین، شوێنەوارێ کە لە ئاشۆر جێماوە قسە لە جەنگ‌لەگەڵ کورتی (Kurtı) دەکا. وە لە سەرەتای مێژو، هۆزەکانی زاگرۆس لەوێ ژیاون و ئەمانە بون: (لولو، گوتی، کاسای، سوبار و هوری) کە لەنێو دڵ و دەورنی سۆمری و ئاکادی و ئاشۆریدا کار و کردەوەی سیاسیان ئەنجام داوە. (بڕواننە ئەمین زەکی کوردوکوردستان تەرجەمەی دەفتەری تەحقیقات و بەررەسی سیاسی ئوستانداری ئازەربایجان غەربی، پەڕەی ٣٠ چاپی ١٣٦٤ هەتاوی. پیرنیا، دەڵێ: زمانی ماد، زمانی کوردی‌یە، کورد و ماد و پارس پێوەندی بەرفرەیان پێکەوە هەبووە. ماد لەنێو حوکومەتی هەخامەنشیان دەسەلاتێ بە وزەی هەبووە (پیرنیا موشیردەولە، ئێرانی باستان، تاران ١٣٣١، پەڕەی ٥٧)، هێری دۆت مێژوزانی یونانی نوسیویەتی: لە سەدەی نۆی بەر لە زایین، ماد لە ناوچەی زاگرۆس (زەگروتی) وارگە و نشینگەیان هەبووە و لە ساڵی ٧٢٧ بەرلە زایین بە بیر و هۆشی دیاکۆ لە هەگمەتانە ( ئیکباتان ) یا هەمەدانی ئەمرۆ (ئیمپەراتۆری مادی) ی دامەزراندوە . مینورسکی ماد و سیرتی بە باپیرەگەورەی کورد دەزانێ. ناوی خالیدی(Khaldı) و ئورارتۆ (Urartu) لە بەردە هەڵکەندراوەکاندا هاتوە کە لەلای دەریاچەی وان تا نێزیکی دەریاچەی ورمێ حوکومەتێ پڕهێزیان ساز داوە و تا سێ سەدە لەوێدا حوکومەتیان کردوە. ناوی ئەم هۆزە لەگەڵ کاردۆ- دا وەک یەک دەچن. (واسیلی نیکتین کورد و کوردستان تەرجەمەی محەمەد قازی بلاوکی نیلوفەر تاران ١٣٦٦ پەڕەی ٥٣ و رەشید یاسمی کورد و پەیوەستگەلی نیژادی و تاریخی ئەو، بلاۆکی ئاساری جاویدان پەڕەی ١٠٧). لۆلۆ (Lulu) لە سلێمانی و شارەزوری ئەمڕۆدا ژیاون و ١٩ سەدە بەرلە زایین لەگەڵ ئاشۆریدا تێکالاوی سیاسیان لەگەڵ یەکدا فرە زۆر بووە و هەندێ لە

Dr.Saleh Ebrahimi



فەرمانڕەوایانی سەدەی ١٨ و ١٩ بەر لە زایین لۆ لۆ بون. زۆربەی سەنعەتکارانی تەمەدونی ئاشۆری لۆلۆ بونو لە ماوەی ٢٥ تا ٢٠ سەدە بەرلە زایین هۆزەکانی گوتی لە خاکی سومێر، ئاکاد، دەسەلاتدار بون و لە سەدەی ١٣ی بەرلە زایین گوتی لەگەڵ ئاشۆریدا پێوەندی فرەیان هەبووە و لە تەتەڵەی ئاشۆریدا ناوی گوتی هەڵکەندراوە و ڕۆژهەلاتناسان واژەی (گوتی، کوتی، کاردۆ، کاداک، کورتیوی، سیری یا سیرتی و کاردیخۆیی) بە هاوڕیشە و ڕەگاژوی واژەی کورد- ی دەزانن (ئەمین زەکی، هەر ئەوێ) وە کارسای لە ناوچەی کرماشان و لوڕستانی ئێستا ، سەریان هەڵداوە . ( ئەمین زەکی سەرچاوەی بەرو، ڕەشید یاسەمی سەرچاوەی بەرو) کە ئەوانە بۆ ماوەی شەش سەدە بەوپەڕی هێزەوە لە بابیلدا حوکومەتیان کردوە. بە فەرمودەی ئەمین زەکی و ئایەتوللا مەردۆخ کوردستانی لوڕ و کاسای کورد بون و واسیلی نیکتین دوپاتە لەسەر ئەمە دەکا و دەڵێ: «**کورد لە بنەڕەتا لەسەر ئەم خاکە بون.**» و لەگەڵ خالیدی و گورجی و ئەرمەنی خزمن (کورد و کوردستان، نیکتین، هەر ئەوێ) و مانئایەکان باپیرەی ماد و ئازەربایجانی بون( پیرنیا، هەر ئەوێ) . کورد لە ماد- ە و پارسیش پس مامی مادە و لە زاگروس ژیاون و ئیمپەراتۆری مادیان لە ساڵی ٧٢٧ بەرلە زایین سازداوە (یاسەمی ڕەشیدف هەر ئەوێ) مەسعودی لە کتێبی تەنبیهـ و ئیشرافو مروجوزەهەب و تاج عەروسی خۆیدا لە روی مەتن و دەقی پەهلەویدا کورد، دەباتەوە سەر ئیسفەندیاری کوڕی مەنوچیهری پێشدادی (ڕەشید یاسەمی، هەر ئەوێ) هەندێ لە زانایان نوسیویانە کورد، کوردی مەرد (مارد) ە و مەرد و مرۆ و ماد و مەجوس و مر، باپیرەی کورد و لوڕن . ویلیام ئۆ داگلاس ئامریکایی دەڵێ:« کورد لە ریشە و نیژادی ماد‌ـە و زمانی کوردی و فارسی لە یەک ریشەن.(ویلیام. ئۆ. داگلاس، سەرزەوی شگفت ئەنگێز و مەردۆمی میهرەبان، تەرجەمەی فەرەیدون سەنجەیی، گۆتەنبێرگ، تاران ١٣٧٧ پەڕەی ٩٩). پرۆفسۆر ئێزەدی لێکۆلەری کوردی دانیشتوی ئەمریکا لە ساڵی ١٩٩٣ زاینی کە لە زانینگەی هاروارد بە سوخەنڕانی رایگەیاندوە و لە مامشەبەکەی ئینتێرنێتیشدا هاتووە و بە ئاشکرا دەڵێ« کورد توێژ و توێژاڵی جیاجیای فەرهەنگی و ژێنێتیکی پێک هاتووە کە بە درێژایی هەزاران ساڵ کۆچ و

Dr.Saleh Ebrahimi



واریدات و ئیبداعاتی فەرهەنگی بە سەریاندا سەپاوە و لەم نێوەدا، دەکرێ لە پێنج تۆێژ یا مەرحەلەی فەرهەنگی و کلتوری بە درێژایی مێژوی کۆنە و کەونارا، قسە بکەین: دەوری یەکەم دەوری (حەلەفی)یە، کە هەشتهەزار ساڵ بەر لەمڕۆ دەسی پێکراوە، مەبدەء و سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم کلتور و فەرهەنگە، قامیشلی کوردنشینی سوریەیە و پەی بردن بەم فەرهەنگە لە نوسراوەکانی سەر سواڵەتەکانی بەجێماوی ئەو رۆژگارە مەیسەر دەبێ. دوەمین دەورە کە لە ساڵی ٥٣٠٠بەرلە زایین دەست پێی دەکرێ کە بە دەورەی عەبید یا (پرۆتۆفۆرات Proto - Euphratıan ) دەخوێندرێتەوە. ئەم ناوە لە ناوچەیەکی عێراقدا کە لە هەڵکۆڵینەوەکانی کۆنەناسی پێوەندار بەم دەورە کە لەوێ ئەنجام دراوە، وەدەس هاتوە. ئەم دەورە کە لەگەڵ ئاسەواری دەورەی حەلەفیدا لێکدراوە بۆماوەی هەزار ساڵ لە کوردستاندا بەردەوام بووە. ئیحتمالەن هۆزی خالیدی لەم دەورەدا بون و شوێنێ زیادیان لەسەر فەرهەنگی کەونارای کوردستاندا هەبووە. دەورەی سێوەم، دەورەی هوریان(Hurrian) ـە سەرەتای ئەم تاقمە لە قەفقازدا بووە؛ کە بە کۆچکردن بۆلای باشور، لە چیا و کێفەکانی زاگرۆسدا جێگیر بون (کە لەوە دەچێ ئەم هوریانە کە لە قەفقازەوە هاتگن لە ریشەی ئاریایی بوون) ئورارتو Urartu و Guti و Kurti و ماناکان عێل و دەسەیێ بوون کە لە هوریان جیا بونەتەوە. لە ساڵی ٢٢٥٠ بەرلە زایین گوتییەکان دەسەڵاتی پیرۆزیان لە ناوچەی سۆمێریاندا بە دەس هێناوە و بۆ ماوەی ١٣٠ ساڵ حوکومەتیان کردوە. لەوە دەچێ لەنێوەڕاستی هەزارەی دوەمی بەرلە زایین نەتەوەی کورد و کوردستان، لە بن تەوژمی حاکمیەتی ژیاری هوریاندا یەکیان گرتبێ و موتەحید بوبن. شوێنی ئەم ژیارە تەنانەت لە داب و دەستور و فەرهەنگ و کلتوری ئەمرۆژانەی نەتەوەی کورد فرە بنەڕەتی و ئاساییە. **چوارەمین دەورە،** دەورەی ئاریائیانە کە لە ٢٠٠٠ ساڵ بەر لە زایین هۆزەکانی ئاریایی رەگەز هێتیتیHittit و میتانی Mittani لە پێدەشت و نەرمایەکانی ماداوا و ئێران و ناوچەی سیند وێنە قارەی هێند لە دەوەرو پشت و لەنێو چیا و کێفەکانی زاگرۆسدا جێگیر بوگن. کۆچ و کۆچباری ئەم هۆزو تایفانە تا ساڵی ١٨٥٠ی بەرلە زایین درێژەی هەبووە و شوێنی فرەی لەسەر فەرهەنگ و

Dr.Saleh Ebrahimi



ئابوری نەتەوەی چیاو کێفنشینەکانی زاگرۆس و پێدەشتەکانی دەوروبەری ئەم زنجیرە کێوانە بەجێ هێشتووە. ئەرمەنی - ماد و پارس لەو ماوەدا فەرهەنگی هۆریانیان لەنێو بردووە و لە مەڵبەندی کوردستاندا جێگیر بون. لە روانگای ئەو لێکۆڵەرە پرزانا کوردە، چونی ئاریایەکان بۆ سەر کوردستان، هەر وەکو هوجومی تورکەکان لە زەمانی پێک هاتنی ئیمپەراتۆری عوسمانیدا، زیانێ فرە سەخت و قورسی لە ئاداب و روسوم و کلتور و فەرهەنگی نەتەوەی کورد داوە و فرە شتی لە کورد وندا کردوە. دیارە ئاریائیانیش بەش بە حاڵی خۆیان لەسەر فەرهەنگی نەتەوەی کورد لە بەننایی و میعماری‌یەوە بیگرە تا زمان و ئایین و ئۆل و ئەو خودایەی عیبادەتیان بۆ کردوە، شوێنیان داناوە و دەسیان وەشاندوە.

دیارە شوێنی کلتوری هۆریانیش هەر وەکو جەنگی پارتی‌زانی و چریکی لەنێو نەتەوەی کورد، تا ئەمرۆیش هەر ماوە و لەبەر چاوە. ئیگلتۆن لە کتێبی کۆماری ١٩٤٦ی زایینی کوردستاندا ڕایگەیاندوە: ئەوانەی بەدوای دۆزینەوەی واژەی نەتەوەی کورددا، هەروەکو لێکۆڵەرانی کورد، لایان وایە لە نەخشی بەردی بابلیاندا وێنەی کەسانێ کە زیاد بینراون کە لە حاڵی ئیتاعەت کردندان لە کورد و فەرمانبەری لە کورد، دەکەن و باوەڕیان وایە کە کۆرش بە یارمەتی سوارەی کورد، کە خۆیشی هەرلە رەگەزی کوردە، توانیویەتی بابیل داگیر بکا و نەتەوەی کورد بە ڕیشە و ڕەسەن دەچێتەوە سەر نەتەوەی ماد. کەسانێ کە لەگەڵ کورد ژیابن ڕایانگەیاندوە کە فرە بە ئاسانی دەتوانین کوردێ لە فارسێ یا عەرەبێ یا ئەمریکایێ یا تورکێک تەشخیس بدەین و لێکیان جیا بکەینەوە. هەرچەند ئەو کوردەش جلک و لیباس و سیپاڵی کوردی لەبەرا نەبێ. دیارە نەتەوەی کوردیش هەروەکو گشت خەڵکی دنیا لە دەرو جیران و ئەو هۆزانەی هێرشیان کردۆتە سەر کورد و لەگەڵ کورد بەشەڕ هاتون، شوێنیان وەرگرتووە و ئاسەواریان لەسەر نەتەوەی کورد، بەجێماوە. (بروانە کوردەکان و قودرەتی ناوچەیی ج ١ عێراق، عەلیزادە شێخ‌عەتتار،چاپی ئەوەڵ‌جۆزەردانی ١٣٨٢ هەتاوی تاران،پەڕەی ٣١ تا ٢٣.)

Dr.Saleh Ebrahimi



## دەوڵەتی بابان

دامەزرێنەری حوکومەتی بابان سلێمان پاشای بەبە ـ بابان بووە. ئەم میر و پاشا کوردە، لە سەرەتای پێکهاتنی عوسمانی لەبەر ئازایی و شیاوی و بوێری و بەهۆی ئەو خزمەتانە کە لە جەنگی عوسمانی لەگەڵ مەسیحیانی رومی شەرقی، لەخۆی نیشانی داوە، لەلایەن سوڵتانی وەختی عوسمانی، یارمەتی درا و بووە حاکم و فەرمانڕەوای بەشێ لە خاکی کوردستان. سلێمان پاشا فرە بەپەلە پەرەی بە سەرزەوی بن فەرمانی خۆی داوە. لە ساڵی ٩٧٩ی مانگی سلێمان پاشا رەسمەن بەناوی یەکێ لە حوکومەتەکانی مەڵبەندی عوسمانی ناسراوە یا لە ساڵی ١١١١مانگی یا ١١١٥، بۆتە حاکم و تا سێ سەدە دەسەلات و حوکومەتی بابان بەردەوام بووە. بابان: باوان: ماڵی دایک و باوک، مەڵبەند و هۆزێک لە شارەزور و ئەردەڵان، بنەماڵەیەکی پاشایی کورد بووە کە لەم دواییەدا لە شاری سلێمانی و خاکی شارەزوردا کە لە بەرەی فەقێ ئەحمەد دارەشیمانە و بە ڕەگەز موکریانین و باپیرەگەورەی ئەوان کە بداغ سوڵتانە و ئارامگەکەی لەنێو گومەزێکدا لە باشووری شاری مەهابادە (بڕوانە فەرهەنگی کوردستان، گیوی موکریان، چاپی یەکەم، ساڵی ١٩٩٩ز، ئاراس، هەولێر).

مەلاعومەر رەنجوری دەڵێ: سلێمانپاشای بابان دوەم کوڕی خالیدپاشای بابان، ساڵی ١١٧٨ مانگی و ١٧٦٤ ـ١٧٦٥ ز ـ بە دەس فەقێ برایم نەوەی عومەراغای بلباس کوژراوە بە تۆڵەی باپیری کە بە دەس سلێمان پاشای بابان لە قەڵاچوالان کوژراوە و عەللامە مەلاعەبدوڵڵای بێتوشی لە پشت کتێبی بهجەی مەرزیە، نوسراوی خۆی بە دەس خۆی، نوسیویەتی لە ١١٧٨ مانگی سلێمان پاشای بابان بە دەس فەقێ برایم ناوێ کوژراوە.

خاک و سەرزەوی بن دەسەڵاتی حوکومەتی بابان مەڵبەندێ لە کوردستانی باشوری ئێستا بووە، کە سلێمانی و شارەزور و ...گرتۆتە بەر. لە زەمانی شاتۆماسبی سەفەوی کوردزادە، میری بابان بەناوی سلێمانپاشا، توانی بەشێ لە سەرزەوی بن دەسەڵاتی ئەردەڵان بەدەس بێنێ، بەڵام کوڕ و جێنشینی ئەو بەناوی سەلیم پاشای بابان لەگەڵ

Dr.Saleh Ebrahimi



سلێمان‌پاشای سەفەوی دۆستی ساز دا، چونکا لەو زەمانەدا لەبەر کز و کەنەفتی عوسمانی، لە دەرباری عوسمانی خۆی کێشا دواوە و لەگەڵ سەفەویدا دۆستی دامەزراند.
هەندێ لە میرانی بابان لەبەر دەرگیری لەگەڵ رەقیبانی هاوتایەفەی خۆیان، هەر کاتێ لە یارمەتی‌دانی عوسمانی بێ‌هیوا دەبون، لە پاشایانی ئێرانی کۆمەگیان دەویست. تەنانەت لەدەورانی تورکەمەنی قاجار کە لە ئێران پاشا بون ئەورەحمان پاشای بابان هەر دو ساڵ یەکجار، لە تاران دەچووە دیداری شا، تا دۆستی و وەفاداری خۆی بە شای قاجار لە ئێران نیشان بداو مەحمود پاشای کوڕی ئەورەحمان پاشای بابانیش لە تەک شازادەکانی قاجاردا پێوەندی توند و تۆڵی هەبووە. بۆ وێنە فرە دۆستایەتی لەگەڵ عەباس میرزا، حاکمی کرماشان‌دا هەبووە. دەڵێن مەحمودپاشای بابان لەسەر مەشوەرەتی حاکمی کرماشان کە لە تورکەمەنی قاجار بووە، هێرشی کردە سەر بەغا و دوای لەناوبردنی حاکمی بەغا ، مرۆڤی دەس‌نیشانی خۆی لەوێ داناوە. عەبباس میرزای قاجار فرە لە بابانەکان نێزیک بووە و لە دەمەقرەی خانەوادەیی بابانەکاندا خۆی تێ‌هەڵقورتاندوە و ئەمیرانی بابان، فرە بە قسەی عەبباس میرزا هەستاون و دانیشتون و لە کاتی گیرو گرفتا، دەچونە وڵاتی ئێران. لەملاشەوە حوکومەتی عوسمانی فرە دەکۆشا تا دڵی پاشا بابانەکان رابگرن و ئۆگر بە خۆیانی بکەن و تەنانەت ئەونە فرە بە ئەحمەدپاشای بابان کۆمەگیان کردوە تا بووەتە حاکمی حیجاز و یەمەن. بەڵام بەداخەوە حاکمانی بابان کە ناخۆشی و دوبەرەکایەتی و چەند بەرەکایەتی کەوتە نێوانیان هەروەکو خۆرە، خۆرەیان گرت و سەرەنجام تورکی عوسمانی دەرەتانی بۆ هەڵکەوت و لە ساڵی ١٢٦٠ مانگی پیاوی خۆی لە جێی دانان و دوایی بە دەسەڵاتی بابان هێنا.
بابان ناوی یەکێ لە بنەماڵە گەورەکانی حوکومەتی کوردە کە لە سەدەی ١١ی مانگی بۆ ماوەی ٢٠٠ ساڵ لە بن چاوەدێری حوکومەتی عوسمانی (والی بەغا) یا ئێران، بەوێنەی خودموختار و جار بەجاریش نیوە سەربەخۆ بە سەر بەشێ لە کوردستانی باشوردا فەرمانڕەواییان کردوە. (هیدایەت ٤١٣/٩؛ ئەبولحەسەن موستەفەوی، ٤٥٤، مونشی بەغدادی، ٥٩)

Dr.Saleh Ebrahimi



ناوی ئەم بنەماڵە مەزنە (بەبە یـا بابـان) بـووە (محەمـەد کـازم، ٢٧٧، ئوسـتورابادی، ٢٠، ئێرانیکـا٣٥٧/ ١١١، ئیدمۆنـدز ٦٥، کۆبـە) گـەورەکان و حاکمـانی کـوردی بابـان ئـەم شۆرەتەیان لە هۆزی پڕژمار و پڕحەشیمەت و پڕ هێزی بابان بەدەس هێناوە.
(بدلیسی، ٣٤) زۆربەی لێکۆڵەران ئەم ناوە ئەدەنە پاڵ بەبە یا بابـان سـلێمان سـەرۆک و دامەزرێنەری ئەم بنەماڵە ناودارە کە **دەوڵەتی کوردی ساز داوە**.
(نیکتین ٣٥٣).

**پێشینە**: ئەسڵ و نەسەبی بابانەکان بەڕاستی و دروستی رون نەکراوەتەوە. هەندێ ئـەوان دەبەنەوە سەر هۆزی بەنیخالید و هۆزی نورەدینی کە لە رەگژیدا لەگەڵ هـۆزی پـشدەر (پژدەر) و (بڵباس) هــ.م ـ یەکدەگرنـەوە (عـەزاوی عەشـایر... ، ١٠٠/٢ دەفتـەر، ٣٣١) هەندێتر لە سەر بنەڕەتی شەرەفنامەی بدلیسی بابان بـە جـێنـشینی هـۆزی گـەورە و رەسەنی سۆران، دەزانن (نیکتین، ئێرانیکا، هەر ئەوێ). بدلیسی کە ناوی حاکمانی بابـان دەبا، ئەوان بەناوی حاکمانی پڕهێز و پڕ حەشـیمەت و پـڕژماری کوردسـتان، نـاو دەبـا و یادیان لێدەکا و دەنوسێ: پیر بوداغ بەبەیی لە سەرکردە و سەرۆکە مـەزن و ناودارەکـانی خانەدانی بابانە کە حوکومەتی شارەزور و ئەو دەورەی بە دەس بووە و دوای پیر بـوداغ و برازاکەی ئیتر حوکومەتی بابان نەما و تەنیا ناویان بەسەر زارانەوە ما. (پەڕەی ٣٦٢ـ ٣٦٣، و هەروا بڕوانە عەزاوی هەر ئەوێ ٩٨/٢). لـەم رووەوە نـاتوانرێ بابانـەکانی ئێـستا لەگـەڵ بابانەکانی رۆژگاری عوسمانی پێوەند بدرێ. زۆربەی مێژوزانان و لێکۆڵـەران لەسـەر ئـەم باوەڕەن کە فەقێ ئەحمەد داریشمانە، باپیرەگـەورەی بابـان لـە دەورەی عوسمـانیدایـە (هەر ئەوە ٩٨/٢ ـ ٩٩، جەودەت ٣٤٣/١، ئیدموندز٢٣٩، ئیبراهیمی شەپۆل زانایانی کـورد ج ٢ پەڕەی ١٩٣ تا ١٨٢، چاپی ١٣٧٩ هەتاوی تاران) و لە رەگاژوی سەرکردەکانی هۆزی پژدەر بووە. کە لە هەرێمی شارباژێڕ (سلێمانی ئێستا) دەژیان. شاری سلێمانی لـە سالـی ١٧٨٤ ز و ١١٩٩ مانگی ساز دراوە محەمەد ئەمین زەکی : تاریخی سلێمانی پەڕەی ٩٥ ( دوڕە، ٧٦، جەودەت هەر ئەوێ) فەقێی ئەحمەد مرۆڤێکی ئازا، بوێر و نەترس و زانا و لـە کارزان بووە. لە سەر بنەڕەتی ئەفسانەیەک نوسراوە کە فەقێ ئەحمەد لە جەنگی تەن بە

Dr.Saleh Ebrahimi



تەندا توانیویەتی کچی ئیمپەراتۆری فەرانکها لە کۆی زین بهێنێتـە خـوارێ و یەخـسیری بکا (ئێدمۆندز هەر ئـەوێ، ئیبراهیمـی شـەپۆل هـەر ئـەوێ.) جـا دوای فـەقێ ئەحمـەد کورەکەی بەناوی ماوەند (ماودو) لە شارباژێڕ و دەوروبەریدا هێز و هەیبـەت و دەسـەڵاتێ فرە پڕوزەی چاک و باشی بە دەس هێناوە (دوڕە ٧٧، جەودەت هەرئەوێ، عەزاوێ هەر ئەوێ، ٩٩/٢) کوڕی ماوەند، نەوەی فەقێ ئەحمەد، سلێمان‌بەگ نـاودار بـە ببـە سـلێمان (بابا سلێمان لـە نیـوەی دوومـی سـەدەی ١١ی مـانگی‌دا لـە شـارباژێڕ بـەردی بناغـەی حوکومەتی بابانی داناوە و دەوڵەتی بابانی دامەزراندوە. (دوڕە هەر ئەوێ، زەکی ١٩٨/١)

**حوکمڕانی بابان:** سەرۆکایەتی کردنی حوکومەت لەنێو ئەم بنەماڵـە مەزنـەدا بـە وێنـەی میراتگری بووە، بەڵام ئەو شێوە حوکومـەت کردنـە تایبـەت بـە یـەک خانـەدان نـەبووە. بنەماڵەی وەکو عەزیزاغا، ساحێبقران، ئەحمەداغا و شێخەکانی بەرزنجی، هەر یەکـە لـەو خانەدانانە خاوەنی هێز و دەسەڵات بوون.

لە بابەت تەرتیبی فەرمانڕەوایی و زەنجیرەی ڕەچەڵـەک و نەسـەبی حاکمـانی بابـان بـە وردی ڕون نەکراوەتەوە و جێی بـیروڕای جیاجیایـە. جـا لەبـەر ئیختـیلافی نێوخـۆیی و ڕەخنـە کـردنی نـامۆ و بێگانـە لـەنێو بنەماڵـەی بابانـدا، زۆربـەی دەورانی حوکومـەتی حوکمڕانانی بابان کوتو پچڕ بووە و حوکومەتەکەیان پێوە لکـاو، نـەبووە. (ئێدمۆنـدز ٦٥، ٦٨ ـ ٦٩) جا هەرلەم بارو بابەتەوە، شوێن دەسەڵاتی حوکمڕانانی بابان جـار بـەجارە فـرە پەرەدار و وەسیع بووە و جارجاریش بەرتەسک و مەحدود بووە. (عەزاوی، هەر ئەوێ)

سلێمان بەگ دامەزرێنەری حوکومەتی بابان، لە (١٨٠ مانگی و ١٦٦٩ ز، گرەچـەوالان یـا قەڵاچوالان ـ ی لە شارەزوردا کردویەتە پاتەخت و ناوەندی حوکمڕانی خۆی (جـەودەت، عەزاوی هەرئەوێ، ئێدمۆندز ٦٦، هیدایەت هەر ئەوێ، ڕیاحی ٢٣٩) . ئەم شارە تا سازدان و دامەزراندنی شاری سلێمانی (ئێستا) لە ١١٩٥ مانگی و ١٧٨١ زاینی، ناوەند و پێتەختی بابان بووە. (ئێدمۆندز هەرئەوێ ). سلێمان بەگ کە مرۆڤێکی بوێر و ئاقڵ و بە مشور بووە، بە پشتیوانی و فەرمانی حوکومەتی عوسمانی پەرەی بـە وزە و هێـز و دەسـەڵاتی خـۆی داوە. (نیکتین ٣٥٢ ـ ٣٥٣) . لە ئاکامدا شارباژێڕ و شارەزور و ناوچەکانی ئەو دەورەی

Dr.Saleh Ebrahimi



خستە بن فەرمانی خۆی و فەرمانڕەوایی بابانی رەواندەوە و پەرەیێ فرەی پێدا. (مەردۆخ کوردستانی ٢/ ٣٩) (دورە، هەر ئەوێ). سلێمان بەگ بۆ زیاتر پەرەدان بە دەسەلات و خاکی بندەس خۆی بە سپایێ بەرفرە هێرشی بردە سەر وەزیری عوسمانی لە شاری بەغا و شکستێ سەختی بەو دا، جا لە دواییدا لە ١١٠٥ مانگیو ١٦٩٤ ز ـ و لە سەرەتای پاشایی شا حسێن سەفەوی کورد، زادە، بۆ ئەوەی ئەردەلان (کوردستانی چکۆلە کراوی لکاو بە ئێرانەوە) بهێنێتە بن دەسەلاتی خۆی، سپای پێشمەرگەی خۆی بەرەو ئەو ڕەخە برد و هەورامان و مەریوان و سەقزی هێنایە بن دەسەلاتی خۆی ( سەنەندجی ٥٩ ـ٦١) . سەرەنجام شەڕوانانی حوکومەتی ئێران، هێرشیان بردە سەر بابان و تێکیان شکاند و بە پاشەکشە پێکردن بەرەو رۆم و قوستەنتەنیە، ڕاویان‌نان. حوکومەتی عوسمانی بە سلێمان‌بەگ و حاکمەکانی دیکەی بابان، نازناوی پاشایان پێدا بون و پشتیوانیان لە بابانەکان دەکرد (بەلام نەک بە راستی، هەر ئەوەندە کە بتوانن ملۆزم بن بۆ دەسەلاتدارانی ئێران. (شەپۆل) ).

بابانەکان لە بەرانبەری ئەوەی کە لە باژ و خەراجدان بە عوسمانی تەرخان کرابون، ناچار بون لە جەنگی عوسمانی بەدژی حاکمان لە ئێران چ لە بابەت هێزی جەنگاوەران و چ لە باری دابین کردنی ئازوخە و کەرەستەی پێی‌بژیو یارمەتی و هاوکاری لەگەل حوکومەتی عوسمانیدا بکەن، کە لە عێراقدا بون. (نیکتین هەر ئەوێ). جا دوای مردنی سلێمان‌بەگ پاشا، لە نێوان کوڕانی ئەودا لە سەر بەدەس گرتنی دەسەلات جیایی و دەرگیری کەوتە نێویان و لە ئاکامدا ئەمیرنشینی بابان بە دەستی زەنگی‌یەکان و هۆزی دیکە، بەش بەش بون. دوای ماوەیەک **بەکر بەگ یەکێ لە کوڕانی سلێمان پاشا،** توانی هێز و دەسەلات بە دەس بێنێ و هەروەکو سلێمان‌پاشای باوکی بە خاک و هێزی خۆی پەرە پێی‌بدا کە سەرەنجام بەکر بەگی کوڕی سلێمان‌پاشای بابان توانی ناوچەکانی نێوان دو چەمی سیروان و زێی، زێی گچکە و هیزاب تا کێو و چیا بەرز و تەرزەکانی هەورامان بگرێ و بیهێنێتە بن دەسەلاتی خۆی. (دورە، هەر ئەوێ) بەکربەگ کوڕی سلێمان بەبە لە سالی ١٧١٦ز ـ بەدژی بەغا راپەڕیوەو کوژراوە(پەڕەی ١٦٩زیرزەمین زەکی و سەلیم پاشا کوڕی

Dr.Saleh Ebrahimi



بەکربەگ لە ١١٥٦ی مانگی لە لایەن نادرشای هەوشاری کوردی قەزحلو، کراوەتە حاکمی قەلاچوالان.بەو حاڵەشەوە هەر لەم دەورەدا بەڕێوەبردن و گەڕاندنی حوکومەتی بابان شل و ول و نامونەزەم و لەرزۆک بووە.( E12 . ١/٨٤٥)
حاکمانی عوسمانی لە بەغا رۆژ بۆ رۆژ فرەتر دەسیان لە کاروباری کەرکوک و سلێمانی وەردەدا و خەڵکیان تەنگەتاو دەکرد کە ئەو دەس‌تێوەردانەی عوسمانی لە سەرەتای سەدەی ١٢ی مانگی و ١٨ ز ـ دەسی پێکرا بو،کەم کەمە هێز و دەسەلاتداری سەرکردەکانی بابان و هۆزە کوردەکان لە کەم و کوڕی‌دا و برستیان لێبڕا و لە ١١٢٧ مانگی و ١٧١٥ ز ـ تورکانی عوسمانی، دوای ئەوەی **کوردەکانی هۆزی بلباسیان وەحشیانە سەرکوت کرد** کە لە ناوچەی هەولێردا نیشتەجێی بون، بە هێرشێ فرە دڕندانە هەڵیان‌کوتایە سەر بابانەکان بەو بیانووە کە دەیانەوێ پەرە بە دەسەلاتی خۆیان بدەن.
**بەکر بەگ** کە بەدژی حوکومەتی عوسمانی لە بەغا، جموجوڵی ساز دابو و لە یەکێ لەو بزاواندا کوژرا و قەڵەمڕەوی حوکومەتی بابان، کەوتە بن دەس خانەپاشا (خانەک) یەکێ لە شازادەکانی بابان کە عوسمانیەکان پشتیوانی بوون. خانە پاشا بە والی عوسمانی لە بەغا کە شەڕی بە ئێرانیان دەفرۆشت، فرە کۆمەگی کرد. ٠دوڕە و هەروا E12 هەر ئەوێ). لەو سەردەمەیدا کە ئێران کەوتە بن دەسی ئەفغانەکان (ساڵی سێوەمی پاشایەتی ئەشرەفی ئەفغان) ئەحمەد پاشا تورکی عوسمانی والی بەغا بە سپایێ گەورە و بە داخاز و بە پشتیوانی کردن لە سوڵتان حسێن سەفەوی، بە هاوکاری خانە پاشا حاکمی بابان‌و ئەوڕەحمان پاشای حاکمی هەمەدان و قەرا مستەفا پاشای حاکمی موسڵ، هێرشیان کردە سەر ئەشەرەف ئەفغان و لەگەڵیدا بەشەڕ هاتن (ئوستورابادی، ٢٠). دوای خانە پاشا والی عوسمانی لە بەغا هەر لەو ساڵەدا خالید پاشا (خالیدی یەکەم)ی لە جێی ئەو دانا (ئێدمۆندز هەر ئەوێ). خالید لە ١٩٢٧ تا حودودی ساڵی ١١٥٨ مانگی حوکمڕانی وڵاتی بابان بوو. کوڕی خالید پاشا بە نێوی سلێمان پاشای دوەم حوکومەتی بابانی گرتە دەس. (زامباور، ٣٩٨، هەروا بڕوانە نەوار، ٣٦٣). هەر لەو رۆژگارەدا و لە ١١٦٦ مانگی و ١٧٥٣ ز ـ دا ، سەلیم پاشای بابان بە یارمەتی دانی ئازاد خانی ئەفغان توانی دەس بە سەر سنە

Dr.Saleh Ebrahimi



(کوردستانی لکاو بە ئێرانەوە) بگرێ (سەنەندجی ١٠٣). سلێمان پاشا لە ١١٧١ مانگی گەڕاوەتەوە سەر حوکومەت کردن و تا ساڵی ١١٧٧ مانگی کە کوژراوە، بە سەر ناوچەکانی باباندا حوکومەتی کردوە. (زامباور، هەر ئەوێ کۆبە). دوای مردنی ئەبی‌لەیلە، والی بەغا، سلێمان پاشای بابان بە سپایێ گەورەوە بەرەو بەغا کەوتە ڕێی و لە نێزیک کوفری، جەنگێ بێ‌ئاکام لەنێو سلێمان پاشا و شەڕوانانی بەغا، ڕوی دا. بەو حاڵەشەوە سلێمان پاشای بابان تا دوا هەناسەی ژیان حاکمی پڕدەسەڵاتی سەربەخۆی بابان بوو. (زەکی ١/ ٢١٧). جا دوای وەفات کردنی سلێمان پاشای بابان و دوابەدوای کێشە کێشێکی فرە و سەخت و دەس بە دەس کردنی هێز و دەسەڵات لەنێوان حوکمڕانانی باباندا کە ئەغڵەب لایەنگری عوسمانی و هەندێکیشیان وەکو سەلیم بەگ لایەنگری ئێران بوون. (جەودەت،٣٤٣/١. عەزاوی، تاریخ ... ٢٧٩/٥). سەرەنجام ئیبراهیم پاشا کوڕی ئەحمەد پاشا لە ١١٩٧ مانگی و ١٧٨٣ ز گەیشتە دەسەڵات. (جەودەت ٣٤٤/١. هەروا بڕواننە زامباور، هەر ئەوێ ، کۆبەی ٤٧). ئیبراهیم پاشا لە ١٢٠٩ مانگی ناوەند و پێتەختی حوکومەتی بابانی لە قەڵاچوالانەوە بردە گوندی مەڵکەندێ بۆ ئەو لای زنجیرە کێوی ئەزمەڕ و لەوێ شارۆلکەیەکی تازە و جوانی ساز دا و ئاوەدانی کردەوە و بەناوی باپیری یانی بە ناوی سلێمان پاشای بابان یا بەناوی کوڕی خۆی کە سلێمان/ی ناو بوو، ئەو شار و ناوەندەی پێتەختی تازەی خوی بە سلێمانی ناو نا و ئێستا سلێمانی یەکێ لە شارە ناودارەکانی کوردستانی باشوری‌یە. (ئێدمۆندز و هەروا E12، هەر ئەوێ. بابانی ١٠٣. نیکتین ٣٥٣).

سەرزەوی و خاکی بن فەرمانڕەوایانی بابانیەکان لە پان و بەرین‌ترین شکل و بیچمی خۆیدا، ئەم ناوچانە بوون: کۆیێ و بانە لە باکور و کوفری و گرەتەپە، لە باشور و لەلای باشورەوە تا مەندەلی و بەدرە. (ئێدمۆندز، ٦٧).

ئەوڕەحمان پاشا یەکێ‌ترە لە حوکمڕانانی بابان، کە دوای ئەوەی دەسەڵاتی پەیدا کرد، فرەتر خەریکی جەنگ بو لەگەڵ عەلی‌پاشای وەزیری عوسمانی والی بەغا، تا بتوانێ دەسەڵاتی خۆی بپارێزێ. (هیدایەت ٤١٣/٩). **لە دەورانی فەرمانڕەوایی ئەوڕەحمان پاشا**

Dr.Saleh Ebrahimi



(١٢٠٤ ـ ١٢٢٧مانگی) **کە هاوزەمـان بـو لەگـەڵ سـەربەخۆیی و خودموختـاری کامـڵی بابانەکان و تەنانەت بە سەربەخۆی کوردەکان دانراوە** (ئێدمۆندز هەر ئەویٚ). لەم دەورانەدا بابانەکان ئۆگری ئێـران بـوون. ئیعتیزائوسەڵـتەنە، ١١٢ ـ١١٣). بـەڵام دوای ئـەوڕەحمان پاشای بابان، حوکومەتی خودموختاری بابـان کـەمکـەم لـە کـزی دا و تـا دوابـڕانی ئـەو خانەدانە گەورە، حوکومەت کردن لە نێو کـوڕانی ئـەوڕەحمانپاشـا مـەحمود و سـلێمان پاشای سێوەم) و کوڕانی سـلێمان پاشـا (ئەحمـەد و عەبدولـڵا) دەس بـە دەس دەگـەڕا (زامباور ٣٩٨. ئێدمۆندز ٦٦ ـ ٦٧).

ئێدمۆندز بە نەقڵ لە سەیاحێکەوە کـە لـە ١٨٣٠ ز ـ و لـە دەورەی حوکمـڕانی سـلێمان پاشای سێوەم(١٢٤٨ ـ ١٢٥٥ مانگی) سەفەری بۆ نێو سەرزەوی حوکمڕانانی بابان کردبـو، دەنوسیٚ« **حوکمڕانانی بابان تابیعی هیچکام لە حوکومەتی عوسمـانی و ئێـران نـەبووە** و هەروا بە نەقڵ لە دنیاگەڕێکی دیکەوە، قسە لە دەسەڵاتی حوکومەتی ئێران دەکا کە لەنێو دەرباری بابانەکاندا هەیبووە، ریچیش لە راپۆرتێکدا لە روداوەکانی دەرباری مەحمودپاشـا کوڕی ئەوڕەحمانپاشاو دەسیسە و دەسیسەبازی کەسایەتیەکانی حوکومەتی و جیـاوازی خوازی بنەماڵەیی و هەروا لە داب و دەستور و گاڵتە و کایە و وەرزش و ڕمبازێن و سواری و رمبازی جەنگی کە لەنێو بابانەکاندا باوە و برەویان هەبووە، قسەی کـردوەو نوسـیویەتی: دنیاگەڕانیٚتر کەسانیٚ وەکو فریزێر لە ١٢٥٠ مانگی و ١٨٣٤ز ـ نوسیویەتی کە حوکومەتی چکۆلـەی سـلێمانی توشـی کەنـد و کۆسـبی نالـەبار بـووە (هـەر ئـەویٚ ٦٧ و ٦٨). مەحمودپاشای بابان لە دو دەورەی فەرمانڕەوایی خۆیدا بە پێچەوانـەی بـاوکی، پـەیمانی خۆی لەگەڵ ئێران پساند و پشتیوانی لە حوکومەتی عوسمانی کرد، بەڵام لـەو وەختەیـدا کە دەسی بە سەر موسڵدا گرت، خۆی لە حوکومەتی ئێران نێزیک کـردەوە. (کرکـوکلی، ٢٨٢ ـ٢٨٣. ئیعتیزائوستەڵـتەنە ١٤٢ـ ١٤٣ و ٣٨٣). دیـارە سیاسـەتی دەستێـوەردانی بەریتانیایش لەنێو بابانەکانـدا، بـیٚنـەخش نـەبووە، بابانـەکـان دەکۆشـان تـا لـە رێگـای راولێنسۆن سەرکونسولی بەریتانیا کـە لـە بـەغا بـووە، بـەجۆریٚ دەسـەڵاتی حوکومـەتی عوسمانی لەسەر خۆیان کەم بکەنەوە. بەریتانیا لە لایەکەوە بەدوای تەقویەت و سابت

Dr.Saleh Ebrahimi



ڕاگرتنی حوکومەتی سەربەخۆ وخودموختاری بابانەوە بوو، لە لایـەکی دیکـەوە خـەریکی ئاژاوەنانەوە و بەشەڕدانی دو حوکومەتی ئێران و عوسمانیەوە بوو، تا بتوانێ قازانجی خۆی زیاتر دابین بکا (دوڕە ٦٩). ئەو دنەدان و ئاژاوە نانەوانـە بـەردەوام بـوو تـا سـەرەنجام دو حوکومەتی ئێران و عوسمانی بۆ دوایی هێنان بە دژایەتی کردنی خۆیان لەسەر سـنور لـە ١٢٣٩ مانگی ١٨٢٤ زاینی لەگەڵ یەک پێک هاتن و حوکومـەتی ئێـران لـە دەس‌وەردان لەودیوی سنور چاوپۆشی کرد. لە جەنگ لەنێوان ئەحمەدپاشا و نەجیب پاشا لـە نێزیکـی کۆیێ لە ١٨٤٧ز ـ باوەکو بابانەکان سەخت تێوەچبون و هوزی هەمەوەنـدیش پـشتیوانی لەوان دەکرد، بەڵام سەرەنجام ئەحمەد پاشا تێکشکا و عەبدوڵلا حاکمی دەس نیشانی عوسمانی لە سلێمانی لـە جێـی ئەحمەدپاشـای بـرای دانیـشت، حوکومـەتی عوسمـانی سەرەنجام عەبدوڵلا پاشا ئـاخرین حوکمـڕانی بابـانی لـە ١٢٦٦ مـانگی و ١٨٥٠ ز ـ لـە حوکومەت لایانـدا و بـەو جـۆرە **حوکومـەتی ٢٠٠ سالـەی حاکمـانی بابـان هـەر وەکـو خانەدانەکانی دیکەی حاکمانی کورد، هەروەکو حوکومەتی بۆتان، حەکاری و بادینان، تیاچون و وندا بـوون** (زامبـاور ٣٩٨. ئێدمۆنـدز ١٣،٥٠،٦٠. هـەروا بـووە هـۆی تیـاچونی حوکومەتی بابان (بڕوانە بابانی ١٦٩ ـ ١٧١). لەم سەردەمەدا لە بـەرەی حاکمـانی بابـان ژمارێ فرە لە سلێمانی و سنە باقی ماون و هەندێ لەوانە لە عێراقـدا دارای پلـە و پایـەی بەرزی دەوڵەتین (ئێدمۆندز٦٩. ئازادپور٦٠. نیکتین ٣٥٣). بابانەکانی سنە لە سێ هـۆزی پاشایان،بێگانە و ئاغایان پێک دێ. کاربەڕێوەبەران، یەکێ لە شـاخەی ئاغـاواتی سـنە، وە بەشی حاجی داوودخانیش لە بەشەکانی بەگەکانی سنەن (مـەردۆخ کوردسـتانی ٣٩/٢ ـ ٤٠). سەرچاوە، ناسر، ئازادپور، کۆبـە لـە سـەر تـاریخی ئـەردەلان (بڕوانـە .هەرئـەوێ. سەنەندجی). ئەبولحەسەن موستەوفی، گولشەنی مراد بە کۆششی غولامڕەزا تەباتـەبـایی مەجد، تاران، ٢٣٦٩ هەتاوی. ئێدمۆندز سیسیل ج، کوردەکـان، تورکـەکان و عارەبـەکان، تەرجەمەی ئیبراهیم یونـسی، تـاران، ١٣٦٧ هـەتاوی. ئوسـتورابادی، محەمـەد مەهـدی، جیهانگوشای نادری، بە کۆششی عەبدوڵلا ئەنوار، تاران، ١٣٤١ هەتاوی، ئیعتیزائوسەڵتەنە، عەلیقولی میرزا، ئیکسیرو تەواریخ، بە کۆششی جەمشید کیانفەر، تاران، ١٣٧٠هەتاوی.

Dr.Saleh Ebrahimi



بدلیسی، شەرەفەدین، شەرەفنامە، بە کۆششی محەمەد عەبباسی، تاران١٣٤٦ هەتاوی. شەپۆل محەمەد ساڵح ئیبراهیمی، زانایانی کورد، ج دو، تاران ١٣٧٩ هەتاوی. جەودەت ئەحمەد، تاریخ، ئەستەمبوڵ ١٣٠٩ مانگی. دوڕە مەحمود، قەزی‌یەی کوردی، بێروت، ١٩٦٦زاینی. دەفتەر، محەمەدهادی و عەبدوڵلا حەسەن، عێراقی باکوری بەغا، ١٩٥٥ زاینی. ریاحی محەمەدئەمین، سەفارەتنامەکانی ئێران، تاران١٣٦٨ هەتاوی. زامباور، موعجەم ئەلئەنساب وەالاشرات الحاکمە، تەرجەمەی زەکی محەمەد حەسەن و حسێن ئەحمەد مەحمود، بێروت ١٤٠٠ مانگی و ١٩٨٠ز - زەکی ئەمین، کورد و کوردستان، بەغا ١٣٥٠مانگی و ١٩٣١ ز. سەنەندجی، ماەشەرەفخانم، تاریخی ئەردەڵان، بە کۆششی ئازادپور، کرماشان، ١٣٣٢ هەتاوی. عەزاوی عەبباس، تاریخی عێراق، بەغا ١٩٧٢ زاینی. هەر ئەوە، عەشاییری عێراق، بەغا١٣٦٦ مانگی و ١٩٤٧ ز. کرکوکلی رەسول، دەوحەتی وزەرا، تەرجەمەی موسا کازم نورس، بێروت ١٩٦٣ز. محەمەد کازم عالەمارای نادری، بە کۆششی محەمەدئەمین ریاحی، تاران ١٣٦٤. مەردۆخ کوردستانی محەمەد، تاریخ، سنە ١٣٥١هەتاوی.مەفتون دونبولی عەبدورەزاق، تەرجەمەی مەئاسیری سوڵتانیە، بە کۆششی غولامحسێن سەدری هەوشار تاران١٣٥١ هەتاوی. مونشی بەغدادی محەمەد، ریحلە، عەبباس عەزاوی، بەغا ١٩٤٨ ز. نەوار عەبدولعەزیز سلێمان، داوود پاشا والی بەغا، داری کاتیبی عەرەبی، ١٩٧٦ز. نیکتین.و. کورد و کوردستان، تەرجەمەی محەمەد قازی، تاران ١٣٦٦ هەتاوی. هیدایەت رەزا قولی، رەوزەی سەفا، تاران ١٣٣٩ هەتاوی و هەروا بڕواننە: جەعفەر ئیسحاقی تەیمور، دایرەتولمەعاریفی ئیسلامی ج١٠ پەڕەی ٨ـ١٠چاپی١٣٨١ی هەتاوی تاران و هەروا بڕواننە E12; ıranıca . جەعفەر ئیسحاقی تەیمور . شەپۆل).

ئەو زانا و هۆنەرانەی بۆ وردەکاری فرە ئاگادار و دەربەند بە مێژوی کورد بوون تاڵە هەوریشمی خاوی کەونە روداوی پیربابانیان و پاڵەوان‌نامەی ماڵە بابانی مەرد و نەبەردی نەتەوەی کوردیان بە نوسینی دەس و قەڵەم رەنگینی خۆیان، رازاندۆتەوەو نیشانیان داوە کە بنەماڵەی بابان لە کوردستاندا بە ناو و دەنگ و پڕبە دەسەڵات بوون، بەڵام بەداخەوە لەدوای پیر یا میر بوداغی بەبەیی‌کوڕی رۆستەم یا کوڕی ئەبداڵبەگ و برازاکەی، دەس و

Dr.Saleh Ebrahimi



پێوەندان بۆنە جێگیر و ناوی حوکمڕانی بابانیان بۆ خۆ گرتـەوە... بـۆ نمونـە پـیر نـەزەر دەبێتە جێگر و پیربوداغ کە فرە دلاواو بوێر بووە و گۆیی نـەبـەردی لەبـەر دژ و دوژمنـان رفراندوە و فرە سەرکەوتووە. ناوچەی (لاجان) ی لە (زەرزا) ساندوە و سیوەیل و زیوەی لە سۆران جیا کردۆتەوەو سندوسی لە قزڵباش پـاک کردۆتـەوە و قـەڵای مـاران (کێـوێکی سەختە لە نێوان مەهاباد و بۆکاندایە) ساز دەکاتەوە و بـە میرلیـوای خـۆیی دەسـپێرێ و هۆزەکانی موکری و بانە بە خواهیشت یا بە زۆر خـستە بـن فـەرمانی خـۆی و شـارباژێر: (سلێمانی) لە دەس ئەردەڵان دەرهێنـا و کـەرکوکی لـە دەس بـەغا سـاند و مەڵـبەندی سۆرانیشی لە دەس مـیر سـەییدی کـوڕی شـاعەلیبـەگ دەرهێنـا و لـە ئاکامـدا ئـالای خودموختاری و سەربەخۆی هەڵداوە و چون فرە لەنێو ئاپۆرەی خەڵکدا خۆشەویست بووە و خۆی نەپاراستووە، رۆژێک لەگەڵ پیاوی خۆی بۆ ڕاو دەچێتە ناوچەی گوندی عازەبان لە شارباژێڕ، بەڵام لەناکاو میر سەییدی کوڕی شاعەلی بەگ کە بە هەڵکەوت لەوێ بووە و میر بوداغ یا پیر بوداغ دەکوژێ. دەڵێن شایەران و خۆشخوانان لەبارەی بوێری و دلاوایـی و نانبدەیی پیر بوداغ فرە بەیتیان بـۆ دانـاوە و پەسـنیان داوە و لـە دیوەخانـان دەنـگ و ئاوازخۆشان بە ئاهەنگ لە پەسنیدا پیان هەڵگوتووە. جـا لـە دوای پیربـوداغ و برازاکـەی پیرنەزەر کوڕی بەیرام بووەتە حاکمی بابان و مرۆڤێکی ئازا و دڵگوشا و بە زاکۆن بووە و بەهێزی بازو ناوچەی کوفری لە بەغا دابڕیوە و خستویەتە سـەر مەڵـبەندی بابـان و دوای مردنی پیرنـەزەر، وڵاتی بابـان کـرا بـە دو بـەش یـانی سـلێمان و مـیر بـرایم کـە دەس پەروەردەی پیربوداغ بوون دوای نەمانی پیرنەزەر بە دۆستی پێک هاتن و وڵاتی بابانیـان لەنێو خۆدا کردە دو بەش، بەڵام دوای ماوەیەک سـلێمان، برایمـی کوشـت و بەشـەکەی داگیر کرد و ١٥ ساڵ میری وڵاتی بابان بوو. جا دوای مردن کـە چـوار کـوڕی بـە نـاوی حسێن، روستەم، محەمەد و سلێمان لەپاش بەجێما. ئیبراهیم لە دوای مـردنی پیرنـەزەر ٩ ساڵ بەسەر نیوەی وڵاتی باباندا میری کردوە و دوایـی بـە دەسـی سـلێمان کـوژرا و ٣ کوڕی بەناوی حاجی شێخ، میرە و میر سلێمان، لەپاش بەجێماوە. حـاجی شـێخ وڵات و خزم و کەس وکاری بە جێی هێشت و چووە لای شاتۆماسب لە ئێران. شاتۆماسب روی

Dr.Saleh Ebrahimi



پێنەدا و بە ناچار دێتە ناوچەی (نەڵێن و ئەوێی‌کردە جێی فەرمانی خۆیی و لەپاش نەمانی میر سلێمان وڵاتی بابانی خستە بن دەسی خۆی، بەڵام جوابە جەنگی شاتۆماسبی دەکرد و ئەویش سێ جار لەشکری دەناردە سەری، بەڵام هەر سێ جار قزلباشی بە پاشدا دەگەڕاندەوە و تێکی دەشکاندن و لە ساڵی ٩٤١ ک و ١٥٣٣ ز ـ سوڵتان سلێمان غەزاکەر بەغای داگیر کرد و زستان لە بەغا ما. حاجی شێخ بەرەو بەغا بۆ لای سوڵتان سلێمان بۆی ئاژۆت بەڵام لە ناوچەی مەرگە، گویا لە کاتی نوێژ کردندا مەرگەیان دەیکوژن‌و میرە ـی برایشی هەر لە مەرگە لە هێرشی مەرگەیاندا دەکوژرێ و لە کوردەواریدا بەیتێ بە ناوی (کاکە شێخ و کاکە میر) هەیە کە ئەو کارەساتە دەگێڕێتەوە و فرەیش بەرز و پڕە. حاجی شێخ دو کوڕی بە ناوی بداغ و سارم لە دوا جێماوە. دەڵێن شا سوڵتان سلێمانی غەزاکەر کە بیستی ئاوەها دڵتەزێنانە حاجی شێخ و میرەی برای بە دەسی خەڵکی مەرگە کوژراون، وڵاتی بابان دەدا بە بوداغی کوڕی شێخ حاجی و بۆماوەی ١٦ ساڵ بەوپەڕی دڵسۆزی و مرۆڤانی فەرمانڕەوایی کرد. بەڵام سەرەنجام حسێن بەگی کوڕی میر سلێمان، بەیارمەتی‌دانی سوڵتان حوسێنی فەرمانڕەوای ئامێد بوداغ کوڕی حاجی شێخی‌یان مەجبور بە ئاوارەبون کرد و پەنای بە شاتۆماسبی ئێران برد و دوای ٦ مانگ سەدرەئەعزەمی عوسمانی بە دڵخۆشی‌دانەوە بردیە ئەستەمبوڵ و کردیانەوە حاکمی وڵاتی بابان و بەرەو وڵات گەڕایەوە و لە شوێنێ کە بە ڕانیە ناودارە پێی دەڵێن حوسێن بەگی کوڕی میر سلێمان بە ٨ هەزار سوارە و پیادەوە ڕێگای لە تۆ گرتووە. بەڵام حوسێن بەگ لە باتی شەڕ بەرەو ئەستەمبوڵ دەڕوا و لەوێ دەکەینە حاکمی نیوەی وڵاتی بابان‌و پێی‌دەڵێن دەبێ لەگەڵ بوداغ‌بەگدا پێکەوە بە برابەشی بە وڵاتی بابان ڕابگەن، بەڵام کاریان کەوتە بەردەمی شێران و حوسێن بەگ و روستەمی برای کرانە توزی بەربا و خەبەر بە سوڵتانی عوسمانی درا و ئەویش فرە بە ڕقەوە دەستوری دا تا هەمو کوردەکانی ئەو دەوەرە بچنە سەر بوداغ لە وڵاتی بابان، کاتێ بوداغ بەوەی زانی پەنای بە سوڵتان خوسێن فەرمانڕەوای ئامێدی برد و ئەویش تکای لە سوڵتانی عوسمانی بۆکرد تا بیبەخشێ.سوڵتانیش بەخشی‌و لە باتی وڵاتی بابان (عینتاب)ی پێدا و بەشەکەی

Dr.Saleh Ebrahimi



بوداغ لە وڵاتی بابان درا بە (بولیبەگ) ناوێک و لەو سەردەمەدا (سوڵتان بایەزید و سوڵتان سەلیم)ی عوسمانی لەسەر قونیە قونیە کەوتنە قونە شەڕ و پێک هەڵپڕژان و بوداغ بەگ لەسەر بایەزیدی کردەوە وچووە شاری (کۆتاهیە) سوڵتان سەلیم مەرجی بۆ ئاشت بوونە دانا و بە سوڵتان بایەزیدی ڕاگەیاند کە دەبێ سەری بوداغبەگم بە بڕدراوی بۆ بنێری، چون دژ و دوژمنی خانەدانە. بایەزیدیش سەری بوداغ بەگی بە دیاری بۆ ناردە ئاستانە. بوداغ بەگ چوار کوڕی لەپاش بە جێیما. حاجی شێخ، حوسێن بەگ، محەمەد بەگ و میرسەیفەدین.حاجی شێخ لەگەڵ سوڵتان بایەزید چووە ئێران و لەوێ حاجی شێخ و هەندێ لە کوردەکانی کلکەی بایەزید کوژران و میر سەیفەدینیش مرد و محەمەد بەگیش (کەستانە)ی پێدرا و میر حوسێن کوڕی سلێمان، لەپاش بابی چون حاجی شێخی کوڕی برایم ناوچەی بابانی بۆ خۆی داگیر کردبوو، بەناچار پەنای بە شاتۆماسبی ئێران برد و شا، چراغ سوڵتانی ئیستاجلوی والی دینەوەری بە لەشکرەوە لەگەڵ خست و تا سەر سنور چون و هیچیان پێنەکرا، ئەوجارە شا گۆگەجە، سوڵتانی قاجاری والیهەمەدانی لەگەڵ خست و ئەویش هەروا کلکی پێیهەڵپەسارد و هیچی بۆ نەکرد و بۆ جاری سێوەم عەبدوڵلا خان ئیستاجلوی میرمیران و سوپاسالاری ڕاسپارد کە وڵاتی بابان بگرن و ئەویش لەشکرێکی فرەی لەگەڵ خست تا پەلاماری وڵاتی بابان بدەن و میر حوسێن کە چاوساغی لەشکر بوو، بردنیە چیای (گەلاڵە) و نێو دارستان و حاجی شێخ لیان دەرپەڕی و لەشکری قزلباش وەک بەچکە دەلەک لەنێو کلورەداراندا گیریان خواردبوو دوسێ هەزار قزلباش لەو شەڕەدا کوژران. شا تۆماسب لەو کارەی میرحوسێن تورە بو ئەو و محەمەد و رۆستەمی برای هەرسێکیانی خستە زیندان و پاش ماوەیەک بەردران. بەڵام هەر سێ برا هەڵاتن و چونە لای سوڵتان سلێمان خانی عوسمانی و پاش ٦ ساڵ لە ڕۆمئیلی دەژیان بە تکای میر حوسێن بەگی فەرمانڕەوای ئامێدی لە ڕۆمئیلییەوە چونەوە نیشتمان و وڵاتی بابانیان پێیدانەوە. هەروەکو لە بەرا ڕامانگەیاند میرحوسێن کوڕی سلێمان بە دەسی بوداغی کوڕی حاجی شێخ کوژراو (خدر بەگی) لەپاش بەجێما. ئەو خدربەگە بۆ ماوەیەک ناوچەی مەرگەی بە دەسەوە بووە و لە زەمانی

Dr.Saleh Ebrahimi



سوڵتان مرادخان (میرە بەگی موکری) لە قزڵباش هەڵگەڕاوە و هاتە بن فەرمانی عوسمانی و ناوچەی مەرگەیش لە خدر ساندرا و درا بە بوداغ بەگی کوڕی میرە بەگ و لەنێوان بوداغ بەگ و خدر بەگدا قڕە ساز بوو. خدر بەگ بەر مەرگ کەوت و قڕە نەما. ئێستا هۆزی بابان بێ‌فەرمانڕەوان، بەڵام نێزیکەی چوارهەزار چابک سواری ئەسب کەحێلی سەرتاپا پڕ چەکیان هەیە و سەریش بۆ کەس دانانەوێنن (شەرەفنامە بە زمانی کوردی، ئۆفیستی چاپی ١٩٨١ز ـ تاران، تەرجەمەی موحەقیقی ناودار شاعیری دڵسۆزی کورد و کوردستان هەژار).

هەندێ دەڵێن هۆزەکانی رۆژەکی و هەکاری لە بابانەوە هاتون و خەڵکی بابان فرە دیندارن و پیاوی زانایان فرە لێی پەیدا دەبێ. هەر ئاغایەک لە تیرەی بابان ناوچەیەکی گرتۆتە دەس و ساڵانە چوار خەروار زێڕ لەنێو خۆدا کۆ دەکەنەوە و دەیدەن بە خەزێنەی شارەزور. وڵاتی بابان مولکی تایبەتی شاهانەیە و کوێخا و گزیر لەگەڵ خەڵکەکە، فرە بە نەرمی رەفتار دەکەن. هەر ساڵە ئەندازەیەک نەغدینە و ماڵ بەوان دەگا و فلسێکی سوریش بە میرمیران و دەفتەرداران و کارگوزاران نادەن. تا ئەمرۆ(١٠٠٥) مانگی (شەرەفنامە هەرئەوێ) باری ئەو وڵاتە ئاوایە، بەڵام لە بڕانەوەی سەدەی ١١ی مانگیدا فەقێ ئەحمەد کوڕی بابا میری کوڕی بوداغ بەگ کوڕی میرەبەگ، کوڕی شێخ حەیدەری موکری بناغەی فەرمانڕەوایی لەو مەڵبەندە دامەزراندۆتەوە. دیارە سلێمان بەبەی کوڕی گوشادتری کردۆتەوە تا ساڵی(١١١١ ـ ١٦٩٩) حاکمی ئەوێ بووە و بانگ کراوەتەوە ئاستانە و کراوەتە پاشا و کەرکوکی پێی‌سپێردراوە، بەڵام دیسانەوەش تەیموربەگی برای بەسەر وڵاتی باباندا راگەیشتووەو ساڵی (١١١٥ـ١٧٠٣) مردووەو سێ کوڕی (خانە بەگ، فەرهادبەگ و خالید بەگ) ی لە پاش جێماوە. لەپاش مردنی بەکربەگی برای کە بە (بەکرە سور) ناسراوە کراوەتە جێنشین و کەوشەنی وڵاتی تا سەر سیروان و لەو لاشەوە تا سەر زەیی کۆیەی بردوە و (بەکرە جۆی لای سلێمانی و گوندی بەکراوای لای هەڵەبجە، (هەڵەبجەی سوتاو هیرۆشیمای کوردستان) بەناو ئەون و دوای (بەکرە سور) شارەزور بۆ ماوەیەک کەوتە بن دەس عوسمانی و لە ساڵی(١١٢٩ـ١٧١٧) دراوەتە دەس

Dr.Saleh Ebrahimi



کابرایـەکی غـەوارە. بـەڵام خانەپاشـا لـە (١١٣٤ ـ١٧٢١)دا وڵاتی بابـانی خـستە بـەر فەرمانڕەوایی خۆی و دوای ئەو خالید بەگی برای و دوای ئـەویش سـەلیم پاشـای کـوڕی بەکرە سور لە (١١٥٦ـ١٧٤٣) هاتـە سـەر حـوکم و دوای ئـەویش سـلێمان پاشـا و دوای ئەویش ئەحمەد پاشای برای جێگەی گرتۆتەوە و دوایە محەمەد پاشای برای لێی راسـاوە و بە نۆرە بە وڵاتی بابان راگەیشتون. لەپاشان مەحمود پاشای برایان بۆتـە حـاکم و دوای ئەویش **برایم پاشای** کوڕی ئەحمەد پاشا بۆتە جێنشین و هەر ئەویش لـە (١١٩٩ــ١٧٨٤) **شاری سلێمانی بنیات ناوە و پاتەختی لە قەڵاچوالانەوە هێناوەتـە سـلێمانی**. لـە سالـی (١٢٠٢ـ١٧٨٨) عوسمان پاشا کوڕی مەحمود پاشا هاتوەتە سەر کار و لـە (١٢٠٤ــ١٧٩٠) ئەوڕەحمان پاشا بۆتە حاکم و لەگەڵ دو میرەکـانی پێـشودا رقەبەرایـەتی کـردوە و هـەر یەکەیان بۆ ماوەیەک حوکومەتیان بەدەس بووە و لە (١٢٢٨ـ١٨١٣) مەحمود پاشا کـوڕی ئەوڕەحمان پاشا هاتۆتە سـەرکار و لـە پـاش چـوار سـاڵ لادراوە و عەبدوڵـلا پاشـای لـە جێـیدانـراوە و دوای ئـەویش سـلێمان پاشـا کـوڕی ئـەوڕەحمان پاشـا و لـە سالـی (١٢٥٤ـ١٨٣٨) پاش ئەو ئەحمەدپاشا بۆتە حاکم و کاروباری وڵاتی رێک خستوە و سـپای کوردی دامەزراندوە و لە (١٢٦٣ـ١٨٤٧) عەبدوڵلا پاشای برای بووەتە ئەمیرو لـە (١١٦٧ــ ١٨٥١) میرنـشینی بابـان لەبـەریـەک پـساوە و عەبدوڵلاپاشـا کراوەتـە فەرمانـداری (قاییمەقامی) شاری سـلێمانی و ئیتـر پـەردە بەسـەر ئـەو میرنـشینەدا دراوە تـا سالـی (١٣٤١ـ١٩٢٣) کـە شـێخ مـەحمود حەفیـدزادە بـەرزنجی بانگـەوازی پاشـایەتی کـرد و سەربەخۆیی کوردستانی راگەیاند. بەڵام ئەو زاتەش لە دو ساڵ و چەند مانگی تێنەپەڕاند. بڕوانە تاریخی سلێمانی (لە عەممانەوە تا عیمادیە) و کۆبە بـە نرخـەکانی مامۆسـتا رۆژ بەبەیانی لەسـەر شـەرەفنامە و شـەرەفنامەی میرشـەرەفخان بدلیـسی کـە موحـەقیق و موتەرجیم و شاعیری ناوداری کورد کردویە بـە کـوردی. چـاپی دوەم، ئۆفـسێتی سالـی ١٩٨١ز ـ تاران جەواهیری.

هەروەکو لەبەرا رامانگەیاند: سلێمان پاشای بابان کـوڕی خالیـد پاشـای بابـان بـووە و بـۆ ماوەی چواردەساڵ لەسەر تەختی میرنشینی بابان فەرمانڕەوایی کردووە. یەکێک بووە لە

Dr.Saleh Ebrahimi



میرە هەرە زاناکانی خانەدانی بابان(بڕوانە شێخ مارف نودیی پەڕەی ١٧، مێژوی هۆزی بڵباس، هەر ئەوێ پەڕەی ٥٢). لە ساڵی ١١٠١ مانگیدا زیاد لە ناوچەی شارەزور و شارباژێڕ و پژدەر و بتۆین تا نێزیک کەرکوکیش دەسی دەڕۆیی‌و هەمیشەیش لە بیر ئەوەدا بووە کە بە فەرمانی بن دەسەلاتی خۆی زیاتر پەرە بدا. لە ساڵ ١١٠٢ مانگیدا، هێرشی بردۆتە سەر کەرکوک(دڵی کوردستان) و دلاوەر حاکمی نامۆی کەرکوکی تێشکاندوە و دلاوەری یەخسیر کردوە(تاریخی سلێمانی پەڕەی ٦٢) وە لە ساڵی ١١٠٥ مانگیدا سلێمان پاشای بابان هێرشێکی دیکەی بردۆتە سەر(محەمەد خان) کوڕی خوسرەو خانی ئەردەلان ناوچەی مەریوان، هەورامان و سیاکێوی لەبن دەس دەرهێناوە و زۆراب بەگی سەقز و برایم بەگی مەریوانی کوشتووە(شەرەفنامە پەراوێزی ٢٢٣). ئەمین زەکی نوسیویەتی: مێستێر ریچ لە ئەحمەد بەگی بابانی بیستووە کە حوکومەتی ئێران و عوسمانی بە جوتە لە یەک کاتدا هێرشیان بردۆتە سەر سلێمان پاشای بابان. فەرماندەی سپای ئێران عەبباس زیاد ئۆغلو بووە، ئەمیش دوای شەڕێ زۆر سەخت کە زانیویەتی با شاریان ناکا بە خاو خێزانەوە خۆی کێشاوەتە ڕەواندز و لەوێوە بە تەنیا خۆی لە ساڵی ١١١١ی مانگیدا چۆتە ئەستەمبوڵ (تاریخی سلێمانی و دەوروبەری، تەرجەمە بە عەرەبی زانای مێژوزان مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی ٦٠). شا حوسێن سەفەوی عەبباس زیاد ئوغلوی لە جێی سلێمان پاشای بابان داناوە. مێستێر لۆنگریک لای وایە بەیت و چریکەی دوازدە سوارەی مەریوان بۆ ئەو شەڕ و لێکدانە، ڕێک خراوە (پەڕەی ٢٢٣ شەرەفنامە کۆبە). جا دوای دامرکانی ئەو شەڕە، قاسم سوڵتان، مەزنی هەورامان دوزمانی کردبوو پێی‌وتبو: سەرکردەکانی کورد لە بنەوە ڕێک کەوتون لە پڕا بڕژێن بە سەرتا، خۆت و سپاکەت لەنێو بەرن. ئەویش ئیتر لە ترسی خۆی دەسی کرد بە کورد کوشتن و ماڵ وێران کردنی کورد و منارەی لە سەری کورد ساز داوە و بە هەزاران خانەدانی کوێر کردۆتەوە و بە دەیان دێی وێران کردوە و ئەوەی عەبباس زیاد ئوغلوی پیاوی سەفەوی بە کوردی کردوە، مێژو پێی شەرمە بیگێڕێتەوە . شا حوسێن سەفەوی لە سزای ئەو نامەردی‌یەی‌دا دەیباتە

Dr.Saleh Ebrahimi



ئیسفەهان و فەرمانی لەسێدارەدانی داوە و میرحوسێن لوڕ- ی لە جێی‌دانـاوە. لـە ساڵـی ١١٩٦ مانگی ١٧٨٢ی ز- مـەحمود پاشـای بابـان دەسـەڵاتداری وڵاتی بابـان، زۆر گـوێ نەداوەتە والی بەغا، سلێمان ئاغای والی بەغا بـە شـەڕوانانێ زۆرەوە دەڕوا تـا بیگـرێ کـە دەگاتە کەرکوک ئیبراهیم پاشا کوڕی ئەحمەد پاشای بابان بە هێزێکی بانـەوە لـە کۆیـێ ڕاهات و لە کەرکوک یەکیان گرت و چەن پیاوماقوڵی دیکەی بابانیش لەگەڵیان کەوتن و بە تێکڕا هێرشیان بردە سەر مەحمود پاشای بابان. ئەمیش ناچار بۆ ئێـران خـۆی دەربـاز کرد و ئیبراهیم پاشای کوڕی ئەحمەد پاشای بابان کرایە پاشای وڵاتی بابان. لەم لاشـەوە کاتێ مەحمود پاشا دەگاتە گوندی (باینچۆ)ی سەر بە شاری سنە، عوسمان بەگی کـوڕی بە دیاری‌یەکی زۆرەوە دەنێرێتە ئیسفەهان بۆلای عەلی مرادخان و داوای لێ‌کردوە بیکاتە حاکمی ئەردەڵان. نوکتە عەلی مراد خان فەرمانـدەری سـپای کـەریمخان زەنـد بـووە و چووە تا شارەزور بگرێ، لە شەڕگەدا مەحمود پاشا بە دیل گرتویەتی. بەڵام فرە بە ڕێزەوە ئازادی کردوە (تاریخی سـلێمانی و دەوروبـەری، پـەڕەی ٨٨ــ٩٤ و شـێخ مـارف نـۆدێی پەڕەی ٢٠، بە نەقڵ لە مێژوی بلباس هەر ئەوێ ٧٤). بەڵام عەلی مرادخان کە بـە باشـی دەسەڵاتی بە سـەر ئازەربایجانـدا نـەبووە، ویـستویەتی بـە خـەیاڵ بـە تـیرێ دو نیـشانە بئەنگوێ، لە لایەک مەحمود پاشای دۆستی خۆی بکاتـە مـیری سـابلاغ (مـەهاباد) و لـە هەمان کاتیشدا لە ڕێگای مەحمودپاشاوە، دوبارە دەسەڵات بەسەر ئەو ناوەدا پەیـدا بکـا و مەحمود پاشا دەکاتە حاکمی سابلاغ. مەحمود پاشا بە فەرمانـەوە دەڕوا تـا بـە ڕەسمـی میری سابلاغ وەربگرێ و لەو سەردەمەدا (بوداقخان) حاکمی ناوچـەی سـابلاغ بـووە، بـە پشتیوانی فەرمانڕەوایانی ورمـێ و خـۆیی و سەلـماس (زاروەنـد) لەشـکرێکی ١٢ هـەزار کەسی پێکـەوە دەنـێ کـە بـەرەنگاری مەحمودپاشا بـن، ئـەمیش کـە زانی وەزع وایـە ویـستویەتی واز بـێنی بـەڵام ئـەوڕەحمان پاشـای کـوڕی، مەحمودپاشـای وادار کـردوە لەشکرەکەیان کە تا پێنسەد کەس دەبون، بیکا بە دو بـەش، بەشـێکی لـە بـن فـەرمانی مەحمودپاشا و بەشێکی‌تریش لە بن فەرمانی ئەوڕەحمان پاشا و بەو جۆرە هێرشیان بـردە سەر بوداقخان، ئەوڕەحمان پاشا بوداقخانی شکاند و هەڵیبڕی، بەڵام کوللەیەکی وێڵەکی

Dr.Saleh Ebrahimi



لە مەحمود پاشا دەدرێ و دەی‌کوژێ و ئەم بەشە دەشکێ. کاتێ ئەورەحمان پاشا لە راونانی بوداقخان دەگەڕێتەوە ناچار بەرەو سەقز پاشەکشە دەکا و کارەساتەکەی بە عوسمان‌بەگی برای راگەیاندوە و ئەمیش بە عەلی‌مرادخانی راگەیاندوە. عەلی مرادخان شەڕوانانێکی باشی خستۆتە بن دەس عوسمان‌بەگ بۆ سەر بوداقخان، بەڵام پێش هێرش بردنەسەر بوداقخان لەگەڵ عەبباس قولیخان والی سەقز تێکچبون و عوسمان پاشا، عەبباس دەکوژێ و سەقزیش تاڵان دەکا و ئەوسا خەبەری کوژرانی عەبباس قولیخان و تاڵان کردنی شاری سەقز دەگاتە شا عەلی مرادخان و لەو کارەی عوسمان پاشا دڵگیر دەبێ و لە یارمەتی‌دانیشی پەشیمان دەبێتەوە و نامەی نهێنی دەنوسێ بۆ پیاوەکانی کە لەگەڵ عوسمان پاشا بون کە لە فرسەتێکدا عوسمان پاشا یا بیگرن و بۆ ئیسفەهان بەرێ بکەن یا بیکوژن. ئەو نامە دەکەوێتە دەس ئەورەحمان پاشا و عوسمان پاشا لە واتای نامەگە، دەگەیێنێ. جا کاتێ عوسمان پاشا بەوە دەزانێ تێدەگا خەریکە لە ناو بچێ. فرە بە پەلە دەیەوێ خۆ لەو مەترسی‌یە رزگار بکا، ئیتر دەوری قەڵای بەرداوە و بەو(٥٠٠) کەسەی پیاوەکانی خۆیی بەرەو سەقز دەگەڕێتەوە و لە سەر رێگا داوێ بۆ شەڕوانانی لەشکری عەلی‌مرادخان دەنێتەوە و کەوکوژیان دەکا (مێژوی هۆزی بڵباس هەر ئەوێ).

شاعیری ناودار و پڕهەست و نازک‌خەیاڵی بیرورد و نیشتمان خۆشەویستی کورد پەروەر و کوردایەتی‌زانی نەتەوەی نەجیبی کورد، حەزرەتی نالی کە بە کوردی شیعری داناوە و لە بابەت پاشایانی بابانەوە بەوجۆرە پڕ لە هەست و تەژی لە نوکتەی وردی عیلمی بەلاغە و نیشتمان‌خوازی، خۆی باشترین بەڵگەن لە سەر هەستی نەتەوەیی و کوردایەتی کردنی نالی کە ئابەم شێوە شیوا و جوان ۆ زانایانەو کورد خۆشەویستانە باسی پاشایانی بابان دەکا کە فەرمویەتی:

*تا فەلەک دەوری نەدا ـ سەد کەوکەبی ئاوا نەبو*

*کەوکەبەی میهری موبارەک تەلعەتی پەیدا نەبو*

Dr.Saleh Ebrahimi



مانای واژەکان: فەلەک: ئاسمان. دەورە: خول. سەد: هەرچەند. کەوکەب: ئەستێرە. کەوکەبە: شان و شکۆ. میهر: خۆر. یانی تا ئاسمانی ژین خولی خۆی تەواو نەکرد و مانگی سلێمان پاشای بابان، ئاوا نەبو، هەرچەندە ئەستێرەکانی دەوروپشتی هەر مانەوە و ئاوا نەبون (مەبەست لە ئەستێرەکان شازادەکانی تری بابانە)، شان و شکۆی خۆر هەڵاتن - پیرۆزی و سەرکەوتنی ئاسمان کە ئەحمەد پاشایە، دەرنەکەوت.

دەشگونجێ رستەی (سەد کەوکەبەی ئاوا نەبو) جوملەی موعتەرەزە نەبێ و وەڵامی جوملەی پێشو بێ و (سەد) کینایە بێ لە (فرە ، زیاد) و واتای نیوە شیعرەکە وای لێ بێتەوە: تا ئاسمان خولی خۆی تەواو نەکرد و هەمو ئەستێرەکانی ئاوا نەبون بە هۆی نێزیک بونەوەی دەرکەوتنی رۆژی ئەحمەد پاشاوە... لەم حاڵەدا مەبەست لە ئاوا بونی ئەستێرەکان بەش بە حاڵی سلێمان پاشا مردن و بەش بە حاڵی میرزادەکانی تری بابان، دەرنەکەوتنیانە لە روی ئەحمەد پاشادا. نالی بۆیە وەک باسی خۆری پاشای کردوە ناوی مانگی سلێمان پاشای نەهێناوە و هەر ئەوەندەی بە بەس زانیوە ئاماژە بە سورانەوەی گۆی ئاسمان بکا، چونکا نەیویستووە وا نیشان بدا کە سلێمان پاشا لە ئەحمەد پاشا کەمترە، کەچی لەولاشەوە بە وەسف کردنی ئەحمەد پاشا بە خۆر نیشانی داوە کە ئەم لەو گەورەتر و پایە بەرزترە.

*تا نەگریا ئاسمان و ، تەم وڵاتی دانەگرت*

*گوڵ چەمەن‌ئارا نەبو، هەم لێوی غونچە وا نەبو*

واتای واژەکان: چەمەن‌ئارا: چیمەن ڕازێنەوە. وا: کراوە. واتا تا ئاسمان لە خەفەتی مردنی سلێمان پاشا دەسی نەکرد بە گریان و بارانی فرمێسکی خۆی نەڕژاند بەسەر زەویدا و تەمی هەناسەی ساردی وڵاتی بابانی دانەگرت، چیمەنی سلێمانیو دەوروبەری بە گوڵی ئەحمەدپاشا نەڕازایەوە و خونچەی لێوی پاشایی نوێی نەپشکوت. چەن وێنەیەکی جوانە: لە ئەنجامی گریان و فرمێسک رشتن و مژ و تەماوی بونی وڵاتەوە، چیمەن بە گوڵ برازێنێتەوە و لێوی خونچە نەپشکوێ.

*تا چەمەن‌پیرا لە سەر، ئەسڵی درختی لا نەدا      فەرعی تازە ، خورەم و بەرز و بوڵەند باڵا نەبو*

Dr.Saleh Ebrahimi



واتای واژەکان: چەمەن پیرا: واژەیەکی فارسی‌یە، واتا باغەوان کە ئاگای لە باغە و ئاوی دەدا و دەی‌ڕازێنێتەوە. فەرع: لک. خوڕەم: تازە و تێرئاو. واتا تا باغەوان لک و شاخە زیادەکانی سەر داری باغەکە نەقرتێنێ و لەسەری لانەدا و نەیان بڕێتەوە ، کە سلێمان پاشایە، لقی تازە کە ئەحمەد پاشایە تێراو نەبووە و بالای بەرز نەبوە و هەڵنەچوە. نالی بەم وەسفەی ئەحمەدپاشا ئەیەوێ بڵێ: پاشای تازە بۆیێ وەک لقی تێراو گەشەی کردوە و هەڵچوە، چونکا ریشە و ساقەکەشی هەروا بووە و دیارە گیا لەسەر بنجی خۆی دەڕوێتەوە.

*تا (سولەیمانان) نەبونە سەدری تەختی ئاخیرەت*

*(ئەحمەدی موختار)ی ئێمە شاهی تەختئارا نەبو*

واتای واژەکان: سەدر: جاران لەقەبی سەرۆکی وەزیران بووە. ئاخیرەت: ئەو دنیا. واتا تا سولەیمانەکان لەو دنیا نەبون بە سەرۆک وەزیرانی تەختی پادشایی، ئەحمەد موختاری لای ئێمەیش نەبو بە شای تەخت ڕازێنەوە. ـ نالی لەم هۆنەدا لە یەک کاتدا ویستویە سولەیمانەکان بۆ حەزرەتی سولەیمان و بۆ سلێمان پاشای بابان و لەوانەیشە بۆ سولەیمانی ناوی‌تریش بەکار بێنێ. هەروا ویستویە و مەبەستی لە (ئەحمەدی موختار) پێغەمبەریش(د.خ) و ئەحمەد پاشای بابانیش بێ. فرە جوانیشی ڕازاندۆتەوە، چونکا ئەگەر مەبەستی لە سولەیمان حەزرەتی سولەیمان پێغەمبەر بێ، ئەوا حەزرەتی سولەیمانی کرد بە وەزیر و پێغەمبەر، هەروا مەبەستیشی سلێمان پاشا و ئەحمەد پاشا بێ، وا ئەحمەد پاشای لە سلێمان پاشا بە گەورەتر دانا.

*قیسسە بێ‌پەردە و کینایەت خۆشە، شاهی من کەوا*

*عادیلێ بو، قەت عەدیلی ئەو لە دنیادا نەبو*

*بۆ نشینگەی مورغی رۆحی ئەو کە عالی فیترەیە*

*جێگەیێ خۆشترلە ڕەوزەی (جەننەتولمەئوا) نەبو*

واتای واژەکان: نشینگە: جێی‌تێدا دانیشتن. عالی فیترە: ئەوەی خوا بە بەرزی دروستی کردبێ. مورغ: پەلەوەر. ڕەوزە: باخ. جەننەتولمەئوا: بەهەشت. واتا با ئیتر قسەکردن بە

Dr.Saleh Ebrahimi



کینایە و پێچ و پەنا، بەس بێ. قسە بە ئاشکرا خۆشە و مەسەلە مەسەلەی کۆچی دوایی سلێمان پاشا و لەسەر تەخت دانیشتنی ئەحمەدپاشایە. سلێمان پاشای پاشای من کە دادپەروەرێکی وەها بو، هاوتای لە جیهاندا نەبو، کۆچی دوایی کرد و شوێنێکی ئەوتۆ شایانی ئەو بێ، مەلی خوا کە لەلایەن خواوە دروست کراوە (یا مەلێ کە خوا بە بەرزی دروستی کردوە) گیانی پاکی ئەوی تیا بنیشێتەوە و تیا بحەسێتەوە، لە باغی بەهەشت بەولاوە نەبو. بۆیە بەهەشت بو بە جێی. تۆ بڵێی ئەم شیعرە ئاماژەیەکی بۆ ئەوە تیا نەبێ کە سلێمان پاشا بە شێوەیەکی وا مردبێ، لە پێشدا ویسترابێ هەواڵی مردنەکەی تا ماوەیەک بشارنەوە؟

*وەک قیاسێکی کە موسبەت بێ نەتیجەی بێتەجێ*

*حەمدولیللا شەهـ کە عالی جا بو، خالی جا نەبو*

واتای واژەکان: قیاسی موسبەت: لەزانستی مەنتیقدا قیاس بە دو رستە دەڵێن: هەر یەکەی لانیکەم لە دو واژە پێکدێن. جا ئەگەر هەردو رستەکە واتای بونیان دەگەیاند، ئەوە قیاسە کە، قیاسی موسبەتە و دیارە ئەنجامەکەشی هەر بون دەگەیەنێ.

واتا: هەر وەک چۆن نەتیجەی قیاسی موسبەت بەناچاری دەبێ بێتە جێی، لە سایەی خواوە سلێمان پاشایش چونکا مرۆڤێکی پایەبەرز بو، پیاوی پایەبەرزیش جێگای کوێر نابێتەوە، جێگای کوێر نەبۆتەوە وپایەبەرزێکی وەک ئەحمەدپاشا جێگای گرتووە.

لە سەرێکی دیکەشەوە نالی، لە نیوەی دوەمی ئەم هۆنەدا دەیەوێ بڵێ: فرەتر وایە، مرۆڤی پایەبەرز وەچەیەکی وای لە پاشا بەجێی نامێنێ کە ئەونە پایەبەرز بێ جێگاکەی بگرێتەوە. بەڵام سلێمان پاشا وانەبو، لەگەڵ ئەو پایەبەرزەیشیدا کە هەیبو، پایەبەرزێکی وەک ئەحمەدپاشای کوڕی لێ بەجێی ما کە ئاسان جێگاکەی گرتەوە.

*شاهی جەمجا (نالیا) ، (تاریخی جەم) تەئریخیە*

*دا نەڵێن لەم عەسرەدا ئەسکەندەری جەمجا نەبو*

واتای واژەکان: جەمجا: جێی‌نشینی‌جەمشید. واتا سلێمان‌پاشا کە پاشایەک بو، جێگەی جەمشیدی گرتبووەوە، مێژوی مردنی بە حەرفی ئەبجەد دەبێتە رستەی (تاریخ جم) کە

Dr.Saleh Ebrahimi



دەکاتە ١٢٥٤. بۆیەش ئەم رستەیە بو بە تەئریخی کۆچ کردنی، تا کەس نەڵێ: لەم چەرخەدا پاشایەکی‌تری وەک ئەسکەندەر نەبووە، جێی جەمشید بگرێتەوە، ئەگەر سلێمان پاشا جێی‌نشینی جەمشید نەبوایێ تاریخی مردنی نەدەبوو بە (تاریخ جم). مەبەستی ئەوەیە بڵێ سلێمان پاشا تەنانەت مردنەکەیشی هەروا دەگەیێنێ کە سەردەمی ئەو سەردەمی جەمشید بووە، لەم شیعرەدا بە ئاشکرا دەردەکەوێ کە نالی لە ١٢٥٤دا گەییوەتە دوندی هەرە بەرزی شاعیری، دیارە پڕ زانایێ ئاوەها وردخەیاڵ و بیرورد، جوان دیارە دەبێ تەمەنی شەریفی لەسەرێ بوبێ. (بڕواننە دیوانی نالی بە لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلاعەبدولکەریم مودەریس ئیمام شافعی رۆژگار و هاوکاری فاتح عەبدولکەریم و محەمەد مەلاکەریم، چاپی بەغدا١٩٨١ ز - پەڕەی ٣٧٤ تا ٣٧٠).

ئەمەیش شیعری شێخ‌ڕەزا تاڵەبانی لە پەسنی هۆزی بابان لە بن ناوی: سلێمانی کە دارولمولکی بابان بوو:

لەبیرم دێ سلێمانی کە دارولمولکی بابان بو
نە مەحکومی عەجەم، نەسوخرەکێشی ئالی عوسمان بو

لەبەر قاپیی سەرا سەفیان دەبەست شێخو مەلا و زاهید
مەتافی کەعبە بۆ ئەربابی حاجەت، گردی سەیوان بو

لەبەر تابوری عەسکەر، ڕێ نەبو بۆ مەجلیسی پاشا
سەدای مۆزیقە و نەقارە تا ئەیوانی کیسرا بو

درێغ بۆ ئەو زەمانە ئەو دەمە ئەو عەسرە ئەو ڕۆژە
کە مەیدانی جریدبازی، لە دەوری کانی‌ئاسکان بو

بە زەربی حەملەیێ، بەغایی تەسخیر کرد و تێی‌هەڵدا
سولەیمانی زەمان، راستت ئەوێ، باوکی سلێمان بو

Dr.Saleh Ebrahimi



*باوکی سولەیمان لێرە مەبەست ئەورەحمان پاشای بابانە کە باوکی سولەیمان پاشایە.*

عەرەب ئینکاری فەزڵی ئێوە ناکەم، ئەفزەڵن ئەمما
سەلاحەدین کە دنیای گرت لە زومرەی کوردی بابان بو
قوبوری پڕلە نوری ئالی بابان پڕ لە رەحمەت بێ
کە بارانی کەفی ئیحسانیان وەک هەوری نیسان بو
کە عەبدوڵڵا پاشا لەشکری والی سنەی شڕ کرد
رەزا ئەو وەختە عومری پێنج و شەش، تفلێ دەبستان بو

(بڕوانە دیوانی شێخ رەزاتاڵەبانی، ئامادە کردنی ناسر ئیبراهیمی کوڕی محەمەدساڵح ئیبراهیمی(شەپۆل)، چاپخانەی کتێبی هەرزان، یۆنشۆپینگ، سوئێد، ستۆکهۆڵم، ساڵی ١٩٩٣ی زاینی).

ئایەتوڵڵا شێخ محەمەد مەردۆخ کوردستانی دەڵێ: حاجی شێخ رەزا تاڵەبانی لە پەسنی سوڵتان سەلاحەدین ئەییوبی فەرمویەتی:

فەرەنگ ئینکاری فەزڵی ئێوە ناکەم ئەفزەڵن ئەمما
سەلاحەدین کە دنیای گرت لە جوملەی کوردی بابان بو/
عومومی شەهریاران و سەلاتینی فەرەنگستان
لە روعب و سەتوەتی ئەو شێرەدا گشتی هەراسان بو/ (تاریخی مەردۆخ ج ٢ بەشی ٤ پەڕەی ١-٢).

چونکا کەشفی بەرق، فڕۆکە سازدان، ماشێن سواری، سەتالایت، تەلەیفۆن، مۆبایل و ... لە بیرو هزری فەرەنگ (ئوروپایی و ئەمریکایی) هەڵقوڵاوە و ئەوان خاوەن فەزڵن، نەک عەرەب. لە رۆژگاری جاهیلیەت ئەبوجەهل و لە سەدەی نور و سەرکەوتنی عیلمدا، عەرەب سەدام حوسێن‌یان بوە و کچ و ژن و مرۆڤی بێ‌تاوانیان زیندە بەگۆڕ کردوە. دیارە حەزرەتی محەمەد بە ڕەگەز عەرەب نەبوە و لە سورەی فوسیلەت ئایەتی ٤٤دا بە ئاشکرا

Dr.Saleh Ebrahimi



ڕاگەیندراوە. قورئانی بۆیێ بە زمانی عەرەبی‌یە، چونکا ئەو خەڵکەی پێغەمبەر (د.خ) لە نێویاندایە و قسەیان بۆ دەکا عەرەبن.

**ئەوڕەحمان پاشای بابان**

ئەوڕەحمان پاشا کوڕی مەحمود پاشای ئەوەڵە، دوای ئیبراهیم پاشای برای حوکومەتی گرتە دەس و پیاوێ فرە شیاو، پڕهێز، کارزان و ئەمیرێ لێهاتو بوە و لە ساڵی ١٢١٩ مانگیدا، کرا بەرپرسی دامرکاندنی بزاوی وەهابیانی ئیحسا و فرە کۆمەگی بە حوکومەتی عوسمانی کرد. بەڵام زۆرێ لە تاکە تاکی شەڕوانەکانی لە تونیدا لەو روداوەدا ویشک هەڵاتن و مردن. لە پاشان لەگەڵ والی بەغا ناخۆشی کەوتە نێوانیان؛ چونکا والی بە ناحەق محەمەدپاشای حاکمی حەریری کوشتبو و ئەوڕەحمان پاشا بۆ تۆڵەی خوێنی ئەو، بە شەوا دای بەسەر ئاڵتون کوپری. کاتێ ئەو هەواڵە گەیشتە گوێی عەلی پاشا والی بەغا بە سپایێ فرەوە، هێرشی بۆ لای کەرکوک برد. لە کاتی ئەو هێرشەدا خالیدبەگی بادینانی و سلێمان بەگی بابانیش هاوڕێی و یارمەتی‌دەری بون.

عەلی پاشا لە کەرکوکەوە بەرەو سلێمانی خزی و لە شوێنی دەربەندی بازیان لە شەرقی چەمچەماڵ لەگەڵ ئەوڕەحمان پاشا روبەر بو، ئەوڕەحمان پاشا لە راست سپای ئەوا خۆی پێی رانەگیردرا، بەناچار روبە ئێران، خۆی دەرباز کرد و لەلایەن حوکومەتی ئێرانەوە کرایە حاکمی سەنقور. دوای ماوەیەک ئەوڕەحمان پاشا لەگەڵ دەوڵەتی ئێران و حوکومەتی ئەردەڵان پەیمانی بەست و بە سپایێ فرەوە بەرەو سلێمانی بۆی ئاژۆت. کاتێ والی بەغا بەوەی زانی، سلێمان بەگی خوشکەزای خۆی بۆ روبەرو بون لەگەڵ ئەودا، لە کەناری ئاوی زرێواری مەریوان شەڕ دەسی پێی کرد. ئەوڕەحمان پاشا سەرکەوت و سپای سلێمان بەگی تارومار کرد و سلێمان بەگیشی بە دیلی گرت، حوکومەتی عوسمانی ناچار لەگەڵ ئەودا ئاشتی سازداو ئەمارەتی بابانی دوبارە پێدایەوە. دوای ماوەیەک، عەلی‌پاشا والی بەغا مرد و سلێمان پاشا ناوێ کرایە والی بەغا. ئەوڕەحمان پاشا چون باوەڕی بە حاکمانی عوسمانی نەبو، پیرۆزبایی و بەخێرهاتنی بۆ بەغا پێی نەوت و خۆی لێ بێدەنگ کرد. سلێمان پاشا سەخت لەو بێ‌دەنگیەی دڕدۆنگ بو و لە دەرەتانێکدا بە سپایەکەوە

Dr.Saleh Ebrahimi



هێرشی کردە سەر خاکی بابان و دوبارە لە دەربەندی بازیان ئاگری شەڕ داگیرسا و ئەوڕەحمان پاشا تێشکا و بەرەو ئێران ڕای‌کرد و جارێ دیکە بە کۆمەگی ئێران توانی بچێتەوە سەر ماڵ و حوکومەتی خۆی. والیش بەغایش کەوای‌زانی بە ناچار حوکومەتی‌ئەوی قەبوڵ کرد (ساڵی ٢٢٢٣ مانگی) دوای ماوەیێ هەر ئەو سلێمان پاشایە، لە حوکومەتی عوسمانی هەڵگەڕایەوە و داوای سەربەخۆی کرد. ئەوڕەحمان پاشا لەگەڵ (حالەت ئەفەندی) والی موسڵ لەلایەن عوسمانیەوە کرانە بەرپرسی لەنێو بردنی ئەو. ئەوڕەحمان پاشا فرە بوێرانە بەگژ سلێمان پاشادا چو و بەغای گرت و سلێمان پاشای کوشت (ساڵی ١٢٢٥ مانگی) هەر لە ئاخری ئەو ساڵەدا سپایێ لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە، بۆ داگیرکردنی وڵاتی بابان هێرشیان برد. ئەوڕەحمان پاشا فرە شێرانە و جوامێرانە بەرەنگاری سپای ئێران بو، بەڵام لە سۆنگەی خەیانەتی خالید پاشای کوڕی سلێمان پاشای ئامۆزای، تێشکا و بەرەو کۆیێ دەرباز بو. بەڵام پاش ماوەیەک لەگەڵ دەوڵەتی ئێران ئاشتی کرد و گەڕایەوە نێو سلێمانی. لە ساڵی ١٢٢٦ مانگی حوکومەتی عوسمانی کە لە پەرەگرتنی هێز و گوڕ و تەوانی ئەوڕەحمان پاشا دەترسا، سپایێ فرەی بۆ داگیرکردنی خاکی بابان و گرتنی ئەوڕەحمان پاشا، بەڕێکرد. ئەوڕەحمان پاشا خۆی بۆ بەرەنگاری کردن ئامادە کرد. لە کوفری (صەلاحیە) شەڕ دەسی پێکرد، لە سەرەتاوە فەتح و زەفەر بە دەس سپای بابان بو؛ بەڵام بە گەیشتنی سپایێ پڕچەک و تازە نەفەس بۆ پشتیوانی لە تورکەکان، ئەوڕەحمان پاشا وای بە چاک زانی شەڕ نەکا و بەرەو ئێران ڕۆیی و بە یارمەتی دەوڵەتی ئێران حوکومەتی خۆی گرتەوە دەس.

سەرەنجام ئەوڕەحمان پاشا لە ساڵی ١٢٢٨ بارگەی بەرەو ئەودیو پێچایەوە.

ئەوڕەحمان پاشا مرۆیێ بو پڕهۆش و زیرەک و ئاگادار، مێشکی پڕ و تەژی بو لە بیری ورد و تیژ و ڕاست و مرۆڤانی، بوێر، نەترس، ئازا و بێباک و نەبەز و دارای هەستی کوردایەتی و نەتەوایەتی و نیشتمان‌ویستی. هەر بەو حاڵەشەوە مرۆیێ بو خۆپارێز و بە تەقوا و دۆستی زانا و خاوەن عیلم و برەودەر بە دەستورەکانی شەریعەت و بۆ ماوەی ٢٤ ساڵ حوکومەتی

Dr.Saleh Ebrahimi



کرد و مەزنترین ئەمیری وڵاتی بابان بووە. بەڵام خەیانەتی نێزیکەکانی لە لایە و گزی و فزی و نامەردی و بەرچاوتەنگی والیانی بەغا لە لایەکی ترەوە، هەمیشە بونە کەندو کۆسپ لەسەر ڕێگای ئەودا تا بەو جۆرەی پێویستە نەگاتە ئارەزوە بەرز و مرۆڤانیەکانی.
ئەوڕەحمان پاشا ئارەزوی ئەوە بو لە گشت کاروباری وڵاتدا سەربەخۆ و ڕاستەوخۆ لەگەڵ دەرباری سوڵتانی عوسمانی باس و خواس بکا و لەگەڵ والی بەغا و کەسانی تر کە لەلایەن حوکومەتەوە پایە و پلەیەکیان هەبووە، لە پێوەندی گرتن لە گەڵیاندا بێزار بووە. کاتێ کە سلێمان پاشا والی بەغا لە پەیڕەوی کردن لە دەستوری حوکومەتی عوسمانی ملی بادا، داوایان لە ئەوڕەحمان پاشا کرد کە وەزارەت و هەڵسوڕاندنی کاروباری بەغا بگرێتە ئەستۆ؛ بەڵام لەبەر ئەوەی بیر و باوەڕێ فرە بەرز و قووڵ و بێ‌بنی هەبو، ئەو کارەی نەگرتە ئەستۆ و فرە بە ئاشکرا و ڕاشکاوی وتی: ڕاستە بە وەرگرتنی ئەو بەرپرسی‌یە، دەگەمە پلەی وەزیری، بەڵام بەو حاڵەشەوە ناتوانم دڵ لە ڕوانگەی جوان و خۆڕسکی دڵگیری نیشتمانی خۆم بەردەم. تەنانەت دەبێ بڵێم: ئاو و خاک و نیشتمانی کوردستانی خۆم بە پاشایی جیهان ناگۆڕمەوە و کوردستانم لە هەمو شت و لە هەمو دنیام خۆشتر دەوێ. (بڕوانە مەشاهیری کورد، بابامەردۆخ ڕۆحانی، شیوا ج ۳، چاپی سروش ۱۳۷۱ هەتاوی، تاران، پەڕەی ٤٦٥.) ئەمەیش هەندێ لە بەیتی عەلی بەردەشانی کە بە ئەوڕەحمان پاشای بابانی‌دا هەڵگوتووە، ئەم بەیتە شاکارێکی کەم وێنەیە و دوڕی سەر خەزێنەی بەیتە جوانەکانی کوردیە. عەلی بەردەشانی کەسێکی وایە کە حاجی قادری کۆیێ شاعیری مەزن و نیشتمانی و نەمری کورد، ئاوای باس کردووە:

«دو عەلین، شاعیرن وەکو حەسسان      بەردەشان و حەریرە مەسکەنیان»

بەڵێ: عەلی بەردەشانی بەو هەستە پاک و نیشتمان‌ویستی و کوردایەتی کردنەی کە لەو دەکاڵێتەوە لە پەسنی ئەوڕەحمان پاشای بابان‌دا فەرمویەتی:

پاشای بابان جیهانگیری / وەک ڕۆستەمی زاڵی پیری
تەحا بە ڕاو تەکبیری / ڕا نا بوێرێ بەرەزیلی:
ناکەم خزمەتی وەزیری / نانی دەستێنم بە شیری!

Dr.Saleh Ebrahimi



بەراستی لەم نیوە شیعرەی دوایی‌دا هەرای کردووە. دەڵێ: قسەی ئەو مرۆ سیاسیە مەزنەیە، کە وتویەتی:« حەق لە لولەی تفەنگدایە» ؟ ـ حەق و ماف دەسێندرێ، نادرێ. عەلی بەردەشانی دەڵێ: بەیتێ دەڵێم بە دیوانی / مەدحی پاشای کوردستانی / هەرجارێ شیری دەکێشا / هەموی دەهاتنە تەماشا / عالەم ئالایە: (عالەمەرا) چاوەشە / مەردە عەبدوڕەحمان پاشا / بە شیر نەبێ پێک نایە / دەوڵەت نایەتە ردایە / ناچمە سەفەری لەحسایە / یاغی دەبم لە بەغدایە / هەر کوڕە بەبەینە هەڵلا! / بەبە هاتن بە لێمشت (لێشاو و لافاو) / پاشای بابان سەردار بو / سەد وەک وی خزمەتکار بو. (بەردەشانی) .

٨ تایفەی بابان لە شاری سنە ٣ تیرەن- پاشایانی بابان، بەگەکانی بابان، ئاغابانی بابان. لە پاشاکانی بابان لە سنەدژ کەسێ باقی‌نەماوە، جگە لە برایم‌بەگ میر. باوکی عەبدوڵڵاخان و حەسەن‌بەگ سەر زنجیرەی ئەو تایفە سلێمان‌پاشای بەبەیە کە لە ئاخری سەدەی یازدەی مانگی لەناوچەی شارباژێر و شارەزور و دەورەوبەر حوکومەتیان هەبووە و زۆربەی کات لەگەڵ ئەردەڵانەکاندا پێک‌هەڵپژانیان هەبووە.

لە سلێمان‌پاشا ٢ کوڕ هەبووە. ١- محەمەد پاشا باوکی خانەپاشای باوکی عەلیخان کە لە سنە لە ساڵی ١١٣٢ تا ساڵی ١١٤٢ باوک و کوڕ لە سنەدژ حوکومەتیان کردووە. ٢- خالید پاشا کە لە مەندەلی کوژراوە. لە خالید پاشایش ٣ کوڕ هەببوە: ئەحمەد پاشا، محەمەد پاشا و سلێمان‌پاشا دامەزرێنەر و بنیات‌نەری شاری سلێمانی کە لە ١١٩٩ ئەوێی ئاوەدان کردۆتەوە و بەناوی خۆی ناوی ناوە.-

ئەم سلێمان‌پاشایەش ٢ کوڕی بەناوی عەبدوڕەحمان پاشا و عەلیخان هەبووە- عەبدوڕەحمان پاشایش ٥ کوڕی هەبووە: سلێمان‌پاشا، ئەحمەد پاشا، عەبدوڵڵا پاشا، عومەر بەگ و مەحمود پاشای باوکی عەلی پاشای باوکی حوسێن بەک میر، باوکی برایم بەگ میر کە قسەی لێکرا.( پەڕەی ٤٠تا ٣٩ کتێبی تاریخی مەردۆخ ئایەتوڵڵا شێخ محەمەد مەردۆخ کوردستانی ج ٢ چاپخانەی ئەرتەشی ئێران بێ تاریخ (شەپۆل).

Dr.Saleh Ebrahimi



# کوژرانی سلێمان پاشای بابان و عەللامە بیتوشی

مەلا عەبدوللابیتوشی لەسەر لاپەڕەی سەرەتای کتێبی: (بە هجەی مەرزیە)ی خوێدا، بەدەسخەتی خوێ نوسیویەتی: لەساڵی ١١٧٨ مانگی فەقێ (برایم) ناوێ کە خەڵکی کۆێ بووە، سلێمان پاشا ـ ی کوڕی خالید پاشای بابانی لە خەودا لە قەڵا چواڵان لە بان کورسی پاشایی لە ماڵە خوێدا کوشتووە. جێی ورد بونەوەیە، کە بیتوشی ئەو هەمووە خزمەتەی بەزمان و ئەدەبیاتی عەرەب کردوە، بۆچ؟ سەبارەت بە پاشایانی بابان شتێکی نە نوسیوە و هەر بەو چەن واژە یادداشتە بەسی کردوە. (جائەوەیە کە دەڵێن: کورد، هەرچی کردوە بە ناوی عەرەب و ئیسلام و ئێران کردویەتی). ـ ئەوکارە ساتە، بە مجوّرە بووە کە **سلێمان کوڕی ماوەند بەرەسمی لە ساڵی ٩٧٩ مانگی دا پاشایی حوکومەتی بابانی گرتوّتە دەس و تا ٣ سەدە پاشایی و دەسەڵاتی بنە ماڵەی بابان بەردەوام بووە** (بڕواننە هەر ئەم باسی دەوڵەتی بابانە، پەرەی ٣٧) سلێمان پاشا ـ ی بەبەی کوڕی ماوەند، میرنشینەکەی بردوّتە قەڵا چوالان و چاودە برێتە خانو بەرەکەی (عومەراغا)ی کوری (: وەسیم ئاغا) کە یەکێ لە **حاکمانی میرنشینی بلباس** بووە، کە لە ساڵی ١٠٦٨ مانگی و ١٦٥٧ ز ـ حوکومەتی ئێران و عوسمانی هێرشیان بۆ سەرمیرنشینی (میرخوسرەو)ی کوڕی میرسوبحان، کوڕی **سلێمان کوڕی سوراغای بلباس بردوە** کەئەم سواراغایە لە ١٠٤٤ مانگی و ١٦٣٤ ز ـ **نازناوی حوکمداری شارەزوری هەبووە و (سلێمان و سوبحان و خوسرەو)** ئەم ٣ برایە بۆ ماوەی ٢٤ ساڵ زیاتر بە ناوی **ئەمارەتی بلباس حوکومەتیان بەدەس** بووە و میرخوسرەو، لە هێرشی حوکومەتی ئێران و تورکی عوسمانیدا شەهید کراوە و کورەکانی میرخوسرەو (: مەسعود، حەسەن و ئیبراهیم) دەچنە دەوروبەری قزڵجە و (وەسیم) کوڕەکەی دیکەیشی چوّتە، قەڵا چوالان، وەسیم ٨ کوڕی بەمناوانە (: عومەر، واشە، ئیبراهیم، موحسین، نورەدین، کاکە، شێخ یەحیا و ئەحمەد)ی هەبووە. شەوێک لە ناکاو **سلێمان بەبە، هێرش دەکاتە سەر عومەراغا و خانوبەرەکەی داگیر دەکا و عومەراغاو** (: عەباس، تاهیر و تەلحە)ی کوڕیشی دەکوژرێن و (٤ کورەکەی تری عومەراغا (: عەلی، مامەند، شاوەیس و ئیبراهیم و عایشەی کچیشی ئاوارە دەبن. مامەندو شاوەیس

Dr.Saleh Ebrahimi



و ئیبراهیم، رو دەکەنە دەورو بەری شاری (سنە) و ئێستا، نە وەو نەوەزای ئەوان لە دێی (: موژەژ) لە نیزیک شاری سنە دەژین و زیاتر لە (۳۰۰) خێزان دەبن و بە خێڵی (شاوکە) ناو دەبرێن و میرزا حەبیبوڵلا ریش سپیو مەزنیانە و **عەلی کوڕی عومەرا** غـایش چوّتـە گوندی (: قانیجە)ی شارە زور و عایشەی کچی عومەراغاکە منال بووە، میرزا محەمەد ناوێ بردویەتە ئاوای (: قەشان) و لە ماڵە خوّی بەخێوی کردوە و لە تەمەنی ١٦ ساڵیدا بە رەزامەندی براکانی لە حاجی ئەحمەد ـ ی کوڕی خوّی مارەی کردوە (لەوە دەچێ ئەو میرزا محەمەدە خزمی عومەراغابوبێ) و لە دوای سـاڵی ١١١٢ مـانگی عـەلی کـوڕی عومەراغا، کە دە (١٠) کوڕی بەمناوانە: (جەلالەدین، حەسەن، وەیس، عەبدوڵلا، خالید، ئەحمەد، محەمەد، مەحمود، وەلید و ئیبراهیم)، دەبێ. ئەم **ئیبراهیم - ی کوری عەلی نەوەی عومەراغا** کە خانوبەرەکەی عومەراغابە دەستوری سلێمان پاشای کوری ماوەند لە قەلا چوالان داگیر کراوەو کوژراوە، دەچێتە بەر خوێندن و سەرەنجام بە فەقێ یەتی دەچێتە فێرگەی قەلا چوالان بە ناوی (فەقە برایم)ی کوێێ و دوای ماوە یەک دەچێتە گوندی (قەشان) بوّ دیدەنی پورەعایشەی، لەوکاتەدا (عایشەخانم) پیروچرچ بوو، بەسەر فەقێ (برایم) داگریاوە و ئەوکارەساتەی بوگێراوەتەوە. دیارە لەپێشیدا ئەوکارە ساتەی لە باوکی بیستبوو لەدڵی خوێدا پیشی خواردوّتە وەو لەگەڵ پـوریدا نـەخشەی کـوشتنی سلێمان **پاشا ـ ی** کوڕی خالید پاشا ـ ی بابانیان دارشتووە، بە مجورە: **فـەقێ (بـرایـم)** بگەرێتەوە حوجرەی فەقێیانی قەلا چوالانو عایشەخانمی پوریشی بچێتە قەلاچوالان و لە ماڵی میرببێتە کارەکەرو فەقێ برایم بە بوّنەی پـوریەوە، هـاتوچوّی ئـەوێ بکـاو لە فرسەتێکدا، میربکوژێ، جا ئەوە بووەکە لە ساڵی ١١٧٨ مانگی و ١٧٦٦ ـ ١٧٦٥ ز ـ سەرەنجام **فەقێ برایم لە توّڵەی عومەراغای** باپیریدا، لە شەوێکدا، **سلێمان پاشاکـوڕی خالید پاشا** ـ ی بابانی لە نێو پێخەفی خەودا، کوشتووە، کە ماوەی ١۴ ساڵ حوکومەتی بابانی بە دەس بووە و یەکێ لە هەرەمیرە ئازاو بوێرەکانی بابان بووە (بروانە دەسخەتی مەلا عەبدوڵلا بێتوشی، هەروا بروانە شێخ مارف نوّ دبێی پـەرەی ١٧، مێژوی هوّزی بلباس هەرئەوێ. (شەپوّل).

Dr.Saleh Ebrahimi



## بێتوشی

پرزانا ئەدیبی عەبقەری بێتوشی، عەبدوڵلا کوڕی محەمەد، شافیعی مەزهەب و شاعیری سەدەی ١٢ی مانگی و ١٨ی زاینی کە بە سێ زمانی عارەبی، فارسی و کوردی شیعری داناوە. باشترین سەرچاوە سەبارەت بە بێتوشی، کتێبێکە بە ناوی ئەلبێتوشی، کە زانای ناودار شێخ محەمەدی خاڵ لە ٣٠١ لاپەڕەدا نوسیویەتی. ئەو سەرچاوە و بەڵگانەی کە جگە لە بەرهەمەکانی بێتوشی لە بەردەس خاڵدا بون (بۆ وێنە بڕوانە لاپەڕەی ١٠٨، ١٠٩، ١٢، ١٢٣) یان نوسراوەکانی بێتوشی کە خۆی لەسەر ژیان، یان سەفەرەکانی خۆی و دۆستانی و یان ساڵی نوسینی ئەو کتێب و بەرهەمانەی کە خۆی نوسیویە (بۆ وێنە بڕوانە هەر ئەو سەرچاوەی پێشو٢٣). سەرچاوە فارسی‌یەکانیش لێی خافڵ نەبون و بەناوی پارسی‌بێژی کورد ناویان تۆمار کردوە (بڕوانە حیرەت، شاعیرانی...١٤٧).

خاڵ لەدایکبونی ئەوی بە ساڵی ١١٣٠ـ ١١٤٠ی مانگی و ١٧١٨ـ ١٧٢٨ی زایینی داناوە. (هەر ئەوێ ١٦ـ١٧. هەروا بڕوانە مودەڕیس ٢٥٠) بەڵام زەرەکلی (١٣١/٤) بە پشت بەستن بە نوسەرانی دیکە، لەدایکبونی ئەوی بە ساڵی ١١٦١ی مانگی و ١٧٤٨ی زاینی داناوە.(بۆ وێنە بڕوانە ئیبراهیمی‌شەپۆل ١٧١، زەکی ٣٧/٢،حیرەت‌پارسی‌بێژانی‌کورد ٥٢).

عەللامە بێتوشی خەڵکی گوندی بێتوش، سەربە شاری سەردەشت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوە کە دەکەوێتە نێوان ئالانی ئەمدیو و ئالانی باشوری کوردستان. بە ئالانیش ناوی بێتوشی براوە، چونکا باب و باپیرانی لە دێی خانخەل کە لە باشوری خۆرهەڵاتی بێتوش‌دایە، ژیاون و بە خانخەلیش ناو براوە. (خاڵ، هەر ئەوێ ١١ــ١٢، بەیتار ١٠١٥/٢، مودەڕیس هەر ئەوێ، عەزاوی، تاریخی عێراق...٣٦/٦).

سەردەمی زارۆکی و منالی و مێرمنالی لە بێتوش لای باوکی ڕابواردوە. بە ڕەسمی باوی ئەو سەردەمە، لە سەرەتاوە قورئان و کتێبە وردیلەکانی زانستی عەرەبی و فارسی (گولستانی سەعدی) خوێندوە؛ بێتوشی لە کاتی مردنی باوکیدا ١٥ ساڵ تەمەنی بوە و دەچێتە گوندی سنجوێی لای سەردەشت و لای پڕ زانا مەلا محەمەد ئیبن‌حاج، دەس

Dr.Saleh Ebrahimi



دەکا بە خوێندن و پاش ماوەیەک دەچێتە فێرگەی دێی ماوەران لای هەولێر و لای پڕ زانا ( سیبغەتوڵڵا ) ئەفەندی حەیدەری ، درێژە بە خوێندن دەدا و لای ئەو گەورە زانایە، فرەتر فێری عیلم و زانین دەبێ و لەوێشەوە دەگەڕێتەوە جێی لەدایکبونی (خاڵ هەر ئەوێ ١٧_١٩، مودەڕیس٢٥، مەردۆخ١/٢٧٦_٢٧٧) و لەوێوە بەرەو بەغا دەڕوا. (شێخۆ ٩٣/١، بەحری ٥٧).

دەگێڕنەوە کاتێ بێتوشی لێدەبڕێ کە بچێتە شاری بەغا، تەنیا دارایەکەی کە کتێبی قاموسولموحیت بوە، دەیفرۆشێ تا خەرجی ئەو ڕێگایەی بکا. بەڵام بەرلەوەی بیفرۆشێ ئەو واژەنامە عەرەبییە پڕە، لەبەر دەکا و لە مێشکی خۆیدا ڕایدەگرێ (خاڵ هەر ئەوێ ١٥، ئیبراهیمی شەپۆل ١٧٤، حیرەت هەر ئەوێ).

لە بەغا دیسان لای پڕ زانا سیبغەتوڵڵا ئەفەندی حەیدەری لەسەر خوێندن بەردەوام دەبێ. پاش ماوەیەک لەوێوە دەچێتە بەسرە و لەوێشەوە دەچێتە کوەیت و چەن وڵاتی دەوروبەری کەنداوی فارس (مودەڕیس ٢٥٢، حیرەت هەر ئەوێ). پاشان دەچێتە ئیحسا و بۆ ماوەیەک لە فێرگەی شاری موبەڕەز - ی ئیحسا دەس دەکا بە وانە وتنەوە (خاڵ هەر ئەوێ ١٥، ٢١. مودەڕیس هەر ئەوێ. مەردۆخ ٢٧٧/١). پاشان دەگەڕێتەوە بۆ بێتوش و دوای ماوەیەکی کەم لە ١٨٠ی مانگی و ١٦٦ی زاینیدا دەڕواتە بەسرە و بۆ ماوەیەک لای ئەحمەد کوازی عەبباسی، مایەوە و دیسان گەڕایەوە بۆ ئیحسا. بەڵام دوای شەش ساڵ، ئەوینی نیشتمان لە دڵ و دەرونیدا گڕی گرت و بەرەو دێی بێتوش گەڕایەوە و زانایانی ئەو دەڤەرە فرە بە گەرمی و بە ڕێزەوە، پێشوازیان لەو پڕزانایە کرد و کارە زانستی و نوسراوەکانی خۆیان، بەو زاتە پڕزانایە نیشان دەدەن و ئەویش ئافەریننامەیان بە شیعر و پەخشان ، بۆ دەنوسێ. بۆ وێنە بڕواننە ئافەریننامەی پڕزانا بێتوشی کە لە سەر کتێبی ئەلبەدیعیەی محەمەد عومەری موسڵی نوسیویەتی، کە پڕ و تەژییە لە وردەکاری و وێژە و وێژەوانی (خاڵ هەر ئەوێ ٢٦٦_٢٨٣).

Dr.Saleh Ebrahimi



بێتوشی لەوێوە دەڕواتە زیارەتی ئیبن‌حاج ماموستای خۆی لە دێی هەزارمێرد و لەوێ ئافەرین‌نامەیەک لە سەر کتێبی( ئیقاد و ضرام) ـ ی مامۆستا ئیبن‌حاج دەنوسێ (هەر ئەوێ ٣٠، مودەڕیس ٢٥٤).

یادداشتەکانی پرزانا لەسەر نوسراوەکانی خۆی، ئەوەمان بۆ ڕون دەکاتەوە کە بێتوشی لە ماوەی سەفەرەکانی خۆیدا خەریکی نوسین و دانانی کتێب بوە. چونکا ئەو زاتە لە کۆتایی هەر کتێبێکدا کە نوسیویەتی، ئاماژەی بە سالی نوسین و شوێنی ئەو نوسراوەیە کردوە ( بۆ وێنە بڕواننە خال هەر ئەوێ ٢٣ـ٢٥، ٢٨ـ٢٩. مودەڕەیس ٢٥٤ـ٢٥٥).

لە ١١٨٨ی مانگی و ١٧٧٤ی ز، پرزانا بێتوشی بۆ جاری سێهەم چۆتە شاری بەغا و لەوێشەوە چۆتە شاری بەسرە و تا ١١٨٩ی مانگی، لە فێرگەی ڕەحمانیە، خەریکی وانە وتنەوە بوە و هەر لەو ساڵەدا بوە کە سادق‌خانی زەند، لە ئێرانەوە هێرش دەباتە سەر بەسرە و بۆ ماوەی ١٦ مانگ شاری بەسرە لە ئابلۆقەی ئەودا قەتیس بوە و بێتوشیش بە ناچار لەوێ دەمێنێتەوە. تا کۆتایی سالی ١١٩٠ی مانگی کە بێتوشی لە تەمەنی ٥٠ـ ٦٠ سالیدا بوە، توانیویەتی بڕواتە ئیحسا (خاڵ، ئەلبێتوشی ٣١، مودەڕیس ٢٥٤، مەردۆخ هەر ئەوێ).

لەو ڕۆژگارەدا کە بێتوشی لەوپەڕی پێگەیشتن و تێگەیشتنی زانستیی خۆیدا بو، کتێبی ئەلکیفایەی خۆی بە نەزم و هۆنراوە، داناوە و پێشکەشی کردوە بە شێخ عەبدوللا بن محەمەد ئەنساری، حاکمی ئیحسا و ئەویش فرە ڕێز و حورمەتی بۆ بێتوشی داناوە و باری ژیان و بژێویی ئەوی دابین کردوە و بێتوشیش ئەوەندەی دیکە ناوبانگی بلاو بۆوە.

پرزانا بێتوشی لەگەل کچی عەبدولقادر قازیی لە ئیحسا، زەماوەندی کرد (خال هەر ئەوێ.٣٠ـ٣٣. مودەڕیس ٢٥٤ـ٢٥٥). بێتوشی لە ریسالەی ئەلعیراقیەی خۆیدا ئاماژەی بەوە کردوە. (حامید ٣١٤).

بێتوشی لە کۆتایی تەمەنیدا لە ئیحساوە دەچێتە بەسرە و هەر لەوێش، بەرەو لای خوا بارگەی تێک ناوە و لە قەبرستانی حەسەن بەسری‌دا نێژراوە. برواری وەفاتی بێتوشیان لە نێوان سالانی ١٢١٠ تا ٢٢١ی مانگی ،١٧٩٥ تا ١٨٠٦ی زاینی داناوە (زەرەکلی ٣١/٤.

Dr.Saleh Ebrahimi



خاڵ هەر ئەوێ ٣٤، شێخۆ ٩٤/١، زەکی ٢/ ٣٨، مودەڕیس ٢٥٦، ئیبراهیمی شەپۆل ١٧٥، مەردۆخ ٢٧٧/١ـ ٢٧٨).

یەکێ لە فەقێکانی بێتوشی، عوسمان بن سیند وائلی بەسری‌یە کە لە نوسراوەکانی خۆیدا لە کتێبی سەبائیک عەسجەد و لە کتێبی ئەیفائەلمروارید، لە سیلسالی ئەحوالی ئەلئیمام خالید، یادی مامۆستاکەی خۆی کردۆتەوە و شینی بۆ مردنەکەشی گێڕاوە (ئیبراهیمی شەپۆل هەر ئەوێ و خاڵ هەر ئەوێ ٣٤ـ٣٧).

ئەو زاتە لە رۆژگاری لاویدا هۆگری شیعر و هونەر بوە و چونکە هۆگریی بە سۆفیگەری و عیرفان بوە، جاربەجار لە شیعرەکانیدا خۆی بە دەروێش ناو بردوە. (هەرئەوێ ٢٢. بەیتار ١٠١٥/٢).

دەڵێن بێتوشی لە تەمەنی گەنجیدا کتێبی ئەلکافی لە زانستی عەروز و قافیەدا بە شیعر داناوە تا قەریحە و زەوقی خۆی لەو بوارەدا تاقی بکاتەوە (ئیبراهیمی شەپۆل ١٨٢. خاڵ هەر ئەوێ ٧٢ـ ٩٦).

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شیعری بێتوشی کەڵک وەرگرتنە لە هونەر و وردەکاری‌یەکانی شیعر، بۆ نمونە کەڵک وەرگرتن لە ئیستیعارە، جیناس، تەزمین، تەوریە، تەشبیهـ و هەروا کەڵک وەرگرتن لە واتای بەدیع. بێتوشی لە بواری ئەستێرەناسیشدا شارەزا بوە. شێوەی شیعری بێتوشی هەر وەکو شاعیرە کۆنەکان بە شین و زاری بۆ شیو و دۆڵ و تەلان و دەشتایی، دەسی بە هۆنینەوەی شیعر کردوە (هەر ئەوێ ٧٧ـ ٨٤).

لە شیعرەکانیدا دەکرێ ئاماژە بە قەسیدەی ناوداری ئەو، لە پەسنی نیشتمانی زێدی بێتوش و قەسیدەی دیکەی ئەو زاتە بکەین کە لە شاری بەغدا دایناوە (هەرئەوێ ١٢ت١٤، ٢٢٦. بەسری ٥٧ـ٥٨. ئیبراهیمی شەپۆل).

بێتوشی فرەترین ئەشعاری مەدیحەی بە حاکمی ئیسحا پێشکەش کردوە. جارجارەش بە بۆنەیەکەوە ئەو جۆرە شیعرانەی داناوە؛ بۆ وێنە قەسیدەیەکی لە ٢٨ بەیتدا بە بۆنەی جەژنی رەمەزانەوە داناوە (خاڵ هەر ئەوێ ١٤٦ـ١٤٩. ئەنساری ٣٤١/١ـ٣٤٢) و

Dr.Saleh Ebrahimi



قەتعەیێکیشی لە ١٥ شیعردا بە بۆنەی سەفەری حاکم بۆ بادیە داناوە (خـاڵ هـەر ئـەوێ، ١٤٦_ ١٤٩. ئەنساری ٣٤٢/١) و هەروا بۆ پەسنی دیکە بە بۆنەی‌ترەوە (٣٥٢، ٣٤٥، خاڵ هەر ئەوێ ١٥٧_١٧٣). حاکمی ئیحسـایش کـە ئـەدیب و شـاعیر بـوە، جارجـار وەڵامـی بێتوشیی بە شیعر داوەتەوە و ستایشی پڕزانا بێتۆشیی کردوە. (بۆ وێنە بڕوانە هەر ئەوێ ٣٢_٣٣ ١٧٣، ١٧٥، ١٨٧، ١٩٠. ئەنساری ٣٤٧/١_٣٤٨، ٣٥٢_ ٣٥٦).

یەکێکی دیکە لەو کەسانەی کە لە پەسنی بێتوشیدا شیعری داناوە، سەعدون بن عەرعەر، حاکمی پێشوی ئیحسـایە (هەرئـەوێ ٣٨٨/١ــ٣٩٩) و ئەحمـەد بـن محەمـەد بـن رزق (هەرئەوێ ٢١٠_٢١٥. ئەنساری ٣٨٦/١_٣٨٨) و ئەحمەد بن دەروێـش کـوازی عەبباسـی (خـاڵ هەرئـەوێ ٢١٦ــ٢٢٣. ئەنسـاری ٣٨١/١ــ١٣٨٥). هـەروەها بێتوشـی خـۆی لـە قەسیدەیەکی سوداسی لە بەحری کامڵدا، کـە داگـری ١٧ قەسـیدە و ١١ قەتعەیـە، روی کردۆتـە ئـیبن حـاج، مامۆسـتای خـۆی و پەسـنی ئـەو زاتـەی داوە (خـاڵ "قەسـیدە" ١٣٨_١٥٥).

خالی: گرینگ و سەرنجڕاکێش لە بابەت بێتوشییەوە، ئەوەیە باوەکو بێتوشی بە عـەرەبی خوێندویە و بە عەرەبی وانەی وتۆتەوە و لەنێو عەرەبدا ژیاوە، لە زمانی کوردی غافڵ نەبوە و هەروەکو بە شیعر فەرمویەتی:

**" لە دیباچەی کیتابی حوسنی عالەم هەر وەرەق لادەم       دەبینم مەحبەسی وەسفت لە هەر فەسڵێ و لە هەر بابێ "**

(گۆڤاری گەلاوێژ ١٩٤٥ی ز - ژمارەی ١) (بڕوانە مەردۆخ ٢٨٢/١) . بابا مەردۆخ رۆحانی لای وایە ئەم شیعرە کوردییە لەو شیعرەی سەعدی وەرگیراوە کە دەیبینن:

**" برگ درختان سـبز در نظر هوشـیار       هر ورقش دفتری‌است معرفت کردگار "**

(خاڵ هەر ئەوێ). بێتوشی جارجاریش بە فارسی شیعری هۆنیوەتەوە. قەسـیدەیەکی ١٣ شیعری بە بۆنەی لەدایکبونی یوسف شێخە بەگ، لە ١١٥٥ی مانگی و ١٧٤٢ی زاینی بـە فارسی داناوە (هەرئەوێ ئەلبێتوشی ٨٧_٨٩). بێجگە لەوە شەش چوارینـە و پێـنج تاکـە شیعری ئەو بە فارسی لە سەرچاوەکاندا ناوبراون (هەرئەوێ ٨٩_٩٢. حیرەت ٥٣ت٥٤.

Dr.Saleh Ebrahimi



عەللامە بابامەردۆخ. ئیبراهیمی شەپۆل ١٧٦_١٧٧ و مەردۆخ ١/٢٨٢_٢٨٣). خاڵ لای وایە واتای هەندێ لە شیعرە عەرەبیەکانی بێتوشی لە شیعری فارسی وەرگیراون (هەرئەوێ ٧٩). پەخشان و دەقی بێتوشی بە پێی دابو دەستوری ئەو سەردەمانە سەخت و رەق و زەردلان و بەردەڵان بوە و هەر لەبەر سەختی و دژواری فرە جێی سەرنج بوە. نوسراوەکانی بێتوشی لە رەساییلەوە بیگرە تا ئافەرین‌نامەکان و نەزم و دەق و شیعر و راڤە، هەمویان بە بایەخ و پڕناوەڕۆک بون. یەکێک لەو ریسالانە کە بۆعەبدوڵلا بن سیبغەتوڵلا حەیدەری ماوەرانیی نوسیوە، "ریسالەی عیراقیە"یە کە لە ١١٩٧ی مانگی و ١٩٢٣ی ز ـ نوسراوە و لە گۆڤاری ئەلیەقین ١٣٤١ مانگی و ١٩٢٣ی ز- سالی ١ ژمارەی ٢، لە چاپ دراوە (خاڵ هەرئەوێ ٢٢٦_٢٥٣).

یەکێکی دیکە لەو نامانەی کە بێتوشی بۆ سلێمان بەگ شاوی، یەکێک لە کاربەدەستە گەورەکانی بەغای نوسیوە، لەو نامەیەدا داوای لێکردوە کە بۆ رزگار کردنی بەسرە هاوکاریی بکا (بۆ دەقی نامەکە بڕوانە هەر ئەوێ ٢٥٤__٢٦٣). لە نامەکانی دیکەیدا قسەی لەگەڵ ئیبن حاج و عەبدوڵلا ئەفەندی حەیدەری کردوە (هەرئەوێ ٢٦٣__٢٦٦. ئەنساری ١/٣٥٧_٣٨١. عەزاوی تاریخی ئەدەب ...٢/٢١٩__٢٢٠، ٢٩٦__٢٩٧ "پەخش و دەق..." ٢٧٥_٢٧٦).

سەرەڕای ئەمانە پڕزانا بێتوشی بۆ ئاسانکاری فێرکردن و بارهێنان، هەندێ لە پەخشان و دەقەکانی وانەی کردۆتە شیعر و بە نەزم بەیانی کردوە (خاڵ هەرئەوێ ٩٥). بۆ وێنە موئەنەس: مێیینە سەماعی‌یەکان، مەسدەرەکانی شاز، جۆری نوسینی واژەی ئیبن، نیشانەی فیعل: فەرمان، ئەسمای خێڵ: ئەسمای زیافەت. خاڵ ئەو مەنزومانە بە ١٢ دانە ناو دەبا کە ژمارەی شیعری هەریەکە لەوانە بە ٤ تا ٢٥ شیعر دادەنێ (هەرئەوێ ١٢٤_١٢٥).

**نوسراوە چاپکراوەکانی بێتوشی:**

١ـ کیفایەتولمەعانی. لە بەیانی پیتی مەعنا، مەعانی کە لە ١١٩١ مانگی و ١٧٧٧ز__ بۆ حاکمی ئیحسا لە ٦٢٧ شیعردا هۆنراوەتەوە. خاڵ تایبەتمەندیی ئەم نەزمە بەوە دەزانێ

Dr.Saleh Ebrahimi



کە لە شائیبەی عوجمە کـە یەخـەی عەجـەم و عـەرەبی موتـەئـەخیری گرتـووە، دورە. (هەرئەویٚ ١٠٩) ئەم کتێبە لە ١٢٨٩ی ١٨٧٢ی ز- لە ئەستەمبوڵ لەچاپ دراوە.

٢- سەرفولعینایە. بۆ کەشفی کیفایە، کورت کراوەی کتێبی ئەلحیفایەی بێتۆشی خۆیەتی کە لە ئیحسا لە ١١٨٩ی مانگی لە ٥٤٣ پەڕەدا نوسراوە. ئـەم کتێبـە لـە ١٩٢٢ی ز- لـە میسر لەچاپ دراوە. لەوە دەچێ هەر ئەم کتێبە بێت کە بـە نـاوی ئەلکینایـەی حەفییـە (لراغب الحیفایە) کـە لـە ١٢٨٩ی مـانگی و ١٨٧٢ی ز- لـە ئەسـتەمبوڵ لـەچاپ دراوە (هەرئەویٚ ١١٩.عەواد٢/٣٢٢. قیس٩٩/٣٩٩/١١ی ئا AG کە کتێبەکە بە ئەلکیفایـە حەفییـە لیراغیبی لحیفایە هێناوە).

٣- ئەلموفەکیرات لیکوللی زەنبین سابیقین و ئاتین: مەنزوومەیەکە لە ٤٩ شـیعردایە کـە لە ئیحسا لە ١١٩٤ی مانگی بە شیعر دانراوە. ئەم کتێبە لە ١٣٢٢ی مانگی و ١٩٠٤ ز- لە قاهیرە لەچاپ دراوە. بێتوشی ریسـالەی سـیوتی لـە ئەدعیـەی موسـتەجابە، بـە شـیعر هۆنیوەتەوە. ئەم کتێبە لە دوای کتێبی موفەکیراتی بێتوشی لەچاپ دراوە.

**نوسراوە خەتی‌یەکانی بێتوشی:**

١- توحفەی خەللان لە راڤەی ئەلغازی عەرەبیدا (تەئلیف ١١٩٠مانگی) کە بێتوشـی لـەوا ئەلغاز و ئەحاجی عەرەبی بەیان کردوە و راڤەی کردون (هـ.م) لـەم نوسـراوەدا ئـەلغازی کەسـانێ وەک زمەخشـەری، حـەریری و ئەبوعـەلا، شـەرح دراوە. (خـاڵ هەرئـەویٚ و ئیبراهیمی شەپۆل ١٧٨).

٢- حاشیە لەسەر شەرحی عەبدوڵلا بن ئەحمەد فـاکیهی لەسـەر قطرالنـدی.. نوسـراوی ئیبن هیشام لە زانستی نەحودا، لە ٥٤٥ پەڕە کە ١٢٠٩ی مانگی و ١٧٩٤ ز- دانراوە (خاڵ هەرئەویٚ ١٢٢، ئیبراهیمی شەپۆل ١٧٩، بەسری ٥٧). بەغدادی لە کتێبێکدا بەناوی کۆبە لەسەر تورە، ناوی بردوە (٤٨٧/١) کە لەوە دەچێ تەسحیفی ناوی ئەم کتێبە بێ.

٣- حەدیقەی سەرائیر لە نەزمی کەبائیر. بێتوشی تـەراجیحی زەواجـیری لـە ئیقـتیرافی کەبائیری ئیبن حەجەری هەیتەمی (د٩٧٤ ق) ی لە سـەردەمێکدا کـە سـادقخان زەنـد بەسرەی لە ئابلۆقەدا بوە (١١٩٠ مانگی)، بەم نێوە لە ٧٢٦شیعر هۆنیوەتەوە. ئەم مەنزومە

Dr.Saleh Ebrahimi



بە مادە تاریخی ساڵی ئابڵۆقەدانی بەسرە دوایی پێ‌دێ. بێتوشی لە ١١٩٥ی مانگی ڕاڤەیەکی لەسەر ئەم قەسیدە بەناوی تەریقەی بەسائیر بۆ حەدیقەی سەرائیر لە ٥٠٠پەڕە لە ئیحسا نوسیویەتی و لەو زەمانەی کە خۆی چۆتە بەسرە لە ١١٨٩ی مانگی و هەندێ ڕوداو کە لەو سەردەمەدا ڕویان داوە، هەروەک ئابڵۆقەدان و گرتنی بەسرە بە دەستی سادقخان زەند، باسی کردوە. بێتوشی لە دو قەتعەی جیاجیادا، ستایشی لەم شەرح و ڕاڤەی خۆی کردوە (خاڵ هەرئەوێ ١٠٠ـ ١٠٨. ئیبراهیمی شەپۆل هەرئەوێ. ئەلس ١٤٣ـ١٤٤).

٤ـ حیفایە لە تەوزیحی کیفایەدا. کە شەرح و ڕاڤەی مەنزومەی کیفایەیە و بێتوشی خۆی داینا‌وە و لە ١١٩١ی مانگی لە ئیحسا لە ٧٠ لاپەڕەدا نوسراوە و بە ٧٠٠ ئایەی قورئان، هەندێ لە نەهجولبەلاغە، فەرمودەی پێغەمبەر، پەند و ئەمسالی عەرەبی و ئەلغاز و ئەحاجی نەحوی، بەڵگە نیشان دراوە. بێتوشی لەم نوسراوەدا بە ٩٨٠ شیعر لە ئەشعاری شاعیرانی دیکە و بە ٦٥ شیعر لە شیعرەکانی خۆی بەڵگەی هێناوەتەوە (خاڵ هەرئەوێ ١١٤ـ١١٩. ئیبراهیمی شەپۆل ١٧٩).

٥ـ دیوان. زەرەکلی (١٣١/٤ و حامید پەڕەی ٣١٤). تەنیا بە گۆڤاری ئەلمەنهەل (١٣٧٥مانگی و ١٩٥٦ز– ئاماژەیان کردوە کە بۆ نوسخەیێ لە دیوانی بێتوشی لە کتێبخانەی شەخسی‌دا، ڕاگەیاندراوە.

٦ـ ئەلکافی لە عیلمی عەروز و عیلمی قافیەدا. بێتوشی لە ٣٢٧ شیعردا ئەم کتێبەی داناوە و لە سەرەتای لاویدا بۆ ئەزمونی زەوق و قەریحەی خۆی بە شیعر داینـاوە و لە سەرەتای قەسیدەکەوە بە هونەری خۆی کە زمانەکەی کوردییە و شیعرەکانیش بە زمانی عەرەبین دەنازێ و لە هەمان کاتیشدا عوزر دەهێنێتەوە و دەڵێ: « وَ إنْ تَجِدْ شَيْئاً خِلافَ الأدَب / فـالطَبع کـردِيٌ و هـذا عَرَبـي» (ئیبراهیمی شەپۆل پەڕەی ١٨٣ هەرئەوێ). خۆیشی شەرحێکی بەناوی ئەلوافی بیحەللی ئەلکافی لە سەر ئەم قەسیدە لە ١١٧٩ی مانگی لە فێرگەی سەیفیەی بێتوشی لە ١٥٠ پەڕەدا نوسیویەتی (خاڵ هەرئەوێ ٩٦ـ٩٧. ئیبراهیمی شەپۆل).

Dr.Saleh Ebrahimi



٧ـ ئەلموبەشیرات. راڤەیەکە لەسەر موفەکیراتی نوسراوی بێتوشی کە ١١٩٤ی مانگی لـە ٤٠ لاپەڕەدا هۆنیویەتەوە (هوتسما ١١٣. خاڵ هەرئەویٚ ١٠٨ـ ١٠٩. ئیبراهیمی شـەپۆل هەرئەویٚ).

٨ـ مەنزومەیەک لە بەیانی ئەفعال‌دا. لە ٥٥ شیعردایە کـە لـەودا بـە ٣٨٧ فیعلـی لازم و موتەعەدی ئاماژەی کردوە و خۆیشی شەرحێکی لەسەر نوسـیوە (خـاڵ هەرئـەویٚ ١٢٣. جبوری ٢٣٩/٣)

٩ـ مەنزومەیەک لە بەیانی ئەفعال‌دا لە ٧٧ شیعردا کە باسی ئەفعالی واوی و یایی کردوە و ١٢٢ فیعلی ناو هێناوە و خۆیشی شەرحێکی لەسەر نوسیوە (خاڵ هەرئـەویٚ ١٢٣ــ١٢٤. جبوری ٢٣٨/٣ـ٢٣٩).

١٠ـ مەنزومەیەکە لە ئەفعال و ئەسمای سولاسی (سیٚحەرفی) لـە ٧٢ شـیعردا کـە ٤٢٧ ئیسم و فیعلی تێدا هێناوە و ئەم نوسراوەی لە ١١٩٠ی مانگی لە کاتی ئابلۆقەی بەسرەدا بە شیعر داناوە و خۆیشی راڤەیەکی لەسەر نوسیوە. (خاڵ هەر ئەویٚ ١٢٤).

١١ـ مەوائیدی مەبسوتە لە فەوائیدی مەلفوتە. لە ١٥٠ شیعر کە لـەودا لـە کتـێبی وەک موزهیری سیوتی، قاموسی موحیت و دەستوری نەتەنزی کەڵکی وەرگرتووە (هـەرئـەویٚ ١٢٤ـ١٢٥. ئیبراهیمی شەپۆل ٨٠).

١٢ـ حاشیە و کۆبە لەسەر بەهجەی مەرزیە لە راڤەی ئەلفیەدا لە عیلمی نەحو و سەرفدا. بێتوشی لە کتێبی توحەفی خوللان‌دا راڤەیەکی لەسەر ئەم نوسراوە داناوە (خاڵ هەرئەویٚ ١٢٢. ئیبراهیمی شەپۆل ١٧٩). لـەو نوسـراوە نوسـخەیەکمان دەسـت نەکـەوتوە (خـاڵ هەرئەویٚ ).

**سەرچاوە:** *ئیبراهیمی محەمەد سالح ـ ئەلعەللامەتولئەدیبولعەبقەری ئەل‌بێتوشی ـ نەشـریەی زانستگەی ئەدەبیاتی ئیسفەهان ـ ١٣٤٥ هەتاوی سالی ٢ ژمارەی ٢ و ٣. / ئەنساری ئیحسـایی ـ محەمەد توحفەی موستەفید بە کۆششی حەمەدجاسر ـ ریاز ـ ١٩٨٢ی زاینی ./ بەسری مـیر ـ ئـەعلامی کـورد ـ لەنـدەن ١٩٩١ی زایـنی./ بەغـدادی هیدیـە ـ بـەیتار عەبـدولرەزاق ـ حیلیەتولبەشەر ـ بە کۆششی محەمەد بەهجەت بەیتار ـ دیمەشق ١٣٨٢ی مانگی و ١٩٦٣ی*

Dr.Saleh Ebrahimi



زاینی./ جەبوری عەبدوڵلا ـ فیهرس موحتەتاتی عەرەبی لە مەکتەبەی ئەوقافیلعامە لە بەغا ـ بەغا ١٩٧٤ی مانگی./ حامید عەبدوڵلا ـ شیعر لە جەزیرەی عەرەبی ـ ریاز ١٤١٤ی مانگی و ١٩٩٣ی زاینی./ حیرەت سەجادی عەبدولحەمید ـ شاعیرانی کوردی پارسی‌وێژ ـ تاران ١٣٧٥ی هەتاوی./ خاڵ محەمەد ـ ئەلبێتوشی ـ بەغا ـ ١٣٧٧ی مانگی./ هەر ئەو (قەسیدەیەک کە چەندین قەسیدەی جیاجیای بێتوشی لەخۆ گرتوە)./ مەجەللەی مەجمەعی عیلمی عێراقی ـ بەغا ١٣٧٥ی مانگی و ١٩٥٦ی زاینی ـ ج ٤، ژمارەی ١./ زەرەکلی ئەعلام ـ پەڕەی ١٣١، بەرگی ٤ چاپی ٦ی نوامبری ١٩٨٤ی زاینی./ زەکی محەمەد ئەمین ـ مەشاهیری کورد و کوردستان ـ تەرجەمەی ئانیسە کەریمە ـ بە کۆششی محەمەدعەلی عەونی ـ قاهیره١٣٦٦ی مانگی و ١٩٤٧ی زاینی./ شێخۆ لویس ـ ئەلئادابولعەرەبیە فی قەرنی نۆزدە ـ بێروت ١٩٢٤ی زاینی./ تەلس محەمەد ئەسعەد ـ ئەلکەششاف فی مەختوتاتی کتێبی ئەوقاف ـ بەغا ١٣٧٢ی مانگی و ١٩٥٣ی زاینی ./ عەزاوی عەبباس ـ تاریخی ئەدەبی عەرەبی لە عێراقدا ـ بەغا ١٣٨٢ی مانگی./ تاریخی عێراق لە نێوان ئیحتلالەین ـ بەغا ١٣٧٢ی مانگی و ١٩٥٤ی زاینی./ هەر ئەو دەقی ئەدەبی و سەرچاوەکانی ـ مەجەللەی عیلمی عێراقی ـ بەغا ١٣٧٣ی مانگی و ١٩٦١ی زاینی ـ ج ٩./ عەواد کورکیس ـ موعجەمولموئەلیفین ـ عێراقیین ـ بەغا ١٩٦٩ی زاینی./ محەمەد مەحمود ئەحمەد ـ فیهرس مەختوتانی مەکتەبی ئەوقافی ناوەندی لە سلێمانی ـ بەغا ـ مەتبەعەی بەغا ./ مودەڕیس عەبدولکەریم ـ زانایانی کورد لە خزمەت عیلم و دیندا ـ تەرجەمەی ئەحمەد حەواری‌نەسەب ـ تاران ١٣٦٩ی مانگی./ مەردۆخ ڕۆحانی بابا ـ تاریخی مەشاهیری کورد ١٣٤٦ ـ تاران و هەروا

*Gal, S, Houtsma, M.Cotalogued, Unecollecton Demanvsrits Arabecet Turcs, Leiden, 1886.*

ریزوان:دایەرەتولمەعاریفی بوزورگی ئیسلامی ـ ج ١٣ ـ چاپی ساڵی ١٣٨٣ی هەتاوی ـ تاران ـ پەڕەی ٣٢٧ تا ٣٢٩. (شەپۆل).

Dr.Saleh Ebrahimi



پڕزانا بێتوشی مەلا عەبدوڵڵائەبو محەمەد، ئالانی، خانخەلی ئیحسایی کوڕی شێخ مەلا محەمەد کوڕی ئسماعیل کوڕی ئیبراهیم عیزەدین ـە. ئالان گوندێکە لە نزیکی سەردەشتدایە. خانخەلی دێیەکە لە باشوری ڕۆژهەلاتی دێی بێتوشدایە و بە ئەندازەی دو سەعاتە ڕێی پیادە لە بێتوش دورە و مەلامحەمەدی باوکی بێتوشی لە دێی خانخەل لەدایک بوە و لە پاشان چونەتە بێتوش و شێخ مەلا محەمەد بۆتە مامۆستای دەرس‌بێژی ئەوێ و عالم و زانا و فازیل و ئەدەب‌زان بوە و هەروا شێخ مەلا مەحمود برا گەورەی مەلا عەبدوڵڵا بێتوشی لەباری هۆش و حافیزەوە، کەم‌وێنەبوە. بۆنمونە کە ئەو جوتە برایە، دەیانەوێ بۆ خوێندن بچنە بەغا، بێ دراو دەبن و تەنیا دارایی‌ەکەیان دو کتێب بوە ( قاموسی موحیتی فیروزئابادی واژەنامەی عەرەبی - توحفەتولموحتاج، شێخ ئیبنی حەجەر هەیتەمی مەککی لە عیلمی فیقهدا)، لە ماوەی چەند ڕوژدا شێخ مەحمود توحفە لەبەر دەکا و مەلا عەبدوڵڵاش قاموسەکە لەبەر دەکا. جا دوای ئەوە هەردو کتێبەکە بۆ خەرجی ڕێگا دەفرۆشن. ئەو جوتە برایە سەرەتا خوێندنیان لای باوکیان دەس پێکردوە و پاشان بە فەقێیەتی دەچنە دێی سنجوێی سەر بە سەردەشت و چەند ساڵێک لەلای ئیبنی حاج پڕزانا مەلا محەمەد مودەڕیس دەس دەکەن بە خوێندن و پاش ماوەیەک لەوێوە بۆخزمەت سیبغەتوڵڵا، عەللامە حەیدەری و لەوێشەوە بەرەو عێراق دەڕۆن و چەند فێرگە دەگەڕێن و سەرەنجام دەچنە ئیحسا. شێخ مەلا مەحمود لە فێرگەیەک و مەلا عەبدوڵڵای برایشی لە فێرگەیەکی دیکە دەبنە مامۆستا و مودەڕیس؛ تا ساڵی ۱۱۷۸ی مانگی و پاشان عەشقی نیشتمان هەڵیاندەگرێ و دەگەڕێنەوە دێی بێتوش و خەڵکی دەچن بە پیریانەوە و بە خوایشت و پاڕانەوە شێخ مەلا مەحمود لە جێی باوکی دەبێتە مودەڕیس لە بێتوش و تا مردن لەوێ خەریکی تەدریس و پەند و مەوعیزەدان دەبێ و مرۆڤێ پڕزانا و بە تەقوا و خاوەن ڕێز بوە.

مەلا عەبدوڵڵای برای لە نوسراوەکانی خۆیدا هەمیشە بە شێخی (شێخی من) و ئوستادی (ئوستادی من) ناوی ئەو زاتەی بردوە. مەلاعەبدوڵڵا بێتوشی تاڵی و سوێریی فرەی چەشتوە و دەستەنگ و بێماڵ و دراو بوە و لەبیری کۆکردنەوەی ماڵ و داراییشدا نەبوە.

Dr.Saleh Ebrahimi



ساڵی لەدایکبونی مەلاعەبدوڵلا بێتوشی بە ساڵی (١١٣٠ یا ١١٤٠ یا ١١٦٠ی مانگی) دانراوە. بەدرەدین عوسمان بن سند نەجدیی وائیلی (١٢٤٨-١١٨٠ی مانگی) کە یەکێ لە فەقێکانی بێتوشی بوە، لە کتێبەکەی خۆیدا (أصفي الموارد في سلسال أحوال الإمام خالد) پەڕەی ١٠٢ وەفاتی بێتوشی لە ساڵی (١٢١٠)ی مانگی داناوە و کەچی لە سەبائک المسجد، پەڕەی ٤ ساڵی وەفاتی بێتوشی بە ١٢١١ی مانگی ناو بردوە و پڕزانا و مێژونوسی کورد و کوردستان محەمەدئەمین زەکی و عەللامە مەلامحەمەد قزڵجی (تورجانیزادە) موفتیی بەغا، ساڵی (١٢٢١)ی مانگییان بۆ وەفاتی بێتوشی داناوە و هەندێتریش ساڵی (١٢٣٤)ی مانگییان بۆ وەفاتی بێتوشی داناوە.
بەدرەدین عوسمانی وائیلی فەرمویەتی: کە بێتوشی لە ئاخری ژیانیدا لە ئیحساوە چۆتە شاری بەسرە و لەوێ وەفاتی کردوە. هەرجۆر بێ، ئەگەر لەدایکبونی بێتوشی بە ساڵی ١١٤٠ی مانگی و وەفاتەکەیشی بە ساڵی ١٢٢١ی مانگی دابنێین، (ئەمە بیروڕای خەیرەدین زەرەکلییە کە بە پشتبەستن بە سەرچاوەیێ فرە ئەوەی ڕاگەیاندوە: ١١٦١ - ١٢٢١ی مانگی و ١٧٤٨- ١٨٠٦ی ز)، بێتوشی نزیکەی هەشتا ساڵ ژیاوە.
مێژو دەنوسێ: مەلاعەبدوڵلا بێتوشی بۆ جاری دوەم لە ساڵی ١٣٨٠ی مانگی دەچێتەوە ئیحسا و لە شاری بەسرە چەند ڕوژێک لای شێخ دەروێش کوازی عەبباسی دەمێنێتەوە و پاشان لە ڕێگەی دەریاوە بە کەشتی دەڕواتە ئیحسا و لە ساڵی ١١٨٦ی مانگی دوبارە دەچێتەوە بێتوش و پاش ماوەیەک لەوێوە دەچێتە زیارەتی ئیبنی حاج مامۆستای خۆی کە لە دێی "هەزارمێرد" مودەڕیس بوە و لەو سەردەمەدا شێخ مارف نۆدێیی بەرزنجی فەقێی ئیبنی حاج بوە و ناوی بێتوشیی بیستبو کە پڕزانایە و لە ئیبنی حاج مامۆستای تکا دەکات تا بێتوشی لێرەیە، با لە حوجرە میوان بێ و شەوانە شێخ مارف لە دەریای پڕ شەپۆلی شیعر و ئەدەب و بەلاغەتی ئەو کەڵک وەردەگرێ و لای ئەو زاتە شەوانە دەس دەکا بە دەرس خوێندن و لەکلکەی ساڵی ١١٨٨ی مانگی بێتوشی بە یەکجاری کوردستانی بەجێ هێشت و چوە بەغا و لەوێشەوە بۆ بەسرە و لە ١١٨٩ گەیشتە بەسرە و لە فێرگەی ڕەحمانییە، دەسی کردوە بە تەدریس و ئەوەنەی پێ نەچوە کە سادقخانی زەند

Dr.Saleh Ebrahimi



بەسرەی دەورە داوە و بۆماوەی ١٦ مانگ لە ئابڵۆقەدا بوە و بێتوشیش ناچار بەمان ما و لە ئاخری ساڵی ١١٩٠ی مانگی لە بەسرە دەرچوە و خۆی گەیاندۆتە ئیحسا و لەوێ بۆتە ماموٚستای دەرس‌بێژ و کیژی شێخ عەبدولقادر قازیی ئیحسای هێناوە و چەند کچی لێی بوە و بێتوشی لەوێش وەفاتی کردوە ونێژراوە.

سەرچاوە: ئەلبێتوشی شێخ محەمەد خاڵ ، بەغا (١٢٧٧ی مانگی) ـ تاریخی سلێمانی پەڕەی ١٦٩ ـ ئادابی عەرەبی لە سەدەی ١٩ و روبعی یەکەمی سەدەی بیست، ئەب لویس شێخ‌ویسوعی ، ٢٨٤ تا ٢٧٦ ـ مەتالیعی سعود لە ئەخباری والی داوود ـ ژیناوەری زانایانی کورد لە ... یا گەنجینەی فەرهەنگ و زانست، دوکتۆر محەمەدسالح ئیبراهیمی شەپۆل ، پەڕەی ٣٥٤ تا ٣٥٩، تاران، چاپی گوڵانی ١٣٦٤ی هەتاوی ـ مەهارەت و ئەعلام زەرەکلی ج ٤ چاپی ٦ی نوامبری ١٩٨٤ پەڕەی ١٣١ کە لەدایکبون و وەفاتی بێتوشیی بە (١١٦١ ـ ١٢٢١ی مانگی و ١٧٤٨ـ ١٨٠٦ی ز) داناوە کە لە ئیحسا وەفاتی کردوە ـ مەجەللەی مەنهەل ١٦: ٤٢٥ ـ تاریخی سلێمانی ٢٦٩ و موعجەم ئەلموتبوعات ١٢٩٦ ـ لە تاجدا : بێتوشی گوندێکە لای سەردەشت. بڕوانە مەجەللەی کۆڕی زانیاری عێراق ٤: ١٣٨ـ١٥٥. هەروا بڕوانە ناو لە کتێبەکانی‌تردا، لە باسی واژە و لۆغەتەوە، نوسراوەی کورکیس ٤٠ و بڕوانە زەرەکلی لە تاراوگە ١٨ـ٢٢ ـ زەرهکلی ج ٤ چاپی ٦ی نوامبری ١٩٨٨ی ز ، پەڕەی ١٣١. و عەللامە بابامەردۆخی رۆحانی ، تاریخی مەشاهیری کورد ج ١ پەڕەی ٢٧٤، سروش تاران ١٣٦٤... و زۆر کەسی دیکە لەدایکبون و وەفاتی بێتوشیان بە (١٧٤٨ـ ١٨٠٨ز و ١٢٢١ـ١٢٦١م) داناوە و عەللامە موفتی زەهاوی باوکی جەمیل سدقی زەهاوی شاعیر و فەیلەسوفی ناوداری کورد، کە سەیدمحەمەد ئالۆسی خاوەنی تەفسیری رۆحولمەعانی لە کتێبی غەرائیب ئیقتیرابدا "**موفتی زەهاوی**" بە سالیسی ئیمامی رافیعی و ئیمام نەوەوی داناوە کە هۆی شانازیی عولەمای بەغا بوە و مادامولعومر موفتی بەغا بوە. موفتی زەهاوی فەقێی عەللامە شێخ مارف نۆدێیی بەرزنجی بوە و نۆدێییش شانازیی بەوە کردوە کە لای عەللامە بێتوشی خوێندویەتی و لە دەریای پڕشەپۆلی عیلم و ئەدەب و وێژە و وێژەوانیی ئەو زاتە فرە فێر بوە.

Dr.Saleh Ebrahimi



جا هەر لێرەوەیە کە بێتوشی بە ئەبولعەلا موعەڕی لە شیعردا و بە سێبەوەیهی دانراوە. بێتوشی لە لوغەتی عەرەبدا قاموسی موتەحەریک و لە ئەدەبیات و لە زاراوەی مونشەئات و مەتن نوسیندا ساحیبی بن عوبادی دەوران بوە. بێتوشی ئەشعاری (**ئەلاحەییە بێتوشەن**) لە ئیحسا لە غەریبیدا بە یادی نیشتمانی لەدایکبونی خۆی لە پەسنی دێی بێتوشدا هۆنیوەتەوە و لە شەرحی سەرفولعینایە لە بن واژە و ناوی بێتوشدا ئەو شیعرانەی نەقڵ کردوە:

الا حَیِّ «بَیْتُوشاً» وَ اکْنَا فَهَا الَّتی    یَکادُ یُرَوِّی الصّادِیاتِ سَرابُها
مَرابِعُ یُزْری بِالعَبیرِ رَغامُها    وَ تَهْزَأُبِالظَّبی النُّفُورِ کَعابُها
«بِلادٌ بِها حَلَّ الشَّبابُ تَمائِمی    وَاَوَّلُ ارضٍ مَسَّ جِلْدی تُرابُها»
لَقَدْکانَ لی مِنْها عَرینٌ وَکانَ مِنْ    مُقامی لَها سُحْبٌ سَکُوبٌ رَبابُها
وَلَمْ تَنْبُ بی اِنْ یَنْبُ یَوْماً بِاَهْلِهِ    مَکانٌ وَلَمْ یَنْعَقْ عَلَیَّ غُرابُها
وَلکِنْ دَعانی لاِغْتِرابِیَ مَعْشَرٌ    غِیاثٌ اِذَا الاهْوالُ هاجَ عُبابُها
فَهاجَرْتُها هَجْرَالحُسامِ قِرابَهُ    عَلی رغِمها تَبْکی عَلَیَّ هِضابُها
یَعِزُّ عَلَی الانْسانِ تَوْدیعُ نُورِهِ    وَسُودِ جِعادٍ، اَنْ تَنائی شَبابُها
وَرُبَّ قَضایا لااَبا حَسَنٍ لَها    بِها بَعْدَ ابْعادی، فَجَلَّ مُصابُها
فَعُوِّضْتُ عَنْها فی اغْتِرابِیَ رِفْعَةً    مِنَ الدَّهْرِ یُعْیِی النَّیِّرَیْنَ طِلابُها
عَلی أنَّنی اهْتَزُّ مَهْما ذَکَرْتُها    کَمامالَ بِالْقَومِ السُّکاری شَرابُها
فَلِلْقَلْبِ مِنْ شَوْقی اِلَیْها انْصِداعُهُ    وَلِلْعَیْنِ مِنْ نَوْحی عَلَیْها انْسِکابُها
لَعَلَّ اللَّیالی اَنْ یُبَدِّلْنَ حالَةً
بِأُخْری فَمِنْ عاداتِهِنَّ انْقِلابُها

*ماناى واژەکان:*
*حَيّ:* هەربژی و پایەداری/ *یُرَوِّي:* پاراو، تێرئاوی دەکا/ *صادِیات:* تونیەکان/ *مَرابع:* ئاوەدانی جێی/ *یُزْري:* بە پەست و خواری دێنێتە ژمار/ *رَغامُ:* خۆڵ و خاک/ *تَهْزَأ:* مەسخەرە و گەپجاڕی پێدەکا/ *نَفُور:* نادەسەمۆ، نارامبون/ *کَعاب:* کچ، کیژی مەمکخڕ و پڕ/ *تَمائِم:* نوشتە، دوعا/

Dr.Saleh Ebrahimi



***عَرِين:*** جەنگەڵ و بێشە/ ***سُحب:*** هەورەکان، هەور کە لە بوخاری ئـــا و پەیدا دەبێ/ ***سَکُوب:*** رێژەر/ ***رَبـاب:*** هەوری سپی / ***لَمْ تَنْبُ:*** ناترسێنێ و ناتخاتە وەحشەت/ ***عُباب:*** سێلاو/ ***حُسام:*** شیر، شمشێر/ ***قِراب:*** کـالان/ ***هِضاب:*** تەپە و تەپۆلکە/ ***إنسان:*** لێرەدا مرۆڤەکی چاک/ ***جِعاد:*** پەلکەی ژن و کچ، قژی هۆنراوە/ ***أبا حَسَن:*** کونیەی عەلی کوڕی ئەبیتالیبە و هەروا کینایە و ئاماژەیە بە مرۆڤێ کە کاری چاکی لە دەست دێ و چاکە دەکا/ ***یُعیني:*** ماندووی دەکا و تێکی دەشکێنێ/ ***نَیِّرَین:*** گۆی مانگ و رۆژ.

مەلاعەبدوڵلا بێتوشی لەسەر لاپەڕەی سەرەتای کتێبی "بەهجەی مەرزیە"ی خۆیدا، کە لەم وتارەدا لە ژێر ژمارەی ١٢ ناوی براوە، بە دەسخەتی خۆی نوسیویەتی: « لە ساڵی ١١٧٨ی مانگی، فەقێ "برایم" ناوێ کە خەڵکی کۆیێ بوە، سلێمان پاشای کوڕی خالیدپاشای بابانی لە خەودا لە قەڵاچوالان لە بان کورسیی پاشایی لە ماڵە خۆیدا کوشتوە.» جێی وردبونەوەیە، کە بێتوشی ئەو هەمو خزمەتەی بە زمانی عەرەبی کردوە، بۆچ ؟ سەبارەت بە پاشایانی بابان شتێکی ئەوتۆی نەنوسیوە و هەر بەو چەن واژە یادداشتە بەسی کردوە. ( جا ئەوەیە کە دەڵێن: کورد، هەرچی کردوە بەناوی عەرەب و ئیسلام و ئێران کردویەتی.) ئەو کارەساتە بەمجۆرە بوە: سلێمان کوڕی ماوەند بە ڕەسمی لەساڵی ٩٧٩ی مانگیدا پاشایی حوکومەتی بابانی گرتۆتە دەس و تا سێ سەدە پاشایی و حوکومەتی بنەماڵەی بابان بەردەوام بوە. (بڕواننە دەوڵەتی بابان پەڕەی ( ٣٧) بە زمانی کوردی نوسراوی محەمەد ساڵح ئیبراهیمی شەپۆل) ، سلێمان پاشـــا بەبە ـ ی کوردی ماوەند، میرنشینەکەی بردۆتە قەڵاچوالان و چاودەبڕێتە خانوبەرەکەی "عومەراغا" ی کوڕی "وەسیم ئاغا" کە یەکێ لە فەرمانڕەوایانی میرنشینی بلّباس بوە، کە لە ساڵی ١٠٦٨ مانگی و ١٦٥٧ز ـ حوکومەتی ئێران و تورکی عوسمانی هێرشیان بۆسەر میرنشینی "میرخوسرەو"ی کوڕی میرسوبحان کوڕی سلێمان کوڕی سواراغای بلّباس بردوە کە ئەم سواراغایە لە ١٠٤٤ مانگی و ١٦٣٤ ز۔ نازناوی حوکمداری شارەزوری هەبوە و (سلێمان و سوبحان و خوسرەو) ئەم سێ برایە بۆ ماوەی ٢٤ ساڵ زیاتر بەناوی ئەمارەتی بلّباس

Dr.Saleh Ebrahimi



حوکومەتیان کردوە و میرخوسرەو، لە هێرشی حوکومەتی ئێران و عوسمانیدا شەهید کراوە و کوڕەکانی میرخوسرەو (مەسعود، حەسەن و ئیبراهیم) دەچنە دەوروبەری قزلجە و (وەسیم، کوڕەکەی دیکەشی چۆتە قەلاچوالان. وەسیم کوڕی بەم ناوانە (عومەر، واشە، ئیبراهیم، موحسین، نورەدین، کاکە شێخ، یەحیا و ئەحمەد) هەبوە. شەوێک لەناکاو سلێمان بەبە، هێرش دەکاتە سەر عومەراغا و خانوبەرەکەی داگیر دەکا و عومەراغا و عەباس و تاهیر و تەلحەی کوڕیشی دەکوژرێن و چوار کوڕەکەی تری عومەراغا (عەلی، مامەند، شاوەیس، ئیبراهیم) و عایشەی کچیشی ئاوارە دەبن. مامەند و شاوەیس و ئیبراهیم روو دەکەنە دەوروبەر شاری سنە و ئێستا نەوە و نەوەزای ئەوان لە دێی "موژەژ" لە نێزیک شاری سنە، زیاتر لە ٣٠٠ خێزان دەبن و بە خێڵی "شاوکە" ناو دەبرێن و میرزا حەبیبوڵلا ریش سپی و مەزنیانە. عەلی کوڕی عومەراغایش چۆتە گوندی "قاینیجە"ی شارەزور و عایشەی کچی عومەراغا کە منال بوە، میرزا محەمەد ناوێ بەخێری خۆی بردویەتە ئاوایی "قەشان" و لە ماڵە خۆی بەخێوی کردوە و لە تەمەنی ١٦ سالیدا بە رەزامەندیی براکانی لە حاجی ئەحمەد- ی کوڕی خۆی مارە کردوە (لەوە دەچێ ئەو میرزا محەمەدە خزمی عومەراغا بوبێ) و لە دوای سالی ١١١٢ی مانگی، عەلی کوڕی عومەراغا، دە کوڕی بەم ناوانە (جەلالەدین، حەسەن، وەیس، عەبدوڵلا، خالید، ئەحمەد، محەمەد، مەحمود، وەلید و ئیبراهیم) دەبێ. ئەم ئیبراهیم -ی کوڕی عەلی نەوەی عومەراغا، کە خانوبەرەکەی لە قەلاچوالان داگیرکراوە و کوژراوە، دەچێتە بەر خوێندن و سەرەنجام بە فەقێیەتی دەچێتە فێرگەی قەلاچوالان بەناوی "فەقێ برایم"ی کۆیێ و

دوای ماوەیەک دەچێتە گوندی "قەشان" بۆ دیدەنی پورە عایشەی . لەو کاتەدا عایشە خانم پیر و چرچ بوو، بەسەر فەقێ برایمدا گریاوە و ئەو کارەساتەی بۆ گێڕاوەتەوە. دیارە لە پێشیشدا زۆر جار ئەو کارەساتەی لە باوکی بیستبو و لە دلی خۆیدا هەر پیشی خواردبۆوە و لەگەڵ پوریدا، نەخشەی کوشتنی سلێمان پاشای کوڕی خالید پاشای بابانیان دارشت. بەمجۆرە کە فەقێ برایم بگەرێتەوە حوجرەی فەقێیانی قەلاچوالان و عایشە خانمی پوریشی بچێتە قەلاچوالان و لە مالی میر، ببێتە کارەکەر و فەقێ برایم، بە

Dr.Saleh Ebrahimi



بۆنەی پوریەوە هاتوچۆی ئەوێ بکا و لە فرسەتێکدا، میر بکوژێ. جا ئەوە بووە کە لە سالی ١١٧٨ی مانگی و ١٧٦٥ ـ١٧٦٦ی ز ـ سەرەنجام فەقێ برایم، لە تۆلەی عومەراغای باپیریدا، لە شەوێکدا، سلێمان پاشا کوری خالید پاشای بابانی لەنێو پێخەفی خەودا کوشتوە کە ماوەی ١٤ سال حوکومەتی بابانی بە دەس بوە و یەکێ لە هەرە میرە ئازا و بوێرەکانی بابان بوە (بروانە دەسخەتی مەلا عەبدوللا بێتوشی. هەروا بروانە شێخ مەعروف نۆدێیی پەرەی ١٧ نەقل بە واتا، لە کتێبی مێژوی هۆزی بلباس لە کۆنەوە تا ئەمرۆ، مەحمود ئەحمەد محەمەد، لەسەر ئەرکی حەمە بێورەیی بلباسی، بەرگی یەکەم چاپی ١٤٠٩ی مانگی و ١٩٨٩ی ز- چاپخانەی تاقگەی سلێمانی).

Dr.Saleh Ebrahimi



## ئیلام

ئیلام، ئوستان، شارستان و شارێ لە کوردستانی رۆژھەڵاتدا لە رۆژاوای ئێران.

ئوستانی ئیلام: ئەم ئوستانە بە ٢٠١٥٠ کمـ ٢ پان و بەرینی (١/٢٪ میساحەت لە گشت وڵاتا). لە نێوان ٣١° و ٥٨َ تا ٣٤° و ٥َ پانی باکوری و ٤٥°و٢٤َ تا ٤٨° و ١٠َ درێژی شەرقی، لە رۆژاوای ئێران دایە.

ئوستانی ئیلام لە باشورەوە ئەلکێ بە خوزستانەوە، لە رۆژھەڵاتەوە بە لورستان و لە باکورەوە لەگەڵ کرماشان ھاوسایە و لە لای غەربەوە/٤٢٥کمـ سنوری ھاوبەشی ھەیە لەگەڵ کوردستانی باشور (بن دەس عیراق- ئامارنامە ١،٠٠٠، ئەتڵەس ٨٧،٠٠٠).

**باری تەبیعی و خۆرسک:** ئوستانی ئیلام لە باری خۆرسکەوە دەکرێ بە دو بەشی دیاری کراوی باکوری شەرقی و باشوری غەربی دابەش بکرێ، کە بەشی یەکەم کێف و چیا بەرز و بڵیندەکان و بەشی دوەمیش دەشتە گەرمەکانی تەخت و راستایی دەیگرێتەوە.

لە باری نارێکی و ناتەختایی نیوەی باکوری رۆژھەڵاتی ئوستان ریشتەگەلی موازی بەرزی غەربی زاگرۆس لەباوەشی خۆی گرتووە کە درێژایی ئەوانە ھەروەک ریشتەکێفەکانی زاگرۆس لە باکوری غەربی بۆ لای باشوری شەرقی‌یە و پێوەندی شارەکان لەگەڵ ئوستانی ناوەند، سەخت و دژوار دەکا.

گرینگترینی ریشتە کێوەکانی ئیلام ئەمانەن: ١- کەوەر کۆ(کەبیرەکو) کە ھەروەک دیوارێکی بەرز و بڵیند بە درێژایی ٢٦٠کمـ بە موازاتی دەشتایی راستی چۆمی سیمرە راکێشراوە و بڵندترین دوندی ئەوە/٣،٠٦٢ میتر بەرزە. ھەر ئەم ریشتە چیایە لە رابوردوا ئەم ناوچە کێف و شاخاوی‌یەی کردبووە، دو بەشی پێشکۆ کە بەشی دوایی گشت ئوستانی ئیلامی ئەمرۆ دەگرێتەبەر(ئامارنامە، ھەر ئەوێ، ئەفشار،٣١٣، جوغرافیا ...، ٣٥٣/١). ٢، دینارکۆ(:کێف) کە لە ریشتە وەچەکانی کەوەرکۆ دێتە ژمار و بڵیندی ئەوەش تا ٢،٦٠٠ میتر دەبێ لە نێوان ئاودانان(:ئابدانان) و دێلوران، دایە. ٣- چیا و کێفەکانی نەچیرەڤان، سیاکۆ، سورەکۆ(سورکێف) و حەمرەین‌کۆ، کە یەکێ ترە لە لکەکانی کەوەرکۆ (ئامارنامە، ھەر ئەوێ).

Dr.Saleh Ebrahimi



له نیوەی باشوری غەربی ئیلام دەشتەکانی گەرمی ناوچەی میهران، دێلوڕان، دایه که گرینگترینی ئەوانه دەشتەکانی ئیلام، ئەیوان، شیروان، چەرداوڵ، هولیلان و له ڕۆژاوای ئوستانیش، دەکرێ لەم شوێنانه قسه بکەین: دەشتەکانی ساڵحئاوا، میهران، موحسیناوا، نەسیریان، دێلوڕان، موسیان و عەبباساوا. دیاره هەموو ئەم دەشتانه له ڕوسوبات و ئاوبردەی ئاوی چۆمەکان بەدیهاتون که دارای خاکی بەرفره و داهات و بەرهەم هێنەرن و چون ئاوی بان زەوی و سەتحی له ئوستاندا ئاسان بەدەس دێ، شار و شارۆچکه و ئاوادانیگەلێ فره و پڕحەشیمەت لەو ناوەدا ساز دراوه و هەیه(جوغرافیا، ١٠/٣٥٤-٣٥٥).

له ئوستانی ئیلامدا چەم و چۆمەئاوێ جیا جیا و فره، ئاوەکەیان، دێ و دەڕوا که زۆربەیان له کەوەرکۆوه سەرچاوه دەگرن، ئاوی ئەو دو چۆمانه، دبنه٢ بەشی دیار و بەرچاو، یەکەمیان ئەو ئاوانەن که له دڵ و دەرونی کێوەکانەوه، سەرچاوه دەگرن و بەرەو ڕۆژهەڵات دەڕۆن و به گشتی دەڕژێنه چۆمه ئاوی سیمرە، که له خوارەوه به چۆمی کەرخه ناودەبرێ و ئەو ٢ چۆمه ئاوی خۆیان فره و فرەتر دەکەن، ئاوی ئەو چۆمانه که دەرژێنه نێو سیمرە و کەرخه ئەمانەن: ئاوی چەمی چەرداوڵ، سەراو کلان، سەراو زنجیره؛ دوەمینی ئەوانه که ئاوەکەی بەرەو غەربو بەرەو لێژی گشتی ناوچەکەدا، دێ و دەڕوا و دەچنه نێو خاکی عێراق، گرینگترینی ئاوی ئەو چۆمانه بریتین له: ئاوی چۆمی کنجان چەم، گاوی، چنگۆڵه، میمه و گادەرخۆش، تەڵخاو (فەرهەنگ ...،٤).

**کەش‌و هەوای ئوستانی ئیلام:** مام ناوەندی و نیوه، شێ دارو تەڕە(هەرئەوێ) که به دو بەشی دیار و بەرچاو له سەر بنەڕەتی تەقسیم بەندی تەبیعی و خۆرسک تەقسیم دەبێ: که نیوەی باکوری ڕۆژهەڵاتی‌یەکەی گەرم و مام ناوەندی‌یه، بەڵام زستانان فره سارده و زۆرتریش هەر بەفر دەبارێ، کەچی له نیوەکەی باشوری ڕۆژهەڵاتی ئەودا، هاوینانه فره گەرم و سوتێنەر و دەورەکەیشی دەرێژخایەنه.

کێف و چیا و چڕبونی ناوچەکه و جۆراجۆر بونی کەش و هەوا بەتایبەت که باران، بارینێ، باشی هەیه، زۆربەی بەرزاییەکانی ئوستانی ئیلام هەروەک

Dr.Saleh Ebrahimi



ئوستانەکانی دەوربەری ئیلام، بە دار و دارسان و جەنگەڵ داپۆشراون، لە بەشی بەرزایی باکوری ئوستان بە دارەجەنگەڵی وەک: هەمو جۆرە دارە بەڕو(بەلوت)، پستە، بنەی کێوی، بادامە کێویلە، هەنجیر، ئەرخەوان(گوڵی سوری مەیلە و وەنەوشە)، گیلاسە کێویلە، شیلان(بەری داری دڕکدار)، زمانە چۆلەکە(گیایێ بۆ ئاش و دۆخەوا- بە زمانی عەرەبی: ئەبهەر)، گێوژ، گڤیشک، گێوژە زەردە، گێوژە سورە(گێوژی زەرد و سور)، بلج، balaj خرمای نارەس: خورمای نەگەییو-(زاڵزاڵک): درەختچەی دڕکدارو گوڵداری سپی عەتردار و گیای بە کەڵکی دیکەی زۆرە؛ لە ریشتەکێفەکانی دینار کە لە نێوان بەرزایەکانی کەوەرکۆ و دەشتایەکانی گەرمدا هە ڵکەوتون، دار و دارسانێ پڕش و بڵاو هەیە، هەروەک ئەوانە لەبەرا ئاماژەی پێکراوە و هەر وا مێرگ و لەوەڕگای پڕوتەژی لە گیا و گژ و لەوەڕگە، کە بێجگە لە هەمو جۆرە گیا و گژی دەرمانی، هەروەکو گوڵی گازمان، گوڵی ئارونە و گۆینی و کۆڵو، لەو ناوە فرەس(هەرئەوێ،٦).

دابەشکردن: ئیلام پێشینەیێ فرە کۆن و کەونارای هەیە و بەشێکە لە قەدیمترین ناوچەی تاریخی کوردەواری و بە قسەی باستان(:کەونارا)ناسان لە حودودی ٤،٠٠٠ ساڵ بەر لە زایین ، یەکەم دەوڵەت لە ناوچەیێ کە خوزستان، لوڕستان، پشتکۆ و بەختیاری ئەمرۆی لەبەر گرتووە ، پێکهاتووە و ئەوەی ئەمرۆ بە ئیلام ناو دەبرێ بەشێ لەو دەوڵەتە بووە (جوغرافیا،٣٥٩/١).

ئەم مەڵبەندە لە زەمانی دەسەڵاتداری ئەردەشێر بابەکان(باوەکان)دا بە "ماسبە زان" ناوبراوە(فەرهەنگ،٧). لە هەندێ کتێبی جوغرافیادا ئەم ناوچە لەبەر ئەوەی ئاوی سیروان بەوێدا تێپەڕیوە، بە "سیروان"یش ناو براوە. بەڵام لەپاشان ئەویان بە "خاکیوالی" یا پشتکۆ، وە حاکمنشینی ئەوێشیان بە "حەسەناوا" ناوبردوە (بەهار،٢٦٩). ئاخرین والی پشتکۆ لە ١٣٠٩ هەتاوی بە هۆی رەزاخان پە هلەوی لەناو چوو. دوای ئەوەیش حەسەناوا بە ئیلام ناونریا و کەمکەم بە هۆی سیاسەتی لەناوبردنی هێزی هۆزەواری ئیلام رەویەوە و پەرەی سەند و بووە شار و ناوەکەی بەسەر ناوچەیێ پان و بەرینتردا بڕا. ئەم ناوچە تا ساڵی ١٣٥٢ هەتاوی بە وێنەی

Dr.Saleh Ebrahimi



فەرمانداری کولل بەڕێوە دەبراو لە پاشان کرا بە ئوستان(شاملویی،١١٥). لەو سەردەمەوە تا ئێستا ٣٠ ژوەنی٢٠٠٧ز ، لەباری دابە شکردنی ناوخۆیی ئێران ئاڵوگۆڕیانێک لە ئیلامدا بەدینە هاتووە.

دابەش‌کردنی جوغرافیایی ئوستانی ئیلام لە١٣٧٥ هەتاوی(ئامارنامە،١٠).

| شارستان | شار | بەش | دێهستان |
|---|---|---|---|
| ئابدانان | ١ | ٢ | ٢ |
| ئیلام | ٢ | ٢ | ٤ |
| ئەیوان | ١ | ٢ | ٤ |
| دەرەشار | ٢ | ٢ | ٥ |
| دێلوران | ٤ | ٣ | ٦ |
| شیروان و چەرداوڵ | ٢ | ٣ | ٨ |
| میهران | ٣ | ٣ | ٥ |
| **کوللی ئوستان** | **١٥** | **١٧** | **٣٦** |

**حەشیمەت** : لە١٣٧٥هەتاوی لە ٤٨٧،٨٨٦ کەس حەشیمەتی ئیلام، ٢٤٩،٢٧٥ کەس نێرینە(کوروپیاو) و ٢٣٨،٦١١ مێیینە(ژنوکیژ) بون(نیسبەتی١٠٤ بە١٠٠) (بروانە: سەرژماری گشتی...،شانزە).

**ژیانی هۆزەواری:** هەلومەرجی تەبیعی و خۆرسکی ئوستانی ئیلام بۆ وێنە ئەوگشتە چیا و کێفە بەرزانە و پڕو تەژی لە ئاو لە نیزیک تەختایی و دەشتە گەرمو نیوە ویشکەکان، بەڵام پڕدا هات، لە رۆژگارانی فرەکۆنەوە، جۆرە ژیانێ تایبەتی لەم سەرزەویەدا بەدیهێناوە کە بە ژیانی خێلاتی و هۆزەواری ناوبانگی دەرکردەوە.

**خو و ئاکار و کردار، بەم شێوە بووە** کە خێلات و هۆزەکان لە کژی هاویندا بە کۆچەری رو بکەنە کێوە پڕ لەوەڕەکان و بچنە جێی فێنکی نیوەی باکوری شەرقی و بەراوەژویش لە زستانا بگەڕێنەوە دەشتەکانی نیوەی باشوری غەربی و ئەم جۆرە ژیانەش خۆی دارای ئاداب و رێی و رەسمێکە، کە خەڵکی ناوچەی ئیلام بە سەدان

Dr.Saleh Ebrahimi



ساڵە خویان پێوە گرتووە و ئاداب و روسوم و فەرهەنگێ تایبەتیان بەدیهێناوە کە لەگەڵ هی شارنشینی، جیاوازی تێدایە. **هۆزی ئوستانی ئیلام لە دو رەگەزی کورد و لوڕ و کەمێ عەرەب پێکهاتووە** و بە زمانی کوردی، لەکی: شێوە زاری لوڕی و هەروا بە زمانی عەرەبی قسە دەکەن و موسڵمانن و شێعە مەزهەبیشی تێدایە. (جوغرافیا. ٣٧٠/١).

لە سەر ژمارەیەکی کۆمەڵایەتی _ ئابوریدا کە لە نێو هۆزی کۆچەر لە ١٣٦٦ هەتاوی ئەنجام دراوە، ژماری ئەوانە بە پێی دەورەی دامەزران بەراوردێ بەوجۆرە کریاوە(سەرژماری کۆمەڵایەتی ...،١).

| دەورەی دامەزراندن (ئیستیقرار/جێگیربون) | خێڵ | تایفەی سەربەخۆ | بنەماڵە | حەشیمەت |
|---|---|---|---|---|
| کوێستان | ١١ | ١٤ | ٨،٥٧٢ | ٦٢،٩٨٢ |
| هەوارە کوێستان | ٢٠ | ١٦ | ١٠،٠٢٩ | ٧٣،٢٩٤ |

**خوێندنی پلەی بەرز:** لە ئوستانی ئیلامدا ٣ بنکە و موئەسەسەی خوێندن و فێرکردن و بارهێنان بۆ پلەی بەرزی خوێندن هەیە، کە لە پلەی کارناسی و کارزانیو دەورەی رۆژانە و شەوانەدا، زانینخواز، وەردەگرن. گرینگترینی ئەوانە، زانکۆی ئیلامە کە لە ساڵی خوێندنی ١٣٧٧-١٣٧٨ لە دەورەی رۆژانە ٢،٥٦٥ کەس و لە دەورەی شەوانە ٩٩٥ زانینخوازی هەبووە، کە لە ٧ زانستگە و دو فێرانکۆ لە ٢٤ ریشتەی فێرکردنی زانکۆیی خەریکی خوێندن بون، دوای ئەو شاخەی زانکۆی پەیامی نور، بە ٢١٥،٢ زانینخواز لە ٨ ریشتەی خوێندن و سەرەنجام، ناوەندی فێرکردنی مودیریەتی(:هەڵسوڕێنەری) دەوڵەتی بە ٤٥٨ زانیخواز لە ٣ ریشتەی خوێندن لە شاری ئیلامدا خەریکن و دەکۆشن(ئامارنامەی، ٧٨-٩١).

**کشت و کاڵ و ئاژاڵداری:** تا سێ پێنجەمی پان و بەرینایی ئوستانی ئیلام چیاو کێوەکانی باکوری شەرقی پێکی دێنن، کە لە گشت ئەو ناوچانە زەوی و موچە و مەزرای کشت و کاڵیەکانی، ئەڵکێن بە کێفە بەردەڵانەکانەوە، دەشتە بەرتەسکەکانی نارێک و لە کەناری چۆمە ئاوەکان و کانیاوەکانەوەیە، بێجگە لەوە کشت و کاڵ و

Dr.Saleh Ebrahimi



جوت و گا لە زەوی‌وزارێکدا ئەنجام دەگرێ، کە لە بەرا دارسان یا لەوەڕگەی خۆرسک و تەبیعی بووگە، بەڵام لەم سەردەمەیدا بە هۆی هۆز و عەشیرەتەکانەوە کراونەتە موچە و مەزرای کشت و کاڵی. لەم بەشە لە ئوستان، رەوشتی کشت و کاڵ و جوت و گا قەدیمی و سوننەتی‌یە کە داهاتی ئەوە لە ئەندازەی خۆ پێی بژیوی زیاتر نابێ، لە هەندێ موچە و مەزرا گەورەکاندا، لە دەشتە نزم و پان و بەرینەکانی نێوەی باشوری غەربی، لە ماشێنی جوتی و کەرەستەی مەکانیکی کەڵک وەردەگێردرێ و ئاوی چۆمەکان لە رێگای سەد و بەنداو سازدان و کاناڵکێشی ئاو، یا لە رێگای تولومبەوە، ئاو دەگەیێننە موچە و مەزرا کشت و کاڵیەکان، هەر جۆر بێ لە زەوی و زاری کشت و کاڵی، بە دو شێوەی دێم و بەراو کەڵک وەردەگیردرێ(جوغرافیا، ٣٧٥/١).

گرینگترینی داهات و بەرهەمی کشت و کاڵ، دانەوێڵەیە (٣٣٠،٤٧٩ تۆن) و داهاتی تری بەرهەمی کشت و کاڵ ئەمانەن: نۆک(٤،٨٠٠ تۆن)، کونجی و سۆیا(٢٥٧ تۆن)، سێف زەوینی(:کرتۆپە ٧٩٩ تۆن)، خەیار (:هاروێ ٦٥،٠٤٢ تۆن)و پیواز (٩٠،٧٩١ تۆن) کە زۆربەی ئەوانە بۆ دەرەوەی ئوستان بەرێ دەرکرێن. (ئامارنامە، ١٨٣-١٨٦).

**ئاژاڵداری سوننەتی و راگرتن و بەخێوکردنی مەڕ و پەز و پۆڵە و وڵسات و ئەسپ و ماینی کوردی و بزن** و کەر و قاتر و تەنانەت وشتریش، بە سەدان ساڵە رادەگیردرێن و بەخێو دەکرێن و ئاژاڵداری ناوچەیی بە موازاتی کار و کۆششی کشت و کاڵ، خەریکی ئاژاڵداریشن. لە ١٣٧٧ هەتاوی لە نێو خەڵکی ئوستاندا(١،٣٥٠،٦٤١) سەر مەڕ و کاوڕ، ٨٢٨،٤٩٣ سەر بزن و کاژیلە و ٦٣،١٧٣ سەر گا و گۆیلک‌یان هەبووە(هەر ئەوێ) هەر لەو ساڵەدا لە ئوستاندا لە ٣٣ جێگادا (گاگەڵداری) کە لە هەر یەکەیدا ٥٠٠ سەر گا و مانگا بۆ بەخێوکردن راگیردرابون(هەر ئەوێ ٢١٦-٢١٧). لە ساڵی ١٣٧٧ لە نێو خاکی ئوستاندا ١٢ (ناوەندی مریشکی هێلکەکەر) تا رادەی ٣٠٥ هەزار دانە هەبووە و هەر لەو ساڵەدا داهاتی گۆشتی پەلەوەر تا رادەی ١٠،٨٩٤ تۆن هەبووە (هەر ئەوێ ٢٢١،٢٢٠).

Dr.Saleh Ebrahimi



بەخێوکردنی هەنگ(:مێش هەنگوێن) و داهاتی هەنگوین لە خاکی ئیلامدا هەبووە، کە لە ساڵی ۱۳۷۷ (۱٥،۹۰۰) خەڵیف و پلوری تازەیان هەبووە (هەر ئەویٚ، ۲۲٤).

**کان و مەعدەن و سەنعەت:** ناسین و دۆزینەوەی زەخیرە و ئازوخەی کان و دیاری کردنی چەند و چونی تا ئێستا کاریٚ ئەوتۆی لە ئوستاندا، لەسەر نەکراوە، بەڵام قەرار گرتنی خاکی ئوستانی ئیلام لە ناوچەی ئاهەکی فراوانی ئاسماری (ناوچەی ئایدا ئاریٚزی) و هەروەها نیشانەکانی خۆرسک و تەبیعی، **مزگێنی هەبوونی زەخیرە و ئازوخەی کان و نەوت بە مرۆڤ** دەدا. لەم هەلومەرجەدا (۲٦ کان) جۆری بەردە بەنرخەکان، لە شارەکانی ئوستاندا هەن و لە نێوان ئەو کانانەی کە ئێستا کاریان لەسەر دەکریٚ (۸ شوێن) لە شیروان و چەرداوڵ، (۷ شوێن) لە میهران و (٥ شوێن) لە ئەیوان‌دا هەن. بە سەرنجدان بە فراوانی خوری و موی بزنو مەرەز، کار دەسی لە نێوان ئاژاڵدارانی هۆزدا بڕەوی هەیە و فرە جوان و رەنگینن،قاڵی و قاڵیچە و فەرش و جاجم و بەرماڵ و خورجێن، رەشماڵ و چیغ و چادر، تەناف، گوریس، رەشکە، لباد، کلاش، دەچندرێن و بەرهەم دێن کە فرە بە قیمەت و بەرچاون (هەر ئەویٚ، ۲۳٦، جوغرافیا، ۳۸۱/۱).

**ریٚگاوبان و هات‌وچوی خەڵک و باربردن و بارهێنان**، لەو ریٚگایانەوە یەکیٚ لە کەند و کۆسپی هەرە گەورەی ئوستان لە رابوردوا کە زۆربەی ئەو ناوچە کێف و چڕ و چیایە، نەبونی ریٚگاوبان بووە، کە پێوەندی ئەویٚ لەگەڵ شارەکانی دیکە و پاتەختا فرە کەم بووە و بۆتە هۆی کەم‌وکوڕی داهات و ئابوری ئوستان و وڵات. بەڵام لەم چەن ساڵەی دوای شەڕی ئێران و عێراق کەمیٚ سەرنجی ریٚگاوبان لە ئیلام دریاوە (بڕوانە ئامارنامەی ۳۲٦-۳۲۸).

لە ئوستانی ئیلامدا یەک فرۆکەخانەی پلە ۲ لە ۸ کیلومیتری ناوەندی ئوستان سازدراوە، کە لە ساڵی ۱۳۷۷ بە هەڵفرینی ۲٥۰ باڵگرتن(:هەڵفرین)، ساڵانە ٥،٦۱۸ ریٚبوار جیٚبەجیٚ دەکا و دەیانهێنیٚ و دەیانبا (هەر ئەویٚ، ۳۳۲).

Dr.Saleh Ebrahimi



**شارستانی ئیلام:** ئەم شارستانە لە گۆشەی باکوری غەربی ئوستانی ئیلامدایە، کە لە باکورەوە ئەلکێ بە شارستانی ئەیوان«:هەیوان» و لە شەرقەوە بە شیروان و چەرداوڵ و لە باشوریشەوە بە میهران و لە غەربیشەوە ئەلکێ بە وڵاتی کوردستانی باشوریەوە(عێراق)- بڕوانە نەخشەی تەقسیمات_ پان و بەرینایی شارستانی ئیلام ١٦٥، ٢کمـ ٢ و حەشیمەتیشی لە ١٣٧٥، ١٦٥،٦٥٥ کەس بووە یانی پڕحەشیمەتترینی شاری ئوستان بووە(ئامارنامەی ١٢). لە نیوەی غەربی ئیلامدا چۆمە ئاوی فرە، بە شاخ و لکی فراوانەوە لەوێ هەیە، بۆ وێنە چۆمەکانی تەڵخاو، گادەرخۆش و چەم خۆش، هەن، کە بە تەرتیب لە باکورەوە بەرەو باشور ئاوەدانی‌یەکانی ناوچەکە، تێرا و پاراو دەکەن(نەخشەی تەبیعی).

**شاری ئیلام:** ئەم شارە لە ٣٣° و ٣٨َی پانی باکوری و ٤٦° و ٢٥َی درێژی ڕۆژهەڵاتی لە بەرزایی ١،٤٤٠ میتری لە بان دەریا دایە(پاپلی، ٧٨). شاری ئیلام باوەکو لە دەشتی ئیلام دایە، لە هەمو لایەکەوە بە چیا و کێفی سەخت و تایبەت دەورە دریاوە، گرینگترینی ئەو چۆمە ئاوانەی کە ناوەندی ئوستانی ئیلام تێر و پاراو دەکەن، چۆمی گادەرخۆشە، کە لە داوێنەی غەربی کەوەرکۆوە سەرچاوە دەگرێ، جا دوای ئەوەی خۆی لە چەند چیا و شاخێ لە هەردولا، دەساوێ و شڵپەیان لێ هەڵدەستێنێ، دەخزێتە نێو خاکی بن دەس عێراق(فەرهەنگ ٦).

شاری ئیلام تا جۆزەدانی ١٣١٥ گوندێ نابەرچاو بووە، بە ناوی حەسەناوی پشتکۆ(سەعیدیان،٩)، بەڵام دوای ئەوەی کرایە ناوەندی شارستان، ڕۆژ بۆ ڕۆژ پەرەی گرت و حەشیمەتەکەی زیادی کرد. حەشیمەتی شاری ئیلام لە ١٣٣٥ی هەتاوی ٨،٣٤٦ کەس بووە و لە ١٣٧٥دا گەیشتۆتە ١٢٦،٣٤٦ کەس و زیادی کردوە (ساڵنامەی ...،٤٥).

زۆربەی وەزارەتخانەکان، سازمان و ڕێکخراوەکان، نەهادەکان، بانگەکان و شەریکە بازرگانی‌یەکانی گرینگی ئێران لە شاری ئیلامدا شوعبە و شاخە و نوێنەرایەتیان هەیە، لە نەخشەی جیهانگەڕی ئوستان و شاری ئیلامدا تا ٧٠ واحیدی هەڵسوڕێنەری و ئیداری و ١٤ ناوەندی دەرمانی و بیهداشتی و ٨ ناوەندی گەورەی

Dr.Saleh Ebrahimi



بانگی‌و ١٦ مزگەوت و تەکیە و تا ٦٠ ناوەندی فێرکردن و فەرهەنگی لە پلەی جیاجیادا و ١٠ میوانخانەی گەورە و چکۆلە و ٧ کتێبفرۆشی عومدە و ٢ ئوستادیوم و ٣ باشگەی وەرزشی و ٧ پایانە و ناوەندی تەعاونی ڕێبواربەری هەن.

**سەرچاوەکان:** ئامارنامەی ئوستانی ئیلام(١٣٧٧ هەتاوی) سازمانی بەرنامە و بودجەی ئوستانی ئیلام، تاران ١٣٧٨، ئەتڵەس کامڵ گیتاناسی، تاران، ١٣٦٤، ئەفشار سیستانی، ئێرەج، سەرەتایێ بۆ ناسینی خێڵەکان، ڕەشماڵنشینان و تایفەی هۆزەکانی ئێران، تاران، ١٣٤٨، بەهار محەمەد تەقی، بەهار و ئەدەبی فارسی، بە کۆششی محەمەد گوڵبن، تاران، ١٣٥٥، پاپلی یەزدی، محەمەد حسێن، فەرهەنگ، ئاوەدانی‌یەکان و جێی مەزهەبی‌یەکان، جوغرافیای کامڵی ئێران وەزارەتی فێرکردنو بارهێنان، تاران، ساڵنامەی ئاماری ١٣٧٥، ناوەندی ئاماری ئێران، تاران، ١٣٧٦، سەرژماری کۆمەڵایەتی ئابوری هۆزەکۆچەرەکان (١٣٦٦)، نەتیجەی تەفسیلی ئوستانی ئیلام، ناوەندی ئاماری ئێران، تاران، ١٣٦٩؛ سەرژماری گشتی نفوس و وارگە و مەسکەن ١٣٧٥، نەتیجەی تەفسیلی ئوستانی ئیلام، ناوەندی ئاماری ئێران، تاران، ١٣٧٦؛ سەعیدیان عەبدوڵحسێن، دایرەتوڵمەعاریفی سەرزەوی و خەڵکی ئێران، تاران، ١٣٦٠؛ شامیلۆی، حەبیبوڵلا، جوغرافیای کامڵ جیهان، تاران، ١٣٦٧؛ فەرهەنگی جوغرافیایی ئاوەدانی‌یەکانی ئێران(ئیلام)، سازمانی جوغرافیایی شەڕوانانی چەکدار، تاران، ١٣٧٢ی هەتاوی، ج٥٦؛ نەخشەی تەقسیماتی ناوخۆی ئێران، گیتاناسی، ژمارەی ١٠٥؛ نەخشەی تەبیعی ئوستانی ئیلام، گیتاناسی، ژمارەی ٢٠٧؛ موحسێن حەسەن گەنجی، دایرەتوڵمەعاریفی بوزورگی ئیسلامی پەڕەی ٧٠٤ تا ٧٠١ ج ١٠ چاپی ١٣٨٠، تاران (شەپۆل).

ئیلام بە واتای سەرزەوی، ڕۆژهەڵات و شاگوڵی گەشی بوکی زاگرۆسە، کە بۆ سەیران و گەڕان دەناڵێنێ، لە چیاکانی دالاهۆ کە تێدەپەڕی (قیران) بەوێنەی شیناوەرد، دیار دەکەوێ، کێفی پڕ بەفر، دەشتی گەرم، داری بەلوت وداره خورما، جلکی جوانی کوردی پیاوان و ژنان و زاراوەی شیرینی کوردی خەڵکی ئەو ناوە، بە مرۆڤ دەڵێ: لێرە مەڕۆ بۆ دواوە، ئیلام خێوی ژیاری گوتی، ماد، ماد: هەخامەنشی و

Dr.Saleh Ebrahimi



ساسانیان و جێی شت و شوێنی جوانە، وەک ڕەشەڕێحانە، باریکەو **تەنگەی بارامی چوبین**، پردی گامێشان و چەن غار، گەرماوی ناوچەی صاڵحاوا، جۆراجۆر بونی کەش و هەوا، هەبونی تاڤگەی دڵرفێنی قەڵپەزەی ئاو، کەلات و دژی سەرنجڕاکێش و کەونارای مێژینەی مێژوی، ئەم ئوستانە مەحرومە، غاری سیوان، گوڵگوڵی مەلیکشاهی، ئیوان، بەدرە و زینکانی صاڵحاوا، دیوارگەلی پۆشراو بە ئاوڕێژی ئاهەکی، کە تاسیسات و ئیمکاناتی لێ ساز درێ و دەبێتە جێی گەڕۆکان و سەیرانکاران و جێی حەوانە و داهاتی پوڵ و دراو، بە دەس هێنان. هەبونی ئاوی گەرمی مەعدەنی لە ٥ کیلۆمیتری دێلوڕان، کە دارای گۆگردە و نەخۆشی پێست لەناو دەبا، کە بۆ نەخۆشی روماتیسمیش فرە باشە، یا چاوە ئاوی گەرمی قیری دێلوڕان، کە چون بەسەر بەردی مادە تێتزاوی ئالیدا، دەڕوا، ئاوەکەی قیراوی‌یە، هەروا لە پەراوێزی چۆمە ئاوی چنگۆڵە لە بان دەس کێفەکە، چاوە ئاوێ گەورە هەڵدەقوڵێ، چاوە ئاوی گەرمی گنجاچەم لە بەستێنی گنجاچەمو چاوە ئاوی گەرمی تەنگ حەمام بولی، لە بەستێنی لای ڕاستی چەمی تەڵخاو بە گەرمی ٤٠ دەرەجە، یەکێ ترە لە گراوە گەرمەکانی ئوستانی ئیلام. تاڤگاوی (سەرتاف)، تاڤگاوی عیمار لە ناوچەی مەلیکشاهی، ئاساری کۆنە و کەونارا: قەڵای والی ئیلام، کۆشکی فەلاحەتی، ناوچەی جەنگەڵی شەشدار و چیای قیران، پارکی جەنگەڵی پەردیس، باغی وەحش، شاری بازی جفاسەوزی شاری ئیلام، ئەشکەوتە پەناگایەکان، قەڵای سمایلخان، تەپەکان و قەبرستانەکانی میژویی، شوێنەواری مێژوی میهران و بەشی صاڵحاوا، دەشتی صاڵحاوا و گلان: گوگولا، ئیمامزادە عەلی، بەردە نوسراوەکانی تەختی خان و غاری ناوداری زینگان و ... ، شاری مێژویی سیروان لە ئاوایی سەرابکلان لە چەمی سیمرە، سیروان لە گوندی ئێستای سەرابکلان لە بەشی شیروان کە تابیعی شارستانی شیروانی چەرداوڵە و خێوی ئاسەواری کەونارا و فەرهەنگی بایەخدارە، ئەنەوشیروانی ساسانی کۆشکێ پڕ قیمەتی لەم ناوچە سازدابو، لە شاری ئاودانانیش ئاساری کەونارای پڕ قیمەت هەیە، کە هەڵسوڕێنەری فەرهەنگی ئیلام لەو بابەتەوە وتویەتی: زیاتر لە ٢٢٦ قەتعە شتی مێژویی، پرنرخ دۆزراونەتەوە، بەڵام لەبەر کەمتەرخەمی،

Dr.Saleh Ebrahimi



فرەی دزراوە و ئەشێ یانەی میراتی فەرهەنگی زیاتر وریا و چاوەدێری بێ تا لەوە زیاتر ئەو ئاسەوارە پرقیمەتە مێژوویانە، بەتاڵان نەبرێ. رۆژنامەی ئێران ساڵی ١٢ ژمارەی ٣٤٤٦. - تاقی شیرین و فەرهاد لە ئوستانی ئیلامدا، خەڵکی ناوچە لایان وایە، کە ئەو تاقە جێی پشودانی شیرین و فەرهاد بووە، بەڵام فرە لەوە دەچێ پێگەی سپایی بو بێ، بەتایبەت کە جادەیێ کەونارا لەوێ دەبیندرێ کە وا ساز دراوە، ناوچەکەی دەورە داوە. ئەو تاقە لە داوێنەی کێفێ زەلام و بەرداوی سەخت، دایە، کە لای باکوری، باشوری و غەربیەکەی، بەسراوە و تەنیا، لای باشوری رۆژهەڵاتیەکەی، شوێنی چوونە نێو ئەو تاق و کۆشکە، هەیە و بە وشکە بەردی تاشراو، لەسەر یەک، هەڵچنراون، لە نێو تاقەکە درگایێ بچوک ساز دراوە. ئەم تاقە وێنە گۆمەزە و لە لای سەروی (٣) پلیکانی بەردچنی لە ٣ رەدیف، دیمەنێ فرە جوانی بەو تاقە داوە.

ئەم ئاسەوارە لە ١٣٨٢ لە پێرستی شوێنەواری نیشتمانیدا سەبت کراوە. ئەم تاقە لە شاری ئیوان لە ئوستانی ئیلام لە کەناری جادەی کەونارا، دایە و چۆمە پڕ ئاوی گنگیر بە قەراخیدا دەی و دەڕوا.(شەپۆل)

**نوکتە**: شوش یا سوز کە لە بە را خوزستان بە سۆزیان ناو براوە. خوزستان یانی هۆزی خوز: هوز کە لە زمانی پەهلەویدا (Hujistan) و سورەیانی(Huzaye) بەو جۆرە بووە (فەرهەنگی معین). ناوی بەروی خوزستان سوریانا بووە کە بە پێی کەتیبەکانی داریوش ناوی (ئووجە یان خووج)ە بووە، خوزستان بە واتای سەرزەوی خوزی یا هوزی‌یەکان، کە شاری ئەهوازی ئێستایش لەوان وەرگیراوە. خوز یا هوز ناوی خێڵی نیشتەجێی ئەو ناوچە بووە، جا خوزستان یانی سەرزەوی هۆزی خوز و هوز، لە مێژودا نوسراوە شاری شوش کە پیتەختی عیلام بووە هەر لەبەر ئەوە (عیلام) بە سوزیان یا شوشیان ناوبراوە (لوغەتنامەی دیهخودا). لە تاریخی ئەشکانیان‌دا عیلام یانی خوزستان و لە کۆندا عیلام بە وڵاتێ لە خوزستان، لورستان، پشتکۆ چیاکانی بەختیاری وتراوە، کە زۆربەی نیشتەجێی ئەو هەرێمە خەڵکێ بوێر و ئازای بەختیاری و لوڕ بوون، شوش و ئەهواز لە شارە گرینگەکانی بوون (ئێران باستان پەڕەی ١٣٠) ئیستەخری دەڵێ: ئەهواز ناوچەیەکە لە نێوان بەسرە و فارس کە بە خوزستان ناوبراوە

Dr.Saleh Ebrahimi



که نەیشەکەر و ترێ و میوەی دیکەی فرە هەیە، عەسکەر موکەرەم و شوشتەر: (توستەر) تابیعی خوزستانن و هەروا دورق(دوراق) کە قوباد کوڕی داراب ئەوێی ساز داوە، هەروەها هێندیجان تابیعی خوزستانە (ئاسارولبیلاد و ئەخبارولعیباد پەڕەی ۲۰۸ مەسالیک و مەمالیک پەڕەی ۸۹)، کە شاپورشا سەدێکی لەبەر چۆمی شوشتەر بەناوی سەدی شازەروان سازدابو تا ئاوەکە بێتە سەرو ئەو زەوی‌یانە ئاو بدا و ببنە بەراو.

ئەهواز یەکێ لە شارەکانی خوزستان(هورموز ئەردەشێر) بووە کە ئەردەشێری ئەوەڵی ساسانی شاری قەدیمی تازیانای سازدا و بە (هورموز ئەردەشێر) ناوی ناوو لە ڕۆژگاری ساسانی‌دا ئەو شارە بە ناوی (رامشار) یا (شار رام) ناو دەبراو لە زەمانی ئەردەشێردا ئەو شارە برەوێ فرەی هەبووە و لە باتی شوش پێتەختی سوزایا یا ئەهواز، کرا پێتەختی ساسانی(ئەردەشێر). هۆزی یا خوزی‌یەکان کە ناوی هۆزێکی بوێر و شەڕانی بوون، کە ئەو خو و سیفەتانە دروست لە هۆزی لوڕ و بەختیاری ئەمڕۆدا یانی سیاسەت‌زانی، وشیاری، نیشتمان‌خوازی لە وجودی بەختیاری و لوڕدا هەیە و تەژی و پڕن لەو خەسڵەتانە. لە کەتیبەی بێستون‌دا نوسراوە، **ئاترین کوڕی گئوماتی موغی ماد، لە داریوش راپەڕیوە و خوزستانی** کردۆتە پێتەختی پاشایی خۆیی و خەڵکیش فرە خۆشیان ویستووە و لە ڕۆژگاری داریوشدا لە خوزستان نەوت (قیر) دەرهێنراوە (پەڕەی ٦٨٢ ئێرانی باستان).

۱- دەسەیێ لە زانایان (ئیزدورخاراکسی)، جوغرافیا نوسی ناوداری یونانی(سەدەی یەکەمی زاینی) بە خەڵکی خارکس کە جێگایەکە لە خوزستان) دەزانن(ئێرانی باستان پەڕەی ۹۳).

۲- کوڕی موقەفەع کە لە ۱۰٦ لەدایک بووە، خوزستانی بووە (ئێرانی باستان پەڕەی ۱۰)

۳- ئەبو یەعقوب بن عیسی ناقیل، مولەقەب بە ناعیس لە موتەرجمانی ئێرانی لە سەدەی سێ‌دا خەڵکی خوزستان بووە کە کتێبە پزیشکیەکانی تەرجەمە کردوە(تاریخی عولومی عەقڵی لە تەمەدونی ئیسلامی‌دا پەڕەی ۸۵).

Dr.Saleh Ebrahimi



٤- خانەدانی نەوبەخت یەکەمین کەسی بنەماڵە لە مێژوی تەمەدونی ئیسلامی‌دا فرە ناودار و خێوی پلەوپایەیێ گەورە بووە و تاکە تاکەکانی تری نەوبەخت، خەڵکی ئەهواز بوون. نەوبەخت خۆی بە نیژادی گیوی کوڕی گۆدەرز دەزانێ. نەوبەخت لە زانستی ئەستێرەناسی و زانیاری‌یەکانی ئەوانە فرە زانا و مامۆستایێ پڕزانا بووە. نەوبەخت تا ئەو سەردەمەی چووە لای مەنسوری عەبباسی هەر لە سەر ئایینی زەردەشتی بووە و دوای ئەوە چووەتە سەر دینی ئیسلام (تاریخی علومی عەقڵی لە تەمەدونی ئیسلامی‌دا پەڕەی ٨٥)، ئالی نەوبەخت، فرە کتێبی پەهلەویان کردۆتە عەرەبی. نەوبەخت(دح ١٦٠ مانگی) یەکەمین موتەرجمی ناسراوی ئالی نەوبەخت، زەمانێ موناسبی بۆ دەس‌پێکردنی سازدانی بەغا (١٤٥ مانگی- ٧٦٢ز) دیاری کردوە. کورد لە سەدەی ٤و٥ فێرگە و فێرانکۆیێ گەورە و موعتەبەری لە روها(: ئیدیسا) و نەسیبەین و هەندێ جێی تر، دامەزراندوە (سەفا، ١٢-١٣-١٨-٢١) بۆ وێنە بەر لە ئیسلام بیمارستان و زانکۆ و زانینگەی گوندی شاپور کە لە دەورەی عەباسیشدا، شان و شکۆی خۆی پاراستبو پزیشکان، لەوێ خەریکی راژە و خزمەت کردن بون( بڕوانە: هـ د، ئالی بەختیشوع؛ ئێرانیکا، ١٧/٢٥٧، دینەوەری ٤٦٠-٤٧؛ ئەبو فیدا شازادەی کوردی ئەییوبی ٥٠/١، سەفا، ٢٢، ئیقباڵ ١٣٣، دانلپ، ٢١٩، ئەلگود، تاریخی پزیشکی ...، Amedical ، ٧٧-٤٦، قیفتی ١٣٣). — فەزل بن سەهل وەزیری مەئمون عەباسی کە فرە زیرەک و ژیر و پڕ هێز بووە لە رەگەزی نەوبەختی ئەستێرەناسی ناودار بووە.

٥- عەلی ئەهوازی: عەلی بن میهریار ئەهوازی، ئەو مرۆڤە ناودارانە هەمویان لە رەگەزی لوڕ و بەختیاری بون (شەپۆل).

نوکتە: نادرشای ئەفشار لە کوردانی قەراخلو، زۆری بۆ حکومەتی عوسمانی هێناو شاری سلێمانی و گشت دێهاتەکانی دەوروبەری خستە سەر وڵاتی ئێران، بەڵام لە رێبەندانی ١٢٢٤ی هەتاوی و فەوریەی ١٨٢٦ زایینی تورکی عوسمانی دوبارە ئەو شارەی لە بن چڕنوکی محەمەدشای قاجار دەرهێناو خستییەوە بن چڕنوکی خۆی.

Dr.Saleh Ebrahimi



دیاره لەبەرا قەڵاچوالان کـە لـە ٦٠ کیلۆمـەتـری ئێستای سـلێمانیدایـە، پێتـەختـی حکومەتی بابان بووە.

نوکتە: زانست و زانین: گەورەترین ئاڵوگۆڕکەری دنیای ئەمڕۆ و سۆزی ئێمەی بەرەی مرۆڤ، عیلم و زانینە، چونکە هەر ئەوە کە پەیتا پەیتا روانگای جیهانمـان بـۆ دەگۆڕێ. کەوابێ کەش و هەوای زانست و زانین **لە وڵاتی کوردەواریدا دەبێ کەش و هەوای تەولید و داهێنان و داهات و برەو دان بە زانینو توێژینـەوە و پـەروەردە کردنی لێکۆڵەر و موحەقیق و زانا و لە کارزان و پسپۆڕ و شیاو و لێهاتو بێ (شەپۆل).**

تایبەتمەندی گەورەیی عیلم و زانست لەو مەودایە، کە (دینامیک) و کاراوبەکارە کە لەگەڵ زەماندا دەچێتە پێشەوە (بەرەوپێش دەچێ). و کەوشەنی لێکۆڵـینەوەیـشی دنیای ئەنبوژەنی (مادی ) و مەعنەوی، هەردوکیان دادەگرێ، جا چون دیتن و ئەزمون و تاقیکردنەوە و توێژینەوە و لێکدانەوە پشتیوانیەتی، قانون وزاکۆن و دەسهاتەکـانی دروست و روناکن و لە راست هەر مەحەک و ئایەرەیەکدا پتەون و دەستورەکانیـشی ورد، و پڕە لە ریزەکاری و جیهانین و سنور و کەوشەنێکی بۆ نـیـیـە و گـەورەتـرین رێنوین و رێگوشای دنیای ئێمەیە، هەروەکو رۆژ بە تیـشک و تیرێـژی خـۆی دنیـا نورانی دەکا و دەیڕازێنێتەوە.

بە فەرمودەی حەکیم نیزامی گەنجەوی کوردزادە.

| | |
|---|---|
| من به تو جـز علم نگویم سخن | علم چو آید به تو گوید چه کن |
| وه که پشت و پناه ما علم است | روشنائی بخش راه ما علم است |
| هدفش خدمت به انسـانهاست | بهترین خیرخواه مـا علم است |

لە دەست پرسیارگەلێ کە لە بارەی هەبونی خـۆت و جیهانـەوە دەیکـەی هـەر **وەڵامێ کە عیلمی ئەمڕۆکە، پێمان دەداتەوە فرە بە دڵـنیایی ئـەبـێ وەری بگـرین و ئەوانەیش کە هێمان عیلم ناتوانێ وەڵامی پێ بداتەوە، فرە بە ئاسانی ئـەبـێ بێـژین نازانین، و چاوەڕوانی دوا رۆژین.**

**نوکتە**: یەکەمین زنجیرەی پاشـایی ئێـران پێـشدادیان بـوون کـە دوای پاشـایی گیومرس:(کیومرث):گایومێرت: مێری گەییو، کامڵ) و ... زوحاکی مـاردۆش کـە لـە

Dr.Saleh Ebrahimi



هەردو سەرشانی زوحاک دو مار روا بوون کە خۆراکی ئەوانە مێشکی دو لاو بووە، کە بە راپەڕینی کاوەی ئاسنگەر زوحاک مێشکی پژا و کوژرا و فەرەیدون کە لە رەگەزی پاشایان بووە دەبێتە پاشا، کاوە بە بەرز کردنەوەی پێش بەرۆکی چەرمینی خۆی لە باتی ئالا، کەوتە ملە بە ملانێ لەگەڵ زوحاک، ئەو پێش بەرۆکە چەرمینە کە بە ناوی ئالای کاویانی ناودار بوو، تا بەر لە هێرشی عەرەب، بە نەخش و نیگارێکەوە کرابووە **ئالای خەڵکی ئێران و جێژنی میهرگان** کە لە ١٦ مانگی میهر (رەزبەر)دا کە دوای جێژنی نەورۆز **بە دوەمین جێژنی گرینگی ئێرانیان دادەنرێ** کە بە بۆنەی دانیشتنی فەرەیدون لەسەر تەختی پاشایی کە لە ١٦ مانگی میهردا روی داوە، جێژنی میهرگان بۆتە باو و هەمو ساڵێک لە ١٦ی میهردا ئەو جێژنە سازدراوە، **دیارە کاوە و فەرەیدون هەردو لە کوردانی گورد بوون. جا هەر لەم روەوە دەردەکەوێ کە کورد نەتەنیا لە رەسەنترین هۆزەکانی ئێرانە، بەڵکو کورد جێی فەخرو شانازی‌یە بۆ ئێران و ئێرانیان**(بڕوانە گۆڤاری ئێرانمێهر ژمارەی ٧ پەڕەی ٥٥ وتاری سەیید عەبدوڕەزا تەبیب). ئا لەوەوە جوان بۆمان دەرکەوت کە کورد، نەتەنیا رەسەنترین ئاماژ و نەمادی ئێرانی کەونارایە، هەروەکو ئالای وڵات و گەورە پیاوانی موباریزی وڵات پێوەندی بە نەتەوەی کورد، هەبووە و هی کورد بوون، فەرەیدون کە کورد بووە، بە یەکێ لە پاشا گەورە ناودارە لە کارزانەکانی ئێران دانراوە و ناسراوە. هەروەکو مێژوش پێمان دەڵێ: **یەکەمین زنجیرەی پاشایانی پێشدادی کورد بوون** و دوای ئەوانیش سەڵتەنەت دەدرێتە دەست **کیانیان** کە ئەوانیش کورد بوون، جا دوای ئەو دو زنجیرە، نۆبە دەگاتە دەس **ماد**. دیارە یەکەمین ئیمپراتوری کورد (ماد)یان لە ئێراندا لە ٧٠٨ بەر لە زایین دامەزراندووە و بناغەدانەری ئەو ئیمپەراتوری‌یە دیۆکس یان (دیاکۆ) بووە و دوای مادەکان سەڵتەنەت کەوتۆتە دەس کورش کە لە دایکەوە کورد بووە و لە حکومەتی کورشدا، لانی‌کەم دە هەزار نوخبە و زوبدەی کورد بەشدار بوون. تەنانەت مێژوزانان لایان وایە هاتنە سەر کاری کورش دوای ماد جۆرێ ئاڵوگۆری شکڵی حکومەتی بووە، دەنا هەر یەک بوون، تاریخزانی یونانی هەردو زنجیرەکەیان بەیەک زانیوە (بڕوانە تاریخی ئێران لە یەک نیگادا، دکتۆر ناسر تەکمیل هومایون پەڕەی ٢٠). دیارە

Dr.Saleh Ebrahimi



بە کەمێ وردبونە جوان دەردەکەوێ ئاسەوارەکانی ئێرانی کۆن هەروەک تەختی جەمشید و ... ئەگەر نەڵێین بە تەواوەتی هی کوردن، بە لانی کەمەوە نەخشی کورد و ماد فرە دیار و بەرچاوە و نەخشی کورد هەر ماوە و نەفەوتاوە.

یەکێ لە گرینگترین ریوایەتی ئەساتیری کۆنی ئێمە لە بابەت هۆشەنگ کە یەکەمین پاشای سەر زنجیرەی پێشدادیان بووە، کە گرینگترین هونەری ئەو دۆزینەوەی ئاگرە.

باش دەزانین کە مێژوی ئوستورەی ئێرانی کۆن بە کەیومەرس (کیومرث) دەس پێ‌دەکا. وە هۆشەنگ پێشدادی بە کوڕی سیامەک و نەوەی کەیومەرس ناسێندراوە کە بە پێی ریوایەتی ئوستورەیی بەسەر دێوی رەشدا زاڵ دەبێ (کە ئەو دێوە رەشە سیامەکی باوکی ئەوی لەنێو برد بوو)، جا دوای ئەوەی هۆشەنگ بەسەر دێوی رەشدا زاڵ دەبی. کەیومەرس دوای سی ساڵ حکومڕانی، دەسەڵات دەداتە دەس هۆشەنگ و زنجیرەی پێشدادیان بەو دەس پێ‌دەکا. نازناوی هۆشەنگ لە ئاڤێستا، بەرداتە/بەرزاتە paradataیە، لە بابەت ئەم واژە و لە زانستنامەی ئێرانی باستاندا بەرزاتە/ پێشداد بە واتای یەکەمین قانون‌دانەر، هاتووە. یەکەم جزوی واژەی (بەرداتە) کە بەر-ە بەواتای:پێش/رابوردو/پێشکەوتو. وە جزوی دوەم یانی داتە یا زاتە بەواتای قانون/داد، واتا کراوە. لە (ویندداد)دا ئەم واژە بەناوی سیفەت و قانون‌دانەری کۆن یا پێشین/کەسێ کە لەپێش و بەر لە کەسانی دیکە قانون و داد-ی‌دا هێناوە. جا هۆشەنگی پێشداد-ی بە ناوی یەکەمین قانون داهێن ناسێندراوە(بڕوانە ویندداد فرگرد ٢٠ بەندی ٢-١). جا ئەم واژە بەناوی تایبەت(خاس)ی زنجیرەیێ لە پاشاکانی کەونارا و دەورانی چریکە و چیرۆکی ئێرانی کۆنە، کە بە پاشایانی پێشدادی ناو دارن و لە ئاڤێستادا لە بەشی یەشتەکاندا، لە کەسانێ وەک: هۆشەنگ/جەمشید/فەرەیدون و ... بەناوی پێشدادی ناویان براوە.(بڕوانە یەشتەکان ٥/٢١ و ٩/٣ و ١٩/٢٦ — مایر هوفر، ژمارەی ٢٤٥). بۆ ئاگاداری لە هەر نێوێ بڕوانە مەدخەلی واژەکە.(بڕوانە هاشم رەزی، زانستنامەی ئێرانی باستان، چ١٣٨١/١/١/سوخەن/تاران/پەڕەی ٥٦٢).

Dr.Saleh Ebrahimi



دەتوانین بێژین کە پڕیشکی بەدیهاتو لە سۆنگەی توند لێکدرانی بەردەکان لە یەکتر ئەگونجێ بەهۆی موکەمیلێ دیکەوە، کە فرە بە پەلە و بە لەز بە پڕیشکەکە، وەڵامی دابێتەوە و گڕی گرتبێ، دەنا تەنیا پڕیشک ناتوانێ ئاگر بەدی بێنێ. باشترین موکەمیلیش بەرز بوونەوە و فیچقەی گازە، دیارە ناوچەکە پڕ و تەژین لە نەوت و گاز، بە تایبەت کە باشوری ئێران و کوردستان، مەعدەن و کانی هەڵقوڵان و فیچقە کردنی نەوت و گازە (بڕوانە دنیای گوم کراوی عیلام والتێر هینتس و تاریخی تەمەدونی ئیلام دکتۆر یوسف مەجیدزادە).(شەپۆل).

Dr.Saleh Ebrahimi



# ئیبن خەلکان
## (٦٠٨ ـ ٦٨١ مانگی و ١٢١١ ـ ١٢٨٢ ز)

ئیبن خەڵکان، ئەبو عەباس شەمسەدین ئەحمەدبن شیهابەدین محەمەد (بەهائەدین: ئەبو شامە، ٢١۴). بن ئیبراهیم، بن ئەبوبەکر، بن خەڵکان (١١ رەبیعی ئاخری ٦٠٨ ـ ٢٦ رەجەبی ٦٨١ مانگی و ٢٢ سپتامبری ١٢١١ ـ ٣٠ ئوکتوبری ١٢٨٢ ز)، قازی، تاریخزان و ئەدیبی ناوداری، کوردی شافیعی مەزهەب. زەبتی واژەی (خلکان) بە فەتحی (ح) و کەسروتە شدیدی (ل) کە گۆیا، خاوەنی ناوی خۆی وای گۆکردوە و هەروایشی نوسیوە (نەعیمی دیمەشقی، ١٩٢/١) بەلام لێکۆڕی زانا عەبدولخالیق سەرسام، دەڵێ: ئەبو عەباس شەمسەدین ئەحمەد، کوڕی محەمەد کوڕی ئەبوبەکر کوڕی ئیبراهیم، کوڕی خەڵکان کوڕی باوەک کوڕی عەبدوڵلا کوڕی شاکەل ـ ە و ناز ناوی کوڕی خەڵکان ـ ە کە گوندێکە، بە ناوی (خەل)ی باپیری کراوە و لە هۆزی کوردی زەرزاری یە (کتێبی صەلاحەدین ئەیوبی، ئەرمەنی نیە، زەرزاری و رەوەند ـ ی ـ دوین ـ ی سەربە هەولێرە. نوسینی عەبدولخالیق سەرسام پەڕەی ٨٣ چاپی ٢٠٠١ ز ـ هەولێر.) لە کتێبە کانداکە بە باشی بە ناو یا ناوە روگی (خەڵکان) ناسیاو نەبون، هەریەکە، بە جۆرێکی نوسیوە (بڕوانە زوبەیدی، ١٢٦/٧؛ خوانساری ٣٢٠/١). ئەسنەوی، (خەڵکان)ی بە ناوی گوندێ زانیوە، کە بە قسەی عەبدوڵلا جەبوری (٤٩٥/١) هێشتا هەر ماوە. **کوڕی خەڵکان لە نێو بنە ماڵە یەکی زانا و شەرع و دین زان لە دایک بووە و پەروە ردە کراوە.** کە بە قسەی کەماڵەدین موسا، ئەحمەد، کوڕی خەڵکان، لە هۆزی کوردی زەرزاری یە و لە توڕەمەی خالید بن بەرمەک ـ ە کە لە بەلخەوە هاتونە تەبەغا و ئەم مەڵبەندە. (عەباس، ۴ / ت)، کەچی هەندێ لەراستی و دروستی ئەم قسەکە کوڕی خەڵکان، دەچێتە وە سەر بەرمەکیان، دو دڵن. هەروەکو لە یونینی نەقل کراوە؛ کەو تویەتی: ئەو شەجەرەنامە ئەبو شامە بۆ ئەحمەدبن خەڵکان ـ ی سازداوە (صەفدی، ٣١٣/٧) و قسە یەکیش هەیە، ناو

EBAN پرینت ئول ١٣٨٦/٨/٢٨

Dr.Saleh Ebrahimi



بردنی با پیری شەمسەدین ئەحمەد بە خەڵکان لە فەخرو شانازی ئەو بە باوو باپیرانی سەر چاوەی گرتووە یانی فەخرکردن بە بەرمەکیان، کە لەو ماوە دا پیان و تووە و از لەو قسە بێنە (= خَلِّ کان... یانی و از لەوە بێنە کە باو و باپیرانم و تۆرمەم، وا بووە؛ خوانساری، هەرئەوێ). ئەم قسانە هەرچەندە، وەك ئەفسانە وایە. بەڵام شەمسەدین ئەحمەد خۆی بەتۆرمەی بەرمەکیان دەزانێ (کوڕی شاکیر، ١/١١٣). باوکی کوری خەلکان یانی محەمەد بن ئیبراهیم هەروەکو هەر دو براکەی عومەربن ئیبراهیم کە نەجم لەقەبی بووە و حوسێن بن ئیبراهیم کە روکنەدین لە قەبی‌بووە (ئەسنەوی، ١/۴٩۵). لە شەرع و دین زانینی باوی سەردەمی خوێ ناودار بووە و لە شام، میسر، حیجاز و عیراق زانینی ئیسلامی خوێندوە و فێریان بووە و بۆ ماوە یەکی فرە لە موسڵ جێگیربووە (هەرئەوێ، ١/۴٩٦) ئەو زانایە لە پاشان لە رۆژگاری موزەفەرەدین گوکبوری، ئەتابەکی هەولێر، چوّتە هەولێر و لە فێرگەی موزەفەری یەی ئەوێ خەریکی دەرس‌دان بەفەقێ و مەلایان بووە (کوڕی خەلکان ١/١٠٨). شەمسەدین ئەحمەد، هەرلە هە ولێر، لە فێرگەی موزەفەری‌یە کە باوکی لەوێ جێگیر بووە، لە دایك بووە (هەر ئەو ٢/٣۴۴) و تەمەنی لە ٢ ساڵ زیاتر نەبووە؛ یانی لە ١١ مانگی رەبیعی ئاخر لە ساڵی ٦٠٨ مانگی لە دایك بووە کە لە ٦١٠ مانگی و ١٢١٣ ز ـ باوکی لە دەس داوە (هەرئەوێ، ١/١٠٨).

بەڵام ئەمیر موزەفەرەدین رێز و سپاس و پاداشی مامۆستای راگرت و هەروەکو شەمسەدین ئەحمەد خۆی چەندین جار ئیشارەی کردوە (بۆ وێنە؛ ۴/١٢٠). فرە مێرانەو مرۆیانە ئاگای لە زاروك و منالانی، ئەو بووە. محەمەد بن ئیبراهیم فرە بۆ پەروەردە کردن و فێر کردنی مناڵەکانی خۆی سەرنجی دەداو دەکۆشا هەرئەوە، بووە هۆ، کە لە ساڵی ٦١٠ مانگی شەمسەدین ئەحمەد، زاروکی کەم تەمەن، بە پێودانی زەمان، لە رەزی‌یەدین ئەبو حەسەن موئەیەد نەیشابوری توسی لە خۆراسان ئیجازەی ریوایەت وەر بگرێ (هەر ئەو ٢/٣۴۴). شەمسەدین ئەحمەد لە پاشان لە فێرگە و حوزوری

Dr.Saleh Ebrahimi



شەرەفەدین ئەبولفەزل ئەحمەد کوری مەنعەی کورد، زانینی فیقهی خوێندوە، کە لە ٦١٠ مانگی چبووە هەولێر و دوای وەفاتی محەمەد بن ئیبراهیم بن خەڵکان لە فێرگەی موزەفەری یە، خریکی تەدریس بووە، کوڕی خەڵکان لە فێرگەی موزە فەری یە، خریکی تەدریس بووە، کوڕی خەڵکان، چوتە فێرگە ولە خزمەت ئەوزاتە زانایە دەرسی خوێندوەو زانینی لێ فێربووەو پەسنی شێوەی تەدریس و پڕ عیلمی شەرەفەدینی کردوە (هەر ئەو، ١٠٨/١). لەوە دەچێ شەمسەدین ئەحمەد تاماوەی بەر لە ساڵی ٦١٧ مانگی، کە کوڕی مەنعە چۆتە حەج و زیارەت، لە فێرگە و لای ئەو دەرسی خوێندبێ و لە پاشان هەر لە هەولێر چۆتە خزمەت شێخ ئەبو جەعفەر محەمەدبن هیبە توللاّ بن موکەڕەم، خەریکی خوێندنی فەرمودە «: حەدیس» بووە و بوخاری خوێندوە و لە ساڵی ٦٢٣ شەمسەدین ئەحمەد، هێشتا هەر لە هەولێر بووە، کە لە گەڵ جەماڵەدین ئەورەحمان واسیتی شاعیری ناوداری سەردەم ناسیاو دەبێ، کە هاتبووە فێرگەی موزەفەری یە (هەرئەوێ، ٢١٥/١) و هەروا، لە گەڵ محەمەد کوری عونەین چاو پێکەوتنیان دەبێ (هەرئەو، ١٥/٥)، بەلاّم شتێ لەوان نابیسێ، هەروا لە گەڵ عیسابن سەنجەر هەولێری دۆستی پەیدا دەکا و عیسا، فرەیێ لە هۆنە و شیعرەکانی خۆی بۆ کوری خەڵکان، دە خوێنێتەوە (هەرئەو، ٣/ ٥٠١). ئاخرین خەبەرێ کە لە خوێندنی شەمسەدین ئەحمەد لە هەولێر لە بە ردەسایە، ئەوە یە کە لای شێخ ئەسیرەدین میفەززەل بن عومەر ئەبهەری لە ساڵی ٦٢٦ مانگی لەدار حەدیس لە هەولێر، عیلمی خیلافی خوێندوە (هەرئەو، ٥/ ٣١٣) و لەرەمەزانی ئەو ساڵەدا شەمسەدین ئەحمەد، شاری هەولێری، بەحبێ هێشتووە (هەر ئەو، ٣/ ٥٠٣) و دوای چەن رۆژ گەیشتۆتە شاری موسڵ (هەرئەو، ٧/ ٩٨) هەروەکو خۆی لە مێژوەکەی خوێدا نوسیویەتی: «لە تاریخی ٦١٦ لە شاری موسڵ بەخزمەت کە ماڵەدین (ئەبوفەتح موسا بن شێخ رەزیەدین یونس بن محەمەد بن مەنعە) گەیشتم و لە هەمو زانینەکاندا بە ماموستایێ بێوێنم هاتەبەرچاو، لەخزمەت ئەو زانایە، فرە زانیاری فیربوم ئەشێ بڵێم:

EBAN پرینت اول ۱۳۸۶/۸/۲۸

Dr.Saleh Ebrahimi



زانایانی **هاوسەردەمی شایەدیان‌دا، کە پرزاکەماڵەدین لە ٢٤ فەندا ئوستادە،** بۆوێنە لە ئوصولی‌دین، ئوصولی فیقھ، پزیشکی و تیب، فیقھ، حیکمەت، مەنتیق، هەیئەت، ریازیات، موسیقی و ئاواز، عیلمی ئەوفاق (: پیت‌زانی و پیت‌ناسی)، تەفسیر، حەدیس، تەورات و ئینجیل، فرە ئاگادار بووە» و لەموسڵەوە چوّتە حەران «هاران» هەر ئەو، ٨١/٥) و لەویشەوە چوّتە شاری حەڵەب کەلەو سەردەمەدا ناوەندێ گرینگی عیلمی بووەو دەڵێن: کوڕی خەڵکان لە سەرەتای مانگی زیقەعیدە کەمێ دوای مردنی یاقوت حەمەوی چوّتەشاری حەڵەب (هەر ئەو، ٦/١٣٩) و چاوی بە عیزەدین کوڕی ئەسیر، کەوتووەو لە حەڵەب زوّر جار چوّتە زیارەتی کوڕی ئەسیرو لە نوسراوەکەی خوێدا فرە تەعریفی کوڕی ئەسیری کردوە (هەرئەو ٣/٣٤٩)، هەروەکو خوّی نوسیویەتی: لەوسەردەمەی کەلە هەولێر بووە، زیاتر لە ١٠ جار لە هەولێرەوە چوّتە موسڵ تا لە خزمەت زیائەدین کوڕی ئەسیر، زانین و عیلم فێربێ. لە سەر راسپاردنی موزەفەرەدین گوکبوری کوڕی خەڵکان لەگەڵ براکەیدا چوونەتە لای قازی بەهائەدین ئەبو مەحاسن یوسف بن شەداد و ئەویش فرە دڵخوّشی‌یان دەداتەوە و لە فێرگەی خوّی: (دار حەدیس) شاری حەڵەب دایان دەمەزرێنێ و بالاترین مانگانە یان بوّدابین دەکا، کوڕی شەداد، هەم خوّی دەرسی فیقھی پێ دەوتن و هەم هەر لە حەڵەب لە و فێرگە لای شێخ جەماڵەدین ئەبو بەکرماهانی دەرسیان دەخوێند، تا شێخ جەمالەدین لە ٦٢٧ مانگی وەفاتی کرد و شەمسەدین ئەحمەد، چووەلای شێخ نەجمەدین محەمەد ناودار بەکوڕی خەبباز موسڵی فەقیھ و زانا بە عیلمی شەریعەت (د ٦٣١ مانگی) فێرگەی سەیفیەی حەڵەب و بەشێ لە کتێبی وەجیزی ئیمام محەمەد غەزالی، لای ئەو خوێندوەو فێربووە (کوڕی خەڵکان، ٧/٩٠، ٩١)، هەروا لە ٦٢٧ مانگی لە حەڵەب لای مووەفەقەدین یەعیش بن عەلی وێژاوەری ناودار، کتێبی لەمع - ی کوڕی‌جنی کورد، دەخوێنێ (هەر ئەو، ٧/٤٨)، هەروا لای عەبدولەتیف ئەبو محەمەد، مووەفەقەدین بن یوسف بە غدادی، خوێندویەتی

EBAN پرینت اول ١٣٨٦/٨/٢٨

Dr.Saleh Ebrahimi



و بە ناوی (شێخنا) ناوی بردوە (هەرئەو، ٧٦/٦) و لە پاشان بۆ زیاتر فێربون، دەچێتە دیمەشق و لە شەوالی ٦٣٢ مانگی لای ئەبو عومەر عوسمان بن ئەورەحمان ناودار بە کوڕی صەلاح شارەزوری و بۆ ماوەی ساڵێ لای ئەو دەخوێنێ (هەرئەو، ٢٤٤/٣). هەر لەوێ لەگەڵ جەماڵەدین محەمەدبن مالیک پێوەندی پەیدا دەکا (کوڕی کەسیر، ٢٦٧/١٣) و هەر وا لەشام لەگەڵ حافز سەلەفی (د ٥٧٦ مانگی و ١١٨٠ ز ـ و لە دواییدا لە میسر دەی بینێ و لە وان حەدیس فێردەبێ و ئیجازەی ریوایەتی لێوەرگرتون (کوڕی خەڵکان، ١٠٥/١) هەروا لەگەڵ جەماڵەدین بن مەتروح دۆستی سازداوە و لە میسر و شام نامەیان بۆ یەکتر نوسیوە و وتووێژێ عیلمی لە نێوا نیاندا، ئەنجام دراوە و جەماڵەدین زۆربەی شیعرەکانی خۆی بۆ خوێندوتەوە (هەر ئەو، ٢٦٠/٦). کوڕی خەڵکان دوای ماوەیەک لە شامەوە چوتە میسر، خۆی ئاماژەی بەوەکردوە کە لە ٦٣٣ مانگی چوتە میسر (هەرئەو، ٣١٧/٥) و چەن مانگێ لە ئیسکەندەریە، رای بواردوە (هەر ئەو، ٣١٨/٤) و لەویشەوە چوتە قاهیرە و لەوێ لەگەڵ زانایان و ئەدیبان پێوەندی گرت و لە ٦٣٧ مانگی چوتە دیدەنی بەهائەدین زو هەیر کە زانایێ بوە، نوسەر، وێژەوان و شاعیر و زوربەی شیعرەکانی لای ئەوبیست و ئیجازەیشی لێوەرگرت کە شیعرەکانی نەقڵ بکا (هەرئەو، ٣٣٢/٢، ٣٣٦). هەروا چووەتە دیداری حافز زەکی یەدین مونزری، فەرمودەزانی میسر (هەرئەو، ١٠٦/١) ولە ئەصحاب بن عەبدوللاّ بن بیری (د ٥٨٤ مانگی و ١١٨٦ ز ـ)ئەدیب و حافزی ناوداری سەردەم، لە لای ئەو حەدیس فێر بووە و ئیجازەی ریوایەتیشی لێوە رگرتووە (هەرئەو، ١٠٩/٣) دۆستی کردنی کوڕی خەڵکان لەگەڵ کەسانێ وەک بەهادین زوهەیر و کوڕی مەتروح کە لە ئەمیرانی دەر باری ئەیوبی بوون، بێجگە لە فایدەی عیلم و زانین، بوونەتە هۆکە لە قاهیرە بەجێ نشینی قازی قوزاتی ئەبولمحاسن بەدرە دین یوسف ناودار بە قازی سنجار، هەڵبژێردرێ. لە ٢٤٩ کە کوڕی مەتروح ئەدیب و یاری دێرینی شەمسەدین ئەحمەد،

Dr.Saleh Ebrahimi



وەفاتی کردوە، چووە لە سەر جەنازەکەی نوێژی کردوە (هەرئەو، ٢٦٦/٦). دوای ماوەیەک کە لەوە دەچێ لە ساڵی ٦٥۴ مانگی و ١٢٥٦ ز ـ بوبێ، دەس دەکا بە نوسینی کتێبی وەفەیاتی ئەعیان (هەر ئەو، ٢١/١). لە ساڵی ٦٥٦ مانگی نەخۆشی یەکی وەک، تاعون یا کولیرە (وەبا) لە میسر پەیدا ببو کە فرە خەڵکی لە ناوبردبوو شەمسەدین ئەحمەد ـ یش توشی ئەو نەخوشیە ببو، بەلام سەرەنجام چاک ببوەوە (هەرئەو، ٣٣٨/٢).

دوای ٢ ساڵ لە کاتی کوژرانی سەیفەدین قەتەر کە بیبرس دەبێتە فەرمانرەوای میسر و شام (٦٥٨ مانگی). بیبرس کە پیێ دەزانێ کە خەڵک لە نەجمەدین بن سنی دەولە: قازی قوزاتی شام نارازین، لای دەبا و شەمسەدین ئەحمەد لەجیێ ئەو دەکاتە قازی قوزاتی شام و هەروا دەیکاتە بەرپرسی ئەوقاف و بارستان (: نەخۆشخانە) و فێرگە و فێرانکۆکانی دیمەشق و تەدریس لە ٧ فێرگە و فێرانکۆی ئەوێی پیێ دەسپێرێ (ئەبو شامە، ٢١٥)، بەلام لە ٦٦٠دا، بە قازانجی شێخ شیهابەدین ئەبو شامە میقدەسی، دەس لە تەدریس لە فێرگەی روکنیە هەڵدەگرێ و تەنات؛ و تویانە: خۆیشی لە دەرسی ئەوا حازربووە و عیلمی لێ فێربووە (هەرئەو، ٢١٦، کوڕی کەسیر، ٢٣٥/١٣)؛ هەروەکو لە سەر دەرسی ئەو لەدار حەدیسی ئەشرەفیەیش حازر بووە (٦٦٢ مانگی). (هەر ئەو، ٢۴٢/١٣). لە جەمادی ئەوەڵ ٦٦٣ مانگی بە دەستوری بیبرەس بۆ هەریەکە لە ۴ مەزهەبەکە، قازی قوزات دانراوە. کەچی تا بەرلەوە قازیانی مەزهەبەکانی‌تر، هەروەک جێنشینی کوڕی خەڵکان داوەریان کردوە (ئەبو شامە، ٢٣٥ ـ ٢٣٦؛ کوڕی کەسیر، ٢۴٦/١٣، (٣٠١)، شەمسەدین ئەحمەد، هەرواکاری قازی قوزاتی لە دیمەشق بە ئەستۆ بو تا لە ساڵی ٦٦٩ مانگی دوای ١٠ ساڵ داوەری کردن، لابرا و کوڕی صائیغ لە جیێ ئەو دانراوە (بونینی، ۴٥٢/٢) و دوای ئەوە گەڕاوەتەوە بۆ قاهیرە و خەریکی نوسینی کتێبی وەفەیات ئەعیان بووە (کوڕی خەڵکان، ٢٥٩/٧) لە مانگی زیحەجەی ساڵی ٦٧٦

EBAN پرینت اول ۱۳۸۶/۸/۲۸

Dr.Saleh Ebrahimi



مانگی بە ناوی قازی هەڵدە بژێر درێ و دەی نێرنەوە دیمەشق (هەر ئەو، عەباس ۷/۴۹)، شەمسەدین ئەحمەد، لە موحەرەمی ٦٧٧ مانگی گەیشتۆتە دیمەش (عەباس ۴ / ی)، عیزەدین ئەیدەمیر جێ‌نشینی حاکمی دیمەشق و میرەکانی تر لەگەڵ ئاپورەیێ فرە لە خەڵکی ئەوێ دەچن بە پیریەوە (صەفدی، ۷/۳۰۹، ۳۱۰).

لە زیحەجەی ئەو ساڵەدا فێرگەی نەجیبەی شاری دیمەشق دامەزرا و شەمسەدین ئەحمەد بۆ تەدریس لەوێ حازر بوو لە پاشان کەماڵەدین موسا (کە بە خۆشی و ریزدانان بو کەماڵەدین موسابن یونس بن سەنعەی ئوستادی خۆی، کوری خۆی بە ناوی ئەو، ناونابو). کوری خۆی بۆ تەدریس دە نێریتە ئەوێ (کوری کەسیر، ۱۳ / ۲۸۰). لە ٦٧٨ مانگی، باری رامیاری میسر و شام گۆڕا و ئاژاوە سازدرا و سەعید ناصرەدین کوری بیبرس لە کار لابرا و عادل سەلامش کرایە حاکم و لە رەجەبی ٦٧٨ مانگی عادلیش لابراو مەنسور فلاوون بووە حاکمی سەرتاسەری میسر و شام، ئەو ئاڵ و گۆڕانە بووە هۆ تا سەنقور ئەسقەر ببێتە بریکاری حاکمی دیمەشق و لە جێی عیزەدین ئەیدەمیر دانیشێ، بەڵام عیزەدین پەیرەوی لەفلاوون و سەنقور نەکردو لافی سەر بە خوێی لێدا و قازی یەکان، زاناکان و مەزنەکانی شار هەمو عیزەدین یان قەبوڵ بو (کوری کەسیر، ۱۳/۲۸۸ ـ ۲۸۹، ۲۹۰). فلاون ئەمیر عەلەمەدین سەنجەر حەلەبی بۆ سەرکوتکردنی عیزەدین، ناردە دیمەشق و ئەویش لیێ راسا، بە قسەی دەواداری (۸/۲۳۸) جاقازی شەمسەدین ئەحمەد، لەوکاتەدا فتوای دابو کە خەڵکی بەرەنگاری میسریان بن و شەریان لەگەڵ بکەن، جاکاتێ عەلەمەدین بە سەردیمشقا زاڵ بو (سەفەر ـ ی ٦٧٩ مانگی و ژوەنی ۱۲۸۰ زاینی، شەمسەدین ئەحمەد ـ ی لابرد و لای سەروی خانەقای نەجیبیە زیندانی کرد و لە فێرگەی عادلیەی کەبیر، کە ماڵی لەوێ بو کە لوپەل و شرەکانیان خستەدەرێ، بەڵام لەو ماوەدا فلاوون بەخشینی گشتی راگەیاندو شەمسەدین ئەحمەد، لەجیێ خۆی کرایە قازی و تەنانەت خەلاتو براتی بۆ نارد و دۆستی دێرینی خستەوە بیری (کوری

EBAN پرینت اول ۱۳۸۶/۸/۲۸

Dr.Saleh Ebrahimi



کەسیر، ۲۹۱/۳). هەر چەندە کوڕی خەڵکان، لە مانگی زیحەجەی ٦٧٩ مانگی کرایە قازی حەڵەبیش (هەرئەو، ۲۹۲/۱۳) بەڵام لە محەڕەمی ٦٨٠ مانگی لە سەر کورسی قازی گەری لابرا (کوڕی صقاعی، ٦) و لە فێرگەی نەجیبیە کە بە دەس کەماڵەدین موسا ـ ی کوڕی بوو، دانیشت و ۳۰۰ دیرهەمی مانگانە بۆ بڕیوە (عەباس، ۴ی، بەنەقڵ لە کەماڵەدین موسا)؛ لە پاشان لە سەفەری ٦٨١ مانگی، لە فێرگەی ئەمینیە خەریکی تەدریس بووە و تا ئاخرین ساتی تەمەنی عومری شەریفی مامۆستا و دەرس بێژ بووە (نەعیمی دیمەشقی، ۱۹۲/۱) لەدواییدا تا چەن مانگ لە سەرجێ و نە خۆشبو و لە ۲٦ رەجەب لە فێرگەی نەجیبیە وەفاتی کرد و جەنازەکەیان بەعەشقی مەولانا خالید شارەزوری، لە داوێنەی کێفی قاسیون ناشت کە جێی گلکۆی زۆرێ لە زانایان بو، (عەباس، ۴ / ت؛ کوری کەسیر، ۳۰۱/۱۳، قیس؛ کوڕی قازی شەهبە، ۲۱۴/۲).

کوڕی خەڵکان بە سەرنج دان، بەوە کە لەو سەردەمەی کە قازی بووە، فەقیهێ پڕزاناو داوەرێ دادگەر، هاتبووە ژمار (کوڕی قازی شەهبە، ۲۱۳/۲) وەلای فەقیهانی زانا وگەورەی سەردەم، زانست فێر ببو، گرینگی یەکی تایبەتی بە فیقهو ئوصول، دەدا، بەڵام لە زانستی مێژو، نەحو و ئەدەب و وێژاوەری عەرەبیش دەسێ فرەباڵای هەبووە، شەمسەدین ئەحمەد لە رابوردوا لە گەڵ زانایان و ئەدیبان و شاعیرانێ وەک: بەهائەدین زوهەیر، کوڕی خەیمی، ئەبوحوسێن جزار، کوری مەتروح و جەماڵەدین مەحمود، هەولێری (کوڕی خەڵکان، ۳۳۲/۲، ۳۳٦، هەروا بڕوانە ۱۰٦/۲، ۳۴۲، ۲٦۰/٦، ۲٦۵). لە بەرئەوەی شەمسەدین ئەحمەد ئەونە لە سەر دیوانی شیعری شاعیران و دیوانی وێژە و وێژەوانان کەسانێ وەک (بحتری، مبرّد فرەزدق و متنبی) کاری کردبو، زانایان بە شیعر ناس یانزانیوە (یافیعی، ۲۱۴/۴)، ئەو لە هەموزاناو ئەدیبێ زیاتر بە دیوانی متنبی ناسیاو بوە (هەر ئەوێ) و بیرورایێ جیێ سەرنج لە بابەت شیعر و شاعیراندا لە کوڕی خەلکان بە جیێ ماوە (بۆوێنە، ۱٦۱/۴، ۴۲۴، ۴۴۱، ۴٦۴، ۱۴/۵، ۱۹۰، ۱۹۱)

EBAN پرینت اول ۱۳۸٦/۸/۲۸

Dr.Saleh Ebrahimi



شەمسەدین ئەحمەد، خۆیشی لە دانان و هۆنەی غەزەل و چارینە، فرە بە توانا بووە و شیعرەکانی ئەویان بەباش و لەتیف و پڕ خەیاڵ و ورد، داناوە (سبکی، ٨/٣٣؛ کوری کەسیر، ١٣/١٠٣؛ بۆ هەندێ لە هۆنەکانی ئەو بڕوانە: عەباس، ٧/٩١ - ١٠٧) لەو نوسراوانەی کە دوای سەرکەوتنی بیبرەس لە شام، ئامادەی کردون (دوا داری، ٨/١٠٩ - ١١١) و لەکتێبی وەفەیات ئەعیانیش جوان دەردەکەوێ کە لە دەق و پەخشان نوسیندا دەسێ فرە باڵای هە بووە.

کتێبی وەفەیات ئەعیان و ئەنبائی ئەبنائی زەمان (هـ م) ئەو لە نوسینی ئەو کتێبەدا، کە ماوە، بۆ ماوەی ١٨ ساڵ یانی لە ساڵی ٦٥٤ مانگی لە قاهیرە تا ساڵی ٦٧٢ مانگی، درێژەی کیشاوە (کوری خەلکان، ١/٢١، ٧/٢٥٨)، وەفەیات... لە نەوعی خوێداکەم وێنەیە. شەمسەدین ئەحمەد، راڤەی حاڵی کۆمەڵێ فرە بەرچاوی لە زانایانی زانینەکانی جیاجیا و ئەمیران و وەزیرانی، کۆکردوەتەوە، کە لە ماوەی چەن ساڵ، لە کتێبەکانی نوسەرانی وەرگرتووە یا لە مرۆڤی زاناو ئاگاداروجیێ دڵ نیابون بیستویەتی و یاد داشتی کردون (هەرئەو، ١/١٩، ٢٠) یاخۆ کە لەگەڵ زانایان و وێژاوەران و شاعیران و نوسەراندا، دۆستی و پێوەندی هەبووە، لیێ وەرگرتون و نوسیویەتەوە، لەوە دەجێ بێجگە لەو کتێبەپر بایەخە، نوسراوی تریشی هەبێ کە بەدەس ئێمە نەهاتووە (ئەبو لفیدا ئەییوبی ٣/١٦). بە تایبەت کە صەفدی (٧/٣٠٨) نوسیویەتی کە ئەو چەن کۆمەڵێ وتاری ئەدەبیشی هەبووە. فرەیێ لە نوسەران، فرە پەسنی شەمسەدین ئەحمدیان لە بابەت خووئاکار و ئەخلاقی حەسەنەوە بۆنوسیوەو بەچاک و ئەخلاق چاک ناویان بردوە و بە مرۆڤێ خوو ئاکار و ئەخلاق جوان و خۆش خو ناویان بردوە (یافیعی ٤/١٩٣؛ کوری تولون، ١/١٩٣) و هەروا بە مرۆڤێ سەخی و دڵ و دەرون گوشادو چاک و پاکداوێنیان زانیوە و یادیان کردوە، عەباس ٧/٥٦ بە نەقل لەکوری شاکیر. تەنانەت لە سەردەمی نەداریدا پووڵ و ماڵێ کە بیبرەس بۆی ناردبو، وەری نەگرتبو (صەفدی،

Dr.Saleh Ebrahimi



٣١١/٧) و لە داوەری کردندا قەتڵای نەداوە (هەرئەو، ٧/ ٣١٠، ٣١١)، هەر لە بەر ئەوە بووە کە دوبارە کراوەتەوە، قازی دیمەشق و خەڵکی کوڕی شادیان لە خۆشیان بۆ سازداوە (کوڕی کەسیر، ١٣/ ٢٧٩ ، ٢٨٠ ، ٢٩١). بەو حاڵە شەوە، هەندێ ئەویان بەکاری ناپەسەند و لافی درۆزنی کە خۆی بە بەرمەکیانەوە، ئەنوسێنێ، تاوانبار کردوە. بەڵام شەمسەدین ئەحمەد خۆی وەڵامی هەندێکیانی داوەتە (صەفدی، ٣١٢/٧، ٣١٣).

لە بابەت مەزهەبی شەمسەدین ئەحمەد، کە هیچ شک و دودڵی یەک نیە کە لە سەر رێبازی ئیمام شافیعی بووە، بەڵام و تویانە کە محەمەد بن شێخ محێدین ناودار بە ئەسلەمی لە کتێبی تەرجەمەی عەبقەری و صەولەتی حەیدەریەدا، لە بەرئەوەی کوڕی خەڵکان لە هەندێ سەرچاوەی شێعە؛ کەڵکی وەرگرتووە، بە شێعەی زانیوە (عەباس، ٥٥/٧). هەرچەند هەندێ لەدۆستانی، کەسانێ وەک ئەبومەحاسن شەواو یوسف هەولێری شاعیری شێعە بون و ئەویش خۆی شیعری فەرەزدەقی لە پەسەندی ئیمام زەینە عابیدین لە کتێبەکەی خۆیدا هێناوە (٩٥/٦)، بەڵام ئەوە نابێتە بەڵگە چونکا ئەوە لە لایەکەوە بێ لایەنی ئەو نیشان دەدا و لە لایێ دیکە شەوە، دە بێ بێژین، شێعە مەزهەبەکان، کاتێ مەبەستێ یا پەسنێ لە نوسراوە و کتێبی نوسەرانی سوننی مەزهەب دەبینن، بە پەلە رادە گەیێنن کە ئەو کەسە، شیعەیە، کەچی وانیە، فرەکەس لە شاعیران و نوسەرانی کوردی سوننی هۆنەیان لە پەسنی ئیمام حوسێن و حەسەن و ئەوانی‌ترا، هۆنیوەتەوە یا شتیان لەو بابەتەوە نوسیوە و رێبازیشیان نەگۆڕیوە، تازەدین یا مەزەهەب شتێکی عاریزی و تایبەت بەو کەسەیە کە ئەو دین و رێبازەی هەیە، نوێژ کردن یا نەکردنی نە زیان نەقازانجی بۆ کەسێ ترنیە، هونەر ئەوەیە مرۆڤ بۆ ئاسودەیی و خێر و خۆشی و شادی خەڵک بکۆشێ، پەرە بەکشت و کاڵ، ئاژەڵداری، سەنعەت، تیکنیک، عیلم، هونەرو پەرە بەزمان، فەرهەنگ‌بدا، ئێمەی‌موسوڵمان لە بەر ئەو **بیرەکۆنەو خۆبینی و بە دفەرینی بە**

Dr.Saleh Ebrahimi



**جۆرێ دواکە** توین و ئەو بەرق و کارە بایە، کەدنیای شـەوی بۆکـردوینەتە رۆژ و بووەتە هۆی بە ختەوەری و ژیانێ خۆش، کە بۆتـە بـنەرەت بۆگشتکـارێ، فـروکـە، ئوتومبیل، رادیو، تلویزیون یەخچال (ساردینگ) **روناکی مالآن، بەکارکە وتنی کارگە و... یا سازدانی تلویزیون، موبایل، تەلەیفون و... هیچی لەبیرو مێشکی ئێمەی موسولّمان، سەر چاوەی نەگرتووە، نابێ لەوە زیاتر بەو قسانە خۆمان فریو بدەین**، دیارە بەم فەرمودەیش [باشترینی مروۆف ئەوەیە کە خێری بۆ خەلّک هەبێ] رەنگە هەر ئەوانە کەئە و شتە بەکە لّکانەیان سازداوە و خەلّکی قانزاجێ فەرەی لێوەردەگرن، هەر ئەوان بـە هـەشتیبن، تۆ وردبیر بکەوە، نە خۆش کە نیازی بە نەشتەرگەری هەبێ و بەرق نەبێ، یا لەکاتی نە شتەر گەریدا بەرق بروا. هیوا دارم لانی کەم موسولّمانانی کورد، لەمە و لا رێگای عیلم و زانین زیاتر بگرنە بەر تا لەوە زیاتر مەزلوم و **دا بە شکراو و بە شخوراو نەبین، با یەکبین** و زانابین تا بە **پەلەسەرکەوین، کورد نەتەوەیە یەکی شادە، ئەگەر دەوڵەتی خۆی هە بێ فرەزو بە نەردیوانی تەرەقیدا سەردەکەوێ، ئازادی و سەر بە خۆیی بێ یەکبون بەدەس نایێ. ـ**

سەرچاوە: کورِی خەلکان، وەفەیات، کورِی شاکیر، محەمەد، فـەواتـی وەفـەیات بـە کۆششی ئیحسان عەباس، بیرۆت، ١٩٧٣ز ـ کوری صنفاعی، فەزلوللاّبن ئەبی فەخر، تالی کتێبی وەفەیات ئەعیان، بەکۆششی ژاکلین سوبلە، دیمەشق، ١٩٧۴ ز ـ بن تولون، محەمەد قەلائید جەوهەریە، بەکۆششی محەمەد ئەحمەد دیـهمان، دیـمەشق، ١۴٠١ مانگی و ١٩٨١ ز ـ بن قازی شەهبە، ئەبو بەکر بن ئەحمەد، تـەبەقاتی شـافیعی یە، بـە کۆششی حافز عەبدحەلیم خان، حـەیدەراوای دیکـەن، ١٣٩٩ مـانگی و ١٩٧٧ ز ـ کوری کەسیر، بیدایە و هیدایە، ئەبوشامە، ئەو رەحمان بن ئیسماعیل، تەراجیم ریجال قەرنەین، بەکۆششی عێزەت عـەتار حـوسێنی، قـاهیرە، ١٣٦٦ مـانگی و ١٩۴٧ ز (ئەبولفیدا، موختەسەر لە ئەخباری بەشەردا، بێـروت، دارمـە عـریفە؛ ئـەسنەوی عـەبد رەحیم بن حەسەن، تەبەقاتی شافیعیە، بەکۆشـی عـەبدوللاّ جـەبوری، بـەغا، ١٣٩٠

EBAN پرینت اول ١٣٨۶/٨/٢٨

Dr.Saleh Ebrahimi



مانگی و ١٩٧٠ ز ـ جەبوری عەبدوللاّ، بەرکول و کۆبە لە سەر تەبەقات (بڕوانە: ئەسنەوی هەر لەم سەرچاوەدا)، خوانساری، محەمەد باقر، ڕەوزات جینان، تاران، ١٣٨٢ مانگی و ١٩٦٢ ز ـ دواداری، ئەبوبەکر، بن عەبدوللاّ، کە ئزدورِ بە کۆششی ئۆلروخ هارمان، قاهیرە، ١٣٩١ مانگی و ١٩٧١ ز ـ زوبەیدی تاج عەروس، سبکی، عەبد وەهاب بن عەلی، تەبەقاتی شافیعی یەکوبرا بە کۆششی عەبدمیفتاح محەمەد حلو و مەحمود محەمەد تناحی، قاهیرە، ١٩٧١ ز ـ صەفدی، خەلیل بن ئیبک، وافی بە وەفەیات، بە کۆششی ئیحسان عەباس، بێروت، ١٣٨٩ مانگی و ١٩٦٩ ز ـ عەباس ئیحسان، سەرەتا لەسەر وەفەیات (بڕوانە: کوڕی خەلکان هەر لەم سەرچاوە) نەعیمی دیمەشقی، عەبد قادر، بن محەمەد، دیراس لە تاریخی مەداریدا بە کۆششی جەعفەر حوسێنی، دیمەشق ١٣٦٧ مانگی و ١٩٤٨ ز ـ یافیعی ـ عەبدوللاّ بن ئەسعەد، میرئات جینان. حەیدەراوای دیکەن، ١٣٣٧ ـ ١٣٣٩ مانگی؛ بونینی، موسا بن محەمەد، پەراوێزی میرئات زەمان، حەیدەراوای دیکەن، ١٣٧٥ مانگی و ١٩٥٥ ز ـ صادق سەجادی، دایرە تولمە عاریفی بوزورگی ئیسلامی ج ٣ پەرەی ١٤٦٢ تا ٤٩٥ چاپی ١٣٦٩ هەتاوی، تاران، ئەبو عەبباس شەمسەدین ئەحمەد کوری محەمەد کوری ئەبوبەکر کوری ئیبراهیم، کورِ (خەلکان)، کوری باوەک، کوڕی عەبدوللاّ کوڕی شاکە ڵەو ناز ناوی کوڕی خەلکان ـ ە ـ کە گوندێکە، بە ناوی (خل)ی باپیری کراوە. هەروەکو کوری موستەفی ئاماژەی پێکردوە (ج ١ پەرەی ٣٨٣ و ج ٢ قازی هەولێر و کتیبیِ زو بەیر بیلال پەرەی ١٨ و ١٩ و ٢٠ و ٢٢).

□ کوڕی خەلکان لە ١١ مانگی ڕەبیعی ئاخر لە ساڵی ٦٠٨ مانگی لە شاری هەولێر لە نێو بنە ماڵە یەکی خاوەن ئەسڵ و نەسەبی فرە کۆنی کوردەواری لە دایک بووە و پەروردە کراوە و بارها تووە و لە سەرەتاوە لە فێرگەی شیهابەدین محەمەد، کوڕی ئیبراهیم خەلکانی، باوکی خۆیی خویندو یەتی، کە باوکی یەکێ لە زاناکانی ئاخر و

Dr.Saleh Ebrahimi



ئۆخری سەدەی ٦ و سەرەتای سەدەی حەوتەم بووە لەکوردستاندا، (تاریخی سەنیە لە تاریخی قوستەنتەنیە چاپی ١٨٨٧ ز بیروت) و دوای ئەوەکەباوکی لە (٦١٨ مـانگی وەفاتی کردوە، چوّتەشاری موسڵ و لە فێرگە و دەرسی کەماڵەدین کوڕی یونس خریکی خوێندن دەبێ و لە ساڵی ٦٢٦ مانگیدا دەچێتە شاری حەڵەب و لە فێرگەی بـەهائەدین ئەبو مەحاسن یوسف کوڕی شەداد، بە تەواوی زانستی فیقهـ فێر دەبێ و لە خزمەت ئەبو بەقا یەعیش کوڕی عەلی نەحوی، زانینی نەحو فێر دەبێ. ـ نوسراوەکانی کوڕی خەلکان ـ ١ ـ وەفەیات، ئەعیان و ئەنبائی ئەبنای زەمانە لە ناساندنی فرەیێ لە زانایان، خواناسان، شاعیران و ئەدیبان: (ویژە، ویژەوانان: ویـژاوەران)، پـاشایان، مـیرانـی سـەرناس کـە لە روانگای راستی و دروستی مە بە ستەکان و راستنوسین بە تایبەت لە بابەت راستی ساڵی لە دایک بوون و مردنیئەو ناودارانەوە، فرەجییّ باوەڕود لنیاّییە. کتێبی صـەلاحەدین ئەیوبی ئەرمەنینیە، زەرزاری و رەوەندی (دوین)ی هەولیر (پەرەی ٨٣ چاپی ٢٠٠١ ـ ز هەولێر) تە باقاتی شافعی سەبوکی ج ٥ پەرەی ١۴. ئەعلامی زەرەکلی ج ١ پـەرەی ٢٢٠ چاپ ساڵی ١٩٨۴ ز بیرۆت و تاریخی مەشاهیری کورد، خـوانـاسان، زانـایان، ویژاوەران و شاعیران ج ١ نوسراوی پرزانا بابامەردوّخ روّحانی شێوا پەرەی ٩١ و ٩٢ چاپی سروش تاران ١٣٦۴ هەتاوی وکوڕی خەلکان کە لە ٢٦ رەجەب لە ساڵی ٦٨١ مانگی لە شام وەفاتی کردوە ولە دیمەشق نێژراوە کە بەرانبە رە لەگەڵ (١٢١١ ـ ١٢٨٢ ز) ـ کوڕی خەلکان بەکورەکەی خوّی وتووە: من کوردم لە هوّزی زەرزاریم و باپیرانم کوّمەڵی مەجوسیزەڕ دەشتی بون (ئەم قسەنیشانەی ئەوە یەشانازی بەکورد بونی خوّی کردوە) (وەفەیات ئەعیان پەرەی ٢٠ هەرئەویّ وکتێبی صەلاحەدین سەرسام پەرەی ٨١ هەرئەویّ)، زبێربیلان، یەکیّ لە هوّی سەرکەوتنی کوری خـەلکان کـە بوّتـە قـازی قوزاتی میسر، بەدرەدین سنجاری زەرزاری بووە، چونکا خەڵکی چیای کوردستان وهاو خوّین و لە یەک نەتەوە و لە یەک نیشتمان بون (تاریخی هەولێر زبیربیلان پەرەی ٦٢ و

Dr.Saleh Ebrahimi



٣) بە نەقڵ لە (عەبدولخالق سەرسام هەرئەوێ)، کوری خەلکان خۆی نوسیویەتی: من کوردی هەولێروزە رزاریم (پەرەی ٢٩ و ٢٠، زیربیلال نەقڵ لە وەفەیات ئەعیان ج ٧ عوقودولحان ١ /٤٤٧ بە نەقڵ لە عەبدولخالق سەرسام).

کوڕی خەلکان چۆتە دیمەشق لە خزمەت پرزاناکوڕی صەلاحی کوردی شارەزوری خوێندویەتی. (کوری صەلاحی شارەزوری لە زانینی تەفسیر، فەرمودە، فیقهو ئوصول بێ وێنە بووە و لە ٥٧٧ مانگی لە هەولێر لەدایک بووە و لە ٦٤٣ مانگی لە دیمەشق وەفاتی کردوە و لە فێرگەی ناصریە: صەلاحەدین ئەییوبی و لە فێرگە ـ ی ست شام زمورد خانی خوشکی صەلاحەدین تەدریسی کردوە). کوڕی خەلکان لە ساڵی ٦٣٧ لە قاهیرەی میسر بۆتە نایب و یاریدەدەری قازی یە لقوزات بە دردەین سەنجاری و لە دوایدا بۆتەقازی شام و ١٠ ساڵ لە وێ قازی بووە و لە پاشان یەکێکیان لەجێ دانا و دوبارە گەراوە تەوە بۆ میسر و دوای ٧ ساڵ دوبارە بەناوی قازیەلقوزات لە شام دەس بەکاربو و شاعیرانێ فرە هەمیشە لە خزمەتی دابون و لە مروڤانی و دڵ و دەرون گوشادی و نیعمەتی ئەو کەڵکیان وەرگرتووە و لە پەسنی ئەو قەسیدە و هۆنەیێ فرە دانراوە. بۆ نمونە رەشیدەدین فاروقی لە بارەی قەزاوەت و داوەری ئەو لە شام و ماوەی لادرانی، لەو بارەوە قەسیدەیێکی هۆنیوەتەوە (انت فی الشام مثل یوسف فی مِصْرَ ـ وَ عِندی أَنَّ الكرام جناسُ و... کوری خەلکان بە یارمەتی پاشا و قازی یەکوردەکان لە هەو لێرەوە چۆتە میسر و شام و کراوەتە قازی قوزات چون لە هۆزو هاو خوێنی ئەوان بووە، ئەوە باش **نیشان دەدا نەتەوەی کورد لەو رۆژگارەدا نەتەنیا لە باری را میاری و سپایی لە پێش و بالا دەس بووە، بەڵکو لە هەمو بوارەکانی مروڤانی و ژیاندا بە تایبەت لە بابەت هەستی رەگەز دۆستی و یارمەتی دانیهاو خوێن و دابین کردنی ئاسایش و خۆشی و پەرەدان بە خوێندن و رێزگرتن لە خوێندەوار و زانایان.** وە سەرنجدان بە فەرهەنگ و کومەگی کردنی کۆمەلایەتی و ئابوری و ورد بونەوە لە مروڤی لە کارزان و بەکەڵک بوکورو

EBAN پرینت اول ١٣٨٦/٨/٢٨

Dr.Saleh Ebrahimi



کۆمەڵەی مرۆڤانی و دابین کردنی دۆستی و پێکەوە سازان و ئاشتی و یەکیەتی.

□ جێی سەرنج و وردبونەوەیە لە و سەردەمەدا خەڵکی کوردستان بە زمانی کوردی دایک و باوکی خۆیان قسەیان کردوە، بەڵام بە زمانی قورئان خوێندویانە و نوسیویانە، زانایێ وەک کوری خەلکان باوەکو شانازی و فەخری بەکوردبونی خۆی کردوە ئاوڕێکی بۆسەرزمانی شیرینی کوردی نەداوەتەوە، هەرچەند سوڵتان صەلاحەدینیش لە کاتی پیویستا لەگەڵ یارانی بە زمانی کوردی ئاخاوتووە و قسەی کردوە، ئەگەر قسەکە نهێنی بوبێ تا ناموێتیان نەگا، هەرچەن نایشکرێ فرەگلەو گازندە بکەین لەو زەمانەدا خەڵکی موسوڵمان خویان بەزمانی قورئان گرتبو و سوڵتان صەلاحەدینیش بە جەنگی خاجدارانەوە، سەری قاڵ بووە ومردنیش فرەزوهات بە پیریەوە و دوای وەفاتی ئەویش، شەر و هەڵلاَ و بگرەو بەردە موّلەتی نەداوە یا لەکەمتەر خەمی نوسەران و شاعیران و روناک بیران، سەرچاوەی گرتووە کە کورد لەو رۆژگارە، پڕلە شانازیەدا سەرنجیان بە خوێندنو نوسین بە زمانی کوردی ڕەداوە. **کەچی ئەو هەموە زاناو دانایانەیان لە نێو کوردا پێگەیاندوەکە مایەی فەخر بۆکورد و عەرەب و عەجەم بون** هەروەک کوری خەلدون دەلێ: (ئێمە لە ماموستاکانی خوّمان لەکوڕی خویندن و فێر بوندا بیستمان کە ئوصول و ئەرکانی زانینی ئەدەب: (ویژەو ویژەوانی) ۴ ـ دیوانە ـ ۱ ـ أَدَبُ الكَاتِبْ ابن قتیبەکوردی دینەوەری کرماشان. ـ ۲ ـ نوادر أبو علی قالی کوردی دیار بەکری ئامێدی، هەرکەسێ هەرچی بلێ یا بنوسێ لەو بارەوە هی ئەوانە و لەوانی وەرگرتووە. ـ ۲ ـ کتێبەی دیکە: کاملی موبەریدو بەیان و تەبینی جاحیزە (پەرەی ۱۱۷۵ چاپی ۱۳۶۲ تاران بەر کوتی **کوڕی خەلدون ج ۲ تەرجەمەی محەمەد پروین گونابادی بلاوکی** عیلمی و فەرهەنگی) و **ئیمام موحەمەد غەزالی فەرمویەتی: فەرهەنگ و زانیاری ئیسلامەتی لەسەر سێ (۳) ستون دانراوە، ـ ۱ ـ ستونی زانایانی دینەوەری** کوردی کرماشان ـ ۲ ـ ستونی ۲ زانایانی دیار بەکرو ئامێدی کوردستان ۳ ستونی ۳ زانایان و عولەمای شارەزور

Dr.Saleh Ebrahimi



و هەڵەبجە (هەڵەبجەی سوتا و هیروشیمای کوردستان، لە پاشان ئیمام غەزالی فەرمویەتی: ئەگەر خوا عولەما و زانایانی ئەوسێ (٣) بەشەی پیێ نەدا باین، دینی ئیسلام ئاوەها قەوام و دەوامی نەدە بووا (خەدەماتی موتە قابیل نوسراوی مورتەزا ئوستاد موتەهەری چاپی ساڵی ١٣٦٣ هەتاوی چاپی ئەوەڵ، تاران و سەرەتای دیوانی عارفی رەببانی مەلا ئەحمەد جزیری بە قەڵەمی لێکوڵە رو - موتەرجیم و شاعیری ناودری کورد هەژار چاپی ١٩٨١ ر - پەرەی ٩١ یا ئەوە کە سەیید محەمەد خاتەمی سەرکۆماری ئێران لە قسەکانی خۆیدا رای گەیاندوە «ئیسلام و ئێران مەدیون و مەرهونی کوردە، ئەگەر کورد نەبوایێ دیار نە بوو ئێران چی بە سەردەهات (رۆژنامەکان) کەریمخانی زەند، نە خوێندەوار بووە و لە ئێران حوکومەتی کردوە و بلواری کەریمخانِ زەند لە تاران بە ناوی ئەوە، ئیستایش خەڵکی شانازی بە کەریمخان دە کا، کەدادگەربووە، نە وەک شایمارزو حاکمەکانی تر، جێی گلەوگازندە نەبووە و صەلاحەدینی ئەییوبی و بنەماڵەی ئەوکوردانە جێی فەخرن.

کوڕی موستەوفی کەباسی (ئەبو حەفس عومەرکوڕی ئیبراهیم کوڕی ئەبوبەکر، کوڕی خەلکان دەکا، دەنوسێ: خەڵکی گوندێکن کە بە ناوی باپیریان کراوە: (خەل + کان) لەسەر دەستوری زمانی کوردی. (تاریخی هەولێر ج ١ لەکوبەی ٣٨٣ و ج ٢ پەرەی ٤٧٣) لەوە دەچێ یەکێ لە باپیرانی بە (خەل) ناو براوە و ناوێ مەشهور و ناسراوە وگوندی خەلکان بەو نیسیەت دراوە. ئێستایش کورد بەو شێوە ناوی گوندەکانیان دەهێنن: سلێمانی، صاڵحاوا، سەیداوا یا بە ناوی لێکدراو، وەک بونگینەی هادی، خەلانەی بیاوی، مام خالآن یا لە سەرشێوەی کۆن سەیدەکان، خالەکان، بالەکان، مەمەکان، مەلەکان، وشەی (کان) لێرەدا بە واتای کانی (منبع) دێ (کان) یانی شوێن، زێد، جێی، هەر وەکو گاکان فرەجار ئەم (کافە)، دەقرتێ هەروەک (جوندیان) کە جندیکان بووە، هەروەکو هاملتون (لە رێگای کوردستان) نوسیویەتی، پەرەی ٩٨ تەرجەمەی

EBAN پرینت اول ١٣٨٦/٨/٢٨

Dr.Saleh Ebrahimi



جرجیس فەتحوڵلاّ و (کان: جێی، جندیکان: جیێ جنۆکە. ـ یانی (خەلان) لە (خەلکا) وەرگیراوە هەر بەو مانایە و واژەکەیش کۆنەو دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی (ئاتر پایگان) زەنجان: (زەنگان) جورجان (گورگان). لەکوردەواریدا پیر، پیرو چاک فرەن، وەک پیر حوسێن زەرزاری: شێخ زاهد ئەبو عەبدوڵلاّ ئەبیبەکر (تاریخی هەولێر پەرەی ۷۲ زبیر بیلال و کوری موستەوفی ج ۱ پەرەی ۲۷۳) و ناوی (خەل) کەلە نیۆکوردا هەبووە، هەروەکو (خەل) بن قورەیش ئەسنهی. کوری موستەفی ج ۲ پەرەی ۸۵۴ ـ (خەل) کوری ئەبی حوسێن. کوری موستەوفی ج ۱ هەرئەوێ و (باخەل) لە شێرکۆبن باخەل زەرزاری (سیرەی صەلاحەدین، کوری شەداد چاپی میسر ۱۹۶۴ ز (۷) ـ زاراوەی (زەر زاری) کەکوری خەلکان زەرزاری و رەوەندە، ناوچە یەکە لە هەولێر بەناوی زەر زاریە ـ رەوزەتەین ج ۲ پەرەی ٦۰ چاپی قەدیم)

کوری موستەوفی کاتێ باسی ئەبو عەبباس بن ئەبی بەکربن عیسازەرزاری دەکا دەڵێ (ولی قضاء سمیساط) من بلدةالزرزاریە (مکان معروف) یانی لەهە و لێرناوچە یەکی ناسراوو دیارە. صبح الاعشی ۲۷٦/۴ لای و ایەئەوگوندە لەسەر (زەر زاکان)ە. (زبیر بیلال پەرەی ۲۲) چاک وگلکۆی (خەل) پیر خەل کە ناوی گوندەکە، لەگەڵ مەزارەکە، یەکن: پیر (خەل) باپیری ئیبن (خەل +کان (خەل + ان) وە **خەلان بیاو** کەلە جێی کۆنە گوندەکەدایە. لەگەڵ نەوەکانی ماون بەناوی: (ماڵە باس) وگوندی **خەلان بیاو** لە ناوچەی رەوەند وزەرزاکانی کۆنە، لە نێزیک گەڵی یالەزاری گەڵی عەلی بەگدایە و پیر (خەل)یش لەوێیە. گوندەکە بە ناو (خەل) کراوە و پێی دەڵێن: گوندی (خەل) هەروەکو چۆن گوندی (خەلکان)، بە ناوی (خەل) باپیری ئیبن (خەلکان) کراوە.

ئەمین زەکی لە (راولینسۆن ۱۸۳٦ ز) کە بە ناوچەکەداگەڕاوە، ناوی ئەم گوندانەی بەیان کردوە: (۱ ـ شیخاب (ماڵە شێخ ـ ۲ ـ ماڵی باس ۳ ـ نورەک ۴ ـ هەنارە ۵ ـ خەیلانی ٦ ـ کاسان ۷ ـ شێخ مەحمودی (شێخ مەموند) ۸ ـ بامانی ۹ ـ دریچکی ۱۰ ـ سیکویی

EBAN پرینت اول ۱۳۸۶/۸/۲۸

Dr.Saleh Ebrahimi



١١ ـ هیربووی ١٢ ـ شیکولی (شاکەلی) ١٣ ـ مەندیک ( مەنتک) ١٤ ـ پیراجی ١٥ ـ بێمار. (نورەک) لەگەڵ (هەنارە) و (مەنداوە) و (ماڵە شێخ) بە هەمویان دەڵێن (ماڵە باس) کە لە بنە چەکەدا زەرزارین و ئێستاپیان دەڵێن: سورچی (وێنەی ڕۆژ (زەرد) دروشم و ڕەمزی زەرزاری ـ یە، وێنەی هەیە. نەقڵ لە کتێبی صەلاحەدین ئەییوبی... نوسراوی عەبدولخالق سەرسام چاپی ١ ٢٠٠ ز هەولێر ـ وردبین و لێکۆڵەرو دڵسوزی کورد و کوردستان و غەمخۆری دیاری کردنی مێژوی بەراستی نە تەوەی کورد ـ کوڕی خەڵەکان بەرمەکی هەولێریە و مەلیک زاهیری ئەییوبی کردویەتە قازی، دوای دەساڵ لای بردوە و چوّتە میسرو ٧ ساڵ لەوێ ماوەتە، لە پاشان کراوەتەوە قازی قوزاتی شام؛ لە دوای ماوەیە دوبارە لابراوە و خەریکی دەرس و تنەوە بووە و لە زوّر بەی فێرگە و فرانکوّکانی دیمەشق تەدریسی کردوە ولە دیمەشق وەفاتی کردوە و هەر لەوێش نێژراوە و لەگەڵ بەرمەکیان خزمە (ئەعلام قاموس تەراجیم لە بابەت ناوداران چ پیاو چ ژن، چ عەرەب یا ناعەرەب و عەرەباوی وچ ڕوژهەلات ناسان، نوسراوی خەیرەدین زەرەکلی ج ١ چاپی ٦ نوامبری ١٩٨٤ ز بیروت و ڕەوەزاتی جینان، تاج ٧ : ١٧٦ ـ لە کتێبی بیدایە و نیهایە ١١: ١١٣ ڕەخنە وئیراد لە کوڕی خەڵکان گیراوە کە باسی عەلی راوەندی کردوە، بەناتەواوی قسەی لێ کردوەو زامداری کردوە. هەر جوّربێ... وەفیات ئەعیان، چاپی میمەنیە ٢ : . ٤٢ و ٤٢١ و فەوا تولوەفەیات ١: ٥٥ و نەعیمی ١: ١٩١ و نوجومی زاهیرە ٧:٣٥٣ و بروکلمان لە دایرە تولمە عارفی ئیسلامیە ١: ١٥٧، بە نەقڵ لە وەفەیات هەرئەوێ. کوری خەڵکان نە سەبی خوّی دباتە وە سەربەرمەکیان (پەرەی ٢ دایرە تولمە عاریفی بوزورگی ئیسلامی ج ١٢ چاپی ١٣٨٣ هەتاوی تاران) (شەپوّل).

EBAN پرینت اول ١٣٨٦/٨/٢٨

Dr.Saleh Ebrahimi



## ئاواز: بەیاتی کورد، دەنگ و ئاواز

بەیاتی کورد، دەنگ و ئاواز، یەکێکە لەو دەنگ و ئاوازانەی بـاوی کـلاسیکی لە ئێرانداو پیوەندی بە دەزگای شوڕەوە، هەیە، هەندێ بەیاتی کـورد، پیـوەند، بـەمەقامی بەیاتی دەدەن (مەسعودی، ٤٨) و هەندێکیش ئەوە هەر بـەمەقامی: «قـامی» کـوردی، دەزانن (بەرکشلی، ٥٥) کەچی بەیاتی و کوردی لەوە دەچن دوقام «مەقامی» لێک جیا بوبن، کە ئێستا لە فەرهەنگی موسیقی و ساز و دەنگ و ئـاوازی سـەر زەوی‌یـەکـانی ئیسلامی لەوانە، ناودەبڕێ، هەرجوڕێ بێ وەها دیتە بەرچاو بوزانینی پیوەندی بەیاتی کورد لەگەڵ بەیاتی یا کوردی نیازی بە لێکوڵینەوە یەکی فرەتر هەیە. **بەیت بێژی یا بەیت خوێنی بەواتای وتن یا خوێند نەوەی بەیتە غەرامی و حەماسیەکـانی کوّنـی ئـەدەبی فوّلکولوّری کوّنی کوردە، کەفرە بەرزوتە رزە و باری کلاسیکیشیان هەیەو بونە تـەهوّی غینای ویژە و ویژە وانی زمانی کوردی.**

**پێشینەی مێژویی:** هەروەکو لە نێوی بەیاتی کورد، دەردەکەوێ: ئەو دەنگ و ئاوازو سـاز و مـوسیقایە، هـی کـوردە ولە دوایـیدا لە سـازوئاواز و دام و دەزگـای مـوسیقی سەرزەوی یەکانی ئیسلامی، رەنگ و دەنگیداوەتەوە. هەروا دەگونجێ ئـەم قـامە یـا مەقامە، نیشانە **یەک بێ** لە دەنگ و سازوئاواز و موسیقای (کورد و لبەیات)ی نیشتە جێێ باشوری کوردستان (مەسعودی، هەرئەوێ). بەگشتی لە سیپارە و کتێبەکـاندا، بـە یـاتی کورد، لە دو دەورەی مێژویی بوّتویژینەوە، دەشێ، کە لە دەورەی یەکەم بە ناوی گوّشە و لە دەورەی دوەمدا بە ناوی ئاواز چین بەندی کریاوە. ئەگەر بەیاتی کورد: لەگەڵ بەیاتی پیوەندی هەبێ، دەکرێ بلێین: کە پێشینەی بەیاتی کورد، دەگەرێتەوە بوّسەدەی ٨ مانگی و ١٤ ز ـ هەر وەکو ئەو لقادر مەراغی، لە مەقاسید و لئەلحان (پەرەی ٧٣) ناوی بەیاتی لە نێوان لکەکانی بیست و چوارینەی دەزگاری ساز و ئاواز دا، هێناوە و قسەی لێکردوە. دیارە لە زمانی کوردیدا نانی بەیات یانی (نانی کوّنە) هەیە.

Dr.Saleh Ebrahimi



بەڵام ئەگەر لە نێوان بەیاتی کورد و بە یاتی پێوەندی نەبێ، پیویستە بڕوانینە ئەو کتێبانەی لە بابەت موسیقی یەوە بە فارسی لە دەورەی صەفەوی و قاجار نوسراون. لە کتێبی بە هجە توروح نوسراوی عەبدولموئین بن صەفەیەدین (پەرەی ٩٣) و کتێبێ لە زانستی موسیقی و زانینی لق و پۆپەکانی ئەو لە نوسەرێ نە ناسیا و (خەتی، ٧٩٦، چاپی، ٤٩، ٦٥) ریسالەی موسیقی خواجەکلان خۆراسانی (پەرەی ٢٦٢) و کوللیپاتی یوسفی (یوسف، ١٦) بەیاتی کورد لە نێوان ناوەکانی ٤٨ گۆشە دەبیندرێ.

ئەم نیزامی موسیقاییە کە بنەرە تەکەی بۆسەدەکانی ناڤینی ئیسلامی دەگەرێتەوە، لە ٦ دەنگ و ئاواز و لە ١٢ مەقام، ٢٤ شوعبە و ٤٨ گۆشە سازدراوە. بناغەی ئەم نیزامە لەسەر ١٢ مەقامە و ٤٨ گۆشە و لە ٢٤ شوعبە سازدراوە و بۆ وێنە لە دایرە (بازنە)ی ئاخری مەقاماتی؛ رسالەیێ لەبەیانی زانستی موسیقی... (هەر ئەوێ) لە بابەت پێوەندی ئاوازەکان، مەقا مەکان، شوعبەکان و گۆشەکاندا هاتووە: ئاوازی شاناز لە دو مەقامی زەنگوڵە و بوسلیک پێک دێ، لە مەقامی زەنگوڵە دوشوعبەی عەزال و چوارگا جیا دەبێتە وە **و لە شوعبەی چوارگا دوگۆشەی روحولئەرواح و بەیاتی کورد پێک دێن**، ناوی ئاوازی بەیاتی کورد، بە دەورەی برەوی موسیقی دام و دەزگایێ پیوەندی هەیەو هەبووە. ئاواز لە موسیقی دەزگایێ هەروەکو دەزگایێ پچوکترێ، دادەنرێ، کە ژماری گۆشەکانی ئەوە لە دەزگاکەمترە. لەکۆماری ئازربایجانیش پێشتر، **بەیاتی کورد** لە شوعبە گەلی دەزگای شۆردا بووە. کە لە دواییدا بە وێنەی دەزگایێ کەم حەجمێ بە **٣ شوعبەی بەیاتی کورد**، بەیاتی عەجەم و ئایاق **بەیاتی کورد** (فرود: فروت) بیچمی گرتووە (زەهرابف ٢٢٦ ـ ٢٢٧، دورینگ 107-109).

لێکدانە وەی ساختاری : بەیاتی کورد، بەناوی یەک مۆد یا (پەردە) لە نیزامی موسیقی دا، دەزگایە، کە شیاوی توێژینەوەیە، ئەگەر شکڵگیری مۆد ٣ عامیلی تەوالی دەنگ، نەخشی نەغمەکان و ملۆدی مودال، نەخشی خۆی ئەنجامبدا، لە سەربنەرەتی

Dr.Saleh Ebrahimi



ئەو ٣ عامیلە، دەکرێ، ئەم مۆدە ـ تۆێژینە وەی لە سەر بکرێ.

هەرچەند لە نێو ناوەکانی ٤٨ گۆشە، نێزامی مەقامی **١ ناوی بەیاتی کورد، ناوبراوە** و باسی کراوە، بەڵام لە هەویە و شوناسی فەسیلەکانی ئەو ناوبراو ە. نشـان دراوە، بۆوێنە ساختاری میداڵی دەنگ و) ئاوازی بەیاتی کـورد، کـە زیـاتر لە سـەربناغەی بـە دەس هاتەکان (بە شەکـان) ئـەوج (نیـزیک بـە وێـنەی عـوششاق) و فـرود سـازدریاوە، لە سەربناغەی رەدیفی میرزا عەبدوڵلا دانریاوە) (بڕوانە تەلایی، بەشی نۆتەکـان، بـەیاتی کورد). هەروایە: سێل، لاکێرین سی بمل، دو، ر، می، بمل، میکرێن، فا، سێل، لابمل، سی‌بمل، دو.

گۆشەکانی ئەسڵی. شاهید ئیستی ئاخری ئیستی مووەقەت، شروع

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| بە دەسهاتی یەکەم | ر | سیل | دو یا | **سی‌بمل، دو** | تەوزیح: لە بـەدەس‌هاتی یـەکـەم لە نێتی میگرێن کە لێک وەرناگیردرێ. |
| بە دەسهاتی دوەم | ر | سیل | ر | دو | لەم بە دسهاتە لەنێتی مـیگرێـن کـە لێک وەرگـیردراوە، لەرێگـای گوشەکانی چکۆلەتر (بەستە نیگار و حاجی حەسەنی) بـە ئـیستی (سێـل) دوایی هاتووە. |
| ئە وج | سێل | سێل | ر | دو | لەم گۆشـەدا لە حـاڵی هـەڵچـون بۆ سەرێ لە نێتی مـیگرێـن ولە حـاڵی هاتنەخوارێ لە نێتی میبمل کە لێک وەر گیردراوە. |

Dr.Saleh Ebrahimi



| | |
|---|---|
| هاتنەخوار سیل | هەروەک هاتنەخواریَ لە دەزگای شوّردایـە کـە بوّ لای پـەردەکـانی دەزگـــای شوّر گـەراوەتـەوە، لە ئاخریدا لە سەرسیل رادەوەستیَ |

تویژینەوەی ساختاری میدالی بەیاتی کورد

لە هەر ٣ بەشی ئەوەلّ، یانی لە بە دەسهاتی ئەوەلّ، دوەم و ئەوج، دەکریَ ٣ بەش لە هەر ٣ بەشی ببیندریَ: دەسهات، بەشی ئەسلّی و هاتنەخواریَ، زوّربەی بەشی یەکەم و سیّوەم خیّوی وینەی ملوّدیکی، هەروەک یەک و بەشی دوەم نیشانەی گوّریانی بناغەیی گوّشەیە.

لە بە دەسهاتی ئەوەلّ ملوّدی زیاتر لە سەر بەشی بناغەییە، یانی «سی - بمل - دو - ر» دەبزویَ و حەرەکەت دەکا. لە بە دەسهاتی دوەم ئەم حالّەتە لەسەر نەغمەکانی «دو - ر - بمل» و لە ئەوج دا لە سەر روی نەغمەکانی «میگرین - فا - سیل» خردە بیّتەوە. سەرچاوە: بەرکەشلی، میهدی، ئەندیشەکانی زانستی فارابی لە بابەت موسیقی، تاران ١٣٥٧ هەتاوی، خوّراسانی خواجەکلان، ریسالەی موسیقی، نوسخەی خەتی کتیّبخانەی سپهسار، تاران ژمارەی (٧) ٢٩١٣، لە بەیان کردنی زانستی موسیقی، وەزانینی لقەکانی ئەوە. نوسخەی خەتی کتیّبخانەی ناوەندی زانینگەی تاران، ژمارەی (٦) ٢٥٩١، هەرئەوە بە کوّششی ئەمیر حوسیّن پورجەوادی، فەسلّنامەی موسیقی، ماهور، تاران، ١٣٨١، سالّی ۴ ژمارەی ١٥، زەهرابف: رامز، موسیقی مەقامی ئازربایجان (موقام) تەرجەمەی عەلائەدین حوسێنی، تاران ١٣٧٨، ستایشگەر میهدی واژەنامەی ئیّران زەمین، تاران، ١٣٧۴، تەلاّیی، داریوش، رەدیف میرزا عەبدوللاّ، نوّت نوسی بوّ فیر

EBAN پرینت اول ١٣٨٦/٨/٢٨

Dr.Saleh Ebrahimi



کردن و توێژینەوە، تاران، ١٣٧٤ عەبدولموئمین بن صەفیەدین؛ بیهجەتی روّح، بە کوّششی، مزل، رابینوّ، تاران ١٣٦٤ قەزوینی، میرصەدرەدین محەمەد، ریسالەیی لەزانستی موسیقی، نوسخەی خەتی کتێبخانەی ژمارە ٢ مەجلیسی شورای ئیسلامی، ژمارەی (٦) ٤٩٤؛ مەراغی، عەبدولقادر، مەقاسیدولئەلحان، بە کوّششی تەقی بینش، تاران ١٣٤٤، مەسعودیە، محەمەد تەقی «تەقسیمی بەیاتی»، فەسڵنامەی موسیقی ماهور، تاران، ١٣٧٧ ساڵی ١ ژمارەی ١ ؛ یوسف زیائەدین، کوللیاتی یوسفی، نوسخەی خەتی، کتێبخانەی تایبەتی، میهدی صدری و هەر وەها.During, i. Lamusi quetraditionnelle del. Azerbayianet la seience des muqams Badan-Badn, Bouxwiller 1988

حوسین مەیسەمی ـ دایرە تولمە عاریفی ئیسلامی ج ١٣ چاپی ١٣٨٣ هەتاوی تاران پەڕەی ٢٣٦ تا ٢٣٥ (شەپوّل). لە بیرمە لەکوردستان ژنانی کورد؛ لەکاتی مانگا دوّشیندا بەدەنگ و ئاوازی تایبەت؛ مانگای گوان پڕلە شیرەکەی، دەلاواندەوە و لەوسەر دەمەی‌دا کەخوّم ئاگام لەوە بوو، لەئافرەتی مانگا دوّشم پرسی فەلسەفە و هوّی ئەو لاواندنەوە، ئەویش بە گوّرانی و دەنگ و ئاواز چییەو بەڵگەی چییە؟ کابانی مانگا دوّش لەوەلاّممدا وتی: توّ بەوردی سرنج بدە، ئەم مانگایە باوەکوسل و شیتوّکەیە، چلوّن گوّیی بەرداوەتەوە و کاوێژ دەکا، ئەمە نیشانەی ئەوەیە لاواندنەوەکەی پێی خوّشە، ئەم لاواندنەوە، بە ئەزمون سەلمێندراوە، بە مجوّرە، مانگاکە، چاکتر شیردادەداو بەم گوّرانی ولاواندنەوانە، شیریّ زیاتری، لێی دەستێنم، ئەم ئەزمونە لە دایکو نەنک و ئافرەتانی دیکە فێربوم و بیستومەو بەکارو کردەوەیش، دەرکەو تووە، مانگاو ئاژەڵەکان باشتر شیردەدەن، جێی‌ورد بونەوەیە؛ ژنی کورد، ئەو زەمان ئەوەی زانیوەو ئەمروّعیلم ئەوەی سەلماندوەو تەنات دەنگ و ئاوازو موسیقی بوّ داروگوڵ و گیایش موفیدەو بوّ مروّفی نەخوّشیش باشە.

Dr.Saleh Ebrahimi



# یونس کاتب

## ١٣٥ی مانگی و ٧٥٢ز

یونس کاتب، کورد،ـ ناوبراو ناوی یونسە و کوڕی سلێمانی کوڕی کوردی کوڕی شەهریاری کوردە و ئەچێتەوە سەر هورموز. ئەبو سلێمان یەکێکە لە نەوابیغی موسیقی زانانی سەتەی دوەم، لە شێعر وتن و نوسینیشدا مامۆستای رۆژگاری خۆی بوە، موسیقی لای مامۆستاکانی ئەوکاتە، وەکو کوڕی شورەیح و کوڕی «محرز» و غەریز و مەعبەد، فێربوە و زۆربەی خوێندنی لای مەعبەد بوە. باوکی لە هەرێمی کوردەواریەوە کۆچی کردۆتە شاری مەدینە. یونس لە مەدینە لەدایك بووە و هەر لەویش خوێندویەتی و لە نوسین و شێعر و شاعریدا کەموێنە بووە و هەر لە شاری مەدینەشدا بوتە دەبیر و سەرنوسەری نوسینگەی حاکمی ئەوێ. یونس گۆرانی و موسیقی لە کەسانێکی وەك «مَعْبَد و ابن محرز» فێربووە. یونس بۆ بازرگانی سەرێکی لە شام دا و وەلیدی کوڕی یەزید، کە هێمان دەسی بە حوکومەت کردن نەگەیبو، یونس ـ ی بانگ کردە لای خۆی و زۆری رێز بۆ دانا، جا دوای ئەوەی چووە سەر حوکم، یونس ـی لە مەدینەوە بردە لای خۆی تا رۆژێ کە وەلید زیندو بو، لەتەك ئەوا بو، بەڵام دوای کوژرانی ولید، یونس گەڕاوە شاری مەدینە.

ئەبولفەرەج ئیسفەهانی خێوی کتێبی ئەغانی نوسیویەتی: یونس کاتب، دەنگ و ئاوازێ زۆر خۆشی هەبو، وە لە زانستی موسیقی و ئاهەنگدانانداً، ئیبتیکارگەلێ تایبەت بە خۆی هەبو، شێعر و هۆنەی زۆر جوان و رازاوە و بەرێوجێی دەوت، قسەکانی یونس لە بابەت عیلم و زانینی ساز و ئاواز و موسیقی زۆر جێگای بڕوا و باوەڕی ئەهلی فەن بو، یونس کاتب یەکەم کەسە کە دامودەزگای ساز و ئاواز و موسیقای تەنزیم و رێكوپێك کرد و بە وێنەی کتێبێك دایناوە و قاعیدە و زاکۆن و رەزەن و دەستوری بۆ داناوە، چ لە بابەت

Dr.Saleh Ebrahimi



ئاواز و ساز و موسیقی و چ لە بابەت گۆرانی بێژانەوە. یونس کاتب لە حودودی ساڵی ١٣٥ی مانگی وەفاتی کردوە.

نۆکتە: ئەوانەی وا خاوەن بیرورا بون لە ساز و ئاواز و فەن و فوت و قاعیدە و زاکۆنی موسیقا و کتێب و پەراویان نوسیوە ئەمانەن: ئیسحاق موسڵی کوڕی ئیبراهیم کوڕی ماهانی رازی کە لە ٨٥٠ی زاینی وەفاتی کردەوە، گامی فیساغورسی لە سەررا بە نیزامە کونەکانی عەرەبی سامانی داوە کە بە وێنەی سەرەتای خۆی ریك و پێکی کردون و لە بابەت مێتۆد و فەن و دەستور و زاکۆنی ساز و ئاواز و موسیقی‌یەوە یەکی خستون و بیرورای خوێشی لە سەر زیاد کردون و لە پەراوەی نغمات و ایقاعات و ئەوزان، نوسراوی خۆی بۆ ئێمەی بە یادگار بەجێ‌هێشتوە.[١] O صەفیەدین عەبدولموئمین کوردی ورمێ کە لە ١٢٩٤ی زاینی وەفاتی کردوە، کتێبی «بهجةالروح»ی داناوە و قانونی چوارگۆش کە بە مُزهِە، ناودارە و سازێکیشی بە ناوی موغەننی ساز داوە. هەروا لە سەتەی سێزدەی زاینی‌دا فێرگەی «منتظمیەی» تازەی دامەزراند، بیرورای ئەم زانایە لەم دو نوسراوەدا بە ناوی ١ـ بشرفیە ٢ـ پەراوەی مقاماتی موسیقایی، تێدا شەرح دراوە، حاجی خەلیفە دەنوسێ: موئمین لە ریزی یەکەمی ئەو زانا و دانایانەیە کە لە بابەت تێئۆری موسیقی‌یەوە شتیان نوسیوە، هەرچی ناوە لەو وەرگیردراوە، بۆ وێنە شەرحی مەولانا موبارەکشا لە بابەت مەقاماتی موسیقیەوە، تەفسیرە لە سەر بیرورای صەفیەدین عەبدولموئمین ورمێی کورد.[٢] صەفیەدین لە[٣] پەراوەی خۆیدا تەواوترین گامی سازداوە.

بوعەلی سینا بە نێوی گامی ئێرانی کۆن ئەم مەقامانەی ناوبردوە و قسەی

---

١- لاپەڕەی ١١٩: دو وتار لە بابەت خونیاگەری و موسیقی لە ئێران نوسراوی مری بویس ـ هنری جورج فارمر، تەرجەمەی یهزادباشی چاپی ١٣٦٨ی هەتاوی.

٢- لاپەڕەی ١٢٤ و ١٢٧ دو وتار لە بابەت خونیاگەری موسیقی لە ئێراندا چاپی ١٣٦٨ی هەتاوی.

٣- لاپەڕەی ١٢٧ و... سەرچاوەی بەرو.

Dr.Saleh Ebrahimi



لێوە کردون. عەبدولموئمین لە تەعریفەکانی فارابی و بوعەلی‌سینا رەخنە و ئیرادی گرتووە.

○ عەمر کوڕی خدرە کوردە[1] کە لە ساڵی ۱۳۹۷ی زاینی وەفاتی کردوە، کتێبی «گەنجی»ی تەحقیقی لە مەقامات و ریتمگەلدا داناوە.

ابن فناری کورد کە لە ۱٤۳=ی زاینی وەفاتی کردوە و لە دائرةالمعارف علومدا لە بابەت موسیقاوە دواوە.

○ عەبدولقادر بن غەیبی مەراغی کورد کە کتێبی جامع‌الالحان و چەن پەراوەی‌تری نوسیوە، لە ۱٤۳٥ی زاینی وەفاتی کردوە[2]

○ عەبدولعەزیز کوڕی قادر و یەکێ لە نەوەکانی عەبدولقادر بن غەیبی‌یە کە لای پاشاکانی عوسمانی بون و لە بابەت موسیقاوە پەراویان نوسیوە و کتێبی صەفیەدین عەبدولموئمین ورمێی کورد و عەبدولقادر بن غەیبی مەراغی کوردی کردۆتە تورکی.

○ محێدین عەرەبی کە لە ۱۱٥۱ی زاینی وەفاتی کردوە و زانایانی دیکەش لە سەر جایزبونی موسیقی و دەنگ و ئاواز و شەرعی‌بونی ئەوانە مەبەستیان نوسیوە.[3] لەگەڵ ئەوەش کە هەندێ زەمی موسیقی و ئالەتی موسیقی دەکەن، بەڵام شوێنی مەعنەوی موسیقی ناسراوە.

صوفی بە ناوی هۆی موکاشەفە کە لە ڕێگای وەجدەوە پێك دێ بۆ موسیقی دەروانێ و لە کۆڕ و کۆبونەوەی خۆیاندا لە دەف و ئاواز کەڵك وەردەگرن. ئیمام محەمەد غەزاڵی دەفەرمێ[4] «وەجد یانی: حاڵەتێك کە لە بیستنی موسیقی «سەماع» بە دەس دێ، ئەم زانا خواناسە گەورە لە ریسالەی

١- «عَمر و بن خضر کوردی»
٢- دو وتار لاپەڕەی ١٢٨ سەرچاوەی بەرو.
٣- لاپەڕەی ١١٨ و ١٢٨ کتێبی خونیاگەری.
٤- لاپەڕەی ١١٢ و ١١٣ خونیاگەری.

Dr.Saleh Ebrahimi



خویندا لە بابەت موسیقی و وجدەوە، حەوت بەڵگە لە سەر ئەو بیروباوەڕە، دینێتەوە و دەڵێ: «موسیقی لە بەدیهێنانی وەجد و شادیدا تەنانەت شوێنی لە قورئان زۆرترە» و لە هەزار و یەك شەودا وتراوە: موسیقی بۆ هەندێ کەس گۆشتە و بۆ هەندێکیش دەرمانە.

دیارە هیچ هونەرێ پا ناگرێ و نێو دەرناکا تا هونەروەرانێك سەر هەڵنەدەن.(1)

**ساز و ئاواز و موسیقای کوردی:** ئاشکراترین نیشانەکانی نەتەوایەتی، وە باشترین وەسیلەی ناسینی تایبەتیەکانی یەك نەتەوە فەرهەنگی عامیانەی سەرزەوی ئەو نەتەوەیە، فەرهەنگێ کە جلوەگای شارستانی بووە، ئاوێنە ئاسایی مەوجودیەتی ئەو گەلە، لە خۆیا ئەنوێنێ و پێشانئەدا. خەڵکی کوچە و بازاڕ و ئەوانەی وا لە دەشت و کێوا لە خۆڕسك و سرشت نێزیکن وە خویان بە کەژ و چیا و شیو و دۆڵ گرتووە، ئەگەرچی زۆر لە ژیان ورد نابنەوە، بەڵام چونکە هەمیشە راستەوخۆ، هان لە ناو سرشتا بە پێی دەرك و بیروڕای خۆیان موتەئەسیر ئەبن وە لە سرشت کەڵك وەرئەگرن ئەو جۆرە مرۆیانە لە نێزیکەوە لەگەڵ شایی و شین و خەما ئاشنا و رۆشنان؛ خۆشی و ناخۆشی و کۆسب و قۆرتی سرشت وایان لێدەکا توشی هەیەجان ئەبن، یان کز و بێتین کەلەلا ئەکەون.

کە وابێ جێگەی هیچ جۆرە سەرسوڕمانێك نییە ئەگەر بە چەشنێکی رون و ئاشکرا داب و دەستور، وە هەستان و رۆنیشتن و بیروڕای ئەم خەڵکە لە ناو هونەرەکانی فۆلکلوریکا خۆ بنوێنێ و ئاشکرا کات. شێعر، نەقاشی و پەیکەرتراشی و موسیقای مرۆیی عەوام موبەیینی تایبەتییەکانی ئەوانە، وە زۆر بە ئاسانی ئەتوانین راز و نیازی دڵ و هەناویان لەم جۆرە تەجەلیاتی زیهنی و

---

۱- لاپەڕەی ۱۱۰ خونیاگەری بە نەقڵ لە ابن خەلدون کە لە ۱٤۰٦ی زاینی وەفاتی کردوە.

Dr.Saleh Ebrahimi



عاتیفی‌یەدا بدۆزینەوە و پەیدای کەین.

بەتایبەت لە ناو موسیقای فولکلۆریکا کە میلۆدی melodie و شێعر، پێکەوە ئاوێتە ئەبن زۆرباش ئەتوانین چەن نیشانەیەك لە ـ دەنگدانەوەی سۆزی دەرون و عاتیفی ئەوان هەست پێکەین.

ئەبێ بزانین کورد فەرهەنگێکی نەنوسراوی زۆر غەنی و دارا و دەوڵەمەندی هەیە، کە هەر لە مێژە دەماودەم هاتووە و لە لایەن بەیت‌بێژان و ستران‌بێژان و چڕگەرانی کوردەوە، پاراستراوە و پاراو کراوە. ئەتوانین بڵێین لە لابەلای ئەم فەرهەنگە نەنوسراوەدا مێژوی کۆنەساڵی کورد، زۆر بە جوانی و بەر رەنگی جۆراوجۆری هەرە روناك خۆئەنوێنێ و زۆر باش و زۆر روناك دەرئەکەوێ. هەستان و دانیشتن و داب و دەستور و باوی ناو کوردەواری لەم میرات و کولتوری کۆنەساڵی موسیقای کورد لەم بابەتەوە نەخشێکی شیاو و سرنج راکێشی، راستی هەیە، موسیقای کوردی هەروەك وێژە و ئەدەبی، نەنوسراوی نەتەوایەتی لق و پۆپ و ریشەی بەربڵاو و پڕ پەراوێزی هەیە.

ئەگەر جوان ورد بینەوە وە باش چاو بخشێنین بە مۆسیقای کوردیا ئەتوانین بڵێین: لق و پۆپەکانی رەسەن و جنسەکانی موسیقای کوردی ئەمانەن:

١ـ موسیقای کرمانجی «گوندی».

٢ـ موسیقای خۆوێژان. واتا: «شایەری و گۆرانی‌بێژی و بەیت‌بێژی»

٣ـ موسیقای ئایینی یان رۆحانی.

٤ـ موسیقای رامیاری و نەتەوایەتی.

بەڵام ئەبێ بزانین کە ئەم موسیقایانە هەرکامیان بایەخێکی تایبەتیان هەیە. ریشەدارترین لق‌وپۆپی موسیقای کوردی، موسیقای کرمانجی «گوندی»یە، وە لقەکانی‌تر بەو جۆرە تایبەتیانەی کە هەیانە، لە موسیقای کرمانجی جوێ ئەبنەوە.

تا ئەو جێگایەی لە وزەمانایە و لە روی ئەو زانستگەلانەی وا دەسمان

Dr.Saleh Ebrahimi



کەوتووە تێکۆشیوین موسیقای ناو کوردان شی بکەینەوە و پەردەی ڕەشی لە سەر لابەین. ئەبێ بزانین کە ئێمە زیاتر لە سەر موسیقای کرمانجی ئەڕۆین لە موسیقای خۆوێژان و ئایینی و رامیاری بە کورتی ئەدوێین.

موسیقای خۆوێژانی کورد بەوجۆرە تایبەتیانەی کە هەیەتی بەشێك لە هونەری ڕۆژهەڵات پێك‌دێنێ.

پیاوانی مەزن و دارا و میرە کوردەکان زۆریان لایەنگری لە گۆرانی‌بێژان و شایەران و خۆوێژان و بەیت بێژان کردوە و ئەوانیش لەباتیان بەوانیاندا هەڵوتووە و لە بەرانبەری دژمنا بەوانیانا هەڵخوێندوە، سەرەڕای ئەمە ئەو گۆرانی‌بێژ و شایەر و بەیت‌بێژانە لە داب و مەراسمی ڕەسمی و باوا گۆرانی و لاوك و بەیت و باویان بە دەنگ خوێندوە و وتووە، ئاهەنگیان گێڕاوە، وە جاروبار لە شیعر و هەڵبەست دانانا لە مەجلیسی میر و مەزنانی ناو کوردەواریدا بە یەکەوە کێ‌بەرکێیان کردوە، تەنانەت ئەوانەی وا خاوەنی دەنگ و ئاوازێك بوون وە کەمێك وریا و زیت و زرەنگ بوون وە بیریان چاك بووە، چونەتە لای مامۆستا خۆش‌دەنگ و خۆوێژە بەناوبانگەکان وەك قوتابی و خوێندکار لە «فێرگە»ی ئەو مامۆستا ناودارانە دەرسی دەنگ و ئاواز و دەرسی گۆرانی بێژی و لاوك و بەیت وێژی و بەیت و باو خوێنییان، خوێندووە. ئەڵێن: مامۆستا بەناوبانگەکان زیاتر لەگەڵ ئەوجۆرە پیاوانەی وا خاوەنی بیری ورد و بیرتیژ بوون خەریك بوون و باش بەیت و باوی ناو کوردەواریان فێرکردون. لام وایە ئۆسکارمانی ئاڵمانی ئەوجۆرە فێرگەی لە موکریانا دیبێ کە نوسیویەتی: «لە کوردستانا فێرگەگەلێ هەبوە گۆرانی‌بێژیان بۆ دوارۆژ تێدا دەرس داوە و هونەریان پێ‌فێر کراوە. گەنجان و لاوانێك کە دەنگ و ئاوازێکیان هەبوە، چونەتە ئەو جۆرە فێرگەیانە و لای مامۆستا بەناوبانگەکان هونەر فێربوون وە مامۆستاکانیش لەبەرئەوە بە بێ سیپارە و پەراو، دەرسیان وتووەتەوە، چونکە گۆرانی‌بێژانێ کە کوێرە سەوادێکیان هەبوبێ کە بون لە

Dr.Saleh Ebrahimi



هەندێ شوێن خۆوێژانی کورد بە چەن زاراوە و زمان گۆرانیان وتووە و سازیشیان لێداوە و لەم بابەتەوە مانگنامەی «ئازمایش»ی ئەرمنی، ئاگاداری زۆری تێدا هەیە!

لە کاتی فراین و نەهارا گۆرانیبێژێك، کە هەم شایەر و خۆوێژ بو و هەم دەنگێکی هەبو کە باڵندەی لە ئاسمان رائەگرت بە سێ‌زمان: کوردی، فارسی و تورکی دەسی کرد بە گۆرانی‌وتن. ئەو خۆوێژە کوردە وەك «هومێر»ی مەزنی یۆنانی نابینا بوو، سازێکی بە دەسەوە بو کە بە سیم تەنرابوو بە سەر تەختە دارێکا، سازی گۆرانیبێژانی گەرۆکی «هلینستی» نابێ لەوە سازتر و چاکتر بوبێ.

«رافی» نوسەری ناوداری ئەرمەنی لە بارەی مانا و موحتەوای هۆنراوەی شایەر و خۆوێژانی کوردەوە ئەڵێ: لە پاش شێو خواردنی نوێژی شێوان یەکێك لە بەگە کوردەکان لێبڕا بەزمێ سازکات، گۆرانیبێژێکی گاز کردە هۆبە و میوانخانی لای خۆی. ئەو گۆرانیبێژە کوردە پیاوێکی کورتەباڵا و شەل بوو، زۆر لە خۆوێژانی گەراڵی ئەرمەنی ئەچو دەسی کرد بە وێڵۆن لێدان ئەوەی بە سەرزمانیا ئەهات بەیت گەلی عامیانە بەڵکو داستانێك بو کە شایەرێکی کۆمەڵایەتی لە بارەی دادگەری بە شێعر هەڵیبەستبو.

بەیت بێژان و خۆوێژانی کورد ئەوانەی ئێمە ئەیانناسین: یەکێك لەوانە «ئاودالە زەینی‌یە، کە لە سەتەی نۆزدەهەمی زاینیدا ژیاوە، کە تەنیا شێعرگەلی ئاوازەکانی بە چەشنی نەنوسراو و ئاهەنگەکانیش دەماودەم بە ئێمە گەیشتون. لە مانا و موحتەوای شێعرەکانی ئەمە دەرئەکەوێ کە ساز و ئاواز خوێنی دەرباری «حەمەرەزا»ی میری هەرێمی موشی کوردستانی تورکیە بووە. ئاودالە زەینی لە زۆربەی موسابەقەگەلی گۆرانی و شێعروتن و خۆوێژیدا بەشداری کردوە. ئەڵێن: ماوەی سێ شەو و رۆژ لەگەڵ «شێخ عەلی سلێی» خۆوێژی بە ناوبانگ کەوتۆتە کێ‌بەرکێ. ئاودالە لە دوا تەمەنیا چاوی کزو کەم‌بین بووە.

Dr.Saleh Ebrahimi



شیعری ساز و ئاوازەکانی رۆژگاری نابینایی «ئاودالّە» لە روانگەی تۆیژانەوە و لیکۆڵینەوە، خودانی بیر تیژانە و زانایانە و فەلسەفە و پیتۆلی عیرفانییە.

ساختمانی هەڵبەستی ساز و ئاوازەکانی «ئاودالّە» بەو تەشکە هیجائیانەوە کە هەیەتی زۆر لە ساختمانی شیعری کۆمەڵایەتیەوە، نیزیکترە، بەڵام ئاهەنگەکانی «ئاودالّە» لە تەك ئەو ئاهەنگانەی وا نەفەس گیرن زۆر لیك جیاوازن.

لەبارەی ژیانی خۆویژی مەزن: «شێخ عەلی سلئی» هەرئەونە ئەزانین کە لە گوندی «قالان»ی تورکیە ژیاوە و بەیتبێژ و شایەری دەرباری «تاهیرخان» یەکێك لە میر و مەزنەکانی کورد بووە. بەڵام شتێك لە شێعرگەلی ئاوازەکانی نەماوەتەوە و نەگەیشتۆتە دەس ئێمە.

ئەمرۆ شایەران و گۆرانیبێژانی خۆش دەنگ و ئاوازی زۆر باش لە کوردستانی عێراقا هەن کە لە ناو گەلا زۆر بەرێز و ناودارن وەك رەسول گەردی و محەمەد عارف جەزراوی و شایەران و خۆویژانیتر.

لە کوردستانی ئێران «خۆویژ و بەیتبێژ، شایەر و گۆرانیبێژ زۆرە. یەکێك لەوانە خوالیخۆشبو «حەسەنزیرەك»ە. گۆرانیەکانی زیرەك بە شێوەی کوردی بە ناوی: «چریکەی کوردستان» لە وەرزی ١٣٤٣ کۆچی هەتاوی لە تارانا لە چاپ دراوە.

شوێنەوارەکانی خۆویژانی ناوداری کوردستانی ئەرمەنستان: «ئەحمەد چولان» و «کوشناروٚف نازوك» لە کۆکراوەی نیشتمانیدا لە ساڵی ١٩٥٧ زاینی خڕکراونەتەوە و چاپ کراون و بڵاو کراونەتەوە.

گۆرانیەکانی «ئەحمە چولان» و «نازوك» هۆی نیشتمانی، ئەویندارانە و پەندئامۆزییان هەیە. گۆرانیەکان لە تەك موسیقیدا رەوانتر و گیراتر و کاریتر خۆئەنوێنن.

Dr.Saleh Ebrahimi



یەکێکی دیکە لە لق و پۆپە بە نرخەکانی ساز و ئاوازی کوردی موسیقای ئایینی و رۆحانی‌یە، بەتایبەت موسیقی ئایینی کوردە ئێزەدیەکان (یەزیدی). پێغەمبەری مەزنی ئیسلام ساز و ئاواز و موسیقای مەنـع کردوە، وە تەنیا بە ئاوازی بانگدان و خوێندنی قورئان بە دەنگ و ئاواز رێگەی داوە. ئەبێ بڵێین: کە مۆسیقا لە ناو سۆفی و دەروێشانا نەخشێکی بنەرەتی و بنێشەیی هەیە، مۆسیقای سۆفی و دەرویش بۆ گیرخستنی حەقیقەت یاری‌ئەدا یانی: دڵی بە مۆسیقا گەرم ئەبێ و بەو هۆیەوە لە دنیا دور ئەکەوێتەوە و لە خولا نێزیك ئەبێتەوە. لە روی ئەو بەڵگانەوا کاك کریم ئەییوبی کوردناس نیشانی‌داوە، زۆربەی کوردی ئێران لە گۆرانی‌گەلی سۆفیانە سود وەرئەگرن و بەمجۆرە گۆرانییانە ئەڵێن: «گۆرانی سۆفیانە». لە شاری مهابادا کەسانی وەك:

عابیدی مهابادی، سەعیدی مامڵێ و کورەکانی وەك: محەمەد و حەسەن، میناغا و کورانی میناغا و خەلیفە ئامینی کاکاغازادە، پورە زلێخا و خانم خەلیفە قوڵە، ساز و ئاوازی سۆفیانەیان خوێندوە و دەفیان لێداوە و داب و دەستوری مەولودنامەی کوردیان بە دەف و ئاواز بەرێوە بردوە.

بە دەرکەوتنی گزینگی هەتاوی «بەهار» لە کوردەواری‌یا، وا باوە لە ۲۱ مانگی «مارس»ا ئەیکەنە جێژن و زۆر بە تامەزرۆییەوە، ئەچن بەرەوپیری ساڵی تازە و نەورۆزەوە، هاتنی ساڵی تازە بە هات ئەزانن. چونکە کاتی بەهارەکێڵی و شیۆبرین و پەز و پزڵە لەوەراندن دێ و برا گوندنشینەکان لە دەس بەفر و سەرماوسۆڵی زستان رزگار ئەبن و رو ئەکەنە دەشت و چیا و دۆڵ و خەڵك ئەکەونە خۆشی و فەرعانە. کوردان ئەم جەژنە بە شێوە و بیچمێکی تایبەت ئەگرن. «کەریم ئەییوبی» کوردناسی ناودار لەم بابەتەوە ئەڵێ: کورد ئەم جەژنە بە هی خۆی ئەزانێ لە نەورۆزا یاری و کایە و شایی و هەڵپەرکێی جۆربەجۆر دێتە کایەوە، دەنگ خۆشەکان بە بەیت و بالۆرە و گۆرانی‌وتن، بە شمشاڵ و بلوێر لێدان و بە دەنگی دەهۆڵ و زورنا و سوارچاکان بە رمبازێن و غار

Dr.Saleh Ebrahimi



غارین و تیرئەندازی و تەقڵەبازی، جەژنی نەورۆز ئەونەی‌تر خۆش ئەکەن و ئەیرازێننەوە.

لە هاوینا ئەگەر جوان سرنج بدەین باش تێ‌ئەگەین کە چلۆن گەلی کورد لە کەژ و کێوا لە باوشی سرشتا لە ژیان لەزەت ئەبا، لە تاریک و لێڵەی بەرەو بەیانەوە تا خەوتنانی شەو لە هەر لایەکەوە دەنگی شمشاڵ و بلویر لێدانی شوانە کوردەکان دێ و لە گوێی مردودا ئەزرنگێتەوە. لە شەوانی مانگەشەوا، منال و گەنج و لاوە کوردەکان دەس ئەکەن بە شایی و هەڵپەڕکێ، ئەوانەی وا دەنگیان خۆشە دێن گۆرانی ئەڵێن وە ئەوانە وا ئەزانن بلویر و شمشاڵ و جوزەلە لێ‌دەن، دێن شایەکەیان بۆ خۆش ئەکەن و تا نیوەشەو بە شای و خۆشی رایئەبۆیرن.

هەر ئاواییەك لە هاوینا رۆژانێکیان بۆ خۆیان تەرخان کردوە کە لەوانا ئەچنە سەر چاك و پیر و ئەچنە سەر قەبری خزم و کەسیان و لە سەر قەبران دەس ئەکەن بە گریان و فرمێسك هەڵڕشتن، ژنانیش دەس ئەکەن بە لاواندنەوەی مردوەکان. کوردان و ئەرمەنیانی دانیشتوی کێوی نور کە لە هەرێمی «کلی»یەکانا واقع بووە وە یەکێکە لەو شوێنانەی وا کورد و ئەرمەنی بە موقەدەسی ئەزانن جەژنێکیان هەیە بە ناوی «جەژنی ئاو ڕشاندن» کە لە هاوینانا زۆر بە داب و دەستور ئەو جەژنە ئەگرن. کورد و ئەرمەنی خواردەمەنی و نان و ئاو لەگەڵ خۆیانا هەڵئەگرن و ئەچنە زیارەتی کێوی نور و دەس ئەکەن بە شایی و گۆوەند و زەماوەند.

بە شایەدی پیاوانی پیر ساز و ئاوازی جەژنی «ئاو ڕشاندن» تا ئەم دوایيانە هەبووە و خوێندراوە و لێ‌دراوە. لە بەهارا بەتایبەت لە هاوینانا کچ و کوڕی کورد لە ژێر سێبەری دارا جەژنێك ئەگرن بە ناوی «جەژنی سێبەری دار». لەو جەژنەدا کوڕی لاو و کچی عازەب لباس و سیپاڵی تازە لەبەر ئەکەن. وا باوە رۆژێك لە پێشا خۆیان ساز ئەکەن، نان و پێخۆر و خواردەمەنی

Dr.Saleh Ebrahimi



ساز ئەکەن وە ئەچنە کێو و چیا لە بن سێبەری دار، بە کۆڕ دەس ئەگرن و ئەیکەنە شایی و هەڵپەرکێ وە بە چەپڵەڕێزان و گۆرانی‌وتن و پلەزیقان رایئەبوێرن. لەم شایی و خۆشیەدا ئەوانەی وا دەنگیان خۆشە یەك ئەیڵێ و یەك بۆی دەستێنێتەوە؛ بۆ وێنە کچان بۆ یەك بالۆرە و نقارە لێئەدەن کوڕانیش جارجار بە یەکتری‌دا هەڵدەڵێن، وە جارجاریش بە گەنجەفە دێن بە دەور یەکا، کوڕ بە کچا هەڵدەڵێ وە بە قەشمەری بە قەد و باڵایا هەڵدەڵێ و داوای ئەوینداری لێدەکات.

لە پاییزانا لەدوای خەلە و خەرمان هەڵگرتن و کا و تفاق و گزرە و وێنجە کێشان و گیشەلێدان و قەڵاخ هەڵچنین، نۆبەی ژنهێنان دێ. لە هەندێ شوێن وا باوە، چەن رۆژ لە پێش خوازبێنی کردن و بوك گوێزتنەوەدا لە ماڵە بوك و زاوادا دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا دێ وە ئەوانەی وا دەنگ و ئاوازێکیان هەیە و دارای هونەرن لە رۆژی ژن هێنانا بانگ ئەکرێن تا گۆوەند و زەماوەند ساز کەن.

ئەتوانین بڵێین: کورد لە بەهانە ئەگەڕێ تا شایی و بەزم سازکات وە لە تەواوی ساڵا زۆربەی کوڕانی لاو و کچانی عازەب خەریکی شایی و خۆشین وە داب و دەستوری گۆرانی‌وتن و شمشاڵ و بلوێرلێدان لە زۆربەی رۆژا بە رێوە ئەبرێ. ئەتوانین بڵێین: ئەم جۆرە جەژنانە خۆی فێرگە و مەکتەبێکە بۆ گۆرانی‌وتن و بەرێوەبردنی ساز و ئاوازی ناو کوردەواری و فێربونیان، وە بەم هۆیەوە موسیقا لە ناو کوردا ئەپارێزرێ وە بەرەبەرەیش بەرەی داهاتو فێری ئەبن وە لە فێرگە و مەکتەبی موسیقای خۆیان کەڵك وەرئەگرن.

فۆلکلۆر: یا هونەری عامیانە پایە و بنەڕەتی ئەسڵی شوێنەواری هونەرییە کە لە دنیادا بەدی دێت، لەم دواییەدا هونەرمەندانی کورد و نیشتمان و وڵاتیش بۆ بەدی‌هێنانی شوێنەواری هونەری ئاوڕێکی جوانیان بۆ لای فۆلکلۆر داوەتەوە، وە فۆلکلۆر، لە موسیقا و وێژە و وێژاوەری و ئەدەبیات‌دا بنج و

Dr.Saleh Ebrahimi



بناوانێکی هەرەگەورە و سەرشاری زەوق و هونەرە. چونکە شوێنەواری فۆلکلۆر دەسکردی یەك نەفەر نییە. ئاهەنگ و گۆرانی و قام و بەستەگەلی فۆلکلۆریك، کانگای هەڵقوڵانی هونەرە.

حەسەن زیرەك کە لەگەڵ تیپی موسیقای رادیۆ کرماشان، بە سەرۆکایەتی «عبدالصمدی» کە بە «قەرەنەی» و لاوی هونەرمەند «میرزادە» کە بە «ویلۆن» و «ایزدی» بە «سەنتور» و، «پولکی» بە «زەرب» هاوکاری دەکەن، لە کاتی شریت پڕ کردونەوەدا.

ئەمەش ناو و نۆتی هەندێ لەو گۆرانییانەی وا ئەو خوالێخۆشبووە تۆماری کردون.[1] ١- وەك قومری سەر باڵم شینە= شور- ریتم ٢ و ٤

٢- نازانم لە کێ پرسم= شور- ریتم ٢ و ٤

٣- هەم نارنج و هەم بێیە= شور- ریتم ٢ و ٤

٤- لەبەر بێری‌دانەمەرێ= شور- ریتم ٢ و ٤

٥- ئەرێ ناز= شور- ریتم ٢ و ٤

٦- لای لای سورە گوڵ= سێگا- ریتم ٦ و ٨

٧- شەو= سێگا- ریتم ٦ و ٨

٨- چارۆکێ، چارۆکێ= سێگا- ریتم ٦ و ٨

٩- کیژە مەرۆ جوانی= سێگا- ریتم ٦ و ٨

١٠- نام‌دوێنێ بۆچی نامدوێنێ= ماهور- ریتم ٦ و ٨

١١- مریەم بۆکانی= ماهور- ریتم ٦ و ٨

١٢- بەرهەڵبینە= ماهور- ریتم ٦ و ٨

١٣- چارۆکە هەولێرییە= دەشتی - ریتم ٦ و ٨

---

چریکەی کوردستان، دانراوی: حەسەن زیرەك چاپی تاران ـ وەرزی ١٣٤٥ هەتاوی و، ١٩٦٦ زاین و، ٢٥٧٨ کوردی.

Dr.Saleh Ebrahimi



١٤- نەمام، نەمامە= ئەبوعەتا- ریتم ٣ و ٨

١٥- بوك مریەم= چوارگا- ریتم ٣ و ٨

کە بە درێژایی ساڵ و کات و زەمان ئەگونجێ بە سەدان ساڵ لە ناو خەڵکا دەماودەم هاتوە و شانە کراوە و سەرۆك و بنۆکی گیراوە و کامڵ بووە و گەییوە، کە وابوو هونەری فولکلۆریك نوێنەری زەوق و سەلیقەی هونەری هەمو کەسێکی یەك هەرێم و شوێنە.

هونەرمەندانێ کە هەوێنی شوێنەوارەکانی خۆیان لەم جۆرە هونەرانانەیان گرتووە، پێوەندی زیاترێکیان لەگەڵ خەڵکیدا راگیر کردوە.

هەڵپەڕکێی چۆپی: چەپی بە شێوەی رەش‌بەڵەك. ئەشێ باوەڕ بکەین کە شایی و رەش‌بەڵەکی ناو کوردەواری، رەسەن‌ترین شایی و هەڵپەڕکێیە لە ناوچەی رۆژهەڵاتا.

هۆهۆ کاکەی شمشاڵ‌ژەن گیان. جوان بتورێنە بە شمشاڵەکەتا، ئەو شاییە جوان بە گەڕ بگەڕێ.

داب و دەستوری باو لە ناو کوردەواریدا ئەبێ لە گشت بەشەکانا چ هەڵپەڕکێ و شایی و گۆرانی و بەیت و باوەکانی‌تری ناو کوردەواری کۆبکرێنەوە و راگیرێن و لە چاپ درێن و پێویستە هونەرمەندەکانیشمان لە رشتەگەلی ساز و ئاواز فێرگە و مەکتەبگەلێ تایبەتی پێك بێنن تا شوێنەواری بەدڵی بێت کە هەم پایە و بنچینەی لە سەر هونەرە سورشتیەکان وە خۆماڵیەکان بێ وە هەم هاوتا و لفی هونەر لە دنیا بێت وە ئەم کارە تەنیا لە رێگای سرنجدان بە فۆلکلۆر و چاوخشان بەم سەرچاوە گەورەی هونەری خۆماڵیەوە کەڵك وەرگرتن لەم دەستمایە گرنگە و سودوەرگرتن لە گەلاڵەکانی شایی و هەڵپەڕکێ ئەشێ و ئەگونجێ. ئەبێ باوەڕ بکەین کە شایی و رەشبەڵەکی ناو کوردەواری رەسەن‌ترین شایی و هەڵپەڕکێیە لە ناوچەی رۆژهەڵاتا، کە تایبەتیەکانی هەڵپەڕکێی کوردی لە هەر بابەتێکەوە لەگەڵ هەڵپەڕکێیانێکدا کە لە

Dr.Saleh Ebrahimi



ڕۆژگارانی کۆنەوە تەنانەت لە پێش پەیابونی مێژو باو بووە، وەچەن شوێنەواری لەوانە، لە حەفریاتێ کە لەم دواییەدا بە دەس هاتووە بەرابەری ئەکات. مەسەلەن لە شوێنەواری مەربوت بە سێ‌هەزار سال لەمەوبەر، کە لە حەفریاتی تەپۆلکەی «سیلک»ی کاشان بە دەس کەوتووە، گۆزە و گڵێنەی گڵینە هەیە کە دەورتادەوری چەن جوان، کەسانێك لە حاڵی هەڵپەڕینا، ئەبینرێن. تەرتیبی ئەم‌جۆرە هەڵپەڕینە و هەڵپەڕکێیانە وەك هەڵپەڕینێك ئەچێ کە ئێستا لە ناو کوردەواریدا بە ناوی چۆپی «چەپی» هەیە و ماوەتەوە.

«چەپی» مەجموعەیێکە لە هەڵپەڕکێی دەسەجەمعی ناو کوردەواری کە بە «فیگۆر» گەلی جۆراوجۆر بەش‌بەش ئەبێ. گرنگترینی ئەم «فیگۆر»انە: «چەپی» و «ڕۆیین»ە، «سێ‌جار» و «گەڕیان»، «فەتاح‌پاشایی» یان «سێ‌پێی ژنانە»، «خان ئەمیری» وە چەن وێنەی‌تر.

لەم هەڵپەڕکێیانەدا، جاری وا هەیە، پیاوان لەگەڵ ئافرەتانا بە وێنەی: «گەنم و جۆیی» واتا «ڕەشبەڵەك» دەسی یەکتری ئەگرن و دایرەوار بە «ڕیتمی» دەهۆڵ و زوڕنا هەڵئەپەڕن و جاری وایش هەیە ژنان و پیاوان بە دەستەی جۆی جۆی و بێ‌ئەوەی ڕەشبەڵەك سازکەن، هەڵئەپەڕن.

هەڵپەڕینی «چەپی» لە بنەڕەتا ئەبێ بە کۆڕ بێت. بەڵام جاری وایش هەیە، یەکێك بە تەنیایی دەس ئەکا بە هەڵپەڕین، وە ئەم جۆرەی دوایی بە ناوی: «دو سەرچۆپی» یان «سەرچۆپی کێش»ەوە بەو ناوە شایەکە ئەگێڕێ و ڕێگە بەوانی‌تر نیشان ئەدا و ئەوانی‌تر لەو شایی و هەڵپەڕکێیەدا وەدوی سەرچۆپی ئەکەون.

هەڵپەڕکێیەکانی ناو کوردەواری لە باری موسیقاوە، دو زەربی یان سێ‌زەربین، بۆ وێنە هەڵپەڕکێی «سێ‌جاران» بە ڕیتمی سێ زەربەیە و زۆر پڕ جم‌وجوڵ و گەرمە، لەم‌جۆرە هەڵپەڕینەدا ئافرەتان کەمتر بەشداری ئەکەن.

هەڵپەڕینی چەپی سونەتییە وە ناتوانێ تەنیا بۆ خۆشی پێك‌بێ، وە لە مەراسیمی جۆی‌جۆیی پیاوان و ژنان وە تەنانەت مناڵان ناچارن دەسی چەپی

Dr.Saleh Ebrahimi



پێك بێنن و فێر بن. لە شایی و دەسی «چەپی»دا جار جار گـۆرانیبێژان گـۆرانـی ئەڵێن و دەهۆل و زورناژەنەکان و شـمشاڵ و بلـوێرلـێدەرانیـشین ئاهەنگگەلی مەربوت بەو رەقسە ئەژەنن و لێدەدەن. و جاری وایش هەیە سازێ دیکەی ناو کوردەواری وەك: «دوزەلە» کە نەوعە سازێکی دو زمانەی بادیـیە و یان «شـمشاڵ» کە وەك «نەی» وایە بەڵام لە جنسی ئاسن دروس کراوە، و «نەرمەنەی» کە لە سازگەلی بادی کەم سەدایە.

ئەگەر، رەقس لە بیابانا پێك بێ موسیقای ئەوە «دەهۆڵ و زورنا»یە، بەڵام ئەگەر لە هۆدە و ناو خانۆ و ماڵا سازکرێ بە: «دوزەلە» وە «ئەرمەنی» و «دەفە» ئەگەرێ.

«مەلا مەحمودی بایەزیدی» ئەڵێ: لە ناو هەر خێڵ و عێلە کوردێکا، چەن شایەر و هونەرمەند و خۆوێژ و بەیتبێژێك هەیە کاتێ لە ناو بنەماڵەیێکدا جەژن و شاییەك هەبێ، لەو هونەرمەندانە بانگ ئەکەن وە ئەوانیش بە دەنگی خۆشی خۆیان و بە ساز و ئاواز و گۆرانی جەژن و شاییەکە ئەخەمڵێنن. جاریوا هـەیـە دەف و شمشاڵ و بلوێر لێدەدەن و جاری وایش هەیە بەیـتبێژ لە مەجلیس دەس ئەکا بە بەیت وتن و گۆرانی بێژانیش بە گۆرانی وتن بەزمێك ساز ئەکەن».

لە ناو ساز و ئاوازی کوردیا دەم و دەسگای مۆسیقا بەشێکی گرنگی لە ڕازانەوەی دەنگ و ئاوازی کوردەواریدا هەیە، ئەوەی وا دەنگخۆشەکان لە وزەیانا نییە ئەدای کەن لە رێگەی بلوێر و شمشاڵەوە جارجار بە قامك بژاوتن جارجار بە تێتوراندنە ناو جوزەلە و دەم و دەسگای موسیقاوە ئاد و ناڵەی دەرونیان دەرئەبرن، بەتایبەت شـوانەکانی کوردی لـە بـەر مـەڕومالات، لە ناوسینگی پڕ ئاگرینی خۆیانەوە لە ناو هەوای هەوا جوان و لە ژێر ئاسمانی شینا ئاورێك هەڵئەکەن کە ئاور لە ئینسان بەر ئەدا و باڵندەیش لە هەورا رائەگرن.

Dr.Saleh Ebrahimi



دەم و دەسگای موسیقای کورد وەك باقی گەلانی‌تر ئەکرێ بە سێ بەش:

۱) بایی ۲) ژێیی ۳) کوتان (بادی - زهی - ضربی). کورد لە ناو دەم و دەسگای موسیقادا زۆرتر حەز لە موسیقای بادی ئەکا، وەك: توتەك و باڵەبان، بلوێر و شمشاڵ و دوزەلە و زوڕنا، کە هونەرمەندان بە یارمەتی ئەمانە گیان دێننە بەر هونەرەکەی خۆیان.

دەم و دەسگای موسیقای زێیش وەك دەف و دەهۆڵ و تەپڵ و چەنگ و چەنگور و تار و ساز و کەمانچە.

لە ناو گۆرانی‌بێژە کوردە هاوچاخەکانی ئەم خولەدا «ئەحمەد چولان» و «کوشناروَف نازوك» تاریان لێداوە. وە «حەمە کەمانچە» خەڵکی موکریانیش کەمانچەی لێداوە و «قالە مەڕە»ش شمشاڵی جوان لێ‌ئەدا. کوردان هەر لە مێژینەوە خویان بە «تەپڵە» گرتوە، چ «یەك تەپڵە» وە چ «دو تەپڵە» وە چ «دو تەپڵە» و «سێ تەپڵە» و تەنانەت «دمەك»یشیان هەبوە. شەرەفخان[1] فەرمویە: هەر تایەفەیێك لە کوردان دمەکێکی تایبەتیان هەیە و پێی ئەڵێن: دمەکی یارمەتی.

دەف کەمێك لە دمەك چکۆڵەترە کە روێکی بە پێست ئەگرن و لە ژورەوە بە هەر بزمارێکەوە چەن زەنگوڵە یا ئاڵقەی پێوە هەڵدەواسن؛ کاتێ دەسی لێدەدەن زنگۆڵەکان دەس ئەکەن بە زەنگ لێدان و ئاڵقەکانیش دەس ئەکەن بە خرەخر و زرەزر کردن.

ئەمیر شەرەفخان - ئەو زانا نازدارە ناودارە - ناوی: «چەنگ و روباب»یشی بردوە. ئەڵێن: دەنگی چەنگ و روباب ئەونە خۆشە کە دڵی پیر و جوان لە ژەنگی خەم و خەفەت سپی ئەکاتەوە و ناخۆشی لێ‌ئەبرێ.

چەنگ و روباب لە ناو ئوزبەك و تاجیکەکانیشا باوە.

ئەمە بو کورتەیێك کە لە بارەی ساز و ئاواز (دەم‌ودەسگای موسیقای

---

۱- روپەڕەی ۳۷۲ و ۳۳۰ و ۲۵۲ لە کتێبی مێژوی کوردستان

Dr.Saleh Ebrahimi



ئوردی بۆتانم گێڕایەوە.[١] ئەتوانین بڵێین: مۆسیقا و ساز و ئاواز لە ناو کوردا یەکێکە لە هونەرەکانی تایبەت، هەر وەك گەلانی‌تر لە چەن سەتەیێکا بە درێژایی مانگ و ساڵ ساز و ئاواز و دەم و دەسگای موسیقایان پێك‌هێناوە، کوردیش ئەم ملە و گەردنە و رێگە پڕ پێچ و هەڵدێرەی بڕیوە و بە دەنگ و ساز و ئاواز و موسیقای کوردی رەنگ و روێنکی داوە و لە ناو قاپوڕکی تەلایید دای‌ڕشتووە.[٢] ○ عەرەب بە گۆرانی بێژیان دەوت: «عەورات» و ژن‌نومایشان بە موخەننەسون ناوئەبرد.

رۆژێك لە ١٣٦٩/٩/١٦ لە پارکی دانشجو بە خزمەتی کاك حەسەن کامکار گەییم. هەروا لە بابەت هونەری گۆرانی و ساز و ئاوازەوە قسەمان دەکرد، ئاهێکی ساردی هەڵکێشا و گوتی: لە سەرەتاوە کە خەریکی کاری موسیقا بوین و ئەم‌لاولامان دەکرد، خەڵکی سنە ئەیانوت: لۆتییەکان هاتن، بەڵام ئێستا خەڵك لە کوردستان لێمان حاڵی بون کە چ خزمەتێکمان بە هونەر و ساز و ئاواز و موسیقی کوردی کردوە و یەك دو جاریش لەگەڵ جەنابی دکتور شیرازی چوینە دیداری کاك حەسەنی رەحمەتی. ئانگاریس هەنیوازی[٣] ناوداری ماد کە بۆ بەزمی ئاستیاگ شا بانگ کرابو، لە زیمنی گۆرانیدا دەڵێ: درندەیەکی زۆر قەوی و بەهێز و ئازاتر لە بەرازێکی وەحشی لە نێو باتلاغەکاندا پەیدا بوە، درندەیەکە، ئەگەر لەم ناوانەدا لەوە زیاتر هێز بستێنێ، بێ بەرگری بە سەر هەمو چینەکانی خەڵکدا زاڵ دەبێ. جا کاتێ ئاستیاگ ئەمە

---

١- «شەپۆل»

٢- ئەم باسە لە کتێبی «کوردناسی» چاپی ئەرمەنستان زەنجیرەی ژمارەی ٧ ساڵی ١٩٧٥ زاینی، نوسراوی نوری جەواهیری سپۆمیناسیان وەرمگرتوە.(شەپۆل).

نەقڵ لە «گرشەی کوردستان» لاپەڕەی ٢٢ تا ٣١ ساڵی ٢ ژمارەی ٢ و ٣ چاپی گوڵانی ١٣٦٠ و ١٩٨١ز. و ٢٥٩٣ك.

٣- هونیاگ‌ەر ـ هەنیواز = دەنگبێژ = شایەر ـ شاعیر ـ

Dr.Saleh Ebrahimi



ده‌بیسێ، ده‌پرسێ: ئه‌و درنده چی‌یه؟ گۆرانی‌بێژ له وه‌ڵامدا وتویه‌تی:[۱] کورشی پارسی‌یه.

کتێبی موسیقی دوای ئیسلام، یونس هێناویه‌ته سه‌ر کاغه‌ز و ئه‌م کتێبه له‌م فه‌ننه‌دا جێگای متمانه و دڵنیاییه، په‌راوه‌ی «النغم» و په‌راوه‌ی «القیان» و «مجرد» یونس - (شه‌پۆل)

**سه‌رچاوه:** بڕوانه په‌راوه‌ی ئه‌ده‌بیاتی ئێران له کۆنترین رۆژگاره‌وه تا ئه‌م سه‌رده‌مه، نوسراوه جه‌لال هومائی چاپی ساڵی ۱۳٤۱ لاپه‌ره‌ی ۱۱۹ – ته‌وریز.

۱- وه‌لید له ۱۲٦ تا ۱۲۷ی مانگی بۆ ماوه‌ی ساڵێك حوکمی کردوه.

۲- ئه‌غانی چاپی ٦، ج ٤، لاپه‌ره‌ی ۱۱۳-۱۱۸ مێژوی مه‌شاهیری کورد ج ۱ لاپه‌ره‌ی ٤ نوسراوی ئوستاد بابا مه‌ردوخ رۆحانی(شیوا) چاپی ۱۳٦٤ی سروش، تاران، ئه‌علامی زه‌ره‌کلی ج ۸ چاپی ٦ ساڵی ۱۹۸٤ ز- بیروت لاپه‌ره‌ی ۲٦۱، نووه‌یری ٤:۲۰۹ و الوسائل الی مسامرة الاوائل ۱۳۷، کوری نه‌دیم: فیهرست ۱ :۱٤٥، ئه‌لبه‌غدادی: هدیةالعارفین ۲:۵۷۱ (شه‌پۆل)

---

۱- ص ٤۹ و ۵۰ خنیاگه‌ری

Dr.Saleh Ebrahimi



## نامداران دانش و هنر

محققان و متفکران ملت‌ها و جوامع در کشف تاریخ طولانی برای ملت خود نهایت تلاش و کوشش را نموده و کوچکترین بارقه‌ای از افتخار را در تاریخ پیدا کرده و به بزرگنمایی آن می‌پردازند. این در حالی است که ملت ما برای کشف تاریخ پر از افتخار خود و شناسایی و شناساندن آن، برای جامعه خود هیچ کاری نکرده و چنان می‌نماید که هیچ کاری هم نمی‌کند. آنچه مسلّم است این است که تاریخ پر از افتخارات ما به علل و اسباب همچون تعصب و نایختگی و تفاوت باگذشته در مذهب و کفر و آیین دچار تحریف و تخریب شده و مسطور مانده است. احسان نوری پاشا درباره ربط گذشته و آینده مطلب زیبایی دارد او بر این باور است که گذشته چراغ راهنمای آینده است و بر همین مبنا می‌گوید شناخت تاریخ پر از افتخار گذشتگان، سهم بسیار بزرگی در بهبود وضعیت ملت و جامعه دارد. این همه افتخارات بزرگ و سترگی که ملت ما داشته و مسطور مانده اگر برای جوان‌ها و نوجوان کشف گردد و باور شود، خلاقیت و امید بیشتری در نسل فعال ما، ایجاد و منجر به نتایج مثبتی می‌شود.

یونس کاتب متولد مدینه و متوفای ۱۳۵ هجری قمری و ۷۵۲ میلادی فرزند سلیمان فرزند شهریار که از لحاظ نسبی به (هورموز) می‌رسد و یکی از نوابع موسیقی‌دانهاست و یونس نخستین فرزانه‌ی است، که دستگاه‌ساز و آواز و موسیقی را تنظیم و به صورت کتابی آنرا تهیه و تدوین و قاعده و دستور و وزن برایش وضع کرده است چه در مورد ساز و آواز و موسیقی و چه در مورد ترانه‌خوانان و تصنیف نوشتن، گفته‌ها و نوشته‌های یونس کاتب در مورد علم موسیقی بسیار جای اطمینان اهل فن است و در شعر و شاعری بی‌نظیر و در شهر مدینه سردبیر دفتر حاکم مدینه بوده و سفر به شام کرده و ولید فرزند یزید اموی از مدینه یونس کاتب را نزد خود برده، اما بعد از مرگ ولید به شهر مدینه بازگشته است نک (زانایانی کورد ص ۲۶۰ تا ۲۵۸ به قلم (شه‌پول)

Dr.Saleh Ebrahimi



جلد ۲ چاپ ۱۳۷۹ش موسسه سقز محمدی. ـ اسحاق موصلی فرزند ابراهیم ماهانی رازی و متوفای ۸۵۰ میلادی مولف کتاب نغمات و ایقاعات و اوزان نک دو گفتار در مورد خونیاگری و موسیقی در ایران نوشته‌ی مری‌بویس ـ هنری جورج چاپ ۱۳۶۸ خورشیدی ـ ابن فناری کورد (وفات ۱۴۳ میلادی. دایرةالمعارف علوم در مورد موسیقی بحثهای دارد و عبدالعزیز فرزند قادر بن غیبی مراغی که کتاب صفی‌الدین عبدالمومن اورمیه و کتاب عبدالقادر بن غیبی مراغی را جهت سلاطین عثمانی به ترکی ترجمه کرده است) (نک کتاب زانایانی کورد ماخذ سابق، ابراهیم موصلی، مسلم معر زمان، زریاب موصلی، منصور زلزل ابوسلیمان گردی، غرس‌الدین داقوقی)

یکی دیگر از نامداران موسیقی‌دانهای کورد خطیب اردبیلی ۷۳۱ قمری و ۱۳۲۹ میلادی مولف کنزالمطلوب فی علم الدوائر الضروب، موسیقی‌شناس کورد ماردینی متوفی به سال ۸۰۹ قمری و ۱۴۰۶ میلادی دو رساله را تالیف کرده است ۱ ـ مقدمه فی علم قوانین الانغام ۲ ـ ارجوزه فی شرح النغمات شرح منظومه‌ای در بحر رجز در باب نغمات که در آن به آلات موسیقی پرداخته است. مظفربن حسین بن مظفر حصکیفی در قرن دهم ق که اثر متین و پرمغزش به عنوان رسالة الکاشف فی علم الانغام، احمد بن مسلم موصلی (۱۱۵۰ قمری و ۷۳۷ میلادی) مولف کتاب درّالنقی فی الموسیقی، عبدالقادر بن غیبی مراغی مولف مقاصد الالحان، صفی‌الدین عبدالمومن (ورمیّ) ارموی متوفی ۶۹۳ قمری و ۱۲۹۴ میلادی اهل ورمیّ مولف کتاب الادوار و رسالة الشرقیه در علم موسیقی و بهجة الروح و قانون چهارگوش که به مُزْهه مشهور است و سازی را بنام مقنی ساخته و در سده سیزده مدرسه منتظمیه را تاسیس کرده و افکار خود را در ۲ رساله (۱ ـ بشرفیه ۲ ـ کتاب مقامات موسیقی) شرح داده است، حاجی خلیفه می‌نویسد (مؤمنِ و رمیّي) در ردیف اولین اندیشوران است که در مورد تیئوری موسیقی تالیفی دارند و تمام اسمها و نشانه‌ها از او اخذ شده است. برای نمونه مولانا مبارک شا

Dr.Saleh Ebrahimi



در مورد مقامات موسیقی تفسیر بر اندیشه‌های صفی‌الدین عبدالمومن اورمیه است. نک ۲ و تار ماخذ سابق وکتاب زانایانی کورد به قلم (شه‌پۆل) طبق تحقیق نخستین‌بار بربط نواز کُرد در دربار خسرو پرویز ساسانی «یاربد» بودکه دستگاه‌های موسیقی ایرانـی را اختراع کرد.

موسیقی کردی شمال خراسان را می‌توان به چهار (دستگاه مقام و آهنگ) بیان کرد الف: لولا (بیت و چریکه) که در واقع ستون فـقرات فـرهنگی تـاریخی و اجـتماعی کردهای خراسان است این بیت و چریکه بیشتر جهت سوز وگدازهای عشقی نافرجام و دوری و غم هجران کارایی دارد. ب: هه‌رای "Hera" در آن هنگام اجـرا مـی‌شودکـه ظلم‌و ستم وکج‌رفتاری معشوق یا حاکمان و زورگویان به اوج می‌رسد و چاره‌ای جز کشیدن فریاد برای عاشق یا شخصی ستم‌دیده باقی نمی‌ماند.

شاخه تا Axeta این آهنگ بصورت ضربی و ریتمیک اعمال می‌شود. پنجه «شَلَپه» این داستان و جذبرانگیز و رقصی است.

د: حقانه Haggane ریتم و ملودی پنجه‌ی آن حکایت از عارفانه و عاشقانه بودن این مقام دارد، این مقام را در غرب ایران به نام موسیقی (اهل حق و پارسان و آیینی یاری) می‌شناسند.

در مجموع موسیقی کردی شمال خراسان وحتی رقص‌های این خطه مانند (دو قرسه) دارای پشیتوانه از رزم، سوک و سوز و آوارگی و غربت است در این زمینه مستشرق روسی ایوانف در خلال سالهای ۱۷ - ۱۹۱۰ م طی تحقیقاتی از قوت این موسیقی در کتاب مردم‌شناسی خراسان و مجله‌ی آسیایی بنگال یادکرده است، نوازندگان کرد شمال عمدةً به سه یا حداکثر پنج گروه تقسیم می‌شوند. (عـاشق، بـخشی، لوطـی، زنـی زن، طولوجی)

اسامی برخی از موسیقی‌دانان و خوانندگان به ایـن قـرار است: (جـعفرقلی زنگـلی،

Dr.Saleh Ebrahimi



ابن‌غریب، رحیم‌خان بخشی بهادر بیچرانلو، خان محمد بخشی قیطانی، محمد جوزانی، رمضان‌علی عزیزی سیوکانلو، عزیز صائب بیچری، گلچهره عزیزی بیچهری، بانو شیروانی، غلامحسین بخشی جعفرآبادی، علی‌اکبر بهادری، نیاز علی صحرا روشن کیکانلو، حسین عزیزی، سهراب محمدی، بیژن اقدس، مراد حسن‌زاده، رضا غلامی و...
از کردهای خراسان که به زبان کردی کرمانجی شعر می‌سرایند: جعفرقلی زنگلی، ابن‌غریب، قوامی، قوربان‌پور، کریم اکبرزاده که هر سه نفر اخیر، نویسنده و مترجم بخش کردی بیرون مرزی در تهران هستند، مائده قادری، جواد رضایی، اسماعیل حسین‌پور، حسین قیاس‌آبادی، محمود فرخنده،... و از شاعران و نویسندگان کُرد خراسان که با زبان فارسی می‌نویسند: جناب کلیم‌الله توحدی که تاکنون ۸ جلد کتاب دربارهٔ حرکت کردها بخراسان در حدود سال ۱۰۰۸ هجری قمری به خصوص از جنگ چالدران در سال ۱۵۱۴ میلادی که کردستان تقسیم شد) تالیف و به چاپ رسانیده‌اند، پرفسور پرویز رجبی، علامه عزیزالله عطاردی حمزکانلو، دکتر محمود اکرامی‌فر، علی‌رضا سیاهی لایین، حسین تقدیسی، محمد رمضانی فرخانی، علی طلوعی، مجید اخته، حسین روشن، رمضان‌علی روحانی، حسنعلی ترقی اوغاز، سعید قربانیان، محمد جابانی، قدرت‌الله روشنی، شاد روزامانی، ملک حسین برات‌زاده، طوبی شجاعی و حمید نجف‌زاده،... و اندیشور فرزانه و سیاست مدار: جناب عیسی‌خان حاتمی دارنده امتیاز و مدیر مسئول ماهنامه وزین سیاسی، اجتماعی و فرهنگی ایران مهر که از شخصیتهای وزین و از عشایر نامدار زعفرانلوی کُرد ایرانست. (نقل از جزوه‌ی موسسه کرمانج) و از کردهای ایران زنگنه‌های خواف، زیک‌های قاینات که گنجعلیخان زیک که آثار گرمابه و ساختمان مسکونی او در کرمان جزء آثار باستانی در کرمان به ثبت رسیده است، بیرجند، سربیشه و بخش چگنه نیشابور، طوایف چهندو، بامری، داملی، براهویی، شهرکی، کولایی وکیانی ساکن در استان سیستان و بلوچستان، ابوالحسن علی به

Dr.Saleh Ebrahimi



محمد غزالی لوکری شاعر عهد سامانیان، نادرشاه که از کورد هفت شرانلو (افشرانلو) از عشایر کرد قراخلو است، نک ناصر آزادپور، ملک‌الشعرای بهار دنبلی، پرفسور پرویز رجبی تاریخ‌دانان، پرفسور حسین صادق چگنی جراح نامدار قلب در دنیا، علامه شیخ عـزیزالله، عـطاردی حـمزکانلو مـحقق و مـولف نـامدار اسـلامی، ژنـرال ایـوب‌خان رئیس‌جمهور سابق پاکستان که به نوعی باعث و بانی استقلال پاکستان بود و بی‌نظیر بوتو نخست‌وزیر سابق پاکستان و کوردهای کویته‌ی پاکستان، ـ کتاب تاریخ سیستان پر از واژه‌های اصیل کردی که در این زمان نیز استعمال متداول دارند. ـ در زیر واژه‌ی پی در تاریخ سیستان می‌خوانیم:

۱ ـ پی عمروبن بن اللیث الکردی ـ که به (په) نوشته‌اند

۲ ـ بسام کورد که از کردهای سیستان است نک ص ۲۱۱

۳ ـ آیشیٚ: (آیشه کوردی زنی بوده است در نیشابور او را آیشی نیلی گفتندی عابده‌و زاهده و از خاندان بزرگ. و اهل نیشابور، بوی تقرب نمودندی)

۴ ـ ابومسلم کرد ص ۱۳۶

۵ ـ امیر راشدی کوردی سراف که اهل راشد روستای کـوچکی در ۲۳ فـرسنگی زرنج (نام قدیم سیستان) بوده است که در ۳۱۳ هجری بر نواحـی بـوشهر حکـومت می‌کرده است ص ۲۲۹

۶ ـ قاضی احمد بن اللیث الکردی که از جمله افرادی است که در چند جای متن این کتاب از او یاد شده است. در جریان عصیان و جنگ عبدالرحیم خارجی با یعقوب در تاریخ سیستان از کردان این نواحی هم یادگردیده است، یعقوب، عبدالرحیم خارجی را عهد و منشور داد و عمل بیابانها و کردان را بدو داد و خود به هرات فرارکرد ص ۲۱۸

۷ ـ کرد آفرید که به همان شکلی از کرد آفرید و نام چند آبادی که غالب سکنه آنها کرد بوده‌اند یاد شده است چون (دیه‌کورد) د. نک ۴۱۱

Dr.Saleh Ebrahimi



در طول تاریخ قبایل زیادی ازکورد در سیستان وجود داشته‌اند، وجود نام‌کورد در کنار سایر قبایلی که در این خطه سکونت داشته‌اند دال بر این نکته است. فردوسی گوید: «نشسته در آن دشت بسیار کوچ ـ ز افغان و لاچین وکورد و بلوچ» شاعر عرب و خصوصاً شعرای دوره‌ی اموی، کوردهای سیستان و خراسان در کنار گروه‌های دیگر و در ذیل قطاع الطریق آورده‌اند. چنانچه گفته است «وکم قعنا من عدو شرس ـ ز ط و اکراد و قفس قفس» مورخان، قبایل قفس راگاه قبیله‌ای مجزا وگاه از قبایل کورد ساکن در کرمان و سیستان دانسته‌اند. قبایل «براهویی» ساکن سیستان (بلوچستان) از قدیم‌الایام جزوکوردها به حساب می‌آمده‌اند. جناب آقای محبی یکی از علمای بزرگ زاهدان که در سال ۱۳۷۱ در مکه سفر حج با ایشان آشنا شدم فرمودند کتابی تالیف کرده‌ام و ثابت نموده‌ام که بلوچ کورد وکورد زاده می‌باشند. ابن‌حوقل اصلاً بلوچ‌ها را ازکوردها دانسته است. در قرن چهارم بلوچها بیشتر در کرمان می‌زیستند. سلطان محمود غزنوی آنان را مطیع خودکرد و در سپاهیان غزنوی گنجاند. این احتمال که قبایل بلوچ از غرب و بعضاً شمال به بلوچستان کوچیده‌اند. عقیده ابن‌حوقل را تا حد زیادی به یقین نزدیک ساخته است. زیرا سوای زبان از حیث داده‌های مردم‌شناسی جسمی همانگونه که «فیلد» عنوان نموده است، شباهت‌های زیادی به هم دارند. بلوچستان کنونی در عصر هخامنشیان به مملکت «کاسیان» شهره بوده و همانگونه که می‌دانیم این مکان دارای نامی در آغاز در زاگرس سر برکردند تعدادکردان در خراسان در روزگاران مختلف پیوسته درکاهش و افزایش بوده است. در عصر امویان تعداد آنها بیش از هر عصری بوده است. آنها در جریان قیام خونین عبدالرحمن بن محمد بن اشعث، حاکم زابل در زمان امویان بدو پیوستند.

در سپاه (۶۰) هزارنفری که او فراهم آورده بود تعداد بسیار زیادی ازکُردها حضور داشتند و این جنگ در سال ۸۱ هجری قمری روی داده است.

Dr.Saleh Ebrahimi



## باجەلاّن

باجەلاّن یا باجیلان، دەسە خیڵێ ـ هۆزگەلێ لە کوردان کە لە نێو خاکی کوردەواریدا بلاّو بونەتەوە، ناوی ئەوانە لە مێژودا. بە وێنەی باجوان (عەزاوی، ۲/۱۸۴)، باجەلەند (محەمەد کازم، ۱/۲۵۲، حاشیەی ۱) باج ئالان (ئوستورابادی، ۲۵۱)، بە جوران و بەجیلان، هاتووە. لە بابەت واتاو ریشەی باجەلاّن بیرورای جیاجیا هەیە: عەزاوی ئەو ناوە بەتورکی و تێکلاّوێ لە باج + ئالان بە واتای باجگیر، لە بەرچاو گرتووە و ناوی تورکی هەندێ لە تیرە کانی باجەلاّن، وەک: قازانلو، حاجیلەرا، جبورلوو هیوانلی، دەکاتە بەلگە لە سەر تورک بونی باجەلاّنەکان (۲ / ۱۸۳، ۱۸۵) ـ د ـ محەمەد صالح ئیبراهیمی (شەپۆل) دەڵێ: «باژ: baj پەهلەوی کوردیە، واژەی، باژ، بەواتای ئەو پارانەوەو دوعاونزای زەردەشتیانە، کە بەدەنگی نزم و ئارام ئەنجامی دەدەن. (ژ) بۆتە (ج) جاکەوابێ: باجەلاّن: (باژەلاّن) بووە و تێکلاویکە لە باژ: baj : باج ولەریشەی Vac ئاڤێستایی و بەواتای وتن، و تار ـ ە و ناویشە بۆ یەکێ لەداب و دەستوری ئایینی زەردەشتی ـ و (لان) بە واتای جێیە، کورد و تەنی: [شێرلە لان هاتە دەر، چ نێرچ مێ] دیارە، باجەلاّن (باژەلاّن) بووە و بە واتای جێێ پارانەوەو شوێنی بە رێوە بردنی داب و دەستوری دینی، باو باپیرانی ئەو تایفە لە پەرستشگەی زەردەشتیدا. بەر پرسی کارو ئەنجام دانی ئایینی‌بون (بڕواننە واژەی باج : باژ، کۆنت، ووا، مەکەنزی، 160، دایرەتولمە عاریفی بوزورگی ئیسلامی ج ۱۱ پەرەی ۴۰ ـ ۴۱ چاپی ۱۳۸۱ هەتاوی، تاران) دیارە (ژ) لە (باژ) دا بۆتە (ج) و باژەلاّن بوتە باجەلاّن، باژکە بۆتە باج، واتای واژە گۆڕدراوە و بەواتای نەغد یا جنسێ بەکار براوە کە لە لایەن رەعیەتەوە بە حاکمان یا بە دەولەت دراوە و مانای خەراج، جزیە و زەکاتی پەیداکردوە. ئەم واژەی (باج) ە ـ گە لەدوایـیدا لە نێو تورکی عوسمانی بەکاربراو بە هۆی تێکەڵ پێکەڵی واتای (باج) لەگەڵ خەراج و جۆرە ماڵیاتەکانی ترا، تەعریفی ئەو  تۆێ، ورد لە (باج) نەکراوە. جا ئەوەیە، بە (باجگیر) ناو

Dr.Saleh Ebrahimi



براوە و مافی بە تورکیەوە نیە و عەزاوی لە خۆیەوە ئەو قسەی دەر بڕیوە (شەپۆل، بڕواننە بورهان قاتیع، محەمەد حوسێن بن خەلەف، تەوریزی بەکۆششی موعین تاران ۱۳۵۷ هەتاوی). دیارە لەکورد بون و ناتورک بونی خەڵکی تایفە و خێڵی باجەلان و پەهلەوی کوردی بونی واژەی باژ: (باج) داهیچ شک و دوڵی یەنیە، باجەلان: پارچە خاکێکە، لە نێوان مەندەلی و شاری خانەقیندا لە سەرئاوی ئەلوەند، دایە، باجەلانی تیرە یەکی کوردە، لە خێڵی لولو، لە خاکی باجەلانێ دادە نیشن و راوێژی ئاخەفتنیان فرەلە هەورامی دەچێ. باجەوان: باجگر، باجگیر (بڕواننە: فەرهەنگی کوردستان گیوی موکریانی چاپی ۱۹۹۹ ز ـ ئاراس هەولێر. باجەوان: باجگر، باجگیر (هەمبانە بۆرینە هەژار).

**ریشە و رەگەزی باجەلان:** باجەلانەکان خۆیان بەکورد، دەزانن، بەلام پشکێنەران و مێژونوسان، بیروڕای جیاجیان هەیە، هەندێ باجەلانەکان بە لوڕ دەزانن (محەمەد کازم، ۲۵۲/۱؛ مەردوخ، ۷۸/۱؛ دوبود، ۴۲۹ ـ ۴۳۰) و هەندێ تر باجەلان بەکورد، دەزانن (نەعیما، ۱۳/۳؛ سوان، «بۆلای بەینە نەهرەین»: نێوان دوروان «tomesopotamia... 403, 407, «هەوالی... Peprot» 46؛ مەکەنزی، هەرئەوێ؛ تەوەحودی، ۶۳/۲). ـ ئەوانەی وا باجەلانەکان بە لوڕ دادەنێن، باجەلانەکان بەلک و شاخەیێ لە هۆزی لەک دەزانن (شیروانی، ۵۲۲، مەردوخ، هەرئەوێ؛ پری، دا؛ شیل، 402) و بە جولوەندەکانی لوڕستانیان دەزانن (ئیزەدپەنا، ۱۸۴/۲؛ ئەمانوللاهی، ۱۷۸)، وەیا لە هۆزی دەیانهێننە ژمار. ئەوانەی وا، باجەلانەکان بەکورد،دەزانن، ئەوان بەجیا لە کوردی کورمانج دادەنێن و بە شاخەیێ لە خێڵی کورد ـ ی جافی، دەزانن کە دوای دەرگیری تایفەگەری، لە جاف جیا بونەتەوەو بونە تەخێڵێ سەربەخۆ (بڕواننە: سوان، هەر ئەوێ). زەکی، لە شەرحی ژیانی کۆمەلایەتی و ناوچەیی خێڵی گۆران، باجە لانەکان بە تایفەیێ لەگۆران دەزانێ کەگەورەترین خێڵی ناوچەبون (پەرەی ۴۴۹). مەکەنزی، بەوە خێڵی باجەلان بەکورد، دەزانێ، کەدراوسێ و جیرانەکانیان هەمیشە لەکۆچەرانی

Dr.Saleh Ebrahimi



هه‌ریمی زاگروس. بۆوینه گۆرانه‌کان و لوره‌کان بـون (بروانـه: {E12, 1/88}). له‌بـه‌ر نیزیکی وارگه‌ونشینگه‌ی تایفه‌کانی باجه‌لان له خیله‌کانی که‌لهور، زه‌نگه‌نه، مافی و زه‌ند (هه‌مم) له‌که‌ناری شه‌رقی سنوری کرماشان، له‌نیوان لورستان و ئوستانی کوردستان (سنه)و تیکلاوی دو فه‌رهه‌نگی کوردی و لوری، باجه لانه‌کانیان بـه‌تیکلاوی دو فـه‌رهه‌نگی کوردی و لوری، زانیوه (پری هه‌ر ئه‌وی).

**ریکـــخراوه و دابـــه شکـردنی خیلـی:** له پیشـینه شکل‌گـیری ریکـخراوه‌ی ئـه‌م ده‌سه‌خیله‌کییه، ئاگاداریه‌کی ئه‌و تو، له به‌رده‌سا نیه، له رابوردوا، به روالـه‌ت باجه‌لان خیلی گه‌وره بووه، به‌لام پیوه‌ند به ریکخراوی خیلی ـ هوزی جاف بووه (سوان، هـه‌ر ئه‌وی، 47) ئیستا، ریلخراوی ـ خیلی باجه‌لان، له‌به‌ر یه‌ک هه‌لوه شاوه‌ته‌وه و به‌وینه‌ی تایفه تایفه و تیره تیره‌ی جیاجیا و پرش و بلاو، له یه‌کتر له‌نیو ناوچه‌گه‌لی جیاجیای خاکی کورده واریدا، ده‌ژین، له سه‌رچاوه‌کانی میـژوییدا، ئـاماژه بـه سـاختاری کۆمـه‌لایـه تی‌وسیاسی خیلی باجه‌لان و ده‌سه به‌ندی یه‌کانی نه‌سه‌بی و ره‌گـه‌زی و ئـابوری، نیـو خیلایه‌تی باجه‌لان نه‌کراوه و به ئیختیلاف ناوی ژماری له تایفه و تیره‌کانی باجه‌لانیان بردوه. زه‌کی باجه‌لانه‌کان به ٢ شاخه‌ی جمور و قازانلو، وه ئه‌وانی به پازده (: ١۵) تیره دابه‌ش کردوه (په‌ره‌ی ٣٩٨ ـ ٣٩٩) عه‌زاوی ناوی ئـه‌و (١۵) تـیره‌ی بـاجه‌لانی بـه مجۆره یادکردوه (٢/١٨٣ ـ ١٨۴): قازانلو، چوارکلاو، قه‌ریبه‌وه‌ن، فله‌وه‌ن، شیروه‌ند، خدره‌وه‌ند، (یا خزر وه‌ند)، زوزه‌وه‌ند، قه‌سروه‌ند، حـاجیله‌ر، سـیکه‌وه‌ند، سـاروجه، جوبورولی، هیوانلی، قه‌راوه‌ند و چوگرلو، عه‌زاوی ده‌لی: سه‌را نـی‌خیلـی بـاجه‌لان، له تیره‌ی شیروه‌ند سه‌ریان هه‌لداوه. سوان له ١٣٣١ مانگی و ١٩١٢ ز ـ له کتیبه‌ی بلاو بۆته‌وه، له ٦ تیره‌ی باجه‌لان ناوی بردوه (به‌ره‌ولای بـه‌ینه نـه‌هره‌ین» 407) له پیرسـتی تیره‌کانی کتیبی خیلی عیراق، عه‌زاوی ناوی ٢ تیره‌ی (جمور و ده‌نده‌وه‌ند)ی باجه‌لان نه‌براون، هه‌ندی، جمور به خیلی جیا له باجه‌لان، ده‌زانن (ره‌زمارا، ٢٣؛ سه‌رژماری...،

Dr.Saleh Ebrahimi



١٣، کۆبەجمهور)، هەندیّتر لایان وایە جمور وابەستە، بە باجەلانە و رایانگەیاندوە، چون زەوی کشت و کالّیان نەبووە و بە ئاژەلّداری بەریّ چون، لە باجەلان‌جیا بونە تەوە (سولّتانی، ئیلات...، ٨٨٤)، دە سەییّ لە تایفەی جمور لە هەمەدان دەژین (فیروزان ١٩، ٢٤). لە نیشاندانی خیّلّی باجەلان لە قەزویّن، غیاسوەند بە خیّلّی باجەلان و ٤ تیرەی کۆماسی، محەمەد بەگی، دەرویّشوەند و سیلارخوری (: سیلخوری) لە تیرەکانی تایفەی غیاسوەند، هاتونە ژمار (مەجموعەی ئاگاداری...، ٦٣)، ئەشیّ سیلخوریەکان لە تایفەی باجولوەندی سیلاخوری برو جوردبن کەچونەتە قەزویّن. ژماریّ لە باجولوەندەکانیش بە پییّ نوسینی فیروزان لە ناوچەی باکوری بە شی زاغەی لورستان دەژین (پەرەی ٢٢)کە بە روالّەت لە فارس (هەرئەویّ) وە یا لە هەرەو (هەرەو) شویّنیّکە لە نیّوان بروجرد و خورەماوا، دایە. (ئیّزەد پەنا، ٢/١٨٤) چونەتە لورستان، نیّوی یەکیّ لە تیرەکانی تایفەی جەلالوەند ـ ی کرند Kirnd یان، لە کرماشانەوە، باجەلانیەکان لەگەلّ خۆیان هیّناویانە (کەریمی، ١٦١)

**پرش و بلاّوی وارگە و جیگای ژیانی جوغرافیایی:** وارگەو جیّگای ژیانی سەرەتای خیّلّی باجەلانیان بە هەریّمی: بیّن قوّدرەو قورەتو لە باکوری خانەقین و هوّزی شەبەکیش لەکە نارەی چەپی چوّمی دیجلە و دەوروبەری موسلّ، زانیوە و دایاناوە. هەندیّ نوسیویانەکە باجەلانەکان لەم هەریّمەوە رویشتوّنەتە ناوچەکانی کوردەواری ئیران و عوسمانی و زەهاو، هەروا چونەتە ناچەگەلیّ لە لورستان (عەزاوی ٢/١٨٣، ١٥/٧، Eli ؛ هەروایش، بروانە: E12, 1/863 ئاکوّپف، ٨٦ ـ ٨٧ ئیّدموّندز پەرەی ١٠، کوّبە) کە قسەی لە ژماریّ گوندەکانی باجەلان‌نشین، کردوەکەلە چەند کیلوّمیتری روّژهەلاّتی موسلّدان (بوّ ئاگاداری لە وارگە ونشینگەی خیّلّی باجەلان و تیرەکانی ئەوخیّلّە لە کوردستانی عیراقدا (بروانە: عەزاوی، ٢/١٨٣ ـ ١٨٥). بە پیّی نوسراوی سوان («هەوالی» ح 7) باجەلانەکان بەر لەوەی لەم نیّوسنورەی ئیّستا جیّگیربن لە ناوچەی دەرنە

Dr.Saleh Ebrahimi



له ناوچه‌ی کۆنه جوانرۆ، له خاکی بن ده‌س جافه‌کاندا، ژیاون، گۆرانه‌کان، باجه‌لانه‌کانیان له ده‌رنه‌که شاریٚ گرینگ و دارای قه‌لای مه‌حکه‌م و پته‌وی سپایی بووه، ده‌رپه‌راندوه‌و باجه‌لانه‌کان به ناچار له وارگه ونشینگه‌ی ئیٚستا جیگیربون. مینورسکی به نه‌قل له راولینسوٚن، ده‌نوسیٚ: سولٚتان مرادی چواری عوسمانی (حکم ۱۰۳۲ ـ ۱۰۴۹ مانگی) خیٚلی که لهوڕی ده‌رکردوه و وارگه و سه‌رزه‌وی یه‌کانی که‌لهوڕی، به باجه‌لانه‌کان داوه‌که له موسلٚه‌وه هیٚنابونی (په‌ره‌ی 85). له ۱۰۴۹ مانگی و ۱۶۳۹ ز ـ به‌دوا، تورکی عوسمانی ناوچه‌ی زه‌هاوی خستبوه بن چرنوکی خوٚی، **خیٚلی باجه‌لان ریٚزوگرینگی یه‌کی فره‌یان له ناوچه‌که‌دا په‌یداکرد** و رابه‌ری هه‌مو، ده‌سه‌خیٚله‌کانی ـ عه‌شایری‌یان گرته ده‌س. سازده‌ری شاری ئیٚستای سه‌رپیٚل زه‌هاویش و حاکمی ئه‌یاله‌تی زه‌هاو، یه‌کیٚ له پاشایانی باجه‌لانی بن فه‌رمانی تورکی عوسمانی بووه (هه‌ر ئه‌و، هه‌روایش سوان، هه‌ر ئه‌وشویٚنانه). باجه‌لانه‌کان به‌ره به‌ره له ده‌شتی زه‌هاو ـ ه وه، چونه‌ته ناوچه‌کانی تری ئیٚران. یا به زوٚره ملیٚ کوٚچیان پییٚ کردون. له ۱۱۴۵ مانگی نادر قولی هه‌وشار، دوای سه‌رکوتکردنی ئه‌حمه‌د پاشا، سه‌ر په‌رستی خیٚلی باجه‌لان و حاکمی زه‌هاوی یه‌خسیرکرد و تایفه‌ی بن فه‌رمانی ئه‌وی پرش و بلاوکرد و ده‌سه‌ییٚ له باجه‌لانه‌کانیشی له‌گه‌ل تایفه‌کانی زه‌نگه‌نه، قه‌رابه‌یات و روٚمیه‌ی ره‌وانه‌ی خوٚراسان کرد و له محالی هیٚرات نیشته‌جییٚ کردن (بوٚ ئاگاداری زیاتر بروانه: محه‌مه‌د کازم، ۱ / ۲۵۲ ـ ۲۵۴). ده سه‌ییٚ له باجه‌لانه‌کان له‌گه‌ل خیٚلی زه‌ند له ۱۱۹۶ مانگی، چونه‌ته قه‌زویٚن (سولٚتانی، ئیلات، ۸۸۴)، چه‌ن تایفه‌ییٚ له باجه‌لان له ده‌وره‌ی قاجار له سیلاخوری بروجورد (شه‌یبانی، ۵۹؛ مه‌فتون؛ ئیعتیزاسه‌لٚته‌نه، ۸۴) ژیاون و ده‌سه یه‌کیش له باجه‌لان له ده‌شتایه‌کانی هه‌ره‌و له نیٚوان بروجورد و خوڕماوادا (دوید، ۴۳۰) ده‌ژیان.

**حه‌شیمه‌تی خیٚلی باجه‌لان:** سه‌ر ژماری یه‌ک که حه‌شیمه‌تی خیٚلی باجه‌لان و تایفه و تیره‌کانیان له رابورد و وئیٚستادا، به وردی دیاری بکا، له به‌ر ده‌سانیه. پرش و بلاوی

Dr.Saleh Ebrahimi



تایفەکانی باجەلآن و نەبونی رەوشتی زانستی و عیلمی، سەرژماری لە رابوردوا، لە تاریکی مانەوەی حەشیمەتی کۆچەر و وارگەو یەکجێ نشینی باجەلآنەکان شوێنیان هەبووە و سەرژماری لە بەردەسا بونیش زیاتر تەخمینی و ناراستن، ئێستا بۆ زانینی تەقریبی حەشیمەتی باجەلآنەکان، ئاماژە بەهەندێ سەر ژماری دەکەین: زەکی (پەرەی ۳۹۸ ـ ۳۹۹) حەشیمەتی باجەلآنەکانی نیشتەجیێ لە خانەقین و کەرکوک، بە زیاتر لە ۱۳۰۰ خێزان، دەزانێ (هەروایش بروانتە: مەردوخ ۱/۷۸). رابینۆ ژماری ئەوان بە ۶۰۰ خێزانو راولێنسۆن (بڕواننە: ئێرانیکا، 111/533) و سولتانی (هەرئەوی، ۸۸۳) بە دو هەزار خێزانیان، زانیوە، لە سالی ۱۱۷۶ ـ ۱۲۷۷ مانگی، هەندێ حەشیمەتی باجەلآنیان لەقەزوێندا بە ۶۰ خێزان، داناوە،کە نیوەیان لە شارا و نیوەکەی دیکەیشیان لە دەرەوی شاردا لە وارگە و لە نیو رەشمالدا، ژیاون (سەفەرنامە...، ۱۷۷)، مەردوخیش، ئیشارەی بە ۷۰ خێزانی باجەلآن لە رودباری قەزوێن (هەرئەوێ) کردوە و هەروا نوسیویەتی کەلە وەرجاوەند ۴۵ خێزان لە دێهستانی ئیقبالی قەزوێن دەژین (پەرەی ۲۶۰). ـژماری حەشیمەتی باجەلآن نیانی نیشتەجێ لە زەهاو، دیارنیە، شیروانی لە بابەت زەهاو، حەشیمەتی ئەوێ بە ۵۰۰ خێزانی کورد، داناوە (پەرەی ۲۹۲) و حەشیمەتی جموریەکانی ئاوەدانیەکانی دەورو بەری ئەسەداوا و ناوچەکانی نێوان هەمەدان و کرماشانیان بە ۱۰۰۰ خێزان، زانیوە (رەزمارا، ۲۳) و هەروا حەشیمەتی کۆچەرانی خێلی حمور (جمهور)ی نیشتەجیێ ناوچەی کرماشان، لە سالی ۱۳۶۶ هەتاویدا بە ۹۰ خێزان داناوە (سەرژماری ۱۳۰).

**تایبەت مەندیەکانی فەرهەنگی:** زمان لە بابەت زوانی باجەلآنیانەوە، لە نێوان پشکێنەرانی کورد ناسەوە، جیاوازی هەیە، هەندێ لە زانایانی رۆژاوایی زوانی باجەلآنیانی ناوچەکانی خانەقین و گوندنشیەکانی رۆژهەلآتی موسل و ناوچەی زەهاو بەزاراوەیێ لە دەسەی زمانەکانی گۆرانی (مینورسکی، 85 ,76 ؛ ئێدمونذز، 10، کۆبەی

Dr.Saleh Ebrahimi



١)و سەنەندەجی لە (توحفەی ناسری پەرەی ٢٤) بە شاخەی هەورامی گۆرانی، دەزانن (هەروایش بڕوانە: سوڵتانی،کرماشان، ١/٢٦٦). یا شاتر زوانی گۆرانی (پەڕەی ٣٥) لە دەسەی زوانەکانی سەر بە خوڵە ناوچەکانی کوردنشینی باشوری، دەزانێ و لای وایە دارای زاراوەی جیاجیا یەو لەگەڵ کوردی کورمانجی جیاوازە) مەکەنزی (بڕوانە E12, 1/863) بە زمانی ئێرانی و غەیرەکورد، زانیوەو زەکی بە زوانێ نێزیک بە زمانی پەهلەوی داناوە (پەرەی ٣٩٩) و زوانی باجەلانیانی قەزوێنیشیان بە زوانی کوردی زانیوە (سەفەرنامە، هەر ئەوێ). لە دوای کۆچکردنی باجەلانیەکان لە سەدەکانی رابوردوا بۆ ناوچە جۆرا و جورەکانی خاکی کوردەواری و ئێران و ژیان لەگەڵ ئەو دەسەو هۆزە جیاجیا یانەی کەهەم لەبابەت رەگەز و هەم لە بابەت زمانەوە، لەوان جیابون. جا هەر لەو سۆنگانەوە،گوڕیان هەم لە واژەو دەنگ و ئاوازی زوانیان و هەم لە رێبازی مەزهەبیان پەیدا بووە، ناسینی زاراوەی پرش و بلاوی باجەلانیان، تەنیا بەپشکنینی زمان ناسی مەیدانی دەگونجێ، بۆوێنە دەسەیێ لە باجەلانیان،کە لە زەمانی شاعەباسی سەفەوی (سا ٩٩٦-١٠٣٨ مانگی) بە پێشکۆی لوڕستان کۆچدران و لە نێوان خێڵەکانی لەکدا جیگیر بون، زوانەکەیان لەگەڵ زوانی لەکی تیکلاو بووە (El ،٧/١٠ - ١١). خەڵکی باشوری کوردستان بێجگە لەزمانی دایکی، زمانی فارسی و کوردەکانی باکوری کوردستان، زمانی تورکی و عەرەبی، یەکەمین زوانێکن کە فێری دەبن (سوان، «راپورتی» ؟!)، ئەوبن (پەرەی ٣٦٣) مەجید بەگ، لە خانەدانی سەرانی باجلو (: باجەلان) مرۆێ خانەقین دەناسێنێ کە جلکی عەرەبی لە بەردەکرد و فینەی تورکی لەسەردا دەناو بەزمانی عەرەبی و تورکی و فارسی قسەی دەکرد. مەکەنزی کەلە هاوینی ١٩٥٥ ز ١٣٣٤ هەتاویدا لە سەر زاراوەی باجەلانیانی دانیشتوی گوندەکانی ئەر پەچی سەربەموسڵی توێژینەوەی ئەنجام دەدا و یاد داشتی دەکرد، دەنوسێ: ئەم دەسەلە باجەلان خۆیان بە عەرەب و لە تایفەی تەی دەزانن و جلکی عەرەبی لە بەردەکەن،کەچی خویان بە بەجلان، بیجوان یا

Dr.Saleh Ebrahimi



باجوان و بە خەڵکی بە جلانستان، دەزانی. ئەوانە بەزاراوەی باجەلانی قسەیان دەکرد، لەگەڵ کورمانجی کوردی جیاواز بو (پەرەی 420و 41، بۆ زیاتر زانین بروانتە: 435-418).

**٢ ـ دین و مەزهەب:** باجەلانیان، موسوڵمان و زۆر بەیان سوننی و پەیرەوی مەزهەبی شافعین (عەزاوی، ٢/١٨٤) و هەندێ لە باجەلانەکان حەنەفین و دەسەیێ کەمیشیان شیعەی ئیمامیە و ژمارێکیشیان عەلی یوللاهین (شیروانی، هەرئەوێ)، ئەنستاس ماری و ئەحمەد حەمید سەراف لە شەرحی دین و مەزهەبی کوردەکانی بە جوران (باجەلان)، لە دراوسێکانی کوردانی شەبەکی عیراق، بە سوننی بونیان و پێوەندییان بە دەسەی عەلی یوللاهی ئیشارەی کردوە (بروانە: مەکەنزی، 418، مینورسکی، 75، کۆبەی ١). - عەبدولحوسین شەهیدی صالحی لەکەربەلا، لە حازریەکان و رابوردوەکاندا، دەنوسێ: باجەلانەکانی خانەقین، لەکاتی راپەرینی شیعەکانی عیراق بە رابەری میرزا محەمەد تەقی شیرازی (د ـ ١٣٣٨ مانگی) لە راست دەس درێژی کردنی ئینگلیس باجەلانیان چوونە یارمەتی دانی شیعەکان. ئایەتوللا سەید ئەبولحەسەن ئیسفەهانی (د ١٣٦٥ مانگی و ١٩٤٦ ز ـ بە ناردنی روحانیەکان بۆ نیو باجەلانەکان، ئەوانی دنەدەدا تابچنە سەرمەزهەبی شیعە لەوە بەدوا باجەلانە شیعەکان لە مەراسیمی پرسەی چلەی حوسێن لە کەربەلا، بە شداری‌یان کردوەو لەگەڵ دەسەی شیعەکان لە شارەکانی دیکەیشدا لە سەرە خۆشیدا بە شداربون (بروانە: دانیشنامە...)

**پێشینەی مێژویی:** ناوی خێڵی باجەلان، لە دەورەی سەفەوی بەملاوە لە نیودەقی مێژوییدا هاتووە، نەعیما: بەهاتنی سەرۆکی باجەلانیان دوای مردنی شا عەباس بە ٤٠ هەزار خێڵی کورد، بۆ موسڵ بۆلای خوسرەو پاشا، وەزیر ئەعزەمی عوسمانی، لە ١٠٣٩ مانگی ئیتر باجەلانیان بونە مرۆڤی عوسمانی (تاریخی نەعیما ج ٣، خولاسەی مێژوی کورد و کوردستان ج ٢ پەرەی ١٤٩ تەرجەمە لەکوردی یەوە بۆ فارسی یەدوللا رەوشەن ئەردەلان چاپی ١٣٨١ بلاوکی توس تاران؛ هەروابروانە مینورسکی، 85،

Dr.Saleh Ebrahimi



کۆبەی 1).

سەرکردەکانی باجەلان بۆ ماوەی چەن سەدە دەس نیشانی پاشاکانی عوسمانی و مالّیات و خەراجیان بە نوینەرانی ئەوان لەغادا وەو بەناوی پاشایی بەسەر زەوی پان و بەرینێ کەزەهاوی کۆن، هورین، شیخان، بنقودرە، قۆرەتو، سەرقەلاّ، جێگیران، کۆپەسا، ناوچەگەلی پشتکێوی بەمۆ و پاوە، جوانرۆ، رەوانسەری گرتبووە بەر و بەو پەری وزە و هێزەوە حوکومەتیان کردوە و زۆربەی کات و سات لە قازانجی حوکومەتی عوسمانی لە قرە لەگەلّ، ئێراندا پشتیوانیان کردوە، ناوەند و پێتەختی دەسەلاّتی پاشایانی باجەلاّن لە سەرە تاوە، درنە و لە دواییدا زەهاو بووە (سولّتانی، ئێلات، ٨٨٦، ٨٨٩). لە ئاخر و ئۆخری دەورەی صەفەوی، ئەحمەدخان باجەلاّن، پاشای زەهاو. هەمەدان و تایفەکانی باجەلاّن و خێلّ و تایفەکانی دیکەی بەدەس بو، نادرقولی هەوشار ـ ی کورد کە لە زەمانی شاتیهماسبی ٢ (سالّی ١١٣٥ ـ ١١٤٥ مانگی، هێرشی بردبوە سەر کرماشان، ئەحمەد، پاشاکە لە بە رامبەریدا بەر خودانی نیشان دابو، تێکی شکاندو قری خستە نێوسپاشەروانەکانی ئەحمەد پاشای باجەلاّن و یەکێ لە ناودارانی بەختیاری سپای نادرشا، ئەحمەد پاشای باجەلاّنی کوشت (بۆ ئاگاداری پتر، بروانە: محەمەد کازم، ١/٢٥٢ ـ ٢٥٤). یەکێ دیکە لە سەرسپردەکانی پاشایانی عوسمانی، عەبدوللاّخان باجەلاّن بو کە لە فەرمانی حوکومەتی ناوەندی ئێران ملی یاداوە و باج و خەراجی پێی نەداوە، ئەو لە ١١٦٨ مانگی، سپایێ شەروانی لە خێلّی باجەلاّن، جافو تایفەکانی گوردەکانی تر سازدا، تا بەرامبەری هێرشی محەمەدخان سەرداری زەند، راوەستێ و بە گژیدا بچێ (ئەبولحەسەن گولّستانە ٣٠٠؛ پری، 184). عەبدوللاّخان هەمیشە نیگەرانی سپای زەند بوو خە بەرورو دادەکانی بە حوکومەتی بەغا، رادەگەیاند، لە ١١٨٨ مانگی، نەزەر، عەلیخان، زەند، کە لە هاروناوا (ئیسلاماوای غەربی ئێستا: گەیلان) لەگەلّ سپایەکانی، خۆیان سازدابوو و کۆ ببونەوە، لە جموجولّی عەبدوللاّخان کە شەروانان و

Dr.Saleh Ebrahimi



گریلای له ده‌وری خوّی خرده کرده‌وه، بوّ هێرش، ئاگاداری په‌یداکرد و له پڕا هێرشی کرده سه‌ر، زه‌هاو، ئه‌و که شاری زه‌هاوی ویّران کرد بوو له ترسان رای کردبو، له نیزیکی خانه‌قین یه‌خسیری کرد و زیاتر له دو هه‌زار که‌سیشی له پیاوه کانی عه‌بدوللاّخان کوشت. جادوای ئه‌وه، زه‌هاو و سه‌رانی باجه‌لاّن، که‌وتنه بن فه‌رمانی ده‌سه‌لاّتی حوکومه‌تی ئێران (هه‌رئه و 187). باجه‌لاّنیان، له هه‌ندێ ئاژاوه و جه‌نگ و دوژمنی کردن، دوای مردنی که‌ریمخان زه‌ند، به‌شدار بون. موسه‌وی نامی ئیسفه‌هانی له تاریخی گیتی گوشا (په‌ره‌ی ۲۴۲) و عه‌لیره‌زا شیرازی له تاریخی زه‌ندیه (په‌ره‌ی ۴۴ ـ ۴۵) له شه‌رحی ئابلوّقه‌ی شاری شیراز و کردنه‌وه‌ی ده‌روازه‌ی ئه‌و شاره له ۱۱۹۶ مانگی به هوّی سپای عه‌لیمه‌ردانخان، چواره‌مین پاشای زه‌ند، به نه‌خش و روّلی گه‌له کوّمه‌ێ له تایفه کانی باجه‌لاّن و مافی و خێلّی تر له کردنه‌وه‌ی ده‌روازه‌ی شیراز و گرتنی شار، ئیشاره و ئاماژه‌یان کردوه. هه‌روه‌ها باجه‌لاّنه کان له گه‌لّ خێلّی بیرانوه‌ند (هم) له ۱۲۱۲ مانگی. بوّ ده‌ر هێنانی هێزو قودره‌ت له چنگ قاجاریاندا، پشتیوانیان له تێکوّشانی محه‌مه‌دخانی زه‌ند کردوه (۱۱/۷، EII). به قسه‌ی محه‌مه‌د ته‌قی سپیّهر، دوای مردنی محه‌مه‌دشا (د ۱۲۶۴ مانگی، ئه‌فراسیاوخان، سه‌رکرده‌ی تایفه‌ی باجه‌لاّنیانی بروجرد، له گه‌لّ تایفه کانی به‌ختیاری، بونه‌ته‌هاو په‌یمان و شوّڕشی ده‌س پێکردوه. خانله‌ر ئیحتیشام ده‌وله، حاکمی بروجرد، بوّ ئارام کردنه‌وه‌ی شوّڕش، ئه‌وده کاته، حاکمی باجه‌لاّن، دوای ماوه‌یه ک، ئه‌فرا سیاوخان دوباره له گه‌لّ قاسمخان باجه‌لاّن ده‌س به شوّڕش ده که‌نه‌وه. ئه‌مجاره خانله‌ر میرزا، ئه‌وان ده گرێ و زیندانیان ده کاو ئاژاوه که، ده‌خه‌وێنێ (۳/۲۲۳، ۳۱۸). باجه‌لاّنه کان له ده‌وره‌ی قاجاره کاندا هێزوده سه‌لاّتێ فره‌پرشکوّیان هه‌بوه و سه‌رانی تایفه کانی باجه‌لاّن، له لای حوکومه‌تی ناوه‌ندی کرماشانه‌وه ده کرانه حاکمی خاکی باجه‌لاّن نشینه کان. سه‌رانی باجه‌لاّن له وارگه و نشینگه‌ی خوّیان فره‌تر قه‌لاّ و ئیستیحکاماتیان، دروست ده کرد و ده‌سه‌یێ له سواران و تفه‌نگ به ده‌سیان له مه‌ردانی

Dr.Saleh Ebrahimi



باجەلان بە دەوری خۆیانداکۆ دەکردەوە، تا لەکاتی شەر و دوژمنیدا، لەوانە کەلّک وەربگرن. بە قسەی میژو، ئەحمەدخان، باجەلان، پاشای زەهاو ٢٠ هەزار سواری بروانە: محەمەد کازم، ١/٢٥٣) لە مەردانی جەنگی بۆ نەبەرد و شەر ئامادە کردبو و ئەللایارخان سەرکردەی باجەلانەکانی قەزوین لە دەورەی ناسری ٣٠ کەس لە سوارەی شەروانی ئامادەی لەبەر دەسا بو (سەفەرنامە، ١٧٧). ـ رابینۆ نوسیویەتی: عەزیزخان شوجا عولمەمالیک ئاخرین سەر پەرستی پرهیزو دیار ـ ی باجەلان بووە، کە دو دەهەی ئاخری سەدەی ١٩ ز ـ لەو پەری قودرەتا، ژیاوەو قەلایەکی لە قۆرەتو لەکەناری چۆمی زەهاو بۆ خۆی‌ساز دابو. لە سالەکانی دوای حوکمرانی عەزیزخان، دەرگیریکی خویناوی لە نیوخانەوادەی ئەو و خەلیفە ئەعزەم‌خانی برای روی داوە، کە بوتە هوی کوژرانی ٢ کور لە هەردوبرا. عەزیزخان لە ١٣٢١ مانگی و ١٩٠٣ ز ـ دەمری و دوای مردنی ئەو، تایفەی باجەلان، فرە بە پەلەو بە لەز، پرش و بلاو بون (ئیرانیکا 111/533)، **سەرچاوە:** ئاکوپف (هاکوپیان). گ. ب. و م. ا. حەساروف، گوردانی گوران و مەسەلەی کورد لە تورکیە، تەرجەمەی سیروس ئیزەدی، تاران، ١٣٧٦ هەتاوی، ئەبولحەسەن گولستانە، موجمەل تەواریخ، بەکوششی مودەریس رەزەوی تاران ١٣٤٤، ئوستورابادی، محەمەد میهدی، جیهانگوشای نادری، تاران، ١٣٦٨، ئیعتیزا سەلتەنە، عەلیقولی میرزا، ئیکسیر تەواریخ بەکوششی جەمشید کیانفەر تاران ١٣٧٠، ئەمانوللاهی بەهادوەند، سکەندەر، قەوملەر، تاران ١٣٧٠، توبین ئوژەن، ئیرانی ئەمرو؛ ١٩١٦ ـ ١٩٠٧، ئیران و بەینە نەهرەین، تەرجەمەی عەلی ئەسغەر سەعیدی تاران ١٣٦٢، ئیزەد پەنا، حەمید، ئاساری باستانی و تاریخی لورستان، تاران، ١٣٥٥، تەوەحودی کەلیموللا، بزوتنی تاریخی کورد، بوخوراسان بو بەرگیری لەسەر بەخویی ئیران، تاران ١٣٦٤، دانیشنامەی جیهانی ئیسلام تاران ١٣٦٩، دوبود، س... سەفەرنامەی لورستان و خوزستان تەرجەمەی محەمەد حوسین ئاریا ـ تاران ـ ١٣٧١، رەزمارا، عەلی

Dr.Saleh Ebrahimi



جوغرافیای نیزامی ئێران، کرماشان، تاران ١٣٧٢ هەتاوی، زەکی محەمەد ئەمین، خولاسەی کورد و کوردستان، تەرجەمەی عەلی عەونی ـ قاهیرە، ١٩٣٩ ز ـ سپێهری محەمەد تەقی، ناسیخ تەواریخ، بە کۆششی محەمەد باقر بیهبودی، تاران ١٣٨٥، سەرژماری کۆمەڵایەتی، ئابوری، هۆزی کۆچەرەکان ١٣٦٦، نەتیجەی تەفسیلی، ئوستانی کرماشان (: باختەران) ناوەندی ئاماری ئێران، تاران ١٣٦٩، سەفەرنامەی ئوستوراباد و مازندەران و گیلان...، بە کۆششی مەسعود گولزاری، تاران ١٣٥٥، سوڵتانی محەمەد عەلی، ئیلات و تایفەکانی کرماشان، تاران، ١٣٧٢، هەر ئەو، کرماشان، تاران، ١٣٧٠، سەنەندەجی شوکوروڵڵا، توحفەی ناسری، بە کۆششی حەشمەتوڵڵا تەبیبی، تاران، ١٣٦٦، شەرەفکەندی عەبدو رەحمان، فەرهەنگی کوردی، فارسی تاران، ١٣٦٩، شەیبانی، ئیبراهیم، هەڵبژار دەی تەواریخ، تاران، ١٣٦٦، موکریانی، گیو، فەرهەنگی کوردستان بە زمانی کوردی چاپی ١٩٩٩ز ـ ئاراس هەولێر، (شەپۆل) ئیبراهیمی، محەمەد صاڵح، تەحقیقی مەیدانی، شیرازی، عەلیرەزا تاریخی زەندیە، بە کۆششی ئەرنست بئیری، تاران، ١٣٦٥، شیروانی زەینە لعابیدین، بوستان سەیاحە، تاران، ١٣١٥؛ عەزاوی، عەباس عەشایری عیراق، ئەلکوردیە، بەغا، ١٣٦٦ مانگی و ١٩٤٧ ز ـ فیروزان، ت، لە بابەت تەرکیب و سازمانی ئێلات و عەشایری «ئێران» ئیلات و عەشایر، تاران ١٣٦٢، کرماشان، باستان بە کۆششی سوهراب فرونیان، تاران، مەجموعەی ئاگاداری و ئاماری ئێلات و تایفەکان و عەشایری ئێران، ناوەندی عەشایری ئێران، تاران، ١٣٦١؛ محەمەد کازم، عالەمارای نادری بە کۆششی محەمەد ئەمین ریاحی، تاران، ١٣٦٤، مەردوخ کوردستانی ئایەتوڵڵا شێخ محەمەد، تاریخ، تاران چاپخانەی ئەرتەیش؛ مەفتون دونبولی، عەبدو رەزاق، مەئاسیر ـ ی سوڵتانیە، تاران، ١٣٥١، موسەوی محەمەد صادق تاریخی گیتی گوشا، بە کۆششی سەعید نەفیسی، تاران، ١٣٦٣، نەعیما، مستەفا، تاریخ ئەستەمبوڵ، ١٣٨٣ مانگی، وەرجاوەند، پەروێز، سەر

Dr.Saleh Ebrahimi



زەوی قەزوێن، تاران، ١٣٤٩، یارشاتر، ئیحسان «زەبانها و لەهجەهای ئێرانی» گۆڤاری زانستگەی ئەدەبیاتی زانکوی تاران، ١٣٣٦ هەتاوی، ساڵی ٥ ژمارەی ١ و ٢؛ هەروا بروانە Edmods, c. likurds turks london

1951; E11, E12, Iranica maekenzie D.N; "Bäjaläni" Bulletin of the school of oriental and African studies, 1956, Vol, XVIII; Minerky, V Oi, XVIII, minorky, "the Cutan". ibid, 1943-1946 vol. XI(1); perry J.R; Karin khan zand chicago 1976, shell, m,Glimpses of life and manners in persia, New York 1973, Soane E, B; to mesopotamia and kardistan in Disguise lodon 1912; idrepaft on the sulaimania Distriet of kurdistan calcutta 1918

عەلی‌بلوکباشی دایره تولمه عاریفی بوزورگی ئیسلامی ج ١١ پەرەی ٤٧ تا ٤٤ چاپی ١٣٨١ تاران (شەپوڵ). لە شارستانی مەندەلی تایفەی قەرە ئۆلوس کە زیاتر لە ٥٠٠ خێزانن کوردن، لە ناوچەی قەزانیە هەندێ هۆزی لور هەن (دیهی دی شێخ و دەرو) کوردن و لە ناوەندی ناوچەی دایش، بەشێ لە خەڵکی کوردن. لە دەسەی قەزانلوی باجەلانن (ج ١ خولاسەی مێژوی کورد و کوردستان پەرەی ٤١ تەرجەمە لە کوردی بۆفارسی یە یدوللاخان رەوشەن ئەردەلان چاپی ١٣٨١ بلاوکی توس، تاران.

لە ساڵی ١١٢٩ مانگی کوردەکانی ئێران، ئوستانی باجەلانەکانیان داگیر کردوە (پەرەی ١٥٦ ج ٢ خولاسە، هەرئەوێ) رابینۆ دەڵێ: «زنجیرەی دلفان، باجەلان، زەند، مافی و زەندیای کالە، لە خێڵی لەک بون و لەک بەواتای ١٠٠ هەزارە یانی هۆزی لەک سەد هەزار کەس بون و رۆژ هەلاتناس (شیند لیر H. Schindlet) دەنوسێ: کەریمخان زەند لە خێڵی لەکەو لە دیێ: (پاریا Parya کە ئێستابە (پاری) ناودەبرێ لە دایکبووە، ئەم گوندە تا (دەوڵە تاوا) ٣٠ کیلۆمیتر دورە و لەسەر رێگای (سوڵتاناوا) دایە (یەدوللاخان رەوشەن ئەردەلان پەرەی ٢٨٤ ج ٢ هەرئەوێ). کەریمخان زەند لەکاتی خوێدا خێڵی

Dr.Saleh Ebrahimi



(بێرانوەند)ی لەکی بردوتە شیراز لای خوێ، ئەم خێلە لەگەڵ باجەلان لە ساڵی ١٢١٢ مانگیدا بو بوژاندنەوەی حوکومەتی زەند، فرەکومەگیان بە محەمەدخانی زەندکرد. لە دەورەی قاجاردا خێڵی لەک توشی لێک جیابونەوەیێ، فرەسەختبون و پرش و بلاویان کردن، ئێستا هەندێ لە خێڵی لەک لە سەلماس (: زاروەند) دەژین و تایفەی زەند تیاجون و هەندێ لەوان، چونە تە، نێو خێڵی باجەلان، لە دەور و بەری خانەقین و هەندێ لە هوزی زەند، ئێستا لە ناوچەی (دوروفەرمان) و لە لای باشوری شەرقی کرماشان دەژین و هەندێ لە تایفەی مافی ئێستا لە وەرامین، تاران، قەزوێن، دەژین، لولو لە زەهاو، شارەزور، سلیمانی، لولو، بیناون و لولو لەرابوردوا تێکەل بەگوتی بون، گوتی ٢٥٠٠ ساڵ بەر لە زانین، خاکی سومێرو ئاکادیان زەوت کردوە (هوزگەلی موزو پوتامیا پەرەی ٩٩). ئارام ـ سێن ٤٧ سەدە بەرلە مرو، هێرشی کردوتە سەر (لولو وگوتی) لە قەرەداخ ـ (ئەمین زەکی:) بەشیرکە (لەوەلامی قانیعدایە. ـ هەم پرسیارە شیعرەکەی قانیع لەو بایەتەوە و هەم وەلامە شیعرەکەی ئەمین زەکی لە دیوانی قانیع پەرەی ٦ و ٧ و هەروەها هەر دوشیعرەکە، لە ژمارەی ٥٤٨ ساڵی ١٩٣٩ ز ـ و ٥٨٧ ساڵی ١٩٣٩ ز ـ لە روژنامەی ژین ـ ی پیرەمێرد لە چاپ دراون. ـ سەرنج راکێشە دەلێن: لولوئەم ناوە لە لایەن ئاکاد و عیلامەوە بە (لولو) دراوە، جونکا پیتی (ل) لە ئاڤێستادا نە هاتووە و نیە. بەلام لە فارسی و عیلامیدا (ل) هەیە، ئەشێ (ل) لە فارسی یەوە چوبێتە نێو زمانی کوردی مادی، هەروەک واژەی مادی کوردی فرە چونەتەنێو فارسی و فارسی ئەمرو پرەپرە لە واژەی کوردی. ـ زمانی لوری لەروی فونەتێک و رێزمان و دەستوری زمانەوە، فرە کورد یەکی رێک و پێکە، جا ئەگەر واژەی کوردی، چو بێتە نێو زمانی لوری هی جیران بونیانە، کەوابێ لور و کورد یەکن. بەلام ئایا لور لە لولو، گیراوە، تەحقیقی پێێ دەوێ ـ لولو ناو بوبێ، کە ئاکاد یا عیلام لە سەرئەوانیان دانابێ، یا لولو خویان لەزاری ئاکاد و عیلامەوە، بەخویان وتبێ: (لولو) و لور با شماوەی لولو بن. ـ دەلێن: وارگەو نشینگەی

Dr.Saleh Ebrahimi



کوردی ئەمرۆ (ناوچە شاخاوی یەکانی شارەزور و دەور و بەری بە لورەکانی ناوچەی کوردستان و بە لورستانەوە تا ئیلام، کرماشان و کوردستانی سنەودەورو بەری ٣٠٠٠ هەزار ساڵ بە رلە مرۆ (٢٠٠٧/١١/٢٥ ز) بە **دەسی هوری یەکان** بووە و لە پاشان بۆجیێ لورەکان. ـ جیێ ئەمرویێ کوردەکانی ناوچەی سۆران (: هەولێر و دەور و بەری) و ناوچەی **بادینانیش جیێ گوتی یەکان بووە.** لە زەمانی لولو ـ ەکاندا ـ **ولاتی لولو بە (زاموا)** ناو داربووە و پێتەختیشیان بەناوی (زامە = زاموا) ناودار بووەکە (زامەت زاموا) لەکەناری لای خواروی **هەڵەبچەی سوتاو هیرۆشیمای کوردستان،** ئێستا بەناوی **(زەمەقی)** هەیە، کە شوێنەکە ئاودارە، ئەشێ بوترێ لە زەمانی ئەشکانی یاساسانیدا (زەمەک) بووە و لە دوای پێتەختی (هوریەکان: خۆرهەلات نشینەکان) ـ زاموا هەمووە و بەکار براوە و لولوکانیش پاشماوەی ئەوان بن، **بۆچی دەنگی (ل) لەوانیە؟** لەوە دەچێ لۆلۆ یەکان، ئەو ناوە (لولو) یان نەبو بێ، ناویێ تریان بوبێ. ئاکاد، سۆمێر و عیلامی بۆیان دانابن لە **جیگۆڕکیی (ل‌ور) فرەشتمان بۆ ئاشکرا** دەبێ.

سەیرە، لە سلێمانی، شارەزور، هەورامان و لورستان دەنگی: (ل) دەبێتە (ر) بە تایبەت لە هەولێرو... گەلا ـ دەبێتە (گەرا). خەڵک، دەبێتە (خەرک)، رۆڵە، دەبێتە (رۆرە)، یا واژەی (بالان) دەبێتە (باران) کورد، دەڵێ: [گورگی باران دیدە]، کە (گورگی بالان دیتووە) چون بالان بە واتای (تەڵە، داو ـ ە) فەرهەنگی مەردوخ. لێرەوە، دەکرێ بڵێین: لە (لولو) دا (ل) ئاخر بوبێتە (ر) یانی لولو بۆتەلور. ـ واژەی ئانۆ بانینی ANUBANINI ناوە بۆ پاشا یەکی (لولو) کە لە پێل زەها (: دوکان) لە نیو چوارچێوەی بە ردێ لە تاشە بەردێ نەخشێنراوە ـ (A: ئا) ئامرازی نە فیەکە لە ئاڤێستادا بەکار هاتووە) ـ نو = nu) بە واتای ژمارەی (٩ ـ تازە) هاتووە و لە زمانی کوردی ئەمرۆیشد بە هەر دو ماناکە بەکاردەبرێ. ـ (بانی bäni) بۆ نێرەو بە واتای گەورە، سەروک، سەر کردە و...) یە ـ بۆمێینەیش دەبێتە (بانو) کە بەمانای چل چرا، رۆشنایی، کێو، کەیوانو ـ ی ماڵ، کابان، خانمی ولات: ژنی

Dr.Saleh Ebrahimi



بەرێز، دەشتی بە رز، بانو فلات. بەکار هاتووە. ـ(نی ni) پاشبەندێکە، واتای (دژایەتی یا بۆ تەنسیبە. ـ یانی: ئانو بانینی پاشایەکە، بە هۆی خانمەکەیەوە، بۆتە (شا) و ئەو پلەی لە ژنەکەیەوە دەس کەو تووە (نینی = ninni) بە واتای خانمی گەورە، دایک، شاژن، لە ئاڤیستادا بە واتای خانمی دینی، فەرمانڕەوا، **کە ئەم قسانە، ئافرەت و ژن سالاری لەو زەمانەدا، نیشان دەدا** ـ لەم سەدەمەیشدا (نەنێ) لەسەرزارەکە بۆ، دایکی باوک یادایکی داک و بۆ ڕێز بەکار دەبرێ یانی دایەخانم.

٢ شاعیری ناودار خانای قودباری و ولی دیوانە هەردوکیان لە هۆزی باجەلانن ـ خانای قودبادی لە ساڵی ١٧٠۴ ز ـ لە دایک بووە و نەوەی قوباد بەگەو لە بنە ماڵەی پاشایانی باجەلانە، خانا لە ١٧٧٨ ز ـ وەفاتی کردوە، هەندێ لە ژیانی خاناکەو تۆتە ئاخری دەورەی سەفەویان (١٥٠١ ـ ١٧٢٢ ز ـ) بەڵام ماوەی زۆربەی ژیانی خانا لە ڕۆژگاری دەسەڵاتی زەندییەکاندا بووە (١٧٥٠ ـ ١٧٩۴ ز ـ) **خاناکە کوردایەتی زانیوەو شانازی بە زمانی کوردی کردوە قورئانی بە شیعری کوردی،** واتاکردوە، بەڵام مەلاکان لیان لە هەرا داوەو ڕایان گەیاندوە ئەوەکفرە و خانا توشی ئاوارەیی و کەندو کۆسب هاتووە. هەندێ لایان وایە خانالە ١١١٦ مانگی لە دایک بووە و لە ١١٩٢ وەفاتی کردوە. خانا: هۆنەر، هەستیار، وێژاوەر، چامە وێژ و کەم وێنە بووە. ـ شیعرەکانی بە زمانی شیرینی کوردی شێوەگۆرانی پڕ واتا و فرەبە ڕزوتەرزن.

خانا (شیرین و خوسرەوی) لە ١١٥٣ مانگیدا، بە شیعری کوردی داناوە و لە ساڵی ١٧۴١ ز ـ ئەوەی تەواو کردوە، ئەم قسانە لە شیعرەکانی دەرکەوتون. خاناکوردایەتی کردوەو فەخری بە زمانی کوردی کردوە کە دەڵێ:

**هەرچەند مەواچان فارسی شەکەرەن ـ کوردی جەفارسی بەل شیرین تەرەن**

**بە لەفزی کوردی کوردستان تەمام ـ پێش بوان مەحزوز باقی وەسسەلام).**

شیرین و خوسرەوی خانا (٥٥٢٦) شیعرە وهی نیزامی گەنجەوی (١٩٦٠) شیعرە،

Dr.Saleh Ebrahimi



بەپێی چاپی ئازربایجان. ـ خانای قوباد، کاری نیزامی کورد، زادەی لە فارسی یەوە، هێناوەتە سەر زمانی کوردی.

وەلی دیوانە، میرزا محەمەد رەزا کوڕی کوێخا حەمە ولە عەشرەتی باجەلانە و لە ١٧٤٥ ز ـ لە ناوچەی بەکراوای هەڵەبجە، هەڵەبجەی سوتاو هێزی شیمای کوردستان، لەگوندی شیروانە لەدایک بووە و لە ١٨٠١ ز ـ وەفاتی کردوە و لە قەبرستانی سەید سادق نێژراوە ـ ئەمەیش شیعری یاران نەجەرگم کە شیعرێکی لیریکییە و فرە لە سەرزارانە. ـ ئەمزاتە دڵسۆزانەش فرەخزمەتیان بەزمانی کوردی کردوە، یادیان بەخێر: عارفی رەبانی مەلای جزیری، حاجی خەلیفە مەلا محەمەد (بەها) ئەمین حوزوری مەلیک غازی شێخ عوبەیدیلای نەهری شاهی شەمزین، میرنە و رۆز لورستانی، عەللامە ئەرکەوازی، بێسارانی حاجی قادر کویی، ناری، مەلا محەمەد سیاپۆش، مەلا روستەم ئیلامی، خان ئەڵماس خان، میرزا شەفیع، میرزا ئەولقادر پاوە، ئاویر، فیدایی، سەرهەنگ ئەڵماس خان، سەید ساڵح ماهی دەشتی، تەمکین، شامی، مەلا پەرێشان، مەلا مەنوچەری کوڵیوەند، ترکەمیر، سەیدی هەورامی، مەلا حەق عەلی سیاپۆش فەیلی، ئەحمەد داواشی، خانم جیهان ئارا، خورشید خانم، کولثوم خانم، ژیلا حوسێنی، مەستورەی کوردستانی و...

(بروانە: رانایانی کورد، بەزمانی کوردی نوسینی د. محەمەد صالح ئیبراهیمی (شەپۆل) چاپی ١٣٧٩ هەتاوی بەرگی ٢ چاپە مەنی سەقز محەمەدی.

## یاران نە جـــەرگم

لەسەر زاری خەڵکییەوە بەئاوازی پڕ لە سۆز دەیچڕن. گۆرانیبێژ تەنیا بەشێوەی خۆی نایڵێ کە شاعیر دایناوە، بەڵکو دەسکاری دەکەن و دەیهێننە سەر دیالێکتی کرمانجیی خواروی ناوچەی سلێمانی. پیرەمێرد دەستی لەمەدا هەیە و ئەم شیعرەی وەرگێڕاوەتە سەر شێوە قسەکردنی خەڵکی سلێمانی:

یاران نە جـــەرگم یاران نە جـــەرگم
من (شەم) شێوەی تیر دان نە جەرگم
هەر وەخت کە مەیۆ ئاکام مەرگم
ئامانەت کەفەن نەکەن وەبەرگم

Dr.Saleh Ebrahimi

بەو شـەرت نەشـۆران حـاشـیـەی ئەندامم
نـەواکـم پـێـش بـۆ زوخـــــاو نـەزانم
شـەهیـد وەبێ غـەسل بێ کـەفـەن خـاسـەن
هەرکـەس شـەهیدەن هوون بێ قـەسـاسـەن
بەڵام وەسـیـەتم جـە لاتان ئـیـدەن
ئەر سـەد دوور نە خـاک گـۆڕخـانە و زێدەن
با هەر مـەزارم نە ڕای خـێـڵان بۆ
نە گـوزەرگـای (شـەم) جـەبەڵ گـێـڵان بۆ
مـیلێ وە ئەندام بەژن و باڵای (شـەم)
بکەن بەفـەرقم بەبێ زیاد و کـەم
تـاقـێ هـەر نـە تـەرح تـاق ئـەبـرۆی ئـەو
بسـازن نە فـەوق مـەزارم جـە نەو
بنیـان نە ڕووی تاق مـەجـمووعی فـەردم
بنویسـان وەدەست شـەست ئەو مـردم

Dr.Saleh Ebrahimi

Dr.Saleh Ebrahimi



تا هەرکەس وینۆ میلی مەزارم
بزانۆ کوشتەی ئەو (شەم) ڕوخسارم
خوسوسەن ئەو (شەم) تاتاری چینەن
نە سەحرا بێزار جەبەڵ نشینەن
بەڵکم وێش قیسمەت جە ڕاگوزاریٚ
ڕاش گنۆ وە سەر گڵکۆی من جاریٚ
بزانۆ زەدەی دەست وێشەنان
داخ وەگڵ بەردە حەسرەتکێشەنان

سروشت بۆ دلبەرە و کوژراوی ئەوە

گوڵەن چەمەنەن گوڵەن چەمەنەن
وەمەیلت دیدەم گوڵەن چەمەنەن
وەهارەن سەوزەن ئاوەن پای کاوەن
هاژەی وەفراوان شاخەی شەتاوەن
تەمەن دووکەڵەن گەردەن غوبارەن
فرمێسکەن چەمەن سەیلەن فووارەن

Dr.Saleh Ebrahimi



سـەنگەن کـۆسـارەن سـەرکـۆ هەن هەردەن
وەنەوشـەن شـەوبۆن گـوڵەن یا وەردەن
سـەرِعـیـەن شـەیدان نەجـدەن مـەجنوونەن
فـیـراقـەن وەسـڵـەن یامـالەن هوونەن
وەخـاڵـی تۆوەن وەخـاڵـی تۆوەن
نووری لیـقـای حـەق وەخـاڵـی تۆوەن
شـوعلەی (شـەم) وەشـەوق جـەمـالی تۆوەن
دەردینـان وەداغ کـەمـالـی تۆوەن
(لەیلا) کـەنیـزەک (شـیـرین) بەندەتەن
(زولەیخـا)ی مـیـسـری وەزەرِ سـەندەتەن
(هومـەیلا)ی زەریف (بەلقـیـسـا)ی باڵدار
(گـوڵشـاد) (گـوڵەندام) (عـەزرای) گـوڵعـوزار
یەکـایەک حـەیران بەژنـی باڵاتـەن
باڵای نەونەمـام سـەولـی ئاڵاتـەن

Dr.Saleh Ebrahimi



(دلآرام)ی دەور (سەمەن بۆ)ی پەری
پەنجەی (بیژەن) زوهرە و مشتەری
(خەرامان) حەیران حوسنی زێباتەن
گوڵ جەمینی ڕەند جان وەفیداتەن
حۆرانی جەننەت فریشتانی فەرش
سەناخوانتەن جە زەمین تا عەرش
گوڵ بەگوڵستان وەداخی تۆوەن
داغداران وەداغ دەماغی تۆوەن
هەرچەند پەروانان هەن جە ساراوکۆ
گشت ماتەن جە شەوق شەم ئەفرۆزی تۆ
من چون پەروانان هەر جان فیدای تۆم
هیجرانی جەمین بەزم ئارای تۆم
وەسەرگەردت بام شای سپی شەمان
سەرگەردانی تۆم دورِ جەهام دەمان

Dr.Saleh Ebrahimi



بەعەشق خاڵی وێت خاتر شادم کە
یا ڕوخسەت یا مەرگ یا ئازادم کە
ئێستە بەو چینم تۆ لادی سازبە
جە گشت عەزابێ گەردەن ئازادبە

## خانای قوبادی

١١١٦ـ١١٩٢

**زانای ناودار**

شیعر و هۆنە

بە نام ئەو کەس (شیرین) ئەرمەن
پەیدا کەرد (فەرهاد) پەیش بی بە کۆکەن
هەر سوب تا ئێوار نەپای (بێستون)
تەقەی قولنگەش یا وا بە گەردون
نەراش چەندین جەور، چەند جەفا بەردەش
ئاخر بە ناکام ئەروا سپەردەش
(تعالی) جەسونع پەروەردگاریش
جەکار شیرین شیرین کرداریش [1]

ئەم شیعرانە زۆر لە شێعرەکانی نیزامی شاعیرانەتر و دڵگیرتر و ئەویندارانەتر و بە سۆزترن. پارێزگاری و پاراستنی شوێنەواری پڕ پیت و بەرەکەتی فەرهەنگ و بێژە و وێژە و ئەدەب و هونەر بێئاسەواری گەورە و پڕ نرخی گەورەکانی ئەندێشە و هونەری کوردی ناگونجێ.

ئەگەر بە جوانی و بە وردی سەرنج بدەینە کەوشەنی پەرەداری زمان و

---

١- دیوانی خانا چاپی کوڕی زانیاری کوردساڵی ١٩٧٥ی زایینی لاپەڕەی ١

Dr.Saleh Ebrahimi



هونەر و بێژە و ئەدەبی زمانی کوردی، چاومان بە ئاسەواری نوسەران و هەستیاران و خولقێنەرانێ زۆر دەکەوێ، هەر وەکو زنجیرە کێوەکانی کوردستان، خاوەنی چەن دوند و لوتکەن. و بڵندترین و بەرێزترینی ئەوانە لە لقی هونەر و هۆنەدا کەسانێکن وەکو نالی، حەکیم ئەحمەد خانی، خانای قوبادی، مەولەوی مەعدومی، مەلا پەرێشان، و حەکیم وەفایی و مەلای

بەرهەمێکی جوان و پڕ واتای، وەك چریکە جوانەکەی نیزامی بەدی ئەهێنێ و فەرهەنگ و شێعری کوردی پێ غەنی دەکا و تەنانەت وا نیشان ئەدا کە ئەم ئەرکەی لە غەیبەوە خراوەتە ئەستۆی و دانانی شیرین و خەسرەوەکەی بە گۆی رایەڵی فەرمانی سروش و غەیب دائەنێ:

**هۆنە و شێعر:**

ئەورو کە خامەی عەنبەر شەمامە
وەش بۆ کەرد جەموشك ئینشای ئەی نامە
تەئریخ هیجرەت (ختم‌المرسلین)
موتیع دیوان شەرح، شەرع و دین
رۆی دوشەمە بێ (ذی حجە‌الحرام)
هەزار و پەنجا و یەکسەد سی تەمام
ناگا جە وەختی مینای سوبح‌دەم
جە جام خورشید رەوشەن بی چون چەم
جە پەردەی ئەسرار لامەکان ماوا
سروشێ بەی تەور بە گۆشم یاوا
واتەن: هەی شوعەرای خۆش نەزم و شێوە
جانشین قەیس پەی لەیلا لێوە
چێش مەبۆ چون نەزم (نیظامی)ی دوڕ سەنج
بە لەفز شیرین بە بێ‌لارە و لەنج
جە وەسف فەرهاد شیرین و پەروێز
باوەڕی بە رەقس خامەی عەنبەر بێز

Dr.Saleh Ebrahimi



عـــەیـبـــەن پـــەیـــێ تـــۆ دانـــای دوڕشـــنـــاس
دەمـــی چـــون ســـەڕاف یـــاقـــوت و ئـــەڵـــمـــاس
جـــەی بـــازار عـــەشـــق جـــەڕای پـــڕ هـــۆشـــی
مـــەشـــغـــوڵ بـــێ بـــە کـــار جـــەوهـــەر فـــروشـــێ
حـــەیـــفـــەن ویـــنـــەی تـــۆ جـــەواهـــیـــر بـــارێ
نـــەکـــەرۆپـــەی ویـــش رەنـــگـــیـــن بـــازارێ
خـــاتـــرەت جـــەم بـــۆ جـــەوهـــەری لاڵ ســـەنـــج
دانـــای دوڕشـــنـــاس، گـــەنـــجـــور کـــۆی گـــەنـــج
هـــەرکـــەس ویـــنـــەی تـــۆ گـــەوهـــەر بـــارشـــەن
دانـــا و بـــوزورگـــان خـــەریـــدار شـــەن
گـــوشـــاد کـــەرزوبـــان جـــەواهـــیـــر بـــارت
تـــا گـــەرم بـــۆ زەریـــف ســـەودای بـــازارت
وەرنـــە دەوران تـــۆ جـــە بـــێکـــاری
عـــومـــرێ بـــە زایـــە و بـــە بـــۆش مـــویـــاری [1]

راستە خانا خۆی بە پەیرەوی نیزامی گەنجەوی داناوە بەڵام کاری خانا لە هی نیزامی بەرزترە، خانا بە نیشاندانی دیمەنی جوان و وەسفی ورد و دەربڕ و رەوان بیژانەی خۆی گۆشت و دەمار و پێست و توێژی ناسك و لەتیف و زێڕینی بە شیرین و خوسرەو بەخشیوە و خوێنی گەش و مایەی ژیان و گیان و رۆحی بە بەرا کردوە.

شیرین و خەسرەوی خانا (٥٥٢٦) شیعرە و هی نیزامی (١٩٦٠) شیعرە بە پێی چاپی ئازەربایجان.

خانا لە کاتی قسە کردن لە شیرین و خەسرەو، راز و نهێنیکی زۆرمان لە بابەت شیرین و خەسرەو، فەرهاد، شیرۆیە، دەس و پێوەندی دەربار و کوری جەنگ، راوێژ، رابواردنی ئەوانە، بە شێوەیەکی جوان و ئەدیبانە لە چوارچێوەی

١- دیوانی خانا چاپی کوری زانیاری ١٩٧٥ز لاپەرەی ١٢ و ١٣.

Dr.Saleh Ebrahimi



**هۆنە**

یارەب بە فیراق فەرهاد کۆ کەن
بە خورشید حوسن شیرین ئەرمەن
بە ئیستیلای عەشق خەسرەو پەرویز
بە خۆش خەرامی گوڵگون و شەبدیز
بە خامەی موشکین شاپور چینی
بە ناز شیرین، بەو نازەنینی
بە ساز و بە لەحن شۆخ نیکیسا!
بە نەبیر ئاهەنگ موجیزەی عیسا[1]

تەنانەت خانا کاتێ باسی دەنگی خۆش و ساز و ئاوازیش دەکا مەبەستی وردی رەوان ناسیمان بۆ دەردەخا کە فەرمویەتی:

بە ساز و بە لەحن شۆخ نیکیسا!
بە نەبیر ئاهەنگ موجیزەی عیسا

لەم شیعرەدا ئیشارە بە مە کراوە، هەر وەکو زانستی رەوان ناسی دەڵێ: دەنگ و ئاوازی خۆش موعجیزە دەکا و هەر وەکو حەزرەتی عیسا نەخۆش و مردو دەبوژێنێتەوە و لە مردو رزگاری دەکا.

**رێبازی خانای قوبادی**

شاعیرێکی وەکو خانا کە رازاوەترین چریکەی ئەوین ساز ئەدا و باشترین شانۆی ئەویندارانە دەخاتە بەر چاو، مرۆڤ ئەگەر بۆ نێو دڵ و درونی ئەم هۆنەرە خاوەن هونەرە رێگا پەیا بکا، خانا بە مرۆڤێکی زاهید، خۆ پارێز؛ کە لە دنیا دەسی بەرداوە، خوگر لەگەڵ قورئان و فەرموده، سالیك، عارف ئەویندار و زانایەکی خوا ناسی دێتە بەر چاو، خانا لەم رێبازەدا ئەوەندە لە دنیای سەیر و سلوك خۆی رەتاندوە، لە پەروەردە کردنی شانۆی ئەوینی مەجازی و عەشقی ئەم دنیایەی ئەم لای پێ‌نیشان بدرێ، سەر کەوتوە.

چریکەی شیرین و خەسرەو لە باشترین و لە بارترینی چیرۆك و چریکەی

١- دیوانی خانا چاپی ١٩٧٥ز کوری زانیاری کورد لاپەرەی ١٤-٣: کەش گێر.

Dr.Saleh Ebrahimi



مەنزومی کوردی‌یە و موغازەلات و ئەوینی ئەو دو دڵدارەیە و لە هەمان کاتدا تراژدیای شەهیدی ئەوین ـ فەرهاد، فەرهادی فەرهاد تاش و تیشە وە دەس و ناکام نیشان ئەدا.

هەرکاتێ لە چریکەی ئەویندارانە لە ئەدەبی کوردی‌دا قسەبکرێ مرۆڤ دەکەوێتە بیری چریکە و شاکاری (مەم وزین)ی فەیلەسوفی ناودار: ئەحمەدی خانی و شیرین و خەسرەو ـ ی شاکاری زانای بلیمەت خانای قوبادی، خانا مودافیعی ئەوینی ئێنسانە یا بە تەعبیری عورەفا، لایەنگری عەشقی مەجازی‌یە و ئەم خۆشەویستی‌یەش لە قورئاندا دوپاتەی لە سەر کراوە، کە فەرمویەتی (وَ مِنْ آیاتِهِ اَنْ خَلَق لکم من انفسِکم ازواجاً لِتَسْکُنوا الیهٰا و جَعلَ بینکم مودَةً و رحمة) لە نیشانەکانێ خوایە کە بۆ ئێوە لە خۆتان هاولفی بۆتان ئافەریدە کردوە تا بە هۆی ئەوانەوە، ئارام بگرن و لە نێوان ئێوەدا دۆستی و رەحمەتی ساز داوە پێغەمبەریش لە سەر ئەم خۆشەویستیە، دووپاتەی کردوە کە فەرمویەتی هەرچی مروڤ بڕوای زیاتر بێ زیاتر حەڵاڵی خۆی خۆش دەوێ (کلما زاد الرجل ایمانا زاد حبا لنسوته) یا فەرمویەتی (حبب لی من دنیا کم ثلاث: النسأ ـ و الطیّب و جعلت قرّة عینی فی الصلوة) لە دنیای ئێوە سێ شتم بۆ خۆشەویست کراوە: ژن، بۆنی خۆش و نوری چاوم لە نوێژ دایە، سەرنج راکێشە (محی‌الدین ابن عربی) لە (فصوص الحکم) ئەو کتێبە بە نرخەدا، لە شەرحی ئەو فەرموودەیەدا نوسیویەتی: (پێغەمبەر فەرمویەتی: ئەم خۆشەویستی‌یە لە خۆمەوە نیە چونکا خۆشەویستی ئەو پێوەندی بە خواوەیە) کە مرۆڤی بە وێنەی خۆی ئافەریدە کردوە، پێغەمبەر تەنانەت لە خۆشەویستی حەڵاڵی خوێدا خۆشەویستی خوای لەبەر چاو گرتوە، بەر لە ئیبنی عەرە بیش بوعەلی سینا

خاجە هومامەدین، ناودار بە هومامی تەوریزی (هـ م)، (د ٧١٤ مانگی و ١٣١٤ ز.) لە مرۆڤە گەورەکانی تەوریزو لە پێشەوایانی ڕێبازی تەریقەت و لە ناودارانی فەن و فوت و هونەری جیاجیای ئەدەبی پەهلەوی: (گۆرانی) ئازەری گۆرانی، فارسی و عەرەبی‌یە و لە شیعر و شاعیریدا پەیرەوی لە سەعدی کردوە (صەفا، تاریخ ٣ (٢) / ٧١٥، ٧٢١، بەڵام خویشی لە سەعدی بەکەمتر نەزانیوە و بە هونە، و تویەتی:

Dr.Saleh Ebrahimi



«هومام را سخن دل فریب بسیار است ولی چه سود که بیچاره نیست شیرازی».

(بڕوانه پەرەی ٥٣ غەزەلی ١٩٦، بەیتی ٩) دایرە تولمەعاریفی بوزورگی ئیسلامی پەرەی ٤٦٠ چاپی ١٣٨٥ هەتاوی ج ١٤، تاران - ٢ - شەمسەدین محەمەد بەزازینی تەوریزی، بە نازناوی: (شیرین) و ناودار بە مەغربی و شیرینی مەغربی (٧٤٩ - ٨٠٩ مانگی) کە لە شیعرو عیرفاندا لە سەنایی (د ٥٢٥ مانگی) و عەتتار (د ٦١٨ مانگی) پەیرەوی کردوە و زوربەی شیعرکانی مەغربی لە قالبی غەزەل، تەرجیع‌بەند و چارینە، دایە. مەغربی بە زمانی پەهلەوی (گوٙرانی، ئازەری) و بەفارسی شیعری داناوە. شیعرە پەهلە ویەکانی مەغربی یەک غەزەل و ١٤ تەرانەیە (میرعابیدینی، ٦، مەغربی: ٢٥٥ - ٢٦٣)، دایرە تولمەعاریفی بوزورگی ئیسلامی پەرەی ٤٦٠ ج ١٤ چاپی ١٣٨٥ - تاران هومامی تەویزی کە بە زمانی پەهلەوی گوٙرانی، کوردی شیعری داناوە، لە زەمانی ڕەژیمی حەمەرەزا پەهلەویدا کە دەولەتی شوٙرەوی سابیق، بیانوی بە ئیران گرتبوو دەی گوت: ئازربایجانی ئیران هی شوٙرەوەیەو بە شیکە لە ئازربایجانی روسیە، ئیرانیش لەوەلاً میدا جوزوە گەلیکی بە زمانی فارسی لە لایەن وەزارەتی فیرکردن و بارهیناندا بلاو دەکردە وە و بە شیعرە کوردیە، ئازەری، گوٙرانی و پەهلەوی یەکانی هومامی تەوریزی بەلگەی، دەهیناوە کە ئەوەتا هومام بە پە هلەوی: گوٙرانی شیعری داناوە کە وابێ ئازربایجانیەکانی ئیران ئازەری ئاتروپاتەکانن و تورک‌نین و شیعرە پەهلەوی: گورانیەکانی هومامیان لەو جوزوانەدا لە چاپ‌داوە ومن دانە یەکم لەوانە لە کتیبخانەکەمدا هەیە کەشیعرە کوردی، ئازەری‌یەکانی هومامی تیدا چاپ کراوەو دیوانی چاپ کراوی هومامی تەوریزیشم هەیە کە یەکدانەشی لەو شیعرە گوٙرانی: پەهلەوی: ئازریانەی تیدا لە چاپ نەدراوە، ئەمەیانی نوسەران و ناشیرانی فارس نایانەوێ زمانی کوردی، گوٙرانی، ئازەری، پەهلەوی بلاو بیتەوە، دەیانەوێ میژوی ویژەو ویژوانی و تاریخی نەتەوەکانی دیکەی ئیرانی پشیوین و شوینە گومکیێ پیی بکەن و لە بەر چاوی خوینەران و لیکوٙلەران وندای بکەن (بڕوانە: زانایانی کورد ج ٢ پەرەی ١٢٨ تا ٩٨ چاپی ١٣٧٩ هەتاوی، تاران چاپەمەنی سەقز بەقەلەمی (شەپوٙل). **هوٙنە: وەهـــــار**

وەهـــــار، وول و دیـــم یـــار خـــوٙش بـــی
ئـــەوی یـــاران مـــە ول بـــی، مـــە وەهـــاران
واتـــا: بـــەهـــار و گـــوٙل بـــە روی یـــارەوە خـــوٙشـــە
بـــێ‌یـــاران نـــە گـــوٙل هـــەیـــە و نـــە بـــەهـــاران *

واژەی دیم لە «دیمە شوٙرە»دا ماوەتەوە کە بە واتای: دەم و چاو، روە.

Dr.Saleh Ebrahimi


هومام تەوریزی کە لە سەدەی ٧ و ٨ی مانگیدا ژیاوە بە زمانی پەهلەوی ئازەری کوردەواری شیعری بە چاپکراوەیی لێ بەجێماوە.

**هۆنە:**

بە میهرت هەم بشی خۆش گیانم ئەز دەست؛
لووانت لاوجمن دیل و گیان بەست؛
واتا: لە بەر خۆشەویستیت گیانیشم لە کیس ئەچێ؛
فریوی لێوت دل و گیانی بردم

واژەی «گیان، لووان، دیل، بشی» کوردی پەتین.

بە خەیاڵی ئەوە، لە وەزنی شیعری ئەوانەدا کەم و کوڕی هەیە، دەسیان لێداوە و ئەوانەیان بردۆتە بەحری عەروزی وردی (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیل) و گۆڕیویانن و بە خەیاڵ واژەی ئەدەبیان، لەجێگای واژەی ڕەسەنی ناوچەیی داناوە، بە تایبەت وەحید دەستگردی کە زاراوەی کوردی لوڕی[1] نەزانیوە، کردویەتە فارسی.

ئەبێ بڵێین: ئەم جۆرە شیعرە ١٢ـ هەجا و بینانە، کە ئێستا لە ئەدەبیاتی کوردەواریدا هەیە، یادگاری ئەشعاری ڕۆژگاری ساسانی، بە تایبەت مانەویە.

یەك دو وێنەی ئەوانە، لە لایەن ئوستاد دوکتور وامقی کرماشانی‌یەوە، تەرجەمە کراوە، جا هەر بۆیە دەڵێن: زمانی نیزامی گەنجەوی زمانی پەهلەوی، یا کوردی ئازەری بوە و دایکی کورد بوە و کوردیش خۆی، هۆز و نەتەوەیەك، لە ڕەگەزی ئاری و ئێرانی‌یە.[2]

---

١ - مناقب‌الطالبین کە ئیمامی دەیەم دوعای خێری بۆ کوردە لوڕەکان کردوە کە چاکەیان لەگەڵدا کردوە؛ هەر بە کوردی لوڕیش ناوی بردون.

٢ - حەمدوڵڵا موستەوفی کە لە سەدەی ٨ی مانگیدا ژیاوە، لە پەسنی مەراغەدا نوسیویە: «خەڵکەکەی سپی پێست و حەنەفی مەزهەب و پەهلەوی زمانن». مارکوارت خۆرهەڵاتناسی ئەڵمانی لە کتێبی ئێرانشاردا نوسیویەتی: «زمانی پەهلەوی حەقیقی زمانی ئازەریە، کە زمانی نوسینی ئەشکانیەکانە. ـ ئەشکان، گوندێکە لای شاری سەردەشت».

Dr.Saleh Ebrahimi



عیزەدین بن عادل بن یوسف تەوریزی کە لە سەدەی ٨ی مانگیدا ژیاوە بە زاراوەی پەهلەوی ئازەری دەڵێ:

سـەحـەرگـاهـان کـە دیـلـم تـاوەگـیـری
جـە ئـاهـەم هـەفـت چـەرخ ئـالاوە گـیـری

واژەی تاوەگیری، ئالاوە، دیلم، ئالاوەگیری، جێگای سەرنجن گەنجە کە جوزوی بەردعە بوە، ئەبێ نیزامی گەنجەویش شێعر و هۆنەی کوردی و ئازەری لێ بەجێمابێ، بەڵام تا ئەم دەم و چاخە لە ئێمە مانانیان بزر کردوە.

شەمسی مەغربی ناودار بە مەلامحەمەد شیرین بە ئازەری - کوردی فەرمویەتی:

سـەحـەرگـاهـان کـە چـەشـمـەم تـاوەگـیـری
کـەهـان ئـەج ئـاویـی چـەشـمـەم لاوە گـیـری
ئـەنـان خـونـاوە ئـەج چـشـمـان بـوارەم
کـە گـیـتـی سـەر بـە سـەر خـونـاوە گـیـری
دیـلـە اویـان چـو مـن سـامـانـە بـگـرت
چـو مـن بـەر بـوم هـمـە اویـانـە بـگـرت
بـە جـز اویـان نـەویـنـم بـیـن بـەر و بـوم
بـەر و بـومـم هـمـە اویـانـە بـگـرت

خانا ئینسانێکی دیندار و زانا و خەڵك خۆشەویست بووە و زۆر حەزی لەوە کردوە مرۆڤ پێکەوە باش بن و حاکم و میر و گزیر دادگەر و دادپەروەر بن و لە باری کۆمەڵایەتی و ئابوری و فەرهەنگی و چاکە و چاکەکردنەوە هەرەوەز بۆ یەك بکەن تا دادگەری کۆمەڵایەتی لە هەر بار و بابەتێکەوە، دابین بکرێ.

**بیروڕای خانا کۆن نابێ**

خانا لای وایە ئەبێ بۆ چارەکردنی کەند و کۆسپ لەگەڵ خەڵك بە راوێژ و تەگبیر و پرس‌وجۆ بجوڵێنەوە، تەنیا لە رێگای راوێژەوە کۆمەڵ بەرەوپێش ئەڕوا و سەر ئەکەوێ و کار مەیسەر ئەبێ، تاك هەر چەند ژیر و پربیریش بێ، بێ تەگبیر کردن بە خەڵك، ئەکەوێتە نێو زەل و پیاوی دەوێ شەل دەرچێ

Dr.Saleh Ebrahimi



**هۆنە**

مــــەعـــلـــــوم بـــۆ.جــــە لای بـــــوزورگـــــان دەور
هــــەر کـــەس عـــادل بـــۆ. چـــون هـــورمـــز بـــەی طـــەور،
بـــــەرگـــــوزیــــدەی زات حــــەیــــی ئـــەکـــبــــەرەن
مـــــەحـــفـــــوظــــەن جـــــە نـــــار ئـــــەر صـــەد کـــافـــرەن

خانا دەڵێ ئەگەر میر و پاشا دادپەروەر بن، ئەگەر رژێم لە نێو کۆڕ و کۆمەڵدا بۆ دابین کردنی سود و قازانجی کۆڕ و کۆمەڵ هەڵسوڕێ و لە خزمەت خەڵکدا بێ، زەوی بۆن خۆش ئەبێ و لە باتی گوڵ، گەوهەر دەڕوێنێ، بەڵام ئەگەر حوکومەت زاڵم و ستەمکار و بەدفەڕ بێ و بیر لە سود و حەسانەوەی گشتی نەکاتەوە، وڵات وێران ئەبێ و خەڵك روی خۆشی و حەسانەوە نابینن.

**هۆنە**

بـــەڵــــێ جـــە خـــــانــــای عـــەطـــاریـــد خـــامـــە
مـــونـــشــــی وەصـــف.زوڵــــف عـــەنـــبـــەر شـــەمـــامـــە
بـــە ســـەمـــع شـــەریـــف بشـــنـــەو، حـــیـــکـــایـــەت
ئـــــەر قـــــەســــدەش خـــێـــــرەن والـــــی ویـــلایـــــەت
بـــە جـــــای گـــــوڵ، زەمـــیـــــن مـــــاوەرۆ، گـــــەوهـــــەر
ســـەنـــگ مـــەبـــۆ بـــە لاڵ، خـــاکـــەش بـــە عـــەنـــبـــەر
ئـــەر والــــی بـــێ عـــەدڵ، شـــەرارەت پـــێـــشـــەن
بـــەدجـــیـــنـــس، بـــەدکـــار، دور جـــە ئـــەنـــدیـــشـــەن
وڵـــگـــەی مـــەمـــلـــەکـــەت کـــەی مـــەعـــمـــور مـــەبـــۆ
ئـــەیـــمـــەنـــی و راحـــەت جـــە خـــەلـــق دور مـــەبـــۆ

ئەوەیە خانا بە ئەرکی سەرشانی حاکم و ئەمیری دەزانێ کە دادگەر بن و لەگەڵ ژێردەستاندا بگونجێن و دڵی خەڵك راگرن و ئەبێ لەوە بترسن کە دوعا و نزای ستەم لێکراونیکیان لێ بکەوێتە کار و ئاە و نزولەی مەزڵومان بیانگرێ و تون‌بەتونیان بکا، ئەوەیە، کە شێعر و هۆنە و بیری خانا کۆن نابێ و هەمیشە لە نێو دڵ و دەرونی خەڵکدا بڵێسە دەسێنێ.

Dr.Saleh Ebrahimi



# لێکۆڵینەوەیەک لەسەر باجەلاّن

باجەلاّن: لە رۆژگارانی پێشوو دا، باجەلاّن هۆزێکی گەورە بوون و ئێستا ئەم هۆزە کوردە گەورەیە بوونەتە دوو شاخە کە شاخەی ئەسڵییان لە ناحیەو هەرێمی (بن قودرە)و (قۆرەتو) لە باکووری خانەقین دا نیشتەجێبوون. شاخەیەکی دیکەشیان کە بە نێوی بەجلان، باجوان یا بیجوان نێو دەبرین و ناسراون، لە (شەبەک) مەڵبەندێک کە لە لای چەپی چەمی دەجلە، بەرامبەری موسڵ دا نیشتەجێبوون. هۆزی باجەلاّن بۆ هەمیشە بەکورد ناسراون. دیارە کە زۆم و چیغل و چادرنشینانی مەڵبەندی زاگرۆس، بۆ وێنە گۆران و لوڕ و لەک و بەختیاری هەر هەموویان لە ریشەو رەچەڵەکی کوردن. «کتێبی جیهانی موسڵمین نووسراوی شێخ مستەفا راهنما، چاپی ١٣٤١ی هەتاوی پەڕەی ٩٢ تا ٨٨ خەڵکی لوڕستانو کەریمخان زەندی بەکورد ناو بردووە - کتێبی مەناقبوتالبین دەڵێ: ئیمامی عەلی کوڕی زەید کاتێ لە ترسی عەرەبی دین دوژمن روی کردۆتە لوڕستان و خەڵک خزمەتیان پێ کردووە، بۆ لوڕەکان دوعای خێری کردووەو فەرمویەتی: «خودایا تۆ ئەم کوردە لوڕانە بپارێزەو لێیان خۆشبە». ئەمین زەکی کورد لە کتێبی کوردو کوردستاندا دەڵێ: «ساڵی ١٩١٦ی زایینی چومەتە لوڕستان، لەوێ لەگەڵ خەڵکی لوڕستان بە زمانی کوردی قسەم کردووەو ئەوانیش بە زمانی کوردی وەڵامیان دەدایەوەو بە زمانی کوردی پێکەوە قسەمان دەکردو دەئاخەوتین.»

هەروەها «مروج الذهب» بە ریوایەتی مەسعودی ئەم بیروڕایەی هەیە کە لە لێکۆڵینەوەیەکدا «تاج العروس» لوڕی بە کورد داناوە. ریچ کە بە کوردستان و لوڕستان دا گەڕاوە، لوڕەکانی بە کورد داناوە، جیهانگەری لە ئێراندا، کۆواری

Dr.Saleh Ebrahimi



ئاوێنە، ژمارەی ١٤و ١٥ سالی ١٣٧٣ پەڕەی ٥٨ تا ٦٣ بە قەڵەمی دوکتر محەمەد سالح ئیبراهیمی (شەپۆل) لە بابەت مەلاپەرێشان - ژمارەی تایبەت.

لەڕاستی داگشت باجەلانەکان بە زاراوەی کوردی گۆرانی قسە دەکەن و قسەیان کردووە.

زۆرێ لە زۆم و چادرنشینەکانی باجەلان لە ١٠٣٩ لەگەڵ وەزیر ئەعزەمی عوسمانی لە موسڵ پێکەوە ئاشتی‌یان کردووە (نەعیما، تاریخ)وە بۆ ماوەیەک فەرمانڕەوایی لە نێوان دوو چەمی زاب: زێی بە دەس هۆزی باجوانلی (باجەلان)ەوە بووە(حاجی خەلیفە جیهان نۆما، پەڕەی ٤٣٥). دیارە ریشەو رەگەزی هۆزی بیجوان لەم هۆزی باجەلانەن. بە قسەی خۆیشیان دەستەیێ لەم هۆزە لە سەدەی دوانزە / هەژدە لە موسڵەوە چونەتە پێشکۆی لوڕستان و لەوێ لەگەڵ کوردەکانی لەک زمان تێکەڵ بوون (راولینسن لە کۆواری ئەنجومەنی سەلتەنەتی جوغرافیایی «ROWLINSON: JOURNAL OF THE ROYAL GEOGRAPHICAL SOCIETY». سالی ١٨٣٩ ج ٩، پەڕەی ١٠٧ - مینورسکی لە د.ئیسلام، چاپی یەکەم لە بابەت (لەک) دا، دەستەیێ دیکە لە باجەلانەکان لە دەشتی نێوان گیلانی لای کرماشان و نێوان قەسری شیرین نیشتەجێ بوون، سەرۆک هۆزەکانیان لە سەرەتاوە لە (زەهاو) و لە پاشان لە خانەقین دادەنیشتن، دوو تیرەی ئەسڵی باجەلان لە سەرەتای سەدەی ١٤و بیستەمەوە لە دوو لای کوردستانی سەر بە ئێران و تورکی عوسمانی‌یەوە دەژیان. هۆزی جموری باجەلان لە مەڵبەندی (زەهاو) و هۆزی قازانلویش لە نێزیکی (بن قەدرە - بن قودورە) بلاو بیوونەوە. لەوە دەچێ ئەم کوردانە لە هەمان زەمانەوە لە مەڵبەندی (قورەتو) کۆبووبێتنەوە - K. HADANK, MUNDARTEN DER GÛRÁN, BESONDERS DAS...

Dr.Saleh Ebrahimi



BÁDSC HÁLÁNÎ, BEARBEITET VON..., BERLIN 1930

D. N. MACKENZIE, BÁJALÁNÎ, IN BSOAS, 1956, XVîîi, 418.

د. مەکەنزی - د - ئیسلام - هەروەکو رامانگەیاند شاخەیەکی دیکەی هۆزی باجەلان هەندێکیان لەکەناری چەمی دیالەی لای خانەقین و هەندێ دیکەیان لە لای چەپی چەمی دەجلە، بەرامبەری موسڵ نیشتەجێبوون. ئەو باجەلانانەی لە ئێراندا نیشتەجێبوون، دەبنە زیاتر لە ١٥ شاخە، کە ناودارترینیان ئەمانەن: قازانلو، چوارکلاو، قەریبەون، فلەون، شیرەوەند، خدروەن (خزوەند)، زوزەوەند، قسەرەوەند، حاجیلەر، سیکەوەند، ساروجە، جەبورلی، هیوانلی، قەراوەندو چوگرلو. گوندە گەورەکانی باجەلان نشین لە ئێراق ئەم ئاوایانەن: وەلیاغا، شیرەوە، نولکەبیرە، شیرەوەنو سەغیرە، تازەشاهی، حەسەناغا، سوزبولاق، سەرحان پالانی، حاجیلەرو کانی ماسی. کە گشتیان لە مەڵبەندی (قۆرەتو) باباپلاوی دان. باجەلانەکان زۆربەیان بە کشت و کاڵ و مەڕو ماڵات لەوەڕاندن بەڕێ دەچن.

لەبارەی باجەلانەکانەوە قسە زۆر کراوە، بەڵام هەرچیو پەرچین وەک ئەوە هەندێ دەڵێن: مەغولن، هەندێکیش وەکو عەباس غەراوی بەوەکە (باجەلان) لە تورکی دا بە واتای باجگیرەو هەندێ لە هۆزی باجەلان نێوی تورکیان پێوە لکاوە، هەروەک (قازانلو، حاجیلەر، جبورلو و هیوانلی و...) باجەلانەکان بە بێ بەڵگە بە تورک دادەنێن. (عەشایری ئێراق، بەغدا - ١٩٣٧ - ١٩٥٦، ج ٢، پەڕەی ١٨٥)

بەڵام ئەوەی راست و دروستە ئەوەیە کە باجەلان و هۆزی باجەلان لە رەگ و ریشەی کوردن و کوردن و ئاداب و رسومی باوی ماوی نێوباجەلانەکانیش کوردین و خوی کوردیان هەیە، وە هیچ شاخەیەک لە شاخەکانی باجەلان بە تورکی

Dr.Saleh Ebrahimi



قسە ناکەن. باجەڵان لەبەر ئەوەی لە کوردستانی بەشی ئێران و لای عوسمانی دەژین لە زۆربەی جەنگی هەر دوو لا بەشداریان کردووە. لەو رۆژەگارەی دا نادرشای دەرەگەزی هەوشار لەکرماشان بوو - ئەحمەد پاشای باجەڵان کە پاشای عوسمانی و پاشای باغدا یارمەتی ئەویان دەدا، ئەحمەد پاشای باجەڵان لەگەڵ هۆزی باجەلانی بن فەرمانی خۆی گەیشتبووە نێو سنوری کوردستانی بەشی ئێران (کوردستانی رۆژهەڵات). نادرشا (١٤٠٠٠) سپای بۆ سەرکوبی باجەلانەکان بەرێ کردبوو، بە دوویاندا. بەداخەوە ئەحمەد شا تێشکاو بە دیلی گیرا، یەخسیرەکانی باجەڵان لەگەڵ چەن تایفە لە هۆزی زەنگەی کوردو قەرەبەبات کۆچ درانە هەرات (محەمەد کازم مەروی، عالەم ئارای نادری، چاپی محەمەد ئەمین ریاحی، تاران ١٣٦٤ی هەتاوی، ج ١، پەڕەی ٢٥٢ - ٢٥٤). باجەلانەکان لە دەورەی زەندیەیش لە جەنگی عەبدوڵڵا پاشا لە تەک محەمەدخانی زەند (حودودی ١٠٩٠) لە کەناری عەبدوڵڵا پاشا لەگەڵ زەندی‌یەدا دەجەنگان (گوڵستانە مجمل التواریخ، تاران ١٣٥٦ی هەتاوی، پەڕەی ٣٠٠). زۆربەی باجەلانەکان لە سەر رێبازی ئەهلی سونەت و جەماعەتن و هەندێکیشیان بوونەتە شیعەو لەسەر رێبازی ئیمامیەن - لەکاتی راپەڕینی شیعەکان لە ئێراقدا بەرابەری میرزا محەمەد تەقی شیرازی ناودار بە میرزای دووەم (مردووی ١٣٣٨) بە دژی ئینگلیسەکان کە داوای سەربەخۆیی ئێراقیان دەکرد. باجەلانەکانی خانەقینی لەگەڵ شیعەکانی ئێراقی هاریکاریان دەکرد. عەبدولحوسێن شەهیدی سالحی لە بابەت باجەلانەکان - باجولوەند دەسخەت). دانیشنامەی جیهانی ئیسلام، پیتی بێ، جوزووەی یەکەم، چاپی ١٣٦٩ تاران، پەڕی ١١٣ تا ١١٤.

□ خانا خانی قوبادی کە لە هۆزی باجەلانەو قورئانی بە شیعر کردۆتە کوردی و

Dr.Saleh Ebrahimi



لە حودودی ١١١٦ی مانگی لە دایک بووەو لە ١١٩٢ی مانگی وەفاتی کردووە. وە لە ساڵی ١١٥٣ی مانگی شیرین‌و خەسرەوی بە تەواوی بە شیعر داناوەو زۆر بە شانازی‌یەوە فەرمویەتی:

هەرچەند مەواچان فارسی شەکەرەن     کوردی جە فارسی بەل شیرین‌تەرەن

هەرچەن مام هێمنی شاعیر نیوە شیعری ئاخری گۆڕیوەو جە فارسی بەل - ی کردۆتە (جەلای من...) دیارە ئەمە ئەو واتایەی کە خانا مەبەستی بووە نایگەینێ. بنوارنە نێوبەرگی یەکەم، ژمارەی یەکەمی سروە، چاپی ١٣٦٤ی هەتاوی، دەبێ بزانین لە سەرتاسەری ناوچەی کوردەواری مەلاو فەقێ و میرزاو کوڕەشێخ و کوڕەئاغاو خوێندەوار کە لە حوجرە و مزگەوت لە پاڵ خوێندنی مەعارفی ئیسلامی دا، زمان و ئەدەب و فەرهەنگ و زانین و زاراوەی شیعری گۆرانی کە خانا شیعری پێ وتووە، زمانی خوێندن و نووسین و زمانی رەسمی و باوی ئەو سەردەمەی کوردەواری بووە، جا هەر بۆیێ خانای قوبادی وا بەراشکاوی فەرمویەتی:

بە لەفظِ کوردی، کوردستان تەمام     پێش بوان، باقی والسلام

دیوانی میرنەورۆ زی بە خۆش کردنی ئەسفەندیاری غەزەنفەر ئۆمەرایی، کۆواری ئاوێنە، پەڕەی ٦٣، ژمارەی ١٥و ١٤، چاپی ساڵی ١٣٧٣ی هەتاوی، مەلا پەرێشان (لوڕ لە ئەدەبی زاراوەی کۆنی شیعردا بە قەڵەمی شەپۆل).

باجەلان پارچە خاکێکە لە نێوان مەندەلی و خانەقین دایەو لەسەر ئاوی ئەلوەندییە. باجەلانی تیرەیەکی کوردە لە خێڵی لوولوو لە خاکی باجەلانی دادەنیشن، راوێژی ئاخەفتنیان زۆر لە هەورامی دەچێ «فەرهەنگی کوردستان، دانراوی گیوی موکریانی، چاپی یەکەم، ئاراس، ساڵی ١٩٩٩، چاپی یەکەم.

Dr.Saleh Ebrahimi



باجەڵان لە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینەدا نەهاتووە.

□ زانای ناودار خاناخانی قوبادی لە هۆزی پاشاکانی باجەڵان و نەوەی قوبادبەگی حاکمی درنێ و دەرەتەنگە، بە فەرمودەی ئەمیرشەرەفخانی بدلیسی قوبادبەگ حاکمی ئەم قەڵایانە بووە کە لە رۆژگاری پێشوو یا لە زەمانی کِسرا بە حەلوان دەناسراو حەلوان یا زەهاوی ئێستا، سدان، دەودان، ئالانی، پاوە، رەوانسەر، باسکە، قەڵای زنجیر، زرمانێکی بووە.

قوبادبەگ، مرۆڤێکی ئازا، بوێر، دەس و دڵباز، خوێنشیرین، گوڵی سەرتۆپی لاوانو بژاردەی خاوەن ناوان بووە، جگە لەو ناوچانەی وا ناو بران، هەر لە کەوشەنی دینەوەر بگرە هەتا بەغایی هێمنایی هەبووە کە دەبەر فەرمانی ئەودا بوو، لە دارایی و دەوڵەمەندی و لەمەڕ وڵسات، پاتاڵ، دراوی نەغدینە، ماڵ، هاوکار، یارو هەواڵەوە لەو نێوەدا تاکێ بێ تا بووە.

□ زۆراب بەگ و هەروا عومەری کوڕی زۆراب لەو نێوەدا حکومەتیان کردووە - زۆراب بەگ پیاوێکی ئازا، دلێر، جوامێر، دڵاواو دەس گوشاد، بەزیپکو نێر بووە - ناوچەو قەڵای: پاوە، باسکە، ئالانی، قەڵای زنجیر، رەوانسەر، دەودان (دوان)و زرمانێکی بە دەس بووە کە مردووە، عومەر بەگی کوڕی بۆتە جێنشینی - عومەربەگ لە سەرەتاوە، مرۆڤێکی توش، چەموش، خوێنڕێژ، دەس درێژکەر، بادەخۆرو زۆردار بووە، بەڵام لە دواییدا دەسی لە زوڵمو تاوان کردن هەڵگرتووە، بۆتە پیاوێ، نوێژی لەسەر داوێن دەکرا - جا کاتێ سوڵتان سلێمانی تورک عوسمانی بەغای داگیر کرد، عومەر بەگ کەوتە بن فەرمانی ئەو تورکە - شەرەفنامە یا تاریخی موفەسەلی کوردستان، پەڕەی ٤١١، چاپی ١٣٤٣ بە خۆش کردنی محەمەدی عەبباسیو پەڕەی ٥٩٨ بە زمانی کوردی - کە هەژار هێناویەتە سەر

Dr.Saleh Ebrahimi



زمانی کوردی ئۆفسێتی ئێران، ساڵی ١٩٨١ ز - تاران.

(درنێ یا درنە شارۆلکەیەک بووە لە جێی کوێستانە هەواری هۆزی باجەلانە).

زنجیرەی پاشاکانی باجەلان لە ئەردەلانەکان کۆنترن و نێزیکەی پێنسەد ساڵ بەسەر (زەهاو)ی کۆن و هۆرین، شێخان، بن کورە، قۆرەتو، سەرقەلا، جێگیران، کۆپەسا، هەرێمی پشتکۆ، بەمۆ، محەللە، جوانرۆو رەوانسەردا لەو پەڕی هێز و دەسەڵات دا میریان کردووە، بە فەرمودەی ئەمیرشەرەفخان بدلیسی جار جار حوکمیان تا دینەوەر ئەڕۆیی، ئاخرین میری باجەلان (برایم پاشا) بووە کە لە ١٢٨٥ی مانگی لە گوندی ڕێژاو مردووەو نێژراوە. کۆواری ئاوێنە، پەرەی ٤٢، ژمارەی ١٠، چاپی ساڵی ١٣٧١ی هەتاوی لە بابەت خانای قوبادی بە قەڵەمی شەپۆل).

Dr.Saleh Ebrahimi



## هەڵەبجەی شەهید هێروشیمای کوردستان

شەپۆل پێی ناوێ شین وگرین — بۆ هەڵەبجە هێروشیمای پڕ برین
چونکا کەوی نێو رکە بەپۆل هەڵفرین — دەبنەزانا و پسپۆر بۆ زامی برین
بۆزامی برینی کوردی لانەواز — کەنجان و لاوان هاتون بە ئاواز
بەزەبری عیلم و ژیری و زانین — کوردی بە شخورا و، دێنە پێکەنین
کورد دەڵێ ئاش بە نورەیە — نورەی ئێمەیش دیێ ئیتربەیەقین
هەر او نەعرەتەی کوڕە کوڕەی کورد — ئیتر بەزانین مێژوی خۆی دەکا رەنگین
یا خوائاوابێ ئەم کوردستانە — بوژێنەرەوەی ژیان یا گیانە







Dr.Saleh Ebrahimi



## باڵەوەند Balewand

باڵەوەند یا بەلەوەند، بالاوەند یەکێ لە تایفەکانی لوڕی پشتکۆی نیشتەجیی هولیلان لە ئوستانی ئیلامە.

ناو لە سەردانیان: واژەی باڵەوەند لە ٣ بەشی باڵ و بزوێنی (ە)کەنیشانەی نیسبەتە و پێی دەڵێن: دەنگ، چون پیت و حەرف‌نیە، هەروا نیشانەی (وەندا) کە بۆنیسبەتە، قسەکراوە. باڵ یا باڵ بەواتای لەکن، لەلا، دوماڵ لە باڵ یەکدان، دەسی باڵدار، لەسەری پەنجە تا چانەو چەناکە، ـ وەند: بەند، پەسوەندی بەستن،گەردن بەند: وەند، پەسوەندی نیسبەتە، جێگە، وەن: ئەلوەن، ئەلوەند، کۆوەبون: زەماوەند،گۆوەند، پارچەیێ لە گۆرانی، باڵەوان: باڵەبان: دەهۆڵی گەورە. باڵە: باف و باپیر: بەنیای گەورەی خانەدانی ئیسفەندیاری و بنیاتنەری تایفەی باڵەوەند، زانراوە (سوڵتانی، ٧٩١) کە بە شێوەی بلیوەند، بالیوەند و بالیلوەندیش هاتووە (مەردوخ، ١/٨٢؛ زەنگەنە، ١/٢٢٢).

سازمان و ڕێکخراوەی هۆزەواری، خێڵی،کۆمەڵایەتی: تایفەی باڵەوەند؛ دەبنە چەن تیرەو هەندێ لە وتیرانەیش، دەبنە چەن شاخە؛ محەمەد ئەمین زەکی لەکتێبی کورد و کوردستان‌دا بەناوی باڵی وەند ئاماژەی بەم تایفەکردوە و ژماری حەشیمەتی ئەوانی بە ١٥٠٠ کەس داناوە و رایگە یاندوە کەدە ستە یەکیش لەگاوەروٚ دەژین: (پەرەی ٣٨٥) لە خولاسەی کورد و کوردستانی ئەودا باڵە وەند یەکێ لە شاخەکانی ٥ تایفەی هولیلانە (١/٤٤١). سوڵتانی باڵەوەند ـ ی بە تایفە یەکی گەورە، داناوەکە چەن تیرەی جیاجیان هەیە (پەرەی ٧٨٩) باڵەوەندەکان لە ناوچەی هولیلان بڵاو بونەتەوە. ناوچەی پان و بەرینی هولیلان، بە درێژایی ١٢ کیلۆمیتر و پانی ٦ کیلۆمیتر لە هەردولای چۆمی سیمرە، دایە، تایفەی باڵەوەند ـ ی نیشتەجێ لە دەشتی هولیلاندا، زیاتر بەکۆچەری ژیاون و بۆ لەوەڕەگەی گەرمێن وکوێستان چونەتە نیوکیو و دەشت وچیا پرگیاە وگژ و بژوێنەکان یابۆ هەر دولای دەشت کۆچیان کردوە (ڕەزمارا، ٢٢٢ ـ ٢٢٣). لە بەرئەوەی مەودای

Dr.Saleh Ebrahimi



لەورە گەکانی گەرمێن و کوێستان لەو ناوچەدا کورتە، باڵەوەندەکانی هولیلان گشتیان بونەتە یەکجێ نشین و لەکۆچەری و ازیان هێناوە (ڕاگەیاندنی...، ٢/٧٥، موتالەعات...، ٨/١٠٢) دەسە یەک لە بالی وەندەکانی ناوچەی زەردەلان، کە گەرمەسێری هولیلانە، نیشتە جێبون. ئەم دەسە کە حودودی ٤٩٢ بنە ماڵەن، تا ١٣٧٧ی هەتاوی بەکوچەری ژیاون (سەرژماری...، ٣١؛ قیس؛ موتالەعات، ٥/٢٢، کە ژمارەی ئەوانە لە ١٣٦٦ دا، ٦٠٩ بنەماڵەبون).

کاری خەڵکی باڵەوەند کشت و کاڵە، بالی وەندەکان بەپێی و دانی ئەوەی کەش و هەوای باش و لە باری بەستێنی هولیلان، بۆ جوت و گافرە باشە، کشت و کاڵێ پرپیت و بەرەکەتیان هەیە و بە فرۆتنی داهاتەکانیان بە باشی ژیان دەکەن (ڕەزمارا، ٢٢٢، ٢٢٤؛ بەدیعی، ٢/١٠٢).

**حەشیمەتی باڵیوەند** . ژماری خەڵکی ئەم تایفە لەسەر چاوە جۆر بە جۆرەکان بە جیاوازی بە ١٠٠ تا ١٠٠٠ بنە ماڵە مەزەندە کراون (بۆوێنە بڕوانە باشیل، 401؛ فیلد، 177، ڕاولینسون، ١١٢؛ کەیهان، ٢/٦١؛ فەرمانفەرما، ٢/٧٩٦). **زمان و زاراوە و دین و مەزهەب، زمان و زاراوەی بالی وەندەکان لەکی کوردی یە.** کە لە زاراوەکانی کوردی باشوری دێتە ژمار، خەڵکی خێڵەکی و تایفەی لەکی ناوچەی زنجیرە و دلفان و تایفەکانی پێشکوێش بەو زاراوە قسەدەکەن (مورتنسێن، 45، بڕوانە هەوالدەر، هەرئەوێ). زۆربەی خەڵکی ئەو تایفە باوەریان بە ئاینی یاری، یارسان و ئەهلی حەقن (بەدیعی، هەر ئەوێ).

**پێشینەی مێژویی،** یەکێ لە یەکەمین رابەرانی ئەم تایفە ناوی: قائیدزەینەدین، بووە و تایفەکە بە ناوی ئەو (قائید زەین دینوەند)یش ناو براوە. لە دوایدا بەشێ لە و تایفە کەوتەبن دەسەلاتی **مراد** ناوێ کە بەناوی ئەوە جابە (قائید زەین دینوەند)یش ناو براوە. لە دواییدا بەشێ لە و تایفەکەوتە بن دەسەلاتی **مراد** ناوێ کە بەناوی ئەو بەقائید مرادوەند،

Dr.Saleh Ebrahimi



ناوبراون (هەرئەو، ٧٩٢)، **لوتفعەلیخان باڵەوەند** یەکێ لەپردە سەلاتترینی ئەو هۆزە بووە. چریکف کە لە سەرەتای پاشایی ناصرەدین شای قاجار لە ئێراندا رایبواردوە، لە سەیاحتنامەی خۆیدا (پەرەی ٩٧) لوتفعەلیخانی بەناوی حاکمی هولیلان ناو بردوە کەلە گەڵ تایفەکەی (بێ ناو بردنی باڵەوەند) لەوێ نیشتە جێبون. لوتفعەلیخان بۆتە هۆی پێوەندی رامیاری لە نێوان تایفەی باڵەوەند و خانەدانەکان و سەروکی تایفەکانی ناوچەکە، کەببوە هۆی هێمنی و بە هێزبونی تایفەکەی (سوڵتانی، ٧٩٣). لە رۆژگاری ژیانی ئەودا خانوبەرە و بیناو ئاسەوار و قەلا و دژێ جیاجیا و فرەلە ناوچەکەدا، سازدراون و بنیات نریاون.

**سەرچاوە:** بەدیعی، رەبیع، جوغرافیای موفەسەلی ئێران، ١٣٦٧ هەتاوی؛ چریکف، سیاحەتنامە، وەرگێڕدراوی ئابکارمەسیحی، بەکۆششی عەلی ئەصغەر عیمران، تاران ١٣٥٨ هەتاوی، راولینسۆن. هنری، سەفەرنامە، وەرگێڕدراوی سکەندرە ئەمانوللاهی، تاران، ١٣٥٦ هەتاوی، رەزمارا، عەلی، جوغرافیای ئێران، لورستان، تاران، ١٣٢٠ هەتاوی؛ زەکی محەمەد ئەمین، خولاسەی تاریخی کورد و کوردستان، وەرگێڕ دراوی محەمەد عەلی عەونی، قاهیرە، ١٩٣٩ ز ـ؛ هەر ئەو، کورد و کوردستان، بەغا ١٣٥٠ مانگی و ١٩٣١ ز ـ زەنگەنە، موزەفەر دودمانی ئارییایی کورد و کوردستان، تاران، ١٣٤٧ هەتاوی، سەرژماری کۆمەلایەتی، ئابوری عەشایری کۆچەر، ١٣٧٧ هەتاوی، نەتیجەی تەفسیلی ئوستانی کرماشان، ناوەندی ئاماری ئێران، تاران، محەمەد عەلی سوڵتانی، خێڵ و تایفەکانی کرماشان، ١٣٥٥ هەتاوی، فەرمانفەرما عەبدولحوسێن، هەلبژار دەیێ لە مەجموعەی ئەسناد، بەکۆششی مەنسورە ئیتحادیە و سیروس سەعید وەندیان، تاران، ١٣٦٦ هەتاوی، کەیهان، مەسعود، جوغرافیای موفەسەلی ئێران ١٣١١ تاران، هەوالدەر، باری هەبونی کۆمکاری هۆزەکانی ئێران، سیمناری توێژینەوەی مەبەستەکانی پەیوەندی دار بەکۆمکار (جامیعە)ی هۆزەکانی ئێران:

Dr.Saleh Ebrahimi



کرماشان ١٣٥٥؛ مەردوخ کوردستانی ئایە توڵڵا شێخ، محەمەد، تاریخی کوردستان، تاران، چاپخانەی ئەرتەیش، موتالەعاتی تەواوی تەوسیعەی کۆمەلایەتی، ئابوری، کۆمکاری هۆزەکانی ئێران، تاران، ١٣٧٠ هەتاوی و هەر وایش:

Field; contributions to the anthropology of Iran Chica 80 1939; morrtensen, 1.D, nomads of Loristan, Copehagen, 1993; Scheil, L; Glimpses of Lifeand manners infersia London; 1856

مەعسومە ئیبراهیمی، دایرە تولمەعاریفی بوزورگی ئیسلامی ج ١١ پەرەی ٢٦١ تا ٢٦٠ چاپی ١٣٨١ هەتاوی، تاران (شەپوڵ).

□ نوکتە ئاوێنەی پەندو عیبرەت: سیسیرۆن خەتیبی ناوداری رۆمی کە لە ٤٦ساڵ بەرلە زایین مردوە، دەڵێ: «مرۆڤ ئەگەر ئاگای لەوانە، نەوبێ کە بەرلەدایکبون رویان داوە، وەک ئەوەی، هەمیشە زاروک بێ وایە. چونکا بایەخ و قیمەتی ژیان، بێ ئەوەکە لە سۆنگەی هەواڵی مێژوکەلەگەڵ ژیانی باو باپیرانمان، بە ئاڵۆزی با دریاوە، چ دەتوانێ ببێ؟ مێژو تەنیا لە لاپەڕەی کتێب و هەواڵی تێشکان و سەرکەوتن و روداوەگەلێ لەمجۆرە بابەتانە، کورت نابێتەوەو داناکوژێ، بەڵکو هەرشتێ کە گۆشەیێ لە رابوردو، لە بەر بگرێ، دەبێتە، وەبیر هێنانەوەی مرۆ، لە نوسراوە سەر تاشەبەردەکان و کەتیبە و بیناو کێلی قەبرو هەرجۆرە باقیماوە و ئاسەواری، رۆژگارانی پێشو، گشتی لاپەڕەی مێژوە و ئەوکەسەی کەتێ روانی مێژویی، هەبێ، ئەشێ لەو نوکتانە **(پەند)** وەرگرێ. ـ خاقانی کوردی زەنگنە: (ئەفزە لە دینبن عەلی نەجار شاعیری ناوداری سەدەی شەشەمیش، هەیوانی مەداین و روداوێ کە بەسەر ئەوکۆشکە گەورەدا، هاتووە، بە ئاوێنەی پەندی زانیوە و لە قەسیدە یەکی پرواتای خۆی لەگەرانەوە لە حەج و زیارەت لەساڵی ٥٥١ مانگیداکە چاوی بە تاقی کیسراکە وتووە، بە سرودێ ناوی ئەوتاقەی بۆ هەمیشە، زیندو راگرتووەکە دەڵێ: هان! ئەی دڵی عیبرەتبین ئەزدیدە عیبەرکون ـ هان! ئەیوانی مەدائینرا ئایینەی عیبرەت دان.

Dr.Saleh Ebrahimi



# باڵوڵ

**باڵوڵ**، ناوە بۆ حەوت(٧) کەس کە سیانیان لە فەرمانڕەوایانی بەرچاوی ناوداری کوردە:١- باڵوڵ کوڕی ئەمیر جەمشید، یەکێ لە فەرمانڕەوایانی تایفەی دونبولی، خانەدانێک کە چەند سەدە لە ناوچەی ئازەربایجان و کوردستان فەرمانڕەواییان کردوە(زەکی، تەحقیقی...، ٤٧٨؛ لەبارەی دونبولیانەوە، بڕواننە بدلیسی، ٣٩٩- ٤٠٢). باوکی باڵوڵیش لە فەرمانڕەوایانی کورد بووە، کە لەبەرا لەگەڵ غازانخان(حکـ ٦٩٤- ٧٠٤ مانگی و ١٢٩٥- ١٣٠٤ز) کەوتۆتە جەنگ و جیدال و لە دوایی‌دا لە ٧٢٥مانگی و ١٣٢٥زایینی لە شەڕێکدا لەگەڵ سپای مەغول لە کێوی چلەخانە کوژراوە(مەردۆخ ڕۆحانی، ٣(٢)٨٧، زەکی هەر ئەوێ، ٤٨٠). باڵوڵ دوای باوکی شاری تەورێزی کردە ناوەندی فەرمانڕەوایی خۆی(هەر ئەو مەشاهیر...١/١٤٤). لە ڕوداوەکانی حوکومەتی ئەم فەرمانڕەوا کوردە ئاگاداریەکی ئەوتۆ لە بەر دەستا نی‌یە، ئەوەندە نەبێ کە لە ٧٦٠مانگی(١٣٥٩ زایینی) وەفاتی کردوە و لە قەلآی بای، لە کەناری قەبری ئەمیر ئەحمەد، باپیرە گەورەی خۆی نێژراوە(جەواهیر کەلام، ٣/ ٦٥).

٢- باڵوڵی ناودار بە حاجی بەگ، کوڕی ئەمیر فەرەیدون(ئەمیر قلیچ). باوکی ئەم باڵوڵەش لەسەر ئازەربایجان، کوردستان و ئەرمەنستان فەرمانڕەوایی کردوە و ناوەندی حوکومەتەکەی لە شاری خۆی‌دا بووە(زەکی، تەحقیقی، هەر ئەو) ئەمیر فەرەیدون لە ٨٦٠ مانگی(١٤٥٦ زایینی) مردوە، ئەمیر باڵول بێجگە لەو سەرزەویانەی کە بە میرات بۆی مابوو، تەبەرستان و داغستانیشی لەبن فەرماندا بووە(مەردۆخ ڕۆحانی، هەر ئەوێ؛ زەکی، کورد... ٣٨٠). باڵول هاوڕۆژگاری سوڵتان حەیدەر(د ٨٩٣ مانگی و ١٤٨٨ زایینی) باوکی شائیسماعیل ئەوەڵ، دامەزرێنەری زنجیرەی سەفەوی بووە و لە ڕوی باوەر و ئیرادەتەوە پەیرەوی لەو کردوە(جەواهیرکەلام، ٣/ ٦٢؛ EL٢). جا هەر لەبەر ئەو باوە ڕە سەرکردەکانی دیکەی دونبولی ئیتاعەتیان لە پاشا سەفەوی‌یە کوردەکان دەکردو لە ڕاست دژ و

Dr.Saleh Ebrahimi



دوژمناندا یار و یاوەری سەفەویان بون کۆمەکیان بەوان دەکرد(جەواهیرکەلام، هەر ئەوێ و هەر وەها٤/ ٢٠٥)، باڵوڵ نە تەنیا لەبارەی ڕامیاری و سیاسیەوە هـاوڕێ و پشتیوانی سەفەویان بوو لەباری عەقیدە و مەزهەبیشەوە ئۆگری ئـەوان بـون(هـەر ئەو، ٢٠٦/٤) وەرسوڕانی فەرمانـڕەوایـانی دونبـولی لـەبـاری سیاسـی و بـاوەڕی مەزهەبیەوە لە چار ەنووسی دونبولی‌یاندا فرەشـوێنی بۆیـان هـەبـووە، دونبولیـان دوای ئەوە ئیتر سەربەخۆیی سیاسی خۆیان لەدەست داو سەرزەوی بن دەسەڵاتـی ئەوان کەوتە بن فەرمانی سەفەویان و لە ڕێبازی سوننەتیش کـلا بـوون و چوونـە سەر رچەی شیعە(زەکی، تەحقیقی ٤٧٨، مەردۆخ رۆحـانی ٣(٢)/ ٨٥). باڵـوڵ لـە ٨٨٠ مانگی(١٤٧٥ز) لە جەنگی نێوان سوڵتان حەیـدەر و شـاخەلیـل ئـاققوینلـو: تورکە ڕەشە کوژرا و لە داوێنەی کێوێ کـە قـەبـری بنـەماڵـەیـان بـوو نێـژراوە و گومەزێ تایبەتیان بۆ ساز داوە. لە دواییدا ئەو کێوە بەناوی ئـەو و حـاجی بـەگـی باوکی ناوی داخست و ئەمڕۆ بە حاجی بێگـلو ناو دەبرێ(جەواهیـر کـەلام، هـەر ئەوێ).

٣- باڵوڵ کوڕی ئەلوەند بەگ، کوڕی شێخ ئەحمەد، کە لە خانەدانی کـوردی شاری سلێمانی‌یە لە خولی پاشایی سوڵتان سەلیم(یاووز- سا ٩١٨- ٩٢٦ مانگی و ١٥١٢- ١٥٢٠ ز) لـەسـەر میافـاریقین(شـارێ لـە دوازدە فـەرسـەخـی بـاکوری دیاربەکر(بڕوانە ئیعتیماد سـەڵـتەنـە- ١٠٩) حوکومـەتـی دەکـرد و میـری ئـەوێ بوو(EL٢) ئەو میرە لەگەڵ عومەر شای برای بە جووتە لە خزمـەت ئیـسکەنـدەر پاشای والی دیاربەکر رایان بـوارد. ئیـسکەنـدەر پاشـا ئـەوی نـاردە دژ و قـەڵای ئیسکەندەر کە لە نێوان بەغا و حیللەدا بەناوی خۆی سازی دابـوو تـا ئاگـای لێـی بێ‌و بیپارێزی(بدلیسی ٣٤٨ زەکی، مەشاهیـر، هـەر ئـەوێEL٢). باڵـوڵ جارێـک دەچێتە دیدەنی سوڵتان سەلیم و سوڵـتانیش فـرە ڕێـزی بـۆ دانـاوە و میافـاریقین (:سیلوان) و دەوروبەری بە موڵکایەتی پێ داوە و هەر وەها ماڵـیاتی زەوی و زاری هەندێ تایفەی ئەو ناوچەیەشی بەو سپاردوە تا ئەو کاتە هەنـدێ لـە هـۆزەکـانی

Dr.Saleh Ebrahimi



سلێمانی لەسەرماڵیاتدان بە دژی باڵوڵ راوە ستان و سەرەنجام لە شەڕێکدا کە لە نێوان ئەو و شاسواربەگ لە تایفەی بەسیان و فەرماندەی دژ بایەزید(لەسەر زەوی بەشی ئێرەوان) روی دا و لەو شەڕەدا کوژراوە(بدلیسی ٣٤٨- ٣٥٠) ئەویان بە مرۆڤێ بوێر و ئازا و بوزورگوار زانیوە(بڕواننە هەر ئەوێ ٣٤٨). سەرچاوە: ئیعتیمادسەڵتەنە موحەممەد حوسێن تەتبیقی واژەکانی جوغرافیایی کۆن و نوێ، ئێران بە کۆششی هاشم موحەدیس، تاران ١٣٦٣هەتاوی، بدلیسی شەرەفخان، شەرەفنامە بە کۆششی محەمەد عەلی عەونی، قاهیرە، ئەلئەزهەر، جەواهیر کەلام، عەبدولعەزیز، ئاساری شیعەی ئیمامی، ج ٣ تاران ١٣٤٨ هەتاوی ج ٤ تەرجەمەی عەلی جەواهیرکەلام تاران، ١٣٠٧ هەتاوی، زەکی محەمەد ئەمین، تەحقیقی تاریخی لەبابەت کورد و کوردستان، تەرجەمەی حەبیبوڵڵا تابانی، تەورێز ١٣٧٧ هەتاوی، هەر ئەو، کورد و کوردستان بەغدا ١٣٥٠مانگی و ١٩٣١ز؛ هەر ئەو، مەشاهیری کورد و کوردستان لە دەورەی ئیسلامیدا بەغدا ١٣٦٤ مانگی و ١٩٤٥ ز، مەردۆخ بابارۆحانی، تاریخی مەشاهیر کورد، بە کۆششی ماجید رۆحانی، تاران ١٣٧١ هەتاوی و هەروەهاش EL٢ موحسین ئەحمەدی، دایرەتولمەعاریفی بوزورگی ئیسلامی پەرەی ٢٠٤ تا ٢٠٣، چاپی ١٣٨٣ هەتاوی، ج ١٣ تاران.

٤- **باڵوڵ، ئەبووەهیب**، باڵوڵ بنعومەر سەیرەفی یا سۆفی(د ١٩٠ مانگی و ٨٠٦ز) کە لە کوردانی ئێرانە(فەرهەنگی دیهخودا پیتی ب و دایرەتولمەعاریفی پترس و/ گرشەی کوردستان ژمارەی ٢و ٣ خاوەن ئیمتیاز و سەرنوسەر د. محەمەد صالح ئیبراهیمی(شەپۆل)- پەرەی ١١و ١٢، چاپی ١٣٦٠ هەتاوی و ١٩٨١ز - تاران). ناودار بە باڵوڵی دانا، ئاقڵ یا شێت و دێوانە، ناوی مرۆڤێکی نیوەئەفسانەیی لە وێژەی سەر زارەکی خەڵکدا شورەتێ فرەی هەیە. یەکەم قسە و باسێک کە لەبارەی باڵوڵەوە کەوتۆتە سەر زار دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی سەدەی ٣ مانگی، کە لە زەمانی مەهدی عەبباسی(حک ١٥٨- ١٦٩/ ٧٧٥- ٧٨٥)دا بووە جاحیز(د ٢٥٥ مانگی و ٨٦٩ ز) لە یەکەم ریوایەتی خۆیدا(١٨٢/١) باڵوڵ لە قسەی خۆش و

Dr.Saleh Ebrahimi



نوکتەی شیرین‌دا لە راست ئیسحاق بن سەبباح والی حیجاز لە زەمانی مەهدی داناوە، نەیشابوری(د ٤٠٦ مانگی و ١٠١٥ ز) کتێبێکی بەناوی عاقلانی شێت داناوە و لەودا بابێکی(پەرەی ١٠٠- ١٠٩) بۆ باڵوڵ تەرخان کردوە لەو بابەدا ٢٠ ریوایەت کە جارجاریش شیعریشی لەگەڵە و تا ٨٠ قەتە شیعری سەربەخۆشی تێدایە، لەو ریوایەتانەدا باڵوڵ بە دێوانەی سەرگەردان ناسێندراوە. لە ٤ ریوایەتدا ئاوقەی هارونەرەشید دەبێ، لە کاتێ خۆشێت کردن‌دا سواری قامیشێک بووە و خەریکی نەی‌سەواری دەبێ و بە جۆرێ وا نەسیحەتی دەکا. هارونەرەشید لەوانە بووە لە پێش خواردنەوەدا خەفە بێ(پەرەی ١٠٠- ١٠٢) **لێرەدا واتایێ جیهانی(بێزاری فەیلەسوف لە پاشا) دوبارە، دوپات کراوەتەوە.** زۆربەی پەندەکانی باڵوڵ لەبارەی رۆژی پەسڵانە. کە مرۆڤ بیر لە سەرەنجامی خۆی بکاتەوە، لە هەندێ چریکە و چیرۆکەکانەدا، زیرەکی و هۆشیاری باڵوڵ لە کاروباری دونیا، نیشان دەدا، یەکێ لە خەم رزگار دەکا و یەکێ تر لە خیانەت‌کردن. دەپرینگێنێتەوە(پەرەی ١٠٦) یا میراتی مرۆڤێک کە هیچی نییە بەش‌بەش دەکا(١٠٩) لە سێ نامەدا رۆ دەکاتە خەڵیفە و وەزیر و پۆلیس و کەڵانتەر کە حاڵ و هەوای پەندنامە کۆنەکانی هەیە. لە ریوایەتێکیشدا ستایش و پە سەنی ئە بوبەکر و عومەری بەیان کردوە(هەر ئەوێ ١٠٣). لە سەدەی ٥ مانگی بەدوا، کتێبێ زۆر و زەوەند کە یادی باڵوڵیان کردوە، نوسراوە و هەر کەسێک برێک لە کەسایەتی باڵوڵیان داوەتە بەر سەرنج و لێدوان(راغیب پەرەی ٧١٩-٧٢١) و کوری جەوزی (پەرەی ٥١٦-٥١٨) لە شەرحی تەعروفدا(١٤٩١،١٦٣٩/٤) باڵوڵ بە هێمایێ فرەزانا کە خەڵک باش لە قسەکانی تێ‌ناگەن، ناسێندراوە. کوری عەرەبی دەلاقەیەکی بەناوی (بهالیل) کردۆتەوە و شێوەی ئەوی بە (بَهْلَلَه) خوێندۆتەوە (٢٤٧/١) هەر لەو رۆژگارەدا لە ئاسەواری سۆفیانی ئێرانیدا، باڵوڵ بە کە سایەتێکی زانا و دانا و حازرجواب ناو براوە. (بۆ وێنە شەمسی تەوریزی ١٣٧؛ مەولەوی ٤٠،١٠٨-١١٠). لە سەدەی دوایی، یافیعی (پەرەی ٦٣-٦٦،٧٤،٧٥،١٠٠-١٠٢) بە چریکە و

Dr.Saleh Ebrahimi



چیرۆکێ کە پێوەندی بە باڵولەوە هەبووە، فرە پەرەیان پێدراوە و بە تەواوی رەنگێ سۆفیانەیان پێدراوە. جا ئەوەیە باڵولێ لە قاپورکی‌یەکێ لە قارەمانانی سۆفیگەری‌دا ورشە و گرشە گرشیەتی.

لە فەرمودە بێژی باڵولێ لە سەدەی ٤ مانگی لە هەرای هەڵتەقین بە هاروندا قسەیێ فرەی لێکراوە (کوڕی جەوزی، ٥١٧-٥١٨؛ کوڕی دیمیاتی ٩١-٩٢) کوڕی شاکر سەرەڕای ئەوە بە موحەدیس بونی باڵولێ ئاماژەی کردوە و فرەیێ لە ریوایاتی کۆنەی هێناوە و تاریخی مردنی ئەوی بە حدودی ساڵی ١٩٠ مانگی و ٨٠٦ز-داناوە (٢٢٨/١-٢٣١). دوای یەک سەدە کوڕی تەغری بوردی (١١٠/٢-١١١) ساڵی ١٨٣ مانگی بە دو دڵی‌یەوە نوسراوەی بۆ داناوە. لە سەدەی ١١ مانگی و ١٧ز، لە وێژاوەری دینی ئێراندا، باڵولێ بە کەسایەتێکی خۆپارێز و بە تەقوا و خواناس و عارف بە عیرفان ناسێندراوە.

قازی نورولڵا شوشتەری لە بن ناوی «شێخی فازڵی واسیلی» قسەی تازە لە بارەی باڵولەوە دەگێرێتەوە (١٤/٢-٢٠) و باڵولێ بە عالمێکی فرە زانا و زۆر زان دادەنێ کە شوێنی شێتی و خولی لە رەفتار و کار و ئاکاریدا، کەمتر پەیدا دەبێ و قسەکانی خۆی بە پشت بەستن بە حەمدولڵا موستەوفی(پەڕەی ٦٣٧) بەم ئاگاداری‌یە دەس پێدەکا، دەڵێ: باڵولێ خزمی هارون، مرۆڤێ بەتەقوا بووە و هۆی خۆنیشان‌دان بە دیوانە ئەوە بووە تا لەبەر بەرێوەبردنی فەرمانی بێ‌ئاوەزانە و ناژیرانەی هارون خەڵیفەی عەبباسی، بتوانێ مل‌بادا و خۆ دەرباز بکا. قەسیدەی بەناو و دەنگی (فیاشیە)ی باڵولێ، لە هەموو جێ‌یێ دەنگیداوەتەوە، ئەو قەسیدە بە باڵولی‌یە و بە قەسیدەی بن عەروسیش ناودارە و بە زمانی سادە لە بابەت نیعمەتی خوا، وەک نان، ئاو، رسق‌ورۆزی و پێ بژیوی بەرەی مرۆڤ لەو قەسیدەدا ئاخەوتووە، باڵولێ لە دێرزەمانەوە تا ئەمرۆ لە وێژاوەریدا هەر وەکو هێمای خول و دێوانەی ژیر و عاقڵ، ناوبراوە، بەڵام لە دەیەی ئەخیر کۆشش کراوە لە کۆزیلکەی قسە و باسەکانی باڵولێ، کتێبێ تەژی لە قسەی خۆش و بەتام و خەڵک و ئاپۆرە

Dr.Saleh Ebrahimi



پەسەند، ساز بدەن. مەحمودی موتەدەیین کتێبێ چکۆڵەی لە بابەت باڵوڵەوە لە ساڵی ١٣٣٩ هەتاوی لە تاران بڵاوکردۆتەوە و هەروا ئاغا میرزا عەلی سەدر جەڵدی دوەمی باڵوڵی عاقڵی لە تاران لە چاپ داوە، ئەم کتێبە لە ٥ بەرگدا لە ١٣٤٣ هەتاوی لە تاران بڵاوکراوەتەوە. چیرۆکی ئەم کتێبە، هەر ئەو کۆنە چیرۆکە عەرەبی‌یانەن. جارجاریش قسەو باسی دیکەیان لێ زیاد کردوە و تەنانەت بە شیعری فارسی رازاوەتەوە. بڵاوبونەوەی چریکە و چیرۆکی خۆش و بەلەزەت، بە زمانی تورکی لە هی زمانە فارسی‌یەکە، دەچێ.(قس؛ مەیدان لاروس،١١/٢٤٤ و ئێرانیکا). سەرچاوە: ئابی، مەنسور، دوڕەر، بە کۆششی محەمەد عەلی قرنە و عەلی محەمەد بجاوی، قاهیرە ١٩٨٣ز، ئیبنی تەغری بوردی، نجوم، کوڕی جەوزی عەبدورحمان، سیفەت و سەفوەت بە کۆشش محەمود فاخوری و محەمەد رواس قەلەچی، بیرۆت، ١٤٠٥ مانگی و ١٩٨٥ز، کوڕی دیمیاتی ئەحمەد، کۆبەی تاریخی بەغا، بە کۆششی قەیسەر ئەبو فەرەج بیرۆت ١٣٩٩مانگی ١٩٧٨ز، کۆڕی شاکر کۆڕی محەممەد فەواتی وەفەیات بە کۆششی ئیحسان عەبباس بیرۆت ١٩٧٣ز- کوڕی عەبدوڕبە، ئەحمەد، عیقدولفەرید بیرۆت ١٤٠٢مانگی و ١٩٨٢ز، کوڕی عەرەبی محیەدین فتوحاتی مەکیە، قاهیرە ١٣٢٩ مانگی، حاحیز عەمر، بەیان و تەبیین بە کۆشش حەسەن سندویی قاهیرە، ١٣٥١ مانگی و ١٩٣٢ ز- حەمدۆڵڵا مستەوفی تاریخی گوزیدە بە کۆششی عەبدولحوسێن نەوایی ١٣٦٢ هەتاوی تاران، راغیب ئیسفەهانی حوسێن موحەزەراتی ئودەبا بیرۆت ١٩٦١ز، شەمسی تەورێزی، مەقالات بە کۆششی محەمەد عەلی موەحید ١٣٥٦ هەتاوی تاران، شوشتەری نوروڵڵا مەجلیسولموئمینین ١٣٧٦ هەتاوی تاران، شەرحی تەعروف بە کوششی محەمەد رۆشن ١٣٦٦ هەتاوی تاران، مەولەوی، مەسنەوی بە کۆششی نیکلسۆن ١٣٦٣ هەتاوی تاران، نیشابوری حەسەن عوقەلای مەجانین، بە کۆششی مستەفا عاشۆر، قاهیرە، ١٩٨٩ز، یافیعی عەبدوڵڵا رەوزەی ریاحین، قبرس موئەسەسەی عیمادەدین و هەروا: Gas; iranica; meydla rouse

Dr.Saleh Ebrahimi



ئازەرنوش ئازەرتاش - دایرەتولمەعاریفی بوزورگی ئیسلامی ۲۰۵ تا ۲۰۳ ج ۱۳ چاپی ۱۳۸۳ هەتاوی تاران (شەپۆل).

٥- **باڵوڵی خاریجی** کەشارە، کوڕی بەشەری شەیبانی موسڵی کە لە کوردانی دەوروبەری موسڵ بووە و لە ساڵی ۱۱۹ مانگی لە هیشامی کوڕی عەبدولمەلیک ئەمەوی راساوە و راپەڕیوە و لە موسڵەوە تا کوفەی هێناوەتە بن فەرمانی خۆی و دەسەڵاتداری کردوە و لە پاشان لە شەڕدا کوژراوە (بڕواننە دایرەتولمەعاریفی پترس بوستانی ج٥ پەڕەی ٦٤٤)

٦- **پاڵوڵی شولی** لە هۆزی کوردی شولی کە یەکێ لە خواناسان و عاریفانی مەزن و شاعیریش بووە، ئیبنی بەتوتە تەنجەلی لە سەفەرنامەکەی خۆیدا یادی کردوە، کە لە لوڕستان چاوی پێی کەوتوە و قسەی لەگەڵدا کردوە، سەفەرنامەی ئیبنی بەتوتە پەڕەی ۲۰۹و۲۱۰. ئێستایش هۆزی شولی لە جەهروم و ئەو ناوچە هەر بەو ناوە و بە ناوی شولی هەرماوە. تایفەی شولی لە ناوچەی فارس، هیمان کۆچەرن. کوردی شولی لە ۷ تیرەن. کتێبی هۆزی لوڕ، مەجید نور محەمەدی، تاریخ و جوغرافیای مەمەسەنی بلاڤۆکی عیلمی- فەرهەنگی تاران،۱۳۷۱ پەڕەی ۳٦٦.

٧- **باڵوڵی کاکەیی** (ئەهلی یاری، یارسان) کە لە (۱۷۰-۱۹۳مانگی)دا ژیاوە و بە زمانی کوردی گۆرانی شیعری وتووە:

هۆنە:

ئەز بەهلولە نان، جەروی زەمینی    چار فریشتانم چاکەر کەرینی
نجومەم سالح رەجەبەم بینی    چەنی لورە، بیم جەماو هەفتینی
ئەو واتەی یاران، ئەو واتەی یاران    وە قانونی شەرت ئەو واتەی یاران
چەندی مەولابیم کردمان شاران    یارانم کردەن وە قەوای ماران
دێوانەی زاهیر دێوانەی زاهیر    دانای یارانم دێوانەی زاهیر

Dr.Saleh Ebrahimi



دەروێش نەوزوری سۆرانی کە لە سەدەی ١٣ی هیجری مانگیدا، ژیاوە لە زانایی و دانایی پالۆلدا بە هۆنە فەرمویەتی:

بەهلۆل زاتیون زات یەکدانە عامیان ماچان بەهلول دیوانە

کێ دی دێوانە وەیتەور دانا بوێ مەرکۆنە مە یدان گەردون رانا بوێ

بروانە گرشەی کوردستان بە زمانی کوردی ژمارەی ٢و٣ پەڕەی ١١و١٢و١٣ چاپی (نەورۆز)، خاکەلێوە و گولانی ١٣٦٠ هەتاوی و ١٩٨١ز ساڵی دوەم بە خاوەن ئیمتیازی و بەرپرسی و سەرنووسەری د. محەمەد ساڵح ئیبراهیمی محەمەدی (شەپۆل) کە یەکەم ژمارەی گرشەی کوردستان لە ئەوەڵی مارسی ساڵی ١٩٨١ زایینی بە زمانی کوردی لە تاران لە چاپ دراوە و تا ٩ ژمارە لێ بڵاو کراوەتەوە.

Dr.Saleh Ebrahimi



# بۆكان

بۆكان شارستان و شارێكە لە بەشی كوردستانی رۆژهەڵاتدایە و لە دو واژەی(بۆک و ان) پێک هاتووە. بە وردبونەوە بەوەی كە(ماننا)كان لە ناوچەی رەحیمخان، ئاغجەیوان، ورمێ، بیبیكەند(گوندی)، شاهێندژ:(سایەنقەلا): (ئەوكان) تەختی سلێمان(:شێز) بۆگە بە سی و... دا، وارگە و دژ و قەلایان هەبووە و مێژوزانان واژەی(بەیت بەگیا) یان، پە یدا كردووە، لەوە دەچێ قەلای دێی بۆگەبەسی نێزیک شاری بۆكان قەلا و نشینگەی(بەیت بەگەیا) بوبێ، جا بەم پێودانە بۆكان لە«بەگ» و«بەغ» گیرابێ و(ان) نیشانەی نیسبەت یا كۆبێ، یانی وارگەو قەلای(بەگان: بەغان) و گۆڕان بەسەر ئەوەدا هاتبێ، جێی شانازییە كە(ماننا) كان حوكومەتی تاكیان رەد كردۆتەوە و بە راوێژ، شۆرا و تەگبیر حوكومەتیان كردووە. هەمو دەزانین لە رۆژگاری خۆیدا لە خوار حەوزە گەورەی بەر قەلای سەرداری بۆكان ئاو درگەیەكی بە ویشكە بەرد ساز دراو هەبووە و لەو سەردەمەیشدا لە شار لولەكێشی ئاو نەبووە و ئافرەتی كورد، كچان و ژنان لەوێ بە گۆزە و جەرە ئاویان بۆ ماڵە خۆیان بردووە و جاری وا هەبووە چەن كیژی عازەب بە جلكی نەخشین و رازاوە، هەر وەک(بوک) لەوێ كۆزیلكەیان بەستووە و بەتایبەت دوای جۆیخین و خەرمانهەڵگرتن لە پاییزاندا خەڵكی ئاواییەكان دەسیان كردوە بە ژنهێنان و بوکگوێزتنەوە و جاری وا هەبووە چەن بوكیان بە سواری یا پیادە بۆ سەیران بردۆتە سەر حەوزە گەورە: ئەو شوێنە پرئاوە و دەسیان كردوە بە شایی و هەڵپەركێ؛ بە شێوەی گەنموجۆ: دیارە لە هەر كوێ ئاو هەبێ ئاوەدانیش هەیە و لە كاتی ژنهێناندا كورد ئەوێی بە بوک ئاوەدان كردۆتەوە جا ئەوەیە لەنێو خەڵكدا بۆكان بە شاری بوک ناسراوە. دوریش نیە كە لە ناوی سەردارێكی مەغول گیرابێ و بەسەر ناوی (بۆكان) گوڕان رویدابێ و واژەكە سووا بێ، بەلام لە راستیدا ناوێ كوردی و ناوی سەردارێكی ماننایە. مستەفا كاوە لای وایە بۆكان ناوی كۆی ناسراوە لە ٢ بەشی بووە و ئەكان سازدراوە. بووە بە واتای

Dr.Saleh Ebrahimi



باب، بابە. ک نیشانەی مەعریفەیە، ان، نیشانەی کۆیە، باب، بابەکە، بابەکان، باوەکان. هەروەک دار، دارەکە، دارەکان(شەپۆل).

شاری بۆکان بە ٢/٤٥١کمـ ٢ پەرە دار، لە ئێران یەکێ لە ١٤ شاری ئازەربایجانی رۆژئاوا دانراوە کە لە باکورەوە بە میاندوئاو، لە رۆژهەڵاتەوە بە شاهێندژ(:ئەوکان)، لە باشورەوە بە سەقز و لە رۆژئاواوە بە شاری مەهاباد، لکاوە(نە شریە...) سەرژماری، نەتایج، نەخشە، ئامارنامە...، ٣٤). سیمینەچەم(تەتەهو: تاتەغتو) و چەمی بۆکان کە بە بۆکاندا تێ دەپەڕێ(بەدیعی، ١/ ١٦٥، دایرەتولمەعاریف...؛ ٢٦٧/١، جەعفەری روبارەکان...، ٢٨٦، هووەیدا؛ ١٥٧- ١٥٨)، لە ساڵی ١٣٥٠هەتاویدا لە ٣٦ کیلۆمیتری باشوری رۆژهەڵاتی بۆکان لە بەسێنی بان زەرینەچەم(جەغەتو) سەد و بەربەندێ ساز دراوە کە بە ناوی زەرینەچەمی بۆکان(لای دێی قەلەندەر، سارۆقامیش) ناو نادارە(نەجەفی، ٤٩٢- ٤٩٣، جەعفەری، هەر ئەوێ، ٢٥٠- ٢٥١، سەرژماری، ناسنامە، ٢٢). بەرزترین دوندی بەرزایەکانی بۆکان **دوندی تەرەغەیە**(٦٧٠، ٢) میترە. یەکێ تر لە دوندە بەرزەکانی ئەوێ کەڵتەگە، بناکیلە، تولەکە، چرش، بەردە زەد و ناڵە شکێنە) یە(ئەفخەمی، ٧٠/١، ١٧٢، جەعفەری کێوەکان، ٩٩، ١١٤، ١٦٨، ١٩٠، ٤٣٦).

لە ١٣٦٨ هەتاوی بەرامبەری تەسویب‌نامەی هەیئەتی دەوڵەتی ئێران، بۆکان لە بەشەوە، کرا بە شارستان(مەجموعەی قەوانینی...، ٤٧، ٧٦٨) حەشیمەتی ئەو شارستانە(بۆکان) بە زیاتر لە ٥٤١،١٧٥ کەس دانراوە(سەرژماری، نەتایج، سی‌ونۆ) هەندێ لە عیلی دیبۆکری، مەنگوڕ و فەیزوڵلابەگی لەم شارستانەدا دەژین(ئەفشار، ٧٥/٢، ٧١٧، فەرهەنگ...، ٩٨/٤) خەڵکی بۆکان بە زمانی رەسەنی کوردی کرمانجی باشوری(سۆرانی) قسە دەکەن(میرنیا، ١٦، کەڵباسی، ٢٤٩- ٢٥٠). شارستانی بۆکان خێوی دو بەشە بەناوی سیمینەو ناوەندی، ٧ دێهستان و ١٨٣ گوندی ئاوەدانی هەیە، کە خەڵک لەواندا نیشتەجێن. (ئامارنامە، ٢٢، ٢٤، نەشریە، هەر ئەوێ) دانەوێڵەی بۆکان بەتایبەت گەنمی بۆکان فرە بەناوبانگە و

Dr.Saleh Ebrahimi



چاکە(ئەفشار، ٨٧٤/٢، ٨٧٧). بۆکان دارای خاکی نەسووزە و کانی دیکەیشی هەیە(هەر ئەو، ٨٩٨/٢، جوغرافیا...، ٢٨١/١).

شاری بۆکان: ئەم شارە لە سەردەمی ناسرەدین شای قاجار، گوندێ گچکە بووە تا ٦٠ کەس لەوێدا نیشتەجێ بوون و یەکێ لە موڵکەکانی عەزیزخانی سەردار بووە(ئەفخەمی، ٦/١). لە ساڵی ١٣١٦ هەتاوی بە پێی قانونی دابەشکردنی وڵاتی ئێران ناوەندی بەشێ بەناوی بۆکان، کرایە تابیعی شارستانی مەهاباد (دانیشنامە...، ٦٢/٣) و بەرەبەرە حەشیمەتی ئەوێ روی لە زیاد بون کرد تا لە ١٣٦٨ هەتاوی بەناوەندی شارستانی، هەر بەو نێوە ناسرا(مەجموعە قەوانین هەر ئەوێ)، حەشیمەتی ئەم شارە لە ١٣٧٥ هەتاویدا بە ١٨٨، ١١٨ کەس دانراوە(سەرژماری، نەتایج، چل)- بۆکان بە کەش و هەوایێ مامناوەندی لە بەرزایی ١،٣٥٠ میتری کەف(:سەتح)ی زرێوار/دەریا، لە ٥٦ کیلۆمیتری باشوری رۆژهەڵاتی شاری مەهاباد و ٣٥ کیلۆمیتری شاری سەقزدایە. کەوتوتە نێوان ئوستانی ئازەربایجانی غەربی و کوردستان (بابیلی، ١١١، ئەفخەمی ٥/١، دایرتولمەعاریف هەر ئەوێ، جوغرافیا، ٢٦٧/١). لەم شارەدا سەرچاوەی ئاوێک بەناوی حەوزەگەورەی بۆکان هەیە و ئاوەکەی بو خواردنەوە بە کار دەبرێ(ئەفخەمی ١٧٦/١-١٧٨، بەدیعی، ٢٠١/١، ٥٣٣/٣، زیندەدڵ، ١٤٦/٢، ٥٤٤). لە ڕابردودا باغی گەورە و سەوز و پڕدار، دەوری بۆکانی هەر وەکو نگین لە ناڤینی خۆی گرتبو دەشگونجێ لەبەر ئەوەی بۆکان بەو دار و باغانەوە دەتکو بوکی رازاوەیە، هەر بۆیە بە بۆکان ناو براوە(ئەفخەمی، ٦/١، ١٩).

**پێشینەی مێژویی**: تا بەر لە دەورەی قاجار لە ئێراندا ناوێ لە بۆکان لە سەرچاوەکانی تاریخی و جوغرافیاییدا نەبیندراوە، بەڵام لێکۆڵینەوەی کەوناراناسان مێژوی ئەم ناوچە دەگەیینە هەزارەی بەر لە زایین(ئە فخەمی، ١٥/١- ١٧). شوێنەوارێ کە لە قەڵا و دژی قەڵایچی لە ٧ کیلۆمیتری بۆکان دۆزراوەتەوە، مێژوکەی دەگەڕێتەوە بۆ ٢٨٠٠ساڵ بەر لەمرۆ(٢٠٠٧/١٠/٢٠ز) لە ڕاستیدا ئەمە

Dr.Saleh Ebrahimi



خۆی نیشانەی ئەوەیە کە ئاوەدانی و شارستانی و ژیاریّ فرە گرینگ و لەبەرچـاو، لەم مەڵبەندەدا هەبووە و هەیە و بە ئاشکرا دیارە کە ئەم ناوچەیە ***ناوەندی دەوڵەتی ماننا بووە،*** تەنانەت هەندیّ لایان وایە ئەوەی مێژوزانان یۆنانی بۆ وێنە، هێریدۆت لە پەسنی ئیکباتانا نوسیویەتی لەوە دەچیّ لەگەڵ قەڵایچی بۆکـان یـەک بگرنـەوە یانی: هەر دژی قەڵایچی بیّ(پیدرام، ٢٤، ٣٠، ٣٢) باشە ئەوەش بزانین توێژینەوەی ساڵەکانی ١٣٦٤و ١٣٦٩ی هەتاوی لە **ئاوایی قەڵایچی کەتیبـەیـەک بـە خـەت و زمانی ئارامی کۆن دۆزراوەتەوە کە تاریخەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ٧١٦ بەر لە زایین** واتای کەتیبەکە بە رەسمی ناسـینی فـەرمانـڕەوایـی تـاج و تـەختـی منناکـان بـە هۆی(خودای مەعبەدی پاشایی) و هەروا ئاماژەیە بۆ بەردەوامی حوکمرانی ئـەوان لەم خاک و نیشتمانەی کوردەواریەدا(بەشاش، ٢٥- ٣٩)، ناونیشان هـەیـە کـە بـە ئاشکرا دەری دەخا کە وارگـە و سـەرزە وی منناکـان خـاکی ورمـیّ و باشـوری دەریاچەی چیچست، تا سنوری سنە و بیجاری ئێستا درێژ و پـەردەدار بـووە، کـە هەموی ئاوەدانی و نشینگەی مرۆڤ بووە و بۆکانیشی لە باوەشدا بووە(پیدرام، ٥٦، ٣٠ نیاکان، ١٦٦). — ئەم ناوچە و سەرزەویە بارێکی فرە پرهەست و حـەسـساسی بووە، چونکا لەنێوان دەوڵەتەکانی ئاشور و ئورارتو و مـاد سـەقـامیگر ببـووە، جـا هەروا لەبەر ئەوە منناکان مەجبور بون سپای پێشمەرگەی خۆیان لەملا بـۆ ئـەولا بەریّ بکەن. بەدەس هێرشی ئەو حوکومەتانـەوە گیریـان خواردبـو(هـەر ئـەویّ) ئەوەی کۆنەناسان لەم ناوچە پە یدایان کردون، ئەمە رون دەکاتەوە کـە سـەرزەوی بۆکان لە دەورەکانی دواییشدا ئەو گەڕاندنەی سپای پێشمەرگە لەم چیا و سەنگـەر بۆ سەنگەریّتر لەبـەر چـاو گیـردراوە و پارێزگـاری لـیّ کـراوە و لـە رۆژگـاری ئەشکانیان و ساسانیان لەم ناوچە بەنێوی پادەگان و بنکە و پێگەی سپا و شەڕوانان کەڵکی لێوەرگیردراوە(ئەفخـەمـی، ١٥/١).- لـە تـاریخی ئـەم ناوچـە لـە دەورەی هێرشی عارەب و ئیسلام ئاگاداریەکی روناکی ئەوتۆ لەبەر دەسـا نیـە بـەڵام بـە وردبونەوە لەوە کە بۆکان لە نێزیکی شیز(تەختی سولەیمانی ئەمرۆ) دایە و گرتنـی

Dr.Saleh Ebrahimi



شێز لە ٢٢مانگی و ٦٤٣ زاینی روی داوە. ئەو ناوچەش هەر وەکو ناوچەکانی دیکەی ئازەربایجان دەبێ هەر لەو مێژوەدا کەوتبێتە بن دەس ئیسلام(بلازەری، ٤٥٥- ٤٥٧، تەبەری، ١٥٣/٤، ١٥٥، کوڕی ئەسیر، ٢٧/٣). لە رِوداوەکانی تری مێژینەی ئەم بەشە لە کوردستانی رۆژهەلاٚت لە دەورەی ئیسلامی ئاگاداری کەمتر لەبەر دەسایە و لە سەرچاوەکانیش لەم بار و بابەتەوە ئاگاداری‌یەکی گرینگ نابیێندرێ، بەلاٚم ناو یا نیشانی مەغولی کە بەسەر نوختەنوختەی جوغرایی و هۆزەکانی ناوچەدا سەپێندراوە، هەروا بەسەر زمان و زاری خەلکی موکری‌دا ماوە، ئەوەیش خۆی نیشانی دەسەلاٚتداری موغول و مانەوەی دور و درێژی ئەوانە لەم ناوچانە و لە بۆکاندا(مینورسکی، ٧٥- ٥٨ )«**کە بەداخەوە کورد، لەبەر ئەوەی هەمیشە لەبن دەسەلاٚتی نامۆدا بووە نەی‌پەرژاوە ئەو ناوە (مەغول)یانە بگۆڕێ و بیان هێنێتەوە سەر زمانی شیرینی کوردی**»، (شەپۆل). لە ئاخری سەدەی ٩ مانگی **سەرۆکی بنەماڵەی حاکمانی خانەدانی موکری سەیفەدین‌خانی موکری، کە بە رەگەزەوە گڕی دەچێتەوە سەر پاشاکانی بابان**(هـ.م)- ناوچەی ئاختاچی(یەختەچی) و ئێل تەیمور(یەلتەمر) لە دێهستانی شاری ئەمڕۆی بۆکان بووە و کراونەتە بەشی سەرزەوی تابیعی بۆکان، ئەو ناوچانە لەبن دەسەلاٚتی ئەودا بووە، بەلاٚم شا ئیسماعیل صەفەوی(حکـ٩٠٧- ٩٣٠مانگی و ١٥٠١- ١٥٢٤ز) چەن جار شلێنگی لە خۆ داوە تا بەلکو دەسەلاٚت بە سەر ئەواندا پەیدا بکا، بۆیی نەلواوەو سەرەنجام صارم‌خان، کوڕی سە یفەدین خان، چووە بن ئیتاعەتی سوڵتان سەلیم عوسمانی(حکـ ٩١٨، ٩٢٦مانگی و ١٥١٢- ١٥٢٠ز) تا خۆی لە شەڕ و شۆڕی صەفەوی رزگار بکا(بدلیسی، ٣٧٢، ٣٧٤؛ مەردوخ، ٣(٢)/٣٧١- ٣٧٢؛ نیکتین، ٣٥٥؛ نەشریە، ٥). لە رۆژگاری نیشتەجێی بوونی بنەماڵەی موکریان لە ناوچەکانی سەر بە بۆکانی ئەمرۆ، دەکرێ بلێین: ئەم مەلبەندا نە، بەلانی کەم لە ئاخری سەدەی ٩ مانگی وارگە و نشینگەی ژیان و ئاوەدان بووە، بەلاٚم لەبەر ئەوەی هۆزەکانی موکری کۆچ‌نشین بوون، هیچ کاتێ ناوەندێکی گەورەی تەژی لە

Dr.Saleh Ebrahimi



حەشیمەتیان پێکەوە نەناوە و لە بیری ناوەندی گەورەی شار بۆ نیشتەجێ‌بون، نەبون و لەم بەشە شارێ گەورە و پڕحەشیمەت بە دی نەهاتووە(مورگان، ٤٦). بەڵام لەم سەردەمەدا یانی لە ۲ ئوکتوبری ۲۰۰۷ز- بۆکان زیاتر لە دو سەد هەزار حەشیمەتی هەیە و کوردن.

بۆکان لە سەردەمی قاجاردا گوندێ بچوک بووە و خانوبەرەکانیشی بچوک و گڵین بووە و تەنیا کانی و چاوەیێ ئاو، لەو دەورە هەبو(ئەفخەمی، ۱۹/۱) و **گرینگی شاری بۆکان بەو هۆیە بووە، کە هی خانەدانی عەزیزخانی سەرداری موکری بووە و قەڵای سەرداری لێ ساز دراوە**(پێویستە بزانین کە سەردار عەزیزخان فەرماندەی کوللی قوای ئێران بووە و لە تاران ئاو سەردار و چوار ڕێی عەزیزخان بەناوی ئەو کوردەیە و خانووبەرەی عەزیزخان سەردار لە نێزیک چوار ڕێی شەقامی حافیز و شەقامی شا(:کۆماری جمهوری ئیسلامی ئێستا) کە کەوتۆتە باکوری شەقامی شا. تا دەرکردنی حەمەڕەزا پەهلەوی و چەن ساڵ دوای ئەوەش بوکڵە و موجەسەمەی مرۆڤێ بە جلک و لیباسی کوردی‌یەوە لەسەر دەروازەکەی چەقا بوو لە کاتی خۆیدا لە سەرە خۆشی‌یەکەی سوارەی ئیلخانی زادەی شاعیری نوێخوازو ناسکخەیاڵ کە لە تاران بۆی دانرابو، عەرزی جەنابی قاسماغای مامی کاک سوارەم کرد تا ئەو خانوبەرەی سەردار عەزیزخانی موکری بەڵایەکی بەسەر نەهاتووە و پاسدار بوکڵەکەیان نەشکاندوە، بە هاواری بگە و بە خێری خۆت و مەرحومی حاجی بایزئاغای باوکت بیگرە دەس و بی‌ڕازێنەوە و بیکە بە نوسینگەی زمان و فەرهەنگی کوردی و بەناوی ئاسەواری کەونارا لەدەس نەزان کار و نامۆ رزگاری بکا، و تا ئەبەد کە خزمی خۆشتانە ناوی هەر دو بنەماڵەی وەک یادگار، لەسەر دەمێنێ، زۆر بە ڕوخۆشیەوە بەڵێنی دا، بەڵام نازانم بۆ ئەو کارە گەورەیەی ئەنجام نەدا کە بۆ ئەوان فرە ئاسان و مەیسەر بو — بۆ زانین کاکا سوارە لە ۲۲ گەلارێزانی ۱۳۵۵ هەتاوی و ۱۹۷۵ز لە تاران لە بیمارستانی میساقیە لە بارگەی بەرەولای خوا تێکناوە و من کە زانینخواز بوم لە زانکۆ لە تاران

Dr.Saleh Ebrahimi



و لە رادیۆ کوردی، لەگەڵ ئوستاد، دوکتور محەمەد صدیق موفتی‌زادە و ستودە (سەید برایم) لە کومەیتەی هاودەنگی بەرنامەکانی رادیۆ کرماشان، سنە، مەهاباد و و ورمێ لە تاران لە ١٣٤٣وە کارم دەرکد و دوای ماوەیەک ماموستا رۆژبەیانی و کاک سوارەش هاتنە رادیۆ کە ئەودەم لە مەیدانی ئەرکی تاران بو و سەرۆکی بەرنامەکان ئاغای زەعفەرانی بو، بەڵام لە دواییدا بەرنامەی کۆمەیتەی کوردی چووە شەقامی جوردەن و میرئافتابی نێوێ بووە رەئیسی ئەوی و ئەو لە تاران لە مزگەوتی ئەلجەواد پرسەی بۆ کاک سوارە دانا و قاسماغای مامی لەو پرسە بەشدار بو بە منی وت پێم خۆشە بێمە رادیۆ لە میرئافتابی سپاس بکەم. منیش عەرزی دوکتور موفتی‌زادەم کرد ئەویش رۆژ چاوپێکەوتنی بۆ وەرگرت و کاتێ قاسماغا هاتە دیدەنی میرئافتابی من بە میرئافتابیم وت ئێمە کە قاسماغامان خۆش دەوێ زیاتر لەبەر ئەوەیە کە حاجی بایزاغای باوکی و مەحموداغای مامی لە دێهاتی خۆیان حوجرە و فێرگە و مەلای مودەریسیان هەیە و خزمەت بە عیلم و عولەما دەکەن کە هەر حوجرەیەک کە حوجرەی گوندەکانی ئەوان لە راستیدا زانستگەیەکی ئیلاهیاتە کە من و دوکتور موفتی‌زادە و ... لە حوجرەی مزگەوتی ئەوان پێگەوین. میرافتابی هەستا چو باوەشی بە قاسماغادا کرد و ئەونەتر رێزی گرت. جا دوای ئەو دیدارە، من عەرزی قاسماغام کرد ئاگات لە ماڵی عەزیزخانی سەردار بێ(شەپۆل). لە شاری تاران لەو لای کەرەج دێێک بەناوی کوردان و لەم لای کەرەج بۆ تاران پردێکی کۆن بەناوی کوردان هەیە. ئەوین دەرکە واژەیێ کوردی‌یە، لای باکوری رۆژئاوای تاران رەسەدێ دانراوە بەناوی ئەورەحمان خازەنی کورد، پارکی لالە لە باکوری بلواری کەشاوەرز لە بەرا بە مەیدانی جەلالیە، کە یادگاری هۆزی کوردی جەلالی‌یە و لەوێدا مەشقی ئەسبدەوانی و جلیت بازی‌یان کردوە بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشی ئوزبەک بۆسەر ئێران، بلواری کەریمخانی زە ند و مەیدانی وەنەک دیارە(وەن، بەن دارە بەن- کوردیە و فارس واتاکەی نازانێ)- ئەوین دەرەکە واژەکە کوردی‌یە و بە واتای

Dr.Saleh Ebrahimi



عەشق و ئەوین دەردەکا) فارس واتاکەی نازانێ- لە لای تاران پارسەوە، بەرەو باکور هەوازێک هەیە فارس بە(هەزار) ناوی دەبا کە هەر هەورازی کوردییە، هەر لەوێ لەنێو شاخە بەردینەکاندا جێیێ هەیە بەناوی(پلور) کە بەواتای خەڵیف: کەندوی زەنبوری عەسەلە، کە فارس واتاکانی نازانێ کە لە کوردیدا هەم(خەڵیف) و هەم(پلور) هەیە کە بە(پلورە)ش دەخوێندرێتەوە، بەڵام (پلورە) واژەی لێکدراوە و مورەکەبە لە پلورو(ە): موسەویستی غەیرە مەلفوزی، غەیرە چەسپان، کە نیشانەی نیسبەتە و(ە): سەوتە، دەنگە، حەرف و پیت نییە و هەروا لەولای کەندوان شوێنێ هەیە کە بەناوی(ئاو ئاسک) کە فارس واتای ئاسک نازانێ کە لە کوردیدا(ئاسک، ئاسکۆڵ، مامز و کارمامز) هەیە و لە فارسیدا(ئاهو) بەکار دەبەن- ئێمەی کورد، دەڵێین(ئاو، لێو، سێو) فارس ئاب، لب و سیب بەکار دەبەن دیارە(ئە لبورز) کوردیە و ناوی سەردارێکی مێژویی کوردە، هەر وەکو بابەک و دژ و قەڵای بابەک، کەهی کوردین، بڕوانە: ڕۆژنامەی سیروان ژمارەی ٢٧٨ ساڵی حەوتەم ٢٣ی جۆزەردانی ١٣٨٣، پەرەی ١٠- بەقەڵەمی (شەپۆل). چبکەم بە بۆنەی ئاوسەردار و... ئەم ناوانەشم لێرە گونجاند هەر چەند دەشێ بڵێین نەگونجاوە و لە خونجاوە(شەپۆل) وتمان گرینگی بۆکان لەبەر بوونی بنەماڵەی سەرداره لەو شارە(١٢٠٧- ١٢٨٧ مانگی و ١٧٩٣- ١٨٧٠ز) جا دوای وەفاتکردنی سەردار عەزیزخان کوڕەکەی سەیفە دین خان(١٢٧٨- ١٣٠٨ مانگی و ٨٦١- ١٨٩١ز) کە لەو سەردەمەدا منداڵێ بووە کە لە جێی سەردار عەزیز خانی باوکی دانراوە و دایکی کە سەرپەرەست و بڕیکاری بوو لە منداڵی و میرمنداڵی ئە و بە قازانجی خۆی کەڵکی وەرگرتووە و لەو کات و سەردەمەیوا سەیفەدینخان خۆی ناسی لە ٨٠٠ پارچە ئاوایی ماڵە باوکی تەنیا بۆکان بۆ (سەیفەدینخان) مابۆوە و لەو ڕۆژگارەدا بۆکان بە ناوی ناوەندی فەرمانڕەوایی موکریان نەخشێ فرە گرینگ و بەرچاوی سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی زیاتری هەبووە(مورگان، ٤٣؛ ئێرانیکا).

Dr.Saleh Ebrahimi



**سەرچاوە:** ئامارنامەی ئازەربایجانی غەربی(١٣٧٣هەتاوی) سازمانی بەرنامە و بوودجەی ئوستانی ئازەربایجـانی غەربی، تاران ١٣٧٥ هـەتـاوی، کـوڕی ئـەسـیر ئەلکامیل؛ ئەفخەمی، ئیبراهیم، تاریخی فەرهـەنـگ و ئـەدەبـی موکریـان(بۆکـان)، تەورێز، ١٣٦٤هەتاوی، ئەفشار سیستانی، ئیرەج، نیگاهی بە ئازربایجـانی غـەربـی، تاران، ١٣٦٩، بدلیسی، شەرەفخان، شەرەفنامە، بە کۆشـشی محـەمـەد عـەبباسـی، تاران، ١٣٤٣، بەدیعی، رەبیع، جوغرافیای موفەسەلی ئێران، تاران، ١٣٦٢، بورهـان قاتع، محەمەد حوسێن بن خەلف تەورێزی، بە کۆششی محەمـەد مـوعین، تـاران، ١٣٦١، بەشاش کەنزەق، رەسول«قەرائەتی کامیلی کەتیبەی بۆکـان»، مـەجموعـەی مەقـالات، ئـەوەڵـین کۆبونـەوەی زمـان، کـەتیبـە و دەق و متـونی کۆنـە، تـاران، ١٣٧٥هەتاوی، بلازەری، ئەحمەد، فتوحولبولدان، بە کۆششی عـەبدوڵـلا ئـەنـیس تیباع و عومەر ئـەنـیس تیبـاح، بێـروت، ١٤٠٧مـانگی و ١٩٨٧ز، پـاپلی یـەزدی محەمەد حەسەن، فەرهەنگی ئاوایی‌یەکان و شوێنی مـەزهـەبـی وڵات، مـەشـهەد، ١٣٦٧ هەتاوی، پێدرام(زۆزان)، مـەحمـود تـەمـەدونـی مـەهابـاد، تـاران، ١٣٧٣، تەوەکوللی موقەدەم، غولام‌حوسێن، وەجهی تەسمیەی شـارەکـانی ئێـران، تـاران، ١٣٧٥، جەعفەری، عەباس، روبار و رۆژنامەکانی ئێران، تـاران، ١٣٦٧، هـەر ئـەو، کێو و کێونامەی ئێران، تاران، ١٣٦٨، جوغرافیایی کاملی ئێران، وەزارەتی فێرکـردن و بارهێنان، تاران، ١٣٦٦، دانیـشنامەی جیهـانی ئیـسلام، تـاران، ١٣٧٧ هـەتـاوی، دایەرەتولمەعاریفی فارسی، زیندەدڵ حەسـەن و هـی‌تـر، مـەجموعـەی رێنـوێنی جامیعی ئێرانگەڕی (ئوستانی ئازەربایجانی غـەربـی) تـاران، ١٣٧٧، سـەرژمـاری گشتی نفوس و مەسکەن، ١٣٧٥، ناسنامەی ئاوایی‌یەکانی وڵات، شارستانی بۆکان، ناوەندی ئاماری ئێران، تاران، ١٣٧٦، هەر ئەوێ، نەتـایجی تـەفسیلی، تـەبـەری، تاریخ، فەرهەنگی جوغرافیای ئێران(ئـاوایی‌یـەکـان) ئوسـتانی ٣و٤(ئازربایجـان)، دایرەی جوغرافیای ستادی ئەرتەش، تاران، ١٣٣٠، کڵباسی ئێران، فیعل لە گویشی کوردی، مەهاباد، سێوەمین کونگرەی تەحقیقاتی ئێرانی (٢٥ خەتابە) بـە کوشـشی

Dr.Saleh Ebrahimi



محەمەد رەوشەن، تاران، ١٣٥١، هەتاوی،ج٢، لوغەتنامەی دێهخودا، مـەجموعـەی قەوانین و موقەرەراتی پێوەند بـە وەزارەتـی نێوخـۆ، تـاران، ١٣٧٠، بابـا مـەردۆخ ڕۆحـانی، تـاریخی مـەشـاهیری کـورد، بـە کۆشـشی ماجـد ڕۆحـانی، تـاران، ١٣٧١هەتاوی، مورگان ژاک، جوغرافیای غەربی ئێران، تەرجەمەی کازم وەدیعـی، تەورێز، ١٣٣٩، میرنیا عەلی، عێل و تایفەی هوزەکانی کورد، ئێران، تـاران، ١٣٦٨، نەجەفی یەدوڵڵا، جوغرافیای گـشتی ئوسـتانی کوردسـتان(سـنە)، تـاران، ١٣٦٩، نەشریەی دەفتەر(نوسینگە)ی تەقسیماتی وڵات، بریکاری سیاسی و کۆمەڵایـەتـی وەزەراتی نێووڵات، تـاران، ١٣٧٩، ژمـارەی ٢، نیاکـان، لـەیلـی «خولاسـەیـێ لـە موتالەعاتی فەنی، خشت: ئاجورەکانی بۆکان، باستان ناسی و هونـەری ئێـران، بـە کۆششی عەباس عـەلیـزادە و هـی‌تـر، تـاران، ١٣٧٨، نیکیتـین واسـیلی، کـورد و کوردستان، تەرجەمەی محەمەد قازی، تاران، ١٣٦٦هەتاوی، هـووەیـدا، ڕەجـەب، جوغرافیای تەبیعی ئازەربایجان، تەورێـز، ١٣٥٢، هـەروا .iranica minorsky v mon ٨٠١ place-names in mukri Kurdistan bulletin of the school of oriental and ofrican studies, London,١٩٥٧,vol xix کـەریـم شەریعەت، دایرەتولمەعـاریفی بـوزورگی ئیـسلامی ج١٣ تـاران ١٣٨٣ هـەتـاوی پەڕەی ٣٤ تا ٣٣ (شەپۆل)

بۆکان واژەیەکی لێکدراوە و مورەکەبـە لـە (بـۆ) کـە (بـەغ) بـووە، کـان کـە نیشانەی مەکانە یانی جێی بەغەکان.

بۆکان لە کۆنەوە جێی هـۆزەکـانی نیـشتەجێـی زنجیـرە چیاکـانی زاگـرۆس (زگروتی) بووە- کۆنترین ئاسەوارێ کە تا ئێـستا لـەم شـوێنەدا بـەدەس هـاتووە، باقیماوە و بەقایای دەورەکانی نئولتیک، دالما و کلکولتیک کە ئەو شوێنەوارانـە لـە تەپۆڵکی دێی تورکمانکەندی (نئولتیک- کلکولتیک) تەپەی دێی- ناچیت- و دێی قەرەکەند (ڕۆژگاری برێنز) و گردەشین (هەخامەنشی) و گرد تەپـە( ئـەشـکانی و

Dr.Saleh Ebrahimi



ساسانی) بەدەس هاتوون. پەرەداری شوێنەواری بۆکان تا سەدەی ٣ و ٤ مانگی و دەورەی قاجار دەروا.

پان و بەرینانی خاکی کوردستان زیاتر لە ٤٠٩٦٥٠ کیلومیتری چوارگۆشەیە (گراهام لێکۆڵەری غەربی بە ٥٠٠ هەزار کیلومیتری چوارگۆشەی داناوە) کە ئەم خاکە لە هی گشت وڵاتانی ئینگلیس، هولەند، سوئێد، بلژیک، دانمارک و سویس فرەتر و پان و پۆرترە، نەتەوەی کورد ئەسڵترین و رەسەنترین نیژادی رۆژهەڵاتی ناڤینە و کۆنتر لە نەتەوەی کورد لەم رۆژهەڵاتی ناڤینەدا نابینـدرێ (مینورسکی). کورد و ماد یەکەمین نەتەوە بون کە یەکەم ئیمپەراتوری شورایی و راوێژکاری‌یان بەدیهێناوە و دەوڵەتی پاشایی ماد کە لە (٧٢٧ تا ٥٥٠ بەر لە زایین) بەردەوام بووە. (هێریدۆت، کتێبی ١ بەندی ٦٩). لە **پەسەندی بوێری و کارزانی ماد**، نوسیویەتی: ئاسۆریان ٥٠٠ ساڵ لە ئاسیای خۆراوایی‌دا فەرمانڕەواییان کردوە، یەکەم نەتەوەیەک کە بۆ ئازادی و سەربەخۆیی **خۆی راپەڕی و فرە بوێرانە و لە کارزانایانە** لە راست ئاشوریان راست بوونەوە و بونە سە رمەشق بۆ خەڵکی و گەلانی دیکەش، **نەتەوەی ماد بوو**، کە لە ٧٢٧ ئیمپەراتوری ماد، کوردیان ساز داو تا ٥٥٠ ساڵ بەر لە زایین هەر بەردەوام بوو (دیاکۆنۆف. ا.م تاریخی ماد، پەڕەی ١٦٨).

دوای ئیپەراتوری پاشایی زنجیرەی ماد، هەخامەنشی، ئەشکانی و ساسانی لە ئێرانی ئەو رۆژگارانەدا حکومەتیان کردوە، کە کوردەکان بەشێ فرە گەورە و گرینگی بەرچاویان لە حکومەتی ناوەندی ئێرانیاندا بەدەس بووە. بۆ وێنە ٧ **خانەدانێ کە داریوشی گەورەیان گەیاندە پاشایی کوردانی زەنگەنە بون** و ٧ خانەدانی رۆژگاری ئەشکانی بە پێی نوسینی کتێبی ئەسماء یوشی ٧ خانەدانی کوردی زەنگەنە بون (ئێرانمێهر پەڕەی ٦٦ و ٦٩ ژمارەی ٣٠ و ٣١ و ٣٢ مانگی بەفرانبار و رێبەندان و رەشەمەی ١٣٨٥ و ٢٠٠٧/٣/٢٠ ز)

Dr.Saleh Ebrahimi



مێژوو نوسیویەتی کە **ساسانیان لە تایفەی شوانکارەی کوردن، لە ئاخری صەفەویانی کورد کە لەبەرا سوننی مەزهەب بون شێخ عەلیخان زەنگەنە سپاسالاری ئێران بووە.** وە زیاتر لە ۳۰ ساڵ سەدر ئەعزەمی شا سلێمان سەفەوی بووە و لە مرۆڤە ناودارەکانی سیاسی مەشروتەی کرماشان و کوردستان ئەکرێ ناوی ئەمانە بێنین: رەشیداغا، محەمەداغا، نەزەر سوڵتان، ئەکبەر بەگ، ئەبولحەسەن سەنجان زەنگەنە و ... ،ئوستانەکانی کرماشان، ئیلام، کوردستان، لورستان، ئازەربایجانی غەربی، هەمەدان زۆربەی گوند و ئاوایی و شار و شارستانەکانی ئەوانە و ئوستانی هەمەدان خاکی کوردستان و ناوچەی کوردنشینن، بێجگە لە زاگرۆس کە جێی سەرهەڵدان، وارگەو نشینگەی نەتەوەی کوردە، کورد لە خۆراسان، گیلان، مازەندەران، ئوستانی تاران، قوم، قەزوێن، رودبار، عەمارلو، حەسەن کێف، کوردیچاڵ و ...، سیستان، بلوچستان، کرمان، فارس، وەرامین، خوارو ... و خوزستان نەتەوەی کورد نیشتەجێن (پەڕەی ٦٦ ئێرانمێهر، هەر ئەوێ).

دوای هێرشی ئەڵمانی نازی بۆ سەر خاکی روسیە، کە سەرەنجام ئەڵمان تێشکا، ئینگلیس و شۆرەوی لێبران ئێران داگیر بکەن. ئینگلیس کە زانی رەزاشا لەگەڵ ئەڵماندا پێوەندی هەیە، هێرشیان بۆ سەر ئێران بردو رەزاشایان شاربەدەر کرد بۆ ژوهانسبورگ و لە ۱۹٤۱ ز- شۆرەوی و ئینگلیس ئێرانیان لە باکور و باشورەوە لەنێوان خۆیاندا، دابەش کرد.

ئێمە باش دەزانین تا ئاخری قاجار ئەیالەتی کوردنشین لە ئێراندا، دارای خودموختاری و ئازادی ئەیاڵەتی خۆیان بون و هەموو کار و باری ئەیاڵەتیشیان بەدەس رابەران و حاکمانی کورد ئەنجام دەدران. تەنانەت بە دەوڵەتی ناوەندی ماڵیاتیشیان نەداوە و دەوڵەتی ناوەندی سەریان نەخستۆتە سەر، حاکمانی ئەیاڵەتی کوردنشین بەڵام لە جەنگی هێرشکارانی بێگانە بۆ سەر ئێران خۆیان بە وێنەی سەربەخۆ دەچونە مەیدانی جەنگ، بۆ **بەرگیری کردن لە هێرشی بێگانە بۆ سەر**

Dr.Saleh Ebrahimi



**ئێران.** حکومەتی ولاّتی ئەردەلان، حکومەتی زەنگەنە، لە ولاّتی کرماشان، ئەبو قەدارە لە پشتکۆ (ئیلام) لە کوردستانی ئێران نمونەیێ تەواو لە حکومەتی ئەیاڵەتی خودموختار و ئازاد، بون کە وەفادار بە ئێرانیش بون. کاربەدەستانی حکومەتی ئێران کە هەمیشە سەبارەت بە کورد زۆر ویژ بون، کوردەکانیش بە دژیان راپەریون، کوردەکان لە بزاوی خۆیاندا ویستویانە لەگەڵ ئۆپۆزیسیونی ئێرانی هاوکاری بکەن، هەروەکو یار محەمەدخانی کرماشانی، حسێن‌خانی کولاهی و هۆزی ناوداری زەنگەنە و رابەرانی شەهیدی زەنگەنە، کەسێ وەک حسێنخان ئەعزەم دەولە حکومڕانی کرماشان و کوڕە بوێرەکەی حەیدەرخان فەخیم سەڵتەنە، کە مەشروتەویستانی یەکدەخست کە کرماشان لە رابەرایەتی کردن لەگەڵ دژ و دژانی مەشروتەخوازان و دژی لەگەڵ سالاردەوڵە و زاڵمان و مارزاندا، فرە تاریخی و بەرچاو بووە. سازدانی دەوڵەت لە کرماشان بەهۆی روناکبیرانی کورد لە کرماشان فرە گرینگ بووە(٦٧ ئێرانێهر هەر ئەوێ)

هاوکاری رابەرانی موجاهیدینی کورد، کەریمخانی کورد و براکەی بابا مراد، میرزا مراد و زەکی و قازی محەمەد، خانی زەنگەنە لە بزاوی میرزا کوچک‌خانی جەنگەڵ.

راپەڕینی کوردەکان بەهۆی سەرۆک هۆز و شێخ و مەلا و مرۆڤە دیندار و ژیر و نەتەوەویست و لە کارزانەکان لە ناوچە کوردنشینەکاندا تا ئەم سەردەمەیش هەر بەردەوام بووە، تا مافی رەوای خۆیان بەدەس بێنن و لە بن دەس زاڵمان و داگیرکەران خۆ رزگار و ئازاد بکەن، بەلاّم لەبەر نەبونی یەکیەتی و یەکبونی نەتەوەی کورد و پرش و بلاّویان و نەبونی پشتیوانی سیاسی، ناوچەیی و ناوگەلانی و بەرتەسک بونی راپەڕێن و بزاڤەکانی، نەتەوەی کورد، تێشکاوە، هەروەکو راپەڕینی بەدرخان پاشا، یەزدانشیر، شێخ رەزا درسیم، راپەڕینی مەلیک غازی شێخ عوبەیدیلای نەهری شاهی شەمزین، شێخ سەعید پیران، شێخ عەبدولقادر بن شێخ عوبەیدیلا نەهری و بەدرخانەکان لە دەیەی ١٩٢٠ ز،

Dr.Saleh Ebrahimi



سمکۆی مه زن، شێخ عەبدوسەلام بارزانی، ئیحسان نوری پاشا، مەلیک مەحمود بەرزەنجی حەفید، پێشەوا قازی محەمەد، کۆماری کوردستان لە ١٩٤٦ زایینی لە شاری مەهاباد، مەلا خەلیل مەنگوڕ گۆرامەری، راپەڕینی عەلی قولی خان سارم سەڵتەنە، کوڕی والی پشتکۆ ئەبوقەدارە کە ساڵی ١٩٢٤زاییی کە لە پاشان بە جەنگی «رونۆ» ناودار بوو، راپەڕینی ساڵی ١٩٥٤ زایینی جوانرۆ، سەرهەڵدانی هۆزەکانی ناوچەی هەورامان بەسەرکردەیی مەحمود خان دزڵی و محەمەد ئەمین لهونی، تەواوی ئەو راپەڕینانە بۆ ئازادی کورد بووە تا کوردیش هە روەکو باقی گەلانی دیکە ئازاد و سەربەخۆ بێ و دەوڵەتی کوردی تایبەت بەخۆی هەبێ.

لە ساڵی ١٩٤١ز- چەن کەس لە خەمخوارانی کورد، کەسانێ وەک حسێن زێرینگەران و روناکبیرانی کورد لە شاری مەهاباد کۆمەڵەی (ژێکاف)یان دامەزران، کە لە ماوەیەکی کەمدا کوردستانی تەنیەوە و کوردستانی باکور و باشوریشی گرتە باوەش، سروشتی (ژێکاف) فرە قەوی و لە کارزانانە بوو مەرجی ئەندام بونیش، ئەوە بوو کە لە دایک و باوکی کورد بن. دیارە کەسانێ کە دایکیان ئاشوری بوایێ وەردەگیرا و ئەمەیش خۆی پێوەندی‌یەک کە ئەمڕۆ لەنێو ئەم دو قەومەدا دەبیندرێ ئاشکرا ی دەکا (وتاری ئارچی رۆزوێلت (کوڕ) ٣ی ژوئیەی ١٩٤٧ گۆڤاری میدل ئیست ژۆرناڵ (رۆژهەڵاتی ناڤین) لە بابەت کۆماری کوردستان لە مەهاباد، ئەوەیە کورد فەرمویەتی: (کورد و ئەرمەنی پس‌مام و ئامۆزان)

هەروەکو مێژو نوسیویەتی دوای ئەوەی قازی محەمەد بەناوی (بینایی) بووە ئەندامی (ژێکاف) لە ٢٥ی مانگی گەلاوێژی ١٣٢٤ هەتاوی ١٩٤٥ز- قازی محەمەد ژێکافی بەناوی حیزبی دیموکرات ناو نا، کە ژێکافیش هەر لە ٢٥ گەلاوێژدا دامەزرابوو. نەتەوەی کورد کە لە رێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ و ٢٢ ژانویەی ١٩٤٥ ز کۆماری کوردستانی لە چوارچرای شاری مەهاباد، بە پێشەوایی قازی محەمەد راگەیاند، **زمانی کوردی کرایە زمانی فێرکردن و بارهێنان** کە تا ئەو سەردەمە لەلایەن رەزاخانەوە زمانی کوردی قەدەغە کرابو. گۆڤاری نیشتمان،

Dr.Saleh Ebrahimi



ڕۆژنامەی کوردستان و ... بە زمانی کوردی چاپ و بڵاو دەکرایەوە تا زیاتر پەرە بە زمانی کوردی بدرێ. مەلا مستەفا بارزانی کە لەو سەردەمەدا لە کوردستانی باشور بەدژی حکومەتی عەرەبی عیراقی کە دەس‌نیشانی ئینگلیس بوو، ڕاپەڕی بوو تا مافی ڕەوای نەتەوەی کورد دابین بکا، کە زانی وا دەرەتانێ لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا هاتۆتە پێشەوە، بەزیاتر لە دەهەزار خانەوادەی بارزانی و پەیڕەوانی خۆی بۆ یارمەتی‌دانی کوردی ئەم دیو، هات بە کۆمەگی کۆماری کوردستان لە مەهاباد و ئەوە بوو کە لە بەرەی شاری سەقز بارزانی و بارزانی‌یەکان بە دژی هێرشکارانی داروەدەسەی حەمەرەزاشا و فەرماندەیی تیمسار هومایونی، حەماسەیان خولقاند و شەڕوانانی شا-یان وا تەمێ کرد بە داستان بێگرینەوە. هەمو دەزانین جەنگی نێو گەلانی یەکەم بووە هۆی وێرانی و کۆشتارێ فرە لە کوردستاندا. عوسمانی‌یەکان دوای ژێنوسایدی ئەرمەنی‌یەکان (قەتڵ‌وعامی ئەرمەنی‌یەکان) لە ساڵی ١٩١٥زایینی چەن سەد هەزار کوردی شار بەدەر کرد، بۆ غەربی تورکیە، فرەیێ لەو کوردانە، بەر لە گەیشتن بە غەربی تورکیە، لە برسان و لەبەر سەختی سەرما و ئەزیەت و ئازار گەیاندنی تورک بەوان قڕیان تێکەوت و مردن. بەو جۆرە کوردیش وەک ئەرمەنی ژێنۆساید و قڕ کرد و لە جەنگی ناو گەلانی، حکومەتی عوسمانی شکاو زۆرێ لە سەرزەوی تورکی عوسمانی لە نێوان دەسەڵاتدارانی ئوروپائیدا دابەشکرا، حکومەتی بێ‌تاریخی سوریە و عێراق لە داوێنی ئینگلیس و فرانسە لە دایک بوون و داکەوتنە خوارێ و لە ئاکامدا کوردستانی داگیرکراوی بن دەس تورکی عوسمانی لە نێوان سوریە و عیراق و تورکدا تەقسیم کرا. لە هەر شەڕ و مەینەتێکدا کە لە ڕۆژهەلاتی ناڤیندا ڕوی داوە. ئەوە خاکی کوردستان و نەتەوەی کورد بووە کە هەر وەکو گۆشتی قوربانی بەسەر ئەم و ئەودا هەر وەکو بەخشش بە سەر زاڵمان و مارزاندا دابەش کراوە، **ئەم ستەم و ڕوڕەشی و درندەخویی و خوێنی بەناحەق ڕشتنی کوردی دابەشکراو و ئەو**

Dr.Saleh Ebrahimi



**هەمو گزی و فزی تاریخی‌یە، بۆ حکومەتـەکـانی ناوچـە بـە چ زمانـێ وەڵامـی دەدرێتەوە،** یان کام ویژدان تەوجیهی بۆ دەکا؟

نەتەوەی کورد بە شایەتی مێژوو لە هیچ‌یەک لەو شەڕ و شۆڕانەی کە لە نێوان حکومەتەکانی ناوچەی روی‌داوە، هێرشکار یا بەرپرس نەبووە، تەنیا لەسەر مـاڵ و نیشتمانی خۆی وەڵامی هێرشکاران و بەرچەرچی ئەوانی داوەتەوە.

هەموو دیتمان و زانیمان کە لە نێوان شەڕی عێراقی سەددام و ئێرانـدا چلـۆن نەتەوەی کورد ببونە سپەری بلاّ، هەر تۆپ و تانک و شەڕوانانی سەددام و ئێـران بوون کوردستانیان چ لەم دیو چ لەو دیو وێران دەکـراو کـوردی پـێ دەکـوژرا یـا ئاوارەی هەندەران دەکران. دیارە دەوڵەتە پڕ هێزەکانی غـەربیش تاوانـێ فـرەیـان لەسەرەو لاپەڕەیێ رەشیان لە مێژوودا هەیە کە دوای جەنگی نێوگەلانی یـەکـەم و دابەشکردنی کوردستانی بن دەس تـورکی عوسـمانی، دەوڵـەتـەکـانی ئوروپـایی بەرەندەی جـەنـگ لـە پـەیمـانی سـوێر (severe) لـە ساڵـی ١٩٢٠زدا بـەڵێنی بەدی‌هێنانی داخوازی‌یە بەرحەق و مافە رەواکانی نەتەوەی کوردیان دابـوو، بـەلاّم ئینگلیس و فەرانسە لە بەڕێوە نەبردنی ئەو پەیمانە نەخـشێ بـەرچاویـان هـەبـوو. پەیمانی سوێر جێی خۆی دا بە پەیمانی لۆزان(lauseana) کە تەنانەت یادێکیش لە دابین کردنی مافی نەتەوەی کورد نەکرا و مستەفا گەماڵی تورکیش حکومـەتـی نیزامی و نبژاد پەرەستانەی خۆی بەسەر کوردەکانی بن دەس خـۆی داسـەپانـد و تەنانەت مافی شارۆمەندیشی بە کوردەکانی بن‌دەس خۆی رەوا نـەدی و کـوردی بەناوی تورکی کێوی ناو دەبرد.

مێدیەن سییە mydian sea یا دەریایی ماد-ە-کان هی زنجیرە، مـاد-ەکانـە، هـەر ئـەم کوردانـەی ئـەم سـەردەمـەن. لـە دواییـدا ئـەم نـاوە کرایـە sea mediterrancan : مێدی‌تری‌نین سییە یا بە دەریای مەدی‌ترانە نـاوبرا. کـە ئـەم زەریا (:دەریا)یـە: caspian sea : کاسـپین سـییە یـا دەریـای کاسـییەکانـە. کـە شاخەبێکن لە نەتەوەی کورد کە بە هەڵۆی زەگرۆس ناودارن کە لە کەونـاراوە لـە

Dr.Saleh Ebrahimi



ئێرانویج لە نێوان سیر دەریا و ئامو دەریا لە کەناری دەریاچەی ئۆراڵ یا خوارەزم و بان دەریای مازەندەران، قەفقازی باکوری و باشوری و ناوچەی ئازەربایجان، فەراغنە و دەوروبەری فەراغنە و نێوان سەیحون و جەیحون(:سەیحان و جەیحان) سیر دەریا و ئامون دەریا، تاجیکستان، پشتکۆ و پێشکۆ، تا نێودڵی ئیسفەهان، زەنگان، قەزوێن، کاسان:کاشان، ناوچەی گۆم: قوم، رەی، ئەلبورز، دەماوەند، خوار، وەرامین، بەشێ لە خوراسان،نەی‌شابور، خوزستان و بوشار و بەشاکورد، ماکۆ، مەرعەش، سیرت، بایەرد، ئەرزەرۆم، بدلیس، ئامێد، شیرناخ، درسیم، وان، ئەلعەزیز، ماردین، نەسبین، سیلوان، قامیشلی، حەسەکە، حەڵەب، هاران، ئۆرفە، جزیر و بۆتان، موسڵ پێتەختی کوردان، کەرکوک، قەسری شیرین، دینەوەر، ئەسەداوا، هەمەدان، خورەماوا، بروجرد، بەهار، سنە، سەقز، ورمێ، شنۆ و ... نیشتەجێی ئەو شوێن و وارگانە هی کورد و بەدەس ئەوان بووە. یا پێرشین گوڵف persian golf خلیجی فارس یا پێرسین سیە کە لە دواییدا بەشی شەرقی ئەو، بە دەریای مەکران و ئێستا بە دەریای عەممان ناو برێا. دیارە هەزارە فرە بەر لەمرۆ (٢٠٠٧/١٢/٣٠ز) عەممان لەبن دەس ئێرانیان‌دا بووە. جا کە وابێ دەریای ماد یا مێدی‌تری‌نین سیە، mediterranian seaیش لە median sea یا لە madai seaیا مادای سیە یانی لە ناوی ماد-ە-کان، یا مادی-یەکان، وەرگیردراوە. لە حوکومەتی هەخامەنشیدا زیاتر لە دە هەزار لە نوخبەکانی کورد-ی ماد-ی بە شدار بون. لەمەوە جوان دەردەکەوێ کە نەتەوەی کورد، هەم بناخەدانەری ئیمپەراتوری ماد، بووە و هەروا کە هەڵسوڕاندنی دەوڵەتی هەخامەنشیدا نەخشێ فرەیان هەبووە. مێژو دەڵێ: جەژنی میهرەگان نیشانەی سەرکەوتن و زاڵبونی کاوەی ئاسنگەر و فەرەیدون-ە بەسەر زوحاکی مارزدا. کە هەردوکیان لە کوردانی گورد بون.

Dr.Saleh Ebrahimi



## زانایانی ناوداری بۆکان

عەللامە مەلا عەلی قزلچی مودەریسی تورجان، مەلا محەمەد حەسەن قزلچی(وەجدی)، عەللامە مەلا محەمەد قزلچی موفتی گەورەی بەغا، عەللامە مەلا ئەحمەد تورجانیزادە، ئوستادی زانکۆی تەوریز، عەللامە مەلا سەعید بن مەلا ئیبراهیم بن عارفی رەبانی(ئەمین حوزوری مەلیک غازی شێخ عوبەیدیلا نەهری شاهی شەمزین)، حاجی خەلیفە مەلا محەمەد (بەها) بن مەلا سەعید-ی (گەورە) بن مەلا محەمەد بن عەللامە حاجی مەلا عەبدولکەریم ناودار بە شیرازی کە دەچێتەوە سەر شەهید قوتبەدین محەمەد شوانکارەی شیراز، عەللامە سەیید مەلا حوسین تایر بوغەیی(باغلوجە)، عەللامە مەلا شەفیع شەفیعی(ئەنباری)، عەللامە مەلا حیسامەدین شەفیعی(بۆکان)، میرزا قازی عەلی، قازی محەمەد(پێشەوا)، حاجی مەلا عەبدوڵلا وەلزی، عەللامە مەلا عەلی وەلزی(حەمامیان)، حاجی مەلا ئەبوبەکر شەفیعی، عەللامە حاجی مەلا هادی ئەفخەمی، مەلا حەمەدەمین قاجر، مەلا عەبدولحەمید عەبقەری(تورجان)، مەلا محەمەد وەلزی، مەلا ئەحمەد وەلزی، مەلا حەمەدەمین وەلزی، پرزانا قازی شێخ موحسین موکری، مەلا عەبدولکەریم شاریکەندی، مەلا سەید کەریم باغچە، مەلا شێخ حەسەن شێخی، مەلا محەمەد رەئیس، عەللامە مەلا سەعیدی گەورە مودەریسی تیکانتەپەی لای بۆکان، خەلیفە (بەها) و حاجی مەلا ئەحمەد ناودار بە عارف کە ئەم ٢ برایە کوڕی مەلا سەعیدن، مەلا ئەحمەد عوسمانی، مەلا ئەمجەد عوسمانی(: خەلکی قەلای رەسولە سیت لە سەر چۆمی سیمینە: چۆمی بۆکان)، حاجی مەلا جەسیم سەعادەتی، حاجی مەلا رەحیمی ئیمام جومعەی نەغەدە، مەلا عەلی رەبانی کوڕی مەلا ئەحمەد لاسور(رەبانی)، مەلا تاها حیکمەتی، مەلا جەلال جەلالیزادە و مەلا ئیبراهیم کوڕانی حاجی خەلیفە محەمەد (بەها)، میرزا عەبدولخالق کە شاعیر و خەت خۆش و نەقاش بووە و شوانەی شاعیر، مەلا عەبدوڵلا محەمەدی دەرزی وەلی.

Dr.Saleh Ebrahimi



**ناوی شاعیران و نوسەرانی بۆکان:**

عەبدورەحمان هەژار موحەقیق و موتەرجیم و شاعیری ناوداری کورد، مەلا مارفی کۆکەیی(هەژار و مەلا مارف لە راستیدا کۆمەڵناسی ناوچەی موکریان بون)، میسباح دیوان ئەدەب، سەیفولوزات، حاجی خەلیفە مەلا محەمەد (بەها) کە لە ج ٢ مەشاهیری کورد، بابا مەردۆخ پەرەی ٢٢٢ فرە بەرێزەوە یادی کردوە، عەباسی حەقیقی، سەیید کامیل ئیمامی زەنبیلی)ئاوات) عەلیخان حەیدەری، خالەمین بەرزەنجی( سەید محەمەد)، سوارە ئیلخانیزادە، مستەفا ئیلخانیزادە، سەعیدی نەجاری، خالید حیسامی(هێدی)، میرزا ئیبراهیم ئەفخەمی، میرزا محەمەد نوری، عەتەری گوکۆلانی، مەلا قادری سەعیدی، مەلا عەلی غەمین.

**ناودارانی بۆکان:**

عورەفا و فوزەلا- خوالێخۆشبو سەیید عەبدولکەریم زەنبیلی، حاجی بابا شێخ(سەیادەت)- سەرەک وەزیرانی کابینەی کۆماری ١٩٤٦ز- کوردستان لە مەهاباد، شیخ بورهان، حاجی سەید جەمیل هاشمی، حاجی سەید محەمەد نورانی، شێخ سەعید گوڵبابا(غەوساباد)، حاجی سەید گوڵ، یەکێ لە ساداتی شێخ کاک ئەحمەد بەرزەنجی سلێمانی کە کە لە ١٢٨٢ مانگی لە دایک بووە لە شەڕی روس و عوسمانی لە ساڵی ١٣٣٣ مانگی شەهید دەکرێ و لە (ناچیت) نیو فەرسەخی بۆکان نێژراوە. مەحموداغا، حاجی بایزاغا، عەلیاغا عەلیار، حاجی رەحماناغا و حاجی سمایلاغا و عومەراغای عەلیار و ...

**شوێنەواری بۆکان:**

کێوی فەرهاد تاش قەڵای بەردی کە ٧ وەتاخی هەیە و فرە ناودار و لە بان گوندی سماقاندایە؛ کونە کۆتر کە ١٧٩٠ میترە، کە بە کۆنە ماڵان، یا غاری سەهۆڵان ناودارە و ئێستا ئاوەدانە و خەڵک دەچنە سەیرانی، ئەو غارە بە کونە کۆتر ناوبراوە چون کۆترێ فرە لەویدا دەژین و بە کونە ماڵانیش ناودەبرێ چون لە کاتی هێرشی روس لە ساڵانی ١٣٣٣دا خەڵک لە ترسا پەنایان بەو غارە بردبو و نزیکی

Dr.Saleh Ebrahimi



دێی سەهۆڵانە، قەڵای بوگەبەسی، قەڵای بی‌بی‌کەند، قـەڵای ئاغچـەیـوان، قـەڵای (ئەوکان): یا سایەنقەڵا، قەڵای رەحیمخان، قەڵای قەلایچـی، کێـوی تـەرەغـە کـە ٢٦٦٧ میتر بەرزە و شوێنەواری قەڵای لەسەر دیارە و جێی راوی ئاسک و ئـاژەڵـە کیوی بووە. لە شاخی تەرەغەدا ئەم ئاسەوارانە دەبیندرێن:

کۆشکی خات زارا، کانی سەنگەر، حەوزی ئـاو، دیـواری بـەردینـە کـە لـە هەندێ جێی تا ٣٠٠ میتر بەرزە، کە خشتی سوریش لەوێ هەیە، قـەڵای تـەرەغـە هی ئۆرارتویە(ئۆراشتو) بە ئاشوری، تـا ئێـستا (:٢٠٠٧/١٢/٢٥ز)- ٧٢٥ کـەتیبـەی ئۆرارتویی دۆزراونەتەوە، کە ٨٦٠ تا ٨٢٠ ساڵ بـەر لـە زایـین عیـشقوێنی لـەوێ حوکمرانی کردوە و ویستویشیەتی سیردون-ی کوڕی بکاتە جێی‌نشینی خۆی کـە بە پێی بەردە نوسی تەرەغە لەوان، لە ئەرزەرۆم-ەوە تا رەواندز، سەقز و تەورێـزی بەدەس بووە، و لەو بەردە نوسراوە، لەبەر خالید-ی خودای ئۆرارتۆکان پاڕاوەتەوە تا رسق و رۆزی و مە ڕ و ماڵاتیان زۆربێ، تا خەڵک باش بژین و لە شەڕوشـۆر و قاتی و قڕی و بەڵا و نەخۆشی دور بن. لە شاخی تەرەغە ٢ پەنـا بـۆ شـاخەوانـان ساز دراون، یەکێکیان لە رێگای پیر سولەیمان بۆی دەچێ و بە(مان) نـاودەبـرێ و ئەوی دیکەیان برێک لەسەرترە و دورترە. بەردە ئەژدیها کە لە نێوان پـاش‌بـڵاغ و باغچە دایە. ئەگەر بە وردی بڕوانیە شاخی تەرەغە هەر دەڵـێی ئینـسانێکە لـەسـەر گازەرەی پشت راکشاوە و روی لە ئاسـمانە و قـەڵای سـەرداری بۆکـان لـەسـەر حەوزە گەورەی بۆکاندایە.

### گۆرانی‌بێژانی شاری بۆکان:

کەسانێ وەک حەسەن زیرەک، کە ئێستا قەبرەکەی شیش‌بەند و سەرگیراو لـە داوێنەی ناڵەشکێنەیە و هیوا دارین دەور و بەری قەبـری ئـەو هونـەروەرە کـوردە زیاتر برازێنرێتەوە. قاڵەمەڕەی بلوێر و شمشاڵژەن کە بەراستی کارەکەی رەسـەن و ریشەی کۆنی کوردی هەیە، عەلی خەندان قسەخۆش و لاوێژ و خـۆوێژ، عـەلـی کەردار، وەستا و زانا بە مەقاماتی کوردی، دەنگ خۆش، قسەخۆش، بەیت بێـژ، چ

Dr.Saleh Ebrahimi



بەیتی حەماسی، درامی یا تراژدی کوردی، لە پایزە وتن و گێڕانەوەی بەیتی سەیدەواندا بەڕاستی عەلی کەردار بێوێنە بووە، و حەسەن دەرزی و ...(شەپۆل)

کیهان
صفحه ۱۴
شنبه ۱۶ آذر ۱۳۸۱
۲ شوال ۱۴۲۳ - شماره ۱۷۵۴۳

برای اولین بار در ایران و جهان

## قرآن کریم به زبان کردی ترجمه شد

**برای نخستین بار در ایران و جهان، آیات قرآن کریم از عربی به کردی ترجمه شد.**

دکتر محمد صالح ابراهیمی محقق علوم قرآنی و مترجم این قرآن در گفت‌وگو با باشگاه خبرنگاران جوان با بیان این مطلب در خصوص اثرگذاری این ترجمه گفت: هرگز باور نمی کردم که این ترجمه تا حد بسیار زیادی بتواند مخاطب داخلی و خارجی جذب کند و به گفته برخی از ایرانیان کردزبان این ترجمه توانسته است الفت آنان را با کلام خدا عمیق‌تر کند. وی افزود: البته پیش‌تر از این قرآن کریم به زبان کردی اما با خط لاتین که ویژه کردهای مقیم ترکیه است ترجمه شده بود.

وی در خصوص تأثیرات انتشار و مطالعه این ترجمه در بین کردزبانان تصریح کرد: تأثیر مطالعه این ترجمه بر تقویت علاقمندی مردم به قرآن تا آنجا که بررسی کرده‌ام قابل توجه بوده است.

وی در ادامه گفت: این کتاب - در داخل کشور پنج بار و در میان کردهای خارج از ایران نیز دوبار تجدیدچاپ شده و در کردستان عراق هم این کتاب با اشتیاق مخاطبان مواجه شده است.

وی در خصوص مدت زمان کاری که روی ترجمه این قرآن انجام گرفته بیان داشت: در سال ۱۳۶۶ ترجمه قرآن را به اتمام رساندم و در سال ۱۳۷۶ این کتاب چاپ شده و دلیل این وقفه طولانی هم می‌توانست مشکلات مالی و مسائل دیگر باشد که من خیلی در جریان آنها قرار نگرفتم.

وی در خصوص سیاست‌های دین‌زدایی در گذشته خاطرنشان کرد: رژیم گذشته نمی خواست به هیچ شکلی برای اسلام تبلیغ شود چرا که با دین‌داری و اسلام مخالف بود و واهمه داشت. خصوصا با اقدام ملی و محلی مخالفت‌هائی صورت می‌گرفت و رژیم نمی‌خواست به زبان آیین و سنت‌های آنان بها دهد.

Dr.Saleh Ebrahimi

## قەڵایچی یا (ئیزیرتو، زێرتو: پێتەختیماننا)

دەوڵەتی ماننا لە سەدەی ٨ بەر لە زایین زۆربەی ساڵ لەگەڵ ئاشور و ئۆرارتودا لە ملە بە ملانێدا بووە و سەری بۆ هیچیان دانەنەواندوە.

دەوڵەتی ماننا لە باشوری دەریاچەی ورمێ (چیچست)لە ناوچەی شارەکانی نەغەدە، شنۆ، پیرانشار، سەردەشت/زەردەشت، مەهاباد، بۆکان، بناو، میاندواو، شاهیندژ(ئەوکان)، سەقز، بانە، بیجار، بەشێ فرە لە ناوچەی شاری زەنجان و لەوێوە تا نزیکی تەورێز، دەسەڵاتیان بە دەس بووە. لە ساڵی ١٣٦۴ هەتاوی لە تەپۆڵکەیەکدا لە قەڵایچی بۆکان ژمارێ فرە خشتی لوعابدار و دارای نەخش و نیگاری رەنگاورەنگ دۆزراوەتەوە کە بە داخەوە زۆربەیان دزراون و تەنانەت گەیاندراونەتە مۆزەخانەکانی شەرقی کۆن لە توکیو، ناوەندی موتالەعاتی رۆژهەڵاتی ناڤین لە ژاپۆن و ...

باستان (:کەونارا) ناسانێ بەسەرپەرەستی ئیسماعیل یەغمایی کە دەچنە ئەوێ لەوێ یەک سازەی گرینگی میعماری لەگەڵ یەک کەتیبەی ئارامی ئەو، کە ١٣ خەتە، دەیدۆزنەوە، کە ئەو کەتیبە لەگەڵ خشتە لوعابدار، دۆزراوەکان براونەتە مۆزەخانەی ئێرانی باستان لە تاران و لە ساڵی ١٣٧٨دا دوبارە باستان ناسانێ بەسەرپەرەستی بەهمەن کارگەر، کارناسی میراتی فەرهەنگی ورمێ، دەس بەکار بوون و بەقایای مەعبەدێ کە بە پێی کەتیبەی ئارامی ئەو، ئەو مەعبەدە هی مانناکانە و ٨٠٠ ساڵ بەر لە زایین سازدراوە و هی شاری زێرتو (ئیزیرتو) پێتەختی مانناکانە.

لە دەوروبەری قەڵایچی، قەڵاوسەنگەری نیزامیو دیدەوانی، پتەو سازدراوە، هەروا قەڵای پتەوی گەورەی نیزامی مانناکان لە بەستێنی باکوری چۆمی زەرینەی (بۆکان) دۆزراوەتەوە. لە بان کێوی دێی جاناغای تابیعی شاری میاندواو، بێجگە لەو قەڵایە چەن قەڵای دیکەی ماننایی لە دێی ئەربەنوس، گوندی ساریقامیش، ئاغجەیوان-ی تابیعی شاری بۆکان. لە بان تەپۆڵکەی قەڵایچی، مەجموعەیێ بە ئەندازەی یەک هێکتار دۆزراوەتەوە. ئەو مەجموعە دارای یەک درگای گەورە بە

Dr.Saleh Ebrahimi



دو پشتیوان لە دو لای درگای چونە ژور و سێ پلیکان لە درگای چونە ژورێ هەیە. لە کەناری درگای چونە ژورێ وەتاغێ چکۆلە هەیە و جێی دو کۆڵەکە لەوێدا دەبیندرێ، تەختی مەجموعەکە، فەرش بەردە و لە ناوەڕاستی ئەو مەجموعەدا تالارێکی کۆڵەکەدار هەیە کە سەبارەت بە گشت مەجموعەکە، حاڵەتی ناوەندی هەیە.

لە نێو حەوشەکەدا، تالارێ ئەستوندار بە گۆشەگەلی ٣٥×١٩ میتر هەیە کە لە نێوەڕاستیدا چوار کۆڵەکە بۆ ڕاگیرکردنی میچ دەبیندرێ و لەبەر دەوامی بەشی باکوری تەپۆڵکەی قەڵایچی‌دا سێ وەتاغی چکۆلە، بە گۆشەی تا ئەندازەی ٣×٤ میتر دۆزراوەتەوە و لە باکوری غەربی تالار و لە پشتەوە سێ وەتاغی ناوبراو، وەتاغێ بە گۆشەی ٥×٥ هەیە کە لە نێوەڕاستیدا سەکۆیێ بە گۆشەی ١×١ میتردا بە ناوی سەکۆی دیاری‌دان هەیە، تەختی تەواوی ئەو مەجموعە سەنگفەرش کراوە. ئەوەی لەم تەرجەمەدا بەرچاو کەوتووە و لە هەر دو تەرجەمەکەدا دوپاتەی لەسەر کراوە، دو واژەی HLDY و ZCTR زیرتو) پێتەختیماننا بووە.

لەبابەت جوانکاری و ڕازانەوەی مەعبەدەکەدا، وەتاغەکانی نێو مەعبەد لە ناوەوە بە گڵە سورە و گڵە سپی ئاوەگڵ کراوە و تەختی وەتاغەکان بە تەختپۆشی ڕەنگاوڕەنگ و دیمەنی دەرەوەی مەعبەدیش بە خشتی لوعابدار نەخشاوە.

سەرچاوەکان: ١- دیاکۆنۆف میکائیل/ تاریخی ماد/تەرجەمەی محەمەد کەریم کەشاورز بلاڤۆکی عیلمی فەرهەنگی/ تاران/١٣٧٢

٢- فیروزمەندی، بەهمەن/ باستان(:کەونارا)ناسی و هونەری ماد/بلاڤۆکی مارلیک/تاران/١٣٧٩.

٣- کابولی عابیدین ١٣٧٠هەتاوی کۆڵینەوەی ئاسەواری بەر لە ئیسلام لە مەجموعەی دوبارە دۆزراوە/ میراتی فەرهەنگی/تاران/سازمانی میراتی فەرهەنگی وڵات/س٢/ژمارەی ٣و٤/ پەڕەی ٣٢.

Dr.Saleh Ebrahimi



٤- یەغمائی ئیسماعیل ١٣٦٤ کە شفی مەعبەدی ٣٠٠٠ ساڵە، لە بۆکان، رۆژنامەی کەیهان/ چوارشەممە ٢١ رەشەمە/ پەڕەی ٦.

٥- کارگەر، بەهمەن/ راپۆرتی چوارەمین فەسڵی کۆڵینەوە لە قەڵایچی بۆکان/ ناوەندی بەڵگەنامەی سازمانی میراتی فەرهەنگی وڵات/ ١٣٨٠.

٦- نیاکان، لەیلا/ موتالەعاتی تەحەول و تەتەوری خشتەکانی لوعابدار(لە هەزارەی دوەمی بەر لە زایین تا ئاخر دەورەی هەخامەنشیان)/ ئوستادی رێنوێن دوکتۆر عەلی ئەسغەر میرفەتاح/ زانکۆی تەربیەت مۆدە رس/ هاوینی ١٣٧٦.

٧- بەشاش کەنزەق رەسول/ خوێندنەوەی بەتەواوی قەڵایچی بۆکان/ لە مەجموعە مەقالاتی یەکەمین کۆبونەوەی زمان، کەتیبە و متونی کۆن/ شیراز ١٢و١٤ رەشەمەی ١٣٧٠، بڵاڤۆکی سازمانی میراتی فەرهەنگی/ تاران/ ١٣٧٥/پەڕەی ٢٥و٣٩.

٨- لۆمێر، ئەندەر/ کەشفی یەک کەتیبە بە زمانی ئارامی، پێوەندیدار بە سەدەی ٨ بەر لە زایین لە قەڵایچی بۆکان(ئازەربایجان غەربی)، تەرجەمەی رەسول بەشاش/ ئاسەواری/ ژمارە ٢٩ و٣٠.

٩- نیاکان، لەیلا/ خولاسەیەک لە موتالەعاتی خشتەکانی بۆکان/ باستان‌ناسی و هونەری ئێران، رێزدانانا بۆ عیزەتوڵڵا نیگهوان/ پەڕەی ١٦٢-١٦٨.

١٠- پاکزاد، میهرداد/ خشتی لوعابدار، نەوعی بۆکان لە موزەخانەی شەرقی کۆنی تۆکیۆ باستان‌ناسی و تاریخ/ ژمارەی ١٣٧٤/١٧، پەڕەی ٧٥و٧٦.

11- Mousavi, a (une brique a desor polychrome del) iran accidental VIIIe- VIIe. S. av. J.c dans studia ironical tome 23, fascl, 1997. pp. 7-18, fig.4.

12- Epha 1, Israel "the Boukan Aramaic inscription: historical consideration" exploration journal, vol.49,1999, pp. 116-121.

Dr.Saleh Ebrahimi



- Epha ١, Israel "the Boukan Aramaic inscription: historical consideration" exploration journal, vol.٤٩،١٩٩٩, pp. ١١٦-١٢١.

بڕواننە ایزیرتو (٠١) یادگاری تاریخی شاری بۆکان، کاریّ لـە ئـەنجومـەنـی دوستدارانی یادگارەکانی تاریخی ئیزیرتو، بە کۆششی: یوسف حەسەنزادە، چـاپی ١٣٨٥ هەتاوی (شەپۆل).

جمهوری اسلامی
صفحه ۱۴
چهارشنبه ۱۹ اسفند ۱۳۷۷
۲۲ ذیقعده ۱۴۱۹ـ شماره ۵۷۲۸ـ سال بیستم

قرآن

## تقدیر جمعی از نمایندگان استان کردستان از مترجم قرآن کریم به زبان کردی

بـخش خـبری: جـمعی از نـمایندگان کُردزبان مجلس شورای اسلامی ضمن نامه‌ای از محقق عـلوم قـرآن جـناب استاد، دکـتر محمدصالح ابراهیمی (شه‌پوّل) مترجم قرآن کریم به زبان کُردی تقدیر و تشکر کردند.

در نامه این عده از ترجمه قرآن به کُردی به عنوان تلاشی سترگ و عظیم یاد شـده و این اقدام ناشی از روحیه سرشار از عشق بـه خدا و ایمان به کلام جانبخش الهـی دانسـته شده است.

این نامه را نمایندگان مردم پیرانشـهر و سـردشت، مـهاباد، سـنندج، دیـوانـدره، کامیاران، قروه، سقز و بانه، پاوه و جوانرود و ایلام امضاء کرده‌اند.

لازم به ذکر است ترجمه قرآن‌کریم بـه زبان کُردی سورانی توسط استاد ابراهیمی از علمای اهل سنت کردستان چند سـال پـیش انـجام پـذیرفته و بـا اسـتقبال قـابل تـوجه کُردزبانان سراسر جهان مواجه شده است.

Dr.Saleh Ebrahimi



## بەهار یا وەهار

وەهار یا بەهار  شارستان و شارێ لە رۆژئاوای هەمەدان. شارستانی وەهار: ئەم شارە لە باکور و باکوری رۆژهەڵاتی ئەلکێ بە شارستانی کەبودەرئاهەنگ، لە رۆژهەڵاتەوە ئەلکێ بە شارستانی هەمەدان، لە باشورەوە ئەلکێ بە شارستانی تویسرکان، لە باشوری غەرەبی‌یەوە ئەلکێ بە شارستانی ئەسەدئاوا و لە غەرەبەوە ئەلکێ بە شارستانی قوروە(ی ئوستانی کوردستان)، (جەعفەری، ٢١٧) پان و بەرینایی وەهار ١/٣٣٤ کمـ ٢ و داگری ٣ بەشی ناوەندی ساڵحئاوا و لالجینی وە ٣ بەشی شارستانی وەهار، ساڵحئاوا و لالجین و هەروا شەش دێهستانە(ئامارنامە... ٩؛ نەشریە...، ٦٢). بە پێی سەرژماری ١٣٧٥هەتاوی حەشیمەتی وەهار ١٢٧،٦٣٥ کەس بووە. لەم ژمارە ١٠،٢٢٨بنەماڵە بە حەشیمەتی بەرامبەر ٤٨/١٧٨ کەس لە شاردا و ١٤،٧٤٣ بنەماڵەش بە حەشیمەتی بەرامبەر بە ٧٩،٤٥٧ لە ئاوایی و گوندەکاندا نیشتەجێن(ئامارنامە، ٢٩) کە نیشانەی بانتری بافتی ئاوایی ئەم شارستانەیە.

**ئابووی شارستانی وەهار**: لەسەر بنەڕەتی کشت و کاڵ و ئاژاڵداری‌یە. هەبونی کانیاوی سەر زەوی و بن زەوی و ئاوێ فرە بۆتە هۆی بەروبوی فراوانی دانەوێڵە و پرپیت و بەرەکەتی دەسهات، بەتایبەت کە دارای خاکێ راستایی و تەختە. ئەوە زیاتر ئەو ناوچەی وەهاری کردۆتە شوێنی جوت و گا، دەهاتی فرە و بەرچاوی ناوچەی وەهار گەنم، جۆ، نیسک و نۆک و گەنمە شامی و... هەبونی لەوەرگەی سەر سەوزە و مێرگ و چیمەن. ناوچەی وەهاری کردۆتە جێی ئاژاڵداری و پەروەردەکردنی مەر و ماڵات و وڵسات. کار دەستی وەک: تەون و گر و جۆلایی، جاجم، بەڕە، مافورە، بەرماڵ، رەشکەی کاکێشان، دەس‌کێش و گورەوی و پوزەوان چنینە. کار و پیشە: کاسە و دیزە و گۆزە دروست‌کردن یەکێ‌ترە لە هۆی ئابوری خەڵکی ناوچەی شارستانی وەهار. بەتایبەت ئەم پیشە لە بەشی لاجین ناودار و ناسراوە. لە کۆنەوە پیشەی قاڵی و قاڵیچەچنین لە وەهاردا هەبووە و قاڵی و

Dr.Saleh Ebrahimi



قاڵیچەی شاری وەهار بە ریزبافتی و جوانی و نەخشین و رەسەنی ناوداربووە و ناودارە(جوغرافیا...، ١٣١٠/٢، ١٣١١). لە شارستانی وەهاردا زیارەتگە و چاک و پیر و ئاسەواری باستانی فرە هەیە(فەرهەنگ...، ٢١٥، ٢٣٧- ٢٣٨ جم).

**شارستانی وەهار** لە دەشتایی و تەختایی باکوری کێوی ئەلوەنددایە و ناوچە باشوریەکەی ئەلکێ بە بەرزایەکانی چیای ئەلوەند چۆمی قەرەچایی و ڕێژاوەکانێ کە لە داوێنەی ئەلوەند کێف، دەڕژێتە خوارێ. ئاوی پێویستی سەر زەوی ئەو دەشتە دابین دەکا(جەعفەری هەر ئەوێ) یەکێ دەیکە لە چۆمە ئاوەکانی ناوچەی وەهار چۆمی وەفرجین و چۆمی سیمینەیە(فەرهەنگ، ٧٥) کەش و هەوای ناوچەی باکوری وەهار مامناوەندی و کەمێ مەیل بە ساردی‌یە، لەبابەت باران و بەفرەوە شارستانی وەهار لە ناوچە ویشکەکان دێتە ژمار(جەعفەری هەر ئەوێ) بە پێی تەسویب‌نامەی هەیئەتی دەوڵەت لە ١٣٧٢ شارستانی وەهار لە پێوەندی دو بەشی ناوەندی و لالجین، ساز درا و پێکهات.

**شاری بەهار**: ئەم شارە لە ٤٨ و ٢٧ بە درێژایی شەرقی و ٣٤ و ٥٥ پانتایی باکوری‌دایە(موفەخەم پایان ١/ ٧٧).

بە پێی سەر ژماری ١٣٧٥ هەتاوی شاری **وەهار دارای حەشیمەتێکی زیاد** لە ٢٥،٨٠٠ کەسە(سەرژماری...، سی‌ونۆ).

**پێشینەی مێژویی**: لە بەڵگەنامەکانی دەورەی سەلجوقی لە مێرگ و چیمەنێ بەناوی مروج قەراتکین ناو بریاوە(بڕوانە زەهیرەدین ٦٣، بنداری، ٢٠١) بە سەرنجدان بە فاسیلەی مروج قەراتکین کە لە یەک قۆناغی هەمەداندایە. ئەم ناوچە لەگەڵ وەهاری ئەم ڕۆژگارەدا یەک دەگرێتەوە(بڕوانە هەر ئەوێ، زەینولعابیدین، ١٦٨) لە ڕۆژگاری سوڵتان مەسعود سەلجوقی لە ٥٤١ مانگی و ١١٤٦ز- بوزابە، یەکێ لە ئەمیرانی سەلجوقی کە دەسی کردبو بە دژایە کردن لەگەڵ سوڵتان مەسعود، لەپڕ لێی ڕاپەڕی و دو کەسی لە شازادەکانی سەلجوقی بەناوی:«محەمەد و مەلیک شای بردە ئیسفەهان و هەمەدان تا دوای سەر کەوتن بەسەر سوڵتان

Dr.Saleh Ebrahimi



مەسعودا یەکێ لەو دوانە لەسەر تەختی پاشایی دابنێ، جەنگی یەک لایەنە لە مروج قەراتکین روی داوبووە هۆی تێکشاندنی بوزابە (بنداری، ٢٠١– ٢٠٢، راوەندی ٢٤١-٢٤٢، زەهیرەدین ٦٣– ٦٤ بازورت ١٣٣– ١٣٢)- بەهار(وەهار) بۆ یەکەمجار لە سەرچاوەکانی دەورەی مەغۆل لەبن **رِوداوەکانی سلێمانشای ئیوایی کورد، حاکمی کوردستان داهاتووە**(نەک سلیمانشای پەرچەمی تورک)، (بروانە: رەشیدەدین ٨٧٥/٢) بە دروستی روناک نییە کە بۆچی مروج یا مروج قەراتکین ئێوەکەی بۆتە بەهار(وەهار) کە کاتی **دەورەی مەغول، بەهار دارولمولکی کوردستان بووە**(حەمدوڵلا، ١٠٧، قەزوێنی، ٤٥٤،٤٥٥)

سوڵتان جەلالەدین خوارەزمشا لە ٦٢١ مانگی و ١٢٢٤ز- دوای گەرانەوە لە هێندوستان و هێرش بردن بۆ دەوروبەری بەغا، لە کاتی گەرانەوە چووە قەڵای **بەهار و خوشکی سلێمانپاشا ئیوایی کوردی حاکمی کوردستانی بۆ خۆی مارە** کرد(قەزوێنی، هەر ئەوێ). لە ٦٤٠ مانگی و ١٢٤٢ز جەنگێ لە بەهاردا لە نێوان **خەلیل پاشا بەدر کوردی حاکمی لورِستان لەگەڵ سلێمان پاشای ئیوایی کورد** روی‌دا کە لەو شەرِەدا خەلیل بەدر کوردی کوژراوە (ئیبنی ئەبی حەدید، ٢٣٩/٧، ئیبنی فوتی، ٢٨٦، بدلیسی، ٦٥-٦٦).

لە ٦٥٥ مانگی و ١١٥٧ز سپاهیانی هولاکۆ شاری بەهار و قەلاکەی وێران کرد، وێرانەکانی ئەو قەڵایە لە یەکێ لە گەرِەکانی بەهار بەناوی دەوڵەت قەلعەسی:(قەڵای دەوڵەت) هێمان هەرماوە (فەرهەنگ، هەر ئەوێ) لە ١١٩٩ مانگی ١٧٨٥ز جەنگێ لە نێوان محەمەد جەعفەر خانی زەند (ئیستیزهار دەولە) و خوسرەوخان، والی ئەردەڵان(کوردستان) لە ناوچەی وەهار روی داوە کە بۆتە هۆی کوژرانی محەمەد جەعفەرخانی زەند (ئەبولحەسەن، ٧٠٩-٧١٢، رۆستەمولحوکەما،٤٥٠) لە دەورەی قاجاردا وەهار گوندێ ئاوەدان و پرِوتەوژی بووە لە باغی میوە کە تا هەزار ماڵ زیاتر لەوێ ژیاون (زەینەلعابیدین، هەر ئەوێ).

Dr.Saleh Ebrahimi



سەرچاوە: ئامارنامەی ئوستانی هەمەدان( ١٣٧٦ هەتاوی)، سازمانی بەرنامە و بودجە، تاران، ١٣٧٧، ئیبنی ئەبی حەدید عەبدولحەمید شەرجی نەهجبەلاغـە بـە کۆششی محەمەد ئەبولفەزڵ ئیبراهیم، قاهیرە، ١٣٧٨ مانگی و ١٩٥٩ز، ئیبنی فوتی، عەبدورزاق، روداوی جامیعە. بەغـا، ١٣٥١ مـانگی، ئـەبـو حـەسـەن مستەوفـی، گوڵشەن مراد بە کۆششی غولامرەزا تەباتەبـایی مـەجـد، تـاران ١٣٦٩ هـەتـاوی، بدلیسی، شەرەفخان، شەرەفنامـە بـە کوشـشی محـەمـەد عـەباسـی، تـاران ١٣٤٣ هەتاوی، بنداری ئیسفەهانی، فەتح تاریخی دەوڵەتی سەلجوقی (زوبدەتو نـەسـر)، بێروت ١٤٠٠ مانگی و ١٩٨٠ز، جەعفەری عەباس دایرەتولمەعاریفی جوغرافیایی ئێران، تاران ١٣٧٩ هەتاوی، جوغرافیـایی کـاملی ئێـران، وەزارەتـی فێـر کـردن و بارهێنان، تاران ١٣٦٦، حەمدوڵڵا مستەوفی، نەهزەتولقولوب، بە کۆششی لـسترنج، لیدەن ١٣٣١ مانگی و ١٩١٣ ز، راوەنـدی محـەمـەد راحـەتوسـدور بـە کۆشـشی محەمەد ئیقباڵ و موجتەبا مینەوی، تاران ١٣٦٤ هەتاوی، رۆستەم حوکەما، محەمەد هاشم، رۆستەم تەواریخ، بە کۆششی محەمەد رەوشەن و مستەفا موسـەوی، تـاران ١٣٧٣ هەتاوی، زەینولعابیدین شیروانی، بستان سەیاحە، تاران ١٣١٥، سەرژمـاری گشتی نفوس (وارگە) و مەسکەن ١٣٧٥، نەتایجی تەفـسیلی، شارسـتانی بـەهـار، ناوەندی ئاماری ئێران، تاران ١٣٧٦، زەهیرەدین نە یشابوری، سەلجوق نامە، تاران ١٣٣٢، فەرهەنگی جوغرافیـای ئـاوەدانـی یـەکـانی وڵات (هـەمـەدان)، ئیـدارەی جوغرافیای ئەرتەش، تاران، ج٤٧، قەزوێن، محەمەد، تەعلیقات لـەسـەر تـاریخی جەهانگوشای جووەینی، لیدەن،١٣٥٥ مانگی و ١٩٣٧ز، موفەخەم پایان، لوتفوڵـڵا، فەرهەنگ ئاوەدانی یەکـانی ئێـران، تـاران ١٣٣٩ هـەتـاوی، نـەشیرەی دەفتـەری تەقیسماتی وڵات، موعاوەنەتی سیاسی کۆمەڵایەتی وەزارەتی وڵات. تـاران، ١٣٣٩ هەتاوی، ژمارەی ٢، هەروا بڕوانە:

Bosworth, c.e,(The political and Dynstic history of the Iranian world, A.D. ١٠٠٠-١٢١٧) The Cambridge history of iran, vol, ٧ ed J.A Boyle, Cambridge ١٩٦٨.

Dr.Saleh Ebrahimi



موحسین سلێمانی دایرەتولمەعاریفی بوزورگی ئیسلامی ج١٣ پەڕەی ٨٠و٨١ چاپی ١٣٨٣ هەتاوی (شەپۆل)

مەلیک شوعەرای وەهار دانەری سەبکناسی لە کوردانی وەهارە. دیوانی ئەشعاری بەهار محەمەد تەقی بە کارنامەی ژیان و عومری ئەو دێتە ژمار. بەهار لە ساڵی ١٣٠٠ تا ١٣٠٥ هەتاوی لەگەڵ سەعید نەفیسی و رەشید یاسەمی کرماشانی و کەسرەوی لەلای هیرتسفلد ئێرانناسی ناودار، زمانی پەهلەوی(گۆرانی) فێر بوون. بەهار دەڵێ فرەی لە پەهلەوی هێناوەتە سەر زمانی رۆژباوی فارسی.

Dr.Saleh Ebrahimi



# بانه شاری بانه

بانه ناوی شارێک و مه‌ڵبه‌ندێکه له‌کوردستاندا، بانه، شارستان و شارێکه له‌ ڕۆژاوای کوردستان: شاری سنه‌دایه، شارستانی بانه: ئه‌م شارستانه له‌ باکوره‌وه ئه‌لکێ به‌ شاری سه‌رده‌شت (زه‌رده‌شت) له‌ ڕۆژهه‌ڵاته‌وه به‌ شاری سه‌قز و له‌ باشورو ڕۆژاواوه ئه‌لکێ به‌ خاکی کوردستانی باشور (: عیراق)، فه‌رهه‌نگ...، ۱۲)، **سیمای خۆرسک و ته‌بیعی:** شارستانی بانه، به‌ کێف‌گه‌لێ به‌رزو بڵیند، داگیراوه و ده‌وره دریاوه، بۆ چونه نیو شاری بانه و بۆ ده‌رچون له‌وێ ئه‌شێ مرۆ له‌گه‌ر دنه‌ کانی به‌ ڕزی ئه‌وێ بێت و بچێ و ته‌نیا له‌ به‌شی ڕۆژاوادا، له‌ به‌رز و بڵیندی کێوه‌کان که‌م ده‌بێته‌وه و نزم ئه‌بن (ته‌وه‌کولی، ۱۵) کێوی ئاربه‌با، بابوس، جنیره، سوره‌کێو، مه‌یدانان و عاشقانی سنوری، ئه‌م شارستانه له‌گه‌ڵ خاکی کوردستانی عیراقدا سنور پێک دینێ (جوغرافیا...، ۲/۸۸۵).

**شارستانی بانه**. دارای که‌ش و هه‌وای برێ سارد و نیوه نماویه و گرینگترین چۆمه ئاوی شاری بانه ئه‌مانه‌ن: چۆمی چۆمان، نێروان و تاژه‌بان که له‌ تێکلاوی چۆمی شۆی و بانه به‌دی دێ (فه‌رهه‌نگ، ۱۳) چۆمی بانه دوای ئاودانی ئه‌م شاره له‌نێزیکی شاری سه‌رده‌شت ده‌رژێته نێوزیێ بچوک (شه‌میم، ۱۷). شیناوه‌ردی بانه‌جۆر به‌ جۆره (فه‌رهه‌نگ، هه‌رئه‌وێ)، داهاتی مازو فرده‌ڵه‌ کۆنه‌وه سه‌رچاوه‌ی ده‌سکه‌وتێ گرینگ بووه، بۆ خه‌ڵکی ئه‌و شاره (فه‌رمانفه‌رما، ۲/۸۱۳) و دارسانێ گه‌وره له‌ به‌لوت که‌ کێوه‌کانی نێوان بانه و سه‌رده‌شتی داپوشیوه، سه‌رچاوه‌ی سه‌ره‌کی داهات و به‌رهه‌می خه‌ڵکه‌که‌به، لانی که‌م ۱۰۰ ساڵه‌مه و پێش، بێجگه له‌وه‌ی له‌ بازاری نێرخۆکه‌ڵکی لێوه‌ر ده‌گیر درێ، مازو له‌ ڕێگای به‌نده‌ری ئاستاراوه بۆ ڕوسیه بۆ فرۆش به‌رێ کراوه (بڕوانه: ئوبێن، ۱۱۴، مورگان، ۲/۴۷).

**حه‌شیمه‌ت و ئابوری:** بانه یه‌کێ له‌و ۸ شارستانه‌ی سه‌ربه‌ شاری سنه‌ی ئوستانی کوردستانه (سازمانی ته‌قسیماتی...، ۴۰ ـ ۴۱) که‌ دارای یه‌ک شارستان و ۴ به‌شه

Dr.Saleh Ebrahimi



(بـەناوی: ئـالوت، نـاوەندی، نـەمە شیر و نـەنور) و ٨ دیـهستان و ٢٠٣ گـوندی ئاوەدانی هەیە. لە گەلا ریژانی ١٣٧٥ هەتاوی حەشیمەتی ئـەم شـارستانە ١٠٥،٦٠٦ کەس بووە کە ٥٥،٤٣٣ کەس لە نێو شارداو ٥٠،١٧٣ کەس لە نێو گوندە ئاوەدانەکاندا ژیاونو دەژین (سەر ژماری...، پانزدە ـ شانزدە). ئابوری و هوی ژیان و بـژیوی خەلک لە بانەو ناوچەی بانەدا لە سەر بنەرەتی مالات، بە دەس دێ و دابین دەرکـرێ، کشت و کال و جوت و گالە بانە، بە وێنەی سونەتی و بە ٢ شێوەی دیمەکار و بە راو ئەنجام ئەدەرێ و بەرهەم دێ. داهاتی عومدەی ئەوێ بریەتین: لەگەنم، جو، شادانـە، هەرزن، دێمیلە (جورێ هەرزنی دانە درشت) نوک، نیسک، مـاش و تـوتن و بێستان چەندن، و گیاوگژی ئالف بو ئاژالداری، هەروا باغداری و بە تایبەت رەعەمل هێنانی ترێ، فرە برەوی هەیە، **کاردەسی خـەلک** قـالی و فـەرش و مـافورە، بـەرە، گورەوی، دەسکیش و پوزەوان و کلاوچنین و کاری دەرزی و درومان و خـەیاتی و خـەراتـی یە (فەرهەنگ، ١٤) بە خێو کردنی بزنە مەرەزکە مەرەزەکەی بو رانک و چوخە دەنالینێ و فرە بە قیمەتە و نەرمە، دیارە لە دێمەر، خوزی لای شاری سەقزیش بزنەمەرد زهەیە.

شاری بانە: خەلکی ناوی بانە بە (بە روژە)یش ناودەبەن، ناوەندی شارستان، شـاری بانە یەو لە ٢٥° و ٥٣´ درێژایی روژهەلاتی و ٣٥° و ٥٩´ پانایی باکوری ولە بـە رزایـی ١،٥٤٠ میتری دایە، هەروا ئەم شارە لە ٢٧٠ کیلومیتری باکوری روژاوای شاری سنەی نـاوەندی ئـوستانی کـوردستان، دایـە (فـەرهەنگ، ١٥). بـانە شـارێکـی کوێستانیەو دارسانەکەی، جوانی و نەخشینی یەکی تایبەتی بەو شارە داوە (جوغرافیا، ٢/ ٩٠٨ ـ ٩٠٩). لە گەلا ریژانی ١٣٧٥ هەتاوی شاری بانە دارای ٧١٦،٩ خـانەوادە و ٢٥٦، ٥٢ کەس حەشیمەت بووە (سەرژماری، چل).

**پێشینەی مێژویی بانە:** هەندێ لە نوسەران پێشینەی بانە فرە بە کون دەزانن و رایانگەیاندوە کە هەمان سەر زەوی مێژویی پارسواش یاپارسوا بێو باوەریان وایە کە پارسەکان

Dr.Saleh Ebrahimi



به‌رله ماد ـ ه‌كان و له سه‌ده‌ی ۱۲ به‌ر له‌زایین چوبێتنه نێو چیاكانی زاگرۆس و به‌ر له‌وه برۆنه پارس، ۳ سه‌ده یا زیاتر له‌وێ ژیابن (ئێدمۆندز 5)•(پارسوا له ئاشۆریدا به واتای سنوره، جائه‌گه‌ر واژه‌ی پارسوا بۆ ئه‌وێ به‌كار برابێ نیشانه‌ی ئه‌وه‌یه، بانه له‌سه‌ر سنوری خاكی بن ده‌سه‌ڵاتی ئاشۆریدا بوه، نه‌ك هۆزی پارس له‌و ناوچه بوبێ، وه‌نگه‌هێ و لاتی پارس له ئوستانی پارسی ئێراندا له‌كۆندا كوردنشین بووه و به ده‌س كورد بووه و ئێستا شوانكاره و كوردێ فره‌له‌وێ ده‌ژین و ناوی هۆز و ره شماڵه‌كان و زۆمه‌كوردی یه‌كان له نێوكتێبه مێژویی یه‌كان ماوه و به‌رێز دوكتور جه‌مشید صه‌داقه‌ت، كیش ئوستادی فارس زمانی خه‌ڵكی شیراز زنجیره و تارێكی تایبه‌ت به ناونیشانی هۆز و زۆمه‌كانی كوردی ئوستانی فارس (شیراز)ی، نوسیوه و له ده‌سایه یا یاقوت حه‌مه‌وی كه‌ناوی ئه‌و هه‌موه هوزی كورده‌ی له‌وێ برده و شیراز واژه یه‌كی كوردی‌یه و فارس واتاكه‌ی نازانێ كه سیراژ یا سێرێژ بووه (شه‌پۆل).

بانه له ده‌وره‌ی ئاشۆریاندا له‌و سه‌رزه‌ویانه، بووه كه هه‌میشه مه‌ترسی ئه‌وه‌ی لێكراوه، كه بكه‌وێته، به رهێرشی سپای ئاشۆر، هه‌روه‌كو له ده‌وره‌ی حوكحومه‌تی تێگلت پلێسێر ـ ی سێوه‌م (۷۴۸ ـ ۷۲۸ به رله‌زایین) سپایێ شه‌روانی ئاشۆر، له هێرشی خۆیاندا تالای بانه هاتبونه، پیشه‌وه (كامیرۆن، ۱۱۲). له مێژوی به‌ر له ئیسلام ئاگاداری‌زیاتر سه‌باره‌ت به شاری بانه له ده‌سانیه، جگه‌له‌وه‌ی له‌و سه‌ر زه‌ویه، حوكومه‌تێ هه‌بووه (بابا مه‌ردوخ، ۳ (۲) / ۴۱۳).

به پیێ نوسراوی بدلیسی له شه‌ره‌فنامه‌دا كه له سه‌ره‌تای سه‌ده‌ی ۱۰ مانگی دانراوه، ولاتی بانه له ۲ قه‌لاو هه‌رێمێ سازدرابو، یه‌كێ له قه‌لاكان «پیرۆز» و نارچه‌ی بانه‌یه‌و ئه‌وی دیكه‌یشیان قه‌لای «شیوه»ی؛ ناوبووه (بدلیسی په‌ره‌ی ۴۱۳)، هه‌ر له‌و ده‌وره‌دا فه‌رمانره‌وایانی بانه، كه له قه‌لای شیوه‌دابون به ئیختیاره دینی ناودار بون، چونكا ئه‌و خانه‌دانه به دڵ و ئیختیاری خۆیان، دینی ئیسلامیان، ودرگر تبووچبونه سه‌ر ئاینی ئیسلام

Dr.Saleh Ebrahimi



و هه ربه و ناوه یش ناو ده نگیان ده رکردبو (هه ر ئه وێ) یه که م که سێ که له نێو ئه وانـدا ناوی ده رکرد، میرزا به گ کوڕی میر محه مه د ـ ه، دوای ئه و بوداغ به گی کوری بو که به حوکومه ت گه یی، به لأم له دواییدا براکـانی لێـی راپـه رین و ئـه ویش بـه نـاچار روی کرده لأی شا تیهماسبی سه فه وی کوردزاده که صه فه وی خیری بۆکورد نـه بو، بـه لکـو صه فه ویانی کورد، شه ریان بۆکورد بو. (۹۳۰ ـ ۹۸۴ مانگی و ۱۵۲۴ ـ ۱۵۷٦ ز) و له شاری قه زوین وه فاتی کرد، پاشای سه فه وی سلێمان به گی برای ئه وی کرده حاکمی بانه و ئه ویش بۆ ماوه ی ۲۰ سال له و هه رێمه دا حوکومه تی کردوه (هه رئه و، ۴۱۳ ـ ۴۱۵) **سلێمان به گ حاکمێ دادگه ر بووه و گلکۆ که ی له ۳ کیلۆمیتری بانه دایه و زیـاره تگه ی خه لکی ناوچه یه** (مه ردوخی کوردستانی ئایه تولڵا شیخ محه مه د ۲ / ۷۰) ـ فه رمانره وایی ئیختیار دینیه کان له ۹۱۲ تا ۱۲۸۹ مانگی و ۱۵۰٦ تا ۱۵۷٦ ز ـ به رده وام بووه و له و ماوه دا ۱٦ که س له وانه به سه ر بانه دا حوکومه تیان کردوه، ئه وانه بیجگه له حوکومه تی سیاسی، پله و پایه ی دینیشیان هه بووه. له سه ده کانی رابوردوا، گرینگی بانه له وه دا بووه که هاوسنوری عوسمانی داگیرکه ری $\frac{2}{3}$ خاکی کوردستان بووه و هه روا شاری بانه خاکێ بووه که ۳ هۆزی گه وره و موته حیدی کورد: حاکمانی ئه رده لأن، بابان و موکریان له و هه رێمه دا پڕ ده سه لأت بون و پاراستنی سنوری ئێران له شـاری خۆیێ تـا کـرماشان بـه حاکمانی بانه سپێردراوه (ئێرانیکا، 111/665). حاکمانی بانه و هه ورامان نازناوی سولتانیان هه بووه، هه ندێ له نوسه ران لایان وایه که ئه و نازناوه، نادرشای هه و شاری کـورد، بـه وانی داوه (۱۱۴۸ ـ ۱۱٦۰ مانگی و ۱۷۳۵ ـ ۱۷۴۷ ز ـ (سـه نه نده جی ۳۸ ـ ۳۹، موشیرده وله، ۱۳٦ ـ ۱۳۷)، له زه مانی شاهه باسی یه کـه م (۹۹٦ ـ ۱۰۳۸ مـانگی و ۱۵۸۸ ـ ۱٦۲۹ ز) یه کێ له حاکمانی بانه، ناوی ئیسکه نده ر سولتان بـووه (بروانـه: ئیسکه نده ر به گ ۸۱۴). له وه ده چێ که پاشاکانی سه فه وی نازناوی سولتانی به حاکمانی بانه دابێ.

Dr.Saleh Ebrahimi



ئاخرین فه‌رمانڕه‌وای ئیختیار دینی یه‌کان، عه‌بدولکه‌ریم‌خان بووه‌که به ده‌سی یه‌کێ له ده‌رباریانی خۆی به ناوی یونسخان له ۱۲۹۰ مانگی و ۱۸۷۳ ز - کوژ راوه. ئه‌و پیاوه **ئه‌هلی شیعر و ویژه‌وانی بووه و شیعری به زمانی کوردی و فارسی هه‌یه و** (که‌ریم)ی کردوته ناز ناوی شیعر بۆخۆی (بابا مه‌ردوخ، ۳ (۲) / ۴۱۴-۴۱۶) یونسخانیش دوای ماوه یه‌ک به‌ده‌سی برازای خۆی کوژراوه و حه‌مه‌خان کوڕی یونسخان کراوه‌ته حاکمی بانه و ئه‌میش له سه‌ره‌تای جه‌نگی یه‌که‌می جیهانیدا له ۱۳۳۳ مانگی و ۱۹۱۵ ز - به ده‌سی شه‌ڕوانانی عوسمانی کوژراوه و دوای ئه‌وه بانه بووه‌ته تابیعی ساوجبلاغ (: مه‌هابادی موکری - زه‌کی، ۴۹۹). ناوی حاکمانی بانه به مجۆره‌ن: ۱ - میرزا به‌گی بانه کوڕی میر محه‌مه‌د که له‌نیوه راستی سه‌ده‌ی ۱۰دا ژیاوه‌و زاوای بیگه به‌گی والی ئه‌رده‌لان بووه. ۲ - بداغ یا بوداق به‌گی بانه‌کوری میرزا به‌گی بانه - **۳ - سلێمان به‌گی بانه که دوای بداغ به‌گی برای له لایه‌ن شاتیهماسب کرایه حاکمی بانه و بۆ ماوه‌ی ۲۰ ساڵ حاکم بووه و فره پیاوچاک و دادگه‌ر بووه، هه‌ر بۆیی گڵکۆکه‌ی زیاره‌تگه‌یه و له ۱۰۰۸** مانگی وه‌فاتی کردوه. ۴ - به‌در به‌گی بانه و برای سلیمان به‌گ بووه و له سه‌ره‌تای سه‌ده‌ی ۱۱ حوکومه‌تی کردوه - ۵ - ئیسکه‌نده‌ر سوڵتانی بانه، له مێژوی عالەمارای عه‌باسی په‌ڕه‌ی ۵۷۴ له باسی رووداوه‌ی ساڵی ۲۷. مانگی دا نوسراوه که ئیسکه‌نده‌ر سوڵتان حاکمی بانه بووه و له وساڵه‌دا لای شاهه‌باسی یه‌که‌مدا بووه و له دواییدا، لێی راساوه. ۶ - نوره‌للاخانی بانه، که له ساڵی ۱۲۳۶ مانگی حاکم بووه - ۷ - عه‌بدولکه‌ریم خانی بانه‌که ئاخرین حاکم له خانه‌دانی ئیختیاردینی یه‌کان بووه، که له ۱۲۹۰ مانگی کوژراوه و به **کوردی و فارسی شیعری داناوه** - ۸ - یونسخانی بانه‌که دوای ئه‌وه‌ی عه‌بدولکه‌ریم‌خانی کوشت، بووه حاکمی بانه و له سه‌ره‌تای سه‌ده‌ی ۱۴ مانگی به‌ده‌سی فه‌تاح به‌گی برازای کوژراوه - ۹ - حه‌مه‌خانی بانه‌که دوای یونسخانی باوکی بووه‌ته حاکمی بانه و تا سه‌ره‌تای جه‌نگی یه‌که‌می جیهانی حاکمی، بانه بووه. هه‌رله‌و زه‌مانه‌دا **حه‌مه‌خانی**

Dr.Saleh Ebrahimi



**بانە** لەگەڵ **سەیفەدین‌خانی حاکمی شاری سەقز** و **شێخ سەعید با باگـوڵی غـەوساوا** و **سەرداری موکری حوسین‌خان**، پێکەوە پەیمانیان بەست و نەخشەیان کێشا کەبە یارمەتی یەکترو هاوبیران و دەسەو دایرەی خۆیان بەری تورکی عوسمانی بگرن کە بە ئانقەت شەڕی خۆی خزانە بووە خاکی کوردستان، جادوای دەرکردنی شەڕوانانی عوسمانی لە خاکی **کوردەواریدا، بە یارمەتی روسیە کوردستانی ئازاد و سەر بە خۆ رابگەیێنن**، بەڵام بە داخەوە، فەریق ناوێ سەرداری شەڕوانانی عوسمانی لە راز و نیازی ئەو کزردە بوێرو بە شەرەف و دڵسۆزانە ئاگادارکرا و لە ساڵی **١٣٣۴** مانگیدا، ئەو مرۆڤە دڵسۆزانەی کوردو کوردستان گیران و **حەمەخان شەهید کراو** سەردار **حسین مـوکری** و **سـەیفەدین‌خان** حاکمی سەقز و **شێخ باباگولیش** لە شاری مەراغە لەقەنارەدران، بێ ئەوەی مـوحاکـمە بکرین (شەپۆل). لە **١٣٢٣** هەتاویدا شاری بانە بە هۆی حەمە رەشـیدخان، قـادرزادە دارۆخانی کە بەدژی حەمەرەزاشای ئێران، راپەری بوو لە دارۆخانی ئەو دیو هێرشی بۆ سەربانە هینابو، بانەی ئاگرداو بزاوی حەمە رەشیدخان ١٠ ساڵ درێژەی هەبووە (تەوە کولی، **٢١٣ ـ ٢١٥** ؛ ئێرانیکا، هەر ئەوێ). بانە و هەندێ لە ئاوایەکانی ئەوێ لە شەڕی عیراق و ئێرانداد لە **١٣٥٩ ـ ١٣٦٧** هەتاوی و **١٩٨٠ ـ ١٩٨٨** ز **ـ کـەوتە بـن بۆم بارانی هەوایی بە چەکی شیمیایی صەدام حوسێن و خـەڵکـی ئـەوێ زیـانێ فـرەیان پێی‌گەیی‌و مردن وئیستایش زۆرکەس توشی نە خۆشی شیمیا باران بووە و نـەخۆشـن** (بروانە پارسادۆست **٥٠٥ ، ٥١٢ ـ ٥١٣ ، ٦١٩، ٦۴٠**). **سـەرچـاوە** ئیسکەندەر بەگ‌مونشی، عالە مارای عەباسی، تاران **١٣٥٠** هەتاوی؛ ئۆبێن، ئۆژن، ئێرانـی ئـەمرۆ **١٩٠٦ ـ ١٩٠٧**، ئێران و بەینە نەهرەپن، تەرجەمەی عەلی ئـەسغەر سـەعیدی، تـاران **١٣٦٢** هەتاوی، بابا مەردۆخ رۆحانی، تاریخی مەشاهیری کورد، بە کۆششی ماجید رۆحانی، تاران **١٣٧١**؛ بدلیسی، شەرەفخان شەردفنامە، بە کۆششی محەمەد عـەباسی، تاران **١٣۴٣**، پارسادۆست، مەنوچیهر، نەخشی سازمانی میلەل لە عیراق و ئێراندا، تاران

Dr.Saleh Ebrahimi



۱۳۷۱ هه‌تاوی، تاریخی دووه‌لی ئیماراتی کوردی ج ۲، په‌ره‌ی ۴۲۳ تا ۴۲۵). ته‌وه‌کولی محه‌مه‌د ره‌ئوف جوغرافیا و تاریخی بانه‌ی کوردستان، تاران ۱۳۶۳، جوغرافیای کامیلی ئێران وه‌زاره‌تی فێرکردن و بارهێنان، تاران ۱۳۶۶؛ زه‌کی، محه‌مه‌د ئه‌مین، ته‌حقیقی تاریخی له باره‌ی کورد و کوردستان، ته‌رجه‌مه‌ی حه‌بیبوللا تابانی، ته‌وریز، ۱۳۷۷، سازمانی ته‌قسیماتی ولات، وه‌زاره‌تی نێوخۆ، تاران ۱۳۷۶، سه‌رژماری گشتی نفوس و مه‌سکه‌ن ۱۳۷۵، نه‌تایخی ته‌فسیلی، شارستانی بانه، ناوه‌ندی ئاماری ئێران، تاران ۱۳۷۶، سه‌نه‌نده‌جی، توحفه‌ی ناسری له مێژو و جوغرافیای کوردستان، تاران ۱۳۶۶؛ شه‌میم، عه‌لی ئه‌سغه‌ر، کوردستان، تاران ۱۳۷۰، فه‌رمانفه‌رما، عه‌بدلحوسێن، گوزیده‌یێ له مه‌جموعه‌ی ئه‌سناد، به‌کۆشش مه‌نسوره‌ی ئیتحادیه و سیروس سه‌عدونیان، تاران ۱۳۶۶، فه‌رهه‌نگی جوغرافیای ئاوه دانیه‌کانی ولات (بانه)، سازمانی جوغرافیای شه‌ڕوانانیچه‌کدار، تاران ۱۳۷۳ ج ۳۴؛ کامیرۆن، جۆرج، ئێران، له سپیده‌ده‌می تاریخ، ته‌رجه‌مه‌ی حه‌سه‌ن ئه‌نوشه، تاران ۱۳۶۵، مه‌ردوخ کوردستانی ئایه تولڵا شێخ محه‌مه‌د، تاریخ، تاران چاپخانه‌ی ئه‌رته‌ش؛ مۆرگان، ژاک، ئێران، موتاله‌عاتی جوغرافیایی، ته‌رجه‌مه‌ی کازم وه‌دیعی، ته‌وریز، موشیرده‌وله‌ی ته‌وریزی، جه‌عفه‌ر، ریساله‌ی ته‌حقیقاتی سه‌رحه‌دیه به‌کۆششی محه‌مه‌د موشیری، تاران، ۱۳۴۸؛ هه‌روا:

Edmonds' C. J; Kurds, turks and Arabs London, 1957; Iranica,

موحسین ئه‌حمه‌دی دایره‌تولمه‌عاریفی بوزورگی ئیسلامی ج ۱۱ په‌ره‌ی ۴۹۰ تا ۴۸۹ چاپی تاران ۱۳۸۱ هه‌تاوی (شه‌پۆل). ناوی چۆمه ئاوه‌کانی بانه: چۆمی: ۱ ـ بواری سلێمان به‌گ که له‌کێوی نه‌نور و خوریئاو، سه‌رچاوه ده‌گرێ. ۲ ـ چۆمی بوین که له‌کێتی «قه‌ره‌ج دابان» سورین و پشت دوسینه سه‌رچاوه ده‌گرێ

۳ ـ چۆمی بانه‌که له‌که‌لیخان سه‌رچاوه ده‌گرێ.

Dr.Saleh Ebrahimi



۴ ـ چه‌می نه‌مه‌شیر که له‌کێوه‌کانی پشت (نه‌جنه، مه‌نیجه‌لان) سه‌رچاوه ده‌گرێ.

۵ ـ چۆمی شوێ که له پشت ئاوایی ساوان سه‌رچاوه ده‌گرێ.

چۆمی بوار ـ ی سلێمان به‌گ و بوین له باشوری شه‌رقی دیێ (کاروَستەم) ده‌رژینه نێو یه‌ک که‌ده‌گه‌نه نێزیکی دیێ (نیروان)یش هەر به‌ونێوه ناو ده‌برێن، چۆمی شاری بانه و شویێ له‌دیێ (مزه‌ربته) ده‌رژێنه نێویه‌ک که‌ده‌گه‌نه دیێ (تاژه‌بان)یش، هه‌ر به‌ونێوه ناو ده‌برێن و له تێکه‌ڵ بونی ۲ چه‌می نیروان و تاژه‌بان له نێزیک دیێ (موچه) چۆمی چۆمان سازده‌بێ، که به‌شێ له‌و چۆمه له نێو سنوری کوردستانی ئه‌م دیو و ئه‌و دیو سازده‌بێ، چومی نه‌مه‌شیر ده‌رژێته که‌لۆێ سه‌رچاوه‌ی که‌لۆێ گه‌ردنه‌ی مه‌یدانه له رۆژ هه‌ڵاتی شاری مه‌هاباد که ۲۳٦۴ میتر به رزه و ۲ چۆمی چۆمان وکه لوێ له دیهستانی ئالانی کوردستانی باشور نێزیک ئاوه‌دانیه‌کانی گرگاشه و شانخسه، پێکه‌وه چۆمه ئاوێ فره‌وگه‌وره سازده‌ده‌ن و ده‌رژێنه دیجله.

دارستانی بانه‌که ده‌گاته‌وه دارسانی جه‌نگه‌لی سه‌رده‌شت و ئه‌م جوره‌داره به‌که لکانه‌ی فره‌یه: ۱ ـ مازو ۲ ـ خرنوک ۳ ـ به‌لوت: (قه‌زوان یا داره به‌ن: وه‌ن یا بنه) ـ ۴ ـ دموکه (: کشمیشی کاولیان) ۵ ـ سیچکه ٦ ـ گزگل (: قلقاف) ۷ ـ قشته ۸ ـ تسکل ۴ ـ گه‌زۆ (: گه‌ز ئه‌نگه‌بین) له‌و ۹ داهاته: به‌لوت، دموکه و گه‌زۆ خوارده‌مه‌نین و بۆ پزیشکی باشن و ئه‌وانی‌تر له ده‌باغیدا که‌ڵکیان لیوەر ده‌گیردرێن و بازرگانی بانه‌ش پێکدێنن. گه‌زۆ شیره یه‌که، زیاتر له ئاخری به‌هارا یا له سه‌ره‌تای پاییزا له سه‌رگه‌ڵای دارمازو ده‌نیشێ، وه‌ک ئه‌وه جۆرێ مێشی تایبه‌ت هه‌روه‌کو هه‌نگ، که هه‌نگوین سازده‌دا، ئه‌ویش بۆ سازدانی گه‌زوکار ده‌کا، جاکاتێ گه‌زۆ به سه‌رگه‌ڵای دار به لوت خوێ گرت، لقه‌کان ده‌برن و له به رنوری رۆژویشکی ده‌که‌نه‌وه و داروگه‌ڵاکان ده‌ته‌کێنن تاگه‌زوکه‌ی لێ‌جیا ده‌که‌نه‌وه و... دیاره دارسانه‌کان بنێشتیشیان هه‌یه و بۆ سه‌نعه‌تی بنێشت و پزیشکی که‌ڵکی لیوەرده‌گیردرێ. ده‌ڵێن: کاتی خوێ مه‌نن گه‌زۆ: گه‌ز)

Dr.Saleh Ebrahimi



و سه‌لوا (هه‌وێرده ـ بلدرچین)، له دارسانی کوردستانه‌وه بۆ خواردنی موساو میوانه‌کانی چووه، به‌لام ئه‌وان بیانویان گرتووه و سیرو پیوازو...یان ویستووه.

(به‌قه‌دکێلی قه‌بری سلێمان به‌گ بن میرزا به‌گ نوسراوه: له ۱۰۱۰ مانگی وه‌فاتی کردوه و مزگه‌وتی (به روژه) و مزگه‌وتی شوێ دروست کردوه) و دانانی مه‌وقوفات و سازدانی ۲ مزگه‌وتی تر له‌گونده‌کانی بانه هه‌ر به پوڵی ئه‌و بون و ۲ جاریش چوّنه حه‌ج و زیاره‌تی مه‌که و مه‌دینه.

له‌به‌ر ئاوه‌دانی داوێنی ئاربه‌ باوه‌که ماڵ و خانوبه‌ره‌ی لێ سازدراوه، له به‌رناز (بانه)ی ناوه، واژه‌ی بانه له بان و (ه = موسویتی غه‌یره مه‌لنوز وناچه‌سپان) سازدراوه (ه) نیشانه‌ی نیسبه‌ته یانی مه‌نسوب به‌بان: به‌رزای، وه‌ک سه‌ربان: بانی سه‌ر، نه‌رده‌بان، بان ـ ی سه‌رو بڵیندایی ۲ دیراوی ئاودیری: بانی: ده‌شتی به‌رز، بانو، مان و... و به واتای ده‌سه و پۆلیش هاتووه هه‌روه‌ک (بان ـ ه مازوّ) و (بانه‌مه‌ڕ: هاوینه هه‌وار، مانگی گوڵان)که ژنان پۆل پۆل و ده‌سه ده‌سه ده‌چنه بانه مه‌ڕ و کچان، ژنان، پیاوان و کوڕان بۆ خرکردنه وه‌ی مازو، هه‌روا به‌ر و بوی دارسان، ده‌چنه نێودارسانه‌کان، بانه به شاری بانه و به روژه: بانه‌کۆن و به روّژه‌کۆن، ناو براوه و ناو ده‌برێ. ناوی قه‌ڵاکانی بانه: [قـه‌ڵای سـیاوه‌مه، نـه‌مه‌شیر، به‌روّژه (که ئێستاکه‌وتۆ ته‌نیوّ شاری بانه یا قه‌ڵای قشله) قـه‌ڵای کـیوه روّ، له نیّـزیک گوندی کیوه‌روی دیهستانی ئالوّت، قه‌ڵای شوّی، ئه‌مین زه‌کی ده‌ڵێ: میرزا به‌گ کوری محه‌مه‌د به‌گ حاکمی قه‌ڵای (پیرویی وشوّبوه) بووه که‌که‌و توّنه‌ته نیوّ بانه (په‌ره‌ی ۱۶۸ ـ کیله نیزیک دیێ کـیله ـ ۸ قـه‌ڵای بـوین کـه له نێـوان دیێ بـوین و چـیچوران ـ ه] ـ حه‌کیمانی، سوننه‌تی دیێ سه‌به‌دلو له جه‌راحی شکانی ده‌س و پیدا و گرتنه‌وه‌ی ئه‌وانه، فره‌زانا و چاکن ـ ۲ حه‌کیمانی بنه‌ماڵه‌ی مه‌و له‌وی که‌ئیستا له مه‌هاباد فره‌ناودارن و بنه ماڵه‌ی مه‌و له‌وی ئێستا به‌عیلمی روّژباوی پزیشکی فره‌ئاشنان و که‌سانێ وه‌ک دوکتور عه‌لی مه‌و له‌وی، دوکتور عـه‌بدوللا مـه‌و له‌وی و دوکـتور بـیهروز مـه‌وله‌ویان هـه‌یه. (بروانه: زانایانی کورد نوسراوی محه‌مه‌د صالح ئیبراهیمی (شه‌پۆل) ـ زانایان و شاعیرانی

Dr.Saleh Ebrahimi



بانه (مه‌لا محه‌مه‌د به‌رده‌شی با نه شاعیر و له زه‌مانی نادرشادا ژیاوه، مه‌فتون: مه‌لا ئه‌ول عه‌زیز که له سالّی ۱۲۴۷ مانگی به نه‌خۆشی تاعون مردوه ودیوانی شیعره‌کانی ده‌گاته هه‌زار به‌یت. سمیع حاجی شێخ عه‌بدوسه‌میع کوڕی‌سه‌ید سلێمان،کوڕی سه‌ید برایم که له ۱۲٦۴ مــانگی له دێ (واژه) شـار بـاژێـر له دایک بـووه و دوای تـه‌واوکـردنی زانسته‌کانی ئیسلامی له دێی (هه‌مزه‌لاّن) دێهستانی ده‌شته تالّی بانه، ده‌بێته مه‌لا و ژن دێنێ و دوای ماوه یه‌ک ده‌چێته (ئه‌نجینه توه‌ره‌ش) ناودار به (ئه‌نجینه‌ی برایم) و له ۱۲۹۵ تا ۱۳۰۲ له‌وێ مه‌لا بووه و عه‌قیده‌ی کوردی له ئه‌نجینه به‌شیعر داناوه: ـ ئه‌وه‌لّ ئیبتیدا به‌ئیسی ئه‌للاّ ـ په‌س حه‌مه‌د و سه‌نا ئه‌لحه‌مدولیلا ـ شیخ سه‌میع له پاشان چوّته دێ (: بێلوێ) و دێی (بنه‌خوێ) و له سه‌فه‌ری زیاره‌تی مه‌که و مه‌دینه، وه‌فاتی کردوه. ـ گورگین: محه‌مه‌د خه‌لّکی دێی شوێ بووه و به زمانی کوردی شیعری هه‌یه‌که زۆر به‌یانی به وێنه‌ی توانج و ته‌شه‌ر داناوه و چاپ نه‌بون. ـ ئه‌دیب: مه‌لا سه‌ید ئه‌حمه‌د خواجه‌میر شیعری به کوردی و فارسی هه‌یه و چه‌ن سالّێ به‌ر له‌جه‌نگی ۲ جیهانی مردوه. ـ مه‌حزون: میرزا محه‌مه‌د که‌ریم وله بانه ژیاوه و شیعری له بابه‌ت خواناسی یه‌وه هه‌یه وله نێوان سالانی ۱۳۲۲ و ۲۳ هه‌تاوی مردوه ـ حاجی سمایلی ته‌وه‌کولی (:کرمانج) له ۱۳۰۷ هه‌تاوی له بانه له دایک بووه و دارای قه‌سیده و غه‌زه‌له به زمانی کوردی و فـارسی و حـاجی ره‌ئوف ته‌وه‌کولی ئه‌هلی قـه‌لّه‌مـه‌و نـاشیره و له تـاران خـه‌ریکی خـزمه‌ت کـردن بـه فه‌رهه‌نگ و ئه‌ده‌به. پرزانا مه‌لا عه‌بدولعه‌زیم موجته‌هید، کوڕی مه‌لا عـه‌بدولمه‌جید، کوڕی مه‌لا هه‌مزه‌ی حه‌کاک‌کوڕی مه‌لا عه‌باسی‌کوڕی مه‌لا هه‌مزه‌کوڕی مه‌لا ئه‌حمه‌د کوڕی مه‌لا هه‌مزه دونیزی، دونیس یا دونیز گوندێکه له‌پشت ئاربه‌با، مه‌لا عه‌بدولعه‌زیم له جۆزه‌دانی سالّی ۱۳۲۷ هه‌تاوی له شاری سنه وه‌فاتی کردوه و ۸۰ سالّ ته‌مه‌نی بووه و ئه‌و زاتـه له لای بـاوکی، سـه‌ید عـه‌بدوللاّ چوڕی، مـوفتی زه‌هـاوی، شـیخ عـومه‌ر قه‌ره‌داغی خوێندو یه‌تی و سه‌ره‌نجام لای مه‌لا قادر بـیاره ئـیجازه‌ی مـه‌لا یـه‌تی وه‌ر گرتووه و له ته‌مه‌نی ۲۲ سالّیدا بۆته موده‌ریس له شاری سنه و به مـوجته‌هید له فـه‌توا

Dr.Saleh Ebrahimi



داناناو دارو شاعیریش بووه و زیاتر له ۱۰ ریساله‌ی داناوه. ـ ئیبراهیم یونسی کوری سلێمان‌خان یونسی، نه‌وه‌ی یونسخانی حاکمی بانه‌که له ساڵی ۱۳۰۵ هه‌تاو له بانه له دایک بووه و له ۱۳۲۷ پله‌ی ئه‌فسه‌ری له زانستگه‌ی ئه‌فسه‌ری وه‌رگرتووه و تا ۱۳۳۳ له خزمه‌ت ئه‌رته‌شدا بوون و به زبانی ئینگلیسی و فه‌رانسه ناسیاوه و پله‌ی دوکتورای له رشته‌ی ئابوری له فه‌رانسه وه‌رگرتووه له ۲۸گه‌لاوێژی ۱۳۳۲ به بیانوی ئه‌وه‌ی له حیزبی توده‌دا بوگه، بۆ ماوه‌ی ۸ ساڵ زنیدان بووه و له‌کاتی سه‌ره‌ک وه‌زیرایه‌نی بازرگان بۆ چه‌ن مانگ ئوستانداری ئوستانی کوردستان بووه و شوکر بۆ خوائێستا سالمه و چه‌نده‌هاکتێبی له زمانی ئینگلیسی یه‌وه هێناوه ته سه‌ر زمانی فارسی و به تایبه‌ت ئه‌وکتێبانه‌ی له بابه‌ت کوردوستانه وه‌ن وه‌ک: تاریخی مه‌عاسری کورد، (دیوید مه‌ک داوێل) چاپی ۱۳۸۰ ـکورده‌کان، تورکان، عه‌ره‌به‌کان (سیسل جی، ئێدموّندز چاپی ۱۳٦۷ تاران و کورده‌کان (که‌ندال، عیسمه‌ت شه‌ریف‌وانلی، مسته‌فا نازدار چاپی ۱۳۷۹ ـ جونبوشی میللی کورد (کریس کوّچه‌را) چاپی ۱۳۷۳ ـ شێخ سه‌عید پیران، ئاغا، شێخ و ده‌وڵه‌ت (مارتین وان بروّئین و... ـ حه‌سه‌ن بن موسا عه‌بدوللاّ زه‌ردێنی بانه‌یی له‌زانایانی په‌یره‌وی رێبازی قادری خواناسی بانه بووه که‌له دیمه‌شق نیشته جێ بووه و له‌وێش مردوه‌و شه‌رحی له سه‌ر حیکه‌می بن عه‌ره‌بی و شه‌رح له‌سه‌ر ریساله‌ی شێخ ئه‌رسه‌لان و شه‌رح له‌سه‌ر مه‌واقیعی نجومی بن عه‌ربی و شه‌رح له‌سه‌ر عه‌وامیلی جورجانی هه‌بووه. (سک دوره‌٪۲: ۳۵ و لئه‌ز هه‌ریه ۳: ۵۹٦ وه‌لموسته دره‌ک له‌سه‌ر که‌شاف، نه‌قه‌ڵ (زه‌رکلی ۲۲۴ ج ۲ چاپی ٦ بیّروت ۱۹۸۴ ز ـ) ـ سه‌ید حه‌سه‌ن سورینی ناودار به سوڵتان عوره‌فا، حه‌ڵکی دیێ (سورین)ی بانه و له ساداتی به‌رزنجه‌یه‌که شاعیروزانا بووه و له‌ساڵی ۱۲٦۷ مانگی له سورین له دایک بووه و له ۱۳۴۷ مانگی له دیێ (قباغلوجه) دێهستانی میره‌دێی، وه‌فاتی کردوه ـ فیدا محه‌مه‌د عه‌تاری‌کوری سه‌عید له ۱۳۰۷ هه‌تاوی له بانه له‌دایک بووه و به‌زمانی کوردی و فارسی شیعری داناوه. ـ قازی ئه‌و ره‌حمان موفتی،کوری قازی محه‌مه‌د سه‌لیم له نیژادی

Dr.Saleh Ebrahimi



مه‌ولانا موسا ته‌وه‌کولی باپیره‌ی حاجی محه‌مه‌د ره‌ئوف ته‌وه‌کولی که‌ به‌ر له‌ جه‌نگی نیّوگه‌لانی یه‌که‌م بوّماوه‌ی ۷ سالّ له‌ بانه‌ له‌ مزگه‌وتی قارنی خه‌ریکی ته‌دریس و فتوادان و قه‌زاوه‌ت کردن بووه. ـ حاج مه‌لا سه‌لام له‌ عالمانی ناسراوی بانه‌ بووه‌ که‌ له‌ موکریانه‌وه‌ چوّته‌ بانه‌ و له‌ مزگه‌وتی برایماغا خه‌ریکی ته‌دریس و کاری دینی بووه‌ و له‌ ۱۲۰۵ مانگی له‌دا بک‌بووه ۱۳۳۶ مانگی وه‌فاتی کردوه‌ و له‌ گوّرستانی بانه‌ کوّن نیّژراوه. ـ مه‌لا مه‌حمود کوری حاجی مه‌لا سه‌لامی بانه‌که‌له‌ مه‌لا باشه‌کان و زاوای عه‌للامه، مه‌لا سه‌عید ـ ی گه‌وره‌ کوری حاجی مه‌لا عه‌بدولکه‌ریم ناودار به‌ شیرازی و موده‌ریسی تیکانته‌ په‌ی لای بوّکان و باپیره‌ گه‌وره‌ی نوسه‌ری ئه‌م دیرانه، بووه‌ که‌ شه‌رافه‌ت خانمی کچی ئه‌وی هیّناوه‌ که‌ ئافره‌تیّ زاناو ژیر و له‌ کازان و فره‌وشیا و بووه‌ و چه‌ن کوری‌له‌م خانمه‌ به‌ ناوی حاجی مه‌لا محه‌مه‌د شیّخولئیسلامی بانه، پرزا مه‌لا یه‌حیا و حاجی مه‌لا عومه‌ر سه‌لامی لیّبووه. ـ مه‌لا عیسا زه‌ربنه‌یی که‌ له‌ زه‌مانی نادر شادا ژیاوه‌ و جه‌لدیّ له‌ کتیبیّ فیقهی کوری حه‌جه‌ری کردوّته‌ فارسی که‌ ده‌س نوسه‌که‌ی لای حاجی مه‌لا عه‌لی خه‌تیبه‌ که‌له‌ نه‌وه‌ زاکانی مه‌لا عیسایه،که‌ به‌ زمانی کوردی که‌ زمانی خوّی و دایکی بووه، ته‌رجه‌مه‌ی نه‌کردوه، سه‌ره‌ی بوّ خه‌لّک کردوه، به‌بنه‌ی بوّ خوّی و خه‌لّکی کوردی خویّ نه‌کردوه. ـ حاجی با یه‌شیّخ له‌ زانایانی کاژاوه‌ که‌ له‌ ۱۳۰۲ مانگی له‌ بانه‌ له‌ دایک بووه‌ و له‌ ۱۳۷۵ مانگیدا له‌ دییّ ئه‌لمانه‌ وه‌فاتی کردوه. بروانه‌ عوله‌ مائونا، نوسراوی پرزانائیمام شافیعی زه‌مانه‌ مه‌لا عه‌بدولکه‌ریم موده‌ریس) ـ مه‌لا عه‌بدوللا بانه‌یی که‌ له‌ ۱۳۱۲ له‌ دایک بووه‌ و له‌ ۱۳۲۵ مانگی وه‌فاتی کردوه‌ (هه‌رئه‌ویّ) ـ مه‌لا محه‌مه‌د ئه‌مین چیچورانی که‌ له‌ ۱۲۸۰ له‌ چیچورانی بانه‌ له‌ دایک بووه‌ و له‌ ۱۳۵۵ له‌ دییّ ره‌ شه‌ده‌ ـ ی مه‌ریوان وه‌فاتی کردوه‌ ـ عه‌للامه‌ مه‌لا یه‌حیا بن مه‌لا (مه‌حمود بن حاجی مه‌لا سه‌لام بانه،که‌ له‌ ۱۳۵۵ مانگی له‌ بانه‌ وه‌فاتی کردوه. ـ شیّخ یه‌حیا کاژاوه‌ که‌ له‌ عالمه‌ زاناکان بووه‌ (عوله‌مائونا هه‌رئه‌ویّ) ●

Dr.Saleh Ebrahimi



# بیجار

شارستانی بیجار و شاریّ له باکوری رۆژهه لاّتی ئوستانی کوردستان (سنه) له بابه‌ت ناوی ئه‌م شاره ئاگارداری یه‌کی ئه‌وتۆله ده‌سانیه، هه‌ندیّ که‌س لایان و ایه له‌بنه‌ره تا (جاره‌بی) بووه، یانی شوێنیّ که داره‌بیه کانی براون. له کوردیدا جاره‌گه نم یانی گه‌نمه که‌ی درۆینه کراوه. ته‌وه کوللی موقه‌دم، ١/٢٢٨؛ میرات...، شارستانی بیجار

شارستانی بیجار به په‌ره‌داری ٨۴.، ک ٢ (جوغرافیای...، ٢/٩٠٧)، له باکوره‌وه لکاوه به‌شارستانی ماهنیشان (ئوستانی زه‌نجان) و تیکاب (ئوستانی ئازربایجانی غه‌ربی)و له باشوره‌وه لکاوه به شارستانی که‌بوده رئاهه‌نگ (ئوستانی هه‌مه‌دان) و قوروه‌وله خوّراواوه لکاوه به شارستانی دیوانده ره‌وله رۆژهه لاّته‌وه به شارستانی زه‌ریناوا وقیدار (ئوستانی زه‌نجان)، (نه‌خشه...) شارستانی بیجار دارای ٣ به‌ش به ناوی چنگ ئه‌لماس، کوراِنی و ناوه‌ندی و ٣ شارستان به‌ناوی بیجار، یاسوکه‌ندو بابه ره‌شانی و ١١ دیّهستان و ٢۵۵ گوندی ئاوه‌دانی، هه‌یه (سه رژماری...، پانزده؛ نه‌شریه...، ۴٠). زۆربه‌ی زه‌وی شاری بیجار کوێستان و کیّوه و گرینگترین کیّوه کانیشی ئه‌مانه‌ن: دوازده ئیمام (١،٩٦۴ میّتره)، قه‌ره‌چه‌مه‌ن (٢،٧٨٦ میّتره)، حه‌لقه‌میر (٢،٧٧۵ میّتره)، سیرالان (٢،٦٧٣ میّتره). میهره‌نگار (٢،۴٠۵ میّتره)، فه‌رهه‌نگی جوغرافیایی کیّفه کان...، ١/٣٦٢، ٣٨٢، ٣٩٠، ۴١٠)، به‌شیّ‌تری شاری بیجار ده‌شتی ئاوبردو یا خاکی به‌ره مهیّنه (فه‌رهه‌نگی جوغرافیایی ئاوه‌دانیه کان...، ۴٩).

چه‌می پروته ژیّ‌له ئاوی چه‌می قزلّ وه‌زان و ژماری ئاو ریّژه کانی بیجار، هه‌روه کو ئاوی تلوار یا ته‌روار، ئوزون ده‌ره و چه‌م روّ، گرینگترین چه‌م و روّخانه کانی ئه‌وێن که به خاکی شارستانی بیجاردا، دیّن وده روّن (ئه فشین، ٢/١٣٧-١٣٨، ١۵٢، ١۵۴). **که‌ش و هه‌وای ئه‌م شاره مام ناوه‌ندی** مه‌یل به ساردی یه‌وله روانگای بارشه‌وه به ناوچه‌ی نیوه ویشک، دیّته ژمار (جه‌عفه‌ری، ٢٢٦).

Dr.Saleh Ebrahimi



**بنچینه‌ی ئابوری شارستانی بـیجار** لەســەر جـوت‌وگا و کشت و کـاڵ و بـاغداری، مەرومالاًت به خیو کردن، (ئاژاڵداری). کاردەسی، وەک فـەرش‌و قـالیـچه، جـاجم، گوڕەوی، دەسکیش، کلاو، ئارەخچن، رەشکه و خوری و مەرەزو مورستن و سەنعەتی کارخانەیی، دامەزراوه و گرینگترین بەرهه می‌کشت و کاڵ ئەمانەن: گەنم، جۆ، پەرشه، گاڵ و هەرزن، شادانه، یونجه، لەورگه، گیای میرگ، گژوگیا بۆ ئاژاڵ، هەروا داهاتی دانه ویڵه وەک دانەی رۆنی سەوزی خوارەمەنی، (تـەرەباری) و هـەموجۆره مـیوەیەک، وەکوترێ، سیو، قەیسی و شیڵانه، بادام، گوێز، باشه بزانین قالی و قالیچەی گرێ چنی و نەخش ورەنگ و دەسبافی بیجارفره ناودارەو باری جیهانی هەیەو سەر چاوەی ئابوری خەڵکه، بەرە و بەرە چنین کەبه نەخش ونیگاری جوان و رازاوه له بیجاردا، ده چـنرێ (فەرهەنگی جوغرافیایی ئاوه دانیەکان، ۵۰؛ ئەدواردیز ۱۲۵-۱۲۳، گـانیـز رودیـن، ۲۶۶-۲۶۵). له ســەرژماری ۱۳۷۵ هـەتاوی شـارستانی بـیجار ۱۱۴،۲۳۵ کـەس حەشیمەتی بۆدانراوه (سه رژماری، سی ونۆ). زمانی **خەڵکی بیجارکوردی یه**، که میکیش بەتورکی قسەده‌که نوبه فارسیش دەرس‌ده خوێنن چونکا ئەسڵی ۱۵ قانونی ئەساسی سەبارەت به خوێندنی زمانی کوردی بەرێوه نەبراوه. هەندێ کەس سوننی مـەزهەب و هەندێکیش شیعه مەزهەبن (فەرهەنگی جوغرافیایی ئاوەدایەکان، هەر ئەوێ نەجەفی، ۵۱۸).

شاری بیجار ناوەندی بیجاره ولەو ۳۵ وه ۵۲ پانتایی باکوری وه ۴۷ و ۳۶ درێژی رۆژ هەڵاتی‌و له بەرزایی ۱،۹۱۰ میتری تەختی ده ریـادایـه. (پـاپلی، ۱۱۵) و دوای شاری کورد، بەرزترین شاره له ئیراندا (جوغرافیا، هەرئەوێ)، لەسـەر ژمـاری ۱۳۷۵ هەتاوی. حەشیمەتی ئەم شارەیه (۴۳،۷۴۱) کەس دانراوه (سەرژماری، چل).

**پیشینەی میژویی:** تایبەتی یەکانی قەڵای (قمچقای) که بەجیماوەکانی ئەوه له بەرزایه کدایه له ۴۵ کیلۆمیتری‌شاری بیجار، شوێنەواری مـاوه و پیشـینەی بـیجار، دەبـاتەوه

Dr.Saleh Ebrahimi



دەورەی بەرلە زایین تا **رۆژگاریماننا و ماد** (میرات قەلای قمچقای)، هەبونی ئاسەواری قەلای چەنگیز قەلاوقەلای بانی)کە پێشینەی هەمو ئەوانە، دەگە رێتەوە بۆ بەرلە دایک بونی عیسامەسیح وگرینگی ئەم ناوچە لە دەورەی کەونارا نیشان دەدا (هەرئەوێ، چەنگیز قەلا)، هەرچەندکە لەسەر چاوەی مێژوویی و ئە و جۆرە کتێبانەی کە قسەیان لە هێرشی عەرب بۆسەرکوردستان کردوە، شتێ لە بابەت داگیرکردنی بیجار بە دەس عارەبو ئیسلام نابیندرێ بەلام بەورد بونە وەلە باری جوغرافیای ئەوێ، لەوە دەچێ ئەم ناوچە لە نێوان سالەکانی **٢١** تا **٢٢** مانگی لە سەردەمی داگیرکردنی هەمەدان یا ئازربایجان ناوچەی بیجاریش توشی هێرش و داگیرکردن بوبێ (بلازەری، **٤٣٣**، **٤٥٥-٤٥٦**؛ تەبەری، **٤/٤٦**، **١٥٣**؛کوری ئەسیر، **٣/١٧**، **٢٢**، **٢٧**).

**شوێنە واری بە دەس هاتولە شوێنەکۆن وکەوناراکانی شاری بیجار،** بۆوێنە وارگەی تاریخی ئیمامزادە عەقیل لەشاری یاسوکەند، ئەمەمان بۆ دەگێرێتەوەکە ئاوەدانی و حەشیمەتی مروڤ لە روژگاری بەرلە ئیسلام تا دەوردی دوای ئیسلام لەم ناوچە داهە بووە و بە ردە وامیش بوگە (میرات، قەلای قمچتای، ئیمامزادە عەقیل) خانوبەرەی ئیمامزادە عەقیل. یەکێ لەکۆنترین ئاسەواری میعماری کوردستانە، لە دەورەی ئیسلامیداو خۆدەگە یێنێتە دەورەی سەلجوقیانی حاکملە ئێراندا (هەرئەوێ)، ناوچەی بیجار لەکۆنەوە مەلبەندی ئازربایجان وکوردستانی بە ناوچەکانی‌تر لە ئێراندا پێوەند داوە و هەبونی پردگەلێ. هە روەکو پردی (قەجور، صلەوات ئاواوخانوو بورجگەلێ هەروەکو ئەشقون بابە، ئۆچ‌گومەزو یەنگی ئەرخ‌کەلە شوێنە واری دەورەی صەفەوی‌یە و لەوانە بۆ حە سانەوەی کاروان وریبورانی رێگاوبان سازدراون و ئەمەیش خۆی نیشانەی‌گرینگی ئەم ناوچە یەلە بابەت بازرگانی دەورەی صەفەوی‌یەوە (میرات، لە ژێر ناوی پردو خانوو بورجی‌حە سانەوە). مەلبە ندێ کە شارستانی بیجار لە ویدایە، لە دەورەی صەفەوی‌و بەر لە صەفەویش بە پشتوین وکەمە رزێرین، ناوبراوە (بدلیسی،

Dr.Saleh Ebrahimi



**۴۲۵، ۴۲٦**؛ کەریمی، ۱۹۰). نێوی بیجار بۆ ئەوە لێن جارلە خولاسەتو تەواریخ (دانراوی ۱۱۰۷ مانگی) لە ژێر روداوەکانی ساڵی ۹۹۹ مانگی لە رۆژگاری شاعەبباس صەفەوی (سا ۹۹٦-۱۰۳۸ مانگی) هاتووە و باس لە بیجار کراوە (قازی ئەحمەد، ۲/۱۰۸۵) لەو مێژوەدا قەلای بیجار لە دەس دەوڵە تیارخان سیامەنسور، دابووە کە یەکێ بووە لە فەرمانرەوایانی سەر بە صەفەوی کە بە دژی شاعەبباس هەڵبە زیودتەوە و سپای شاعە بباس، دوای ئەوەی بزاوی دەوڵە تیارخانی، تێشکاند قەڵای بێجاریان، وێران کرد (هەرئەوێ، ئیسکەندەر بێگ، ۱/۴۴۰-۴۴۱، مەردوخ، ۳(۲)۴۳۱-۴۳۳). بەڵام ئەم شارە گرینگی خۆی لە کیس نە داوەو بە پێی راپورتی ئیعتماد سەڵتەنە. لوتفعە لیخان گەروسی یەکێ لە ئەمیرانی عێلی گەروس کەلە کلکەی پاشایی شا سلێمان صەفەوی و سەرتا سەری، ماوەی پاشایی. شاسوڵتان حوسێن صەفەوی، حوکومەتی ناوچەی بیجاری بە دەس بووە و لە ۱۱۰۴ مانگی قەلا و باڵە خانە و خانوبارەیەکی بە ناوی چوار باغ لەم شارەدا، سازداوە (۴/۱۹۰۴-۱۹۰٦) کە نیشانەی ئەوە یەکە فەرمانرەوایانی گەروس فرە گرینگیان بەشاری بیجار داوەو دوای صەفەویان، لە بەرئەوەی خێلی گەروس لە وێدا جێگیربون، بە گەروس، ناو بانگی پەیدا کرد و ناوەندە کە یشی شاری بیجار بووە. لەدەورەی قاجاری‌یە، بە سازدانی بازاری بیجار کە ئەمرۆ بە شیوێنە واری کۆنەی، شارە کۆنە کە، دێتە ژماروداگری یەک راستەی درێژی باکوری و باشوری و یەک تیمچە بە ناوی حاجی شاباز و سەرای ئەمیرتومانە، کەلەودەورەدا، بوتە هوی برەوی بازرگانی شاری بیجار (میرات، بازاری بیجار)، یەکێ دیکەلە ئاسەواری رۆژگاری قاجار لەبیجاردا مزگەوتی هەینی ئەوشارە یەکەلە ۱۲۲۰ مانگی‌دا بە هوێ نەچە فقولیخانی گەروس، سازدراوە (ئیعتماد سەڵتەنە، ۲۰۰۲/۴-۲۰۰۳) **سەر چاوە** کوری ئەسیر، ئەلکامیل؛ ئیسکەندەر بیگ مونشی، عالەمارای عەبباس، تاران، **۱۳۵۰** هەتاوی، تاران، ۱۳٦۷-۱۳٦۸ هەتاوی؛ ئە فشین، یەدوڵلا، چەمە کانی ئێران، تاران، **۱۳۷۳** هەتاوی، بدلیسی، شەرە فنامە، ئەمیر شەرە فخان، بە کۆششی محەمەد عەبباس، تاران، **۱۳۴۳**

Dr.Saleh Ebrahimi



هه‌تاوی، بلازەری، ئەحمەد، فتوحولبولدان، بە کۆششی عەبدوللائه نیس تیباع و عومەر ئەنیس تیباع، بیروت، ۱۴۰۷ مانگی و ۱۹۸۷ز- پاپلی یەزدی، محەمەد حوسێن، فەرهەنگی ئاوایەکان و شوینە مەزهەبیەکان لەئێراندا، مەشهەد، ۱۳۶۷، تەوەکوللی موقەدەم، هوی نیوی شارەکان لە ئێران، تاران، ۱۳۷۵، جەعفەری عەبباس دایرەتولمەعاریفی جوغرافیایی ئێران، تاران، ۱۳۷۹، جوغرافیای کاملی ئێران، وەزارەتی فێرکردن و بارهێنان، تاران، ۱۳۶۶؛ سەرژماری گشتی نفوس و مەسکەن (۱۳۷۵) نەتیژەی تەفسیلی، شارستانی بیجار، ناوەندی ئاماری ئێران، تاران، ۱۳۷۶؛ تەبەری، تاریخ؛ فەرهەنگ جوغرافیای ئاوە دانیەکانی ولات (سنە)، یانەی جوغرافیای ئەرتەش تاران، ۱۳۷۴ ج ۳۵، فەرهەنگی جوغرافیای کێوەکانی ئێران، سازمانی جوغرافیای هێزی چەکدار، تاران، ۱۳۷۹؛ قازی ئەحمەد قومی، خولاسە توتاواریخ. بە کۆششی ئیحسان ئیشراقی، تاران، کەریمی بەهەمەن، ریگاکانی کەونارا: باستانی و پێتەختەکانی قەدیمی غەربی ئێران، تاران، ۱۳۲۹ هەتاوی، مەردوخ روحانی بابە تاریخ، مەشاهیری کورد، بە کۆششی ماجید مەردوخ روحانی، تاران، ۱۳۷۱، میرات، فەرهەنگی و گەردشگە ری ئوستانی کوردستان (سنە)،

(ما، «میرات...» ۱)؛ نەجەفی، یەدوللا، جوغرافیای گشتی ئوستانی کوردستان: سنە، تاران، ۱۳۶۹؛ نەشریەی عەناسری تەقسیماتی بەهاوریێ ناوەندی، بریکاری سیاسی (رامیاری) وەزارەتی ولاتی ئێران، تاران، ۱۳۸۱، نەخشەی ولاتی ئێران، گیتاناسی، تاران، ۱۳۸۱ هەتاوی ژمارەی ۲۹۴؛ هەروا:

Cultural He ritage orga nization of kurdistan www. kurdistanmiras. it/farsiol/ index. htm; Edwards, A.C., the pey sian carfet. London, 1975; cans-Ruedin, E, Antigue oriental carfets. London 1975

کەریم شەریعەتی، دایرەتولمەعاریفی بوزورگی ئیسلامی ج ۱۳ پەرەی ۳۳۴ تا ۳۳۴. (شە پوّل). - بیجار یاگەروس. بیجارکونەگەنمی ولاتە. بیجار پردێکە لەنێوان سنە و

Dr.Saleh Ebrahimi



هه‌مه‌دان و زه‌نجان و ئازربایجاندا، بیجارده توانیٚ زیاترله ۳۵۰ هه‌زارتوٚن گه‌نم و دانه‌وه یله‌ی لیٚ به‌ده‌س بیٚ، بیجار ۱۹۲۰ میٚتر له‌لیواری ده‌ریابه رزتره و نازناوی سه‌ربانی پیٚدراوه، بیجار له نیٚوکیٚفه‌کانی سه‌روا، زاغه، نه‌قاره‌کوب و قراجلی دایه. بیجار ۱۴۰ له‌سنه و ۱۵۳ له هه‌مه‌دان و ۱۵۰ له‌کیلوٚمیٚتر له زه‌نگان دوره و تاتاران ۴۷۴ کیلوٚمیٚتره.

ده‌لیٚن: بیجار له‌کوٚندا داره‌بی فره‌بووه‌و برياوه‌و بوٚته جاری داره‌بی. هه‌ندیٚ که‌سی دیکه لایان وایه ناصره‌دین شای قاجار چوٚته ئه‌وشاره و به‌تکای ئه‌میر نیزامی گه‌روس، شه‌وله‌ویٚ ده‌میٚنیٚته وه و کاروباریٚ که ده‌کریٚ خه‌لکه‌که، ده‌ماوده‌م ئه‌م به‌وی ده‌لیٚ و ئه‌وبه یه‌کیٚتری راده‌گه‌ینیٚ وگشت راز و نهیٚنی کاروباری ئه‌و شه‌وه‌ی شارله ناوخه‌لکا، جارده دریٚ، جاهه‌رله‌م سوٚنگه‌وه ئه‌وشاره به بیجار ناو براوه.

قه‌لای ۳۲۰ میٚتری (شانشین) که له به‌شی کوٚرانی دایه، خوٚی وه‌ک گزموله یه‌ک له راست کیٚویٚکدا، ده‌بینیٚ. کیٚوی په‌نجه عه‌لی له‌روٚژاوای بیجار دایه و ۲۴۰۷ میٚتر به رزه، هه‌ندیٚ لایان وایه، په نجه‌ی عه‌لی کوری ئه‌بو تالیب له‌سه‌ر تاشه به‌ردی ئه‌وکیٚوه، دراوه‌و جیٚی په‌نجه‌ی دیاره و له‌نیٚو بوٚره پیاواندا سوٚیندی پییٚ ده‌خوریٚ هه‌روه‌کوله‌م شیعره فولکو لوٚری یه‌دا ده‌لیٚ:

سیٚف‌وزه ردەلوٚی حه‌نای مه‌مده‌لی ـ گرفتاردم وه‌ی په‌نجه‌ی عه‌لی.

به‌لام له‌باری میٚژوی یه‌وه له‌که‌وناراوه ده‌س پا په‌نجه‌ی ده‌س نیشانه‌ی وزه‌و هیٚزبووه و یه‌کیٚک له (رب النوع) بووه؛ که له جیهانی کوٚندا هاتوٚته ژمار، خواله قورئاناله سوره‌ی فه‌تح ئایه‌تی ۱۰ فه‌رمویه‌تی (یَدُاللّٰهِ فَوْقَ أَیْدِیهِمْ...) یَدْ له‌م ئایه ته‌دا به واتای وزه وهیٚزو قودره‌ته، ده‌لیٚن: ئه‌م کیٚف و بلوکی په‌نجه عه‌لی یه‌ی بیجار، هاوینه هه‌واریماننا و ماد بووه و شیٚز: (ته‌ختی سلیٚمان) که له ۴۰ کیلوٚمیٚتری تیکاب هه‌و شاردایه، پیٚته ختی ئه‌و ماننا و ماد و کوردو کوردزادانه بووه، که جییٚ په‌نجه یان له‌کوٚنه وه له‌و ناوه دیاره. له‌کوٚنه‌وه؛ ژنان له نیٚوئه واندا کلاوی له‌مه‌ره‌ز یابه‌رگن چنیوه‌و په‌نجه‌ی ده سیان له‌م لاو له‌ولای ئه‌وکلاوه؛ وه‌ک نه‌خش چنیوه و هه‌رده په‌نجه‌ی ده‌س له پشت

Dr.Saleh Ebrahimi



و روی ئەو کڵاوە چنیوە. جا هەرکەس ئه وجۆرە کڵاوە یا (ئارەخچن و تەقیلە)ی لەسەر دابووە، نیشانەی ئەوە بووە کە ئەو ئینسانە مەزن وگەورە و خاوەن دە سەلات و سەر کردە بووە. لە پاشان ئەو پەنجەی دەسە لە دەوری ئەو جۆرە کڵاوە بۆتە، دەکۆنگرەو بە وێنەی تاج، تانجی شاهی لە سەریان ناوە. لە مێژودا نوسراوە کە یەکەم کە سێ کە بۆتە خودان و خدێو وکاروباری وڵاتی بردوە بە رێوە،کەی مورس بووە و لەتۆی کیان و یەکێ لە پاشایانی پێشدادی کوردبووە ولە ئەسڵا (گایومێرت) بووە،گایو یاگە ییویانی میوەی گەییو،کامڵ، مێرت، یامێرد یانی مەرد، یانی ئینسانی کامڵ و ژیرو بە ئەزمون (بروانە خاتراتی تەیمورە شەلە و هەروا بیروانەکتیبێ باوی کوردە واری چاپی ۱۳۷۸/۵/۷ هەتاوی دوکتور محەمەد صالح ئیراهیمی (شه پۆل). ئیحسان نوری پاشا لە بەشی چیڕوکی فەرە یدون -ی کورد لە شانامەدا تیهمورس بەکورد دەزانێ لەوشوێنەی کە دایکی فەرەیدون لە بابەت رەگەزی ئەودا و تویەتی:

(توبشناس مرز ایران زمین ـــ یکی مرد بد نام او آبتین

زتخم کیان بود و بیداد بود ـــ خردمند وگرد و بی آزار بود

زتهمورس کرد بودش نژاد ـــ پدر بر پدر برهمیداشت داد).

م. ئەو رەنگ: دەڵێ: قسەکانی لێکۆڕ و ناوداری کورد ئیحسان نوری پاشاکە (تهمورس دیو بەند) سێوەمین پاشای پێشدادیانیلە سرودەی فردوسیدا بەکورد زانیوە راستە یانی نابێ گورد بێ و بە پاڵەوان دابندرێ چونکا (تهمورس) شازادە بووە و بەپیێ داب و دەستوری پاشایی دوای باوکی چوتە سەر تەخت، جاکە وابی پاڵە وان وگورد نەبووە کەلە رێگای پاڵە وانیەوە، بە پلەی شایی گەیشتبێ.

(بەگێتی دراز پهلوانان کُرد - پی زال زرکش نباید شُمرد): (بروانە شانامە و کوردشناسی. م. ئەورەنگ پەرەی ۲۸ و ۲۷ چاپی ۱۳۴۶. تاران، دەڵین (تهمورس) جلک دورینی فێری مروڤ کردوە. ئەم ماد ومانناوکە یمورس و تهمورس وکیانی و پێشدادی یانە، هاوینانە لە شێز (ئاگردانی:گەورەی زەر دەشت) چونەتە هاوێنە هەواری

Dr.Saleh Ebrahimi



بیجار و بۆ ئه‌وه‌ی نیشانی بده‌ن له‌کاتی خوێدا ده سه‌ڵاتدارانیێلێره بون و خاوه‌ن هێزو قودره‌ت بون. وێنه‌ی په‌نجه‌یان له روی تاشه به‌ردی کێڤی په‌نجه عه‌لی بۆ یادگار هه‌ڵکه ندوه و له‌چیاکانی کوردستاندا په‌نچه زۆره که نه‌خشی به‌ستووه و ده‌س له قورئانا به‌واتای قودره‌ته، له‌وشیعره فولکلۆره کوردیه‌ش ئه‌مه ده‌رده‌که‌وێ، دوای ئه‌و پاشایانه و دوای هاتنی ئیسلام شه‌روشۆڕێ زۆر روی داوه و خه‌ڵکی هه‌ژار هیجی به ده‌س نه ماوه و یه‌کێ له‌و مرۆڤه ده‌س ته‌نگانه ئه‌ویندارى ئافره‌تێک بووه و یستویه‌تی نه‌داری و دورستی و راستی خویشی پیێ بڵێ که‌کوتویه (سیف وزه رده‌لۆی وحه‌نای مه‌مده‌لی ـ گرفتار دم به‌و په‌نجه‌ی عه‌لی) یانی هیچم نیه سێو، قه‌یسی و خه‌نه‌ی محه‌مه‌د عه‌لیم بۆهێناوی وسوێند به‌په‌نچه‌ی عه‌لی خه‌یانه‌ت پیێ ناکه‌م، ده‌مه‌وێ ببیته هاوژیانم، ئێترچون ئاگای له مێژو نه بووه، وای زانیه‌وه، ئه‌وه جییێ شوێنی په‌نجه‌ی عه‌لی‌یه، دیاره هه‌رله‌به ربێ عیلمی هه‌زاران کۆلکه سه‌ییدو شێخ و شوێنه‌واری وایان بۆسازداوین. یاکێوی بانی له‌بیجار که به ناوکچی بانیپال ناونراوه که ئه‌ویش مێژوی خۆی هه‌یه‌وکاتێ کورد به سه‌ر قه‌ڵای نه‌ینه‌وا دا، زاڵ بووه و قه‌ڵاکه‌ی رماندوه؛ کچی بانی به یه خسیری دێننه ناوچه‌ی گه‌ڕوس و له‌سه‌ر کێوی نه قاوه‌کوب، به (نه قاره) شایی و هه‌ڵپه‌کێ یان سازداوه و ئه‌وکچه‌یان بردوته هه‌وارگه‌ی‌ره شماڵێ له‌چیای مانی که هه‌ر به ناو ئه‌وکیژه ناو نریاوه و په‌نجه یشیان له کێوی په‌نجه عه‌لی بۆنیشانه‌ی قودره‌ت، هه‌ڵکه ندوه. له به‌شی (پیرتاج) قه‌ڵای ۲۲۵۸ مێترته ماشابکه، که‌له ۲۰ کیلومێتری چه‌نگ ئه‌ڵماس که مرۆڤ له هاتنه خوارێی ئه‌و هه نگوێنه قاڵه له سه‌رێ له نێو ته‌ڵاشه به ردێ به‌قه‌د ئه‌و چیا به رزه‌دا دێته خوارێ، له خۆشیا مرۆ ئاو ده تزێته ناوده‌می و تفی بۆ قوت ناچێ و... بڕوانــه: گۆڤاری گرشه‌ی کوردستان ژماره‌ی ۷ ـ په‌ره‌ی ۱۹ تا ۱۱ خاوه‌ن ئیمتیاز و سه‌ر نوسه‌ر محه‌مه‌د صالح ئیراهیمی (شه پوڵ) ژماره‌ی ئه‌وه‌ڵی گرشه‌ی کوردستان له ۱۹۸۱/۳/۱ ز ـ له تاران له چاپ دراوه و تا ۹ ژماره‌ی به زمانی کوردی لێ بلاّوکراوه ته‌وه.

Dr.Saleh Ebrahimi



# بیرانوەند

بیرانوەند یا بەیرەنوەن خیلیکە لە خیلە کانی لەک زمانی کوردی لورستان: بیرانوەند هوزیکی لەکی کوردە: ریشە ناسی ناوی خیل؛ لە سە ربنە رەتی بیرورای خەلکی ناوچەکە، رەگە زورە چەلەکی بیرانوەند ـ ەکان، دەچنەوە، سەرمروفی بە بیران (حەنیف، ٥). ئەم بیرو راوقسانە لە راست دەچن، چونکا لە نەزم و نیزامی خزمایە تیدا، کەلەسە ربناغەی رەگەزی باوک دانراوە، ناوی تایفە و تیرە و خیل لە ناوی ئەو، وەردە گیردری (ئە مانو للاهی، ١٥٨). بەلام هەندی لە ناوی بیرانوەند لەگەل ناوی ژینگەی ئەوان (براوەند لەهەلبژ اردەی تەواریخدا، نوسراوە پەرەی ٥٣) و بەیەکیان زانیوە (حەنیف هەرئەوی) ئە و قسە بی بناغەیە، چونکا بیرانوەند ـ ەکان لە رابوردویەکی نە ئەونە دور، هاتونەتە لورستان (راولینسون، ١٥٢). حە شیمەت: بەرلە قاجار نە ناوی لە بیرانوەند ـ ەکان هاتووە و نەلەحە شیمەتی ئەوان ژماری نیشان دراوە، بە لام بە دریژای حوکومەتی قاجارو پە هەلەوی ژماری یا ئاماری دژبەیەکترلە بابەت حەشیمەتی بیرانوەندە کانەوە، بە مجورە راگە پیندراوە (راولینسون لە چون بو لورستان (١٢٥٢ مانگی و ٨٣٦ از ـ)، ٥٠٠، ٢ خیزان (هە رئەوی)، نە جمدە ولە (١٢٩٩ مانگی و ١٨٨٢ از ـ) بە نوسینی «بیرانوەند» هەزار (١٠٠٠) خیزان (پەرەی ٢٠)، جوغرافیای لورستان (١٣٠٠ مانگی)، سی هەزار (٣٠٠٠) خیزان (پەرەی ٢٤٢)، موعین سە لتەنە خورە ماوایی (١٣٣٤ مانگی)، دەهەزار (١٠٠٠٠) خیزان (پەرەی ١٨١)، ودراسیخ (١٣٤٢ هەتاوی)، (٢٥٠، ٣) سی هەزار و دوسەدو پەنجا خیزان (پەرەی ١٤١)، مەسعود، کەیهان، نەتەنیا لە گشت خیلاتی لورستان بە ناوی کورد بە تیکرا یادی کردوە بە لکو ژماری لە رادە بەدەوری بو تایفە و تیرە کانی بیرانوەند ـ ەکان، داناوە، کەلەسەر بناغەی ئەوە، حەشیمەتی خیلی بیرانوەند، دەگاتە نیزیکەی (١١) هەزار خیزان (٢/٦٦ـ٦٧)، ئەوەی، راستی بی لەچەندە هەی رابوردوا، ژماری یا ئاماری لە بیرانوەند

Dr.Saleh Ebrahimi



ـ ەکان، ئامادە نەکراوە. بەلام لەسەر بناغەی سەرژ میری ساڵی ۱۳٦٦ هەتاوی، زوّم و رەشماڵ نشینانی ئەم خێڵە ۸۳۴ خێزان پتربووە (سەرژمێری...، ۲۲)، ناوچەی وارگە ولەوەرگەی ئاژاڵ وولساتی بێرانوەندەکان، بەشی چقلوەندی (هێرۆ) و بەشێ لەبەخشی زاغە (هێرۆ). ریلمە و بەشێ لەدەورو بەری بروجرد، دەگرێتە بەر. ناوچەی گەرمێنی ئەو خێڵە لەداوێنەی باشوری کەوەرکێفە (:کەوەرکۆ) لەغەربی چۆمی ئاوی کەرخە، دایەکە بەشێکە. لەپشتکۆ ـ ی کوردستاندایەو ئێستا بەئوستانی ئیلام ناودەبردرێ. زیاد لەمەیش دەسە و پوّل گەلێ لەبێرانوەندەکان لە (ماژین و حەسەنیە) وارگە و باروبنەیان خستوەو جێی نشین بون. بەلام ئێستا لەمسەردەمەدا بێرانوەندەکان لەخورە ماوا وبەشی چقلوەندی کوّبونەتەوەودە ژین (تەحقیقاتی مەیدانی). ـ دابەشکردنی خێلایەتی: لە نێوان سەرچاوەکاندا، تەنیا چەن‌کەسێ ئاماژەیان بەدابەش کردنی خێلایەتی. بێرانوەند کردوەکە هەندێ لەو راپورتانە، هەندێکیان جێی باوەرنین (بوّ وێنە بروانە: موعین سەلتەنە، هەرئەوێ، کەیهان، ۲/٦٧). رەزمارا (پەرەی ٧۴ بب) لەدابەش بونی خێلی بێرانوەند بەکورتی باسی کردوەو هەندێ‌تر ئاگاداری وردیان لەوبوارەدا، نوسیوە (بروانە ئەمانوللاهی، ۱٦۳). بێرانوەند ـ ەکان بونەتە ۲ شاخەی بنەرەتی‌کەلە بەرەونەسلی دو، زاروکی بێران یانی‌لە «ئالاینان ئالاهینان». وە«دشی‌نو» دەشایینان). پەیدا بون‌ودابەش دەبن (تەحقیقانی مەیدانی)، راولینسوّن لەو ۲ شاخە بەناوی «ئالیوەند» (عالیوەند) و «دوشیوەند» ناوی بردوە (هەرئەوێ). هەریەکە لەو ۲ شاخە دارای تیرەوتایفە و شاخەی جیاجیان بەمجوّرە: ۱ـ ئالاهێنان‌کەلە ۲ ژێر شاخەی «ماڵ ئەسێ» (ماڵ ئەسەد) و (ماڵ قووا: ماڵ قوباد) پێک هاتون‌کەئەودلەکەیان، بونەتە ۴ تیرە بەمناوانە: [گەرە ـ میهرو: (میهراب)، زەیەلی (:زەیدعالی)، وارونی (بارانی)] و بەو ۴ تیرە ناوبراوانە، دابەشکراون. ماڵ قوبادلە ۳ تیرەی گەورە پێک هاتووەکەبریەتین لەم تیرانە: شەمسی (شەمشەدین)، یارئەحمەد سەوزالی (سەبزعەلی)، خوانین، ئەو خێڵە بەواتای خان‌ومان‌و لەباتی (وەند)

Dr.Saleh Ebrahimi



یش بەکار براوە، هەر وەک لە باتی ماڵ قووا، قووا وەند، بەکاردە برێ - ۲ - دە شایینان، ۸ تیرەن: پیردادە، رەش، شەلکە، چەقەڵ، دێوەکاهـ دە لوڕان، شاوەردیو لوڕی. بێرانوەند - ەکانی شاخەی، دەشایینان، لە ۵ بەرەو نەسڵ، لانی کەم ۱۵۰ ساڵ رابوردوە، کەلە بن‌دە سە لاتی خان‌وئاغاکانی‌شەمسە دین‌لە شاخەی ئالاهینان بە ڕێوە براوە وهەرلە بەرئەو سەربە خۆ نەبونە (تەحقیقاتی مەیدانی). بێجگە لەو دەسەوپۆلانە کەقسەیان لیوە کرا، دەسەیێ، لە بێرانوەند - ەکان، لە ڕوژگاری نادرشای هەو شاری قەراخلوی کورد، بۆ کاشان، شار بەدەر کران کە ئێستا لەوێ رای دە بۆیرن (یە غمایی، ۴۶-۴۸).

**مێژوی بێرانوەند:** هە روەکولە بەرا. راگە ینەد رالە دەقو بە لگە نامەکانی بەرلە قاجاریە، ناوێ‌لە بێرانوەند - ەکان نە براوە؛ دیارە ئەوە لەبابەت زوڕبەی خێلاتی لوڕستان راستە وکە متر، بەلگە و ناوی‌ئەو هوزانە. بە دەس دێن. راولینسون کەلە ۱۸۳۶ز- یانی‌لە زەمانی حوکومەتی محە مەد شاچوتە لوڕستان ولە قەولی میرزا بوزورگ حاکمی لوڕستان دە نوسێ: کە بێرانوەند- ەکان و باجلانیان، لەسە دەی پێش سە فەری ئەو، یانی‌لە ئاخری صە فە ویدا، لە ناوچەی موسڵەوە، هاتون (هە رئەوێ) تویژینە وەی مالیکییەتی ئەوسەر زەوی یا نەی وا ئێستا، بە دەس ئەم دوخێڵە وەن، ئەوە دە گە یێنێ کە ئەو خاک و ناوچانە، هی خێلاتێ لوڕزمانێ‌تر بووە، وە، خێڵی کوشکی، ساکی، چگنی و خێڵی‌تر. ئەم ناوچانە لە زەمانی هە وشاری یەکان، بە ملاوە بەرە بەرەکەوتونە بن دەس خێلاتی لەک زمان یانی ئەوسەر زەوی یا نەکە وتونەتە تەبن دەس بێرانوەند و باجەلان (لێکولینە وەی مەیدانی) هە رچەند جێی ژیانی سەرە تای بێرانوەند - ەکان بە دروستی دیارنیە، بەلام لە سەر بنچینەی مێژوی‌سەر زارەکی، بێرانوەند - ەکان باوە ڕیان وایە کە باپیری ئەوان بە ناو هێجالی لە حیجازە وە، هاتونە تە ناوچەی دلفان و لەوێ کچی یەکێ لەسە رانی‌ئە هلی حە ق: (یاری، یارسان)ی بوخوی مارە کردوە ولەوێ ماوە تەوە، لە پاشان، چون بێرانوەند - ەکان لە گەڵ دلفانیان و باجە لانیان، لەشەڕی عوسمانی وئێران، چونەتە

Dr.Saleh Ebrahimi



یارمەتی دانی نادرشای هە وشار، نادرشا بە پاداشی ئەو خیزمەت و پشتیوانیەکەلە ویان کردوە، بەشیێ لە سیلاخور و خاکی پشتکوی بە بیرانوەند ـ ەکان، بە خشیوە، ئەم قسانە لەگەڵ نوسراوی راولیسون (هە رئەویێ) یەکترناگرنەوە. هە رجوریێ، بە نوسراوەی هینری فیلد نادرشای هەوشار، بیرانوەند ـ ەکانی کوچ داوەتە شیراز (پە رەی ۱۸۳) بەلام هینری فیلد سە رچاوەی ئەو قسەی دیاری نەکردوە. پشتیوانی کردنی بیرانوەند ـ ەکان لە کە ریمخان زەند، بووە هوی ئەوەکە خوشکی کەریمخان زەند بە ناوی (بانو) شو بە میرزا ئەحمەدخان باپیری خانەکانی بیرانوەند، بکا. ئەم خزمایە تی یە، بوە هوی بە هیزتربونی میرزا ئەحمە دخان لە ناوچەکەدا (لیکولینەوەی مە یدانی). بیرانوەند ـ ەکان دوای تیشکان و تیاچونی زەند، گە رانەوە بو لورستان،. جاکاتیێ ئاغامحە مە دخان قاجار خیلی چگنی لە هیرو، بولای قەزوین، شار بەدەر کرد، بوار بو راگیرکردنی ئەو ناوچە، ئاسان بو (هەر ئەو). بیرانوەند ـ ەکان بە دریژایی حوکومەتی قاجاریە، بەوینەی خیلی پرهیزو بە قودرەت لە لورستاندا خویان نیشان داوسەر زەوی خیلاتیێ وەکو: چگنی، کوشکی وساکی یان لەو ناوچانەدا گرتەبن دەس خویان، بیرانوەند ـ ەکان لە سەرە تای قاجاریە، لە دە رگیری یە کانی نیوان شازادەکانی قاجار دا، نە خشیێ بەرچاویان گیراوە، بووینە لەشە ری شازادە حیسام سە لتەنە محەمەد تەقی میرزا (حاکمی بروجرد، بە ختیاری و خوزستان) و شازادە مە حمود حاکمی لورستانلە ۱۲۴۲ مانگی، پشتیوانیان لە حیسام سە لتەنەکرد و هە روایش لەشە ریکداکە دوای ۳ ساڵ (۱۲۴۵ مانگی) لە نیوان حیسام سەلتە نەو شازادە محەمە دحوسین میرزاکوری محەمە دعەلی میرزا، روی دا، بیرانوەند ـ ەکان لەو شەرەی (۱۲۴۵ مانگیدا) چونە یارمەتی دانی حیسام سەلتەنە (سپیهر، ۲/ ۱٦-۱۷-۴۷-۴۸) بیرانوەند ـ ەکان، لەگەڵ لورەکان لە شەری روسیە وئیراندا بە شداریان کردوە (ئیعتماد سەلتەنە، ۱/ ٦۵۰)، هە روا محەمەد قاسم بەگ لە خیلی بیرانوەند ـ ەکان، لە یاغی بونی شازادە حوسین عەلیخان بە دژی فە تەلیشا نەخشیێفرە بە

Dr.Saleh Ebrahimi



رچاوی هە بووە، کە دوای تێشکانی حوسێن قولیخان، ژمارێ لە بیرانوەند ـ ەکان وباجە لانیان، بە دەستوری فە تە لیشا کوژراون (سپیهر، ۱/ ۱۱۳-۱۱۷).

پیاچونەوە بە میژوی: بیرانوەند ـ ەکان لە سەردەمی، دە رگیری یە کانی خوێناوی لە نێوان سەرانی خێل لە لا یە کەوە و دەرگیری لە گەل حوکومەت. یا دەرگیری خێل لە گەل یە کتر، هەمو ئەوگیرە وکەندو کوسبانە، بونەتە هوی کوژرانی ژمارێ لە سەرانی خێل بە دریژایی حوکومەتی قاجاریە و پەهلەوی. هەر وەکو دە لێن: لەوماوەدا زیاترلە ٦٠ کەس لەوان کوژراون کە **۳۵** کە سیان‌لە تورەمە و نەسلی حوسێن عەلیخان (خانە مەزنە کان) بون کە **۱۸** کە سیان بەدەس شە ڕوانانی حوکومەت و **۱۴** کە سیشیان بە دەس دژ و دوژمنانی ناوخیلی خویان و ۳۰ کە سیشیان بە دەسی تا کە تا کی خیلی کوردی ترکوژراون (لیکولینە وەی مە یدانی). تە فرەقەسازدان و ستەمکاری حاکمانی ئەوێ لە لورستاندا بووە هوی شوڕش‌و بزاوی خیلاتی لورستان و بلاو بونەوەی شەڕو لە هە موخیلە کانی‌تر بیرانوەندە کان، قاجاریان توشی کەندوکوسب کردبو، بیرانوەند ـ ەکان دوای مەشروتە کە دەولەتی ناوەندی کزوبێ دەسە لات کە وتبو، بیرانوەند ـ ەکان نەیان دە هیشت حا کمان و کاربە دەسان رو بکەنە خوڕە ماوا (والی زادە، **۳۰۸**؛ فەوریە، **۳۷۵**). خیلی بیرانوەند، بەلە هەر خیل‌و هوزی‌تر لەسە رەتای حوکمرانی پەهلەوی، لەراست چە کدارانی حوکومەت راوەستان و خویان راگرت و دوای چەندین سال دەرگیری سەرە نجام تیشکان (رە زمارا، ۷۴-۷۷)؛ سە عدوە ندیان **۲۱۵-۲۱۸**، جمە یات، **٦۹، ۷۲**، جم)

**جادوای پەیداکردنی دە سە لاتی سپابەسەر لوڕستاندا، دە سەیێ لە بیرانوەند ـ ەکانیان بولای (خواروەوە رامین) گویستە وەو لەولاتی لورستان شاربە دەریان کردن و ژمارێ لە خانەکان وکویخای ئەوانیان لەقە نارەدا، یازیندانیان کردن، لەوە، بە دوا، خیل بە زورە ملێ نیشتە جیی کران و بیرانوەند ـ ەکان بە دریژایی‌چەن دەیەی رابوردو، دیێ و هوی ژیانی وکوچەریان، وەلاناو چونە خوڕە ماواو بونە شارنشین (تە حقیقاتی مە یدانی).**

Dr.Saleh Ebrahimi



**چلونایه تی باری ئابوری:** تابەر لەو ئالوگۆڕانەی دەیەکانی رابوردو، لە لورستاندا، بیرانوەند ـ ەکان، هەروەکو خێڵەکانی دیکە، خەریکی ئاژاڵ داری بون ولەگەڵ ئەوەیشدا هەندێ دانە وێڵە شیان بۆ بژیوی خۆیان، دە چاند، بیرانوەند ـ ەکان لە دەورەی شەردا لە هەل ومەرجێکداکە دەیان توانی، لەوکالا وکەلو پەلانەی کە دەبرانە بروجرد مالیا تیان وەردەگرت (ئیدموندز ۱۰۲-۱۰۳). بەلام ئێستا هێشتا هەندێ لە بیرانوەند ـ ەکان خەریکی مەرو مالات دارین وکشت وکالیش دەکەن. بەلام زۆرتری ئەوان کە لەشاری خورە ماوا دەژین، هەمو جۆرە کاریَ دەکەن، تاژیانیان دابین بکەن (تەحقیقاتی مەیدانی)

**باری کۆمەلایەتی:** خێڵی بیرانوەند لەکۆمەلێ تایفەو تیرەی تۆرەمەی باوکەوە ساز دەدرێ کە لەبەرا لەبان ئەوان تیرەی خانەکان بون. تیرەی خانەکان لەتۆرەمەی میرزا ئەحمەد شەمسەدینی لە شاخەی ئالاهینان و لەم ۴ تیرە پێک هاتون: ئەسەدخانی ناوداربە زینو(: ز. ینەب)حەیدەرخانی ناودار بە خانم بی‌بی، مرادی وعەلی محەمەدی، خانەکانی ئەسەدخانی وحەیدەرخانی بە هێزترین و بەدەسەلاترینی خانەکان بون کەلە ئاخری حوکومەتی محەممەد شای قاجار تائاخری رەزاشا مروڤی ئازا و بوێرو ناودارلە نێویاندا سەری هەلداوە. لەم رووە خێڵی بیرانوەند ـ هەروەکو خێڵەکانی‌تری لورستان رابەری یەکی واحیدیان نە بووە، بەلکوهەر بەشێ لەوان لە ژێر چاوەدێری‌ئەندامانی تیرەی خانەکان بەرێوە براون. ژێر تیرەی خانەکان. سەرانی تیرە و تایفەکان، یانی کویخاکان بون و هەندێ لەوانە دارای دەسەلاتێ فرەتربون (هەرئەوێ)، ئیدموندزکە لە ئاخری دوابرانی کلکەی قاجاریە، یانی لە دەورەی شەروئاژاوە داچوتە لورستان، دەنوسێ کە حوسێن خان لە خانەکانی بیرانوەند، دەسەلاتێ فرەی بەسەرکوێخاکاندا نەبووە (پەرەی ۱۰۲). تیرەکانی بیرانوەند لە باری دەسەلات و قودرەت وەکو یەک نەبون، هەروەک تیرەکانی مال ئەسەدو یار ئەحمەد، بەدەسەلات بون، بەلام تیرەکانی

Dr.Saleh Ebrahimi



پێکهێنەری شاخەی دە شایینان، یانی پیرادە، رەش، شلکە، چە قەڵ، دو کان، دلران و...
دە سە لاتێ کە متریان هە بووە و لەو روە وە بەوێنەی رە عیەت، رایان بواردوە (تە حقیقاتی مە یدانی).

**باری رامیاری خێلی بیرانوەند:** ئەم خێلە هە روەکو خێلە کانی تری لورستان لە ئاکامی دەس تێوە ردانی حوکومە تە کان و نوێ کرد نەوەی ناوچە کە، گۆرانی بە سە ردا هاتووە، ئێستا دە سە لاتی خانە کان، وەک جاران نە ماوە و تیرە کانیش هەر یە کە بەوێنە یە کی سەر بە خۆن. لە لایە کی ترەوە کۆچ کردنی بیرانوەند ـ ەکان بۆشاری خورە ماوا و سازدانی دە سەی کەما یەسی شارنشینی، ئەوانی والێکردوە، تالە راست دە سە کانی ترا، لە یە کتر پشتیوانی بکەن، بە واتایێ دیکە ژیانی بیرانوەند ـ ەکان، لە شاری خورە ماوا بۆتە هۆی زیاترپێکەوە بونیان. **سەر چاوە:** ئێدمۆندز، سیسیل جان، «یادداشتە کان لە بارەی لورستانە وە»، دو سە فەر نامەلەبات لورستان، تەر جەمەی سکە ندەر ئەمانو للاهی بە هاروەند و لیلی بەختیار، تاران ۱۳٦۲ هەتاوی؛ ئیعتما دسە لتەنە. محەمە دحوسێن، میراتی بولدان، بە کۆششی عەبدو لحوسێن نە وایی و هاشم موحە دیس،تاران، ۱۳٦۷، ئە مانوللاهی بە هاروەند، سکە ندەر، هۆزی لور، تاران ۱۳۷۴؛ بە یات:کاوە، عەمەلیاتی لورستان، بە لگە نامە کانی سە رتیب محەمەد شابەختی (۱۳۰۳ و ۱۳۰٦) هە تاوی، تاران، ۱۳۷۳؛ جوغرافیای لورستان، پێشکۆ و پشتکۆ، بە کۆششی سکەندەر ئەما للاهی بەها روەند، تاران ۱۳۷۰، حەنیف محەمەد، ناسینی خێلی بیرانوەند، خورە ماوا، ۱۳۷۷؛ راسیخ، شاپور، «حەشیمەت و دەسە کانی هاورەگەز» ئێران شار، تاران، ۱۳۴۲ هەتاوی و ۱۹٦۳ز ـ ج ۱؛ راولینسۆن، هێنری، سەفەر نامە، تەرجەمەی سکەندەر ئەمانوللاهی بە هاروەند، تاران ۱۳٦۲، رەزمارا، عەلی، جوغرافیان نیزامی ئێران (لورستان) تاران ۱۳۲۰ هەتاوی، سپێهر، محەمەد تەقی، ناسخ تە واریخ بە کۆششی جیهانگیر قائیم مەقامی، تاران، ۱۳۴۴، سەرژمێری کۆمەلایەتی، ئابوری، عەشایری

Dr.Saleh Ebrahimi



کۆچەر ۱۳٦٦. نەتیجەی تەفسیلی، هەموی وڵات، ناوەندی ئاماروسە رژمێری ئێران، تاران ۱۳٦۷؛ فەوریە ژان باتیست، سێ ساڵ لە دەرباری ئێراندا، تەرجەمەی عەباس ئیقباڵ ئاشتیانی، تاران، دنیای کتێب؛ کەیهان، مەسعود، جوغرافیای موفەسەلی ئێران، تاران، ۱۳۱۱؛ سەعد وەندیان، سیروس. بە لگە نامەی یەکەمین سپەهبود-ی ئێران ئەحمەد، ئەمیر ئەحمەدی، تاران ۱۳۷۳؛ موعین سەڵتەنەی خورەماوی، رەحیم، «جوغرافیای لورستان»، شەقایق، خورەماوا، ۱۳۷٦، ساڵی ۱ ژمارەی ۳ و ۴؛ هەڵبژاردەی تەواریخ، مەنسوب بە موعینەدین نەتەنزی، بەکوششی ژان ئوبن، تاران ۱۳۳٦، نەجمودەوڵە، عەبدولغەفار، سەفەر نامەی خوزستان، بەکۆششی محەمەد دەبیر سیاقی تاران ۱۳۴۱؛ والیزادەی موعجزی، محەمەد رەزا، تاریخی لورستان (رۆژکاری قاجار)، تاران، ۱۳۸۰، یەغمایی، مونتەخەباتی سادات، حەماسەی فەتحی نایبی، بە کۆششی عەلی دیهباشی، تاران، ۱۳٦۸ هەتاوی و هەروا بیروانە:

field, H, canttibutions to the anttopog of ran chicago; 1939

سکەندە، ئەمانوللاهی بە هاروەند دایرە تولمە عاریفی بوزورگی ئیسلامی ج ۱۳ پەرەی ۳۷۴ تا ۳۷۲ چاپی ۱۳۸۳ هەتاوی (شەپۆل).

Dr.Saleh Ebrahimi



# بایەزید (دۆغوبایەزید)

بایەزید شارێکی بچوکە لە باکوری شەرقی تورکیە دایە، کەسەر بە ئوستانی ئـاغری (:ئاگریَ) لە باشوری رۆژاوای چیای ئارارات (:ئاگری داغ) دایە. -بایەزید ئاخرین شاری کوردستانی بن دەس تورکیە لە سەر ڕێگای ئەو ولاّتە بۆئێران دایەو لە شوێنی پێگە پشتنی چۆمی ساری (: ساری سو) بۆزە تگمار، لە ڕێژاوی ئاوەکانی ئارا ز، داهەلّکە وتـووە. ماوەی ئەوە؛ تاگۆڕ بولاغ، خالّ و نوختەی سنوری ئێران، ٣٦ کیلۆمێترە و بـە رزایـە کەیشی لەبان‌دەریا ١٦٠٠ مێترە و لەسەر جادەیێ دایـەکـەلە لایـەکـەوە، ئـەلکیَ بـە بەندەری تەرابوزان لە بان بە ستێنی دەریای رەش و لەلاییَ ترەوە، دەگاتە شاری ئـەستە مبولّ و بەتەبەعی ئەویَ. خۆیَ دەگە یێنێتە ئورو پاولەم لایش خۆلە سنوری کوردستانی ئێران دە ساویَ. بایەزید، لەکۆنەوە بەناوی شارێکی سنوری گومرگی ونیزامی جێیَ فرە گرینگی هەبووە (دایرەتولمەعاریف «turkye»، ٩٩٢x١) **کەش و هەوای بایەزید لە زستانا** ساردو لە هاوینا وشکە. لەساڵی ١٣٦٩ هەتاوی و ١٩٩٠ز- **حەشیمەتی بایەزید ٢١٣، ٣٥ کەس بووە** (ئامار... census - ١٥). شاری بایەزید، دوای سـازدانـی کـۆمـاری لە تورکیە، لە ١٩٢٣ز- بەرە بەرە لەم شوێنەی ئێستا سازدراوە، لە حاڵێکدا شارە قـەدیمیە کە، لە ٨ کیلۆمێتر باشوری رۆژ هەلاّتەویَ، لە سەر بەرزایی پشتە ییَ، بە بەرزایی ١٨١٠، ١ مێتر سازدرابوو ئێستایش وشکە بەردی دیوارە روخراوەکانی ماوە ولە چـاو دەدەن (دایرەتولمەعاریف، ٤٩٣-٤٩٢x١).

لەهەندیَ سەر چاوەدا شاری بایەزید، بە ئیلدرم بایەزید، پاشای عوسمانی نـیسبەت دەدریَ (سامی، ٢/١٢٣٤-١٢٣٥). هەروا دەگێرنەوە کە ئەویَ بۆ بەرگیری کردن لە هێرشی تەیمورە شەلە، سازدراوە (بڕواننە: ١١/٣٦٨ ١٨٠)، بەلاّم لەوە دەچیَ ئەم شارە نێوی خۆیَ لە بایەزید. برای سوڵتان ئەحمەد، جەلایری، وەرگرتبیَ، وایە (هـەرئەویَ). ناویَتری ئەوشارە (داریونک Dariounk (پـاسدەر مـاجیان، ١٧٧) و قـەلاّی ئـایدین

Dr.Saleh Ebrahimi



(میرخواند، ۱۰۴۶-۱۰۴۷)بووە. لەساڵی ۱۹۳۵ز- پاشگری «دوغو» بەواتای شەرق -ی پێوە نراوە (دایرەتولمەعاریف - ۱x۴۹۴)

**پێشینەی مێژویی:** بە پێی بەڵگەی لێکدانەوەی زانیاری و زانستی، یەکەمین نیشتە جێیانی ئەم هەرێمە ئۆرارتۆ-ەکان بون، ئەوسا بە تەرتیب ئاشوری یەکان، **ماد-ەکان** هەخامەنشیان، رۆمیەکان، بیزانسیەکان و لە پاشان موسوڵمانانان، بەسەر ئەو هەرێمەدا، دەسەڵاتیان هەبووە و وزەیان پەیداکردوە (هەرئەوێ ۴۹۳/۱x). هەروەها باگرا تونیانی ئەرمەنی)ش بۆماوە یەک لەوێدا دە سەڵاتیان بە دەس بووە (پاسدەر ماجیان، هەرئەوێ). لە ماوەی ساڵەکانی ۲۷۷-۳۱۷ مانگی و ۸۹۰-۹۲۹ز- **یوسف بن ئەبی ساج-ی کورد،** ئەو شارەی لە قەڵە مرەوی باگراتونیەکان جیاکردەوە («دایرەتولمەعاریف» هەرئەوێ) جادوای تێشکانی رۆمیەکان بە دەس ئەلب ئەر سەلان لە شەڕی مەلازگرد (۴۶۳ مانگی و ۱۰۷۱ز) سەلجوقیان ئەو ناوچەیان خستە بەر دەس خۆیان (بڕوانە: ئاق سەرایی ۱۶-۱۷)کە دوای ماوە یەک کەوتە بن دەس مەغولان (مسامی ۱۲۳۵/۲) تەیمورە شەلە، لە ۷۸۷ مانگی و ۱۳۸۵ز-لەشە ڕێکدا لەگەڵ قەرا یوسف قراقویونلو، قەڵای بایەزیدکە لەبن دەس ئێرەوان دابو، بردیەبن دەس خۆی ولە پاشان وێرانی کرد. شەرە فەدین، ۳۸۹؛ میرخواند، ۱۰۴۶؛ خواندمیر، ۴۴۰/۳، بدلیسی، ۱۲۶؛ فەسیح، ۱۲۷/۳؛ ۱A، هەرئەوێ، بەڵام دوبارەساز درایەوە، چونکاوتراوەکە دوای قەرا یوسف، لەکێشەکێش لەسەر جێی نشینی ئەو، تاکە تاکی خێڵی سەعدلو، ئیسپەند (ئیسفەهان میرزا) یان کردە پاشاُ قەڵای بایەزید-ی داگیرکرد (ئەبوبەکر تارانی، ۷۵/۱، رۆمیلۆ، ۱۱۶؛ سۆمێر، ۱۱۷-۱۱۶) بەڵام لە ۸۲۴ مانگی و ۱۴۲۱ز- شاروخی تەیموری، ئەویێ هێنایە بنەدەس خۆی (بڕوانە: حافزئە برۆ، ۷۶۷/۲-۷۷۳، رۆمیلۆ، ۱۲۴-۱۲۵).

لەسەرە تای حوکومەتی صەفەویان لەسەدەی ۱۰ مانگی، شاری بایەزید، بە دەس

Dr.Saleh Ebrahimi



میرانی کورد بووە (بدلیسی، هەرئەوێ) لە هێرشی سەلیم-ی یەکەم بۆسەر ئێران و جەنگی چالدران پاشای عوسمانی بۆ بەرگیری کردن لە هێرشی ئێران بۆ دواوەی سپای عوسمانی، شاری بایەزید، کەلە باکوری دەشتی چالدراندا، هەڵکە و تووە، داگیری کرد (فەلسه فی، ۴۳؛ پارسادۆست، ۴۲۳)... لە دابەش کردنی وڵات لە دەورەی سەفەویدا، بایەزید شوێنی هەمیشه بەره نگاری ئێران لەگەڵ عوسمانیدابو وە (بدلیسی، ۱۲٦، مینورسکی، ۱۹۲، رەهربرۆن، ٦) لە یەکەمین هێرشی سلێمانی قانونی بۆسەر ئێران لە ۲۴۱ مانگی و ۱۵۳۴ز- شاری بایەزید. کەوتەبن دەس خوسره و پاشا، سەر داری عوسمانی (هامێرپورگشتال، ۲/۱۰۷۱-۱۰۷۲). بەڵام لەدواییدا شاهەباس، ئەویێ لە ۱۰۱۵ مانگیدا داگیر کرد (ئیسکەندەر بەگ، ۷۴۱-۷۴۲). لە دەورەی هەو شاریشدا ئەو ناوچە لە نێوان ئێران و عوسمانیدا دەس بە دەس گەڕاوە (ئوسترابادی، ۲۴۸-۲۵۱، هامێرپورگشتال ۳۲۱۳/۴)؛ هەروە هالە دەورەی قاجاردا لە سەدەی ۱۳ی مانگیدا، شاری بایەزید هەمیشه جێی شەڕو شۆڕی ئێران و عوسمانی بووە.

لەکاتی شەری قەڵای توپراق، عەباس میرزا نایب سەڵتەنە بایەزیدی هێنا بەردەسی خۆی (ئیعتماد سەڵتەنە، ۸۷۱/۱؛ شاو، ۴۷/۲؛ ئیعیزاد سەڵتەنە، ۳٦۰-۳٦۱؛ نەفیسی، ۲۰۳/۲). بە پێیێ بەڵگە نامەی دەورەی قاجار، لەم دەورەدا، پێوەندی نێوان ئێران و عوسمانی، دۆستانە و خۆش بووە، بۆوێنە عەباس میرزا نایب سەڵتەنە لە ۱۲۴۱ مانگی و ۱۸۲٦ز- بە پێی دەسنور نامەیێ، ئیجازەیدا تا بالۆل پاشای میرمیرانی بایەزید لەوناوەدا راوبکاونە چیربگرێ (نەسیری، ۶۷/۲) لەکاتی شەڕی روس و عوسمانی لە (۱۲۴۳ مانگی و ۱۸۲۸ز-ژەنرال باسکویچ، بایەزیدی داگیر کرد (هامێرپورگشتال، ۳٦۷۵/۵) و زۆربەی دانیشتوانەکەی بۆ ئێران شاربە دەرکران، هەرچەند ئەو شارە دوای مۆر کردنی پەیمان نامەی (ئەردەنە) لە ۱۲۴۴ مانگی و ۱۸۲۹ز- درایەوە بە عوسمانی، بەڵام لەجەنگی دوای روس و عوسمانی لە ۱۲۷۰-۱۲۷۲ مانگی و ۱۸۵۴-۱۸۵٦ز- و هە

Dr.Saleh Ebrahimi



رواله ١٢٩٤-١٢٩٥ مانگی و ١٨٧٧-١٨٧٨ز- جارێکی دیکه روسیه ئەو شارەی داگیر کردەوە، ئەوساپاش ماوەیەک، بە پێی پەیماننامەی بێرلێن، دوبارە کەوتەوە بن چرنوکی عوسمانی (کارال ٧٠/٧١١١؛ «دایرەتولمەعاریف» ٤٩٣/١x). لەشەڕی جیهانی یەکەمدا. روسەکان دوبارە ئەوشارەیان داگیر کردەوە و خەتی ڕێگا ئاسنیان لە روسیە وە بۆ بایەزید راکێشا، کە دوای شەڕو دوبارە گرتنەوەی شاری بایەزید، ئەوخەتە ئاسنەش، خرابکرایەوە و لابرا (هەرئەوی ٤٩٤/١x).

بە پێی ودانی نوسراوەی حاجی حەلیفە، بایەزید یەکێ لە سنجەقەکانی عوسمانی بووەو بە شێوەی (کەلەپورو میرات): میراتی بەرێوە براوە (بروانە: هەئەوێ، ٤٩٣/١x؛ ٣٦٨/١١، ١۴). لە سەدەی ١٢ مانگی و ١٨ز- ئیسحاق پاشا لە میرانی خانەدانی چلدر، بەسەر ئەوێدا دەسەلاتی پەیداکردوە و لە بۆ ئاوەدانی و گەشە پێدانی ئەوێ کۆشاوە. **کۆزیلکە و کۆمای کۆشکی ئیسحاق پاشا لە نیزیکی ئەوێ**، لە یادگارەکانی دەورەی ئەو **دێنە ژمار «دایرەتولمەعاریف». هەرئەوێ) - ئەمرۆ ئەو شارە کوردنشینە بۆتە فەرمانداریو** شارە تازەکەلە جێی؛ یەک گرتنەوی جادەیێ کە روژاوا لەرێ ئێرانەوە دەلکێنێ بە روژهەلاتەوە و هەرواچونی جادەیێ کەلە باکوردوە بۆ باشور؛ شاری قارس، دەگە یێنێتە وانو لەوێشەوە بۆ سنوری ئێران دەکشێ و دەلکێ بەکوردستانی ئێرانەوە و لە شوێنێدا هەلکە و تووە و لەو باروبابە تانەوەگرینگی یەکی فرەی هەیە. لەم سالانەی دواییدا بە تایبەت لەکاتی شەڕی ئێران و عیراق. لە سۆنگەی هاتوچوی بازرگانی کردندا، شاری کوردنشینی بایەزید؛ پەرەی گرتووە و تەوسیعەی پەیداکردوە و هەر ئەوە بۆتە هۆیی رە و نەقی شاری بایەزید و خانوبەرەی جوان و رەنگین و بەقیمەتی لێ سازدراوە (لێکۆلینە وەی مەیدانی).

لەسە دەی ١٣ مانگی و ١٩ز- چە نکەس لە جیهانگە ڕان چونەتە شاری بایەزید و دیدەنی ئەو شارە، هەروەکو (ژوبێر) لەسەر ڕێگای خۆی بۆ ئێران لە زیندانی کرانی خۆی

Dr.Saleh Ebrahimi



لەوێ خەبەری داوە (پەرەی ۵۹؛ سپێهر، ۱/۱۴۸؛ سەرسی؛ ۴۹-۷۲). ئەو جیهانگەڕە لە بابەت هەڵکە و تنی‌شار (ەکۆنەکە) کەلە نێوان تاشە بەردگەلێ لە بەردە مەڕمەڕی سور هەڵکە و تووەو هەروەها لە مزگەوت و کۆشکی پاشا قسەی کردوە (پەرەی ۵۹). ئەو کۆشکە. دارای دالآن گەلێ سەرپۆشراو وکوڵەکەو دیوارگەلێ بەرزو بلیند بووە کەلە بەردە مەڕ مەڕەکانی کێف و چیانێزیکەکانی نێزیک بە شار؛ سازدراون و لەسەر بە دەنەی ئەو حەجاری و کەندەکاری کراوە بەشاخ و بەرگی جوان و رازاوە، بە شێوەی نەخش و نیگاری ئێرانی، نەقرو کەندەکاری کرابو، کە نمونەیێ لەخانو بەرە سازی و میعماری ئێرانی، بۆوێنە لەکۆشکە جوان و نەخشینەکانی ئیمپە راتوری عوسمانی دەهاتنە ژمار (رکلو، ۳۶۵-۳۶۴/۱x). جیهانگە ڕانێ کەلە سەدەی ۱۹ز-کەلە و شارە دیدەنیان کردوە. لە روانگاو بورج و دیوار (:بارو)ی شار؛ کەرو بە وێرانی‌بون و قەلآی بایەزید، کەلە بان بە رزایی شاخە بە ردێ (: سەخرەیێ) نێزیکی شار ملی بەرز کرد بۆوە، یادیان کردوە. شار بەدوگەرەکی ئەرمەنی‌وکوردنشین دابە شببو (بڕواننە: ژۆبێر، ۵۹-۵۸) و **کەش و هەوای سالم‌وکوێستانی شاری بایەزید** ئەو جۆرە بیمارونە خۆشانەی توشی (نۆبەتێ) لە رزوتێ دەبون، لە ئێرە وانەوە بۆ دەرمان، دەیان بردنە شاری بایەزید (رکلو، ۳٦۵/۱x). لە سۆنگەی عەرز هەژێن و بولەرزەیێ کەلە نیوەی یەکە می‌سەدەی ۱۹ز-لەو شارەی‌دا، بورج و خانو بەرەو دیوارەکانی شار و قەلآی ئەو، روخان و مزگەوتی شاریش قەڵە شتی لێ پەیدا بوو قەلەشا، بەلآم منارەکەی، بێ وەی مابوو کۆشکی پاشایش چوڵ کرابوو بە چوڵی مابوو دانیشتوانی ئەوێ تا ۵۰ ماڵ و خێزان لەکەمی‌دابو (سەرسی، هەروا رکلو، هەر ئەو جێیانە). ئێستالەم سەردە مەیدا، لەخوار شارە وێرانەکەی بایەزید، لەلای رۆژهە لآتی شیوو دوڵەکەی ئەو شارە قەدیمە، لە سەر مەرقەدی پاک و خاوێنی حەزرەتی حەکیم ئەحمەدخانی گومەزێ جوان و رازاوە سازدراوە وگڵکۆی ئەوزاتە کورد پەروە رە لە ناوەوە، بە پارچەی سەوزی جوانی چنراو، داپۆشراوە و مجێوری بۆئا

Dr.Saleh Ebrahimi



گالێبون بۆ دانراوەو هەر لە نێزیکی گومەزی حەکیم ئەحمەدخانی مزگەوتێ جوان بە گشت کە رەستەی بێهداشتی یەوە فرە جوان ساز دراوە تا ئەو کەسانەی دچنە زیارەتی حەکیم ئەحمە د خانی لەکات و ساتی نوێژدابچن لەوێ نویژ بکەن (شە پوڵ) **ـ سەرچاوە:** ئاق سەرایی، مەحمود، موسامەرەی ئەخبار و موسایە رەی ئەخیار، بەکۆششی عوسمان توران، ئانکارا، ١٩٤٣ز ـ؛ ئەبوبەکر تارانی، دیار بەکر بەکۆششی نەجاتی لۆغال و فاروق سوٚمێر، ئانکارا، ١٩٦٢ز ـ ئوستو رابادی، مەحەمەد مێهدی، جیهانگوشای نادری، بەکۆششی عەبدوللاّ ئەنوار، تاران، ١٣٤١ هەتاوی، ئیسکەندەر بەگ‌مونشی، عالمارای عەباسی، بەکۆششی ئێرەج ئەفشار، تاران، خەیام ئیعیزائو سەڵتەنە، عەلی قولی میرزا، ئیکسیر ـی تەواریخ، بەکۆششی، جەمشید کیانفەر، تاران ١٣٧٠ هەتاوی، ئیعتماد سەڵتەنە، محەمەد حەسەن، میرئاتی بولدان، بەکۆششی عەبدو حوسێن نەوایی و هاشم موحەدیس، تاران ١٣٦٨ هەتاوی؛ بدلیسی شەرە فخان، شەرە فنامە، بەکۆششی محەمەد عەباس، تاران، ١٣٤٣، پارسادۆست، مەنوچیهر، شائیسماعیل یەکەم. تاران ١٣٧٥؛ حافزئە برۆ، عەبدوللاّ، زوبدەی تەواریخ، بەکۆششی، کە ماڵ حاجی سەید جەوادی، تاران ١٣٧٢ هەتاوی، پاسدە رماجیان، هیراند، تاریخی ئەر مەنستان، تەرجەمەی محەمەد، قازی، تاران ١٣٦٦، خواندمیر، غیاسەدین، حەبیب سییەر، بە کۆششی محەمەد دەبیر سیاقی، تاران ١٣٥٣، رۆمیلۆ، حەسەن، ئەحسەن تەواریخ بە کۆششی عەبدو لحوسێن نەوایی، تاران ١٣٤٩، رە هێربرۆن، کلاوس، نیزامی ئەیالەت لە دەورەی سەفەویدا، تەرجەمەی کەیکاوس جیهاندار، تاران ١٣٤٩، سامی شەمسە دین قاموس ئەعلام، ئەستامبوڵ ١٣٠٦ مانگی، سپێهر، محەمەد تەقی، ناسخ تەواریخ، بە کۆششی، محەمەد باقر بیهبودی، تاران، ١٣٤٤؛ سەرسی لوران، ئێران لە ١٨٣٩ـ١٨٤٠ز ـ تەرجەمەی ئیحسان ئیشراقی، تاران ١٣٤٢، شاو ١٠ـج ـ وا.ک. شاو تاریخی ئیمپەراتوری عوسمانی و تورکیەی تازە، تەرجەمەی مەحمود رەمە زانزادە،

Dr.Saleh Ebrahimi



مەشهەد، ۱۳۷۰، شەرەفەدین عەلی یەزدی زەفەرنامە، بەکۆششی عیسامەدین ئورونبایف، تاشکەند ۱۹۷۲ز - فەسیح خەوافی، ئەحمەد، موجمەلی فەسیحی، بە کۆششی مەحمود فەروخ، مەشهەد ۱۳۳۹، فەلسەفی، نە سرولڵا، جەنگی چالدران، تاران ۱۳۳۲، میرخواند، محەمەد، رەوزەی سەفا،کورتکراوەی عەباس زەریاب، تاران ۱۳۷۳، مینورسکی، ولادیمیر، سازمانی ئیداری حوکومەتی سەفەوی، تەرجەمەی مەسعود رەجە بنیا، تاران ۱۳۴۴، نەسیری، محەمەد رەزا، ئەسناد و موکاتەباتی تاریخی ئێران، قاجاریە تاران ۱۳٦۸، نەفیسی، سەعید، تاریخی کۆمەلایەتی و سیاسی ئێران لە دەورەی سەردەم، تاران ۱۳٦۲، هامێرپورگشتال، یوزف، تاریخی ئیمپەراتوری عوسمانی تەرجەمەی میرزا زەکی عەلیابادی، بەکۆششی جەمشید کیانفەر، تاران، ۱۳٦۸ هەتاوی؛ لێکدانەوەی مەیدانی موئەلیف؛ هەروا:

Census of Population 1990. state institute of statistics Ankara 1991; LA; jaubert, P.A; voyage en Armenie eten perse, paris; 1871 karal, E,Z; osmanli tarihi, Ankara, 1983 reclus, E, nouvelle geographie; universelle, paris, 1884, sumer, f; kra koyunlular, Ankara, 1967; turkiye dianet vakfi istam ansiklope disi Istanbul, 1994.

عەلی ئەکبەر دیانەت، دایرەتولمەعاریفی بوزوگی ئیسلامی ج ۱۱ پەرەی ۳۱۰ تا ۳۰۹ چاپی ۱۳۸۱ هەتاوی تاران (شە پول).

Dr.Saleh Ebrahimi



# زیارەتی مەرقەدی حەکیم ئەحمەدخانی (د ـ خ)

خواپێکی هێناو بوزی خوارد رۆژی پێنجشەمە ١٣٧٧/٣/٧ لەکات ژمێری ٦ ی سەر لەبەیانی بەماشینی عومەرتەکین بەرەو دۆغ بایەزید وەریکەوتین، لەکات ئەژمێری ٧ی دەمەو خوراواکە لە سەر ئارارات کەمێ زەردەی خۆر مابو گەیشتینە ماڵی عومەر ماڵی باوکی و بۆ رۆژی شەمە ١٣٧٧/٣/٩ و ٣٠ مانگیمە: (مایس) ١٩٩٨ی زاینی و ٢٦١٠ی کوردی و ٤ی موحەڕەمی ١٤١٩ی مانگی (شەپۆل) چووەتە زیارەتی مەرقەدی پاک و پیرۆز و مدفەرکی حەکیم ئەحمەدخانی، لەبایەزید، کە ئارامگەی حەکیم خانی لە ساڵی ١٩٩١ ز ـ بە هۆی مەحمود کوری حەسەن کۆتان ساکان، کە خۆی کوردە تەرمیم و تەعمیر کراوە تەوە و زۆر جوان رازاوە تەوە، عومەر تەکین، منی بردە زیارەت و یەک دوکەسی ناسیاویشی هێنابو، مرۆڤێک بەنێوی محەمەد عەبدوڵڵا گولی خودێ لەسەر مەرقەدی حەکیمخانی قورئانی دەخوێند، زۆری رێز لێگرتم بە تایبەت دیوانی پەرزەردی حەکیم ئەحمەدخانی بە دیاری بەمندا. ئەم دیوانە زەینەلعابدین ئامێدی بەنێوی نوسخەی سەحیح نوسیویە تەوە و لە ٣ مە (مایس)ی ١٣٣٥ حەمزە نێوێک ئەو دەسخەتەی لە چاپ داوە و مانای واژەکانی لە ئاخری کتێبەکەوە، زور جوان و رد بۆ نوسیوەتەوە، واژەنامە یەکی پڕ و چڕ و تەسەلە و لە سەرەتایشەوە شیخ محەمەد عەسکەری بنی شێخ عەبدو ڕەحمان ئاقتەپی بەهۆنە ئافەرینی بۆ نوسیوەو ئەمەیش چەند شیعرلە و ئافەرین و پارانەوە بۆ حەکیمخانی. هەرگاە هەزار رەحمی بێ عەدد ـ یارەب تۆبکە لروّحی ئەحمەد ـ شێخ ئەحمەدخانی روّحی شاکە ـ وی بەخشی حەبیبی موستەفاکە ـ کورمانجی کیتابەکە، بوهاپوڕ ـ خوەش نەزمکرید عیشقی پورسیر.

□ مزگەوتێ جوانیش بەئاوی لولەکەشی بۆ نوێژ کردنی زیارەتکارانی حەکیم ئەحمەدخانێ هەرلەوێ سازدراوە و بە راستی خانوێی زۆر جوان و رازاوە لەسەر مەرقەدی حەکیمخانی سازدراوە و نێوەکەی فەرش کراوە و شەپاکی سەوز لە پارچەی ئاورێشم بەسەر مەرقەدەکەیدا، هەلکێشراوە و ئایەتی قورئان و شیعری لەسەر نوسراوە و زۆر جوان رازوەتەوە، ئێوە بڕواننە ئەم وێنانە تابزانن، خانوی سەر مەرقەد چەن جوان و رەنگین و نەخشینە.

Dr.Saleh Ebrahimi






وێنەی خانوی مەرقەدی حەکیم ئەحمەد خانی لە بایەزید.



Dr.Saleh Ebrahimi



جادوای وێنەگرتن لەگەڵ گوڵی خودێ چوینەدیدەنی خانوی شێخ بەهلول پاشا: ئیسحاق پاشاکە عەبدی پاشای باوکی لە ساڵی ١٦٨٥ ز ـ دەستی بە سازدانی کردوەو لە ١٧٨۴ تەواوی کردوە، درگای ئەو خانوە (کۆشکە) کە لەزێر بووە، لەگەڵ گەواهیراتی موزە خانەکەیدا، روسی تەزاری لە شەڕی ساڵی ١٩١٧ز ـ بە تالآن بردویەتی و شاری بایەزیدیشی وێران کردوە و قڕی خستۆتە نێو خەڵک بەکورد و ئەرمەنەوە. شوێنەواری شارە وێران کراوەکە، هێمان دیارە.

سەیرە لەو رۆژگارەدا شۆفاژ بوگەرما و ئاوی گەرم و فازیلاب لەنێو ئەو کۆشکە ساز دروا و بوکڵەی بەران لە نێزیک دەروازەی زێر هەرماوە و کەمێ شکاوە و ئێستائەو کۆشکە بۆتە سەیرانگاو شوێنەواری کەونارا، بوگەروکانی دنیا، لەو سەردەمەی من لەوێ بوم، ئوروپایی و گەروکانی هەندەران هاتبونە زیارەتی حەکیم‌خانی و دیدەنی کۆشکی شێخ باڵول.

هەروا عومەر تەکین منی بردە سەیرانگای (قوولی تەپێ) کەلە ١٨٢٠ ز ـ بەرد (شەهاب)ی ئاسمانی هاتۆتە خوارێ و لەو هەردەی داوە و تا ٦٠ میتری قوول کردوە و پانایی دەهەنەیشی ٣٥ میترە، قوولی تەپێ لە نێزیکی بازرگان، لە بەرامبەری ئاراراتی گەورە و گچکە، مختەپە، گری‌زگ دریاو، گری (گردی) نێرا، دایە، لەکات ژمێری ٦/٥ دوانیوە ڕوی رۆژی پێنجشە ١٣٧٧/٣/٧ چومە دیدەنی ئەو شوێنە. گویا بەردی ئاسمانی بۆ یەکەمجار لە دنیادا لە ئالاسکا لە ئەمریکا لەزەوی دراوە و بۆ جاری دوەم لە کوردستان لە قوولی تەپێ دراوە.

☐ دەبێ بزانین کە شەپۆل لە ساڵی ١٣٦۴ دا بە سەرهات و لێکۆڵینەوە یەکی زۆر وردو پڕ چرو جوانی لە سەر حەکیم‌خانی و شاکاری مەم‌و و زین لە کتێبی ژیناوەری زانایانی کورد، لە جیهانی ئیسلامەتی، دا، نوسیوە و لە چاپی داوە و بلآوی کردوتە، هەروەها لەکۆواری ئاوێنە ژمارەی ١٢ ساڵی ١٣٧٢ و ١٩٩٣ ز ـ پەرەی ٣٧ تا ٣۴ لە سەر حەکیم‌خانی و دیوانی مەم وزین بە تەحقیق و لێکۆڵینەوە نوسیوەو لە چاپ دراوە. هەرجۆر بێ لە رۆژی ١٣٧٧/٣/١٠ گەرامەوە تاران بۆ ماڵێ، هەرچەند دەم‌ویست بچمە شەمزین بۆ زیارەتی مەرقەدی حەزرەتی سەید تاها شاهی شەمزین (قُدِسَ سِرُّهُ) بەلآم دۆستان وتیان: لەو نیوەداشەڕە، ڕێگانییە، ناتوانی بچی، نایەڵن، بەداخەوە نەم توانی بچمەشەمزین.

Dr.Saleh Ebrahimi



# بیژەن و مەنیژە

بیژەن و مەنیژە بەناودە نگترین چیروکی غەنایی، حەماسی ویژە و ویژەوانی کوردی‌یە، کەلەودا بە سەرهاتی بیژەن یا (ویژەن) کوری گیو و نەوەی گودەرز پالەوانی ناوداری کورد دەورەی کیانی. ـ وەمە نیژەی کچی ئەفراسیاو پاشای تورانی بوئیمە دە گیریتەوە و ئەم چیروکە لەم روژگارەی ئیمەیشدا بەزمانی کوردی هەیە و شایەران و دەم و راویژ خوشان بوخەلکی دەخوینەوە، نوقل و نە باتی شەو چەرەی کورو کوبونە وەیە، بە تایبەت لەشەوانی پاییز و زمستاناندا، فیردەوسی توسیش لەروی ئە و چیروکە کونە کوردی یەی بەرو؛ فرەبە ئەمانەتەوە لە شامەنادا بومانی گیراوە تەوە.

**کورتەی ئەم چیروکە کوردیە:** بیژەن بە فەرمانی کەیخوسرو، پاشای ساسانی، دەچی تا ئەو بە رازانەی واکەوتونەتە نیو، باغەکانی (ئەرمان) و ویرانیان کردوە دەریان بکاو لە نیویان ببا. بیژەن، دوای ئەوەی بە بویری و بە چالاکی، زوربەی ئەو بەزارانە دەکوژی و ئەوانی تریش لە نیوباغەکە، وەدەر دەنی و بەرە و دەشت و چولگە هەلیان دە بری، لە پاشان گورگینی میلاد، ـ کورد، کەلەوکارە دا؛ ریی نیشاندەری بیژەن بووە، بەفیل بەری دەکا تابچیتە جەژنگەی مەنیژە تا چەن کیژی نەشمیل و جوان برفینی و بیان هینیتە ولات (یانی کوردی لەکوردی فیل دەکا، بویی دەلین: کورد خو خورە)

بیژەن دەروا و لەسەرکانی و ئاوێک چاوی بە مەنیژە دەکەوی و مەنیژە، ئەویندار دەبی و دەسی دەگری و لەگەل خوی دە یباتە کوشکی خوی، بەلام گرسیوەز، برای ئەفراسیاو، کەبەوە دەزانی لە ناکاوێکدا پەلاماردە باتە سەر بیژەن و دەی گری و بەفەرمانی ئەفراسیاو دەیخاتە، چالی زیندان، روستەم بورزگار کردنی بیژەن، بەرەوتوران بویی دەئاژوی و دەروا و بەریی نیشاندانی مەنیژە؛ بیژەن لەچالی ئەفراسیاو، دینیتە دەری و مەنیژەش لەگەل خوی هەل دەگری و سیبەسی بەرە و نیشتمانی کوردەواری. دەگە رینەوە. جادوای هاتنەوە بو ولات، بیژەن، مەنیژە لەخوی مارە و حەلال

Dr.Saleh Ebrahimi



دەکا (فیردەوسی بەزمانی کوردی گۆرانی؛ تەرجەمەو شەرح بە زمانی فەرانسەوی - Lalegende Blžan-umanija. version populaire dukurdistan. چـاپی ١٩٦٦ز-پاریس، فەرانسە. - زە بیحوللا صەفا؛ لە سەر بنەرەتی ئەو بەلگانەی واله سەرە تاودەقی چریکە و چیروکی بێژەن و مەنیژە، وەری گرتووە، لای‌وایە: بێژەن و مەنیژە، چروکێ پەخشان و سەر بەخۆ و ناوداربووە هەروەکو، لەکوردیدا هەبووە و هەیە، فیردەوسی لە کاتی لاویدا بەناوی یەکەمین کاری فەرهەنگی خوی، ئەوداستانەی کردوتە هونە. بەقسەی صەفا لەقسەکانی فیردەوسی لەسەرە تای ئەو چیروکە، جوان دەردەکەوێ کە ئەو لەکاتی هونینەوەی بێژەن و مەنیژە، گەنجێ خاوەن سامان و دەو لەمەند بووە، جالە بەرئەمە شاعیر بەر لەوەی دەسی بگاتە شانامەی پەخشانی ئەبو مەنسوری (ح ٣٧٠ مانگی و ٩٨٠ ز-) ئەم چریکەی کردوتە شیعر نەک لەکاتی پیری و دەستەنگی و بێدراوی، هەروا لە غورەری ئەخباری پاشایانی کە سە عالبی قسەی لێکردون، سەر چاوەیەک بەناوی شانامەی ئەبو مونسوری نابیندرێ لەبنەرە تالە شانامەی ئەبو مەنسوری چروکێ بەوجوره وجودی نە بووە ونیە. صەفا لە قسەکانی زیادی کردوە و دەلێ: شێوەی کەلامی فیردەوسی لە چیروکی بێژەن و مەنیژە وکەلک‌وە رگرتنی فردی شاعیرلە (ئەلفە کانی ئتیلاق) بوکومەگ بورەوانی وەزنی شیعرلەم داستانەدا، بەراوە ژوی بەخشە کانی‌تری شانامە، دەر، دەکەوێ کەئەم چیروکە هونەی هە ستیارێکی تازە لاوە و تازە کارێکە، کە هێمان شارەزا و پوختە نەبووە و نەی توانیوە، **جوان بیچێژی و دابیژی و بیهاوێژێ**. (تاریخ...، ١/ ٦٦٣-٣٦٤، حەماسە...، ٤٤-٤٥، ٩٢، ١٧٧-١٧٩).

شابازی کە بوچونی صەفای لا پەسەندە، نوسیویەتی: کە داستانی بێژەن و مەنیژە، نە بەشێ لەخودای نامە بووە و نە بەشێ لەشانامەی ئەبو مەنسوری؛ بەلکو هەروەکو (ویس و رامین) و (شیرین و خوسرەو) چیروکێ سەر بەخۆ، هاتوتە ژمارکە فیردەوسی لە تەمەنی ٣٥ سالێدا لە سالی ٣٦٥ مانگی و ٩٧٦ ز- هونیویە تەوە و لەدواییدا بێژەن و

Dr.Saleh Ebrahimi



مەنیژەی لەگەڵ داستانی پێشوی: (چیروکی ئەکوان دیو) و چریکەی دوایێ (داستانی رەزمی یازدە روخ) پێکەوەی پێوەنداوە (پەرەی ٥٦)؛ بەڵام راستی و دروستی ئەم بیروراپانەکە لێرەدادێن. جیێ بیرلێکردنە وەن. ١ ـ فیردەوسی لەزورپەی داستانەکانی شانامەدا، بوێنە (بیژەن و مەنیژە) و داستانی (ئەکوان دیو) سەرە تا یەکی داناوەکە، لەگەڵ دەقی داستانەکە هاودە نگە و هزرو سەرەنجی خوێنەر بوّ لای چونە ناو دەقی چیروکە کە؛ رادە کێشێ (بوّوێنە بروانە ٣/٢٨٧-٢٨٩، ٤/٤-٦)، بەرکوڵەکانی داستانی (روستەم وئیسفەندیار) و (روستەم و سوهراب). کەوابێ، سەرتای داستانی بیژەن و مەنیژە، ناکرێ و نابێ واقیعی بێ و لەسەر ئەو بەلگە و بنچینە بەگەنج بون و (لاو) بونی فیردەوسی و سەر بە خوبونی ئەو چیروکە، حوکم بدرێ وبوتی میهرەبان بە ژنی فیردەوسی دابندرێ (ئیسلامی نە دوشێن **٥٤-٥٥**).

٢ ـ راستەکە بەرلە فیردەوسی هێندێ لەو چیروکُ داستانانەی شانامە، وەک (روستەم و ئەسفەندیار) و (بیژەن و مەنیژە). هەبون و بەوێنەی چیرۆکی سەر بەخوێ نوسراو، برەویان هەبووە. بەڵام بەلگەی باوەرپێ کراوکە جیێ دلنیایی بێ لەبەر دەس نیەکە لەسەر بنەمای ئەوە، فەرز بکەین کە ئەم چیروکانە لە سەرچاوەی بناغەیی فیردەوسی یانی شانامەی ئەبو مەنسوری نەبووە؛ چونکا بوّوێنە هەبونی داستانی روستەم و ئەسفەندیار، بە وێنەی نوسراوەی سەر بەخو (ئیبن نەدیم **٢٦٣**). نابێتە هوکەلە شانامەی ئەبومە نسوریدا، نەبوبێ، تازە، بەلگەی صەفا بەم شێوە: چون داستانی بیژەن و مەنیژە لە غورەری سەعالیبیدا، نە قڵ نەکراوە، ئیدی لە شانامەی ئە بومە نسوریشدا نە بووە ونیە، ئەوە بەلگەیێ برانیە؛ چونکا سەعالیبی زیاتر سەرنجی داوەتە ئەو بە شانەلە شانامەی ئەبو مەنسوری کە لە بابەت پاشاکانەوە بووە؛ گوێ نەداوەتە چریکە و چیروکێ وەک بیژەن و مەنیژە یا (حەوت خانی روستەم)، کەلە هزرو بیری ئەو نێزیک نە بووە و ئەوەکە داستانی (حەوت خانی ئەسفەندیاری) نەقڵ کردوە، لەبەر ئەوە بووە بەسەر زاری خەلکەوە بووە،

Dr.Saleh Ebrahimi



ترساوە نەبادا لە نێوبچێ (پەرەی ١ ٣٠٣-٢ ٣٠٢).

٣ ـ بەراوە ژوی بیروڕای شابازی (هەرئەوێ)، لە هیچ رویەکەوە ناکرێ بوترێ کە فیردەوسی چیرۆکی بیژەن و مەنیژە ـی لە کاتی لاویدا، هوندوێتەوە ولە دواییدا لەگەڵ داستانەکانی دیکە دایەکی خستبێ، چونکا لەچیرۆکی (رەزمی یازدە روخ)، کە لەدوای (بیژەن و مەنیژە) وە، هاتووە، بەڵگەی فرە راستەو نشان لەوەیە، کە لەسەر چاوەی شاعیردا ئەم دو چیرۆکە، هەربە و تەرتیبە، کەلە شانامەداهەیە، بە راستی لەپێشداهە بون، فیردەوسی لە چەن جێ لە داستانی (رەزمی یازدە روخ) بە ئاشکرا رای گە یاندوە کە ئەفراسیاب ئاگری ئەو شەڕەی هەڵکردوە تا تۆڵەی خۆی لە بیژەن بکاتە وەکە بەشە و چبوە کۆشکی مەنیژەی کچی ئەو، هەروا بۆئەوەی تۆڵەی خۆی لە رۆستەم بستێنێ، کە دوای رزگار کردنی. بیژەن، هیرشی کردبووە سەر تورانیان و دنیای لێ تاڵ کردبوون (٤/٤، هۆنەی ١٧ پەرەی ٥، شێوەکانی ٢٥-٢٦، ٢٨، پەرەی ٥، هۆنەکانی ٤١-٤٢). بە تایبەت **فیردەوسی خۆی دوپاتە دەکاکە لەنە قڵی سەر چاوە فرە ئەمانە تدار بووە** (٢٨٥/٣، هۆنەکانی ٢٨٧٩-٢٨٨٠). هەروا ناکرێ بوترێ کە فیردەوسی بە دەسکاری کردن لە مێژوی وڵات، ئەمدو داستانەی، هەروا بێ سەرچاوە، لەخۆوە پێکییە لکاندون.

٤ ـ لە هەژانی قسەی فیردەوسی لە بەرکوڵی بیژەن و مەنیژە دا (بڕوانە ٣/٣٠٣-٣٠٦) لە بارەی سەر چاوەی کارەکەی، بەئاشکرادە ردەکەوێ کە شاعیر، ئەم داستانەی لەنێو مەجموعە یەکێ هەڵبژاردوە و هەڵی گۆیزاوە وکردویەتە هۆنە، نەک بڵێی بنەرەتی کاری ئەو لەسەر کتێبێکی سەر بەخۆ بە ناوی (بیژەن و مەنیژە) ئەنجام درابێ، (بوتی میهرەبان) قسەی شاعیر لەسەر ئەم واتایە، ئەکیدی هەیە (بڕوانە ٣/٣٠٥، هۆنەی ١٩)؛ هەروایش هەر ئەو، با یار (سەروی بون: Sirvibon) لە شاعیر دەخوازێ کە داستانە کەلە (نوسینگەی پەهلەوی، دەفتەری پاڵەوانی) بکاتە شیعر (بڕوانە ٣/٣٠٦، هۆنەی

Dr.Saleh Ebrahimi



٢٢)و شاعیر خوّی لەبەرکولّی شانامە لەوشویّنەی کە لەسەر چاوەی مەنزومەی خوّی قسەدەکا، دوبارە **بەوردی ئەوە بە (دە فـتەری پـەهلەوی) نـاودەبا** (١/١٤، هوّنـەی ١٤٢)،کە بەلگەیێ لە دەسانیەکە مەبەستی ئەو، شانامەی ئەبومەنسوری نەبێ‌کەلە ٣٥٦ مانگی و ٩٦٧ز- بەفەرمانی ئەبو مەنسور محەمەد بـن عـەبدو رەزاق (هـ م) سازدراوە (بروانە هەرئەوە، ١/١٢، هوّنەی ١١٥-١٢٥، بروانە بەرکولّ...، ٣٣-٣٥).

بە دەسهاتوی قسە ئەمەیەکە داستانی (بیّـژەن و مـەنیژە) فـرە لەوە دەچێ بـەشێ لە شانامەی ئەبو مەنسوری پێک هێنابوێ و فیردەوسی ئەم داسـتانەی لەگـەلّ چـریکە و چیّروکەکانی ترهوّ نیبیّتەوە. جالەم روەوە ناکرێ لە بەرئەوە لە (ئەلفی ئیتلاق) لە هوّنەی داستانی (بیژەن و مەنیژە) ئەو لەکاتی هونینەوەی ئەم چریکە بە لاویّکـی تـازەکـارونا پوختە دابنرێ، بەتایبەت‌کە بە رکولّ و خودبەی داستان لە ژماری؛ یەکێ لە پڕمایەترین و شیّواترین بەرکولّی شانامە یەو سەختی و سفت و سولّی شیعری شاعیر نیشان دەدا. (بوّفرە ترزانین بروانە، خەتیبی، ٦٧-٧٠ ئومێد سالار، ٥٤٤-٥٤٦).

بەرکولّی داستان، تەنیا سەرە تایێ ئەو توّنیە، کـە تـەنیا بوّدنـە دانـی خویّـنە ربێ‌کـە داستانەکە بخویّنیّتەوە، بە لّکورازو رەمزێ فرە نیشان دەدا، حیکایەتی شاعیری دلّتەنگ لە تاریکی پڕمە ترسی و هیّرشی ئە هریمەن بوّسەر (گولّرو)ی، ئەوە رەمزیّکە لە چـالّی تەنگ و تاریک‌کە بیژەن تیاقەتیسە و هەروا نشانەی وەفاداری و ئەویندارى مەنیژەیە، سەبارەت بە بیژەن، ئەو بویرەی کوردە واری. لە بەرکولّو دەقی داستانەکە، هاووێنەی جوان و شیرین دێنە بەرچاو، لەهەر دوبارە وە، ئافرەتانی ئەویندار بە مەردانی خەمگین و روّژە رەش: یارمەتی دەدەن. لەهەردو بابە تەوە، مەوقیعیەتی پیاوان لە تاریکدا وەسف دکرێ (باغی شاعیرو چالّی بیژەن) و ئەوینداران هوّی ئاسودەیی و دلّنیایی ئەوان پێک دێنن خوێندنەوەی چیروک، بەهەستیار ئارامش دە بەخشێ و موّری روّستەم، مزگێنی یە کە بوّ رزگاربونی بیژەن لەزیندان). هەم لە سـەرتا و هـەم لەمـە تـن و دەقـی چـریکەو

Dr.Saleh Ebrahimi



داستانەکە، تاریکی شەو روناک دەکاتەوە (گولروی) شاعیر بوئە و چرایەک دێنە تەبە رێیی خوی بەباشی ببینێ و مەنیژە ئاگرێ هەلدەکا تا روستەم بە رێنوێنی ئەو بچنە جیێ بیژەن (دیویس، ١٧١-١٦٧).

**کونترین دەقێ** کە ناوی بیژەن و ژنی ئەو، مەنیژەکەلەوا نوسراوە و باسکراوە کتێبێکە بە ناوی (ئەعمال توماس the Actsof thomas کەلەو داسەفەری قیدیس توماس، حەواری مەسیح بو هێندوستان راڤەکریاوە، هەلدەگرێ کەلەکلکەی سەدەی ٣ز- نوسرابێ لەم پە راوە داکە ئە سلەکەی بەزمانی سورەیانی یە (سورانی)، لە پاشان بە یونانی، لاتینی، ئەرمەنی و عەرەبی تەرجەمەکراوە، ناوی بیژەن و مەنیژە بە سورەیانی (ویزەن و مەنشەر Wezan-manšar) و بە یونانی (ئوزانس) و منسارە Ouzanes-manasara - و بە ئەرمەنی (ویژان و ماناسار Wizan-manasar. هەبونی ناوی بیژەن و مەنیژە لەوکتێبەدا کونی ئەم داستانە لە ویژاوەری غەنایی - حەماسی کوردەواری بە جوانی نیشان دە داد مینورسکی ٨١ /کوبەی ٦ ، سەرکاراتی (١٢٣-١٢۴). بویەکەمجار نولدکە بە راستی زانی کە چیروکی بیژەن و باوکی یانی:گیوو باپیرەی یانی گودەز لە شانامەی فیردەوسی دا، لە و داستانانەیەکە لە نێو پارتی دا هەلقولاوە و تافگەداوە (پەرەی ٢٥-٢٧؛ هەروا بروانە یارشاتر؛ A58_A59). تولدکە لای وایەکە مەزن و دەسە لاتدارانی ناوداری پارتی کەلە دەورانی ساسانیانیش شان و شەوکەت و قودرەتی تایبەت بەخویان هەرمابوو خاوەنی بیاوبرە و بون، رەگە زی باو با پیرانی خویان دە بردەوە سەر قارەمانانی پالەوانەکانی داستانەکون وکەو ناراکانی نە تەوەیی و نیشتمانی خویان (پەرەی ٢٦). هەرچەندە ناوی بیژەن لەسکە وکە تیبەکانی ئیسکانیان و هەروا لەسەر چاوەی یونانی و رومی دا نابینێرێ بەلام هەندێ لە تاریخزانانی دەورەی ئیسلامی، کە سانێ وەک تەبەری (١/٥٨٣) و مەسعودی (٢/١٣٦) و حەمزە ئیسفەهانی (پەرەی ١٣) ناوی بیژەنیان لە پیرستی پاشایانی، ئەشکانیان، هیناوە و ناویان بردوە (هەروا بروانە،کوباجی، ئایین و ئولەکان...،

Dr.Saleh Ebrahimi



١٤١).

لەدوای نوڵدکە، مینورسکی‌لە و تاریکی زانایانە کـەلە بـارەی (ویس و رامـین) ەوە نوسیویەتی نیشانی داوە کە ئەم (ویس و رامین) ە ـ داستانی پارتی‌یە و لەگەڵ داستانی بیژەن و مەنیژە پیوەندی هەیە ولیک نیزیکن، چونکالە ویس و رامین‌دا نـاوی (مـوبید شارو). دوجار لەگەڵ ناوی خانەدانەکەی (منیکان) هاتووە (بڕوانە فەخرەدین ئەسعەد، ٣٣، ٥٨). منیکان لەدو بەش پێک هاتووە (منی) یا (مـنیک) و دواوەنـدی نـیشانەی کوڕبون ـان ـ یا (١) کان هەروەکو گیوەکان؛ لە شانامەدا، یانی لە بەرە ورە گەزەی گیو، کەشە بیهترین ناو لە نێو، ناوەکانی پارتی بە منیک یا منیج (مە نیجە: مەنیژە)یە. وە یوستی ناوی مەنیژە، کیژی ئەفراسیاویی، بە شکلی مێ، مێینەی ئەو، داناوە و بە نـاوی (مێـی) زانیوە (پەڕەی ١٩٥). مینورسکی لای‌وایە ناوی خـانەدانـی (مـنیکان) نـیشانەی زاروڵ کانێکە، کەلە بیژەن بوون ولە مەنیژە لەدایک بوون، هەرچەند ئینتیسابی کـوڕبوّ دایک باونیە بەڵام نمونە یەک لەوە، لە چیروکی (ویس و رامین) دالە بارەی: ویـروی شـارو: شەه) دە بیندرێ، ناوی دایک ئەبێ‌بوّ ناسین و لێک جیاکردنی منالانێ بەکار برابێ لە بەرە دایکێک نەبن (پەڕەی ١٨٦ـ١٨٥)؛ (جێی ورد بوونە وەیە لە نیوّ نە تەوەی‌کورد، بانگ‌کردنی کوڕ بە ناوی دایک‌و ئینتیسابی کوڕ، بە دایک باوە و زوّریش بەکاردێ و بەکار براوە. هەروەکو ئەحمەد ـی پورە خورشید، کوڕی فاتێ، کوڕی پورە مە نیج و... ئەمەیش زیاتر دەی سەلمێنێ کەچریکەو چیروکی بیژەن و مەنیژە کوردیە و هی‌کوردە (شە پوّل).

لە نیوّ دو داستانی (ویس و رامین و بیژەن و مەنیژە) داوێکچون و هەروەک یەکبون، فرەدێتە بەرچاو، کە وەکو یەک چریکە و چیروک بن‌وایە، بیژەن و رامـین لە عـەینی بوّیری و بێ‌باکی دا، هەردو پاڵەوان، هەوەس بازوژن خوّشەویست و بەکیژ باز ناودارن، هەروا (ویس و مەنیژە)یش بە بێ‌پەروا و بەپررو، مەغرور، زورەنج، فیداکارو بەوەفا،

Dr.Saleh Ebrahimi



ناودارن و لەو سیفە تانەدا، هاوبەش و هاو دەنگ و هاورە نگن (خالیقی موتلەق، **٢٧٥-٢٨٤**). لەو ویکچونانە، دە کرێ نەتیجە بگرین کە هەردو داستان لە بیروهزری یەک کۆمکار یانی‌لە نێو جامیعەی پارتی هەڵقوڵیوە و تاقگەی کردوە. **پارتی بەپێچە وانەی ساسانیان، ناوەندی یەکی واحیدیان نە بووە، بەڵکو لە چەن تیرەکە حوکومەتی نیوە سەر بە خۆیان هەبووە، پیک هاتبون کە ئاداب و روسوم و ئەدە بیاتی تایبەت بە خۆیان هەبووە**، بۆوێنە ناوچەی گورگان و مروکە خانەدانی گۆدەز: (گۆدە رزی دوەم، حک **٣٩-٥١**ز-) حوکومەتیان بەسەرا گردوە، یەکێ لەو ناوچانە بووە کە لە باری ویژە ویژەوانی گرینگ و ناودار بووە و چریکە و چیروکی عاشقانە و ئەویندارانەی: بیژەن و مەنیژە و (ویس و رامین)، ئەشێ لەویژاوەری ئەو ناوچە بێ (هەر ئەو، **٢٨٥ - ٢٨٦**؛ قیس، بەهار، **٥٧** و **٥٨** کە چریکە و چیروکی: بیژەن و مەنیژە جۆرێ گۆڕ دراوی داستانی (ئیشتە و تەموز) ە -کە لەئوستورە کانی بابیلیان، هاتۆتە ژمار؛ هەروا لە بابەت ریشە ورە گاژوێ تاریخی داستانی (بیژەن و مەنیژە)؛ (بڕوانەنە کویاجی، لێکۆڵینە وە کان...، **١٣١**، ئایینە کان، **١٥٢-١٥٣**)، بە قسەی میژونوسی ئەرمەنی، موساخورنی، بیژەن لەخانە دانی گۆدەرزەو لەرێگای ئەوینداربون بە مەنیژە لە نێو غارێکدا بە ناوی (بزەن هەنگەنی Bezan Hankani و پە ناگاوئە شکەوت و ژێر زەوی ئەفراسیاویش بە هەنگەنە، ناودەبرا،بەندو زیندان بووە (بڕوانە؛ ئیرانیکا، لەژیر ناوی، ئەفراسیاو) یازیندانی بیژەن کە لە ناوچەی فیاتکاران Phyatkaran لەئەرمە نستاندا کەوتە بەند، کو یاجی لەسەر بنەرەی ئەم نەقڵە و هەروەهالە بەر ئەوەی ناوی (بیژەن، گیو، گۆدەرز و گورگین) لەنێو ئەرمەنیان و گورجیاندا فرەزۆرە و برەوی هەیە، بەو گومانەیە کە داستانی بیژەن و مەنیژە لە باکوری‌ترین ناوچەی کوردە واری و وڵاتانی جیران و دراوسێی کورد، بەسەر زارانەوە بووە و هەیە (تۆێژینەوە کان، هەر ئەوێ، ئایینە کان، **١٤٢-١٤٣**، **١٥٢-١٥٣**) (بە بڕوای من بوونی ناوی: بیژەن، گیو، گۆدەرز و گورگین و... لەنیو

Dr.Saleh Ebrahimi



ئەرمەنی و گورجی‌دا خۆی باشترین نیشانەیە لەسەر ئەوەی کورد، ئەرمەن و گـورجـی خزمن نیشا یەکی تریش هەبونی گوڕێ مامە داوید ـ ە لەگورجستان هەمان شێخی سەنعانە (شە پۆل).. بێجگە لە داستانی بیژەن و مەنیژەکەلە شانامەدا باسکراون و هەن، دو نوسخە لەمە نزومە یەکی موشابیهبە ناوی بیژەن‌نامە لەکتێبخانەی بادلیان (ئەتەژمارەی ١٩٧٩) و مۆزەی بەریتانیا (ریو، ژمارەی ١٩٩) پارێزراوەکە صەفا لەسەر بنەرەتی ئاخرین هۆنەی ئەوکە شاعیر بۆنەزمی برزونامە، ئیشارە و ئاماژەی هەیە، ئەوەی بە سرودەی خواجـە عەمید عەتایی بن‌یاقوب، ناودار بە عەتایی رازی لە شاعیرانی سـەدەی ٥ مـانگی، هـاو سەردەم و هاو عەسری مەسعود سەعد سەلمان، داناوە (حـەماسە ٣١٦ـ٣١٧، هـەروا بڕواننە: هـ ئەبوعەلا عەتابن یاقوب غەزنەوی راز). یـەکـە مـجار صـەفا (هـەر ئـەوێ) سەرنجی بۆلای ئەم نوکتە راکشاوە،کە خاوەنی بیژەن نامە، ژمارێ فراوانی لەهۆنەکانی (بیژەن و مەنیژە)ی هۆندراوی فیردەوسی لەو مەنزومەی خوێداگونجاندویەتی، لە پاشان مەتینی بە بەراورد کردنی دەقی ئەم ٢ مەنزومە نیشانی داوەکە بیژەن نامە، مـەنزومەیێ سەر بە خۆنیە و وێژەری ئەو، بێ‌ئیشارەکردن بە داستانی (بیژەن و مەنیژە)ی فیردەوسی، تا ١،١١٢ هۆنەی لەم چیرۆکە، لە مەنزومەکەی خوێدا هێناوە و چەن هۆنـەیش هـی خویەتی، کەلە بابەت واتاو واژە وە، سست و کزە، کـە لەوانـی زیـادکـردوە (پـەڕەی ٣٢ـ٣٥، ٢٥٧ـ٢٦٢).

زۆرێ لە شاعیرانی کورد، لە شیعرەکانی خۆیاندا، ناوی بیژەن و ئەفراسیاویان بردوە (بڕواننە ژیناوەری زانایانی کورد لە نوسراوی: د. محەمەد صالح ئیبراهـیمی (شـە پۆل) چاپی سالی ١٣٦٤ هەتاوی، تاران، مەهارەت، تاران، تاریخی مەشاهیری کـورد، ج ٢ پەڕەی ٢٢٢ غەزە لی نیگاری کە هی (بەها)یە و دەلێ: وەکو بیژەن لە چای ئەفراسیابی مەینە تاماوە. هێناوە، چاپی سروش ١٣٦٦ تاران و شاعیرانی فارسیش لەشیعری خۆیاندا، ئیشارەیان بە چیرۆکی بیژەن و مەنیژەکردوە (بڕواننە مەنوچیهری، ٥٧، مەسعود سەعد،

Dr.Saleh Ebrahimi



٣٨٨، ٤٩٣، ئەنوەری، خاقانی زەنگەی کوردی فارسی ویژ، خەڵکی شیروان و ئابخازیا، ٢١٣، ٢٦٢، ٢٣٠، موجیرەدین، ٢٩٢؛ خواجو، ٦٢، ١٢٠، ١٥٣، جەم؛ سەعدی، ١٧٩، هۆنەی ٣٥٠٦؛ حافز، غەزەلی ٤٦١، هۆنەی ٥).

ناسرخوسرەو لە واتایێ عیرفانی لەم داستانە، چاڵی بیژەن ـی بە رەمزێ لە تەن و لەشی مرۆی داناوە، دەڵێ: لەبەر ئەوەی لەژیانی ٦٠ ساڵەی خۆتا (ئەویندارو دڵبراو) نەبوی، لەزیندان و چاڵی لەشا قەتیس ماوی (پەڕەی ٢٨٠، هۆنەی ٢ـ٥). هەرئەو لە جیێ ترا، جیهان بە مەنیژە، ژنێ جادوگەرو فێڵباز، تەشبیهـ دەکاو دەڵێ: تەنیا نادانەکان، فریوی ژنێ ئاوا (پرزەق) و بەرق و رازاوە) دە خۆن و لەدڵ و دەرونی چاڵی دنیای خۆیان دە خزێن (پەڕەی ٣٠٩، هۆنەکانی ٢٢ـ٢٣، هەروا (٣١٠)، هۆنەکانی ١ـ٣). سە نایيش مرۆڤێ کەگیرۆدەی پلەو پایەی دنیایە، بە بیژەنی دادەنێ کەلە چاڵدا دیلە (پەڕەی ١٢٧، هۆنەی ٨). داستانی بیژەن و مەنیژە بەوێنەی سەر بەخۆ، یەکەمجار لە ١٣١٦ هەتاوی ١٩٣٧ز ـ لە بەمبەیی لە چاپ دراوە. جەلال مەتینی کورتە یەکی لەوە لەساڵی ١٣٤١ هەتاوی لە مەشهەد، وە ئیبراهیم پورداود هەمو داستانەکەی لەگەڵ وینەی رەنگین و جوان لە ١٣٤١ هەتاوی لەتاران بلاوکردوتەوە، هەروەها مستە فاموسەوی ئەم چیرۆکەی لەسەر را هەڵەگیری کردوە و لەگەڵ راقە و واتاکردنی هۆنە رەق و سەختەکانی لە ١٣٧٥ هەتاوی لە تاران لەچاپی داوە: **سەر چاوە:** کوڕی نەدیم فیهرست، ئیسلامی نە دوشێن، محەمەد عەلی، ژیان و مەرگی پاڵە وانان لە شانامەدا، تاران، ١٣٤٨، ئومێد سالار، مەحمود (حەوت خانی رۆستەم، بیژەن و مەنیژە و چەند نوکتە لەبارەی سەر چاوە و هۆنەی فیردەسی)، ئێران ناسی ١٣٧٧ هەتاوی و ١٩٩٨ز ـ ساڵی ١٠ ژمارەی ٣؛ ئەنوەری، محەمەد دیوان بەکۆششی سەعید نەفیسی، تاران، ١٣٥٦ هەتاوی؛ بەهار، میهرداد، ئەساتیری ئێران، تاران، ١٣٥٢ هەتاوی، سەعالیبی مەرغەنی، حوسێن غورەری ئەخباری پاشاکانی ئێران و سیرە و خوو ئاکاریان، بەکۆششی زوتنبێرگ پاریس،

Dr.Saleh Ebrahimi



٠٠ ١٩ز، حافز، دیوان بەکۆششی پەروێز ناتل خانلەری، تاران، ١٣٦٢ هەتاوی، هەمزە ئیسفەهانی، تاریخ سنی ملوکولئەرزووە لئەنبیا، بەکۆششی گوتوا لێد، بێرلێن، ١٣٤٠ مانگی؛ خاقانی شیروانی زەنگەی کوردی فارسی بێژ، دیوان، بەکۆششی زیائەدین سەجادی، تاران، ١٣٧٥، خالیقی موتلەق، جەلال، بێژەن و مەنیژە و ویس و رامین (بەرکۆلێ لەسەر وەیژاوەری پارتی و ساسانی، ئێران ناسی ١٣٦٩ و ١٩٩٠ز، ساڵی ٢ ژمارەی ١، خەتیبی، ئەبولفەزل (یەکی نامە بود از گە باستان)، (جەستارێ لەناسینی سەرچاوەی شانامەی فیردەوسی)، نامەی فەرهەنگستان ١٣٨١ ساڵی ٥ ژمارەی ٣؛ خواجۆی کرمانی، خەمسە بەکۆششی سەعید نیاز کرمانی، کرمان، ١٣٧٠، سەرکاراتی، بەهمەن، (رۆستەم کەسایە تێکی مێژویی یا ئوستورەیی) مەجموعەی و تارەکانی سێوەمین تاشە شەمین حەوتوی فیردەوسی، بەکۆششی محەمەد مەهدی روکنی، مەشهەد، ١٣٥٧ هەتاوی، سەعدی بۆستان، بەکۆششی غولامحوسێن یوسفی، تاران، ١٣٥٩، سەنایی، حەدیقەی سولتانی، بەکۆششی مودەریس رەزەوی، تاران، ١٣٦٨، صەفا، زە بیحوڵلا، تاریخی ئەدە بیات لەئێران، تاران ١٣٦٣، هەرئە و حەماسە وێژی لەئێران، تاران ١٣٥٢؛ تەبەری، تاریخ، فەخرەدین ئەسعەد گورگانی، ویس و رامین بە کۆششی موجتە بامینەوی، تاران، ١٣١٤، فیردەوسی، شانامە بەکۆششی جەلال خالیقی موتلەق، تاران /کالیفورنیا، ١٣٦٦-١٣٧١ هەتاوی؛ کویاجی، جیهانگیر کویرجی؛ ئایین و ئەفسانەکانی ئێرانی و چینی باستان، تەرجەمەی جەلیل دۆستخوا، تاران، ئیسفەهان ١٣٧١، مەتینی، جەلال لە بابەت بیژەن نامە، ئایەندە، ١٣٦٠ ساڵی ٧ ژمارەی ٢، ٤؛ موجیرەدین بیلقانی، دیوان بەکۆششی محەمە داوایی، تەوریز، ١٣٥٨، مەسعود سەعد سەلمان، دیوان، بەکۆششی رەشید یاسەمی، تاران، ١٣٦٢، مەسعود عەلی، مروجوزەهەب بەکۆششی باربیە دو منار، پاریس، ١٩١٤ز، (بەرکولی قەدیمی شانامە) بیست مەقالەی محەمەد قەزوینی تاران ١٣٣٢ هەتاوی ج ٢، مەنوچیهری دامەغانی،

Dr.Saleh Ebrahimi



ئەحمەد، بە کۆششی محەمەد دەبیرسیاقی، تاران ۱۳۷۵؛ ناسرخوسرەو؛ دیوان، بە کۆششی موجتە بامینەوی و مەهدی موحەقیق، تاران ۱۳۵۷؛ نولدکە نیئودور، حەماسەی میللی ئێران، تەرجەمەی بوزورگ عەلەوی، تاران ۱۳۵۷ هەتاوی و هەروا

Davis, D., Eplc andsedition, fayetteville, 1992; E the H., Catalo 8Ve of the pprsian turkish Hindüstäni and pushtü manuscripts in the bodlelan library oxford 1889; Iranicas lusti, F., Iranisches namenhvuch, Hilde she im, 1963; minorsky, V; Visu Räm in, Iranica (twenty Aricles) theran, 1964, Rieu, chi supplemnt tolhe catalo 8ue of the persian manuscr iptsin the Britsh museum london 1895; shahbäzi, A.sh ferdowst; Acritical Biography, costa mesa; varshater E; Iranian national History. I he cambridge history of Iran, 1933, Vol, lll CD.

ئەبولفەزل خەتیبی، دایرەتولمە عاریفی بوزورگی ئیسلامی، ج ۱۳ پەڕەی ۴۰۹ تا ۴۰۶ چاپی ۱۳۸۳ هەتاوی، تاران (شەپۆل).

Dr.Saleh Ebrahimi



# بایینگان

بایینگان یا یەنگان، بەش یاشاریٚ لە شارستانی پاوە ئوستانی کرماشان.کە بە بانیکانیش لە هەندیٚ سەر چاوەی رەسمیدا بینراوە (بڕواننە: دایرەتولمەعاریف...، ۱ / ۳۸۷).

بەشی بایینگان: ئەم بەشە یەکیٚ لە و سیٚ بە شانەی شاری پاوە یەو **۵۹۱** کم **۲** پانو بە رینایی هەیە کەلە باکورەوە ئەلکیٚ بە نەوسود و دەورو بەری شاری پاوە و لەرۆژ هەلاٚتو باشورەوە ئەلکیٚ بە شاری جوانرۆ ولە رۆژاواوە، خوٚلە کوردستانی عیراق دەساویٚ (سازمان...، ٦٤؛ ئەفشار، **۲ / ۱۵۲۳**؛ فەرهەنگی جوغرافیایی ئاوە دانیەکان، **۲۵**). زیاترلە دو سیٚوەم خاکی ئەم بەشە بەرزاییە، کە داگری ماکووان (۲، ٦۳۰ میٚتر). گزن (۲،۳۳۰ میٚتر)، ئوتە (۲،۲۲۰ میٚتر)، بەلهەس (۲،١٦۰ میٚتر)، زەرد داوئی، کلەخانی، راگا، گەرمەزناب و شە شدوٚلە (هەرئەویٚ؛ جەعفەری، کیٚفەکان...، **۸۳، ۱۱۳، ۲۷۱، ۳٦۱، ۴۴۱، ۴۵۷، ۴۷۲**). ـ بەشی بایینگان سەربە باکوری رۆژاوای ئوستانە و **کەش و هەوای نیوە نماوی هەیە**. گرینگترین چوٚمە ئاوی ئەویٚ، **چوٚمی زیمکان** (١٦۰ کم) کە دوای تیٚکلاٚوبونی چوٚمە ئاوی زریسک (ئاوی زریشک) بە چوٚمی زیمکان، ئەودو ئاوە تیٚکلاوە، دەرژیٚنە نیٚوئاوی چوٚمی سیروان، لیەلە (۷۳ کم). چەمیمەرە خیٚل (۳۰ کم)، ئاوی سپی بەرگ، ئاوی خەلیفە و ئاوی لەرەن ـ ە (هەرئەو؛ چوٚمەکان...، ۷۷، ۸۳، ۸۹، **۱۹۱ـ۱۹۲، ۲۵۹ـ۲٦۱، ۴۴۰**؛ فەرهەنگی جوغرافیایی ئاوە دانیەکان، هەرئەویٚ)، **چوٚمەکانی دەودان و بایینگانیش**، هەرلەم لایەوە، دیٚودەڕوا (رەزمارا، **۵۹، ٦۰**). گشت شویٚنە جیاجیاکانی ئەم بەشە بوٚ شینبون و شینکردنی هە موجوٚرە گیا دەرمانی و گیای سەنعەتی، شیاوە. لەم ناوچە چیاویەدا، دارستانی شاش و تەنک دەبیندریٚ جانە وەری جوٚر بە جوٚرو پەلەوەری جیاجیاو رەنگاورەنگی ئەو نەهەیە دەلێی باغی جانەوەرو باڵندانە (فەرهەنگی جوغرافیایی ئاوە دانیەکان، **۲۵ـ۲٦**؛ ئەفشار، **۱ / ۱۴۹**).

بەشی بایینگان لە **۱۳۷۵** هەتاوی دارای **۱۵۴، ۱۲** کەس (**۴۳۹، ۲** خیٚزان)،

Dr.Saleh Ebrahimi



حەشیمەتەکە ٥٧ . ٦ پیاو: (نێرینە) ٩٧ ٠ ٦ ژن (: مێینە) بووە و نیسبەتی باسەوادی و شوغلی بەتەرتیب ٦٢٪ و ٧/١٥٪ بووە (سەرژماری گشتی، ناسنامە، ٦، ٩، ١٢). داهاتی خەڵکی ئەو بەشە لەسە ربنە رەتی کشت و کاڵ، بە خێو کردنی مەڕوماڵات، باغداری و کرێکاری سادەیە (فەرهەنگی ئابوری، «٧٦/٢»؛ فەرهەنگی جوغرافیایی ئاوە دانیەکان، ٢٦).

**ئاو بۆکشت وکاڵ لە بەشی باینگاندا** لە چۆمەکان، چاڵاوی قووڵ و کـانیاوەکـان، دابین دەبێ. هە موجۆرە داهات و بەرهەمی کشت و کاڵی، بـە خێـو کـردنی پـەلەوەر، بەوێنەی سوننەتی و داهاتی ئاژەڵی و شیرەمەنی: (رسق و رۆزی ئاژاڵی)، کە بۆفرۆش بۆ دەرە وەش بەرێ دەکرێ، هەرواکار دەسی لەگرینگترینی بەرهەم و داهاتی خەڵکی ئەم ناوچە دێتە ژمار (هەرئەوێ؛ فـەرهەنگی ئـابوری، «٢/٧٦-٧٦/٥»). لە سـاڵی ١٣٦٦ هەتاوی ئەم بەشە دارای ٦٢ ٠ ١ خێزان (٤٩٢، ٥کەس - بووە)، خێڵی کۆچەر بۆ لەوە ڕگەی پەزو پوڵەو ئاژاڵ و وڵسات ١٢٣،١ خێزان (٨٦٤، ٥کە س بووە) خێڵی کۆچەر، لە خێڵی کوردی جاف - بووە (سە رژماری کۆمە ڵایەتی...، ٢١؛ ئەفشار، ١١٧٤/٢). خەڵکی باینگان کوردو شافیعی مەزهەبن و بەزاراوەی جافی قسە دەکەن (فەرهەنگی جوغرافیایی ئاوە دانیەکان، هەرئەوێ؛ وەلەد بەگی، ٣).

لە زەمانی شەڕی عیراق وئێراندا باینگان لەو ناوچە کوردنشینانە بو، کە زەرەروزیانی گیانی و ماڵی فرەی لێکەوت و زیاترلە ٠ ٥٪ لە خانو بەرەکانی ئەم بەشە، وێران کران و روخێندران و زۆربەی ئاوایەکانی ئەوێ لە خەڵک چوڵ کران (هەرئەوێ؛ گرینگترین کاروتێکۆشان...، ٣١١). ئەم بەشە ٣ دێهستانی هەیە بە مناوانە: ماکووان، کلاشی و شیوە سەر (سازمان، هەرئە وێ؛ ئامارنامە...، ٢٦). وتەنیە، قورئانێ کە دەسنوسەکەی دەگـە رێتەوە بۆزیاترلە ٣٠٠ ساڵ بـەرلە مـرۆ (: ١٧ سـپتامبری ٢٠٠٧ زو ٢٦ خـەرمانانی ٢٧٠٧ کـوردی، رۆژی دوشـەمە ١٣٨٦/٦/٢٦ هـەتاوی و ٥ رەمـەزانـی ١٤٢٨ مانگی). کەلە ئاوایی میرعەبدەلی، یەکێ لەگوندەکانی بەشی بـاینگان، دە پـارێـزرێ (ئەفشار، ١/ ٥٠٣-٥٠٥).

Dr.Saleh Ebrahimi



شاری بایینگان: ئه‌م شاره، ناوه‌ندی به‌شی بایینگانه و له **٢٤** کیلۆمیتری باشوری رۆژاوای شاری پاوه دایه‌و له ناوچه‌یێ پڕکێف و چیا، به به‌رزایی **١،٣٠٠** میتر له‌بان ده‌ریا و له **٣٥°** پانایی باکوری و **٤٦°** و **١٥** درجه درێژی شه‌رقی دایه (فه‌رهه‌نگی جوغرافیایی ئاوه دانیه‌کان: وه‌ڵه دبه‌گی، هه‌رئه‌وجێی یانه؛ موفه‌خه‌م، **٥٩**؛ پاپلی، **٩٣**؛ قیس؛ فه‌رهه‌نگی جوغرافیایی ئێران، **٤٧/٥**). مێژوی سازبونی شار، ده‌گه رێته‌وه بۆ ده‌وره‌ی زندیه (**١١٦٢**از ـ **١٢٠** مانگی)، تایفه‌کانی «بادنیانی» کوردی سه‌ر به عیراق، ناوه روکی بندره‌تی یه‌که مینی حه‌شیمه‌تی بایینگانیانی پێکهێناوه و شاری ئێستا به کوێستان و له‌وه‌رگه‌ی ئاژاڵ و وڵساتی ئه‌وان دێته ژمار، به‌ره به‌ره تایفه‌گه‌لێ له‌م شوێنه جێگیرو نیشته جێبون و **ناوه‌که‌یان له بادنیا نه‌وه کردوّته بایینگان وگۆڕان** به سه‌ر ناوه که‌دا هاتووه، شاره‌که‌له داوێنه‌ی کێفێکدا، هه‌ڵکه و تووه، چیاو کێوه‌کانی شاهۆ، راگا: (رێگا) و ماکووان، به سه‌ر شارا ده ڕوانن. شیوه‌ڵ و دۆڵی جوان و دلگیری سه‌حور، له باکوری شاردایه و فره‌ره نگینه، شاخه ولکێ له چۆمی مه‌ره خێڵ له وێوه دێ و تێپه رده‌بێ (جه‌عفه‌ری، کێوه‌کان، **٢٧١**، **٢٠٥**؛ فه‌رهه‌نگی جوغرافیایی ئاوه دانیه‌کان، **٢٦**، **٢٧**). چه‌می مه‌ره خێڵ له باشوری بایینگان له‌وێوه، ده‌خوشێ و ده‌ر ژێته چۆمی سنوری سیروان. کانیاوه‌کانی پڕئاوی: چاوک وگه‌رماو، له نێزیکی شاردان و خه‌ڵکی له ئاوی ئه‌وان به‌رێگای لوله‌کێشی ئاو، که‌ڵک له‌و ئاوانه وه‌رده‌گرن. **که‌ش و هه‌وای شاری بایینگان**، برێ ساردو نیوه نماویه و پله‌ی سه‌رمای ئه‌وێ تا **٢٦**ـ راگه یێندراوه و پله‌ی بارانی ساڵانه تا **٥٩٠** میلی‌میتری نوسراوه (هه‌رئه‌وێ؛ جه‌عفه‌ری، چۆمه‌کان، **١٩١ـ١٩٢**). **حه‌شیمه‌تی بایینگان:** له‌سه‌ره تای ده هه‌ی **١٣٣٠**ی هه‌تاوی تا **٥٣٨** که‌س بووه (فه‌رهه‌نگی جوغرافیایی ئێران، هه‌رئه‌وێ) که‌له **١٣٧٠** هه‌تاوی به **١،٤٧٧** که‌س (**٢٩٨** خێزان) وله **١٣٧٥** هه‌تاوی به **١٨٦٦** که‌س (**٣٩٨** خێزان) که **٩٥٦** پیاو (: نێرێنه) و **٩١٠** ژن (مێینه) زیادی کردوه. نیسبه‌تی با سه‌وادی و مشولی له بایینگاندا به ته‌رتیب تا **٧٨/٩**٪ و **٢٤/٤**٪ دیاری کراوه و نوسراوه (ئامارنامه‌ی، **٦٦**؛ سه‌رژماری گشتی، نه‌تیجه‌ی، چل)، خه‌ڵکی ئه‌م شاره‌له **١٣٦٧** هه‌تاوی ته‌نیا **٢٠٤** خێزان بووه و

Dr.Saleh Ebrahimi



بەرو بوی کشت و کاڵیان هەبووە (فەرهەنگی ئاوە دانیەکان...، ۱۰۰). - **سەرچاوە:**
ئامارنامەی ئوستانی کرماشان ۱۳۷۴ هەتاوی، سازمانی بەرنامە و بودجەی ئوستانی کرماشان، تاران ۱۳۷٦، ئەفشار سیستانی، ئیرەج کرماشان و شارستانی دێرینەی ئەوێ، تاران ۱۳۷۱؛ گرینگترین کاروتێکۆشانەکانی دوبارە سازدانو لەنوێ دروست کردنەوەی، ناوچە شەڕ لێدراویەکان (لەساڵەکانی ۱۳٦۱ و ۱۳٦۲ ی هەتاویدا) نوسینگەی ستادی ناوەندی نوێسازی و دوبارەسازی ناوچە شەڕ لێدراوەکان، مەشهەد ۱۳٦۷؛ جەعفەری عەباس، چۆمەکان و چۆمناوەکانی ئێران (کوردستان) تاران، ۱۳۲۰؛ سازمانی دابە شکردنی نێوخۆی وڵات، وەزارەتی نێوخۆی کوماری ئیسلامی ئێران، تاران ۱۳۷٦؛ سە رژماری کۆمە ڵایەتی، ئابوری خێڵە کۆچە رەکان ۱۳٦٦؛ حەشیمەتی خێڵی دێهستانەکان لەگشت وڵاتا، ناوەندی ئاماری ئێران، تاران ۱۳٦۸؛ سە رژماری گشتی نفوس و مەسکەن ۱۳۷۵؛ ناسنامەی دێهستانەکانی وڵات، ئوستانی کرماشان، ناوەندی ئاماری ئێران، تاران، ۱۳۷٦؛ سە رژماری گشتی نفوس و مەسکەن ۱۳۷۵ هەتاوی، نەتیجەی تەفسیلی، شارستانی پاوە، ناوەندی ئاماری ئێران ۱۳۷٦، فەرهەنگی ئاوە دانیەکانی وڵات، سەرژماری گشتی کشت و کاڵی ۱۳٦۷ ئوستانی کرماشان (:باختەران) ناوەندی ئاماری ئێران، تاران ۱۳٦۹؛ فەرهەنگی ئابوری گوندو موچە و مەزرا-ی شارستانی پاوە، جیهادی سازدەری، تاران ۱۳٦۳، فەرهەنگی جوغرافیای ئاوە دانیەکانی وڵات (قەسر-ی شیرین) سازمانی جوغرافیایی شەڕوانانی چەکدار، تاران ۱۳٦۳، ج ۴۵؛ فەرهەنگی جوغرافیایی ئێران (ئاوە دانیەکان)ی ئوستانی ۵ کوردستان، دایرە (بازنە)ی جوغرافیایی ستاد-ی ئەرتەش، تاران ۱۳۳۱، موفەخەم پایان، لوتفوڵلا. فەرهەنگی ئاوە دانیەکانی ئێران، تاران ۱۳۳۹، وەڵە دبەگی بارام، تاریخی سیاسی کۆمە ڵایەتی پاوە و هەو رامان، تاران ۱۳٦۹ هەتاوی. کەریم شەریعەت. دایرەتولمەعاریفی بوزورگی ئیسلامی ج ۱۱ پەڕەی ۳۳۲ تا ۳۳۱ چاپی ۱۳۸۱ هەتاوی (شە پۆل).

Dr.Saleh Ebrahimi



# پازوکی

پازوکی یا پیزوکی، بازوکی، ناوی یه‌کیّ له خیّله‌کانی کوردی قه‌دیمه، که‌له نیوه‌ی دوه‌می سه‌ده‌ی ۹ مانگی، زیاتر له سه‌ده یه‌ك، له ناوچه‌ی باکوری ده‌ریاچه‌ی وان له‌ئاناتولّی فه‌رمانره‌وایی‌یان، هه‌بووه، یه‌که مین ئاماژه‌ی میّژویی بوّخیّلّی پازوکی، ده‌گه‌ریّته‌وه، بوّ ده‌وره‌ی حوکومه‌تی ئاق قویونلو ـ ه‌کان له‌ئیّران، له‌و سه‌ر ده‌مه‌وه ناوی پازوکی، زوّرجاران له‌سه رچاوه میّژویی یه‌کاندا، هاتووه.

بوّ دیاری کردنی جیّی ژیان و جوغرافیایی هوّزی پازوکی: سه‌ر چاوه‌ی گرینگی کوّنی کورد، ناسی، شه‌ره‌فنامه‌یه. سه‌ردارانی کورده‌کانی ئیّران ناودار به‌گوّران ۴ خیّلّی گه‌وره‌ن: سیاه‌مه‌نسور، چگنی، زه نگه‌نه‌و پازوکی. شه‌ره‌فنامه سه‌دارانی پازوکی په‌وه چه‌ی هوّزی سویّدی‌و ژینگه‌ی ئه‌وانی به لورِستان داناوه، ریوایه‌تیّ گوّران و ئه‌رده لّلان و ئه‌میرانی پازوکی به‌ره‌گه‌ز له‌وه چه‌ی هوّزی سویّدی زانیوه (بدلیسی، ۱۷، ۴۲۳-۴۲۴، ۴۳۱). سه‌ر چاوه‌ی میّژوی دوری ره‌گه‌زی بنه مالّه‌ی میرانی سویّدی له‌گه‌لّ ده راوی به‌ره‌ی به رمه‌کیان لیّکدراوه و تیّك کراوه ته‌وه و **ژینگه‌ی سویّدیان گوندو قه‌لاّی سویّد-ه** و ئیّستا، به **(سیّوره‌که) ده‌ناسریّ و له نیوّان: (دیار به‌کرو ئوّرفا)** دایه که سویدانلو ـ یشیان پیّو تراوه (ته‌وه حودی ۲/۹۸). هه‌ندیّ به هه‌لّه پازوکی به تورکی ئازربایجان، داده‌نیّن (شاحوسیّنی، ۴۳؛ هه‌روایش برِواننه: ئیعتما دسه‌لّته‌نه، موتته لیع...، ۳/۳۵۴؛ ئه‌سه‌دی، ۵۸٦-۵۹۷)، هه‌ندیّ ژینگه‌ی سه‌ره تایی پازوکی یه‌کانیان، به ناوچه‌ی باکوری و غه‌ربی، ده‌ریاچه‌ی وان، داناوه که پازوکیان له‌ویّ حوکومه‌ت و ده‌سه لاّتیان هه‌بووه (مینورسکی، ۵۷) و هه‌ندیّ دیکه، ژینگه‌ی سه‌ره تایی پازوکیانی به چیاوچرِه‌کانی شاهوّ، له‌نیوّان کرماشان و سنه، داناوه (مه‌ردوّخ کوردستانی، ۸۳؛ ته‌حقیقاتی مه‌یدانی) هه‌ندیّ. ناوچه‌ی فارسیشیان به‌جییّ ژیانی پازوکی داناوه که هه‌لّه‌یّی ئاشکرایه (بامداد ۳/۱۹٦، به نه‌قلّ له تاریخی غه‌زودی). له‌بیره وه‌ری سپه هبود ئه‌میر

Dr.Saleh Ebrahimi



ئەحمەدی، لەچیا کانی پازوکی لە باکوری بیهبە هان و لەرێ خورە ماوا، ناو براوە و یاد کراوە، یانی: لەناوچەی باکوری بیهبەهان و لە ڕێگای خورەماوا چەن چیا و کێف بە پازوکی بەناوی ئەو هۆزە کوردە ئازاد بوێرانە، هێمان ناودارە و بەسەر زمانەوە ماوە (شەپوڵ) (پەڕەی ٣٧٩-٣٨٠).

کۆچ کردن ولێک پرژو بلاوی: دەس بە دەس بونی ناوچەی جێی ژیانی پازوکی، لە باکوری **دەریاچەی وان**، لە نێوان شەروشوڕی صەفەوی و عوسمانی لەو سەرزە ویە، سەرەنجام بوتە هوی بنەبربونی حوکومەتی سەردارانی پازوکی و کوچ کردنی پازوکییە کان بو فەقاز و ناوچە جیاجیاکانی بانی و بان ئێران. لەئاخرو ئوخری دەورەی شاتیهماسبی ئەوەڵ (سا ٩٣٠-٩٨٥ مانگی و ١٥٢٤ - ١٥٧٧ز) دەسە دەسەیێ لە کوردانی پازوکی لەچغور سەعد (ئێرەوان). نەخجەوان و داران (کۆماری ئازربایجانی ئێستا) نشتە جێی بیون (بدلیسی، ٤٣٤؛ ئیسکەندەر بەگ. ١٠٤٢: مونەجیم یەزدی، ٣١٠؛ حوسینی ئوستورابادی، ١٧٧) هەندێ رایان گەیاندوە کەلە دەورانی صەفەوی‌دا خێڵی پازوکی لەورمێ وەبو (خوارو وە رامین) گوێز راونە تەوە (ئەفشاری سیستانی ١١٠٤-١١٠٦) و هەروا، نوسیویانە کەلە ١٠١٠ مانگی و ١٦٠١ز- بە دەستوری شاعە یاسی ئەوەڵ (سا ٩٩٦-١٠٣٨ مانگی و ١٥٨٨-١٦٢٩ز) زوربەی زوری لە کوردانی ئازربایجان و مەهاباد-ی موکری، لەسەرە تاوە بولای ناوچەی خوار و ورامین، لە پاشان **٤٥** هەزار خێزان لەوان کوچ درانە باکوری خوراسان، بازوکییە کان لەدەسە دەسەی کوردێ بون، کە نەیان دەویست بچنە خوراسان و لەلای (دە ماوەند، وەرامین و خوار) مانەوە (میرنیا، ٤٣-٤٤؛ تەحقیقاتی مەیدانی). فیلد نوسیویەتی زیاترلە هەزار خێزان لە **خێڵی پازوکی لەوە رامین و خوار دەژین** (پەرەی ١١٣-١١٢) بەلام تەوە حودی بە هەبونی خێڵی پازوکی لە خوراسان و دەورو بەری تاران ئاماژەی کردوە (١/٤٧٣). لە سەرە تای سەدەی ٢٠ **زاینی زیاتر لە ٥ هەزار خێزانی پازوکی** لە دەورو

Dr.Saleh Ebrahimi



بەری ئێرەوان نیشتە جیبون (زەنگنە، ٢١٨ـ٢٢٠). ئێستا ئەوان بەشێ لەو نیومیلیونە کوردانەن کەلەو لای چۆمی ئاوی ئاراز (: ئەرەس) و دەورو بەری ئێرەوان دەژین (تەوە حودی، ١/٤٧٧). لەم سەر دە مەدا ژمارێ لە خێڵی پازوکی لە کرماشا و سنەو نێو چیاوچرە بەرزەکانی شاهۆ، محاڵی رە وانسە رولە یلاخ (رۆژ هەلاّ تی‌سنە) نیشتە جێن (مەردوخ کوردستانی، (هەرئەوێ، تەحقیقاتی مەیدانی). لەدە ورانی شاعەباس ناوچەکانی لای تاران لە **گرینگترین ناوچەی ژیانی کوردانی پازوکی بووە. یەکێ لەچوار دیێ یانی (بیهنام)ی ئەمرۆی وە رامین بە ٥٣٢ کە ٢ ئەندازە بە ناوی پازوکی. بیهنام-ی پازوکی ناو دەبرێ کەزۆربەی زوری خەڵکێ ئەوێ پازوکین** (کەیهان، ٢/٣٥٦؛ سەر ژمێری...، ٤٥ـ٤٧) پازوکی یەکان لەخوار (گەرمسار) زیاتر لە (ئارادان) وگوندەکانی دەورو بەری ئەوێ، قشلاّخ (شاری گەمسار) وگوندەکانی (شابوداخ، ساروە زەن، سزەدو کەرەند). لە دەماوەند، لەچەندین دیێ، لە فیروزکۆ، لە ئاوایەکانی تەرود، حەساربن و لەشە مێرا نات، گوندەکانی لەواساناتی گەورە داپرژو بلاّو بونە تەوە (ئیعتماد سەڵتەنە، هەرئەوێ، ٣/٣٤١ـ٣٧٩، شاحوسینی، ٤٢ـ٤٥؛ ئەسەدی، ٥٨٦؛ تەحقیقاتی مەیدانی).

دەسە دەسەیێ ترلە پازوکی یەکان کە بە پیزوکی (= پازوکی) مەشهورە، لەهەندێ، لەناوچەکانی خوراسان هەروەکو: کلاتی نادری و ناوچەی پیزەکی چناران، هۆزی پازوکی دەژین (تەوە حودی، ١/٤٧٣).

زمان: بە درێژایی سەدەکانی رابوردو، ژمارەیێ فرە زۆرلە پازوکی یەکان، زمانی رەسەنی کوردی کرمانجی خۆیان لە بیر بردوّتەوە و ژمارێ تریشیان تورکی ئازربایجان فێربون (ئیعتماد سەڵتەنە، هەرئەوێ، ٣/٣٥٤).

پرژو بلاّوی جوغرافیایی پازوکی یەکان و جیاکردنەوەی ئەوان لەیەکتر، بۆتە هۆکە دەسەیێ فرە زۆر لە پازوکی یەکان، بێجگە لەزمانی دایکی، رەگەزی کورد بونی

Dr.Saleh Ebrahimi



خۆیشیان له‌بیر بچێته‌وه (ته‌حقیقاتی مه‌یدانی)، **له‌زمانی کوردی پازوکی ئیستای لای** ئێره‌وان و قه‌فقاز ئاگاداری یه‌کی ورد، به‌ ده‌سه‌ وه‌نیه‌. **مێژوی راست و دروست:** مینورسکی رایگه‌ یاندوه‌ له‌به‌ر پرش و بلاوی و دابه‌ش بونی خێلی پازوکی یه‌کان له‌نیوان ئێران و تورکیه‌دا، مێژوی راست و دروستی پازوکی به‌رێک و پێکی نازاندرێ (په‌ره‌ی، ۵۷). **یه‌که‌مین نیشانه‌ی مێژویی پازوکی ده‌گه‌ ڕێته‌وه‌ بۆ ساڵی ۸٦۸ مانگی و ۱٤٦٤ز-که ده‌سه‌یێ شه‌ر‌وانانی پازوکی قه‌لاو دژی** سنوری گرگریان له‌ سه‌ر ڕێگای بازرگانی حه‌له‌ب بۆ. ئه‌رزنجان، داگیر کرد و حاکمی مه‌ملوکه‌و پیاوی میسری که‌له‌دژه‌ وان‌بو، کوشتیان‌و کلیل‌و هاچه‌ ره‌کانی قه‌لایان بۆحه‌ سه‌ن ئۆزۆن (حک ۸۵۷-۸۸۲ مانگی و ۱٤۵۳-۱٤۷۷ز) به‌رێ کرد. ئه‌وه‌ بوکه‌ دوایی حاکمێ تازه‌ بۆ ئه‌و قه‌لایه‌، له‌ لایه‌ن میسره‌وه‌ دیاری کرابو، به‌لام ئه‌وقه‌ لاو دژه‌یان نه‌دا ده‌س ئه‌و (وودز، ۲۰۹، ۱۰٦). ئۆزۆن حه‌سن و حاکمه‌کانی‌تری ئاق قویونلو: (ترکه‌ ره‌شه‌) به‌ پاداشی ئه‌و خزمه‌ته‌ی خێلی پازوکی، حوکومه‌تی کیفی، ئه‌رجیش، عادلجه‌ واز و ئه‌لشگورد، که‌له‌ باکوری ده‌ریاچه‌ی (وان) **به‌ حوسێن عه‌لی به‌گ، یه‌که‌مین میری ناسراوی پازوکی و زاروکانی، به‌خشی. له‌و ژۆژه‌وه‌ ئه‌میرانی پازوکی به‌سه‌ر** ناوچه‌گه‌لێ له‌ باکوری خۆرهه‌ لاتی ئاناتۆلی و باکوری غه‌ربی بانی: (فه‌لاتی) ئێران تا ۹۹۳ مانگی و ۱۵۸۵ز- حوکومه‌تی‌یان کردوه‌ (هه‌رئه‌وێ؛ بدلیسی، ٤۳۱). زنجیره‌ی ئه‌میرانی پازوکی دوای حوسێن عه‌لی به‌گ بووه‌ته‌ ۲ خێزان یانی بوونه‌ته‌ ۲ شاخه‌: «خالید به‌گلو» یا «خالید به‌گیان» که‌ ئه‌میر خالید به‌گ، کوڕی شاسوار به‌گ، کوڕی حوسێن عه‌لی به‌گی یه‌که‌م ئه‌میرناسراوی پازوکی بووه‌ و فره‌تری ئه‌میرانی پازوکی له‌م خێزانه‌ بوون، شاخه‌ی ۲ شوکور به‌گلو یا «شوکور به‌گیان» که‌ خێزانی شوکور به‌گ یه‌کێ له‌کوره‌کانی‌تری حوسێن عه‌لی به‌گ و مامی ئه‌میر خالید به‌گ بووه‌ و ئه‌غله‌ب له‌ حاکمانی بدلیس په‌یروی‌یان کردوه‌ (هه‌رئه‌و، ٤۳۱-٤۳۸؛ مه‌ردوخ روحانی، ۳٦۷-۳۷۰). به‌ درێژایی زیاتر له

Dr.Saleh Ebrahimi



سەدەی ٩ ئەمیر پازوکی کە ٧ کەس لەوان لەخالید بەگیان بوون، لەسەر زەوی ئەمیرنشینی پازوکی حوکومە تیان کردوە (هەرئە و جێی یانە) و بێجگە، لەودە و رانەی کە خاکی ئەوان لەبن دەسی عوسمانیدا بووە، هەمیشە بەئێران، بە ئاق قویونلو ـەکان و بە صەفەوی‌یان، بەوە فابوون (تەوە حودی ١ /٤٧٣ـ٤٨٩). **ناودار ترینی ئەمیری پازوکی خالید بەگ،کوڕی شاسوار بەگ و نەوەی حوسین عەلی بەگ بووە**. خالید بەگ مرۆڤیکی بوێرو ئازا، خاوەن لێنە وین و پرهێز بووە، لە دەورانی پاشایی سوڵتان یاقوبی ئاق قویونلو (حک ٨٨٢ـ١٩٦ مانگی و ١٤٧٧ـ١٤٩١ز ـ خێڵی کوردی چەمشکەزەک ـی هێنایە بن‌سەر پەرستی خۆی و بەرە بە رە بە داوێنەی دەسە لات و خاکی بن‌دەس خۆی پەرەی دا، سەر زەوی و ناوچەگەلێ‌تری لە باکورو غەربی دەریاچەی وان خستە سەر خاکی ئەمیرنشینی بە میرات پێ براوی خۆی (وودز، هەرئەوێ). ئەو میر ـە بە هاتنە سەرکاری دە و لەتی صەفەوی، لەگەڵ شائیسماعیل (٩٠٧ـ٩٣٠ مانگی و ١٥٠ـ١٥٢٤ز) پێوەندی گرێدا و لە گەڵ ئەوا لە شەڕەکان بە شداری کردوە و لەئەنجامدا لە **یەکێ لە شەڕەکاندا، دوژمن دەسێکیان لە جومگەدا پە راندوە و شائیسماعیل لەجێی دەسە، پە ڕاوەکەی دەسی زێڕی بوکردوە و بە خالید یەکدەست خالید دەس زێڕین ناودار بووە** (بدلیسی، مەردوخ رۆحانی ٣٦٧، هەرئەوی) □ جیێ خەفەتە لە باتی ئەوەی کورد یەک بگرێ و موتەحید بێ تا سەرکەوێ و نەتەوەی کوردیش دەوڵەتی تایبەت بەخۆی هەبێ، بۆ خزمەت بە خەڵک دەسی قەتع دەبێ و دەپەرێ (شەپۆل) لەو رۆژەوە، بە دلسۆزی پەروە راندنی و ناوچەی (خەنس، مەلازگرد و ئوچکان موش)ی جوێ کردەوە، بە میرنشین بە خالید بەگ و برایانی ئەوی بەخشی (بدلیسی بەکوردی پە رەی ٦٢٨) و کردی‌یە میری کوردستان، لە پاشان لە شائیسماعیل دورکەوتەوەو **بەسپای خۆی چەن ناوچەی‌تری هێنایەبن دەس خۆی و دەستوری دا تا خود بە بەناوی بخوێنن و سکەی زێڕی بە ناوی خۆی لێدا** (رۆحانی بابا مەردوخ ٣٦٨). لەدوای ماوەیەک، پەنای بە

Dr.Saleh Ebrahimi



سوڵتان سەلیمخانی عوسمانی بردوە (ساڵ ۹۱۸-۹۲٦ مانگی و ۱۵۱۲-۱۵۲۰ز) و سوڵتان سەلیم حوکومەتی بەشێ لەکوردستانی پێدا، هەردانە سەکناو لافی ئازادی و سەر بە خۆی لێدا، کاتێ سوڵتان سەلیم لەچالدرانگە رایەوە، سپای ناردە سەری، دوای شەڕێ خوێناوی بە دیل گیراوله ئەستەمبوڵ لەقەنارە درا (بدلیسی، هەرئەوێ).

خالید بەگ ۲ کور و ۳ برای بەم ناوانە: کورەکان وەیس بەگ و وەلەد بەگ و براکانیش بەمناوانە (ڕۆستەم بەگ، قوباد بەگ و محەمەد بەگ) هەبوو. دوای خالید بەگی پازوکی ٦ ئەمیر-ی پازوکی بەسەر ئەو ئەمیر نشیەدا فەرمانڕەوایییان کردوە، لەنێو ئەواندا قلیج بەگ کوری وەیس بەگ و نەوەی خالید بەگ، وە یادگاری بەگ لە شوکورە بەگیان کە لەوانی تر ناودارتر بووە، لە زەمانی قلیج بەگ، شاتیهماسب حوکومەتی (زگم)ی پێدا کە تابیعی گەنجەی ئاران بوو کە لەگەڵ سەر زەوەکانی تری پازوکی خست کە بە میرات بۆی مابو (هەرئەوێ، ۴۳۴). بەکوژرانی وەیس بەگی ۲ لە شاخەی خالید بەگلو، لە ۹۹۳۵ مانگی و ۱۵۸۵ز- لەجەنگ لەگەڵ سپای عوسمانی، میرمیرانی میرنشینی پازوکی بنە بڕبو (هەرئەوێ ۴۳۷-۴۳۸). لەوکوڕێ بە ناوی ئیمام قولی بەگ بە جێما کە بە دەستوری شاعەباسی ئەوەڵ پلەی پاسداری پێدرا (تەو حودی) -دەسەیێ لەپازوکی یەکان کە لە ڕۆژگاری قلیج بەگی یەکەم، لەچغور-ی سەعد-ی ئێرەوان و بەخشگەلێ لەئاران جێگیر ببون و لەو ساڵانەی کە عوسمانی دە سەڵاتی بە سەر قەفقازدا پەیدا کردبو، پازوکی لەوێ بون، لەکاتی دەورە دانی ئێرەوان (۱۰۱۱-۱۰۱۲ مانگی و ۱۶۰۲-۱۶۰۳ز)، بەهۆی شاعەباسی یەکەم چونەتە نێو سپای پاشایی (ئیسکەندر بەگ، ۱۰۴۲). وە شەڕوانانی پازوکی بە فەرماندەری خوسرەو سوڵتان پازوکی لە بەرانبەر سپای عوسمانیدا بوێری و نە بەردی یەکی فرەمرۆیانەی نیشاندا (هەرئەو ۱۰۴۴، مونەجیم یەزدی، ۳۱۰؛ حوسێنی ئوستورامادی ۱۷۷). خوسرەو سوڵتان و گریلاکانی لەدامرکاندنی ڕاپەرینی عومەرخانی برادوست، حاکمی و رمێ و گرتنی قەڵای دمدم

Dr.Saleh Ebrahimi



(: جمجم)وکوشتنی ئەو، یانی کورد بەکورد بەکوشتن دان (١٠١٨-١٠١٩ مانگی و ١٦٠٩-١٦١٠ز) بە شداربون (ئیسکەندەر بەگ، ١٣١٦-١٣١٨، ١٣٣٠-١٣٣٦، مونە جیم یەزدی، ٤٠١-٤٠٩) خوسرەو سولتان لە ١٠٢٠ مانگی و ١٦١١ز-، دوای **داگیرکردنی دژی دمدم، خوسرەو سولتان پازوکی سەر لەوە رامین دەر دێنێ** و لەدێ (نمەک)ی ناوچەی خوار، دە چێتە پێشوازی (وەلی محەمەدخان) پاشای ئۆز بەک،کە ویستویەتی بچێتە دیدەنی شاعەباس لەئیسفەهان و هیدیە و دیاریشی دەداتێ (هەرئەو، ٤٤٠). لە ١٠٣١ (مانگی و ١٦٢٢ ز-)، شاعەباس بۆ داگیرکردنی قەندەهار، لە ١٠١٢-١٠١٣ مانگی دەستوری بە **خوسرەو سولتان پازوکی دابو** کە هێرش بکاتە سەر زەوی، داوەر، کە قەلاّی بوستی گرت (ئیسکەندەر بەگ ١٠٩٣-١٠٩٦) یانی قەلاّی بوست بە دەسی پرهێزی خوسرەو **سولتانی پازوکی داگیرکراوە** (هەرئەو، ١٦١٠-١٦١٥؛ حوسێنی ئوستورابادی، ٢١٨). ئەمیرانی برادوست دەچنەوە سەر بەرزیکانی (حەسنوەیه) حاکمانی ناوداری دینەوە روشارە زور.

لەئاخرین سالّی ژیانی شاعەباس (١٠٣٨ مانگی و ١٦٢٩ز)، **ئەوتار سولتان سەرۆک و مەزنی خێلّی پازوکی، حوکومەتی (خوار، سەمنان، دەماوند و فیروزکۆ-ی بە دەس بووە** (ئیسکەندەر بەگ، ١٨١٣). **هەر لەو سالّەدا سوارانی پازوکی بە دەستوری حاکمی دەماوەندکە لە خێلّی پازوکی بووە،** میرشامیر مەرعەشی مازندەرانی لەنێزیکی دەماوەند، دەگرن و دەیبە نە ئیسفەهان (مەرعەشی، ٣٨٩-٣٩١) -ژمارەی غازیانی پازوکی لە سپای صەفەویدا بەکوردانی کە لّهورِ-ە وە، بە تێکرا، بە ئەندازەی ژمارەی (شاسە-وەن)ە کان بون (مینوریسکی، ٥٧-٥٨). سپای زولفە قار خان موسلّو، لەکاتی گرتنی بەغا (٩٣٠ مانگی و ١٥٢٤ز) **لەشەرِوانانی کوردانی کە لّهورِ، پازوکی، زەنگەنە و وەند،** پێک هاتبو. غازیانی پازوکی تادوا برانی حوکومەتی صەفەوی کورد و کورد، زادە (شێخ صەفی و تەبارەش؛ ئەحمە دکیسرە وی). لە ناوچە جیاجیاکاندا لەگەلّ نە یارانی

Dr.Saleh Ebrahimi



حوکومه‌ت و له‌گه‌ڵ یاغی و تاغی و تالآن به‌رو سه‌ر بزێو، هه‌میشه ده‌رگیر و له‌شه‌ڕا بون به سودی صه‌فه‌وی. پازوکی و **پازوکیان له پاراستن و دابین کردنی ئاسایشی خه‌ڵکی ئێران، نه‌خشێ فره گرینگ و به‌ر چاویان هه‌بووه** (نه‌سیری، ۸۳، ۱۹۴، موشیری، ۴۰۳، ۴۱۳). **پازوکی له جێگیربونی حوکومه‌تی قاجاریشدا شوێنێ گرینگی هه‌بووه،** ئاغامحه‌مه‌د خان قاجار(ی تورکه‌مه‌ن) دوای راکردن له شیراز (: سیرێژ، سیراژ، سیراج (۱۱۹۳ـ مانگی و ۱۷۷۹ز) یانی **۲۳۵** سال به‌ر له‌مرۆ (۲۰ سپتامبری ۲۰۰۷ز) به بانگ هێشت کردنی مه‌جنون خانی کوردی سه‌رۆکی پرقودره‌تی پازوکی یه‌کانی کورد، چوّته (خـوارو وه رامین) و به نێوبژی کردنی ئه‌و له‌گه‌ڵ قـاجار ده‌وه لو، سـه‌ره‌نجام ۲ شـاخه‌ی خێڵـی قاجاری ئاشت کرده‌وه و موتته حیدی کردن (نازانم ئه‌وکورده، بۆله‌گه‌ڵ ئه‌وتار سوڵتانی پازوکی حاکمی (خوار، سه‌منان، ده‌ماوه‌ند و فیروزکو) و کورده‌کانی ترایه‌کیه‌تی ساز نه کردوه تا خوّی ببێته هه‌مه‌کاره و پاشاو حاکم! یوّچ نوکه‌ری بێخوشتر بووه له‌سه‌ر بـه خوّی کورد و کوردستان، ئه‌وه‌یه و تویانه‌کورد، تائێستا هه‌رچی کردوه به ناوی ئێران و عه‌ره‌ب و... ته‌واو بووه، هیوا دارم له مرۆوه ئێتر کورد خوّیان بوّخوّیان بن و موتته‌حید بین تائێمه یش وه‌ک گه‌لانی تردو له‌تی ئازاد و سه‌ر به خوّی خوّمان هه‌بێ و له‌وه پترژیر ده‌س و دیل نه‌بین که به خواری و په‌ستی بژین، کورد چون نه‌ته‌وه یه‌کی شاد و ژیر و بوّیره و مروێه ئه‌گه‌رده و **له‌تی سه‌ر به خوّی خوّی هه‌بێ فره زو سه‌رده‌که‌وێ و عیلم و فه‌ن و هونه‌رو تینیکی روژ باو به ده‌س دێنێ** به هیوای سه‌ر به خوّیی ده‌ژیم (شه‌پوّل). مێژو نوسیوتی: که **ئاغا محه‌مه‌د خان قاجار، مه‌جنون خانی کـوردی پـازوکی بـه سـه‌ر کرده‌گی سپایێ ده‌نێرێته سه‌ر تاران و تاران ده‌گرێ و له ۱۱۹۹ مانگی ده بێته حاکمی تاران. یانی ۲۲۹ سال به‌ر له‌م‌رۆ ۲۰ سپتامبری ۲۰۰۷ز**- (بامداد، ۱۹۶/۳، ئیعتماد سه‌ڵته‌نه میرئات...، ۸۴۷/۱). فه‌تحمه لیشا خه‌یرونیسا ـی کچی مه‌جنون خانی پازوکی بۆ خوّی ماره کرد (بامداد، ۱۹۷/۳. له ده‌ورانی فه‌تحمه لیشا (سـاڵی ۱۲۱۲ـ۱۲۵۰

Dr.Saleh Ebrahimi



مانگی و ۱۷۹۷-۱۸۳۴ز) **محه‌مه‌د ئه‌مین خان پازوکی کورد، له‌سه‌رکرده‌کانی له‌شکری** و له‌مه‌زنه‌کانی خوّراسان بووه، که‌له ۱۲۴۲ مانگی و ۱۸۲۶ز- به ده‌ستوری حه‌سه‌نعه‌لی میرزا شوجاع سه‌لّته‌نه والی خوّراسان، ئه‌مین خان پازوکی به ۵۰۰ سواره‌وه، ده‌چیّته کومه‌گی کامران میرزا حاکمی هیرات (ریازی هیره‌وی، ۲۲-۲۳؛ سپیّهر، ۱/۳٦۸؛ هیدایدت، ٦۵۸). هه‌رله و ده‌ورانه‌دا سه‌ردار **حاجی عه‌باسقولیخان، تاقه‌کوڕه‌ی مه‌جنون** خان، سه‌روّکی قشونی خوّراسان بووه. کوڕی ئه‌و به ناوی حاجی ئه‌بولفه تح‌خان، له روّژگاری ناصره‌دین شای قاجار له دیوانیانی گه‌وره‌ی خوّراسان هاتوته ژمار و بوّماوه یه‌کیش به‌رپرسی پاراستنی نه‌زم و ئاسایشی ئازربایجان بووه و بوّماوه یه‌کیش موعاونی نیزام ده‌و له‌ی شاسه‌وه‌ن والی خوّراسان بووه و کوڕانی ئه‌و، به ناوی محه‌مه‌د ئیبراهیم خان ره‌فیع مولّك و مه‌مه‌د میهدی خان جه‌لیل مولّکیش له‌کاتی خوّیاندا له‌گه‌وره و مه‌زنه‌کانی خیّلّی پازوکی خوّراسان بون (ئه‌مین له‌شکر، ۱۵۵-۱۵۷؛ ته‌وه حودی، ۱/۴۸۰-۴۸۹). له سه‌ده‌ی ۱۳ مانگی و ساڵه‌کانی سه‌ره تای سه‌ده‌ی ۱۴ مانگی، میرزا محه‌مه‌د خان پازوکی و نه‌وه‌که‌ی به ناوی حاجی خانباباخان ئه‌مین ره‌عایا، سه‌روّك و سه‌ر بلوکی ئه رادان بووه. هه‌روا حاجی عه‌باسقولیخان پازوکی و کوڕه‌که‌ی به ناوی جه‌عفه‌ر قولیخان، سه‌روّکی سورانی خیّلّی ئه‌صانلو، هه‌روا ره‌زا حوسیّن خان پازوکی و کوڕه‌که‌ی به ناوی ئه‌بو تورابخان، سه روّك و سه‌ر بلوکی قشلاخی: (شاری که‌رمساری ئیّستا) بوون. حاکمان و گه‌وره و مه‌زنه‌کانی خیّلّی پازوکی، هه‌میشه به‌سه‌ر ناوچه‌ی (خوار) لای‌وه‌رامین‌و تاران، حوکومه‌تیان کردوه و ئه‌میر و سه‌روّکی ناوچه‌که‌بوون (ئیعتماد سه‌لّته‌نه، موتته‌لیع، ۳/۳۴۱-۳۷۹؛ ئه‌مین له‌شکر، ۲۳۸). له ۱۳۲۹ مانگی و ۱۹۱۱ز- پازوکی‌یه‌کانی خوار، به سه‌رکرده‌گی عه‌لیخان بیّگله‌ربه‌گی و براکانیشی به ناوی عه‌باسخان و ئیمام ویّردیخان، له‌گه‌ل ده‌سه‌ی مه‌شروته خوازانی خیّلّی ئه‌صانلو، به فه‌رمانده‌ری ئاغاره زاخان ئه‌صانلو سپای شه‌روانانی

Dr.Saleh Ebrahimi



حوکومەتی مەشروتەی لەبەرانبەر ئەرسەددە ولە، فەرماندەی سپای محەمەد عەلیشا کە دەیویست هێرش بباتە سەر تاران،کۆمەگیان کرد و هاتنی ئەویان لە جولگە و بان بەستێنی دە شتایی خوار، بۆماوەی ٩ روژ، بە دوا خست تا حوکومەت، بە سەروسامانی بە خۆی بە خۆی داو بە هێزی شەڕوانانی خۆی توانی ئەرشەد، دەولە لە ناوچەی پێشەوای وەرامین تێک بشکێنێ (تەحقیقاتی مەیدانی).

لە بابەت دین و مەزهەب و کارو دەسە لاتی کۆنی پازوکی: فرەتری سەرچاوەکان فەرمودەی بدلیسی‌یان لە شەرە فنامە، وەرگر تووە؛ کە نوسیویەتی: «هۆزەکانی پازوکی، فرەیان رەوەند و کۆچەرو چارەوێ بە خێو کەرن و دە ربەند، بە ئاینیش نین، هیچ لە چاکەو خراپە ناپرسن، لەخوا و پێنی دوژە ناترسن» شەرە فنامە بەکوردی پەرەی ٦٢٧ و شەرە فنامە بە فارسی ۴٣١،۴٣٥).

بەلام ئەوەکە لەدە ورەی صەفەویدا لە بابەت شەڕوانانی خێڵی پازوکی واژەی (غازیان) بەکار براوە و مینورسکیش قسەی لێکردوە، لەوە دەچی شەڕوانانی پازوکی شیعە بوبن (پەرەی ٥٧)،کاری بنەرەتی پازوکی یەکان، هەروەکو فرەیێ لە هۆزو خێڵیە کوردەکان، ئاژەڵ داری وکشت وکاڵ بووە، بۆوێنە لەکاتێکدا، **یادگار بەگ کەمەزنی پازوکی و حاکمی ئە لشگورد بووەگوێ بە دین نە داوە و مەلایان جوێن یان پێداوە، هەرلە سەر ئەوەیش تابلێیێ ئازاومە ردونان بدە بووە و لەسایەی حوکومەتەکەی پازوکی بوژابونە وە و دە ولەت و داهاتیان فرە زور بووە و بە ئاژلداری وکشت وکاڵ گوند و مەزرای ئەلشگوردیان ئاوەدان کردوتە وە و پازدە** (١٥) سالێ حوکومەت کردوە و خوالەکوڵ بوڵەی مەلایانی کردوتەوە و بولای خوێ بردوە، بەلام قلیج بەگ کوری وەیس بەگی پازوکی بە لێزانی کاروباری حوکومەتی راپە راندوە و جوێندان بە ئیمامانی سوننی و قسەی سوک وکفرکردنی لەنێو پازوکیان هەلگرتووە و ئیسلامانە رەفتاری کردوە و بروەی بەئایین داوە و دڵی سونییانی راگرتووە و دوای مردنی شاتیهماسب، وەرەق، وەر

Dr.Saleh Ebrahimi



گەراوە و ئەلشگورد، هەروە کودەورەی پێشو، وێران کراوە. (پەرەی ٦٣١ و ٦٣٢ شەرە فنامە بەکوردی). **ئەمین زەکی فەرمویەتی هوزێکی پرحە شیمەتی پازوکی لە تاران، دەژین** و هێندیکێشیان لە باشوری ئێرانی و **٥** هەزار ماڵیکیشیان لە نێزیک یەریروانن... کوبەی پەرەی **٦٣٣** شەرە فنامە بەکوردی تەحقیقی جەمیل روژبەیانی. لەشەر فنامەدا هاتووەکە لە زەمانی یادگار بەگدا تا ( ٢٠٠٠) ماڵ لە تایفەکانی دیکەی کورد،کە هەمویان خوێیان بە پازوکی دەزانی لەگوندو موچەو مەزرای پازوکی یەکان لە ئەلشگورد، خەریکی کشت وکاڵ و مەڕو ماڵات داری بون (شەرەفنامەی بە فارسی **٤** - پەرەی **٤٣٥**).

**سەر چاوە:** ئەسەدی نوش ئازەر، روانینێ بەگەرمسار سەر زەوی تیشکی خوری و رشەدار، تاران، ١٣٧٨ هەتاوی؛ ئیسکەندەر بەگ مونشی، عالەمارای عەباس، بە کوششی محەمەد ئیسماعیل ریزوانی، تاران، ١٣٧٧، ئیعتماد سەڵتەنە، محەمەد حەسەن، میرئات بولدان، بەکوششی عەبدولحوسێن نەوایی و هاشم موحەدیس تاران ١٣٦٧؛ هەرئە و مەتلە عی شەمس، تاران ١٣١٠-١٣٠٣ مانگی و ئەفشار سیستانی، ئێرەج، سەرە تایێ لەسەر ناسینی خێڵەکان، رەشماڵ و زوم نشینان و تایفەکانی هوزی خەڵکی ئێران، تاران، **١٣٦٤**؛ ئەمیر ئەحمەدی، ئەحمەد. بیرەوەری یەکانی یەکەم سپەهبودی ئێران (لورکوژی کورد کوژ) بەکوششی غولام حوسێن زەرگەری نیژاد، تاران **١٣٧٣**، ئەمین لەشکر، قەهرەمان، روژنامەی سەفەر بو خوراسان لەگەڵ ناصرەدین شای قاجار ـ١٣٠٠ مانگی) بەکوششی ئێرەجی ئەفشار و محەمەد رەسول دەریاگەشت، تاران، **١٣٧٤**، بامداد میهدی، شەرحی حاڵی ریجالی ئێران، تاران، **١٣٤٧**، بدلیسی، شەرە فنامەی ئەمیر شەرە فخانی بدلیسی بەکوششی محەمەد عەباس، تاران، **١٣٤٣**؛ تەوە حودی کە لیموڵلا، حەرەکەتی تاریخی کورد، بو خوراسان بو بەرگیری کردن لەسەر بە خویی ئێران، مەشهەد، **١٣٦٤**؛ حوسێنی ئوستورا بادی، حەسەن، لەشێخ صەفی تا شاصەفی (تاریخی سوڵتانی). بەکوششی ئیحسان ئیشراقی، تاران، **١٣٦٤**؛ ریازی

Dr.Saleh Ebrahimi



هیره‌وی محه‌مه‌د یوسف، عه‌ین وه‌قایع، به‌کۆششی محه‌مه‌د ئاسه‌ف، فکره‌ت، تـاران، ۱۳۶۹، زه‌نگه‌نه، موزه‌فه‌ر، دودمـانی ئـاریایی، کـوردو کـوردستان، تـاران، ۱۳۴۷؛ سپێهر، محه‌مه‌د ته‌قی، ناسیخ ته‌واریخ، به‌کۆششی محه‌مه‌د با قربیهبودی، تاران، ۱۳۵۳، سه‌رژماری کۆمه‌لایه‌تی ـ ئابوری هۆزی کۆچه‌ر (۱۳۷۷) حه‌شیمه‌تی دێهستانه‌کـانی گشت ولات، ناوه‌ندی ئاماری ئێران، تاران، ۱۳۷۸، شاحوسێنی، عه‌لیره زاوعینایه تولّلا، ره‌نجبه‌ر، خێله‌کان و عه‌شایری ئوستانی سه‌منان، سه‌منان، ۱۳۷۸؛ که‌یهان مه‌سعودی، جوغرافیای موفه‌سه‌لی ئێران، تاران، ۱۳۱۱، مه‌ردوخ رۆحـانی، مـه‌شاهیر ـی کـورد، تاران، ۱۳۷۱، مه‌ردوخ کوردستانی ئایه تولّلا شێخ محه‌مه‌د، تاریخ، تاران، چاپخانه‌ی ئه‌رته‌ش؛ مه‌رعه‌شی، ته‌یمور، تاریخی خانه دانـی مـه‌رعه‌شی مـازنده‌ران، بـه‌کۆششـی مه‌نوچێهر ستوده، تاران، ۱۳۶۴؛ موشیری (: به‌رده سێری) محه‌مه‌د سه‌عید، ته‌زکیره‌ی صه‌فه‌وی‌یه‌ی کرمان به‌کۆششی محه‌مه‌د ئیبراهـیم بـاستانی پـاریزی، تـاران، ۱۳۶۹، مونه‌جیم یه‌زدی، محه‌مه‌د، تاریخی عه‌باسی، به‌کۆششی، سه‌یفولّلا وه‌حـیدنیا، تـاران، ۱۳۶۶؛ میرنیا، عه‌لی، خێله‌کان و تایفه‌کـانی هۆزی کـوردی ئێـران، تـاران، ۱۳۶۸؛ مینورسکی، سازمانی ئیداری حوکومه‌تی صه‌فه‌وی، ته‌رجه‌مه‌ی مـه‌سعود ره‌جـه‌بـنیا، تاران، ۱۳۳۴؛ نه‌سیری، محه‌مه‌د ئیبراهیم، ده‌ستور ـی شه‌هریاران، به‌کۆششی محه‌مه‌د نادر، نه‌سیری موقه‌ده‌م، تاران، ۱۳۷۳، هیدایـه‌ت، ره‌زاقـولی، مـولحه قـاتی ره‌وزه‌ی سه‌فا، تاران، ۱۳۳۹ هه‌تاوی، (تاریخه‌کان، ئێرانی هه‌تاوین) ته‌قیقاتی مه‌یدانی موئه‌لیف، هه‌روا بڕواننه:

Field H; Contrions to the Anth roplogy of Iran; chicago; 1939; Woods, J.E; the A 99uyunlu, Clan confederation; Empire' minneapolis, 1976;

عه‌لی پازوکی دایره تولمه عاریفی بوزورگی ئیسلامی ج ۱۳ په‌ره‌ی ۵۱۲ تا ۵۰۹ چاپی ۱۳۸۳ هه‌تاوی تاران (شه‌پوّل)

Dr.Saleh Ebrahimi



# تەختی سولەیمان

تەختی سولەیمان بەش و مەجموعەیێ ئاسەواری مێژوییەیە،کە لە شارستانی تیکاب، دایە وکەو توّتە باشوری روّژ هەلاّتی ئوستانی ئازربایجان غەربی (١. جوغرافیا) بەپییێ دابەشکردنی ولاّت لە ١٣٨١؛ هەتاوی، تەختی سولەیمان بە یەکێ لە دوبەشی شارستانی تیکاب هاتەژمار (نەشریە...، ٥)، تەختی سولەیمان لە باکورەوە ئەلکێ بەشارستانی چاراویماق لە ئوستانی ئازربایجان شەرقی و لە روّژ هەلاّتەوە، بە شارستانی ماهرنیشان لە ئوستانی زەنجان و لە باشورەوە بە بەشی ناوەندی شارستانی تیکاب و لە روّژاواوە، دەلکێ بە شارستانی شاهێندژ: (ئەوکان) لە ئوستانی ئازربایجانی غەربی (نەخشە).

تەختی سولەیمان لە سێ: (٣) دیهستان بەناوی ئەحمەداوا، چەمەن و ساروّق، پێک هاتووە و ٥٤ ئاوایی، ئاوەدانی هەیە، ئاوایی تازەگوند، نەسراوا، کە (٨٣٠) کەس حەشیمەتی هەیە. لە سەر ژماری ١٣٧٥ حەشیمەتی تەختی سولەیمان بە ٤٦٩، ٢٥ دانراوە کە نەسراوە، بەناوەندی بەخش دانراوە (سەر ژماری...) ٢، ٦، نەشریە، هەرئەوێ) خەلّکی لەم بەشە بەزمانی کوردی و تورکی قسە دەکەن،کوردەکان سونی و شافیعی مەزهەبن و تورکەکانیش شیعەی دوازدە ئیمامین (فەرهەنگی جوغرافیایی ئاوەدانیەکان...، ٧٩)، تەختی سولەیمان لە ناوچەیەکی بەرزدایە و دارای چیاوکێوی بەرزە، گرینگترینی ئەوانە کێوی تولەداغی یە (٥٣٢، ٣ میترە) و بەلّقیس کێو ٣٣٢، ٣ میترە و کلکی ٣٩٦٢ میترە وگورگورِ ٩٥٥، ٢ میترە وکێوی مەمەلی ٩٢٥، ٢ میترە (فەرهەنگی جوغرافیایی کبوّەکان...) (١/١٢٥، ١٣٠، ١٧٤، ١٨٢، ١٨٧) لەو کیوەبلّیندە پروتەژی لە بەفر چوّمگەلێ فرە سەرچاوە دەگرن کە لەهەموان گرینگتر چەمەچایی یا چەمە دوّنگە، چەم بوزەدەرە، چەم چەمەن، چەم شەفاعەت، چوّمی قەرەقەپە، چوّمی قوری چای، گومەز، حەوت کانیان، چوّمی هومپا یا چورتاقە (فەرهەنگی جوغرافیایی چوّمەکان...، ١/٥٠، ٥٢، ٥٥، ٥٧، ٦٠، ٦٢، ٦٤، ٦٦،

Dr.Saleh Ebrahimi



٦٧)، **کەش و هەوای تەختی سولەیمان**، ساردونیوە ویشکە (فەرهەنگی جوغرافیایی ئاوایەکان، هەرئەوێ).

ژیانی خەڵکی تەختی سولەیمان لەسەر پایەی کشت و کاڵ و ئاژەڵداری، دەگەرێ کشت وکال وجوت وگا لەم ناوچەدا لەبەر فراوانی ئاووخاکی، پڕ پیت و بەرەکەتە، فرە لەبارە بۆ جوت وگاو گەنم و جۆ، گیاوگژ بۆ بە خێو کردنی مەڕومالات، نبشێن، سیو، قەیسی و... فرەوباش بەدەس دێ (هەرتەوێ).

پێشینەی مێژویی: تۆیژینەوەکانی کۆنەناسی شوێنە مێژویەکانی تەختی سولەیمان، نیشانی داوەکە ئەم ناوچە لە نێوان هەزارەی یەکەمی بەر لەزایین، مرۆ لەوێ ژیاوە، لەو رۆژگارەدا تەختی سولەیمان، دێ گچکەبووەکە خانوەکانیان بەلاشەی بەردو قور لە سەربەرزایی تەپۆڵەیەکەوە سازدرابو، کە لە باکوری غەربی دەریاچەی تەختی سولەیمان دا بووە، ئەم دێیە بۆ ماوەیەکی زۆر ئاوەدان بووە و لە بەرچەن هۆی نادیار چوڵکراوە و بە دەیان ساڵ چۆڵ بووە، بەڵام لە دەوری ئەشکانیاندا، جارێتر ئاوەدان کراوەتەوە (بروانىە هوف، ۳/۲) هەرچەند لە تویژینەوەکاندا لە تەختی سولەیمان تا ئەمرۆ، ۲۱ مارسی ۲۰۰۷ ز) لە دەورەی ئەشکانیان ئاسەوارێ پەیدا نەکراوە. بەلام گەلاڵەی بازنەیی و مودەوەری ئەم شارە شێوەی شارسازی ئەوانمان وەبیردێنێ (بروانە سەر ئەفراز، ۲٦ ـ ۲۷) و لە لایێ دیکەوە بەلگەگەلێ لە بەردەسایەکە تەختی سولەیمان، هەرئەوگەنجەکی دەورەی باستان یاشێزی دەورەی ئیسلامیە، کە یەکێ لە شارە گرینگەکانی رۆژگاری ئەشکانیان لە ئازبایجان، هاتۆتەژمار. لە پاشان لە دەورەی ساسانیان بە سازدانی چەندین کۆشکی پاشایی و ئاگردانی ئازەرگوشەنسب، گرینگی یەکی زیاتری پەیداکرد و کرایە گرینگترین جێیکۆبونەوەی دینی. ئوسترابۆن (٦۳ مانگی و ۲۰ بەر لەزایین) لە نوسراوە جوغرافیەکەی خویدا، لە شارێ بەناوی **گەزکە** **Cazaca** لە ئازربایجان بەناوی پێتەختی هاوینی پاشاکانی ماد، مادی گچکە، یادی کردوە

Dr.Saleh Ebrahimi



(V/305). پلینی (د ٧٩ ز) هەروا ، لە تاریخی خوێدا ناوی پێتەختی ئازربایجانی بە (گەزەئە Gazae) نوسیوە. (11/369) و ئامیانوس تاریخزانی رۆمی لە سەدەی ٤ ز، **گەزەکە ـی** بە یەکێ لە شارە گەورەکانی ئازربایجان، داناوە (11/371)، مەسعودی (شیز ـ)ی بە (گەنجەک) بەناوی پێتەختی هاوینی ئەشکانیان، داناوە (پەرەی ٩٥).

ناوی ئەو شارەلە نوسراوەکانی ئەرمەنیدا بەوێنەی (گەنزەک) هاتووەکە هەر ئەو (گەنجەک)ی پەهلەوی بەواتای گەنجینە و خانوی گەنجە(پورداود،کۆبە...، ٢/١٣٧) ئەم شارە لە بەرئەوە بەگەنجەک ناوبریاوەکە پول و مال و دراو وزێر و زیووگەنجینەی فرە لەوێ ئازوخەوکۆکراو نەتەوە و پارێزراون (هەرئەوێ، ئاناهیتا، ٣٢٤).

لێکۆڵینەوەکانی باستانی ناسی لە تەختی سولەیمان نیشانی داوەکە ئەم شوێنە لە سەدەی ٥ ز ـ بەسازدانی چەندین خانوبەرەی رێک وپێکی خشتی لەگۆشەی باکوری ئەوێ، گرینگی یەکی زیاتر لە پێشوی پەیداکردوە. بە سەرنجدان بە هاووێنە بونی ئەم خانوەخشتی یانە لەگەڵ ئەو خانوانەی کە بە بەردسازدراون لە دەورەی دواییداکە بەش بەشی خانوەکان و رەنگاندن و جوانکاری یەکانی ئەوە و هەروا ئەو هەموە مۆرانەی کە لەسەر روی ئەوان ناوی مۆبید و مۆبید مۆبیدان، دەبیندرێن، دەیسە لمێنێ کە ئەو دامودەزگاسازدراوانە، لەراستیدا، هەر ئەو ئاگردانەی ئازەرگوشەسبە (هوف ٣/٣)، لەروی ئەوسکانەی کە پەیداکراون، ئاڵ و گۆریانی خاوەکان و حەوشەی خشتی بە مەجموعەیێ خانوبەرە لە بەرد و خشت تا ئاخری دەورەی ساسانی و رەنگبێ تا ئاخری پاشایی قوبادی ئەوەڵ (سا، ٤٨٨ ـ ٥٣١) بە ردەوام بوبێ (هەرئەوێ)، ئەم ئاگردانە لەئاخری دەورەی ساسانی بە تایبەت لە زەمانی خوسرەوی ئەوەڵ ئەنە و شیرەوان (سا ٥٣١ ـ ٥٧٩) و خوسرەوی دوەم پەروێز (سا ٥٩٠ ـ ٦٢٨ ز)، گرینگترین ئاگردان بووەو پاشا ساسانیەکان، دوای ئەوەی لەسەر تەختی پاشایی دانیشتن، وە یا لە کاتی تەنگانەدا بە پای پیادە، چونەتە ئەوێ وزێر و زیوو پول و دراو و مال و مولک و

Dr.Saleh Ebrahimi



عەبدیان دەکردە نەزری ئەوێ، (کوڕی خورداد بیهـ ١١٩ ـ ١٢٠؛ مەسعودی، هەرئەوێ؛ هەر وابڕوانە کریستێن سێن ١٦١)، بارامی پێنجەم بەرلەوەی لەگەڵ خاقانی تورک روبەرو بێ، چووەتە ئاگردانی ئازەرگوشەسب و دەسی کردوە بە راز و نیاز و جادوای زاڵ بون بە سەر تورکاندا، بەردی گرانقیمەت، تاج و شمشێری گەوهەر نیشانی خاقانی تورکی لەگەڵ دیاری یەکی زۆردا بەو ئاگردانەی بەخشی و ژنی خاقانی تورکیشی کەلە جەنگدا بە یەخسیری گرتبوی بۆ خزمەت کردن لەوێ، داینا (تەبەری، ٢/٧٥ ـ ٧٧) خوسرەوی ئەوەڵ ئەنەوشیرەوانیش هەروەکو ئەوهیدیانەی بە ئاگردانی ئازەرگوشەسب بەخشی. خوسرەوی دوەم پەروێزیش نەزری کردبو، کە ئەگەر بە سەربارامی چوبینی کورد، زاڵ بێ خشل و خاوی زێڕ و زیو بدا بە ئاگردانی ناوبراو بداوبە عەهدی خوێشی وەفاکردوە (کریستێن سێن، هەرئەوێ).

لەساڵی دوی (٢) مانگی و ٦٢٣ ز، هیراکلیۆس، ئیمپەراتوری رۆمی شەرقی هێرشی کردە سەر ئازربایجان و ئاگردانی ئازەرگوشەسبی داگیرکرد و تالأنیش کرد؛ خوسرە پەرویز لەکاتی راکردن و پاشەکشە لەو شارە ئاگری پاکی لەگەڵ خۆیدا هێنابو و (هەرئەوێ، ٤٤٣؛ فرای، 169)، دوای ئەو هێرشە، ئاگردانەکە دوبارە ساز درایەوە، چونکا لەکاتی هێرشی عەرەب بۆ ئازربایجان ئەم ئاگردانە، هەبووە. لە ٢٢ مانگی و ٦٤٣ ز ـ ئازربایجان دوای خۆ راگری و بەرگیری کردنێکی فرە لەراست هێرشی عەرەبدا، لە رێگای و تووێژ و ئاشتی دەروازەکرایەوە و یەکێ لەمەرجەکانی ئاشتی ئەوە بووەکە ئاگردانەکان بە دەس ئەوان وێران نەکرێن و خەڵکی شێزلە شایی و هەڵپەرکێ لە رۆژانی جەژندا، چ جەژنی نیشتمانی یا جێژنی دینی، نەگێڕنەوە (بلازەری، ٤٥٥ ـ ٤٤٦؛ تەبەری، ٤/١٥٤ ـ ١٥٥ ؛کوری ئەسیر، ٣/٢٧؛ یاقوبی ٢/١٥٦)، لە بابەت شاری شێز ـ ەوە لە ٣ سەدەی یەکەمی ئیسلامی ئاگاداری یەکی ئەو تۆ لە بەر چاونیە، بە قسەی ئەبودولف کە لە سەدەی ٤ مانگی و ١٠ ز ـ کە چۆتە شێز، شێزی بەشارێ ئاوەدان کە بە

Dr.Saleh Ebrahimi



دەوریدا دیواریّ کێشرا بووە، داناوە، کە لەدەریاچەکەی ٧ چوگە ئاو جیا دەبۆوە کە هەریەکە ئاشگێڕیّ ئاو بووە و لەکێوەکانی دەورو پشتی شیزدا مەعدەنی زێڕ، زیو، جیوە، سورب، زەرنیق و لەعلی وە نەوشەرەنگ، فرەو فراوان هەیە، ئەو لە نوسراوەکانی خویدا لە ئاگردانیّ (قسەی کردوە کە بە سەرگومەزەکەیەوە هیلالی ماسی لە زیو، هەبووەکە ئەو ئاگردانە بەلای‌زەر دەشتیا نەوە فرە بەریز بووە و گشت ئاگردانکانی شەرق و غەرەب لەوە مایەیان گرتووە (پەڕەی ٣٠ ـ ٤٠)، مەسعودیش هەر لەو سەدە، لە ئاسەوار و خانوبەرەی سەرسوڕهێنەری شیز یادی کردوە کە بەسەر دیوارەکانیەوە، وێنەی بەدیع بەرنگی جوان و سەرنج ڕاکێش، وێنەی گویّ ئاسمانی، ئەستێرەکان، هەموجۆرە گیا و گوڵیّ، جانەوەرانی جۆرا و جۆر و نەخشەییّ کەجیهان کە لەودا ویشکی، دەریا: (بەژو زەریا) و مەعدەن، وێنەکێشی کرابون دەبیندران. (پەڕەی ٩٥). مەسعودی هەروەک ئەبو دولف ئاماژەی بەوە کردوە کە ئاگردانی ئازر بەواتای ئاگری چاک و باش ناوبردوە و نوسیویەتی (هەرئەویّ).

گەنجەک یاشیز، بە تیاچونی دەسەلاتی ساسانیان گرینگی رابوردوی خویّ‌لەکیسداوەو ئاگردانی ئەویش، وەک جاران بە ناوی (پاریزەری ئاگر)، پایەو پلەی بوّنە مابوو، تویژینەوەی کەو نارانـاسی لە دەوروبەری جیگـامیژویەکانی تەختی سولەیمان، نیشانی داوەکە تا سەدەی ٤ مانگی و ١٠ ز ـ فرەبونی خانوەکان لە دەوروبەری ئەو ئاگردانە، ئەوەندە زوّر بووەکە ئێتر ئیمکانیّ بوّ ڕاگرتن و پاراستنی ئاگر نەما بوو نەتیژەی ئەم تویژینەوەیە، قسە لەوە دەکاکە لەدەورەی سەلجوقیاندا، خەڵکی هەرەمەو جوتیاری شێنر تیرو تەسەل بوون. (هوف ٣/١٠). لە دەورەی ئیلخانیانی مەغولدا شیز لەبەر ئەوەی میرگو چیمەن ولە وەرگەی پرلەگژوگیای زوّری هەبو، ئەباقاخان (حکم ٦٦٣ ـ ٦٨٠ مانگی کوّشکە نێوە ویرانەکانی ئەوییّ دوبارەسازدایەوە و کردیە جیّی دانیشتنی خوّی و لەدەورەدا شیز بەستوریق ناوبراوە و یەکیّ لە شاروّڵکە و

Dr.Saleh Ebrahimi



ویلایەتی (ئەنجرود) هاتۆتە ژمار و مالّیاتی سالآنەی ئەو ٢ تمەن و نیوبووە (حەمدوللاّ موستەفی، ٦۴)، لەو دەورەدا گۆڕانی قوول لەو شوێنەدا بەدی هاتووە و دانیشتوانی بە ناچاری مالّ و خانوی خۆیان بە چۆلّی بە جێی هێشتووە، لەگەلّ ئەوە شدا جوان دیارەکە لە باکوری سەفەوکەناری دیواری دەوری شار، خانوبەرەو واحیدگەلی سەنعەتی و پیشەیی سازدرابون کە رەنگبێ، جیێ کۆیخاوگزیر وکارگەران بوبن (هوف هەرئەویّ) لە سەردەمی هێرشی تەیمورە شەلەی گورکانی (حک ٧٧١ ـ ٨٠٧ مانگی، تەختی سولەیمان دوای ١٠٠٠ سالّ، ئیتر چۆلّ و وێران بووە، ئەم شوێنە تا سەدەی ١٣ مانگی و ١٩ ز ـ هەروا چۆلّ و خالّی بووە، تا لەسەرەتای سەدەی ١۴ بەوەدەرکەوتی **(نوسرە تئاوا)** لە شیوو دوڵێ پڕئاوی خوار تەختی سولەیمان کەلە روانگای تەمسیلی یەوە، هێمان بە (تازە گوند) یانیدێی تازەئاوەدان کراوە،ناو دەبردرێ و بەو ناوە ناودار بووە (هەرئەویّ، ٣/٢٥) **سەرچاوە؛** کوڕی خوردادبیە، عەبدوللاّ مەسالیک و مەمالیک بەکۆششی دخۆیە؛ لیدەن ١٨٨٩ ز ـ ئەبودولف، موسعیر، ریسالیە ٢، بەکۆششی پترس بولگاکف و ئەنس خالیدۆف، تەرجەمەی محەمەد مونیر موسا، قاهیرە ١٩٧٠ ز، بلازەری، ئەحمەد فتوحولبولدان بەکۆششی ئەحمەد ئەنیس تەباع و عومەر ئەنیس تەباع، بیروت ١۴٠٧ مانگی ١٩٨٧ ز، پورداود، ئیبراهیم، ئاناهیتا بەکۆششی میترا میهرابادی، تاران ١٣٨٠ هەرئەو، تەعلیقات لەسەر یەسنا بەکۆششی بارام فەرە وەشی، تاران، ١٣٣٧، حەمدوللاّ موستەوفی، نەهزە تولقولوب، بەکۆششی لسترنج لیدەن ١٣٣١ مانگی و ١٩١٣ ز ؛ سەر ژماری گشتی نفوس و مەسکەن ١٣٧٥، شناسنامەی ئاوەدانیەکانی ولاّت، شارستانی تیکاب، ناوەندی ئاماری ئێران، تاران ١٣٧٦، سەرفراز، عەلی ئەکبەر، تەختی سولەیمان بەکۆششی محەمەد یوسف کیانی، تاران ١٣۴٧؛ تەبەری تاریخ، فەرهەنگی جوغرافیایی ئاوادانیەکانی ولاّت، سازمانی جوغرافیایی نەیروەکانی چەکدار، تاران ١٣٧۴، ج ٢۴؛ تاران، فەرهەنگی جوغرافیایی چۆمەکانی

Dr.Saleh Ebrahimi



وڵات، سازمانی جوغرافیایی شەروانانی چەکدار، تاران، ١٣٨١ هەتاوی، فـەرهەنگی جوغرافیای کێڤەکـانی وڵات، سـازمانی جـوغرافـیایی وەزارەتـی دیـفاع و پشـتیوانـی شەروانانی چەکدار، تاران، مەسعودی عەلی تەنبیهو ئیشراق، بەکۆششی دخویە لیدەن ١٨٩٣ ز، نەشریەی عەناسری تەقسیماتی، بەهاوکاری ناوەندی، وەزارەتی ناوخۆ، تاران ١٣٨١،گیتاناسی ١٣٨١ تاران ژمارەی ٢٩٤، هـوف دیـتریش، تـەختی سـولەیمان، تەرجەمەی فەرامەرزنەجد سەمیعی، شارەکانی ئێران بەکۆششی محەمەد یوسف کیانی، تاران، ١٣٦٨ ؛ یاقوبی، ئەحمەد تاریخ، بێروت ١٤١٥ مانگی و ١٩٩٥ ز ـ هەروەها:

Ammianus marcellinus the History; tr. c. Rolfe; london 956, christensen, A., Iran sous sassanidis copenhagen, 936; frye; R. n; "the politica History" of Iran under the sasanians" the cambrid ge History of Iran, vol. III(1), ed. E. Varshater, cambtidge, 1983 plin", namral History, tr.H. Rackhem london, 1947 strabo the Geography, tr. H. L. Jones, London 1961.

عەلی ئەکیەر هەمەدانی دایرەتولمەعاریفی ئیسلامی ج ١٤ پەرەی ٦٦٤ تـا ٦٦٦ چاپی ١٣٨٥. تاران (شەپۆل).

### II. ئاسەواری باستانی تەختی سولەیمان

شوێنە باستانی و مێژوویی یەکانی تـەختی سـولەیمان لە ٤٥ کـیلۆمـیتری بـاکـوری رۆژهەڵاتی شاری تیکاب (ناوچەی هەوشار لە ئازربایجانی غەربی) بە ٤٧ و ٧َ درێژایی شەرقی، ٣٦° و ٨َ و ٣٠ پانتایی باکوری و لە بەرزایی ٣١٥٠ میتری لە تەختی دەریا دایە.

تەختی سولەیمان بە پییّودانی ئەفسانەکان، جێگای راگـرتن و پـاراسـتنی (جـامی موقەدەسە Holy Graal/Grail ). ئەوجامە ئەفسانەی کە باوەریان وا بووە عیسا مەسیح لە شام بۆ دوا جار ئاوی تێدا خواردوّتەوە (هوف، 774) و لە سەدەکانی ئەم دوایەی ئیسلام

Dr.Saleh Ebrahimi



بەوناوە، ناودار بووە، هۆی ناونانی ئەویٚ بەناو سولەیمان، رەنگێی لە باوەرێکی عامیانە و ئەفسانەیی پەیدا بوبێ، باوەر بەوە بووە کە ئاسەوارو ئەو خانووەگەورانە و سەرسورِ هێنەرانەی وەک تەختی سولەیمان، دەبێ هەر بەدەستوری ئەومروّ مەزنە و هێزەکانی تەبیعی و ئەولای تەبیعی فەمانبەری ئەو، سازدراون، دەنا ئەوە لە وزەو تاقەتی مروّی عادی بەدەرە (سەرفراز، ١٥، ١٦؛ موسەوی، ١٠)، دوریش نیەکە ئەو ناو نانە بوّ پاراستنی شوێنەگرینگەکانی بەرلە ئیسلام بوبێ کە تادوای ئیسلامیش بە جوانی بپارێزرێن (سەرفراز ١٤). هەندێ لە مێژوزانان ولێکوّڵەران لایان وایە کە تەختی سولەیمان هەر ئەو شاری فراسیا Phrâspa) یە (واندنبێرگ 118) یا پراسە Praspa) یە (کالیج، 44) کە لەجەنگی زاڵ بونی فەرهادی چوارم بە سەر روّمیاندا لە ٣٦ بەرلەزایین. کە بوّ ماوە یەک لە ئابلوّقەی مارکوس ئانتوّنیوّس، سەرداری روّمی قەتیس مابوو (هوف، هەرئەویٚ هەندێ لە لێکوّڵەران، تەختی سولەیمانیان **بە پێتەختی ماد ئاتروّپاتین داناوە** (کالیج 44-45، کرین، 88)، هێنری راولینسوّن بە هەڵە ئەویێ بە ئیکباتان یا هەگمەتانە پێتەختی ماد، زانیوە (پەرەی 37).

جوغرافیزانان و تاریخنوسانی ئیسلامی تەختی سولەیمانیان بە شیز (گەنزەک: گەنجەک: گزنە)ی دەورەی ساسانی) زانیوە (یاقوت، لەبن شیز؛ ئەبودولف، ٣٨ ـ ٤٢؛ هەروا بروانە: جەکسوّن (٥٣١ ـ ٥٧٨ ز). بە پێی ودانی مەتن و دەقی کوّنی یەکێ لە ٣ ئاگردانی: ئاتەشکەدە)ی گەورەی دەورەی ساسانی، ناوی (ئازەرگوشەسب) لە تەختی سولەیمان بووە و پاشاکانی ساسانی دوای تاج لەسەرنان، فرە بەرێزەوە و بە پای پیادە لە تیسفوّنەوە بوّ زیارەتی ئەویٚ دەچون (کوری خوردادبیه، ١١٩ ـ ١٢٠)، ئەونێولە سەردانانە لەگەڵ نوسراوە دوژ راوەکان کە لەروی لەتە سواڵەکان هەڵکەندراون و لە تەختی سولەیمان پەیداکراون، سەلماوە و تەئییدکراون (ناومان، ٧٥) ئەبودولف کە لە ساڵی ٣٢٨ مانگی و ١٩٤٠ز ـ چووەتە تەختی سولەیمان ببینێ، نوسیویەتی ئاتەشی

Dr.Saleh Ebrahimi



موقەدەس بۆ ماوەی ۷۰۰ سەد ساڵ لەم ئاتەشکەدەدا بێوچان رۆشن بووە و لە حاڵی گڕهاویشتندا بووە (پەڕەی ۴۰). جەکسۆن واژەی شیز بەوە رگیردراو لە واژەی ئاوێستایی چیچست (ناوی ئاوێستایی دەریاچەی ورمێ) دەزانێ. حەمدوللا موستەوفی تەنیا مووەریخێکە، کەتەختی سولەیمانی بە نێوی ستوریق یاسقورلیق کە مەغولان ئەوێیان بەو ناوە ناسیوە، یادی لێکردوە (پەڕەی ۷۰) لەم رووەوە، رەنگبێ کە ئەم شوێنە دوای سەدەی (۸ مانگی) بە تەختی سولەیمان ناونرابێ. رابیرت کرپۆرتێری ئینگلیسی، یەکەم جیهانگەڕەکە لە سەرەتای سەدەی ۱۳ مانگی و ۱۹ ز، پای نابێتە نێو خاکی تەختی سولەیمان و بە هەڵە ئەوێی بەناوی یەک بینای ئەرمەنی داناوە (11/5 57-562).

سەرهەنگ ویلیام مۆن تیت (W.Monteith) ئینگلیسی لە ۱۲۴۷ مانگی و ۱۸۳۱ز لەگەرانێکی پرمەترسیدا، دەچێتە تەختی سولەیمان (بروانە گابریل، ۲۰۶)، چەن ساڵ دوای ئەو، هێنری راولینسۆنیش لەگەڕانی خوێدا دەگاتە تەختی سولەیمان و ئەوێ بەهەگمەتانە، پێتەختی ماد ـ ی داناوە کە لێکۆڵەرانی دوای ئەو ئەوەیان رەدکردوتەوە. بەڵام راولینسۆن باش زانیبوی کە وێرانەکانی ئەوێ ئاتەشکدە بووە (پەڕەی 51). هوتوم شیندلێر (S. Houtumschinaler). لە ۱۸۸۱ ز ستال F.Stahl لە ۱۹۰۱ زوویلیام جەکسۆن لە ۱۹۰۳ ز، لێکۆڵەرانێ بون کە بە تەرتیب لە تەختی سولەیمان دیتنیان کردوەو رافە یەک کە هەر یەک لە وان، کە لە بابەت تەختی سولەیمانەوە، نوسیویانە، بۆ توێژینەرانی دوای خۆیان راگوشا بووە (فون دراستێن، 18). بە دەس پێکردنی ئەریک ئیشمیت بە لێکۆڵینەوە وێنە هەوایەکانی پربایەخی ئەوکە لە ۱۳۱۶ هەتاوی و ۱۹۳۷ ز لە تەختی سولەیمان و زیندانی سولەیمان گرتویەتی (پەڕەی 74-72، هەروا ئەو وێنانەی 87-90) توێژینە وەی ئەم شوێنە مێژوییە بە چووە پلەیێ تازەتر ـ وە لە رەزبەر: ئوکتوبری ئەو ساڵە ئارتورپوپ لەگەڵ دونالێد ویلبێربە جووتە لە لایەن موئەسەسەی ئەمریکایی هونەروکەونارا: باستان ناسی یەکەمین تەحقیقاتی بناغەیی لە زەمینەی میعماری تەختی

Dr.Saleh Ebrahimi



سولەیمان بەوێنە یەکی پەرەدارانە، ئەنجام داوە (پوپ، 71ff؛ کرین. 84 ff؛ ویلبێر، - 92 109). بەلام دوای نێزیک بە ٢٠ سال لێکوڵینەوە لە تەختی سولەیمان لە ١٣٣٧ هەتاوی و ١٩٥٨ ز بە سەرپەرستی دو باستان (:کەونارا) ناسی سوئێدی بە ناوەکانی: هانسینگ فون‌دراستێن وب. ئالمگرن Almgren لە لایان موئەسەسەی باستان ناسی ئەلمان دەسکرابە توێژینەوە، لە پاشان رودلف ناومان باستان ناسی ئەلمانی دوای سالێ بەم بەرنامەوە لکاو بەمردنی لە ناکاوی فون‌دراستێن لە ١٩٦٠ ز، ئەو سەرپەرستی دەسەی توێژینەوەکەی بۆ ماوەی چەن وەرز: (کژ) گرتە ئەستۆو فرە سەرکە و تەوە، توێژینە وەکانی تەختی سولەیمانی بردەپێشەوەو بە خانەنشین‌کردنی ناومان، سەر پەرستی ئەو توێژینەوانەکەوتە ئەستۆی دیتریش هوف باستان: (کەونارا) ناسی دیکەی ئەلمانی؛ ئەو لە ماوەی ٨ وەرزا توێژینە وەکانی لە تەختی سولەیمان و دەور و بەری ئەویێ (زیندانی سولەیمان، تەختی بەلقیس، تەپوڵەی مەجیدو...) بە ئەنجام گەیاندوە.

دوای ١٩٧٩ ز، بە چەن هۆی جیاجیا توێژینەوەی دەسەی ئەلمانی لە تەختی سولەیمان، راگیردراو لە دەیەی ١٩٧٩ باستان ناسی ئێرانی دەس بەکاربون، باوەکوکەو نارانانسان توێژالی ناسک وردە ئاسەوارێ لە زەمانی دەسەلاتی هەخامەنشی (سەدەی ٥ بەرلە زایین) و دەورەی دە سەلاندار‌ی پارتی (سەدەی ٣ بەر لە زایین) لە تەختی سولەیمانیان بە دەس هێناوە (هوف، هەرئەوێ). بەلام دوزینەوەی ئاسەواری میعماری وشت و مەکی دەورەی ساسانی هەروەک سکەگەلی پیروزی ئەوەل و تێئۆدوزیوس ـی دوەم، ئیمپەراتوری بیزانس، هەروا نەتیجەی ئەزمونەکانی رادیو گەربۆن، بووە هۆکە ئەوئاسەوارانەی‌وا لە تەختی سولەیمان جیماون بیباتەوە بۆ سەدەی ٥ ز، (هەرئەو ٧٧٧) لە کاتی گەڕان بۆ دوزینەوە، دیوارێکی خشتی بە پانایی ١٢ میترلە بەری باکوری شوێنەکە، دیتەوەکە داگری دەروازەی باکوری بوو، کە بە یەکەمین دەورەی شکل‌گیری ئاسەواری تەختی سولەیمان لە دەورەی ساسانی دێتە ژمار (هەر ئەوێ). دوزینەوەی

Dr.Saleh Ebrahimi



چەندین سکە و چەندین مۆری قوبادی ئەوەڵ (٤٨٧ ـ ٥٣١ ز) ئەوەی لە سەر روی بە جیماوی دیواری خشتی دەو رەی قەدیمتر، دەرکە و تووە، نیشانەی،گۆڕانی بیناکانی خشتی دەورەی ساسانیە،کە بە بەرد و خشت لە سەرەتای سەدەی ٦ ز ـ سازدراوەتەوە. ئەم گۆڕاندنانە زیاتر لە بەر دەرگیری یەکانی ئایینی و بزاوگەلێ بووەکە مەزدەکیان، لە خاکی بن دە سەلاتی ساسانیاندا خستویانەتە ڕێ (کرستێن‌سێن، 316ff). ئەنەوشیرەوان و خوسرەو پەروێز ئاخرین پاشاکانی گەورە و پڕ قودرەتی ساسانی، بە لە ناو بردنی ئـەو بزاوانە، مەحوەتەی تەختی سولەیمانیان کردە جیێ سـزاونـزای سـەلتـەنەتی و کۆشکـی کۆیستانی و هاوینە وارگەی خۆیان (هوف ـ 777-778). ڕەنگبێ حەوشە بەر دینەی وێنە هیلکەی سەرتاسەری، دەوران دەوری مەحوەتەکە، بە درێـژی ١٢٠٠ مـیترو بـە ٣٨ بورجی زێرەوانی (نیگاوانی) و دەروازەی باشوری شەرقی لەم دەورانـەدا سـازدرابێ ـ خوسرە و پەروێز لە بەری غەربی ئاتەشکەدە (ئاگردان) چەن کۆشکی تایبەتی و هەیوانی بلێندی لە باکوری غەربی دەریاچەکە، سازدا بوو، لەوەیش دەچێ هەیوانێتروەک ئەو لە بەری باکوری شەرقیدا هەبوبێ (ناومان 35-34). مەحوەتەی تەختی سولەیمان لە ٦٢٧ ز بەدەسی سپاهیانی هیرکلیوس ئیمپەراتوری بیزانس وێران کراوە و ئاگریان تێ بەر داوە و گەنجینە و خەزێنەیێ کە پاشا ساسانیەکان بە ئاتەشکەدەیان بە خشیبو، بە تالان بردویانە، تۆیژینەوەکانی کەونارا ناسی تالان کردنی ئەم شوێنە پیروزەیان سەلماندوە و تویژینەوەی لە سەرکردو. (هێرمان، 113)، دوای ئەم میژووە، ئەو شوێنە چۆڵ وێران ماوە، سەرەرای ئاسەواری بە دەس هاتو لە سەدەکانی ٣ و ٤ مانگی (سەرفراز ٩٧ ـ ٩٨) تا سەدەی ٧ مانگی و ١٣ ز ـکە تەختی سولەیمان کەتبووە بەرسەرنجی ئەباقاخان، دوەمین ئیلخانی مەغول و کۆشکی هاوینە وارگەی خۆی لەوێ سازدابو، ئەو شوێنە مێژوییە، هـەروا بەوێرانی بەجێمابو، بە دەستوری ئیلخانی مەغول بـینا ئـەسلـیەکـانی دەورەی سـاسانی هەروەک مەحوەتەو هەیوانی خوسرەوی پینە و پەرۆکراو ساخت و سـازی تـازەیش

Dr.Saleh Ebrahimi



پێکهات (هوف 788) بەڵام دوای لە نێو چونی ئیلخانیانی مەغول، تەختی سولەیمان قەت ئاوەدانی و رەو نەقی پێشوی خۆی نەدیتەوە و بەرە بە بەرە ویران و چۆڵ و هۆڵ مایەوە. کۆمەڵ و مەجموعەی تەختی سولەیمان بەو چەند سەد هەکتارە زەویە، داگری ئاسەواری باڵای تەخت و نێوحەوشەو حەسار، ئەژدەهاکانی بەردینە، کێوی زینـدانـی سولەیمان و چاوەکانیاوەکانی ئاوی گەوەری داوێنەی ئەو، تە پۆڵەی مەجید، تـەختی بلقیس و تومولوسی ئەحمەداوایە ـ

ئەلف ـ ئاسەواری باڵای تەخت و نێو حەسار؛ زیاترینی ئاسەواری بەکۆمەڵی تەختی سولەیمان لە سەرروی یەک تەخت (تراس)ی رسوبی بە بەرزایی تا ٢٠ میتر لە تەختایی دەشتی دەور و بەر، وە لەدەورو پشتی دەریاچەی (زریۆاری) تەبیعی دایـە و لە بـەشی باکوری ئەوی کۆ بوونەتەوە. تەخت کە بەوێنەی هێلکە و بـەمیساحەتی ٢٠٥٦٠٠ لە کۆبونەوەی رسوبی ئاوی دەریاچەکە بـەدیهاتووە، بـەرزترینی نـوختە و خـاڵی ئـەو، کەنارەی دریاچەکەیە، کەبە سەرە و خواریەکی رێک و پێک تا سەرلێوی حـەسار و حەوشەکە، درێژ بۆتەوە وخۆی کێشاوە (فۆن درستێن، 33).

دەریاچە: دەریاچەی تەختی سولەیمان، لە ئەفسانە یەکی کۆنی ئەرمەنی سەدەی ٤ ز ـ لەوە ناو بریاوە (هەرئەو، 36) هەروەکو تەخت وێنە هێکـەی نـاقیسی هـەیە و قـوتری درێژایی یەکەی ١١٠ میترە و قوتری پانتایەکەیشی ٨٠ مـیترە (نـاومان و ئـەلیزابێت، ناومان، وێنەی ٧) زۆربـەی جـیهان گـەڕان و جـوغرافـیا نـوسان لەشـاری شێزو ئـەو دەریاچەیش یادیان کردوە، ئەبودلف (پـەڕەی ٤٠) و حـەمدوللاّ مـوستەفی (پـەڕەی ١٠٦) و هەروا لە قولاّیی فرەی دەریاچەکە کە بۆیان نەهاتۆتەوە ئەندازەگیری، قسەیان لێکردوە، سەرهەنگ مون تیت هەر چەند بە شاغوڵ تا ٤٠٠ پێی قووڵایی دەریاچەکەی ئەندازەگیری کردوە، بەڵام نەیتوانیوە بەوردی قووڵایەکەی دیاری بکا ـ(: فۆن دراستێن هەرئەویّ)، قووڵایی سەنجی دەسەی کەونارا ناسانی ئەلمانی لە دەریـاچە کـە، ژمـاریّ

Dr.Saleh Ebrahimi



دەقیقیان نیشان داوە: لە سەرلیوّی بەردو سەخرەی دەریاچەکە، تا تەختی بن دەریاچەکە ٤٦ ـ ٤٩ میترە کە قوولّترین نیّرینەی ئاوە کە لە نیّوە راستی دەریاچەکە ٦٤ میترە، بەلاّم لە نوختیەیّ ترا لە بەشی باکوری دەریاچەکە، قوولاّیی تا ١١٢ میترە و ئەم نوختە هەر ئەو شویّنە یەکە ئاو هەروەکو چاوەوکانیاو یا چالّی ئارتزیەن لە قوولاّیی زەوی ئاوە، ئاو هەلّدە قولیّ و تاڤگەدەکا بوّ لای سەریّ، چەن کون و حوفرە و چەن جوّگەلەییّ لە نیّو دەریاچەکەدا، ناسیّراون کە بەشیّ لە ئاوی دەریاچەکە، قوتدەداو دەیخواتەوە (هەرئەو، 38). دوچوّگە ئاوی سەحتی لە بەری باکوری شەرقی وباشوری شەرقی ئاوی دەریاچەکە، کە تەنیا بوّکەلّک وەرگرتنی کشت و کالّ و ئاودانی زەوی و زار و باغ و بیّستانە، بە دەشتی دەور و پشتی تەخت دا، دیّ و دەروا.

ئەونیشانانەی کەهەن، ئەوە رادەگەییّن کە لە رابوردودا دەریاچەکە، تا ٧ جوّگەی هەبووە. وە ئاو لە کاتی هاتنی بە نیّو ئەو جوّگە لانەدا ٤/٥ میتر لە سەحتی ئەمروّژەدا پایینتر بووە، کە ئیّستائەو جوّگەلانە، بەسراون، نوکتەی جیّی سەرنجدان لە بابەت ئەو ئاوە زولاّلە، کە بوّ خواردنەویش نابیّ، جالە بەرئەوەی خوّی جوّرا و جوّری وەکو فسفر و ئاهەکی هەیە، هیچ جوّرە گیان لە بەری ئاوی، لە نیّو ئەو دەریاچەدا پەیدا نابیّ، وە هەروا ئەندازە و حەجمی ئاوی دەریاچەکە لە وەرزی جیاجیای سالّدا، یەکسانە، وەهە ئەندازە ئاویّ کە لە قوولاّیی دەریاچەکەوە هەلّدە قولیّ؛ وە ئاویّ کە لەو دوچوّگانەوە، دیّن و دەخوّشیّن، یەکسانە و نەکەم دەکاو نەزیادیش دەکا (هەرئەو 40-39).

حەوشەو حەساری دەرەوە: کوّمەلّ و مەجموعەی تەختی سولەیمان بە دیواریّکی بەردینە بە دریّژایی ١٢٠، ١ میتر و پانتایی ٥ میترە و ٣٨ بورجیش لە مەو داگەلی یەکسان، کە تەختەکەی هەروەکو قەلاّو دژیّکیوایە، کەکەس ناتوانیّ بیگریّ و بیخانە بن دەس خوّی؛ دیّتە بە رچاو، ئەو شوّیندی لە بەرگرتووە. بەرزایی حەوشەو حەساری سەرتاسەریو بلّیندی بورجەکان لە ساغ و سالمترینی ئەویدا بە جیّماوە (بان دیواری

Dr.Saleh Ebrahimi



ژمارە **٥**) دەگاتە **۲۰ / ۱۱** میتر، بەورد بونەوە لەوەکەگیانی پەناو بەردەکانی کۆنگرەیی شکڵ لەوە زیادکراوە، بڵیندایی تەواوی ئەوە، دەتوانرێ تا **۱۴** میتر تەخمین بکرێ، روکەشی دیمەن‌و نمای حەسار و بورجەکان لە بەردی تراشراون و ناوەکەیشی بە بەردی لاشەی قەوارە بۆ دانراوەو بەمەلات و ساروج سازدراوە (هەرئەوی، 39). دو دەروازەی باکوری و باشوری شەرقی لە دەورەی ساسانی کە بۆ هاتوچۆ ریگای دەبردە سەرتەخت کە لە دەروازەی باکوری بۆ هەموکەس بووە و لە دەروازەی باشوری شەرقی کە پەنجیرەکانی نەبینرابون و لە سەرئەو جیگای تایبەت بە شاو دەرباریان، هەبووە (هەرئەو، 33) دەروازەی باشوری لە دەروازەی ئیلخانی یەو دو، دەروازەی لێ زیادکراوە.

ئاگردانی ناوەندی، پەرستگەکان، کۆشکەکان: زۆرترینی بیناکانی دینی و سەڵتەنەتی دەورەی ساسانی بە نەخشەی میحوەری چوارگۆشە و درێژشکڵ لە باکوری دەریاچە و بە ئەندازەی مەودای نێوان دەریاچە و دەروازەی باکوری و لە نێو حەوشەی خشتی چوارگۆشە وێنە، **بە بەرد، داریژراون،** مانەوەی دیوارێکی ئەستوری خشتی بە پانایی **۱۲** میتر لەگەڵ بورج و قەڵاکانی دیفاعی، نێو بازنەیی دەوران دەوری ئەو دەگەرێتەوە، بۆ یەکەمین دەورەی ساختومان سازی رۆژگاری ساسانی، دوزینەوە چەندین سکەی قوبادی ئەوەڵ (**۴۸۷ ـ ۵۳۱**) و ئەنەوشیرەوان (**۵۳۱ ـ ۵۷۹** ز) لە توێژنیەوەکانی کەونارا ناسی ئەو نیسبەت دانە، سەلمێندراوە (ناومان و هەندێ‌تر لەکەو نارناسان، 161-168). ئاگردانی ئازەرگوشەسب چون ناوەندو دڵی کۆمەڵ و مەجموعەکانەو لە نێو حەوشەی ناوبراو، قەراری گرتووە، ئەو بیناخشتی یەکە لە هەندێ شوێنی تایبەت لە بەردیش کەڵک وەرگیردراوە، لە نەخشەی سوننەتی و رۆژباو بۆ ئاگردانەکانی ساسانی لە نەخشەی چوار تاق پەیرەوی کراوە (فۆن و راستێن، 65-54) و مەوقیعیەتەکەیشی بە جۆرێکی وایە، کە ئەگەر بە خەتێکی راستی فەرزی، دەروازەی باکور یەکەی بلکێنین بە ناوەندی دەریاچەکەوە، لە نوختەی ناوەندی ئاگردانەکەوجێی راگرتنی ئاگرەکەوە،

Dr.Saleh Ebrahimi



دەروا و ئاگردانەکەیش بەوێنەی چوارگۆشەیە، بەوە تاغێک کە بوعدەکانی ٧/٥٠ میترەو بە تاقی ئاهەنگ، کەگۆشەکانی ١٦/٧٦ میترە. تاقی ناوەندی ئەمروکەی، داروخاوە، بەڵام دەردەکەوێ کەگومەزێکی خشتی پتەو لە سەر چوار جرزی پانی موکەعەب، ئەوی دا پوشیبووە (هەر ئەو، 57).

پۆششی تەختی تالاری ناوەندی بەخشتی چوارگۆشەی زەرد، رەنگ بووە. کە ئاگردان لە ناوندی ئەودا بووە، ئەم بە شەلە تەختی زەوی یەک لە ئەسڵدا بە بەردی ئاهەکی زەرد رەنگ، فەرش کراوبووە (ناومان وهوف، حح، ٦). وەتاغی ئەسڵی بە ۴ درگای تاق‌وێنە بۆگشت رێڕەوەکانی سەرتاسەری رێگای هەیە، چونکا لای غەربی ئەو بە دیواری خشتی بە پانایی ١٧٠ سانتی‌میتر بە سراوە (سەرفراز، ٦٠) و ئەوەیش دەشێ بۆ جیاکردنەوەی فەزای گشتی پەرستگەکان لە حەریمی تایبەتی کۆشکەکانی بوبێ، تاشکۆی کۆشک، گەورەیی پەرستگە، نەخاتە بن تەوژم و تیشکی خوێ، ئاتەشکەدە: (ئاگردان) لە لای باکوری‌یەوە لە رێگای هەیوانێکی باریک و بلێندەوە، رێگای بۆ نێو حەوشەو حەسارێکی گەورە، هەبووە، کە لە لای باکوری و باکوری شەرقی ئەو، دامو دەزگای خزمەت کردن و خەدەماتی بۆ زیارەتکاران هەبووە، لە لای شەرقی ئاتەشکدە کە، بۆ چونە نێو فەزایەکی چەلیپایی شکڵ، درگایێ هەبووە، ئەم فەزایە لە لای باشوری، دەسی دەگاتە کۆمەڵی فەزای سەر پۆشراو، سەردانە پۆشراو و حەوشەی ناوەندی هەیواندار لە بەشی باکوریدا (ناومان، وێنەی 24)، گشت بەڵگەگان ئەوە نیشان دەدەن کە هەموکۆمەڵی تەژی لە رازو رەمزی، بیناکانی دینی، لە خزمەت ئاگردانا بون، توێژینەرانی ئەلمانی لەسەر ئەو باوەڕن کە مەجموعەی شەرقی ئاگردانەکە، بۆ جییێ بەجییێ کردنی هەندێ داب و دەستوری دینی و تەقدیسی ئەمشاسپەندانی دینی زەردەشت بووە، بە تایبەتی ئەردویسور ئاناهیتا بووە (ناومان، 52-56) ئاتشکەدە لە رێگای درگاییێ تاقدار لە باشورەوە بۆ بەر هەیوانێک کەدەروانێتە دەریاچەکە، رێگای هەیە، کەرەنگبێ رێگای

Dr.Saleh Ebrahimi



تایبەتی پاشاکان و دەرباریان بوبێ، تا بتوانن لەوێوە لە داب و دەستوری دینی بەشداری بکەن، لەناوەندی ئەو بەر هەیوانە، سەکۆیەکی بەردینە موکەعەب وێنە بە درێژی ۴ و بەرزایی ۱/۵ میتر، بە دەپلیکانەوە، دوزراوەتە وە، کە ئەو بەردانەی والەوێدا بەکار براون فرەجوان تراشراون و چۆن وکەیفیەتەکانیشیان چاک و عالین (هوف 786).

کۆمەڵی کۆشکەکانی ساسانی کەلە بەشی غەربی ئاگردانەکەو لە نێو حەساری خشتیدا کۆکراونەتەوە، داگری کۆشکی تایبەتی و جێی دیداری ئاپۆرەی خەڵکە، دوکۆشکی کوڵەکەدار و مەجموعەی فەزاکانی خەدەماتی و نشینگەن، کە هەندێ لەوانە، نەخشەی کۆشک وێنەیان بۆ هەیە، لە دەورەی ئیلخانیان ژمارێ لە وکۆشکانە پینە و پەرۆکراون و کەڵکیان لێوەرگیردراوە و لە هەندێ لە بە شەکانیش ساخت و سازی ئیلخانی، میعماری دەورەی ساسانیەکانیان، داپۆشیوە (ناومان، 74) بەرچاوترین ئاسەواری میعماری لە تەختی سولەیمان بە جێماوی بەر هەیوانێکە، لە بەر باکوری غەربی دەریاچەکەدایە، کە ئەونە پێوەندی بەخانوەکانی ترە وە نیەو لەوان جیایە، رەنگبێ بەر هەیوان بوبێ، ئەم بەر هەیوانە، بە دەهانەیێ بە پانی ۱۹ میتر، بەرزی ماوەتەوە، ۲۲ میتر و بە قووڵی ۲۷ میترە. تاقی دەمەداسێ کە ئەوی داپۆشیبوو، بە چاولێکەری لە بەر هەیوانەکانی بڵیند ی دەورەی ساسانی، هەر وەکو بەر هەیوانی مەدائین‌ساز دراوە و بە بەردی قەوارەکراو، چوتە سەرێ کە لە بەشی باڵای ئەوخشتی دەورەی ساسانی بەکار براوە، بەرهەیوانەکە لە گۆڕانی دوایی لە دەورەی ئیلخانی بە خشتگەلێ بە بوعدی گچکەتر، پینەو پەرۆکراون، بەجێماوەکانی گەج بری وکاشی لە سەر روی دیوارەکانی نیشان دەدا، کە هەیوانەکە بەم کەرەستانە پۆششی تەزیینی و جوانکاری کراوە. هەیوانەکە لە ئاخریدا بە چەن کۆشک وێنەی هەشت گۆش بە بن‌چینی بەردین تەوا و دەبێ (هەرئەو، 41-39) وێنەیێ کەدونالید ویڵبێر لە ۱۳۱۶ و ۱۹۳۷ ز لەوێی هەڵگرتووە، بیناکە ساغتر لە مرۆنیشان دەدا و هەر دو درز و جرزی هەبووە (گدار، 48) (2)(1) لە باشوری غەربی تەختی سولەیمان و بە ماوەی ۱۰۰ میتری ئەو، بە جێماوەکانی یەک جۆگەی بەردینە بەدرێژایی ۳۰۰ میتری و

Dr.Saleh Ebrahimi



بە رزایی ۴ میتر نیسبەت بەزەویە کانی دەورو بەری ئەو هەیە، **کە بە ئەژدەهای بەردی ناودارە**، ئەم جوگە ئـاوە بیٚ گـومان لە رسوباتی ئاوی دەریاچەکە پێک هاتووەو نیشاندەری ئەوە یەکە ئاوی دەریـاچەکـە، زەمانێ لەم جوگەوە رۆیشتووەو لە پاشان جێگەکـەی گۆڕدراوە (هـەرئەو، 29-25). لە ماوەی **۵/۷** کیلۆیمتری باکوری شەرقی تەخت لە بان کێفێکەوە بە نێوی تەختی بلقیس، قەلاّیەکی دیدەوانی یا بورج و باروێ لە دەورەی ساسانی هەر بەم ناوە، ماوەکە لە بەردی تەبەقە تەبەقی کێوو مەلاتی ساروج سازدراوە و بیگومان قەلاّیـەکـی سپایی بـووە، بۆ پارێزگاری کـردن لە تـەختی سـولەیمان (هـەر ئـەوێ 118-116) **سـەرچـاوە:** کـوڕی خوردادبیھ، عوبەبدیلا، مەسالیک و مەمالیک بە کۆششی دخۆیـە، لیـدەن، ۱۸۸۹ ز، ئـەبودلف، مـوسعیر، سـەفەرنامە، بـە کۆششـی مـینۆرسکـی، تـەرجـەمەی ئـەبولفەزل تـەباتەبایی، تـاران، ۱۳۴۲؛ جـەکسۆن ئـە. و.: سـەفەرنامە ئێـران لە رابـوردو حـالدا، تەرجەمەی مـەنوچیھر، ئـەمیری و فـەرەیدونی بـەدرەیی، تـاران، ۱۳۵۲؛ حـەمدوللاّ موستەوفی نـەهزە تـولقولوب، بـە کۆششـی مـحەمەد، دەبیر سیاقی، تـاران، ۱۳۳۶؛ سەرفراز، عەلی ئەکبەرو محەمەد یوسف کیانی، تەختی سـولەیمان، تـەورێز، ۱۳۴۷ هەتاوی، گابریل، ئالفۆنس، تەحقیقاتی جوغرافیایی، سـەبارەت بـەئێران، تـەرجـەمەی فەتحعەلی خواجە نوری، بە کۆششی هومان خواجەنوری، تاران، ۱۳۴۸، مـوسەوی، مەحمود، رانومای تەختی سولەیمان، ورمێ، ۱۳۷۰ هەتاوی؛ یاقوت، بـولدان؛

Christensen, A., *l'Iran sous les Sassanides*, Copenhagen, 1944; Colledge, M. A. R., *The Parthians*, London, 1967; Crane, M., «The Historical Documents», *Bulletin of the American Institute for Iranian Art and Archaeology*, New York, 1937, vol. V(2); Godard, A., *Athār-é Īrān*, Paris, 1938; Herrmann, G., *The Iranian Revival*, Oxford, 1977; Huff, D., «Recherche Archéologiques à Takht-i Suleiman, Center Religieux Royal Sassanide», *Comptes-rendus de l'Académie des inscriptions et belles-lettres*, Paris, 1978; Ker Porter, R., *Travels in Georgia, Persia, Armenia, Ancient Babylonia*, London, 1822; Naumann, R., *Die Ruinen von Tacht-e Suleiman und Zendan-e Suleiman*, Berlin, 1977; id and D. Huff, «Takht-i Suleiman und Zendan-i Suleiman», *Archäologischer Anzeiger*, Berlin, 1965-1966; id et al., «Takht-i Suleiman, Bericht über die Ausgrabungen 1965-1973», *Archäologischer Anzeiger*, Berlin, 1975; Pope, A. U., «The Institute's Survey of Persian Architecture, Preliminary Report on Takht-i Sulayman, the Significance of the Site», *Bulletin of the American Institute for Iranian Art and Archaeology*, New York, 1937, vol. V(2); Rawlinson, H., C., «Notes on a Journey from Tabris through Persian Kurdistan to the Ruins of Takht-i Suleiman... in Oct. and Nov. 1838»,

Dr.Saleh Ebrahimi



*Journal of The Royal Geographical Society*, London, 1841, vol. X., Schmidt, E. F., *Flights over Ancient Cities of Iran*, Chicago, 1940; Vanden Berghe, L., *Archéologie de l'Irān ancien*, Leiden, 1959; Von der Osten, H. H. and R. Naumann, *Takht-i Suleiman*, Berlin, 1961; Wilber, D. N., «Summary Description of the Extant Structures», *Bulletin of the American Instifute for Iranian Art and Arehaeologh*, New York, 1937, vol. V(2).

عه‌لی موسه‌وی دایره‌تولمه‌عاریفی بزورگی ئیسلامی ج ۱۴ په‌ره‌ی ٦٧٠ چاپی ۱۳۸۵ هه‌تاوی تاران هه‌رئه‌وێ (شه‌پۆل) تاران.



نمای عمومی تخت‌سلیمان

Dr.Saleh Ebrahimi




نەخشەی کوردستانی گەورە

Dr.Saleh Ebrahimi



# خزمەتە فەرهەنگیەکانی شەپۆل

خوایە خۆت باش دەزانی لەبەر، زوڵم و زۆری زۆرداران و بێ دەرەتانی ئێمەی کورد، زمان، ئەوانەی لە بازاری عیلم و زانینو وتاردا، گەوهەرفرۆشن و دورِ ناسن لەم دیو، کەمتر، بەزمانی کوردی باس و خواسی، گەرناسان و زانایان و سەرناسانی کوردیان کردوە و لە **وارگەو نشینگەی کوردان**، بەزمانی شیرینی کوردی، کەم‌تر خۆی لەقەرەدراوە. جائەوە بوو، کەوتمە سەر ئەو خەیاڵەکە بە زمانی زگماکی و کوردی بە ئەندازەی وزەوزانینی خۆم، ئەوەندەی بۆم لوا، لە باس و خواس و بەسەرهات و زانایی و دانایی و مێژوی گەورە پیاوان و ژنان و هەستیاران و شاعیران و خاوەن ناوان و سەردارانو هۆنەرو هونەری کورد و کوردستان، کۆبکەمەوەو ئەوەی لە نێودوتوێ کتێبە فارسی و عەرەبی و... دیتومەو ئەوەی لەئینسانە ژیر و پیرەکانی پربیرو ئاگادار، بیستومە، بەزمانی شیرینی کوردی، بی نوسمەوەو ناوی لێ بنێم **وارگەو ناودارانی کورد:** کۆمەڵە و تارێ. ـ شوکر بۆ خوا توانیومە زیاتر لە سی و چوار هەزار (۳۴۰۰۰) پەرە بەزمانی کوردی لە قەتعی وەزیری‌دا بنوسم و بە کامپیوتێر پیت چنی و تایپی بکەم و لە ۴ بەرگی وەزیریدا، ئامادەی چاپی بکەم. دەبێ بڵێم شوکرانە بژێرم کە تائێستا ۲۷ فەورەی ۲۰۰۸ ز ـ توانیومە، ئەم خزمەتە، فەرهەنگیانەیش ئەنجام بدەم و لە چاپ بدرێن و بگەنە کتێبخانەی کورد، زمانان.

۱ ـ دین و ئەدەب چاپی ۱۳۶۱/۶/۲۸ تاران مەتبوعاتی عەتایی دو بەرگ.

۲ ـ تەفسیری سورەی فاتحة الکتاب چاپی ۱۳۶۷. بەخشی بین‌المللی سازمانی تەبلیغاتی ئیسلامی.

۳ ـ پەند یا ئەمسالی قورئان چاپی ۱۳۶۲. چاپی ـ نەلۆسی شنۆ.

۴ ـ کۆزانی فەرهەنگی زمانی کوردی (ئاداب و رسوم: فۆلکۆلۆر) چاپی دوەم / ۱۳۷۹/۱۱/۲ ـ چاپی ئەوەڵ چاپخانەی جواهیری ساڵی ۱۳۶۰ تاران.

۵ ـ باوی کۆمەلایەتی و مێژویی و ... چاپی نەو رۆژی ۱۳۵۷ ـ تاران چاپی دوەم / ۱۳۷۹/۱۱/۲ هەتاوی تاران.

۶ ـ ژیناوەری زانایانی کورد ... یاگەنجینەی فەرهەنگ و زانست چاپی ۱۳۶۴ تاران

Dr.Saleh Ebrahimi



٧ ـ بەرگی دوەمی زانایانی کورد چاپی ١٣٧٩ ـ نەشری محەمەدی سەقز.

٨ ـ نۆ ژمارە کۆفار بە ناوی گرشەی کوردستان چاپی ١٣٥٩ ـ وە یەکەم ژمارەی گرشەی کوردستان لە ١/٣/١٩٨١ لە چاپ دراوە و بلاّوکراوەتەوە.

٩ ـ میژوی را پەرینی ژەنرال مستەفا بارزانی رابەری کەبیری هەمیشە زیندوی نەتەوەی کورد و حەماسەی پەرینە وە، لە ئاوی تاراز ئەم حەرەکەتە لە حەرەکەتی مائۆلە چین زۆر گرینگتر بووە و ئەم کتیبە لەچوار دەفتەردا، دراوەتە دەس دوکتور پیروت ئەحمەد لە تاران کە بی‌نیریٔ بۆ هەولیر بۆ چاپ.

١٠ ـ چریکەی حەزرەتی یوسف یا تەفسیری سورەی یوسف بەکوردی بەکامپیوتیر جوان حروف‌چینی کراوە و ئامادەی چاپە.

١١ ـ زریزەی زیرین لە بن‌ژمارەی ٢٢٧ لە ١٩٩٩ ز لە هەلیر، ئاراس چابکراوە.

١٢ ـ راپەرینی مەلیک غازی حەزرەتی شیخ عوبەیدیلانە هری شاهی شەمزین بە کامپیوتیر جوان حروف‌چینی کراوە و ئامادەی چاپە.

١٣ ـ زیندوی کوری بیدار ـ وە کتیبی شارە هەنگ کەلە لایەن نوسینگەی فەرهەنگی ئیسلامی یەوە لە تاران لە سالّی ١٣٧٥ لە ١٥ هەزار دانەی رەنگین لە چاپ دراون. ئەم دوکتیبە تەرجەمەن.

١٤ ـ بەرکی ٣ و ٤ و ٥ و ٦ زانایانی کورد بەکامپیوتیر جوان حروف‌چینی کراون.

١٥ ـ تەرجەمەی ئینسان و بروا، چاپی ١٣٦١ سروش تاران، نوسراوی ئوستاد شەهید موتەهەری.

١٦ ـ یوسف و زولەیخا بەزبانی کوردی بەکامپیوتیر جوان حروف‌چینی کراوە و ئامادەی چاپە.

١٧ ـ شیخی ئیشراق ـ بەکامپیوتیر جوان حروف‌چینی کراوە و ئامادەی چاپە.

١٨ ـ صەلاحەدین ئەیوبی ـ بەکامپیوتیر جوان حروف‌چینی کراوە و ئامادەی چاپە.

١٩ ـ مەولانا خالد شارەزوری ـ بەکامپیوتیر جوان حروف‌چینی کراوە و ئامادەی چاپە.

٢٠ ـ ئایاتی مونتەخەبە ـ بەکامپیوتیر جوان حروف‌چینی کراوە و ئامادەی چاپە.

Dr.Saleh Ebrahimi



۲۱ ـ باوەی کوردەواری بەرگی یەکەم چاپی ۱۳۷۸/۵/۷ هەتاوی. بە مـجوزی شمارەی ۶۲۰ ـ ۱۳۷۸/۱/۲۲ تاران.

۲۲ ـ باوی کوردەواری بەرگی دوەم چاپی ۱۳۷۸ ی هەتاوی تاران.

۲۳ ـ تەرجەمەی قورئانی کەریم لە ئەوە لەوە تائاخرین سورە بە تەواوی کە رەنگین و جوان لە سالی ۱۳۷۶ لە لایەن سازمانی تەبلیغاتی ئیسلامی یـەوە لە چـاپ دراوەو بۆ جاری دوەمیش لە سالی ۱۳۷۷ و ریکەوتی هاوینی سالی ۱۹۹۹ ی زایـنی لە چـاپ دراوە تەوە ولەلایەن نوێنەری دەشاری کوردنشین لە مەجلیسی شورای ئیسلامی لە تاران تەقدیر و تەشویق بەوێنە کەتبی لە تەرجەمەی قورئان بە کوردی: (شەپۆل) کراوە و ئەم تەقدیرنامە لە رۆژنامەی جمهوری ئیسلامی ئێران چاپ کراوە، ئەم تەرجەمە جاریکیش لە لایەن کاک مەلا هادی و داناکـەریمی کـانی سـور، لای بـانە لە ۱۳۷۹/۹/۱۱ و ۲۰۰۰ ز ـ لە دەهەزار نوسخە بە **نێوکتێبخانەی سوننە** لە چاپ دراوەو واتای بـیسمیلا کان و ئاخری ئەو مەبەستانەی چاپی سازمانی تەبلیغاتی ئیسلامی لابراون و تەنیا لەسەر جەلدەکەی نێوی محەمەد صالح ئیبراهیمی چاپ کردوە.

۲۴ ـ کۆمەلە و تاریخ (: **وارگەو ناودارانی کورد**) بەرگی چوارەم، بە لێکۆلینەوەونوسین بە شێوەی دایرەتولمەعاریفی کوردی داگری: سەرەتا، نیشتمانی نەتەوەی کورد، رەگەزی کورد، سمکۆی مەزن، وێنە، ئیحسان نوری پاشا، ئەمیرانی کورد، ئەمیر بەدرخان پاشا، راپەرینەکانی سالی ۲۰ تا ۳۰ ز ـ دەولەتی حەسنەوەیهـ، دەولەتی دوستەکی، راپەرینی نەتەوەی کورد لە ۳ دەورەدا، کورد و مێژونوسان، دەرەتان لە دەس دان، ناوی هەندێ لە ئەمیرانی شوانکـارە، رەوادیـانی هـەزبانی: شـەدادیـان، کـوردستان، ئـازادی خـوازی، کێلەشین، ئەشنە یاشنۆ، شناختی از کورد و کوردستان، داواکردنی مافی رەوای کورد، حەماسەی درویش عبدی، حماسەی دوازدە سوارەی مریوان، شێرمردانی شکاک، استاد محمد سعید، کوردکیە و کوردایەتی چیە، هەژار، یوسف و زولەیخا، داواکردنی مافی رەوای کورد.

۲۵ ـ کۆمەلە و تاریخ بەرگی ۲: داگری شێخی ئیشراق و سولتان صەلاحەدین ئەیوبی و... کۆمەلە و تاریخ (وارگەو ناودارانی کورد) بەرگی ۳ بە لێکۆلینەوە و نوسین بەشێوەی

Dr.Saleh Ebrahimi



دایرەتولمەعاریف کوردی. داگری: سەرەتا، رەگەزی کورد، دەوڵەتی بابان، بێتوشی، ئیلام، ئیبن خەلکان، ئاواز: یەیاتی کورد، دەنگ و ئاواز، ناودارانی موسیقی زانانی کورد، باجەلان، لێکۆڵینەوەیەک، هەڵەبجەی شەهید هێرۆشیمای کوردستان، باڵەوەند، باڵول: باڵوڵی کوڕی ئەمیرجەمشید: دونبولی، باڵول: حاجی بەگ کوڕی ئەمیر فەرەیدون (: ئەمیرقلیچ)، باڵوڵی کوڕی ئەلوەند بەگ کوری شێخ ئەحمەد لەخانەدانی کوردی شاری سلێمانی، باڵول ئەبووە هیب، باڵوڵی خاریجی کەشارەکە لە ساڵی ١١٩ مانگی لە هیشامی بن عەبدولمەلیک ئەمەوی راساوە و لە شاری موسڵەوە تاکوفەی هێناوەتەبن فەرمانی خۆی، باڵوڵی شولی کە عارفێ گەورە بووە و ئیبنی بە توتەی تەنجەلی لە لورستان چاوی پێی کەوتووە، باڵوڵی کاکەبی ئەهلی یاری و یارسان. بۆکان، قەلایچی بۆکان، بەهار (: وەهار)، واژەکانی کوردی، بدلیسی: ئەمیرشەرەفخان، بدلیس، شاری بدلیس، یاسر بدلیسی عارفی ناودار، بە درخان، بوختی، برادۆست، حەکیم ئیدریس بدلیسی، بانە: شاری بانە، بیجار: شاری بیجار، بیراوەند، بێستون، بێستون و کەو نارانـاسان، بێژەن و مەنیژە، بابەزید (: شاری بایەزید)، بایینگان، پازوکی، پاوە، بەلیکۆڵینەوە، پشتکۆ، پەرێشان لورِ: مەلا ئەولقاسم ناودار بە مەلا پەرێشان) بلباس، پیران، پیرانشار، مامەش، مەنگور، شەهید هەمزاغای مەنگورِ، بەگزادە، (فەیزوللابەگی)، تەختی سلێمان، کوردستان، کەلهور، لێکۆڵینەوە یەک لە بابەت کەلورەوە. ورمێ، مەلا خەلیل گورامەری، هەورامان، قەواڵە کۆنەکان بە لێکۆڵینە و لیکدانەوە. بادینان (بیهدینان) بازرگان، بازگیری کورد، بجنورد، بەراهویی کورد، ئاتروپاتێن، وندابونی گەنج، جلکی ژن. سەڵماس (زاروەند) ئاوێنەی مێژو، نوگەنجی نادیار، سەردار رەشیدخانی ئەردەلان: عەباسخان، سمیناری سەقز و تەوسیعەی فەرهەنگی، کەکارێ عیلمیو لێکۆڵینەوەن، تەورێز بە شێوەی تەحقیق.

Dr.Saleh Ebrahimi



# زەینەدین ئامێدی

## (... ـ ٧١٤ = ... ـ ١٣١٤ ز).

عەلی بن ئەحمەد بن یوسف بن خزر خەڵکی ئامێد کە لە دواییدا چوەتە بە غاولەوێ لە ساڵی ٧١٤ یا بە قسەی دیخودا لە ساڵی ٧١٠ مانگی وەفاتی کردوە. زەینەدین یەکێ لە گەورەزانایانی حەنابیلە یەکە لە زانینی فیقهدا، دەریایێ بووە پڕشە پوڵ، مروڤێ راست، دروست، کارچاک و ئاکار چاک و پاک بووە، هەرچەندە نابینا بووە، بەڵام کە سایەتێکی وا بووە کە لە لای هەمو کەسێ دارای رێز و قەدر و حورمەت و دارای شان و شکۆ و هەیبەت و بەسام بووە. زەینەدین لە زیرەکی، تیزهۆشی، لیهاتویی و ژیری و شیاویدا ئوعجوبەی زەمان بووە و زمانی کوردی، فارسی، تورکی، مەغولی و رۆمی باش زانیوە و خەونیشی باش لێکداوەتەوە، ئەو زانابلیمەتە لە منالیدا چاوەکانی لە بینایی کەوتون، بەو حالە شەوە بە دەس رەنجی خۆی بە رێچووە و کتێب فرۆشی کردوە و لە و رێگایەوە کتێبفرۆشێکی گەورە و گرینگی پێکەوە ناوە. جابۆ ئەوەی کتێبەکان باش بناسێ و قیمەتی هەر یەکەیان بزانێ ولێی نەشێوێ هەرکتێبێکی دەکڕی، تێکەیێ کاغەزی قەد، دەکردو بە وێنەی پیتێکی ئەلفوبێ دەی نوشتانەوە و جورێکی لێ دەکرد تا قمیەتی ئەوکتێبەی بەحیسابی ئەبجەد پیی دیاری بکا و هەروا بۆ ئەوەی بتوانێ ناوی کتێبەکەیشی پیێ دیاری بکا، لە دواییدا ئەو کاغەزەی لە گۆشەیێ لە سەرپشتی کتیبەکەی قایم دەکرد و کاغەزێکی بە سەردا دەچەسپاند تا توند رای بگرێ جاهەرکاتێ دەسی بە سەرئەوەدا، دەکێشا، نەوعی کتێبەکە و قیمەتەکەی بۆ دەردەکەوت ـ بەوجۆرە زەینەدین بە یەکەم کەسێ دادەنرێ کە حوروفی باریزە (بەرجەستەوزەقی) داهێناوە، یانی خەتێ بەوێنەی ئەو خەتەی کە ئەمرۆ بە خەتی بریل ناودەبرێ کە نایبەت بە نابینایانە، زەینەدین ئامێدی چەندین نوسراوەیشی هەیە بۆ وێنە کتێبی جەواهیر تەبصیر لە عیلمی تەعبیری خەودا، لوّی برای یالویس برایل Louis Braille فەرانسەوی (١٨٠٩ ـ ١٨٥٢) لە حودودیِ ١٨٥٠ ز ـ یانی شەش سەد ساڵ دوای زەینەدین ئامێدی خەتی بریلی داهێناوە، ئەویش لە ٣ سالیداکوێر و نابینا بووە. سەر چاوە: ئەعلامی زەرەکلی ج ٤ چاپی ٦ تەشرینی ٢ نوامبری ١٩٨٤ ز ـ بیرۆت، لوبنان دارالعلم للملایین. قاموس تراجیم لأشهرالرجالی و النساء من العرب و المستعربین و المستشرقین تألیف خیرالدین زەرەکلی. نکهت الهمیان ٣٠٦ والدر رالکامنة ٣: ٢١ و فیه اسم کتابه التبصیر فی علم التعبیر. و فی مجله السادس من مجلة المقتبس بحث لأحمد زکی پاشا قال فیه: ان زین‌الدین الأمیدی سبق (برایل) الی اختراع طریقته فی الکتابة بنحو ستّمائة سنة، لان برایل الفرنسی اخترع طریقته فی نحو ١٨٥٠م. قلت: برایل هو Louis Braille و ینطق اسمه بالفرسیة (لوی برای) ولد سنة ١٨٠٩ و مات سنة ١٨٥٢م و کان کفیفاً، عمی فی الثالثة من عمره. کۆبەی پەرەی ٢٥٧ ـ ئەعلامی زەرەکلی (هەرئەوێ). کتێبی مەشاهیری کورد، عەللامە بابا مەردوخ روحانی ج ١ چاپی ١٣٦٤ سروش تاران پەرەی ٩٨ و لۆغەتنامەی دیخودا، حەرفی (ر) پەرەی ٧٦ و هیدیةالعارفین ج ٢ پەرەی ١٤٢. د ـ محەمەد صالح ئیبراهیمی (شەپۆل).

Dr.Saleh Ebrahimi



# ئەوین و رەحمەت

بەهاری ئازادی کەژی شادیە، دەنگی پێی ئاشنایە دێ، دڵی گەرمی یارەدێ، لەگەڵ نەرۆزی پیرە،کە ئاگردانی باو باپیران، دە خاتە مێشکمان، وابە خێردێ، بەلکو خودی بەهارە، سەوزتر و شادتر لە بەهار، پێی لەنیو ئاوزەنگی عەشق داناوە،گوڵواژەی شادی و پاکی وبێخەشی وکەژی ئاشتی و دۆستی و تازە بونە وەی ساڵ و دڵ و دەرونـە دێ، ژیانوژین، محەبەت و ئە وینداری، ویندارى، وشیاری وراستی و سەر راستی و رۆژی لێبوردن و دەس لە ملانە دێ. هـەمو پـیێ قـەرزدارین: لە چـەمەنی دڵ و دەرونـدا لە خشەخشی ئاونگ و شەونم، غەزەل و هۆنەی بون و سترانـی شـادی ئـەگـاتەگۆی و فرەجوان دڵ و دەرون دەلاوێنێتە وە! هەمولە حاڵی پاک کـردنە وەی دڵ و دەرونـی خانوچکەی ژیاندان، فەرش و قالیچەی زێرینی دڵیان لەژێر پێی دۆستا راخستوە، **تائیتر یەک بین و یەک گرین و بەسەر دێوو درنجی دژو دوژمناندا سەرکەوین**، خرنچەکـان لەکاتی پشکوتن و دەم کـردنەوەدان، ئـەو هـاتوە و بۆنـی خۆشـی گـوڵ و رێحانەی شەرمەسارکردوە وگوڵە نەسرین و وەنە وشەی سەرشۆڕ وکەزیم شۆڕکردوە، بـەهار لەتەک ئەودا، لەودا، ئەولە بەهاردا بەهاری بەهاران بەهات هاتەوە، سەرما لاچو، زوقم نە ما، سیخوار تواوە وکراسی سپی لەبەر زەوی دارندرا،گیاوگوڵ بوژاوە، رۆحی مردو گەشاوە، ئەوە سفرەی پان کراوەی خۆرسک و تەبیعەت و خوایە، هەمو سەر چۆپیان گرتووە و بەشایی و هەڵ پەرکێ و دەم بەبزە و پێکە نین لە بەزمی خوادا غەزەل خوانن و چاوە روانی ژوانی دڵبەرن! ئەوینی خواو رەحمەتی باریە، مانگی میوانـداری دۆسـتە، نیایشتگەی بێداردڵانە، بەڵێ! رەمەزان لەگەڵ ئەومەکە «ر»کەی نیشانەی رەحمەتە «م» کەی مەوهەبەتە «ض» ضیافەت و نیشانە میوانداری خوایە «ئەلف»ەکەی ئەنواری حەقە «ن»کەی نییایشە، رەمەزان مانگی ئەوین و رەحمەت و بەرەکە تە، مانگی حەرەکەتە، بۆئازادی و بەدەس هێنانی سەفا و شادی، مانگی ئەوین و رەحمەت و صەلابەتە، مانگی

Dr.Saleh Ebrahimi



تیلاوە تەو بەهاری قورئانە، سەید و سەروەری زەمانە، کوری رەجەبە، رەجەبێ کە پێغەمبەر لەودا چوە میعراج، بەلای منەوە یەکێ لە هۆی دەرکی واتای حیکمەت هەرئەمەیە، چونکا میعراج تەنیا یەك رووداونیە، میعراج ئەوەیە کە پیغەمبەر تا سەر سەرەوە ئەروا و خوا ئە بینێ یانی هەرکەس ئەبێ برواتە میعراج، ئەمە زەریای وەحیە، بۆ پێغەمبەر، ئەمە ئازمونێکە بۆ پێغەمبەر، ئەو دەریایە، ئێمەیش بەرەی مروڤ ئەبێ بروێن لە و دەریایە داکاسە وگلێنەی خۆمان پڕوتەژی بکەین و روح وگیانی خومانی پێ یاراویا تێراوبکەین. تۆکە لەماوەی ژیانتدا تونی ئاوی ژیان بوی و بەدوی دوزینەوەی رازی بەقا بو لە قابوی، تۆکە تینوی گیرهاتن بوی و هەروەك ئاسکی سڵ و مامزوکە ژاڵ و خەراڵی حەیران، لە هەردی ئاوارەیی دا بە دوی کانیاوێك و سێبەرێکدا لەسێبەری دایك دەگەڕای، تا روحی ماندو بێقەراری خۆتی تێدابشوی و لەشی شەکەتت لەبن ئەوسێبە رەدا، بحەسێتەوە و دەمێ ئارام بگرێ و جۆرێ ئاوی مەعنەوی بنۆشێ و تینویە تیت بشکێ، ئێستا رەمەزان و بەهار بەهات هاتون تاگەلا ریزانی مردوی دڵت ببوژێنیتەوە، وەکو مێرك وچیمەن و دیمەن و میرخوزاری بەهاری شاد، پاراوی بکەی‌و لەبەر سەوزی و جوانی هەرگەشە و نەشەی بێ و ئاوە نیای دڵت وەکو گەنمی دێکۆن هەڵدا و قەف قەف هەڵچێ بەدەم ئاسماندا و لە ئاسمانی مەعریفتدا بەدەم باوە شنەی بێ. رەمەزان، سێبەرە، بوفێنکی لەش و لار و دڵ ودەرون، رەمەزان کانیاوی زولاڵە، سیبەری شۆرەبیە، ئارام بەخشی دڵە. رەمەزان دارێکی پڕمیوەیە، نەخلی پڕ سەمەرە مائدەی ئاسمانیە، میوانداری ئەشق و ئەوینی مەلەکوتیە، تۆیش تونی بێقەراری صەفای، روحی خۆت تیراوبکە، خۆت بناسە تا خودای خۆت بەباشی بناسی و لە بەندیی «خۆت» رزگار بی و بگەتیە خوا، «بون» بناسە تا «رازی ئافەزینش» بدوزیتەوە.

تو ئێستا وای لەکوێ جیهان، و جیگات لە پان و بەرینی خلیقەتدا والەکوێ؟ بۆ هاتگی؟ لەکوێ‌وە هاتوی و بۆکوێ دەچی؟ ئەم غەفلەتە لە چیە؟ دڵە بەردینەی ئێمە بوچ

Dr.Saleh Ebrahimi



لە ئەشق و ئەوین خاڵییە، رەمەزان و شەوی «قەدر»ە و پارشێوی پارانەوە، حەیفە، زۆر حەیف و محابنە، ئەگەر لە «شەوی قەدر»دا قەدر و ریزی خۆمان نەزانین!

راستی تاکوێ بڕئەکەی هەڵفڕی؟ باڵ و پەڕی هەڵفرین بۆکام ئاسۆ، بۆکامە مەقسەد و بۆکیهە لاوە، ئاواڵە دەکەی و لەشەقەی باڵ ئەدەی؟ ئایاخۆت ناسیگە، تابزانی بۆچ کارێکی؟کییّ و چی و لە کوێ و لەکوێوە هاتگی؟ بۆبەقای یا بۆفەنای، بۆپووان و سوانی یا بۆمانی و بۆ نەفەوتانی؟ بۆ بەرز بونەوەی یا بۆ نزم بونەوە، بۆمانی یا بۆ چونو تیا چونی، بۆ سعودی یا بو هوبوتی؟ ئایا بیرت کردوّتەوە و زانیوتە کە چکارێک لە لەجەنزاری بوگەنی «خوێنی» «خوخوازیی» داگرفتارت دەکا و چکارێ بۆگە شەکردن «خوادوزی» و بە عەتر «خواناسیت» ناسیاو دەکا؟کام کردەوە، باڵ و پەڕت بۆ هەڵفرین بۆ ئاسۆی بەختەوەری و بەهەشت ئامادە ئەکا، کێهەسفەت و خووئاکاری رەسەن و قەلادەی راکێشان بەرە و بێبەختی و دوزەخ دەکە ویێە گەردنت و بۆلای دەردو ئازار، رات دەکێشێ؟ رێگای هەڵدان و پاکبونەوە و هوێ «رزگاری» و هوێ «تاوان» دەزانی؟ لەتەک «نەفسی ئەمارە» و مەیدانی کردەوە و بوارو و زەمینەی تەلاش و بەهوێ ئیغواکردنیشی ناسیاوکریاوی تالە و مەیدانە دابتوانی بیکوتی بە ئەرزا و بە شێوەی «جیهادی ئەکبەر» تخێڵی بکەی، ئایا دنیای «تۆدەرتۆ» میوە و سەمەرەی «دڵ»ت کوشتوە؟ ئایا «نەفسی» هەزار رەنگت ناسیوە، تا بەهەر روپۆشێ کە ئەیدا بە سەر نەفسانیەت دا بێناسییەوە و لەهەرکوێوە هێرشی هێنا بتوانی بەری پێ بگری و لەهەرکوێ زەهری رژاند لە پاد زەهر کەلکئوەر بگری و بەری ئێشو دەرد و ئازاری بگری؟ رەمەزان بۆسلوکی ئەوکارەیە، بۆ «گوێچ کردنی دەرونیە» و بۆسەیرە لە دنیای باتندا بۆ پیاچونەوە، بەکردەوەی نەفسانی و خوو ئاکاریە. بۆئەوە یە کە «مەلەکەی نەفسانی» و با یەخەکانی بەرز لە نێو دڵو لەقوڵایی گیانی خۆتا پەروە ردە بکەیت و باش باری بهێنی و خۆت لە خوڕسکی سروشتی نێزیک بکەیتەوە.

Dr.Saleh Ebrahimi



کەوشەنی دڵیش بەدەس خۆتە ئەتوانی ببیتە «مەهبەتی‌نور» یا جێگای داونانەوەی «جاڵجالوکەی شەیتان» دیاری کردنی ئەمەش بەدەس خۆتە. ئەگەر دڵت خستە بەردەستی کار و کردەوەی چاك، ئەگەر شەوقت بوچاکە، تەقوا و ئەشق بە «خوا»ت لە دڵ و دەروندا روناك هەڵگیرساند ئەوسا «حەسەنات» و «صالحات» دەبێتە کانیەك کە بەزولاڵی لە نێو دڵ و دەرونت داتافگە ئەکاو بە قەڵبەزە و خوڕ دێنە دەرێ و گشت گیان و لەشت دەگرێتەوە و هەموی دەشوا و پاك و بێخەوش رای دەگرێ و لە ناخی دڵ و دەرونت‌دا، شوێن دائەنێ و هەموکارو ئاکارت باری مەعنەوی و ئیلاهی پەیدا ئەکاو رەنگی بێ‌ڕەنگی خوا، ئەداتەوە. ئەمەیە میوەی تەزکیە و خووئە خلاقی چاك کە رەمەزان ئەتوانێ بەدی بهێنێ. تو ئەگەر بۆ پێگەیشتن و تێگەیشتنی خۆت دڵت ئەسوتێ، رەمەزان و بەهاری ئازادی بگرە بەرچاو، توێ کە ئەتوانی دیمەنی خۆت بە «ئارایش» یا «ئالایش» جوان یا دزێوبکەی، خوێن شیرین بێ یا خوێن تاڵ، شەکر بێ یاکەکرە، چاك بێ یا خراو، دلاوابی یا دەست قوچاو، چاو پاك بێ یا چاو نەزێر، خودایی بێ یا تاغوتی.

هیوادارین مروڤانی‌و خوای بین «شەپۆل».

Dr.Saleh Ebrahimi



نمایی از پل گاومیشان بر روی رود سیمره

Dr.Saleh Ebrahimi



# نیشانەکان

ج: جەڵد ـ جم: جێی جیاجیا ـ چ: چاپ ـ د: مردوە ـ س: ساڵ ـ ش: ژمارە ـ قیس: قیاس بکە ـ کم: کیلۆمیتر ـ کم ۲: کیلۆمیتری چوارگۆشە ـ کم ۳: کیلۆمیتری موکەعەب ـ کم ۲: میتری چوارگۆشە ـ م ۳ میتری موکەعەب ـ حکم: حوکومەت ـ ه م: هەرئەو مادە، هەرئەو سەرچاوە ـ ه مم: هەرئەو مادانەو سەر چاوانە ـ هەر ئەو: نوسەمرری پێشو ـ سا: سادە ـ، بۆ پشودان و جیاکردنەوە: وچان یا پشودانی تەواو ـ: نیشای رافە ـ« » نیشانەی نەقڵ ـ؟ نیشانەی پرسیار ـ خەتی ـ رەش نیشانەی جیاکردنەوەی عیبارەت ـ... نیشانەواژەی قرتاو ـ؛ نیشانەی پشودانی فرەکەم ـ ژمارەیێ کەدوای ناوی نوسەر یاکتیب دێ وەک ۱۲ یا ۲۰ یا پەرەی ۱۲ یا ۲۰ ـ

هەرکاتێ سەرچاوەکە، لاتین بێ ژمارەی بەرگ بەلاتینە (پەرەی 36 یا ریو 11/127) دەنوسرێ ـ ئەم (ە) نیشانە لە ۱۳۵° / نیشانەی دەرەجەیە و ئەم (ـ) لە ۲۱۳َ/۵۱۳َ دا نیشانەی پرینە.

Dr.Saleh Ebrahimi



# پێڕست

**مەبەست** **پەڕە**


سەرەتا ........ ۱
رەگەز ........ ۱۳
دەوڵەتی بابان ........ ۲۳
بێتوشی ........ ۵۰
ئیلام ........ ٦۷
ئیبنی خەلکان ........ ۸۵
ئاواز: بەیاتی کورد ........ ۱۰۳
یونس کاتب ........ ۱۰۸
باجەلان ........ ۱۳۲
هەڵەبجە ........ ۱٦۹
بالەوەند ........ ۱۷۰
باڵول ........ ۱۷۴
بۆکان ........ ۱۸۲
شاعیران و ناودارانی بۆکان ........ ۲۰۰
گۆرانی بێژانی بۆکان ........ ۲۰۱
قەلاچی بۆکان ........ ۲۰۳
بەهار ........ ۲۰۷
بانە: شاری بانە ........ ۲۱۲
بیجار ........ ۲۲۲
بێراوەند ........ ۲۲۹
بایەزید ........ ۲۳٦
بێژەن و مەنیژە ........ ۲۴۵
باینگان ........ ۲۵۵
پازوکی ........ ۲۵۹
تەختی سلێمان ........ ۲٦۹